# کورد و کوردستان

له یەکەم ئەنسیکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# کورد و کوردستان

لە یەکەم ئەنسیکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا

**قامووسولئەعلام-ی شەمسەدین سامی**

**م. ئەمین بۆزئەرسلان**

لە عوسمانییەوە وەری گێڕاوەتە سەر زمانی تورکیی نوێ و
پێشەکیی بۆ نووسیوە و پەراوێزی بۆ کردووە

**ئەحمەد تاقانە**

کردوویەتی بەکوردی

ناوی کتێب: کورد و کوردستان – لە قاموووسولئەعلام– دا
نووسینی: شەمسەدین سامی
ئامادەکردنی بۆ تورکیی نوێ: م. ئەمین بۆزئەرسلان
وەرگێڕانی بۆ کوردی: ئەحمەد تاقانە
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٧٤٤
پیت لێدان: سەهەند سەرتیپ
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: سەنگەر عەبدولقادر
بەرگ: مەریەم موتەقییان
چاپی یەکەم هەولێر – ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٠٨٦ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

## پێشەکیی وەرگێڕ

مامۆستای هێژا، محەمەد ئەمین بۆزئەرسلان، ئەو بابەتانەی لە کتێبی قامووسولئەعلام (قاموس الاعلام)ی شەمسەدین سامی- دایە و پەیوەندییان بە کورد و کوردستانەوە هەبووە جیاکردووەتەوەو زمانەکەی دەستکاری کردووە، (واتە کردوویەتییە تورکیی نوێ) و بە پیتی لاتینی، بەناوی (کورد و کوردستان لە یەکەم ئەنسیکلۆپیدیای تورکی لە مێژوودا)وە... پێشەکییەکی تێرو تەسەلی بۆ نووسیوە و لە کۆتاییەکەشیدا (٥٦٧) پەراوێزی بۆ کردووە و هەندێ کاری دیکەشی تێدا کردووە کە لە پێشەکییەکەی خۆیدا باسی ئەوەو کتێبە ڕەسەنەکەی کردووە و لە بڵاوکراوەکانی (دەنگ Deng) چاپی یەکەمی لە مارتی ٢٠٠١ لە ئەستەمبووڵ بەقەوارەی مامناوەندی لە ٣١٦ لاپەڕەدا ئەنجام دراوە.

سەرەتا من ئەم کتێبەی مامۆستا بۆزئەرسلانم کردە بنەما و نیازم وابوو هەر ئەوە وەرگێڕمە سەر زمانی کوردی، دواتر سەیرم کرد ئەم مامۆستایە گەلێك شیعری بە زمانی عەرەبی و فارسیی ناو کتێبەکەی لابردووەو وەرگێڕانێکی ئەو شیعرانەی بەتورکیی نوێ لەجیاتی داناوە.. حەزم کرد ئەو دەقانە وەکو هەن بخەمە ناو کتێبە وەرگێڕاوەکەی لای خۆشم..

بۆ ئەم مەبەستە برای نووسەر و ڕۆشنبیری دڵسۆزی کەرکووکی مامۆستا جەلیل محەمەد شەریف بەهانامەوە هات و پیاوانە هەر شەش بەرگی کتێبە ڕەسەنەکەی نایە بەردەستم.

مامۆستا جەلیل بەخۆیشی پێشتر ناودارانی (تەنیا کەسایەتییە کوردەکانی) ناو کتێبەکەی کردبووە کوردی و بەناوی: (ناودارانی کورد لە "قاموس الاعلام"دا ئامادەکردن و وەرگێڕانی جەلیل محەمەد شەریف - پێداچوونەوەی مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی)یەوە ساڵی ٢٠٠٠ بە تیراژی ٢٠٠ دانە لە نووسینگەی عەبدولوەهاب ئاوچی- (ناونیشان: کەرکووك شارع الاوقاف) بەچاپ گەیاندبوو.

بۆ ئەوەی کارەکەی منیش ڕێکوپێکتر بێ، دەستم بە بەراوردی هەرسێ کتێبەکە کرد.

لەو ناوانەی پەیوەندییان بە کورد و کوردستانەوە بوو لای بۆزئەرسلان نەبوون و

هەندێکیشیان لای ئەم و مامۆستا جەلیل-یشدا نەبوو، هەرچەند مامۆستا جەلیل تەنیا (کەسایەتییە ناودارەکانی) هەڵبژاردبوو.. بۆ ئەوەی بە بیر و بۆچوونی خۆم کتێبەکە ڕێکوپێکتر بێ هەموو ئەوانەی لە کتێبەکەی مامۆستا بۆزئەرسلان نەبوون وەرمگێڕان و تێکەڵی کتێبەکەم کردەوە، بۆ ئەوەی کاری هەر یەکەشمان دیار بێ، لە کۆتایی ئەو ناوانەدا کە لای مامۆستا جەلیلدا هەبوون و لەلای بۆزئەرسلان نەبوون. ناوی (جەلیل)م لەناو کەوانەدا نووسی... ئەوانەشی کە لەلای هیچیاندا نەبوو و لە کتێبە ڕەسەنەکەوە وەرمگێڕان، یانیش جاروبارێکی کەم تێبینییەکم بووبێ، لە کۆتاییەکانیدا وشەی (وەرگێڕ- یان - و. کوردی)م لەناو کەوانەدا داناوە.

هەروەها بەرامبەر هەموو ساڵە هیجری (کۆچی)یەکاندا ساڵی زایینیشم داناوە کە نزیکەی (١٥٠) شوێن دەبوون و ئەمەش کارێکی ئاسان نییە.

واتە من کتێبەکەی مامۆستا بۆزئەرسلانم کردووەتە کوردی کە بەتورکیی لاتینیی نوێ چاپ کراوە، هەروەها بەراوردی کتێبە ڕەسەنەکەم کرد و هەرچی نەکرابووە تورکیی نوێ یان کوردی (لە زمانی تورکیی عوسمانییەوە!) من کردمە کوردی.

لەلایەکی دیکەوە، یەك لەو گرفتانەی لە وەرگێڕانی کتێبەکەی بۆزئەرسلاندا تووشم بوو، ئەوەبوو کە ئەو بە لاتینی بوو کە ڕیزبەندیی پیتە لاتینییەکان لە ڕیزبەندیی ئەو پیتانە جودان کە ئەمڕۆ ئێمە بەکاریان دەهێنین... ناچار دەبوو ڕیزبەندییەکی وەك بڵێی سەرلەنوێیان بکەم.. پێ بەپێی ئەوەش ڕیزبەندیی پەراوێزەکانیش کە (٥٦٧) پەراوێز بوون دەبوو ئەوانەش سەرلەنوێ ڕێکبخەمەوە.. ئەمەش کارێکی ئاسان نەبوو، بێگومان تایپیست (پیتچن) و نەخشەسازەکانی بەشی کۆمپیوتەری دەزگای ئاراس ئەرکێکی زۆری کارەکەیان کەوتە ئەستۆ کە شایانی سوپاسن.

مایەوە ئەوە لە دڵی خۆمدا نەهێڵمەوە و بیڵێم کە، خۆزگە وەك نەتەوە خوداپێداوەکانی دیکە، بواری ئەوەمان بووایە ئەم جۆرە کتێبە نایابانە هەر هەموو سەرتاسەر وەربگێڕایە.. نەك تەنیا ئەو بەشانەی پەیوەندیی بە کورد و کوردستانەوە هەیە و بەس.. چونکە ئەمانە سەرچاوەی ڕەسەن و باوەڕپێکراون و دەگمەنیشن و لە خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی دیکەشدا پێویست و بەبایەخن.

ئەحمەد تاقانە

وەرگێڕی کوردی

پێشەکیی مامۆستا بۆزئەرسلان

## گەلانی سەردەمی عوسمانی

ڕژێمی کەمالی کە لە ساڵی ١٩٢٣ بەم لاوە دەسەڵاتیان گرتە دەست و حاشای لە بوونی کوردستان و گەلی کورد کرد، ڕاستییەکی گەلێك تاڵی زانراوی هەمیشەیی ژیانە، ئەم حاشا لێکردنە کە سیاسەتی بنچینەیی پەسندی ڕژێمە، پێویستییەك و میوەیەکی ژەهراویی ئەم سیاسەتە، بەئامانجی لە ڕەگ و ڕیشەوە لە ناوبردنی زمان و ئەدەبی کوردی و فۆلکلۆر و مۆسیقای کوردی و کولتوور و داب و نەریتی کولتووریی کوردی، هەموو هێز و توانای دەوڵەتی بەکارهێناوە و هەر لە پەروەردەوە تا مێدیا، لە فشارەوە تا توندوتیژی، هەموو هۆیەك و توانایەکی بەکاردەهێنێ. هیچ ڕژێمێکی دیکە لە هەموو دنیادا نییە بەرامبەر گەلێکی زوڵم لێ کراو و بەم پێیەش بەرامبەر بەمرۆڤایەتی تاوانێکی وا گرانی ئەنجام دابێ و لە ئەنجامدانیشیدا بەردەوامە. کەمالییەکان و لایەنگران و دۆستەکانیان، ڕژێمی عوسمانی کە بە(کۆنە پەرست و دوور لە سەردەم)یان ڕووخاند و لە جێی ئەو بەپێی قسە و لافی خۆیان ڕژێمێکی (هاوچەرخ و پێشکەوتنخواز)یان دامەزراندووە.

گونجان و نەگونجانی ئەم لافە لەگەڵ ڕاستیدا، تەنیا بەتەماشاکردنی ئەو ڕووداوانە و ئەو ڕاستییانەوە دەدرێ کە لە ژیاندا بەرچاو دەکەون.

بێ گومان کەس ناتوانێ بڵێ، ڕژێمی عوسمانی پێشکەوتنخواز و هاوچەرخانەیە، خۆ ئەگەر لە ئاوێنەی ڕووداو و ڕاستییەکانی ناو ژیانەوە تەماشا بکەین و لەبەر تیشکی ئەمانەدا کە ڕژێمی عوسمانی و ئەوەی کەمالیستەکان بەراورد بکەین، ڕژێمی کەمالی لەگەلێك بواردا لەوەی عوسمانی زۆر کۆنە پەرستتر وەك ڕاستییەك دەردەکەوێ.

یەك لەم بوارانە و گرینگترینیان، بابەتی گەلەکانە، لە بنیادی میلیتارییانەی ڕژێمی عوسمانیدا، بەڕێوەبەرایەتی، سەرەڕای تایبەتمەندیی پشت بەفشار و توندوتیژی بەستنی، حاشای لە بوون و ناوی هیچ یەکێکی لەو وڵاتانە نەکردووە کە لە ناو سنووری دەستەڵاتیاندا بوو، زمان و کولتووری هیچ یەکێکیانی قەدەغە نەکردووە کە لە ژێر بەڕێوەبەرایەتییدا بوون، هەر وڵاتە و بەناوی خۆی لە ناو سنووری ئیمپراتۆرییەتەکەدا دەناسرا، هەر گەلە و بەناوی خۆی و زمانی خۆی و کەسایەتیی خۆی و کولتوورییەوە دەژیا،

وڵاتان و ناوی گەلان، بەفەرمانەکانی پادشاهیش و بڕیارنامەکانی حکوومەت و هەموو جۆرە نووسراوی ڕەسمیدا بەکاردەهێنرا. هەروەها لە پەروەردەدا لە کتێبەکاندا، لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بەئازادی و ئەوپەڕی ئاسایی بوونەوە بەکاردەهێنران.

یەك لەو وڵاتانەش کوردستان بوو و یەك لەو گەلانەش گەلی کورد بوو. وەك ناوی وڵاتانی دیکە، ناوی کوردستان، ناوی گەلی کورد وەك ناوی گەلانی دیکەش بەئازادی بەکاردەبرا و لە نووسراوە ڕەسمییەکانی ئەو سەردەمەشدا، لە مێدیا و کتێبەکاندا بەکاردەهێنرا.

یەکێکیش لەو کتێبانە لە نێوانی ساڵانی (١٨٨٩– ١٨٩٨)دا بەشەش بەرگ بڵاوکراوەتەوە یەکەم ئەنسیکلۆپیدیای تورکییە لە مێژوودا. ئەم ئەنسیکلۆپیدیایەی کە لە لایەن شەمسەددین سامی–ی نووسەر و توێژەرەوە و زمانزانەوە نووسراوە، ناوی (قامووسولئەعلام)ە، کە ناوی بەعەرەبییە و واتای فەرهەنگیی (قووڵترین شوێنی دەریا)یە و وشەی (قامووس) لە کۆنەوە وەك تێرمێك بەواتای (فەرهەنگی گەورە) بەکارهێنراوە. وشەی (عەلەم) کە دیسانەوە بەعەرەبییە، لە پاڵ چەند واتایەکی دیکە، واتای (ناوی تایبەت)یش دەگەیەنێ، لە کاتێکدا وشەی (ئەعلام) کۆیەکەیەتی، لێرەدا (ناوە تایبەتییەکان) دەگەیەنێ. بەم جۆرە، ناوی ئەم کتێبە، بەتێکڕایی واتای (فەرهەنگی گەورەی ناوە تایبەتییەکان) دەگەیەنێ، دەتوانین پێی بڵێین (ئەنسیکلۆپیدیای ناوە تایبەتییەکان) کە شەمسەددین سامی–ی نووسەری کتێبەکە، لەو پێشەکییە دوور و درێژەیدا کە بۆ کتێبەکەی نووسیوە، بەپێی ئەو سەردەمە کە باسی مێژووی کۆن و نوێ و جوگرافیا دەکا، لە کاتی ئامادەکردنی ئەم کتێبەی ئەوانەی بەنموونە هێناوەتەوە. لەبەر ئەوە، ئێمەش بەوەی کە سەرچاوەیەکی بەبایەخە، ناوی ئەم کتێبەمان کە بەعەرەبییە و لە عوسمانیشدا بەکارهێنراوە، بەزمانی ئەمڕۆ بە(ئەنسیکلۆپیدیای ناوە تایبەتییەکان)وەرمانگێڕا.

### ئەنسیکلۆپیدیایەك گەنجینەی زانستییە گشتییەکان

بەرگی یەکەمی کە ساڵی ١٨٨٩ لە ئەستەمبووڵی پایتەختی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا بڵاوکراوەتەوە، بەرگی شەشەمی کە دوا بەرگە، ساڵی ١٨٩٨ بڵاوکراوەتەوە، ئەم ئەنسیکلۆپیدیا مەزنەی کە بڵاوکردنەوەی، بەنۆ ساڵ تەواو کراوە. یەکەم ئەنسیکلۆپیدیای تورکییە لە مێژوودا، هەر شەش بەرگەکەی ئەنسیکلۆپیدیا کە بەتێکڕایی لە (٤٨٣٠) لاپەڕە پێکهاتووە. پیتی عەرەبی بەم لاو بەولادا کە نیوەی ئەوەندەی پیتی لاتینی جێ دەگرێ، ئەگەر قەوارەی ئەم ئەنسیکلۆپیدیایە بەپیتی لاتینی بپێورێ، دەبێ ژمارەی بەرگەکانی بەدوازدە و، لاپەڕەکانی بە(٩٦٦٠) لاپەڕە دابنرێ. لەم ئەنسیکلۆپیدیایەدا کە بێ وێنەیە و هەر

لاپەڕەیەکی بەدوو ستوون چاپ کراوە. هەر لە پێغەمبەرانەوە تا زانایان، تا نووسەران و شاعیران و وێنەکێشان، تا حوکمداران و وەزیران و سەرکردەکان، ئەوەندەی لە ئەنسیکلوپیدیایەکدا جێیان ببێتەوە. هەموو کەسایەتییە خۆرهەڵاتی و خۆراواییەکان، بەپێی گرنگییان، یانیش بەدرێژی یان بەکورتی باسیان لێوە کراوە. لە لایەکی دییەوە هەر لە نەرویجەوە تا ئوستورالیا، لە ژاپۆنیاوە تا شیللی، هەموو وڵاتانی جیهان و ئەو شارە سەرەکییانەی لەم وڵاتانەدا هەن و ناوچە جوگرافیاییە گرنگەکان و چیاکان، ڕووبارەکان.. تاد. لەگەڵ هەموو دەریاکانی جیهان و تا دوا ڕاددە، بەشێوەیەکی وردەکار پێناسەیان کراوە. (قامووسولئەعلام) کە گەنجینەیەکی زانیاریی گشتیی ڕاستەقینەیە، لە ئەستەمبووڵ، لە (چاپخانەی میهران)دا کە هی ئەرمەنییەکی (میهران ئەفەندی) ناودا چاپ و بڵاوکراوەتەوە. ناونیشانی چاپخانەکە، لە سەرەتای هەموو بەرگێکدا بەم شێوەیە نووسراوە. (ئەستەمبووڵ، چاپخانەی میهران، شەقامی بابی عالی– نمرە/٧).

خستنە سەرباری ئەم زانیارییەش سوودی هەیە کە، میهران ئەفەندیی ناوبراو، هەر لەو دەمەدا خاوەنی ڕۆژنامەی (تەرجومانی شەرق– وەرگێڕی خۆرهەڵات) بوو و شەمسەددین سامیی نووسەری ئەنسیکلۆپیدیا، جاروبار لەو ڕۆژنامەیەدا نووسینی بڵاودەکردەوە.

کتێب لە سەردەمی عوسمانیدا، لەبەر ئەوەی بەرپێیدانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و پەروەردە، کە (نەزارەتی مەعاریف– معارف نظارتی)ی پێ دەگوترا، لە چاپ دەدرا. لە سەرەتای هەر بەرگێکی ئەم ئەنسیکلۆپیدیایەدا، ئەوە نووسراوە کە ئەنسکلۆپیدیاکە لە لایەن وەزارەتی ناوبراوەوە هەڵسەنگێنراوە بەدەستەواژەکەی خۆی بە(تەقدیر و تەحسین کرانەوە) لە چاپ دراوە.

ئەو بابەتانەی لەم کتێبەدا جێیان کراوەتەوە، بەپێی ڕێزی ئەلفوبێی عەرەبی کە لە زمانی تورکیی عوسمانیدا بەکاردەهێنرا ڕیزکراون.

### نووسەرێکی بلیمەت

لەم پێشەکییەدا ئەم ئەنسیکلۆپیدیا گرنگ و بەنرخەی بەچەند دێرێك کە بەم شێوەیە پێناسە دەکات، با بەکورتیش بێ باس نەکردنی نووسەرەکەی کەموکوڕییە، بۆ ئەوەی ڕێ بەکەموکوڕییەکی وەها نەدرێ، لێرەدا پێویستی بەناساندنی شەمسەددین سامی – ی نووسەری ئەنسیکلۆپیدیاش دەکا:

شەمسەددین سامی کە نووسەرێکی عوسمانییە، بەڕەسەن ئەرناوت – ە (ئەڵبانی). ساڵی

١٨٥٠ لە (فراشەر)ی سەر بەشاری (یانیە)ی (ئەلبانیا) لە دایك بووە و خوێندنی لە ئامادەییییەکی یۆنانی لە (یانیە) تەواوکردووە.

زمانی دایکی ئەلبانی و جگە لە زمانی ڕەسمیی عوسمانی-ی ئەوسا، شەمسەددین سامی زمانی عەرەبی، فارسی، فەرەنسی، ئیتاڵی، یۆنانیی کۆن و نوێش فێربووە.

دوای تەواوکردنی خوێندنی، یەکسەر ساڵی ١٨٧١ چووەتە ئەستەمبووڵی پایتەختی عوسمانی و لەوێ نیشتەجێ بووە.

لە ئەستەمبووڵ، لەلایەکەوە کە لە هەندێك ڕۆژنامە و گۆڤاردا نووسینی بڵاوکردووەتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە وەرگێڕانی لەو زمانە جۆراوجۆرانەوە کە دەیزانین بەرهەم دەهێنا، سامی کە لە ڕۆمان و شانۆ و لە بارەی زمانەوە دەستی بەنووسینی کتێبی جۆراوجۆر کرد بوو، بەم کارانەی سەرنجی ڕاکێشاوە و ساڵی ١٨٨٠، بەفەرمانی سوڵتان عەبدولحەمیدی پادشای سەردەم بەنووسەری ئەنجومەنی پشکنینی سەربازی دامەزراوە.

لەگەڵ ئەم ئەرکە ڕەسمییەشدا، شەمسەددین سامی کارەکانی نووسینیشی بەشێوەیەکی چڕ و بەپیت درێژە پێ داوە.

ساڵی ١٨٨٩ بەناوی (قامووسی فرەنسەوی)ی کە فەرهەنگێکی فەرەنسی – تورکی بووە، بەدوو بەرگ و ساڵی ١٨٨٥یش دیسانەوە بەناوی (قامووسی فەرەنسی)یەوە فەرهەنگێکی (تورکی – فەرەنسی)ی بڵاوکردووەتەوە. ئەم نووسەرەی کە ساڵی ١٨٨٦ بەناوی (گرامەری زمانی ئەرناوت)ەوە زانستی زمانی ئەڵبانی – ی کە زمانی زگماکی خۆیەتی، لە نێوانی ساڵانی (١٨٨٩ – ١٨٩٨)دا ئەنسیکلۆپیدیای بەتورکی کە بەناوی (قامووسولئەعلام)ەوەیەو لە سەرەوە باسمان لێوەکرد، بڵاوکردەوە.

نووسەر، ساڵی ١٨٩٨ فەرهەنگی عەرەبی – تورکی – ی بەناوی (قامووسی عەرەبی) و لە ساڵانی (١٨٩٩ – ١٩٠٠)دا، فەرهەنگی تورکیی بەناوی (قامووسی تورکی)یەوە کە لە دوو بەرگ پێکهاتبوو بڵاوکردەوە.

جگە لەم کتێبە گەورانە، لە نێوانیاندا، ئەم نووسەرەی کە بە(تەعەششوقی تەڵعەت و فطنەت) واتە: (ئەڤینداریی تەڵعەت و فیتنەت)ەوە کە بەیەکەم ڕۆمانی تورکی دادەنرێ، بەگەورە و گچکەیەوە پتر لە (٢٠) کتێبی بڵاو کردووەتەوە. ساڵی ١٩٠٤ لە تەمەنی (٥٤) ساڵیدا، لە ئەستەمبووڵ کۆچی دوایی کردووە.

سەردەمێکی پتر لە سەد ساڵ، ئەگەر بیر لە مەرجەکانی پێشینەو نەگونجاویی بکرێتەوە، ئەو کارانەی کە باسیان لێوەکرا، بەقەوارەیەکی چەند گەورە و فراوان بەرهەمێکی ناوەرۆك زانستییانە ببێت، بەئاسانی درك پێ دەکرێ. هەموو کتێبەکانی دیکەی نووسەر و کارەکانی لە لایەك و لەو دەمەدا کە هێشتا تایپرایتەر پەیدانەبووەو، تەلەفۆن هێشتا نەکەوتبووە بەردەست بۆ بەکارهێنان، ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی ئەنسیکلۆپیدیایەکی وا گەورە و فراوانی شەش بەرگ، بەئەنجام گەیاندنی بەتاك و تەنیا و بەماوەیەکی وا کورتی نۆ ساڵە، چالاکییەکی سەراسای مرۆڤ پیشان دەدا.

لە بنەڕەتدا ئامادەکردنی ئەنسیکلۆپیدیایەکی وا ناوەرۆك فراوان، کاری دەزگاکانە. زانیاریی وا فراوان، بۆ یەك مرۆڤ بەتاکی تەنیا و ئامادەکردنی لیستەگەلێك و بژارکردنیان، ڕێکخستنی ئەمانە و ڕیزکردنیان و تویژینەوە لە گشتیان و لێ وردبوونەوەیان، دواتریش دانیشێ و ئەمانە لە شێوەی ئەنسیکلۆپیدیایەکی گەورەو لە هەزاران لاپەڕەدا پێکبهێنرێت و بنووسرێنەوە و بڵاوبکرێنەوە، بەم جۆرە توانایەکی ئەوتۆی پێویستە کە ئەم توانایییە (بلیمەتانە) و خاوەنەکەشی بە(بلیمەت) ڕوون کردنەوە، لە توانا دایە. بەم هۆیەوە، بەپێی دیدی ئێمە، بەنووسەرێکی بلیمەت دانانی شەمسەددین سامی هەڵە نابێ. لە پێشان کارە فراوانەکانی و هەموو ئەو کتێبە ئەوەندە بەبایەخانەی، ئامادە کردنیان و بڵاوکردنەوەیان و ئاخنینی ئەو هەموو کتێبانە بەناو دەمێکی وا کورتی (٣٠) ساڵەدا. ڕاستیی ئەو بۆچوونەمان دەسەلمێنێ.

کەمالیزم کە لە ژێر دەمامکی زەرکفتی (شۆڕشی زمان) و (شۆڕشی پیت) هەوڵی شاردنەوەو بەمەبەستی دابڕینی نەوەی نوێ لە ڕابوردوو و ئەم جۆرە سەرچاوە بەنرخانەی ڕابردوو لە ڕووی گۆڕینی پیتەوە، چەند مخابنە کە ڕۆشنبیرانی کورد و تورکی ئەمڕۆ، توانای سوود وەرگرتن لەم ئەنسیکلۆپیدیا بەنرخەی شەمسەددین سامی-یەیان نییە. تەنانەت گەلێکیان ئەم ئەنسیکلۆپیدیایە و تەنانەت ناوی نووسەرەکەشی نازانن.

### کوردستان و کورد لە ئەنسیکلۆپیدیاکەدا

لە ئەنسیکلۆپیدیای (قامووسولئەعلام)دا کە یەکەم ئەنسیکلۆپیدیای تورکییە لە مێژوودا، وەکو وڵاتانی دیکە کوردستانیش وەك بابەتێکی سەربەخۆ باس کراوە و وەك (وڵاتێکی گەورە) ناسێنراوە.

بابەتی (کوردستان) لە بەرگی پێنجەمی ئەنسیکلۆپیدیادا، لە لاپەڕە (٣٨٤٠ – ٣٨٤٣) لە حەوت ستووندا باس کراوە، پێنجەم بەرگی ئەنسیکلۆپیدیا کە بابەتی (کوردستان)ی بەخۆوە گرتووە. لە سەد ساڵ پتری لەمەوبەرەوە، ساڵی ١٨٩٦ بڵاوکراوەتەوە.

نووسەر لە سەرەتای ئەم بابەتەدا، هەڵکەوتی جوگرافیی کوردستانی ڕوون کردووەتەوە و ئەو ناوچە جوگرافییەشی دیاری کردووە کە لێیەتی، لەم ڕوون کردنەوەیەوە، لەو دەمەدا تا دوا پلەی ئاسایی بوون، بەڵام بەپێی مەرجەکانی ئەمڕۆمان خاڵێکی زۆر سەیر هەیە، ئەو خاڵە سەیرە، شەمسەددین سامیی نووسەری ئەنسیکلۆپیدیا، کە ئەو وڵات و ناوچانەی کە کوردستانیان دەورەداوە دەژمێرێ، وەکو بڵێی ئەوسا ویستبێتی بەرپەرچی کەمالیستەکان و عەرەبە شۆڤینییەکانی عیراق بداتەوە، لە نێو ئەو وڵاتانەی کوردستانیان دەورە داوە، باسی ئەنادۆڵ و عیراق کردنیەتی.

وەکو زانراوە، گەلی کورد و کوردستان کە کەمالیستەکان حاشا لە بوونی دەکەن، بەگۆڕینەوە تێکدەرانەی مێژوو و جوگرافیای ناوگەلێکی سەیروسەمەرەی وەك (ئەنادۆڵی خۆرهەڵات) و (باشووری خۆرهەڵات) یان بەکوردستانەوە ناوە. لە کاتێکدا لە مێژووش و جوگرافیاشدا زانراوە کە ئەنادۆڵ، یان ڕاستتر ئەناتۆڵی، ناوچەیەك نییە کوردستان بەخۆیەوە بگرێ، بەڵکو ناوچەیەکی دراوسێی کوردستانە، لە ئەنسیکلۆپیدیاشدا کە بابەتی باسەکەمانە، لە ماددەی (ئەناتۆڵی)دا کە شوێنی ناوچەی ئەناتۆڵی دیارکراوە، نووسراوە، ئەم ناوچەیە لە باکووری خۆرهەڵاتەوە کوردستان و جزیرە[١] و سووریا سنووریەتی.

(ب١، ل ٣٨٩).

بۆچی دەڵێین (ڕاستتر ئەناتۆڵی)یە؟ چونکە ناوی ناوچەی ناوبراو وەکو کەمالیستەکان ئیددیعا دەکەن، ئەنادۆڵ نییە، ئەناتۆڵی – یە. لە (قامووسولئەعلام)یشدا ئەم بابەتە بە(ئەناتۆڵی) باس کراوە، ئەمەش دیارە کە یۆنانی و ڕۆمانییە کۆنەکان، بەناوی (ئاسیای بچووك) و جوگرافیاییە کۆنەکانیش بە(ڕۆم) یان ناوبردووە. وشەی ئەناتۆڵیش، لە زمانی ڕۆمدا، خۆرهەڵات دەگەیەنێ، ئەمەش لەبەر شوێنییەوە بووە بەگوێرەی یۆنانییەکان و لەمڕۆشماندا ناوەکە چەمکێکی گشتیی وەرگرتووە.

(ب١ – ل ٣٨٩).

کە دێینە سەر عیراق لە ئەنسیکلۆپیدیای (قامووسولئەعلام)دا، لە کاتێکدا کە ناوچەیەکە هاوسنووری کوردستان و یەك لەو ناوچانەش بە(عیراقی عەرەب) دانراوە. وەکو ئەوەی

کەمالیستەکانی باکووری ئەناتۆڵی – یان گشتگیر کردووە، (بەشوێنێکی فراوانتریان وتووە)، لە باشووریشەوە شۆڤێنییە عەرەبەکان، ئیددیعای ئەوە دەکەن کە عیراق (تاکە نیشتیمانە). لە کاتێکدا لە مێژووی نویّ و جوگرافیادا زانراوە کە عیراق وڵاتێك نییە کوردستانی بەخۆوە گرتبیّ، بەڵکو ناوچەیەکی دراوسێی باشووری کوردستانە.

بۆچی لە ئەنسیکلۆپیدیادا (عیراقی عەرەب) بە(عیراق)ی ئەمڕۆ وتراوە؟ چونکە وشەی (عیراق) کە بەعەرەبییە و یەکێك لە واتاکانیشی (زەویی ڕۆخ دەریا)یە.

ئەم وشە عەرەبییە، بەلای جوگرافیاییە کۆنەکانەوە، ناوەکە بەو ناوچەیە وتراوە کە دەکەوێتە ڕۆخی باکووری کەنداوی بەسرە. لەبەر ئەوەی کە بەشێکی ئەو ناوچەیە بەدەست ئەو ئێرانییانەوە بووە کە (عەجەم) یان پیّ دەڵێن، بەشێکیشی بەدەست عەرەبەوە بووە، بەو بەشەی کە بەدەست عەجەمەکانەوەیە (عیراقی عەجەم) و بەشەکەی دیکەی کە بەدەست عەرەبەوەیە (عیراقی عەرەب)ی پیّ وتراوە، کە باسی هەردوو بەشەکەش کرابیّ، بە(ئەلعیراقەین) ناوبراوە، واتە: (هەردوو عیراق) واتە: عیراق لە بنچینەدا یەك وڵات نییە، ناوچەیەکی جوگرافییە. ئەنسیکلۆپیدیای (قامووسولئەعلام)ی بابەتی باسمان، لە ماددەی (عیراق)دا، کە باسی شوێنی جوگرافیی ناوچەی عیراق کراوە، بەمجۆرە باس کراوە:(لە باکورەوە لەو شوێنەدا کە ڕێڕەوی فورات و دیجلە زۆر لەیەك نزیك دەبنەوە، واتە کە لە لای سەرەوەی بەغداوە دەست پیّ دەکات، لە باشوور و خۆراواوە تا تەختاییەکانی شام و بیابانەکانی نەجد، لە باشووری خۆرهەڵاتەوە تا دەریای فارس، واتە تا کەنداوی بەسرە، لە باکووری خۆرهەڵاتیشەوە تا چیاکانی خووزستان کە سنوورەکانی ئێرانی ئێستا جیادەکاتەوە، دەگرێتەوە.

(ب/٤– ل/٣١٣٥).

لێرەشدا وەکو بەئاشکرا دیارە، عیراق وڵاتێك نییە کوردستانی بەخۆوەگرتبیّ، بەڵکو ناوچەیەکە دراوسێی باشووری کوردستانە و باکوری ئەم ناوچەیەش کوردستان نییە. (لای سەرەوەی بەغدایە کە دیجلە و فورات – ی لیّ زۆر لێك نزیك دەبنەوە. ئەو عەرەبانەی ئەمڕۆ بە(باشووری کوردستان) دەڵێن (باکوری عیراق) و شۆڤینییە تورکەکان، با ئەم پێناسانەی ئەنسیکلۆپیدیای ناوبراو بخوێننەوەو ئەوە ببینن کە بەچ شێوەیەکی تێکدەرانە ڕاستییە مێژوویی و جوگرافیاییانە دەگۆڕن.

چۆن کەمالیستەکان دوای ١٩٢٣ ناوی (ئەناتۆڵی) یان بەشێوەی (ئەنادۆڵو) گۆڕیوە، لە

ڕەسمییاتدا ئەم ناوەیان بەو شێوەیەی کوردستانیش بەخۆوە بگرێ گشتیتر کراوە و ئەگەرچی بەحاشاکردن لە بوونی کوردستان و گۆڕینەوەی ناوی بە(ئەنادۆڵی خۆرهەڵات) و (باشووری خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ)ی دەستهەڵبەستیانەوە، لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا ئینگلیزەکانیش کە باشووری کوردستانیان لەگەڵ ناوچەی عیراق پێکەوە داگیر کردبوو، ناوی (عیراق) یان بەشێوەیەك گشتگیر کرد کە کوردستانیش بگرێتە خۆ.

دوای کشانەوەی ئینگلیز لە ناوچەکەوە، شۆڤینییە عەرەبەکانیش دوای ئەوان کە بوونە میراتگر و باشووری کوردستانیان لەگەڵ عیراق پێکەوە بۆ مایەوە، ناوی عیراقیان هەروەکو ئینگلیزەکان بەگشتییان کردووە، درێژەیان بەمە داوە.

باشووری کوردستانیان بە(باکوری عیراق) گۆڕیوە و هەڵیانبەستووە. فەرەنسییەکانیش کە لە سووریا چوونە دەرەوە، لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا کە دوو ناوچەی کورد داغ و جزیرەی کوردستانیان بەدەست خستبوو، لە کشانەوەدا پێشکەشی شۆڤینیستەکانی سووریا کرد. ئەوانیش حاشایان لە بوونی کورد و ناوچە کوردییەکانی ئەوێ کرد.

## کەمالیزم و میساقی میللی

لێرەدا کە باسی عیراق و باشوری کوردستانمان کردبوو، پێویستە باسی گوناهبارییەکی دیکەی کەمالیزم و کەمالیستەکان بکەین، ئەوەش ئەوەیە کە کەمالیزم و کەمالیستەکان، ئەوەی کە دەتوانین بە(کوردستانی خۆراوا)ی ناو بنێین، کە لە ناو سنوورەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا و لەم بارەیەوە کە لەناو سنوورەکانی پەیمانی نەتەوەیی (میساقی میللی)دا جێی کراوەتەوەو کە بەشێکی (خاکی نیشتیمان) یان بەئینگلیز و بەشێکیشی بەفرەنسییەکان پێشکەش کردووە، بووەتە هۆی ئەوەی کوردستانیش پارچە پارچە ببێ، گەلی کوردیش دابەش و تارومار ببێ و، هەروەها خیانەتیان لە (میساقی میللی) کردووە.

وەکو زانراوە، لە ٢٨ی کانوونی دووەمی ١٩٢٠دا. (میساقی میللی) کە (سوێندی میللی) دەگەیەنێ، لە لایەن مەجلیسی عوسمانییەوە کە (مەجلیسی مەبعووثان) ی پێ دەوترا، پەسند کرا، لە نێو عوسمانییان و ئەو دەوڵەتە سەرکەوتووانەی کە بە(دەوڵەتە پێکهاتووەکان) ناو دەبران – دا، لە ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨دا لە دەمە دەمی مۆرکردنی پێکهاتنی ئاگر بەسدا، ئەو خاکانەی لە دەرەوەی وڵاتانی عەرەب، لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا مانەوە بە(خاکی نیشتیمان) دانراوە و پەسندکراوە و پارچەیەکی

دابەش نەکراوەی کە دەبێ بەرگریی لێ بکرێ و بەسوێندێکی نەتەوەیی پێشنیار کراوە. هەر ئەو ساڵە، (ئەنجومەنی باڵای میللەت)یش کە لە ئەنقەرە کۆبووەوە پەسندکردنی (میساقی میللی)ی جاڕ دا.

بەم جۆرە، بەپێی میساقی میللی، ئەنادۆڵ و کوردستان و لازستان بەوەی کە (نیشتیمانی پارچە پارچە نەکراو) بەرگریی لێ دەکرێ و ئەو گەلانەی لەم خاکەدا دەژین، وەك برا، خاوەن گەلانی یەکسان پێکەوە دەژین. هەر بەم شێوەیەش سوێند لەسەر (میساقی میللی) خورابوو.

باشە، دواتر چی ڕووی دا؟

وەك هەموو کەسێك دەزانێ، کەمالیستەکان دوای ئەوەی دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرت، پێشەکی بەپەیماننامەی لۆزانی ٢٤ی تەممووزی ١٩٢٣، دواتریش بەپەیماننامەیەکی تایبەتی کە لە (٥ی حوزەیرانی ١٩٢٦)دا لەگەڵ ئینگلیزەکان بەستیان، کوردستانی باشووریان بەئینگلیز و باشووری خۆراوای کوردستانیشیان پێشکەشی فەرەنسییەکان کرد. واتە، ئەوەی بە(میساقی میللی) پێکهاتبوو و سوێند لەسەر بەرگری لێ کردنی خورابوو. بەشێکی (خاکی نیشتیمان) یان دایە دەوڵەتە بیانییەکان و بەم جۆرە خیانەتیان لە (میساقی میللی) کرد.

ئەو زەوییانە، لە باشووردا بەپێی بەشەکانی ئەمڕۆ، دهۆك، هەولێر(٢)، کەرکووك، مووسڵ و سلێمانی، کراوەتە پێنج پارێزگە و لە باشووری خۆراوادا، ئەو خاکەی لە باکووری حەڵەبدایە، کە (کورداغ)ە، لەگەڵ جزیرەدا، واتە بەتێکڕایی حەوت پارێزگایە، واتە ناوچەیەکی فراوانترە لە زۆر وڵاتی ئەمڕۆی جیهان.

کوردستان، پێشتر بەپێی پەیمانی (قەسر شیرین)ی ساڵی ١٦٣٩ی نێوان ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و ئێراندا بەش کرابوو و بەم جۆرە ئەو بەشەشی کە بۆ عوسمانی مابووەوە، کەمالیستەکان، ئەو بەشەشیان لەگەڵ ئینگلیز و فەرەنسییەکاندا بەش کرد، واتە ئەوان دانیشتوون و پارچەکانی ئەو نیشتیمانەیان دابەش کردووە کە لەناو (میساقی میللی) دایە. دواتریش ئینگلیزەکان ئەو پێنج پارێزگایەی لە کوردستانی باشووری خۆراوای کوردستاندایە، فەرەنسییەکان بەشۆڤینییە عەرەبەکانی سووریایان پێشکەش کرد و دانیشتن.

بەم هۆیەوە، لەو دوو ناوچەیەی کوردستاندا، ئەو کوردانەی کە لەو دوو ناوچەیەی ئەو نیشتیمانەدا دەژین کە بەپێی (میساقی میللی) پێویستە بەرگریی لێ بکرێ، ئەوەی تا ئێستا بەسەریاندا هاتووە و ئێستاش هێشتا کە زوو زوو ئەو کارەساتانەی بەسەریاندا دێت، کە لە پلەی یەکەمدا کەمالیستەکانی لێ بەرپرسیارن و گوناهبارن، ئەم تاوانبارییانەشیان، لە کوردستانی باکووردا بەرامبەر گەلی کورد ئەنجامیان داوە، دەبێ بدرێتە پاڵ جینۆسایدی[٣] (بەجینۆساید دابنرێ).

کۆنە کەمالیستەکانیش و تازەکانیشیان، هەمیشە لە خۆبایی بوون. دەڵێن: [ئەو زەوییانەی لە ناو سنووری (میساقی میللی) دایە «یەك بستی لێ نادەینە کەس]، یانیش لەم سالانەی دواییدا بەپێی ئەو قسەیەی کە کردوویانەتە مۆدەو هەر هاواری پێ دەکەن، «یەك تاکە بەردێکیشی نادەین». ئەم لە خۆبایی بوونە و هەراو هوریایەیان بەڵێ ڕاستە، بەڵام نوکتەیەکی[٤] ڕاستەقینەیە، چونکە هەر بەڕاستیش «یەك بست» لەو زەوییەی لەناو سنووری (میساقی میللی) دایە، یانیش «یەك بەرد» یان لێ نەدراوە بەکەس، وەکو لە سەرەوە ڕوونمان کردەوە، بەڵکو حەوت شینە پارێزگا، کە ملیۆنان مرۆڤی لەسەردا دەژی، حەوت پارێزگایان داوەتە دەوڵەتە بیانییەکان، لەتەك حەوت پارێزگادا «بستێك زەوی» ، یان «یەك تاکە بەردێك» چییە؟

## ئایدۆلۆژیای سەلانیك

دوای ئەوەی کەمالییەکان ئەو (خاکی نیشتیمان)ەی لەناو سنووری (میساقی میللی) دایە لەسەر سینییەکی زێڕیندا پێشکەشی ئینگلیزەکان و فەرەنسییەکان کرد و دوای ئەوەی بەتەواوی دەستیان بەسەر دەسەلاتدا گرت و ڕژێمێکی فشاری میلیتاری و ڕەگەزپەرست و تۆتالیتاری (تاك حزبی)ی ئەوتۆیان دامەزراند کە تا ئەو دەمە لە هەموو جیهاندا وێنەی نەبینرابوو، تا ئەو دەمە هەموو مافێك کە هەبوو و هەر هەموو ئازادییەکانیشیان لەناوبرد، جگە لە دەمی خۆیان، هەموو دەمێکی دیکەیان داخست.

بۆ خوڵقاندنی تاکە جۆرێکی مرۆڤ و بۆ ئەوەی هەموو مرۆڤەکان بخەنە ناو یەك ڕیزەوە «ڕۆڵەکانی – نەتەوەیی – ئەتاتورك». «قۆرخ کردنی بیر» یان دامەزراند و لە سێبەری سێدارەی لە سێدارەدانی بیری تەسکی خودی خۆشیاندا، بەزەبری چەك، هەوڵی خستنە دەستیان دا. هەروەها، بۆ دروست کردنی تاك نەتەوە، کەمالییەکان کە سیاسەتی تورکاندنی ڕەگەز پەرستانەیان بەزەبری چەك سەپاند، ئەوانەی لە دەرەوەی تورکاندا. کە

بەر لە هەمووانی دیکە، گەلی کورد بووە، تەواوی گەلان و گرووپە ئەتنییەکانی لە چەرخی قووتدانەوە ڕەت کردووە و بەئامانجی (تورکاندن)، ناوی نیشتیمانیان و پێناسەی نەتەوەیی و ئەتنیکییان و ناو و نازناویان، زمان و ڕۆشنبیرییان، فۆلکلۆر و مۆسیقایان، بەکورتی، هەرچییەکی تایبەت بێ بەوان، هەموویانیان قەدەغەکرد. بەم جۆرە، بەرامبەر بەو گەلانەش و بەرامبەر بە گرووپە ئەتنیکییەکانیش و هەروەها بەرامبەر بەو مرۆڤانەی کە پارچەیەکن لەو گەلانە و ئەو گرووپە ئەتنیکییانە (تاوانێکی مرۆڤایەتییان) ئەنجام داوە. ئەم لە مرۆڤایەتییە بەدەربوونە، ئەم سیاسەتە نامرۆڤانەیەشیان لە کوردستاندا بەخوێن پەروەردە کرد و جینۆسایدیان پیادە کرد.

کەمالییەکان، ئەم هەڵسوکەوتە ڕەگەزپەرستانەیە لە لایەك و لە لایەکی دیکەوە دوو ڕێگەی کوشندەیان خستە بەردەم ئەوانەی بەرەنگاری سیاسەتی عەسکەرتارییان دەبن، یان بەتۆبەکردن ملکەچ بکات و ببێتە لێبووکێکی (مەرج) بێ کەسایەتی و بوون بە«ڕۆڵەیەکی گوێڕایەڵی ئەتاتورك» پەسند بکات، یانیش «گیانبەخشینی بەیەکێك لەو سێدارانەی ئیعدام کردن کە ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستە دەیچەقاندن کە ناویان لێ نابوون (دادگای سەربەخۆیی = ئیستیقلال مەحکەمەسی)، واتە یان ئەوەی پێی باش بێ ببێتە پارچە پەڕۆیەك و وەکو کەسایەتی بمرێ، یانیش وەکو تەن بمرێ (مەرگی فیزیکی)یە.

*

کەمالییەکان لە بنەڕەتدا، ئەم ئایدۆلۆژیا و ئەم سیاسەتەشیان لە (فیرقەی ئیتتیحاد و تەرەققی)(٥)ی میلیتاری و ڕەگەز پەرستەوە بۆ ماوەتەوە کە میراتگریان بوون. وەکو زانراوە، ئیتتیحاد و تەرەققی، کە لە ساڵی **١٩٠٩** لە (سەلانیك)دا دامەزرا و ڕێکخراوێکی عەسکەری و تۆتالیتاریی ڕەگەز پەرست بوو، بەهێزێکی سوپایی کە ناوی (لەشکری بزووتنەوە – حەرەکەت ئۆردوسی)یان دابوویێ، بەزەبری چەك هەڵیان کوتایە سەر ئەستەمبووڵی پایتەختی عوسمانی و دەسەڵاتیان تێدا گرتە دەست.

ئەو ڕێکخراوەی لە لایەن لیژنەیەکەوە بەڕێوە دەبراو لە سێ پاشا پێکهاتبوو، ئەو ئایدیۆلۆژیا و بۆچوونە عەسکەری و ڕەگەز پەرستانەیەی ئەم ڕێکخراوە پەسندی کردبوو کە بەزەبری چەك هاتنە سەر دەسەڵات بوو، لە سەلانیك گەلاڵە بووبوو کە جێی پێکهاتنیان بوو، بۆیە، هەڵە نابێ ئەگەر بە(ئایدیۆلۆژیای سەلانیك)ی ناوبنێین.

کەمالییەکانیش کە دوای ساڵی **١٩٢٣** دەسەڵاتیان گرتە دەست، چونکە ئەو

ئایدیۆلۆژیایەیان لە ئیتتیحاد و تەرەققی–یەوە وەك میرات وەرگرت و چونكە میراتگری ئەوانیش بوون، بەئاسانی دەتوانین بەكەمالییش بڵێین: (ئایدیۆلۆژیای سەلانیك).

ئەم ئایدیۆلۆژیایەی سەلانیك، ئایدیۆلۆژیایەكە كە بەرامبەر بەو گەلە جیاجیایانەی سەدان ساڵە برایانە پێكەوە دەژین و بەتایبەتی بەرامبەر گەلی كورد، هەر وەكو هێرشێكی بیانی دەستی بەسەردا بگرێ وابوو، لە ساڵی ١٩٢٣ بەملاوە، لە كوردستاندا ڕشتنی خوێنی ئەمەندە كورد و توركە، كوشتنی ئەمەندە لاوی كورد و توركە، بێوەژن كردنی ئەو هەموو ژنە كورد و توركە، هەتیوكردنی ئەو هەموو ڕۆڵە كورد و توركە، هەموو خەمی منداڵانی ئەو هەموو باوكە كورد و توركانە، تاكە بەرپرسی ئەو هەموو تاوانە، ئەم ئایدیۆلۆژیا خوێناوییەیە و ئەوانەن كە پیادەیان كردووە. گوناهی قورسی هەموو ئەم تراژیدییانە و ئۆباڵی لە ئەستۆی ئایدیۆلۆژیای ڕەگەزپەرستانەی سەلانیك و پیادەكەرە ڕەگەزپەرستەكانیدایە.

لە جوگرافیایەكدا كە كورد و تورك و لاز و چەركەس و عەرەب لەتەك یەكدیدا دەژین و لە هەندێك شوێندا پێكەوە دەژین، ئایدیۆلۆژیایەك كە دیدی ئەفراندنی (تاك نەتەوە)یە، چۆن سەردەگرێ... هەرێم و وڵاتی جۆراوجۆر و كەسایەتیی نەتەوەیی و ئەتنیكیی جیا جیا و زمان و كولتووری جیا جیا و فۆلكلۆر و مۆسیقای جیا جیا لە جوگرافیایەكدا كە لە مۆزاییكێكی ئەوتۆ پێكهاتووە، ڕەنگی جۆراوجۆر دەبەخشێ، ئایدیۆلۆژیایەكی وەها چۆن دێتە كایەوە.

لە جوگرافیا گەلێكی لەم جۆرەدا، تاكە سیستەمێك كە بشێ پیادە بكرێ، بیروباوەڕێكە دوورە لە نەتەوەیی بەرچاو تەسك، بیروباوەڕێك پشت بەیەكسانیی تەواوی گەلان و شێوەی بەڕێوەبەرایەتییەكی لەنموونەی وەك بەلجیكا و وەك سویسرایە، بەڕێوەبەرایەتییەكی بەم شێوەیە، بۆ ئەوەی هەموو خەڵكانێك ببنە خاوەنی مافی یەكسان و پێویست بەوە نامێنێ كەس بەردێك لە كەسێكی دیكە بگرێ.

مایەوە ئەوەش بڵێین، تەنانەت ئەو وڵاتانەش كە لە كۆنەوە (یەك گەلن)، لە دنیای گۆڕاوماندا لە ئەنجامی كۆچبارێكدا، تایبەتمەندییە كۆنەكانیان لە دەست دابێ و وەك وڵاتگەلێكی (فرە كولتوور) یان لێ هاتووە، كەچی كەمالییە عەسكەرتارە كۆنەپەرستەكان كە سەربە ئایدیۆلۆژیای ڕەگەزپەرستانەی سەلانیك– ن، لە جیهانی ئەمڕۆماندا هاتوونەتە مەیدان، بەرامبەر بەم گۆڕان و پەرەسەندنانە، هێشتا بەكەللەڕەقی هەوڵی ئەفراندنی تاك

نەتەوە درێژە پێ دەدەن، گەلی کورد بەناو خودی خۆی و هێماکانییەوە و لەناو وڵاتی خۆیدا دەیەوێ بەئاشتی بژی، ئەم ویستە تا دوا ڕادە ڕەوایەیان، بەشێوەیەکی خوێناوی دەخەنە ژێر فشارەوە. تەواوی مافە مرۆڤایەتییەکانی گەلی کورد کە بەزۆرەکی داگیرکراوە، دیسانەوە بەزۆر هەوڵی پاراستنی دەداو نایەوێ لەگەڵ جیهانی ئەمڕۆماندا خۆی بسازێنێ.

مایەوە ئەوەی گەلی کورد نە گرووپێکی ئەتنیکی و نە کەمایەتییەك و نە کۆمەڵە کۆچەرێکە لە دەرەوەی کوردستانەوە هاتبێ و نیشتەجێ بووبێ. گەلی کورد لە گەلێك سەرچاوەی مێژوویی کۆن و بەڵگەنامەیەکی زۆردا کە یەکێك لەمانە بابەتی ئەم باسەمانە.

ئەنسیکلۆپیدیا (قامووسولئەعلام) وەك لە بابەتی کوردستاندا ڕوونی کردووەتەوە بەر لە هەزاران ساڵ لە کوردستانی وڵاتی خۆیدا ژیاوە و لە ژیاندا بووە، گەلێکە خاوەنی خاکی کوردستانە و ڕەگی لەناو خاکدا چەسپاوە. دەوجا کەمالییەکان، هەموو مافەکانی ئەم گەلەیان لەسەر خاکی خۆیدا داگیر کردووە.

ئەگەر ئەوە بەبەرچاوەوە بگرین کە لە جیهانی ئەمڕۆماندا تەنانەت مافی ئەو مرۆڤانەش کە لە وڵاتەکانی خۆیانەوە کۆچیان کردووە بۆ وڵاتی دیکە، لە لایەن هەموو دنیاوە بەڕێزەوە دانی پێدانراوە، کەمالییەکان کە تەواوی مافەکانی گەلێك کە لەسەر خاکی خۆیدایە داگیرکردووە، کە تاوانێکی چەند گرانی مرۆڤایەتییە، بەشێوەیەکی ئاشکراتر دەردەکەوێ و بەپێش چاواندا دەخرێ.

## جیاوازیی نێوان شۆڤینییە عەرەبەکان و کەمالییەکان

ئەمەشیان بەتایبەتی پێویست بەڕوونکردنەوە دەکا کە شۆڤینییە عەرەبەکان، ناوی عیراقیان وەك ئەوەی ئینگلیزەکان کردیان، بەخستنە ناوەوەی هەرێمی باشووری کوردستانیشەوە، ناوەکەیان بەگشتی کرد.

لافی ئەوەی کە عیراق (یەك تاکە نیشتیمانە) و ناوی (باکوری عیراق) یان بە(باشووری کوردستان)ەوە هەڵبەستووە. وەك ئەوەی کەمالییەکان کردیان، حاشایان لە بوونی کورد نەکرد. تەنانەت لە سەرەتادا، عوسمانییەکان، دواتریش لە لایەن ئینگلیزەکانەوە درێژە بەدانیان بەزمانی کورد و مافە ڕۆشنبیرییەکانیانەوە دراوە.

جیاوازییەکی دیکەی شۆڤینییە عەرەبەکان لەگەڵ کەمالییەکاندا ئەوەیە کە، ئەوان لە کاتێکدا (عیراق)یان، کە ناوی هەرێمێکی دراوسێی کوردستانە، ئەو ناوەیان کردووە

بەگشتی و ناوی دەوڵەتیش و هەرێمەکەشیان نەداوەتە پاڵ ڕەگەزی عەرەب، بۆ نموونە ناوێکی وەکو (کۆماری عەرەبی)یان هەڵنەبەستووە. بەوەندەکە وەستاون کە ناوی ناوچەکەیان وەکو ناوی نیشتیمان و دەوڵەت بەکارهێناو، پێشتر ناویان لە دەوڵەتەکەیان نا (شانشینی عیراق) بەبزووتنەوەی سەربازیی (١٤ی تەمموزی ١٩٥٨)، دوای ڕووخانی شانشینی ناوەکەیان بەشێوەی (کۆماری عیراق) گۆڕی[*].

ئەگەر کەمالییەکانیش، وەك شۆڤینییە عەرەبەکانی عیراق، ناوی دەوڵەتیان بۆ نموونە بە(ئەناتۆڵی) یانیش (ئاسیای بچووك) و ناوی دەوڵەتیشیان نەدابایە پاڵ (ڕەگەز)ێکەوە، بۆ نموونە (کۆماری ئەناتۆڵی) یان (کۆماری ئەنادۆڵ) یانیش (کۆماری ئاسیای بچووك) یان ناو بنایە و گەلی تورکیان لە ڕیزی گەلانی دیکەی وەکو کورد و لاز و چەرکەس و عەرەب و گەلانی دیکە بوونی گرووپە ئەتنیکییەکان و مافە کولتوورییەکانیان قبووڵ بکردایە و ڕێکیان بخستایە، ئەوسا لە کۆنەپەرستیدا لە ڕیزی شۆڤینییە عەرەبەکاندا دەبوون.

لە کاتێکدا کەمالییەکان، ناوی (ئەناتۆڵی)یان کە ناوی ناوچەیەکە بە(ئەنادۆڵو) گۆڕیوەو هەر بەگشتاندنەوەیەوە نەوەستاون، ناوی هەرێم و دەوڵەتیان دایە پاڵ ڕەگەزی تورك و ناوی (تورکیا)یان داوە بەهەرێمەکەو ناوی (کۆماری تورکیا)شیان لە دەوڵەتەکە ناوە.

لە کاتێکدا، لە مێژووشدا و لە جوگرافیاشدا دیارە، بەر لەوەی کەمالییەکان دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرن، هەرێمێك نەبووە ناوی (تورکیا) بێت. تەنانەت ناوچەیەکیش نییە ئەم ناوەی هەبووبێ، ناوی ڕەسمیی دەوڵەتی ئەو سەردەمە «دەوڵەتی عەلییەی عوسمانییە» بوو، کە واتای (دەوڵەتی باڵای عوسمانی)ی دەگەیاند و کورتی پێی دەوترا (دەوڵەتی عوسمانی).

کە دێتە سەرباری جوگرافی، لەو پارچە خاکەدا کە ئەمڕۆ ناوی (تورکیا)ی پێ دراوە. بەر لە کەمالییەکان ئەناتۆڵی و کوردستان و لازستان هەبوو.

بەم هۆیەوەیە کە لە ئەنسیکلۆپیدیای (قامووسولئەعلام)دا کە بابەتی باسەکەمانە، کوردستان وەك وڵاتێکی گەورە و ئەناتۆڵی نیمچە دوڕگەیەکی گەورە و لازستان-یش (سەنجەق)[٦]ێکی ناسراو بووە. لازەکانیش بە(قەومێك) واتە (گەلێك) ناوبراون.

(ب/٥، ل/٣٩٦٦ - ٣٩٦٧)

بەم هۆیەوەو زۆر سەرنجڕاکێشە کە ئەنسیکلۆپیدیای (قامووسولئەعلام) بابەتی (تورکیا)ی تێدا نییە. واتە یەکەم ئەنسیکلۆپیدیایە بەتورکی لە مێژوودا، بابەتێکی تێدا نییە کە بە ناو (تورکیا)وە بێ، لەم ئەنسیکلۆپیدیایەدا بابەتی تورکەکان (تورکلر) هەیە و لەم

بابەتەدا وەکو گەلێك و وەك نەتەوەیەك لە بارەی تورکەکانەوە زانیاریی زۆر بەربڵاو پێشان دراوە. بەڵام وەك وڵاتێك، وەك دەوڵەتێك و تەنانەت وەك ناوچەیەکی جوگرافیش بابەتی (تورکیا) بوونی نییە. چونکە ئەو دەمە، شوێنێك نەبووە ئەم ناوەی هەبووبێ. بەم ناوەوە تەنانەت گوندێکیش نییە.

وەك زانراوە، ناوی تورکیا، ناوێکی ڕەسمییە، لە لایەن کەمالییەکانەوە ساڵی ۱۹۲۳ بەوڵاتەکەش و بەدەوڵەتەکەش دراوە، واتە ناوێکی (ڕەسمی)یە، ناوێك نییە لە مێژووەوە یان لە جوگرافیاوە هاتبێ. ئەم ناوە ڕەسمییە، کە وەك ناوی نیشتیمانێك بەکاردەهێنرێ و واتای (نیشتیمانی تورك) دەگەیەنێ، کە وەك ناوی دەوڵەتیش بەکاربهێنرێت، واتای (دەوڵەتی تورك) دەگەیەنێ. کەواتە لە ژێر ئەو سەیوانەی ئەم ناوەی پێکهێناوە، کورد و لازو ئەوانی دیکە جێیان نابێتەوە. بەواتایەکی دیکە، ئەم ناوە سەیوانێکی هاوبەش نییە کە لە سایەیدا جێی تورکیش و جێی گەل و گرووپە ئەتنیکییەکانی دیکەش جێیان ببێتەوە. ئەم ناوە تەنیا تورکەکان لە ئامێز دەگرێت و سەیوانێکی تایبەتە گەلانی دیکە دەکاتە دەرەوە. سەیوانێکی تایبەت بەتورکەکانە کە پاڵپشتەکەی ڕەگەزپەرستییە. ئایدیۆلۆژیایەك کە تاکە یەك نەتەوە لە خۆ بگرێت و هەموو ئەو گەل و گرووپە ئەتنیکییانەی کە هەن بکاتە دەرەوە و هەموو مافەکانی ئەوان داگیربکات و هەموو شتێك تەنیا بە هی گەلێك، نەك تەنیا کۆنەپەرست و لە هاوچەرخێتی بەدەرە، بەڵکو هەر لەو کاتەشدا دابەشکەرەوە و جیاوازیخوازیشە. ڕژێمێکیش کە پشت بەئایدیۆلۆژیایەکی وەها ببەستێ و بیهێنێتە کایەوە، ڕژێمێکە بەشێوەیەکی ئاشکرا بەچەمکی بەناوبانگی نێونەتەوەیی، ڕەگەزپەرست و جیاوازیخواز دەنوێنێ.

لەو بەراوردکارییەشەوە. کە لە سەرەوە ئەنجامیان دا، ئاشکرا دیار و ڕوونە، کەمالییە عەسکەرتارو کۆنەپەرستەکان لە بابەتی مافی گەلاندا لە شۆڤینییە عەرەبەکانی عیراق گەلێك کۆنەپەرستتر، ڕەگەزپەرستتر و دیکتاتۆریترن.

## جیاوازیی ڕژێمی عوسمانی و کەمالییەکان

لە بابەتی مافەکانی گرووپە ئەتنییەکان و گەلاندا، دیسانەوە بەراورد کردنەوەی ڕژێمی کەمالی و ڕژێمی عوسمانیدا سوودبەخشە. کە بەراوردێکی وەها دەکرێ، ڕژێمی کەمالی لە ڕژێمی عوسمانی گەلێك کۆنەپەرستتر و زۆردار و دیکتاتۆریتر بەڕوونی دەردەکەوێ، بەم جۆرەی کە: ڕژێمی عوسمانی، سەرەڕای هەموو ئەو پێکهاتە بێ کەڵك و فشارکار و عەسکەرتارییەی، ڕژێمێکی ڕەگەزپەرست نەبوو و گەلانێك کە لە ڕەگەزی جیا جیاوە

هاتبوون و گرووپگەلێکی ئەتنیکی لە ژێر سەیوانی خودی خۆیدا جێ دەکردەوە. بەواتایەکی دی، ناوی (دەوڵەتی عوسمانی). چونکە پشتی بەیەك ڕەگەز نەدەبەست، پێی دەکرا سەیوانێکی هاوبەشی ئەوتۆ پێکبهێنێ کە گەلانی جیا جیاو گرووپگەلێکی ئەتنیکیی لە ژێر سایەیدا پەنابدا، لەوێ جێ بۆ (زۆرینە) هەبوو، لە کاتێکدا ئەو ناوی (تورکیا)یەی کەمالییەکان بەدەوڵەتیانەوە هەڵبەست، چونکە پشتی بە(تاکڕەوی) دەبەست، خاوەنی ئەوها سەیوانێکی هاوبەش نەبوون.

(تاکڕەوی)ش جۆرە چەمکێکی عەشیرەتگەریی کۆنەپەرستانەیە. وەك چۆن لە کۆنەوە لە سیستەمی عەشیرەتگەریی سەرەتاییدا هەبووە. عەشیرەتێك و هەر شتێکی تەنیا بۆخودی خۆی دەویست و لەگەڵ عەشیرەتەکانی دیکەدا لەسەر زەمینەیەکی هاوبەشدا نیشتنی قبووڵ نەدەکرد.

(ئایدیۆلۆژیای تورکایەتیی) کەمالییەکانیش کە پشتی بەتاکڕەوی دەبەست، هەموو شتێکی بۆ تورك دەویست و تەنانەت بوونی گەلان و گرووپە ئەتنیکییەکانی دیکەشی پێ قووت نەدەدرا، ئەمەش کە زۆر لەوەی عوسمانییەکان کۆنەپەرستترە، چەمکێکە تەنیا لە سیستەمی عەشیرەتگەریدا لەگەڵ سیستەمێکی سەرەتاییدا دەکرێ بەراورد بکرێت.

دەوڵەتی عوسمانی بەزۆر وڵاتگەلێکی داگیرکردبوو، بەفشار و سیاسەتی پڵیشاندنەوە بەڕێوەی دەبردن. بەڵام ئەو زۆردارییە، فشار و سیاسەتی پڵیشاندنەوەیە، فشاری نەتەوایەتی و سیاسەتی پڵیشاندنەوەی نەتەوایەتی نییە. بۆ نموونە لەو سەردەمەدا فشار لەسەر گەلی تورکیشدا هەبوو، فشاری عوسمانی، فشارێك بوو لە پێکهاتەی عەسکەرتاری و تایبەتمەندیی کۆنەپەرستانەی ڕژێمەوە هاتبوو، عوسمانی ئەوەی هەبووەو بەدەست خستووەو بەزۆرداری و بەفشار بەڕێوەی بردووە. بەڵام حاشای لەوەی هەبوو نەدەکرد، هەروەها هەوڵی ئەوەی نەدەدا بیانگۆڕێت و بیانئاخنێتە ناو شێوەیەکی نوێوە. ئا بەم جۆرە کوردستانی وەکو کوردستان قبووڵ کردووەو بەڕێوەی بردووە. بەوەی کە سیستەمەکەی شەقار و درزی تێ نەکەوێ، لەوێدا فشاری هەرگیز کەم نەدەکردەوە.

لە کاتێکدا کەمالییە ڕەگەزپەرستەکان، بەو بەڕێوەبەراتییەوە نەوەستان کە لەسەر زەمینەدا هەبوو و لە عوسمانییەکان بە میراتی بۆیان مابووەوە و هێشتاش بەوەوە ناوەستن. هەوڵیان داوە کە ئەوەی هەیە بیانگۆڕنەوەو بیانئاخننە ناو شێوەیەکی نوێوەو هەموو شتێك کە سەربە بوونی ئەوە بیانکا بەژێر لێوەوەو لەناویان ببات، ئێستاش هەر

لە هەوڵداندان، بۆ ئەوەی بەم ئامانجەشیان بگەن، بێ سڵکرنەوە، خوێنیان ڕشت و ئێستاشی لەگەڵدابێ هەر لە خوێنڕشتندان.

عوسمانی دەیوت: «تورکیش هەیە و کوردیش هەیە و لازیش هەیە و هی دیکەش هەن. ئەوانە هەر هەموو دەبێ ملم بۆ کەچ بکەن، ئەوەی ملکەچ نەکا ملی دەشکێنم». کەچی کەمالیزمی ڕەگەزپەرست گوتی: «نە کورد هەیە، نە لاز هەیە و نە هی دیکە هەن، تەنیا تورك هەیە و هەموو کەسێکیش دەبێ ببێتە تورك، ئەوەی قایل نەبێ ببێتە تورك لە ناوی دەبەم.» ئێستاش هەر وەها دەڵێ.

قسەیەکی جەفەنگاوی لە کوردەواریدا هەیە لە بارەی ئەو برایەوە کە بەدکاری و زۆرداری لەگەڵ براکەی دەکا، باوکی ئەو برایانە مردووە و سێ پارچە زەویی کێڵگەی بۆ ئەوان بەجێ هێشتووە، ئەو برایەی کە زۆردار بووە، ویستوویەتی هەر سێ کێڵگە بۆ خۆی بێت، کێڵگەکانی نیشانە کردووە و وتوویەتی: «ئەم کێڵگەیە هی منە، لە باوکمەوە بۆم ماوەتەوە، ئەم کێڵگەیەشیان من بۆ خۆمی دادەنێم، ئەگەر پیاو هەبێت و بابزانم بێتە ناو ئەم کێڵگەیەی دیکەشیانەوە».

ئەو قسەیەی ئەو برا زۆردارە، هەر ئەو کارەیە وا کەمالی و کەمالییەکان بەکورد و لاز و گەل و ئەتنیك و گرووپەکانی دیکەیان کردووە. کەمالییەکانیش بەو گەلانەی سەر ئەو خاکانەدا. کە دوای عوسمانییەکان دەستیان بەسەردا گرتووە پێیان وتوون: «تۆ نیت، تۆش نیت، تەنیا ئەو تورکەی من قەبووڵی دەکەم هەیە و بەس.» و ئەو گەلانەی تورك نین، یان ببنە تورك، یانیش، بوونی ڕووبەڕووی چارەنووسی لەناوچوون دەبێ. لە کاتێکدا ئەو خاکانە، لە ئیمپراتۆرییەتەوە بەمیرات دەستیان بەسەردا گیرابوو، کە ناوی خۆی بەخۆیەوە بوو، ئیمپراتۆرییەت! لەسەر خاکێکی لە ئیمپراتۆرییەتەوە بەمیرات بۆ ماوەتەوەدا، ئایا دەتوانرێ باسی تاك نەتەوە و تاکە یەك گەل بکرێت؟.

*

پێویستە سەیری ئەم خاڵە سەیروسەمەرەیە بکرێ کە، کوردستان تا کۆتاییەکانی سەدەی (١٩)ش، لەناو سنوورەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا «نیشتیمانێکی گەورە» هەبوو، بەڕەسمی دان بەبوونیدا دەنرا. لەو ئەنسیکلۆپیدیایەدا کە بۆ یەکەم جار لە مێژوودا بەتورکی، لە ئەستەمبووڵی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانیدا بڵاوکراوەتەوە. کوردستان دیسانەوە وەکو «نیشتیمانێکی گەورە» باسی لێوە کراوە. تورکیا، ئەوساکە نە وەکو

نیشتیمانێك و نە وەكو ناوچەیەكیش هێشتا بوونی نەبوو و لەو ئەنسیكلۆپیدیایەدا تەنانەت ئەو ناوە وەكو بابەتێكیش باسی لێوە نەكراوە. كەچی (عیراق) هەروەكو (ناوچەیەك) هەبوو و لە ئەنسیكلۆپیدیای بابەتی باسەكەماندا وەكو ناوچەیەك لە باشووری كوردستاندا پێناسە كراوە. كەچی دواتر، ئەو ناوی (توركیا)یەی كە ئەوسا نەبوو و دواتر كەمالییەكان لە باكووردا دایانهێناو پەیدابوو، لە باشووریشدا، ناوی (عیراق) كە ئینگلیزەكان دایانهێنا، هەریەكەیان و دەوڵەتێكیان پێ ناو لێنرا... بەڕێوەبەرانی ئەم دەوڵەتانەش حاشایان لە بوونی كوردستان كرد كە هەیە و ویستیان ناوی نەهێڵن، ئێستاش هەر وایان دەوێ. واتە بەكورتی و ئاشكرا، ئەوەی نەبووە داهێنرا... و حاشا لەوەیان كرا كە هەیە.

زۆر چاكە، با ئەوەی لە كۆنەوە نەبووە دابهێنرێ، كەس نكوولیی لەمەدا نییە. ڕژێمێك، بەڕێوەبەرایەتییەك، كە ئەم ناو یا ئەو ناوە بەنیشتیمانەكەی ببەخشێ دەیبەخشێ، بۆ ئەمەش كەس نكوولیی نییە. با بڵێین كەمالییە ڕەگەزپەرستەكان مافی ئەوەیان بەخۆوە بینی و ناوی ئەناتۆڵی – یان بەئەنادۆڵ گۆڕییەوە و دەوڵەتیان دایە پاڵ ڕەگەزی تورك و ناویان لێ نا (كۆماری توركیا). باشە، بەڵام كوردستانێك ئەوەی كە هەر لە كۆنەوە هەیە و بوونی ڕاستییەكی مێژووییشە و جوگرافیشە، بە چ مافێك حاشا لە بوونی دەكەن و تەنانەت دەیانەوێ ناویشی لەناوببەن! دەبێ لە كەمالییەكان بپرسرێت:

لە هەموو سەرچاوەكانی جیهاندا و لە هەموو سەرچاوە توركییەكانی بەر لە ١٩٢٣دا، باس لە ناوی كراوەو لە یەكەم ئەنسیكلۆپیدیای توركیا لە مێژوودا، كوردستان وەكو «نیشتیمانێكی گەورە» باس كراوە.

لە ١٩٢٣ بەدواوە، چی ڕووی دا و چۆن یەكسەر لەناوچوو؟ وەڵامی ئەم پرسیارە تا دوا ڕاددە ڕوون و ڕەوایە، چۆن دەتوانن وەڵام بدەنەوە؟ یانیش وەكو ئەفسانە بگێڕنەوە بۆ منداڵان، وەڵامی وەكو «سووتا و تەواو، بوو بەخۆڵەمێش» دەدەنەوە؟

## چەند نموونەیەك لە جیهانی دیموكراسییەوە

كەمالییەكان لە چەندین ساڵ لەمەوبەرەوە، لافی ئەوە لێ دەدەن كە دەیانەوێ دیموكراتی بچەسپێنن و ڕژێمەكە بەرەو بەدیموكراتی بوون ببەن. بەڵام بەهیچ جۆرێك ئەوە پەسند ناكەن كە دیموكراتی لەگەڵ ڕەگەزپەرستیی كۆنەپەرست، لەگەڵ دیموكراتی، نەتەوایەتیی ئاسۆ بەرتەسك و دیموكراتی لەگەڵ عەسكەرتاریی توندڕەو پێكەوە نابن. بۆ ئەوەی لەگەڵ جیهانی دیموكراتی بژمێردرێ، دەبێ لەگەڵ پرنسیپە جیهانییەكانیدا خاڵ بەخاڵ و پیت

بەپێت بگونجێ، دیموکراتی، ڕێکخستنی چەند پارتییەکی کەمالی و لەناو سنووره بەرتەسکەکانی کەمالیدا، کێشەی بۆ دەسەڵات بەدەستەوەگرتن نییە. ئەمە هەبێ و نەبێ و دەشێ ئەو (دیماگۆژی)یە بێ کە بەئامانجی قایلکردنی ڕای گشتیی دەرەوە بێ.

مافی گەلان، لە بارەی سەربەستییەکان و یەکسانییەکانەوە، دەکرێ وەکو نموونە، پیشاندانی پێویست بێ، وڵات و ناوچەیەکی زۆر هەن لێرەدا دەمانەوێ چەند وڵاتێك بەنموونە پیشان بدەین.

## چەند نموونەیەك لە خۆراوای ئەورووپاوە

یەك لەم وڵاتانە، دورگەی بەریتانیایە، کە بە(بەریتانیای گەورە) دەناسرێ، لەو دورگەیەدا کە سێ گەلی ئینگلیز و سکۆچ و (گال)ەکانی لێیە، هەریەکەیان بەناوی خۆشیانەوەو بەناوی نیشتیمانەکەشیانەوە بەسیمبولّی نەتەوەییەکانیشیانەوە دەژین... لەبەر ئەوەی کە بەرامبەر بەبوونی یەکدییان و تەواوی مافەکانی یەکدییان ڕێزیان هەیە، تەنانەت بەردێکیشیان لە یەکدی نەگرتووە. سکۆچەکان و گالەکان، مافەکانی پەرلەمانی ناوچەیی و بەڕێوەبەرایەتیی ناوخۆیی خودییان دانی پێدانراوە.

لە بەلچیکاشدا کە ناوەندی یەکیەتیی ئەورووپییە، (ڤالۆن)ەکان کە بە فەرەنسی قسە دەکەن و (فلامان)ەکان کە بە هۆڵەندی قسە دەکەن پێکەوە دەژین. هەریەکەیان ناوچەکەی خۆی بەڕێوەدەبەن، لەبەلچیکادا دەوڵەتی فیدراڵی هەردووکیان، واتە لەبەر ئەوەی کە دەوڵەتی هاوبەشی هەردووکیانەو هەردووکیشیان ڕێزیان بەرامبەر بەهەر هەموو مافەکانی یەکدی هەیە، لە نێوانیاندا هیچ شەڕێك بەرپا نەبووە.

ئەدی چی بەنموونەی ئیسپانیا و کەتالۆنیا دەگوترێ؟ وەکو هەموو کەسێك دەزانێ، لەو جوگرافیایەدا ناوی دەوڵەت ئیسپانیایە، بەڵام سەرژمێری گەلی کەتالۆنیا کە لە شەش ملیۆن پترە، بەناوی خۆیەوە، بەناوی کەتالۆنیای وڵاتی خۆیەوەو بەئاڵای نەتەوەیی خۆیەوە دەژی، بەحکوومەتی ناوخۆیی خۆی و بەمیانبینیی پەرلەمانی ناوخۆیی خۆی، خۆی بەڕێوەدەبا.

ئەو باسەی دیموکراسییەی پێوەندییەکی سەیری بەئیسپانیا و کەتالۆنیاوە هەیە، پێویستە بەوردی سەیری بکرێ، کە بۆ هەموو کەسێك دەبێتە نموونە. وەك بەبیرخستنەوەیەك، لە ساڵی ١٩٩٢دا ئۆلۆمپیادەکانی جیهانی لە بەرشلۆنەی پایتەختی

کەتالۆنیادا کرا. وەکو هەر کاتێکی دیکە، بەدرێژایی ئەو یارییانەش ئاڵای کەتالۆنیا، شان بەشانی ئاڵای ئیسپانیا دەشەکایەوەو هەموو جیهان بەدرێژایی چەندین ڕۆژ ئەو ئاڵایانەیان پێکەوە بینی و سەیریان کرد. بەشەکانەوەی ئاڵای کەتالۆنیا لەتەك ئاڵای ئیسپانیا، نە ئیسپانیا پارچەپارچە کراو نە کەمترین گەردیش بەسەرشانی ئیسپانیاوە نیشت و ئیسپانییەکانیش کەمترین نارەزاییان دەرنەبڕی. ئەوانیش وەك هەموو خەڵکی دیکە، تا دوا ڕاددە ئاڵاکەیان بەئاسایی زانی و سەیریان کرد.

لە ئیسپانیا، لە هەرێمی (باسك)یشدا باسکەکانیش ئەو مافانەیان هەیە. ئەوانیش ئەنجومەنێکی ناوخۆیی و حکوومەتێکی ناوخۆیی و مافی زمان و کولتووریشیان هەیە. ئەوانیش وەك کەتالۆنییان لەتەك ئاڵای ئیسپانیادا مافی شەکاندنەوەی ئاڵای خۆیانیان هەیە.

## چەند نموونەیەکیش لە باکوری ئەورووپاوە

بەناوچەکانی باکوری سوێد و نەرویج و فینلاندیا، لەم وڵاتانەدا دەگوترێ (لاپلاند)، کە واتای ئەم وشەیە واتە: «وڵاتی لاپۆن، خاکی لاپۆن». چونکە گەلێك بەناوی «لاپۆن»ەوە لەو ناوچانەدا دەژی، لە هەموو جیهاندا ناسراوە. کەچی ئەو گەلەش خۆی بەخۆی دەڵێ «سام» و بۆ ناوی ئەو شوێنانەش کە لەسەریدا دەژی. ناوی «ساملاند» بەکاردەهێنێ کە واتای «نیشتیمانی سام، خاکی سام» دەگەیەنێ. لەلایەکی دیکەوە بەئازادی ئەو نەخشەیە چاپ دەکەن و بەکاری دەهێنن کە ناوچەکانی باکووری هەر سێ وڵاتەکە، واتە ناوچەی (ساملاند) کە خودی خۆیان لەسەریدا دەژین پیشان دەدا.

دەسەڵاتداران و کاربەدەستانی هەر سێ وڵاتەکە نە ئەو نەخشانە قەدەغە دەکەن و نە بڵاوکەرەوەکانیان و نە بەکارهێنەکانیان بە(جیاوازیخوازی) تاوانبار دەکەن و لە دادگاکاندا دادگاییان دەکەن و نە بەسزادانیشیان لە بەندیخانەکاندا دایاندەڕزێننەوە. هەروەها (سام)ەکان ئاڵای تایبەتیی خۆشیان هەیە، ئەو ئاڵایەی کە بەناوی (ئاڵای نەتەوەیی سام)ەوە ناوی دەبەن، تەواوێك لەناو بارێکی سەربەخۆییدا بەکاری دەهێنن. هیچ کەسێکیش تێکەڵی ئاڵاکەیان نابێت.

هەروەها جەژنی نەتەوەییان هەیە کە ڕێکەوتی (٦)ی شوباتە، جەژنی نەتەوەییشیان هەموو ساڵێك بەناوی «جەژنی نەتەوەیی سام» بەتەواوی ئازادییەوە ئاهەنگگەلێکی گەورە

ئەنجام دەدەن، نە پۆلیس دەست لەم ئاهەنگانە وەردەدا و نە تانکگەلیشیان دەکرێتە سەر. لەو جەژنەدا لە هەر سێ وڵاتەوە چەندین سام بەئازادییەوە کۆ دەبنەوەو جەژنەکەیان بەیەکەوە پیرۆز دەکەن نە کێڵگە مین هەیە کە ئەوان لەیەك جودا بکاتەوە و ڕێ لە کۆبوونەوەیان بگرێ. نە سەربازی چەکداریش لەسەر سنوورەکاندا خۆیانی تێدەگەیەنێ و نە بەقوناغە تفەنگ، بەلێدان بەرەو دواوەیان دەبەن. هەر سامێك بیەوێ بەئازادی بۆ ئەو شوێنە یان بۆ ئەو وڵاتە دەچێ کە خۆی دەیەوێ و بەشداری لە پیرۆزکردنی ئاهەنگەکانی جەژنە نەتەوەییەکان بکات و دواتر ئازادانە دەگەڕێتەوە ماڵی خۆی.

تەنیا هەر ئەوەندەش نییە، لە هەر سێ وڵاتدا، سامەکان لە ناوچەکانی خۆیاندا تەواوی مافە ڕۆشنبیرییەکانیان، پەروەردە بەزمانی خۆیان و ئەو قوتابخانانەی فێرکردنیان تێدایە، لە باکوری سوێددا «خوێندنی باڵای گەلی سام» و لە باکوری نەرویجیشدا بەناوی «خوێندنی باڵای سام»ەوە سەرو خوێندگایەکیان هەیە. لەلایەکی دیکەوە لە باکووری نەرویجدا ئەنستتیووی لێکۆڵینەوەی سام هەیە، کە لە بابەتی زمانی سامەکان و مێژوو و کولتووردا کاری زانستی ئەنجام دەدرێت.

هەموو سامەکانیش، گۆرانییەکی هاوبەشی نەتەوەییان هەیە و گۆرانییەکەشیان بەتەواوی ئازادییەوە دەڵێنەوە. بۆچی ئەوە (گۆرانیی نەتەوەیی)ی پێ دەڵێن نەك (سروودی نەتەوەیی)؟ هۆی ئەوە ئەوەیە کە: چونکە ئایدیۆلۆژیای فەرمانڕەوای وڵاتانی باکور عەسکەرتاری نییە. لە هیچ یەکێکی ئەم وڵاتانەدا بەدروشمی نەتەوەیی بەوشە یان ئاواز ناڵێن «سروودی نەتەوەیی»، پێی دەگوترێ «گۆرانیی نەتەوەیی»، بۆیە، سامەکانیش وەك ئەوانی دیکە دەڵێن «گۆرانیی نەتەوەیی».

مافە نەتەوەییەکان تەنیا تا ئەو ڕادەیەش سنووردار نییە، لەلایەکی دیکەوە مافی سیاسیشیان هەیە، دەوڵەتی فینلاندیا ساڵی ١٩٧٣، دەوڵەتی نەرویج ساڵی ١٩٨٩، دەوڵەتی سوێدیش ساڵی ١٩٩٣ مافی دامەزراندنی ئەنجومەنی ناوخۆیی بە(سامەکان) داوە. ناوی هاوبەشی ئەو ئەنجومەنە لەناو زمانی خۆیاندا (سامەددیگگی)یەو (ئەنجومەنی سام) دەگەیەنێ. ئەنجومەنی سام کە لە باکوری سوێددا ساڵی ١٩٩٣ کە کرایەوە، شای سوێد بەخۆی لە ڕێوڕەسمی کرانەوەیدا بەشداریی کرد و (قردێلە)کەی بەدەستی خۆی بڕییەوە و سەرکەوتنی بۆ ئەنجومەن خواست.

لە هەر سێ وڵاتیشدا، ئەنجومەنەکانی سام، پێ بەپێی ئەو هەڵبژاردنە گشتییەی لەو

وڵاتەدا دەکرێ، تەنیا بەو هەڵبژاردنانەوە پێکدێن کە لەناوچەی تایبەت بەخۆیان-دا ئەنجام دەدرێ. ئەو هەڵبژاردنانە، وەکو شتێکی یاسایی، بوونیان هەیە و کۆششەکانیان بەئازادی درێژە پێ دەدەن و حزبە سیاسییەکانی سام بەشداریی تێدا دەکەن. لێکۆڵینەوە لە بارەی دۆزەکانی سامەکان و ئەو دیدەنییانەی کە ئەو ئەنجومەنانە دەیکەن. لە هەندێك بابەتدا بۆیان هەیە بڕیاریان لەسەر بدەن، لە هەندێك بابەتی دیکەشدا پێشنیار بۆ حکوومەتی ناوەندی بەرز دەکەنەوە.

خوێنەران، لەوانەیە بیانەوێ ژمارەی ئەم (سام)انە بزانن کە لە وڵاتەکانی باکوردا دەژین و مەراقی ئەوەبن و بڵێن: «داخۆ ئەم سامانە لەو وڵاتانەدا هەر وڵاتە و چەند ملیۆن کەسی تێدایە، کە حزبی قانوونی و مافی دامەزراندنی ئەنجومەنی ناوخۆییشیان دان پێدانراوە؟»

نەخێر نەخێر، سامەکان ژمارەیان لەم وڵاتانەدا ئەوەندە ملیۆن و شتی وەها نییە، سەدان هەزاریش نییە، تەنیا هەزارانە. تێکڕا ژمارەیان هەر سەد و یەك هەزار کەس دەبن و شەست هەزاریان لە باکوری نەرویجدا، بیست و پێنج هەزاری ئەم گەلە لە باکوری سوێد و دوانزدە هەزاریشیان لە باکووری فینلاندەدان و چوار هەزاریشیان لە باکوری خۆرهەڵاتی ڕووسیادان، لە نیمچە دورگەی (کۆلا)ی فینلاندیا و لەو ناوچەیەدا دەژین کە بەسنووری نەرویجەوەیە.

واتە، لە سێ وڵاتی دیموکراتیدا، هەریەکە و گرووپێکی ئەتنیکیی ٦٠,٠٠٠ کەسی و ٥٢,٠٠٠ کەسی و ١٢,٠٠٠ کەسی، هەریەکەو مافی دامەزراندنی ئەنجومەنێکی ناوخۆییان هەیە، کەچی کەمالییەکان مافی دامەزراندنی یانەیەکی کولتووریی کوردی بەگەلی کورد نادەن کە خاوەنی (١٥-٢٠) ملیۆن سەرژمێرن. وەکو گوتمان ئەم (سام)انە لەم وڵاتانەدا جەژنە نەتەوەییەکانی خۆشیان بەئازادی دەکەنەوە. کەچی ئافرەتی کورد ناتوانن ئەو جلوبەرگە لەبەر بکەن کە ڕەنگەکانی جەژنەکانیانی تێدابێ، پیاوانی کوردیش بۆیان نییە بۆینباخی لەو ڕەنگانە ببەستن.

*

لێرەدا پێشکەش کردنی زانیاری بەکورتی، لە بارەی ئەو سیاسەتەی کە نەرویج بەرامبەر بەگەلی سام پیادەی دەکا، چ گۆڕانکارییەکی نواندووە و لە بابەتی ئەوەی لە کوێوە بۆ کوێ؟ سوودبەخش دەبێ، بەم جۆرەی کە:

نــەرویــج ساڵــی ١٩٠٥ بــەبــێ جــەنگ و شەڕوشۆڕ لــە سوێد جــیــابــووەوەو دوای سەربەخۆیی(٧)، لە پێشدا بەکاری هەستی نەتەوایەتی کە پێشتر پەرەی سەندبوو، هیچ مافێکی بەسامەکان نەداوە، بەپێچەوانەوە، لە ڕێی فشارەوە هەوڵی لە ناوبردنی ڕەگەزیانی داوە. تاله ساڵی ١٩٥٠دا ئەم سیاسەتە دژ بەدیموکراتییەی واز لێ هێناوە و دانی بەمافی سەربـەخـۆیـی زمـان و ڕۆشنـبیری و بـەزمـانـی سام خـوێندنی پـەروەردەیی و فێرکـردنـی داونەتێ. ئەو خوێندنی باڵای زمانی (سام)ەش کە لە ئاستی زانکۆدا دامەزراوە لەناو چوارچێوەی ئەو مافە کولتوورییەدا دامەزراوە.

لەلایەکی دیکەوە، زەمینە بۆ پێکهاتنی حزبە سیاسییەکانی سامەکان خۆش کراوە و وەکو پێشتریش پیشانمان دا، ساڵی ١٩٨٩ ئەنجومەنی ناوخۆیی سام کراوەتەوە.

بەڕێوەبەرانی نەرویج لە سنووری ئەم مافانەدا نەوەستاون و بەر لە ساڵانی ١٩٥٠ لـەبـەر ئـەو سیـاسەتـە ڕەگەزپـەرستـانـەیـەی بـەرامبـەر (سام)ەکان بەرپا کراوە هـەستیـان بەشەرم و پەشیمانییەکی گەورە کردووە و شای نەرویج، لەبەر ئەو سیاسەتە، بەناوی گەلی نەرویج و دەوڵەتیشەوە لە چەند ساڵێك لەمەوبەر بەڕەسمی و بەئاشکرا داوای لێبووردنی لە (سام)ەکان کردووە. لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠یشدا حکوومەتی نەرویج، دیسانەوە بەناوی گەل و حکوومەتی نەرویجەوە داوای لێبووردنی لە (سام)ەکان کرد. بەمەشەوە نەوەستا، بەمەبەستی ئەوەی کە یارمەتیی پەرەسەندنی زمان و کولتووری سامەکان بدات، بەپارەی ئەو وڵاتە بودجەیەکی (٧٠٠) ملیۆن کرۆن (نزیکەی ١٠ ملیۆن دۆلار)یی تەرخان کرد.

جاروبار سامەکانی هەر سێ وڵاتیش کۆ دەبنەوە، ئەم کۆبوونەوانە، لە هەر ناوچەیەکی (سام)ەکـانـی هـەریـەك لـەو وڵاتـانـەدا بـکرێ، نوێنـەرانـی سامـی دوو وڵاتـەکـەی دیکـەش ئازادانە لەو کۆبوونەوانەدا بەشداری دەکەن و کەس دەست لەو کۆبوونەوانە وەرنادا.

وەك لـەسەرەوەشدا ئـامـاژەمـان پـێ کـرد، لـە نـیـمـچـە دورگـەی (کـۆلا)ی ڕووسیـاشدا دەوروبـەری (٤٠٠٠) سام دەژی، ئـەوانـیش، لـەبـەر ئـەوەی گـرووپـێکـی ئـەتـنیکین، لـە سەردەمـی سۆڤـیـەتدا، وەك هـەمـوو گـرووپـە ئـەتـنیـکـیـەکـانـی دی، ئـەوانیش دان بـەمافی ڕۆشنبیرییاندا نرابوو، ئێستاش ئەو مافەیان هەر هەیە.

نموونەیەکی دیاری دیکەی ئەو دیموکراسییەی لە فینلاندیادا هەیە و ئەو یەکسانییەی بەوردی لەناو خەڵکدا دابین کراوە، پێوەندیی بەو سوێدییانەوە هەیە کە لەو وڵاتەدا دەژین، ئەو سوێدییانە، بەر لە ساڵی ١٨٠٥، لەو سەردەمانەدا کە فینلاندە بەدرێژایی چەندین سەدە

لە ژێر دەسەڵاتی سویّددا بووە، لە سویّدەوە کۆچیان بۆ ئەوێ کردووەو لەناوچەی کەناری باشوورو خۆراوای دەریادا نیشتەجێ بوون کە بۆ بازرگانیش و بۆ گەیاندنیش گونجاو بووە. لە ساڵی ١٨٠٥دا لە کاتێکدا فینلاندیا لەلایەن ڕووسیاوە داگیرکراوە، ئەوانیش لەگەڵ وڵاتەکەداو لەگەڵ گەلی (فین – گەلی فینلاندە)شدا کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی ڕووسەکانەوە. ساڵی ١٩١٧، دوای ڕووخانی ڕژێمی ئیمپراتۆریی ڕووسیا، وڵات سەربەخۆیی بەدەست هێنا، لەگەڵ گەلی (فین) پێکەوە لە داگیرکردن ڕزگاریان بووە.

واتە ئەوانیش لەگەڵ فینلاندیاو گەلی فین–دا هەر ئەو چارەنووسەیان بووە، بەڵام هیچ کاتێك نەبوونەتە (فین)، بەخۆیان وتووە «فیلاندسسڤێنسکار» واتە «سویّدییانی فینلاندیا»، هەر بەو جۆرەش ماوەتەوە، کەسایەتیی سویّدیی خۆیان بەتەواوی پاراستووە.

دوای سەربەخۆیی فینلاندیا، لەگەڵ (فین)ەکاندا، لەنێوانیاندا یەکسانییەکی تەواو دامەزراوە و گەلی فین چەند مافیان هەبێ، ئەوەندەش ماف بۆ ئەوان بەڕەوا بینراوە. هەر بۆ نموونە تەنانەت ئەو نووسینانەی سەر دراو (پارە)ی فینلاندیاش بەهەردوو زمانەکە چاپ کراوە.

لەم سەردەمەماندا تەواوی سەرژمێری فینلاندیا (پێنج ملیۆن) کەسە، لەمانە (سێ سەد هەزار)یان سویّدین، واتە سەرژمێری سویّدییەکان، لە سەدا شەشی تێکڕای سەرژمێری وڵاتەکە پێکدەهێنێ. سەرەڕای ئەمە، سویّدی، دووەم زمانی ڕەسمیی فینلاندیایە و لەگەڵ (زمانی فینی) پێکەوە بە«دووەم زمانی نەتەوەیی» دانی پێدانراوە.

لە شارگەلێکی وەکو (هەلسنکی)ی پایتەختدا بۆ نموونە، مرۆڤگەلی هەردوو گەلەکە پێکەوە دەژین، ناونیشانی کۆڵانان و ڕابەرەکانی تەلەفۆن و تا دەگاتە بلیتی (ترێن)ەکان، هەموو شتێك بەهەردوو زمانەکە نووسراوە. تەنانەت ئەو شارانەی هاوبەشن تێیاندا ناوەکانیشیان لە هەردوو زماندا هەندێك جیاوازییان لە نێواندایە، بۆ نموونە ناوی هەلسنکی–ی پایتەخت لە زمانی سویّدیدا «هەلسنگفۆرس–ە Helsing fors-» دووەم گەورە شاری وڵاتەکە «تامپەر–ە Tampere-» ناوی بەزمانی سویّدی «تاممەر فۆرس–ە Tammerfors-» شار و شارۆچکەیەکی زۆریش هەن کە لەم بارەدان. لەم بابەتەدا لە نێوان هەردوو زماندا یەکسانییەك هەیە و هەردوو گەلەکە ناوی شارەکان هەروەکو لە زمانەکەی خۆیاندا هەیە، بەئازادی بەکاردەهێنێ، بەهۆی ئەمەوە نە وڵات دابەش و پارچە پارچە دەکرێ و نە کەمترین گەردیش بەسەر جلی کەسدا دەنیشێتەوە.

ئـەم مرۆڤـانـەش کـە بـەڕەسمـی پێیـان دەگـوترێ «سوێدییـەکـانـی فینـلانـدیـا»، خـاوەنـی تـەواوی کولتووری خۆیـانن بـەبێ کەموکوڕی. بۆ نموونـە بـەزمـانـی خۆیـان (مێدیـا)یان هـەیـە، منداڵانیـان هـەر لـە سـەرەتـاییـیـەوە تـا زانکۆ بـەزمـانـی خۆیـان پـەروەردە و فێربـوون دەبینن. ئەو لاوانـەیـان کـە دەگـەنـە تـەمـەنـی سـەربـازی، بۆی هـەیـە لـەو یـەکە سـەربـازییـانـەدا سـەربـازی بکا کـە زمـانـی پـەروەردەیـی و ڕاگـەیـانـدنـی سـوێـدیـی تـێدا بـەکـاردەبـرێ، بـەڵام ئـەو لاوانـەی دەیـانـەوێ زمـانـی فینییان پـەرە پـێ بدەن، ئـەگـەر بیـانـەوێ مـافـی ئـەوەیـان هـەیـە کـە لـەو یـەکە سـەربـازییـانـەدا سـەربـازی دەکـەن کـە قسـەکـردنیـان تێدا بـەزمـانـی فـین-ییـە، لـە لایـەکـی دیکەوە، ئـەو گـەنجـە (فینـی)یانـەش کـە ئـارەزوویـان لـە پـەرەپێدانـی زمـانـی سـوێدیـی خۆیـان هـەیـە, بۆیـان هـەیـە لـەو یـەکە سـەربـازییـانـەدا سـەربـازی بکـەن کـە بـەسـوێدی قسـەیـان تێدا دەکرێ.

لـە بـابـەتـی مـافـە سیـاسییـەکـانیشدا لـە نێوانـی هـەردوو گـەلدا یـەکسـانییـەکـی تـەواو هـەیـە، بۆ نموونـە سـوێدییـە فینـلاندییـەکان حزبێکی سیـاسییـان هـەیـە بـەنـاوی «سڤـەنسکـافـۆلکپـارتیـە- svenskafolkpartiet»ەوە هـەیـە کـە واتـاکـەی، حزبـی گـەلی سـوێدییـە، ئـەم حزبـە هـەر بـەنـاوی خۆیـەوەو لـە پـەرلـەمـانیشدا نوێنـەرایـەتـی دەکرێ و جـاروبـاریش لـە حکوومـەتـە کۆئـالسیـۆن (حکوومـەتـی لـەیـەك حزب پتر پێکهـاتوو)ەکـانـدا بـەشداری دەکـەن. ئـەو نوێنـەرە سـوێدییـانـەی کـە لـەم حـزبـەوە هـەڵدەبـژێرڕێن، لـە کـۆبـوونـەوەکـانـی پـەرلـەمـان و ئـەگـەر بـەشداری حکوومـەتیش بن، لـە کۆبوونـەوەکـانـی حکوومـەتدا- ئـەگـەر بیـانـەوێ- دەتوانن بـەزمـانـی خۆیـان قسـە بکـەن.

نهێنیی ئـەم یـەکسـانییـە، لـە دیموکراسی و ڕێز لـە مرۆڤ گرتندایـە، دوای ئـەوەی فینـلاندا سـەربـەخۆ بوو، لـە وڵاتدا، ڕژێمێکی ڕەگـەزپـەرستـانـەی سـەربـە نـەتـەوایـەتیی فین نـا، بـەڵکو ڕژێمێکی بنـەمـا دیموکراسی و ڕێز لـە مرۆڤ- گر دامـەزرێنرا.

دامـەزرێنـەرانـی ئـەم ڕژێمـە، بـەچـاوێکی وردبین و واقیعبینـانـەوە ڕوانیویـانـە و بـەپێی ئـەو واقیعـەوە ڕژێمـەکـەیـان دامـەزرانـدووە. گـوتوویـانـە: «مـادامـەکـی بوونـی ئـەم مرۆڤـانـەی لـەم وڵاتـەدا دەژیـن، ڕاستـیـیـە. لـەو بـارەدا دەبـێ مـافـەکـانیشیـان لـەگـەڵ ئـەم ڕاستـیـیـەدا بگونجێنرێت و دانیـان پێدا بنێن». لـەبـەر ئـەوەش هـەردوو گـەلـەکـە، لـەوساوە لـە ئـاشتیدا ژیـاون و دەژین. تـا ئـەمڕۆ تـاکـە بـەردێکیـان لـە یـەکدی نـەگرتووە.

*

کەمالییەکانیش، ئەگەر مێشکیان و بیرکردنەوەیان جێتەسك نەکردبێ و لە قاڵبیان نەدابێ، ئەگەر لە چەمبەری ڕەگەزپەرستیی تورك و ئاسۆی تەسکی نەتەوایەتیی تورك دەرنەچن کە مێشکیان و بیریانی جێتەسك و لە قاڵب داوە، دەرنەچن و بەمێشکێکی سەربەست و دیموکرات بینانەوە، وەك مرۆڤانی هاوچەرخ بتوانن بیربکەنەوە و پەردەی ڕەشی ڕەگەزپەرستیی بەرچاوی خۆیان بدڕێنن و واقیعبینانە و ڕاستگۆیانە و بەڕوانینێکی شارستانییانە بتوانن بەدنیای دیموکراتیی ئەمڕۆماندا و بەم گۆڕانکارییەی بەسەر جیهانماندا هاتووە و چاکسازیی تێداکراوە. بڕوانن، ئەوسا، بەرامبەر بەگەلی کورد، ئەو سیاسەتە لە مرۆڤایەتی بەدەرەی تا ئێستا بەرامبەر بەگەلی کورد پێیدا ڕۆیشتوون و هەڵوێستیان دەگۆڕن و ئەو بوونەی کورد و کوردستانە دان پێدا دەنێن کە ڕاستییەکە و دان بەو تاوان و گوناهانەدا دەنێن کە تا ئێستا بەردەوام بەرامبەر بەم گەلە زۆرلێکراوە ئەنجام دراوەو تەواوی ئەو مافانەی گەلی تورك هەیەتی، بۆ گەلی کوردیش دانی پێدا دەنێن و بەم جۆرە، گەلانی کورد و تورك کوتومت وەکو (گال)ەکانی بەریتانیا، وەکو ئینگلیز و سکۆچەکان، یانیش فلامان – و ڤالۆن – ەکانی بەلچیکا، یانیش وەکو (فین)ەکان و سوێدییە فینلاندییەکان، لەسەر بناغەی یەکسانیی تەواو پێکەوە ژیانیان، ناوەندی پێویست و مەرجەکان ئامادە دەکەن و دەیهێننە مەیدانی بەکارهێنان.

لە گریمانەی جێبەجێ کردنی ئەمانەدا، تا ئێستا بەتەنیا سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی خودی خۆیان و ئەو ڕێبازە عەسکەرتارییەیان کە بووە هۆی ئەمەندە ئازار و ئەمەندە تراژیدیایە، جارێکی دیکە دووبارە نابنەوە ئاشتی لەو جوگرافیایەدا کە هەردوو گەل پێکەوە تێیدا دەژین، دیموکراسی و ئازادی و خۆشەویستیی مرۆڤ ببووژێتەوە و بڵاوبکرێ و لە ساتێکی نزیکدا ببێتە فەرمانڕەوا.

*

بەبەراورد کردنی شۆڤینییەتی عەرەب و کەمالییە ڕەگەزپەرستەکان و پیادەکراوەکانیان و ڕژێمی عوسمانی و بەراوردکراوەکان و هەروەها ئەو یەکسانییەی لە جیهانی دیموکراتیدا و لە بارەی ئەو پیادە کراوانەی پشتیان بەدیموکراسی و مافەکانی مرۆڤەوە بەستووە، دەتوانرێ نووسینی پڕ بەچەندین لاپەڕە و کتێبگەلی پڕ بەچەندین بەرگ بنووسرێنەوە.

بەوەی کە ئەم پێشەکییە دەست نادا زیاتر درێژەی پێ بدرێ، ئێمە لێرەدا خاڵێك لە کۆتایی ئەم بابەتەدا دادەنێین و با بگەڕێینەوە سەر «قامووسولئەعلام»ی بابەتە سەرەکییەکەی خۆمان.

## کورد و کوردستان لە بابەتەکانی دیکەدا

لە ئەنسیکلۆپیدیای (قامووسولئەعلام)دا، جگە لە بابەتی کوردستان کە وەکو بابەتێکی سەربەخۆ جێی کراوەتەوە، لە زۆر بابەتی دیکەی ئەنسیکلۆپیدیاکەشدا باسی ناوی کوردستان وەکو نیشتیمانێك و کورد وەکو گەلێك باسیان لێوە کراوە.

لەم بابەتەدا، هێنانەوەی چەند نموونەیەك بەسوودە:

لە کۆتایی بابەتی «ئەرارات»دا گوتراوە، «لەو خاکانەی لە ژێر چیادا کوردی تێدا دانیشتوون».

(ب ١، ل ٧٢)

لە بابەتی «ئارییەکان – ئاریلر»دا لیستەیەکی سەرنجڕاکێش خراوەتە بەر باس و لەو لیستەیەدا بەناوی «ئومەمی ئارییە – نەتەوە ئارییەکان» باس لە گەلە ئارییەکان کراوە، بەپێی ئەو لقانەی پێوەیانەوە بەندن ڕیزکراون.

یەك لەو لقانە کە «لقی ئێران»ی پیێ دەگوترێ، واتە لە «لقی ئێران»دا ناوی ئەم گەلانە ڕیزکراون. ئێرانی، ئەفغانی، کورد، ئەرمەن.

(ب١، ل ١١٦)

لە بابەتی «ئاسووری» و «ئاسوورییە»دا زۆر جار بەناوی کوردستانەوە جێی دراوەتیێ و باسی کوردستان کراوە. بۆ نموونە، کە ئاسوورییەکان پێناسە دەکرێن، گوتراوە:«نەتەوەیەکە ڕەسەنیان بڕاوەتەوە و یەکێکە لەو نەتەوانەی گەلی کوردستانیان پێکهێناوە. نیشتیمانی ئاسووریش بەشێوەی «لە بەشی سەرەوەی سەرچاوە و جێی هەڵقوڵانی دیجلەدا، کە لە دوولای ڕووباردا جێی کردووەتەوە و بەبەشی باکووری خۆرهەڵاتی جزیرەدا چیاکانی کوردستانی ئەمڕۆ بەخۆوە دەگرێت.» پێناسە کراوەو هەر لەو بابەتەدا دوای ئەوەی بەکورتی مێژووی نیشتیمانی ئاسووری باس کراوە، بەم شێوەیە باسی لێوە کراوە: «بەڵام ئێستا، هیچ شوێنەوارێکی ئاسوورییەکان نەماوە. تەنانەت ناوی ئاسوورییەش لەبیر کراوەتەوەو هەموو لایەکی وڵاتەکە کوردی تێدا دەژی کە سەر بەگەلانی ئارین و ناوی کوردستانی لیێ نراوە (ب١– ل ٣٦–٣٧). لە ژێر ناوونیشانی «بایەزید»یشدا کە بایەزید ئەو دەمە، مەڵبەندی سەنجەق بووە، شارۆچکەی بایەزید، دانیشتووانی لە ٧,٠٩٠ کەس پێکهاتووە، زۆرینەی

موسڵمان و کورد بووە و لە پێنج قەزاو لە ٤١٨ گوند پێکهاتووەو سەرژمێری تێکڕای هەموو سەنجەقەکە ٤٧,٢٣٦ کەس بووەو زۆرینەی ئەوانیش موسوڵمان و کورد بوون.

(ب٢ – ل ١٢٣٤ – ١٢٣٥).

لە ژێر ناونیشانی (بتلیس)دا، دوای ئەوەی ناوی شارەکە بە(بتلیس) یان بە(بەدلیس) نووسراوە، شارەکە بەم شێوەیە پێناسە کراوە: «شارێکە لە کوردستاندا، مەڵبەندی پارێزگایەکە، لەم دواییەدا دامەزراوە». سەرژمێری تێکڕای پارێزگای بتلیس بە ٣٠٠,٠٠٠ کەس تۆمارکراوەو بەشی زۆری کورد و بەشێکیشی ئەرمەنییە.

(ب٢ – ل ١٢٣٩ – ١٢٤٠)

لە بابەتی «ئاوی بۆتان»یشدا نووسراوە، ئەم ئاوە «ڕووبارێکە لە کوردستاندا» و لە چیاکانی حەکارییەوە هەڵدەقوڵێ.

(ب٢ – ل ١٤١٦)

لە بابەتی «دیجلە»داو لە کۆتاییدا وتراوە: حەوزی جێ هەڵقوڵانی دیجلە زۆر فراوانە، لە بنەڕەتدا ئەو کوردستانەی لەلای جوگرافییە موسوڵمانەکاندا بەچیاکان و ناوچەی چیایی نووسراوە. لە ناو ئەم حەوزەدایە.

(ب٣ – ل ٢١٢٢)

لە بابەتی «کەرکووك»دا نووسراوە، ئەم شارە «شارێکە» لە ویلایەتی مووسڵ – ی کوردستان».

(ب٥ – ل ٣٨٤٦)

لە بابەتی «ئاسیای عوسمانی» کە «ئاسیای عوسمانی» یان پێ وتراوە، بۆ ئاسیای عوسمانی وتراوە: «لە پارچەکانی ئەناتۆڵی و سووریاو جەزیرە و عیراق و کوردستان پێکهاتووە» و کە گەلی هەر پارچەیەکی ئەمانە پێناسە کراون. ئەوە ڕوون کراوەتەوە کە دانیشتووانی کوردستان بەزۆری کوردن. هەر لەو بابەتەدا، لەلایەکی دیکەوە ئەوەش نووسراوە کە هەندێك کورد لە ئەناتۆڵی و سووریاشدا کورد دەژین.

(ب١ – ل ٢٠٢ – ٢٠٣)

لە بابەتی «سەلیم»یشدا کە ئەو پادشا عوسمانییەیە کە بە«بایەزید» ناسراوە، باسی ئەوە کراوە کە ئەم سەلیمی یەکەمە، سنوورەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیی لە ئاسیا و

ئەفریقیا زۆر فراوان کردووە، لە نێو ئەو وڵاتانەی کە خستوونییەتە سەر ئیمپراتۆرییەتدا ناوی کوردستان، شام و میسریشی ژماردووە.

(ب٤ – ل ٢٦١٢)

لە بابەتی «وان»یشدا لە بارەی (وان)ەوە نووسیویەتی: لەلای باکوری خۆرهەڵاتی کوردستاندا و لە ڕۆخی خۆرهەڵاتی گۆلێکی بەریندا کە هەر بەو ناوەوەیە دامەزراوە.

(ب٦– ل٤٦٧٣)

پێم وایە لەم بارەیەشەوە ئەمەندە نموونەیە بەسە.

## سەرژمێری عوسمانی و سەرژمێری کورد

لە ئەنسیکلۆپیدیای (قامووسولئەعلام)دا و لە بابەتی (مەمالیکی عوسمانییە) کە واتای (ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی) دەگەیەنێ، چەند جارێکی زۆر ناوی کوردستان نووسراوە و باسی کوردەکان کراوە، بۆ نموونە ئەو زمانانەی وا ئەو گەلانە پێی دەدوێن کە لەناو سنوورەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا دەژین، کە باسی ئەو ئاین و ڕێبازانەی پێیانەوە پەیوەستن، دەکرێ. چەند جارێك ناوی کوردستان نووسراوە. لە لایەکی دیکەوە، لیستەیەکی بڵاوکردووەتەوە کە سەرژمێری ئەو گەلانە پیشان دەدا کە لەناو سنوورەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا دەژین. لەو لیستەیەدا سەرژمێری گەلان بەم شێوەیە خراوەتە ڕوو:

| | |
|---|---|
| عەرەب | ١١,٦٥٠,٠٠٠ |
| تورك | ١٠,٠٠٠,٠٠٠ |
| بولغاروپۆماك | ٣,٠٠٠,٠٠٠ |
| ئەرناوت (ئەڵبان) | ١,٨٠٠,٠٠٠ |
| بۆشناق و سرب | ١,٦٠٠,٠٠٠ |
| کورد | ١,٥٠٠,٠٠٠ |
| ڕووم | ١,١٣٥,٠٠٠ |
| ئەرمەنی | ٩٥٠,٠٠٠ |
| ئولاهـ[٨] | ٣٠٠,٠٠٠ |
| یەهوودی (جوولەکە) | ٣٠٠,٠٠٠ |
| چەرکەس | ١٥٠,٠٠٠ |

| | |
|---|---|
| چنگەنە (قەرەج) | ١٥٠,٠٠٠ |
| کۆی گشتی | ٤٠,٥٣٥,٠٠٠ |

وەکو دەبنیرێ، لەم لیستەیەدا، سەرژمێری ئەوسای گەلی کورد بەملیۆن و نیوێك پێشان دراوە، دیارە ئەم ژمارەیە، ئەو برە ڕەسمییە پیشان دەدا کە بەڕەسمی لە ناو تۆمارە ڕەسمییەکانی عوسمانیدا تۆمارکراون. کەچی پەرەسەندن و گەیاندن زۆر کەم بووە و مەرجەکانی ئەوساکە سەرەتایی بووە، لە وڵاتێکی چیایی وەکو کوردستاندا بەتایبەتی بەشێکی زۆری ئەو مرۆڤانەی کە لە گوند و گۆڕستاندا دەژیان، بەڵکو بەشێکی زۆریشیان لە تۆمارە ڕەسمییەکاندا تۆمار نەکراون. بەزاراوەی ئەوسا ئەوانەی بە(مەکتووم)ی ماونەتەوە (واتە بێدەنگییان لێ کراوە) ڕاستییەکی تەواوە. بەم هۆیەوە، سەرژمێری ئەوسای کورد گەلێك لەو ژمارەیە زیاتر بووە کە لە لیستەکەدا پیشان دراوە. تەنانەت بەئاسانی دەتوانرێ بوترێت دوو ئەوەندە بووە.

لە جێیەکی ئەو بەشەی ئەنسیکلۆپیدیاکەدا کە لە بابەتی (مەمالیکی عوسمانییە)دا باسی گەلان دەکا، ئەم جەختکردنە سەرنجڕاکێشە کراوە: حوکمڕانیی تورك تەنیا لە لایەن زمانەوە بووە، لە لایەنێکی دیکەوە لەگەڵ گەلە موسوڵمانەکانی دیکە جیاوازییان نییە و زۆرینەیان بەکشتوکاڵەوە خەریکن و پیاوانی هێمن و گوێڕایەڵن.

(ب٦ – ٤٤١٨ – ٤٤١٩).

وەکو بینرا، لێرەدا ڕوانینی شۆڤینییانەی وەکو «تورکێك هەموو جیهان دەهێنێ» لە ئارادا نییە. تەواوێك بەپێچەوانەوە، یەکسانیی گەلان و لە لایەنی زمانەوە، جەختی ئەوتۆ هەیە کە گەلێکی حوکمڕانیش لەگەڵ گەلانی دیکەدا جیاوازیی نییە. برایەتیی گەلان و یەکسانییان! ئایا شتێکی لەمە جوانتر بەبیردا دێتەوە! ئەم جەختکردنە و کەمالییەکان ئەوانەی کە دەڵێن «تەنیا تورك و بەس» و حاشا لە گەلی دیکە و لە گرووپە ئەتنیکیی دیکە دەکەن و تەواوی مافیان لێ زەوت دەکەن، ئەمانە بەڵگەیەکی دیکەن کە ئەمە ئایدیۆلۆژییەکی چەند کۆنەپەرست و ڕەگەزپەرستانەیە.

**سەد ساڵ لەمەوبەر ئازاد، سەد ساڵ دواتر قەدەغەیە**

وەکو پێشتریش ڕوونمان کردەوە، لە بەرگی پێنجەمی (قامووسولئەعلام)ی یەکەم ئەنسیکلۆپیدیای تورکیدا، پتر لە سەد ساڵ لەمەوبەر بابەتی «کوردستان»یشی بەخۆوە گرتووە. لە ساڵی ١٨٩٦دا، لە ئەستەمبوولی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانیدا بڵاوکراوەتەوە.

وەکو زانرا لەو دەمەدا عەبدولحەمیدی دووەمی پادشا لەسەر تەختی عوسمانیدا دانیشتبوو، هەروەکو زانراویشە، سەردەمی عەبدولحەمید کە بە«سەردەمی ئیستیبداد» دەناسرا، واتە «سەردەمی دیکتاتۆرییەت» بەلای زۆر کەسەوە و بەتایبەتی بەلای کەمالییەکانەوە، ئێستاش هەر وای ناودەبەن.

ڕاستی و ناڕاستیی دیکتاتۆری بوونی سەردەمی عەبدولحەمیدی دووەم، ئەگەر وەهاش بێت، یەکێك لە تێرترین دیکتاتۆرییەت و تۆتالیترین و خوێناویترینی ئەم دیکتاتۆرییانەی کە تا ئەمڕۆ لە جیهاندا بینراوە. ئەو کەمالیستە زێدەڕەوانەی کەمالیزمن. بابەتی ئەوەی کە ئایا مافی ئەوەیان هەیە یان نییە کە ئەو سەردەمە هەڵبسەنگێنن، بابەتی ئەم پێشەکییە نییە. ئەم بابەتە هەر بەڕووداوی ڕاستەقینە و بەرجەستەوە بەندە، دەبێ بەراورد بکرێتەوە و بەلێکۆڵینەوە زانستییە گشتگیرە فراوانەکانەوە دەبێ ڕوون بکرێتەوەو دەشێ بخرێنە بەرچاوی ڕای گشتییەوەو هەر دەبێ واشبێ.

بەم جۆرە، بەتایبەتی لە بابەتی مافەکانی خەڵکی، ڕاستییەکی ڕوون هەیە کە، بەدرۆخستنەوەی کەمالییەکان و پووچکردنی لە بنەڕەتەوەی لافەکانیان، ئەو ڕاستییە ئەوەیە کە، لە سەردەمی عەبدولحەمیدداو بەگشتی لە سەردەمی عوسمانیدا حاشا لە بوونی هیچ وڵاتێك و گەلێك نەکراوە. ناوی هیچ وڵاتێك و گەلێك، زمان و کولتووری هیچ گەلێك، مۆسیقاو فۆلکلۆری قەدەغە نەکراوە. لە ئەنسیکلۆپیدیایەکی فراوان و گشتگیری وەك (قامووسو لئەعلام)دا بۆ نموونە، بابەتەکانی (کوردستان) و (لازستان)یش باس کراوە و بڵاوکراوەتەوە و ئەو ئەنسیکلۆپیدیایە قەدەغە نەکراوەو کۆنەکراوەتەوە.

نووسەری ئەنسیکلۆپیدیا بەتاوانی (جیاوازیخواز) نەبراوەتە دادگاکان و لەسەر کورسیی تاوانباریدا دانەنراوە، نەگیراوەو لە بەندیخانەکاندا توند نەکراوە، بەدرێژایی چەندین و چەندین ساڵ مەحکووم نەکراوە.

تەواوێك بەپێچەوانەوە، ئەنسیکلۆپیدیاکە، وەك بەرگەکانی دی، بەرگی پێنجەمیش کە بابەتی (کوردستان) و (لازستان)ی بەخۆوە گرتووە، لە لایەن (نەظارەتی مەعاریف) واتە: (وەزارەتی پەروەردە و ڕۆشنبیری)یەوە (تەقدیر و تەحسین) واتە بایەخی پێ دراوەو پەسندکراوە و بڵاوکراوەتەوە.

لە کاتێکدا کەمالیزم، سەرەڕای ڕەت بوونی سەد ساڵ، تەحەممولی بڵاوکراوەیەك و نووسەرەکەی و تەنانەت بڵاوکەرەوەکەشی ناکات، چونکە ناوی (کوردستان) و

(لازستان)ی تێدایە. ئەمە لەلای هەموو کەسێك ئاشکرایە و ڕاستییەکی زۆر تاڵە کە هەموو ڕۆژێك و هەموو ساتێك ژیانی لەگەڵدا بەسەردەچێ.

ئەو هەڵوێست و هەڵسوکەوتەی کەمالیزم بەرامبەر ئەم جۆرە بڵاوکراوەیە و نووسەر و بڵاوکەرەوەکانیان هەیەتی، بەتاکە وشەیەك هەڵسوکەوتی (پلیشاندنەوە)یە.

واتە بەڕوونی، بەر لە دەمێکی پتر لە سەد ساڵ ئەو شتەی کە ئازاد بووە، دوای پتر لە دەمێکی سەد ساڵی قەدەغەیە. لە ڕێگەی ئەم هەڵوێستە ڕاستەدا، ئایا ڕژێمی عوسمانی کۆنەپەرستترە یان کەمالیزم کۆنەپەرستتر دەردەچێ؟ و سەردەمی عەبدولحەمیدی دووەم، سەردەمی دیکتاتۆرییەکی تێرترە، یان سەردەمی کەمالیزم سەردەمێکی دیکتاتۆریی تێرتر دەبێ؟

دیسانەوە با سەیری ئەم  نموونەیە بکەین:

وەکو پێشتریش ڕوونمان  کردەوە، شەمسەددین سامیی نووسەری (قامووسولولئەعلام) کە بابەتی باسەکەمانە، کاتێك کە لە سەردەمی عەبدولحەمیددا کە فەرمانبەری نووسەرایەتیی کۆمسیۆنی پشکنینی سەربازی و بەجێهێنانی ئەرکی سەربازیدا بووە کە لەتەك کتێبگەلێکی دیکەدا کە نووسیونی و بڵاوی کردوونەتەوە، کتێبێکی بەناوی (گرامەری زمانی ئەرناوت)یشی نووسیوە کە یاساکانی زمانناسیی زمانی ئەرناوتی تێدایە کە نەتەوەییی خۆی بووەو دیسانەوە لە ئەستەمبووڵ بڵاوی کردووەتەوە. سەرەڕای ئەمە، نووسەر، لەسەر ئەم کتێبەی نە بە(جیاوازیخوازی) تاوانبار کراوە و گیراوە، نە لەو کارە باسکراوەیەوە دەرکراوە و نە کتێبی (گرامەری زمانی ئەرناوت)ەکەی کە نووسیویەتی قەدەغە کراوە.

کەچی لە سەردەمی کەمالییاندا، لە فەرمانبەرییەکی وەهادا، تەنانەت لە فەرمانێکی ڕەسمیی ئاساییشدا فەرمانبەرێکی کورد، داخۆ دەتوانێ (گرامەرێکی زمانی کوردی) بنووسێت و بڵاوی بکاتەوە؟ یان فەرمانبەرێکی (لاز) ئایا ئەو ئازادییەی هەیە بتوانێ (گرامەرێکی زمانی لاز) بنووسێت و بڵاوی بکاتەوە؟

لە کاتێکدا ڕژێمێك بڕووخێندرێ و ڕژێمێکی دی کە دەچێتە جێی، بۆ ئەوەی ڕژێمەکە پێشکەوتنخواز و ئازادیخواز بێت، ئەو ماف و ئازادییانەی، کە لە سەردەمی ڕژێمی پێش خۆی هەبووە، دەبێ فراوانتر بکات و دەبێ بەهاونیشتیمانییەکانی بدات. ئەگەر وای نەکرد، ڕووخاندنی ڕژێمی کۆن و چوونە جێی ئەو هۆیەك و مانایەکی نامێنێ.

هێشتا ڕژێمێکی نوێ، لە سەردەمی ڕژێمی پێشتردا ئەو ماف و ئازادییانەی کە هەبووە، بەزۆرداری لە دەستی مرۆڤەکانی وەرگرێ و لاببات... ئەوسا زۆر بەپشت ڕژێمی کۆن دەکەوێ و زۆر لەو کۆنەپەرستتر، زۆر بەفشارتر، زۆر لەو زۆردارتری دەبێ... ڕژێمێکی وەها، هەموو لافەکانیشی کە پەیوەندییان بەپێشکەوتنخوازی و ئازادیخوازییەوە هەیە، دیماگۆژیی بێ بنەما ڕەت ناکات و هەموو ڕۆژێك و هەموو ساتێك، بەو ڕووداوانەوە بەدرۆ دەخرێتەوە کە لە ژیانی ڕاستیدا دێتە کایەوە.

## ئەو کارەی لە بارەی ئەنسیکلۆپیدیاوە کردوومانە

بەرگی پێنجەمی ئەنسیکلۆپیدیای (قامووسولئەعلام) کە بابەتی (کوردستان)ی تێدایە، پێشتریش، وەکو چەند جارێك لەمەوبەریش ڕوونمان کردەوە، لە دەمێکی پتر لە سەد ساڵ لەمەوبەرەوە، واتە لە ساڵی ١٨٩٦دا بڵاوکراوەتەوە. بەم جۆرە ساڵی ١٩٩٦، سەدەمین ساڵی بڵاوکردنەوەی بابەتی (کوردستان) بوو لە یەکەم ئەنسیکلۆپیدیای بەتورکی لە مێژوودا.

ئێمەش، بەبۆنەی ئەو سەدەمین ساڵە، ئەو بابەتی (کوردستان)ەی لە ئەنسیکلۆپیدیادا بڵاوکراوەتەوە، لە عوسمانییەوە وەرمانگێڕایە سەر زمانی تورکیی ئەمڕۆ و لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٦دا، لە ژمارە (٢،١)ی ڕۆژنامەی هەفتانەی (هێڤی)دا کە لە ئەستەمبووڵ دەستی بەدەرچوون کرد، بە دوو بەش بڵاوکردەوە و بەم جۆرە ئاراستەی زانین و پەیوەندیی ڕای گشتیمان کردووە.

جگە لە بابەتی (کوردستان)، لە (قامووسولئەعلام)دا هەرچی بابەتێك پەیوەندیی بەکوردستان و کوردەوە هەبوو هەر هەموویانم لە عوسمانییەوە وەرگێڕاوە و هەر ئەو کات بڕیاری ئەوەمان دا کە لە کتێبێکی کۆکراوە و هەڵبژاردەدا بڵاوی بکەینەوە.

بەمجۆرە، لە بارەی هەر شەش بەرگی ئەنسیکلۆپیدیاکەوە، لێکۆڵینەوەیەکی بەربڵاو و لێ توێژینەوە دەست پێ کرد. لە ئەنجامی پشکنینێکی زۆر ورد. بابەت بابەت، لاپەڕە لاپەڕە لە بابەتی کورددا هەموو ئەو بابەتانەم هەڵبژارد کە لە ئەنسیکلۆپیدیادا باس کراوە و بەپێی ئەلف و بێ ڕیزمان کرد و لە عوسمانییەوە وەرمانگێڕانە سەر تورکیی ئەمڕۆ. ئەم لێکۆڵینەوە بەربڵاوەی وا پتر لە سێ ساڵی خایاند، لە پێشدا لە ڕۆژنامەی (هێڤی)دا بڵاوم کردەوە و دواتر لە ڕۆژنامەی هەفتانەی (ڕۆژا تازە)دا کە بەش بەش بڵاوم کردەوە، خستمانە بەردەستی ڕای گشتییەوە.

بەڵام ئێستا، کاتی ئەوە هاتووە کە ئەم لێکۆڵینەوەیە لە شێوەی کتێبدا بەکۆکراوی و هەڵبژێرراوی بڵاوبکرێتەوە و بخرێتە بەردەستی ڕای گشتی، بەم جۆرە «ئەنسیکلۆپیدیایەکی کوردستانی» سەردەمی نۆزدەیەم دەگاتە بەردەستی خوێنەران، بەتایبەتی هەڵوێست و باری شار و شارۆچکەکانی کوردستانی سەدەی نۆزدەیەم، ئەو بابەتانەی کە خراونەتە پێش چاوان، هەم لە لایەنی زانیاریی ناوەوەیانەوە زۆر سەرنجڕاکێشە، هەم هەریەکەیان بەڵگەیەکی مێژوویی زۆر بەبایەخە.

کتێبەکە لە پێشدا ماددەی (کوردستان)ی تێدا دەبێت و دوای ئەوەش ماددەی دیکە، کە پەیوەندیی بەکورد و کوردستانەوە هەیە. ماددەی دیکە کە پەیوەندیی بە(کورد و کوردستان)ەوە هەیە بەپێی ڕیزی ئەلفوبێ ڕیزکراوەتەوە.

*

لێرەدا بەتایبەتی پێویستە ئەوە ڕوون بکەینەوە کە، هەندێك لە کوردان کتێبەکانی خۆیان بەعەرەبی و فارسی، یانیش بە(تورکی)ی عوسمانی نووسیوەتەوە، لە (قامووسولئەعلام)دا باسیان لێوەکراوە، ئەوانەی بەکوردییان نووسیوە، وەك ئەم شاعیرە کوردانەی کە بەرهەمەکانیان بەکوردی نووسیوە وەك:

ئەحمەدی خانی، مەلایێ جزیری، فەقییێ تەیران، مەلایێ باتەیی، باسیان لێوە نەکراوە.

مانای وایە، ئەو شاعیرە کوردانەی بەزمانی خۆیانیان نووسیوە، لە ناوەندەکانی زانست و کولتووری عوسمانیدا نە ناسراون و بەو هۆیەشەوە نەچوونەتە ناو ئەنسیکلۆپیدیاکەوە. بەڵام ئەمە زیانی نییە، ئەوانە لە ناو دڵی گەلی کورددا بەسەربەرزی دەژین و بەسەربەرزیش هەر لە ژیاندا دەبن.

*

لەتەك بابەتی (کوردستان)ی ئەنسیکلۆپیدیادا، بەر لەوەی باسی بابەتەکانی دیکە بکەین کە پەیوەندییان بەکوردستان و کوردەوە هەیە، پێشکەش کردنی هەندێ زانیاریی ڕوونکەرەوە لە بارەی هەندێك بابەتەوە بەپێویست دەزانین، لە خوارەوە باسی ئەم بابەتانە دەکەین:

(کویرت – kürt) نییە (کورد – kürd)ە.

لەبەر ئەوەی ناوی گەلەکەمان، لەو دەقانەی لەم ساڵانەی دواییدا وەرمانگێڕاون یان

نووسیومانن بە(کورد – kürd) نووسیوە، هەندێك لە نووسەران مەراقی ئەوە دەکەن و دەپرسن کە لەبەرچی ئەم ناوە هەر وەکو لە تورکیدا لەسەری ڕاهاتوون بە(kürt) نە نووسیوە، بەشێوەی (kürd)مان نووسیوە، ئێمەش لێکدانەوەی پێویستمان دەدەین و هەڵوێستەکە ڕوون دەکەینەوە. بۆ ئەوەی خوێنەرانی ئەم کتێبەشمان تووشی مەراقی وا نەبن، لێرەدا دەمانەوێ هەر لە سەرەتاوە، ئەم بابەتە ڕوون بکەینەوە، بەم جۆرەی کە:

ئەو پیتەی لە کۆتایی ناوی گەلەکەماندایە، لە کوردیش و لە زمانەکانی هەموو دنیاشدا (دال – د)ە، بەواتایەکی دیکە، ئەم ناوە بەهەموو زمانەکانی دنیا بە(د) دەنووسرێ، کۆن لە تورکیشدا هەروەها بوو. لە هەموو سەرچاوەکانی سەردەمی عوسمانیدا، هەروەها لەو ئەنسیکلۆپیدیایەدا کە بابەتی باسەکەمانە، ناوی گەلەکەمان بە(کورد) نووسراوە.

هۆی بە(ت – t) نووسینی ئەم ناوە لە تورکیی ئەمڕۆدا (تورکیی نوێ) واتە لە شێوەی (kürt) ئەوەیە کە:

دوای ئەوەی کەمالییەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست، وەك ئەوەی دەستیان لە هەموو شتێك وەردا، دەستیان لە زمانیش وەرداو گۆڕانکارییەکی زۆریان لە تورکیدا کرد. لە ناو ئەو گۆڕانکارییانەدا، خستنە قاڵبی (ت – t)ی پیتی (د – d)ی ناو وشەکان و کۆتاییەکانیان. بەم جۆرە، بۆ نموونە ناوی (محەمەد) بووە (مەهمەت – Mehmet) ئەحمەد بووە ئەهمەت، سەعید بووە سەییت و...تاد.

لایەنە هەرە گاڵتەجارییەکەی ئەم گۆڕانکارییە ئەوەیە کە، ئەو ناوە عەرەبییانەی وشەی (دین)یان تێدایە بە(تین – tin)یان وەرگێڕا، کە واتەی (هەنجیر) دەگەیەنێ.

بۆ نموونە ناوی (نەجمەدین) کە (ئەستێرەی ئاین) دەگەیەنێ، کە بە(نەجمەتین) گۆڕا (ئەستێرەی هەنجیر) دەگەیەنێ. ناوی (شەمسەدین) کە (خۆری ئاین) دەگەیەنێ خراوەتە قاڵبی (شەمسەتین) کە (خۆری هەنجیر) دەگەیەنێ. ناوی (فەخرەدین) کە (شانازیی ئاین) دەگەیەنێ، بە(فەخرەتین) گۆڕا، کە واتای (شانازیی هەنجیر)دەگەیەنێ.

کەمالییەکان، ئا لەو سەردەمەدا و لە چوار چێوەی ئەو گۆڕانکارییانەدا ناوی (کورد)یان ئاخنییە شێوەی (kürt کویرت)ەوە، لە لایەکەوە ئەو کەمالییانەی کە حاشا لە بوونی گەلی کورد دەکەن، لە لایەکی دیکەوە ناوی ئەم گەلەیان بەم شێوە دەستهەڵبەستە گۆڕییەوە.

بەڵام ئێمەی کورد ناچار نیین کە ئەم گۆڕانکارییەی کەمالییەکان لە (ناو)ەکەمانیاندا

کردووە و ئەم شێوە دەستەواژەیەی ناوەکەمان قبووڵ بکەین.

تەواویێ بەپێچەوانەوە، ببڕاو ببڕ ڕەتکردنەوەی ئەمەمان و کاتێك کە بەتورکی دەنووسین، ناوی گەلەکەمان بەشێوە ڕاستەکەی، هەر وەکو لە هەموو زمانانی دنیادا دەنووسرێ، دەبێ بە(کورد – kürt)ی بنووسین.

دەبێ دان بەوەدا بنێین کە، ئێمەش لە کۆنەوە لەگەڵ ئەو بەکارهێنانە هەڵەیەدا ڕاهاتبووین. لە تورکیدا ناوی گەلەکەمان بە(کویرت – kürt) دەنووسی، دواتر لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیەمان بینیمان کە ئەم ناوە لە هەموو زمانەکانی جیهاندا بەپیتی (د – d) دەنووسرێ، تەنیا لە تورکیی کەمالییەکاندا لە شێوەی (kürt)دا ئاخنراوە.

دوای بینینی ئەمە، لە ساڵانی (١٩٨٠)دا لە دەستپێکی وەرگێڕانی (گۆڤاری ژین)(٩) بۆ پیتی لاتینی بڵاوکردنەوەیدا، لە هەموو ئەو دەقە تورکییانەی کە وەرمانگێڕاون یان نووسیومانن، ناوی گەلەکەمان ئیدی بەشێوەیەکی ڕاست بە(kürd) دەنووسین.

لە وەرگێڕانی ئەم ئەنسیکلۆپیدیایەدا ناوی گەلەکەمان، بە(kürd) نووسی کە شێوە ڕاستەکەیەتی. بەم هۆیەوە، لە تورکیدا بەم شێوەیە، نووسینی ئەم ناوە، بۆ هەموو ڕۆشنبیرە کوردەکانیش پێشنیاز دەکەین.

## نووسینی ناوەکان

ئەو ناوانەی کەسایەتییەکان و جوگرافییەکان کە لە (قامووسولئەعلام)دا باس کراون، بەزۆری، بەکارهێنانی ئەوسایان لە هی ئێستاکە زۆر جیاوازن.

با بەچەند نموونەیەك ئەمە ڕوون بکەینەوە. بۆ نموونە (بەدرهان – bedirhan) نییە، (بەدرخان – bedirxan)ە, (دیاربەکر – diyarbakir) نییە (دیار بەکر – diyarbekir)ە، (مەلازگرت – malazgirt) نییە (مەلاز کورد – malazkürd)ە، (ئەلازگ – elazıg) نییە (مەعموورە تولعەزیز – mamuretlu)ە. (شەمدینلی – Smdinli) نییە (شەمدینان – Semdinan)ە، (کارس – kars) نییە (قارس – Qars)ە، (ڤان – van) نییە (وان – wan)ە، (هابوور – Habur) نییە (خابوور – xebur)ە، (هەرپووت – Harput) نییە (خەرپووت – xerput) ە... تاد.

ئێمەش ئەو ناوانە کە وەردەگێڕینە سەر پیتی لاتینی، بەپێی ئەو گۆڕانکارییانە نا کە کەمالییەکان کردوویانە. بەو شێوەیە وەرمانگێڕان کە لە ئەنسیکلۆپیدیا هەیە، ناوی

هەندێك شوێن كە لە ناو كورداندا بەكاردەبرێن، یانیش هەندێك ناو بەو شێوەیەیان كە لە ناو كورداندا بەكارهاتوون، لە وانەی ناو ئەنسیكلۆپیدیاشەوە جیاوازن. ئەو ناوە جوگرافییانەش كە بەشێوە كوردییەكەیەوەمان چەسپاند، لە خشتەی ئەو تێبینییانەدا ڕوون كردەوە كە لە كۆتایی كتێبەكەماندا دانا. بەم پێیە، دەمانەوێ ئەوەش ڕوون بكەینەوە كە، ئێمەی كورد، لە بەتوركی قسەكردن و لە نووسینیشدا، دەبێ ناوە جوگرافییەكانی كوردستان، هەر كوردییەكەیان بەكاربهێنین.

بۆ نموونە، دەبێ ناوی (ئامەد) بەكاربهێنین نەك (دیاربەكر). ناوی ناوچەكەش بە(دیاربەكر – Diyarbekır) بەكاربهێنین نەك (دیارباكر – Diyarbakır)، (بینگوێل – Bingöl) قەزایەكی هەیە بەناوی (كانی ڕەش – kanires) ئەم ناوە لە لایەن كەمالییەكانەوە گۆڕاوەتەوە و كراوەتە (قارلی ئۆڤا – karliova). ئێمە كە باسی ئەم قەزایە دەكەین هەر دەبێ (كانی ڕەش) بەكاربهێنین. ناوی ئەو قەزایەی كەمالییەكان ناویان ناوە (یویكسەك ئۆڤا – Yüksekova) كوردییەكەی (كەوار)ە. كە باسی ئەم قەزایە دەكەین پێویستە ئەم ناوە كوردییە بەكاربهێنین. ناوی ناوچەیەكی دیكەی ئەو پێشنیارە (شەمدینان – Semdinan)ە، ئێمەش نەك ناوی (شەمدینلی – Semdinli) كە كەمالییەكان هەڵیانبەستووە، دەبێ (شەمدینان – Semdinan)ی ناوە كوردییەكەی بەكاربهێنین.

ئەو چیا بەناوبانگەمان كە بووەتە جێی داستانی ئەڤینی (سیابەند و خەجێ)، ناوە كوردییەكەی (سیپان – sipan)ە، كەمالییەكان ئەمەیان گۆڕیوە و كردوویانە بە(سوپحان – süphan)، ئێمە دەبێ (سیپان)ی ناوە كوردییەكەی ئەم چیایە بەكاربهێنین.

ئەم نموونانەی كە لە بارەی ناوەكانەوە خستمانەڕوو، لامان وایە بەس بن. لە هەموو شوێنە جوگرافییەكانی دیكەی كوردستانیش، دەبێ لە ناوە كوردییەكانیان بكۆڵرێتەوە و بدۆزرێنەوە و تەنانەت لە توركیشدا دەبێ ئەو ناوانە بەكاربهێنین. گەلی كورد، بەرامبەر بەسیاسەتی توندڕەوی ڕەگەزپەرستانەی كەمالییە ڕەگەزپەرستەكان، ئەو شێوە بەرگرییە دیموكراتییەی كە دەینوێنێ و دەبێ بینوێنێ، بەبڕوای ئێمە ئەمەیە و دەبێ ئەمە بێ. ئێمەی كورد، وەك گەلێك، دەبێ تەواوی ئەو سیاسەتە توندڕەو و ڕەگەزپەرستانەیە ڕەت بكەینەوە كە كەمالییەكان بۆ لە ناوبردنی بوونمان و بەزۆر لە دەست سەندنی هەموو شتێكمان و لە ناوبردنی، بەئامانجی دەگرێ.

### ڕیزکردنی بابەتەکان

ئەو بابەتانەی کە لە ئەنسیکلۆپیدیای (قامووسولئەعلام)ەوە وەرمان گرتووە و بۆ پیتی لاتینی و زمانی تورکیی ئەمڕۆ وەرمانگێڕاونەتەوە. بەپێی ڕیزی ئەو ئەلفوبێیە لاتینییەی کە لە کوردیدا بەکاری دەهێنین، لەم کتێبەدا ڕیزمان کردوون. لە کۆتاییی هەر بابەتێکیشدا جێی ئەو بابەتە لە ئەنسیکلۆپیدیاکەدا بەژمارەی بەرگ و لاپەڕەیانەوە، لەناو کەوانەدا دامانناون. بۆ نموونە لە کۆتایی بابەتی (کوردستان)دا، ژمارەکانی ئەو بەرگ و لاپەڕانەی کە تێیاندا بڵاو کراوەتەوە، بەم جۆرە نووسیوە:

(ب٥ – ل ٣٨٤٠ – ٣٨٤٣) واتە (بەرگی ٥ – لاپەڕە – ٣٨٤٠ – ٣٨٤٣).

لێرەدا، خاڵێك هەیە کە پەیوەندیی بەبابەتی ڕیزکردنی بابەتەکانەوە هەیە و پێویستە سەرنجی خوێنەرانی بۆ ڕابکێشین، ئەویش ئەوەیە.

ئەنسیکلۆپیدیای بابەتی باسەکەمان، لەبەر ئەوەی بەپیتی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە، هەموو ئەو ماددانە کە باسیان تێداکراوە، بەپێی ڕیزی ئەو پیتانەی وەکو لە ئەلفوبێی عەرەبیدا بەکارهێنراوە، ڕیزمان کردوون.

جیاوازیی گرنگ هەیە لە نێوانی ئەم ڕیزکردنەوەیە و ڕیزکردنەوەی ئەو ئەلفوبێیە لاتینییەی لە کوردیدا بەکاری دەهێنین. بۆ نموونە پیتی (ز) لە ئەلفوبێی عەرەبیدا یانزدەمین پیتە و کەچی پیتی (ف) لە ڕیزەکەدا بیستەمین پیتە. لەبەر ئەوە بۆ نموونە، بابەتی (زاب) ناوەڕۆکی دەقی ڕەسەنی ئەنسیکلۆپیدیا لە لاپەڕە ٢٤٠٣ی بەرگی ٤ دایە و کەچی بابەتی (فرات – firat) لە (لاپەڕە – ٣٣٥١ی بەرگی ٥) دایە. بەڵام لەو ئەلفوبێیە لاتینییەی لە کوردیدا بەکاری دەهێنین، پیتی (f) هەشتەم پیت و (z) دوا پیتە. لەبەر ئەمە لە کتێبدا بابەتی (فرات – firat) زۆر پێش بابەتی (زاب – zab) کەوتووە.

ئەو نارێکییە بەرچاوەی ژمارەی بەرگەکان کە لە ناو کەوانەکانماندا نووسیون کە دەقی ڕەسەنی بابەتەکانی ئەنسیکلۆپیدیاکەیان تێدا بڵاو کراوەتەوە، لەبەر ئەم هۆیەی کە هاتووەتە کایەوە. هیواداریین ئەم هەڵوێستە سەر لە خوێنەر نەشێوێنێ.

بۆ خوێنەران، ساغکردنەوەی ئەوەی کە کام بەرگی ئەنسیکلۆپیدیا لە چ ساڵێکدا بڵاوکراوەتەوە، لێرەدا ڕوونکردنەوەی ساڵەکانی بڵاوکردنەوەی بەرگەکانیش سوودبەخشە.

ساڵانی بڵاوکردنەوەی بەرگەکان بەم جۆرەیە:

بەرگی یەکەم ١٨٨٩

بەرگی دووەم ١٨٨٩

بەرگی سێیەم ١٨٩١

بەرگی چوارەم ١٨٩٤

بەرگی پێنجەم ١٨٩٦

بەرگی شەشەم ١٨٩٨

لە لایەکی دیکەوە، لەبەر نەبوونی هەندێك لە پیتە عەرەبییەکان، لە ناو پیتە لاتینییەکاندا، ئەو ماددانەی بەو پیتانە دەست پێ دەکا، بەنزیکترینی پیتەکانی لاتینی وەرمانگێڕا.

بۆ نموونە، بابەتەکانی (عادلجەواز – Adilcevaz) و (عەینتاب – Ayntab) بەپیتی (ع)ی ئەلفوبێی عەرەبی دەست پێ دەکا. یەکەمی ئەمانە لە ئەنسیکلۆپیدیادا، لە بەرگی (٤)ی، دووەمیان لە بەرگی (٥)دا بڵاوکراوەتەوە. کە وەردەگێڕدرێتە پیتی لاتینی، پیتی (ع)ی سەرەتای هەردووکیان، خرایە پیتی (a)ەوە، بەم جۆرە هەردوو ئەم بابەتانە تێکەڵ بەو بابەتانە کرا کە بەپیتی (a) دەست پێ دەکرد.

چونکە پیتی (g) لە ئەلفوبێی لاتینیش و لە هی کوردیشدا نییە، بە ئەلفوبێی عەرەبی ئەو بابەتەی بەئەلفوبێی عەرەبی بەشێوەی (غەرزان – Gerzan)یش نووسراوە، بەپیتی لاتینی بە(خەرزان – xerzan)مان گۆڕییەوە(١٠).

لێرەدا، خاڵێکی دیکەش کە پێویستی بەڕوونکردنەوە هەیە، پێوەندیی بەهەندێك یەکەی بەڕێوەبردنە کە لە ئەنسیکلۆپیدیای بابەتی باسەکەماندا جێی کراوەتەوە و هەندێك وشەن پەیوەندییان بەهەندێك شار و شارۆچکەوە هەیە، بەم جۆرەی کە:

لە سەردەمی عوسمانیدا دابەشبوونی بەڕێوەبەرایەتی، لەوەی ئەمڕۆ تەواوێك جیاواز بوو، لەو سەردەمەدا ویلایەتەکان زۆر بەرین و فراوان بوون. بۆ نموونە ئەمڕۆ، کە کوردستانی باشوور پێنج ویلایەت (پارێزگە)یە، تەنیا یەك ویلایەت بوو کە مەڵبەندەکەی (مووسڵ) بووە.

لە کاتێکدا، هەموو ناوچەی عیراق کە دراوسێی باشووری کوردستانی باشوورە، لە دوو ویلایەتی بەغداد و بەسرە پێکهاتبوو.

هەروەها، لەو سەردەمەدا یەکەکانی بەڕێوەبردن لە شێوەی ویلایەت، سەنجەق، قەزا، ناحیە و گوند –دا بوون. سەنجەق کە لە نێو قەزاو و ویلایەتدا بوون بە بەڕێوەبەرێك کە «موتەسەرریف»یان پێ گوتووە، بەڕێوە دەچوو. سەنجەقەکانی ئەو دەمە ئەوەندەی ویلایەتەکانی ئەمڕۆ گەورە بووە. هەندێك سەنجەقیش هەبوو کە لە هەندێك ویلایەتی ئێستا گەورەتر بوو. بۆ نموونە حەکاری بە(وان)ەوەو ماردین بەویلایەتی دیاربەکر و سعردیش بەویلایەتی (بەدلیس)ەوە بەستراون. لە سەردەمی عوسمانیدا، (لیوا)، یان سەنجەق یانیش «موتەسەرریفێتی»ی پێ دەگوترا.

لە لایەکی ترەوە، لە شێوەی بەڕێوەبەرایەتیی ئەمڕۆدا، مەڵبەندی ویلایەتێك، چۆن لە هەمان کاتدا مەڵبەندی قەزا بێت، لەو سەردەمەشدا مەڵبەندی ویلایەت هەر هەمان مەڵبەند، سەنجەق–یش و مەڵبەندی قەزاش بوو. کەچی مەڵبەندی سەنجەقێك لە هەمان کاتدا مەڵبەندی قەزاش بوو.

هیوادارین خوێنەران، کاتێك ئەم جۆر و شێوە قسانە لەم کتێبەدا دەبینن کە شار و شارۆچکەکانی بەبابەت گرتووە، سەریان سووڕنەمێنێ.

*

لە بابەتێکی زۆری ئەنسیکلۆپیدیادا، هەندێك ناو و زانیاری و وشە هەبوو کە پێویستییان بەڕوونکردنەوە هەیە، ڕوونکردنەوەی ئەمانە، هەندێك وشە کە لە وەرگێڕانەکەماندا بەکارمان هێناون و تێبینیی ڕوون کەرەوەمان لە شوێنی پێویست لە بارەی ئەو واتایانەی بەکارهاتوون زانیاریمان تۆمار کردووە. جگە لەم تێبینییانە لە هەندێك بابەتدا وەك تێبینیی نوێ پێویستی بەتەواوکەرەوەی زانیاریی پێویست هەبوو.

بەم هۆیەوە، هەندێك لە تێبینییەکان درێژەیان درایێ، ئاخنینی هەندێك لەمانە بەپەراوێزی لاپەڕەدا زۆر زەحمەت بوو، تەنانەت هەر نەدەکراو دواخستنی هەندێکیان و لە دوا لاپەڕەکاندا دانانیان لەوانەیە ناچاری بووایە. ئەمەش لە هەندێك لاپەڕەدا دەبووە هۆی ئاڵۆزی و ناڕێکی، لەوانەبوو شوێنی بابەتەکانی تەسك بکردایە.

بۆ ئەوەی ڕێ بەئاڵۆزیی وەها نەدرێ، هەر هەموو تێبینییەکانمان بەناونیشانی

(ڕوونکردنەوە و زانیارییە تەواوکەرەوەکان)ەوەو بەپێی سەرەی ژمارەکانەوە بەگونجاومان زانی، لە کۆتایی کتێبدا بن. هیواداریین بەدواداچوونی ئەوانە بۆ خوێندەواران زەحمەت نەبێ.

بەرامبەر ساڵی کۆچی (هیجری) و ڕۆمی، کە لە ئەنسیکلۆپیدیادا بەکارهاتبوون و بەرامبەرە (زایین)ییەکەی هەر لە پاڵ ساڵەکاندا لە ناو کەوانەمان داناون.

م. ئەمین بۆزئەرسلان
٢١/ ٣/ ٢٠٠٠

**پەراوێزەکان:**

١– جەزیرە: دەڤەری میسۆپۆتێمیا.

٢– پایتەختی دەوڵەتی فیدراڵیی کوردستانی باشووری ئەمڕۆمان.

٣– جینۆساید: ڕەگەز قڕکردن، کۆمەڵکوژی.

٤– ئیرۆنیك: بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕی، بەشێوەیەك بکرێتە بابەتی گاڵتە پێ کردن.

٥ – فیرقە: پارتی (حزب)، لە سەردەمی عوسمانیدا ڕێك لە جێی وشەی «حزب» و هەر بەو واتایە بەکارهێنراوە.

* مامۆستا (بۆز ئەرسلان) باشووری کوردستان بەجۆرێك باس دەکا نەبای دی بێ نەباران و نەتووشی دڕەندەترین جینۆسایدی سەردەم هاتبێ کە باسی شۆڤینیستە عەرەبەکان دەکا..!! بەلای کەمەوە (ئەنفال)ە بەدناو و بەناوبانگەکانی شۆڤینیستە عەرەبەکانی عیراق لە هەموو جیهاندا دەنگی داوەتەوە و تا ئاسمانیش بڕی کردووە. جا.. ئەگەر بڵێین مامۆستا بۆز ئەرسلان ئەنفالی نەبیستووە، ئەمەیان دەبێتە خەوش و شەرمێکی گەورەتر. (وەرگێڕی کوردی).

٦ – سەنجەق: لە سەردەمی عوسمانیدا بەشە بەڕێوەبەرایەتییەکی لەنێوان قەزاو ویلایەتدا بووە کە لەلایەن کەسێکەوە بەناوی «موتەسەرریف»ەوە بەڕێوەبراوە. سەنجەقێکی ئەو سەردەمە، ئەوەندەی ویلایەتێکی ئێستا گەورە بووە. تەنانەت سەنجەق هەبووە لە هەندێك ویلایەتی ئەمڕۆ گەورەتر بووە، بۆ نموونە ماردین کە ئەمڕۆ ویلایەتە، ئەوساکە سەنجەقێکی سەر بە دیاربەکر بووە. سەنجەق لیواو موتەسەریفێتیشی پێ گوتراوە (م.ئـ. بۆز ئەرسلان).

سەنجەق وشەیەکی تورکییە، واتە: (ئاڵا) کە بەعەرەبی (لیوا و عەلەم و ڕایە) و هی دیکەی پێ دەڵێن و دوای سەردەمی عوسمانی لە عیراقدا، تا شەستەکانی سەدەی ڕابوردووش (لیوا) یان بۆ موتەسەریفێتی بەکارهێناوە، کە دوای پایتەخت گەورەترین یەکەی بەڕێوەبەرێتی بووە لە عیراقدا، کە ئەمڕۆ پارێزگای پێ دەڵێن و لە ناحیە و قەزا گەورەتر بووە. (وەرگێڕ).

٧- نۆرویج: یەکەم وڵاتی جیهانە بەبێ جەنگ و شەڕ و شوور سەربەخۆیی خۆی بەدەست هێناوە. سویدیش لەبەر ئەوەی داواکاریی سەربەخۆیی نۆرویج -ی بەبێ شەڕ و شوور پەسندکردووە و بووەتە یەکەم دەوڵەتی سەربەستی دنیا، کە ڕێی بەجیابوونەوەی بەبێ شەڕی گەلێك پەسند بکا.

٨- ئولاهـ : ڕۆمانیایی.

٩- ژین: ناوی گۆڤارێکە، ناوەرۆکێکی زۆر دەوڵەمەندی ڕۆشنبیریی بووە، لە ساڵانی ١٩١٨ - ١٩١٩ بەکوردی و تورکی لە ئەستەمبووڵ بڵاوکراوەتەوە، ئێمە هەر ٥٢ ژمارەکەیمان کە بەپیتی عەرەبی دەرچووە و وەکو گەنجینەیەکی ڕۆشنبیریی کوردی - یە، ساڵانی ١٩٨٠ بەپیتی لاتینی و هەروەها بەشە تورکییەکانمان لە عوسمانییەوە بۆ تورکیی ئەمڕۆ وەرگێڕاو بە «پێشکێشی»ی بەکوردی و «سونوش»ی تورکیی ٨٤ لاپەڕەیی و بەپتر لە ١٥٠٠ پەڕاوێزەوە لە شێوەی پێنج بەرگدا لە سوێد سەر لەنوێ بڵاوکردەوە. لاپەڕە ڕەسەنەکانی گۆڤارەکە، کە بەپیتی عەرەبییشن، بەفیلم وێنەمان گرتن و لە کۆتاییی بەرگەکاندا سەر لە نوێ بە چاپمان داوەتەوە. مێژووی بڵاوکردنەوەی ئەو بەرگانە بەم جۆرەیە: بەرگی یەکەم و دووەم ١٩٨٥، بەرگی سێیەم ١٩٨٦ و بەرگی چوارەم ١٩٨٧ و بەرگی پێنجەم ١٩٨٨.

١٠- بۆ ئەوانەی کوردی نازانن ڕوونی بکەمەوە کە پیتی «x» کە لێرەدا دانراوە، ئەگەر چی لە ئەلف و بێی لاتینیشدا دەنگی «ks»یش بنوێنێ، لە کوردیدا دەنگی «sh» دەدا کە لە زمانە خۆراواییەکاندا پیشان دەدرێ، لە تورکیی ئەمڕۆدا لەبەر ئەوەی پیتێك نییە ئەم دەنگە بنوێنێ، نموونە هێنانەوەش کارێکی کردەنی نییە.

# کورد و کوردستان

لە یەکەم ئەنسیکلۆپیدیای تورکی- لە مێژوودا

**(قامووسولئەعلام)ی**

**شەمسەدین سامی**

# ئـ

**ئابگەور**[1]: ناحیەیەکە سەر بەقەزای ئامەدی[2] پارێزگای دیاربەکر، **١٢** سەعاتەڕێ لە ناوەندی ویلایەتەوە دوورە و حەوت گوندی هەیە.

(ب/١-ل/٩)

**ئادییابەنە (ئادییابێنە)**: ناوێکە لە لایەن کۆنە جوگرافیاناسانی یۆنانەوە ناسراوە، دەکەوێتە ئەو بەشەی کوردستان، کە بەدەست ئێرانەوەیە، واتە لەو دەڤەرەی دەکەوێتە لای خۆرئاوای گۆلی ورمێ-وە، کە ئەمەش لەوەوە هاتووە کە لە لایەن (دە)یانەوە بەکارهێنراوە و لە ناوی (ئادیان)ەوە پێکهێنراوە.

(ب/١- ل/٦٥)

**ئادیەمان (ناوی دیکەی حصنی مەنصوور-ە)**[3]: شارێکە لە ویلایەتی دیاربەکردا، **١٢٠** کیلۆمەتر لە باشووری خۆرئاوای شاری دیاربەکرەوەیە. لە ٣٧,٤٥ْی پاینی باکوور و ٣٦,١٢ْی درێژیی خۆرهەڵاتدا جێی گرتووە. دانیشتووانی **١١٠٠** کەسن، زەوییەکانی دەوروبەری تەخت و بەراوە.

(ب/١-ل/٦٥)

**ئاغچەداغ**[٤]: شارۆچکەیەکە ناوەندی قەزایە لە لیوای مەلاتیەی سەر بەویلایەتی مەعمورەتولعەزیز، لە نێوانی مەلاتیە و حصنی مەنصوور و لە ٤٠٠ کیلۆمەتری باشووری مەلاتیەدایە، قەزاکەی لە زەویی شاخاوی پێکهاتووە، ناحیەکانی قورنە و حەکیمخانی-ش دەگرێتەوە. عەشیرەتی کوردی (زەینانلی)ش لە چیاکانی ئەم قەزایەدا نیشتەجێن. کۆی دانیشتووانی قەزاکە نزیکەی ٢٥٠٠٠ کەسن. تەنیا ٤٠٠ یان ئەرمەنین و ئەوی دیکە موسڵمانن و زۆرینەی کوردە.

لە ناو ئەم قەزایەدا گەرووییەك هەیە بەناوی (شخوڵ)ەوە ناسراوە، کە لەو چیایانەی دەوروبەریدا پتر لە ١٥٠٠ ئەشکەوتی لە بەردهەڵکەندراوی لێیە، لەبەرئەوەی واپێدەچێ کە ئەم ئەشکەوتانە لە زۆر کۆنەوە پەناگەی مرۆڤ بووە. لەبەرئەوە شایەنی لێکۆڵینەوەن. (ب/١-ل/٢٢٦-٢٢٧)

**ئاغن**[٥]: ناحیەیەکی قەزای ئەگین-ی سەر بەویلایەت و لیوای مەعمورەتولعەزیزە. لە دەشتێکی تەخت و بەپیت پێکهاتووە، ٥٢ گوند و باخ و باخچەیەکی زۆری هەیە. (ب/١-ل/٢٣٤)

**ئالەشکورد**[٦]: قەزایەکە لە لیوای بایەزیدی ویلایەتی ئەرزەڕۆم، کە لە لای باکوری خۆرئاوای لیواکەدا جێی گرتووە، لە باکورەوە بەچیای کۆسە (کۆسەداغ) لە ئیمپراتۆرییەتی ڕووسیا جیابووەتەوە. لە خۆرئاواوە قەزای پاسین-ی لیوای ئەرزەڕۆم، لە باشوورەوە عەینتاب، لە خۆرهەلاتەوەش قەزای قەرە کلێسە هاوسنوورین. شەریانسو-ی لقی ڕووباری موراد، قەزاکە لە خۆرئاواوە بەرەو خۆرهەلات، دەکاتە دوو بەشەوە. لە لای دەستەڕاست و دەستەچەپیشەوە چەند جۆگەلەیەکیشی تێ دەڕژێ، خاکەکەی چیاییە، هەندێك دەشتی دەوروبەری جێڕێژگە و ڕێ ڕۆیشتنی ڕووبار و جۆگە ناوبراوەکان و هەندێك نشێوی بەپیتیشی هەیە. شارۆچکەی (تۆپراققەلعە) کە ناوەندەکەیەتی، لەسەر بەستێکدایە لە لای چەپەوە، واتە لە باکورەوە دەڕژێتە ناو شەریانسو-ی ناوبراو و لە داوێنی باشووری کوێسەداغ-دا دامەزراوە، لە بەردەمیدا دەشتێك هەیە کە بەرەو باشووری خۆرهەلات درێژ دەبێتەوە. ناوەندی قەزا ٢٤ سەعاتە ڕێ لە بایەزیدەوە دوورە.

قەزا، پێنج ناحیەی هەیە بەناوی ئامەد، ئیسکان، تاهیر، قەرەسو، موللا سولەیمان و ١١٥ گوند و ٢٦٣٧ماڵی هەیە و دانیشتووانی ١٦٦١٠ کەسن. کە ئەمانە تەنیا ٢٨٢٥یان

ئـەرمـەنی و ئـەوانـی دیکـە هـەر هـەمـوو مـوسـوڵـمـانـن[٧]. لـە نـاو قـەزادا سێ مـزگـەوت و قوتابخانەیەکی ناوەندی و ٨ قوتابخانەی سەرەتایی موسوڵمانان و ١٠ی دیانانی تێدایە و سێ مەدرەسە و ١١ کڵێسەی لێیە. بەروبوومی، لە دانەوێڵەی جۆراوجۆر و سەوزە پێکدێ، پیشەی ناوخۆییش لە کەلوپەلی بەرە و لباد و گۆرەوی پێکهاتووە. قەزاکە ئەگەرچی دارستانیشی هەبێ گژوگیاکەی بێ زیانە، خەڵکەکەشی مەڕ و ماڵاتیان زۆرە.

(ب/١-ل/٣١١)

**ئاڵتوون کوێپری**: شارۆچکەیەکە ناوەندی ناحیەیە لە قەزا و لیوای شارەزووری ویلایەتی مووسڵ. کە لەسەر ڕێی بەغدا- مووسڵ-دایە، کە لەسەر دوورگەیەکی ناوەڕاستی زێی گچکە. یان ئاوی کوێپری کە ناوێکی دیکەیەتی، کە لە ٤٢ کیلۆمەتری باکووری خۆرئاوای کەرکووك و نزیکەی ١٠٥ کیلۆمەتری باشووری خۆرهەڵاتی مووسڵدایە. لەسەر لقی باشووری زێیەکەدا کە بەدوو لای شارەکەدا دەڕوا، پردێکی بەکەمەرە (کەوانە)ی جوانی هەیە، پردی لقەکەی باکووری بەر لە سەد ساڵ ڕووخاوە، پێیان نەکراوە بەدروستکردنی بدەنەوە، لە دەرەوەی ئەم دوو لقە، دوو گەڕەکی نزیکەی سەد ماڵێکی هەیە.

دانیشتووانی شار ١٠,٠٠٠ کەسێك دەبن، وەك ڕێژەی سەرەکی بەتورکی قسە دەکەن و بەعەرەبی و کوردییش قسەی تێدا دەکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا کە لەسەر ڕێیە، لە چیاکانی کوردستانەوە بەروبووی هەنجیر و هی دیکە، تا ئەوێ بەوڵاخ دەهێنرێ و لەبەرئەوەی لەوێشەوە بەکەڵەك بەناو دیجلەدا دەبرێتە بەغدا، بازرگانیی گەلێك چالاکە، دوو جۆگەی لای ڕاست و لای چەپییەوە کە دێن، لە نزیکی شارۆچکەدا دەڕژێنە ناو زێی خواروو (گچکە)وە.

(ب/١-ل/٣٠٧)

**ئامەدی (ئەبولفەضائیل، عەلی-ی کوڕی ئەبیل موظەففەر، یووسفی کوڕی ئەحمەدی کوڕی عوبەیدوڵڵای کوڕی حوسەینی کوڕی ئەحمەدی کوڕی جەعفەر)**: لە شەریعەتزانە شافیعییەکان و لە کاتێکدا بەڕەسەن ئامەدی-یە، واتە دیاربەکرییە، لە شاری واسیت (واسط)[٨] لە دایك بووە و چووەتە بەرخوێندن. چووەتە بەغدا، دەمێکی زۆر لەوێ ماوەتەوە، شەریعەتی ئیسلامی و فەرمووده (حەدیث) فێربووە و دواتر لە ٦٠٤ی هیجری (١٢٠٧ی زایین) بەقازیی واسیت دامەزراوە. وەك ئەوەی زانایەکی تەواو بووە، لە شەریعەتی ئیسلام و فەرموودە و ماتماتیکیشدا توانا بووە، لە ٢٥ی زیلحیجەی ٥٥٩ی هیجری (١١٦٣ی

زایین)دا لە دایك بووە و لە ٣ی ڕەبیعولئەووەلی ٦٠٨ (١٢١١ی زایین)دا کۆچی دواییی کردووە، هەروەها بەهرەی شیعر نووسینیشی هەبووە، ئەگەرچی هەندێك شیعری جوانیشیان لێ گێڕرابێتەوە، دەشێ ئامەدیی شاعیر کەسێکی دیکەی جگە لەم بێ.

(ب/١-ل/٣٦٥)

**ئامەدی (سەیفەددین ئەبولحەسەن، عەلیی کوڕی ئەبی عەلی، موحەممەدی کوڕی سالمی ئەلتەغلەبی)**: یەکێکە لە زانا ناودارە موسوڵمانەکان، ساڵی ٥٥١ی هیجری (١١٥٦ی زایین) لە ئامەد، واتە لە دیاربەکر لە دایك بووە و چووەتە بەغدا، لە سەرەتادا، دوای ئەوەی بەپێی ڕێبازی حەنبەلی، شەریعەتی ئیسلامیی لەسەر دەستی ئیبنولمونا، ئەبولفەتح، نەصری کوڕی فەتیان خوێندووە، چووەتە سەر ڕێبازی شافیعی و لە ئامادەبوونی وانەکانی شێخ ئەبولقاسمی کوڕی فەضلان بەردەوام بووە، لە زانستی پەیڕەویی گفتوگۆدا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە. دواتر چووەتە شام، دەستی بەخوێندنی وانە پشت بەئاوەز بەستووەکان کردووە و لەو لایەنەدا بووەتە یەکێك لە زانا بێ هاوتاکانی سەردەمی خۆی. دواتریش گوازتوویەتییە میسر، لە مەدرەسەی موجاویر و لە مزگەوتی ضافیری-دا دەستی بەفێرکردنی زانست و هونەرەکان و خەڵکی میسر زۆری لێ سوودمەند بوونە. لە دواییشدا هەندێك لە شەریعەتناسەکان لەبەر ئێرەیی، ئەمیان بەگەندەڵیی بیروباوەڕ و ڕێبازی فەلسەفە تاوانبار کردووە و مەزبەتەیەکیان دژی ڕێکخستووە، تەنانەت واش باوە، بۆ ئەوەی بەکەسێکی لە پیاوە زیرەکەکان واژۆ بکەن، کە مەزبەتەکەی بۆ نێرراوە لە سەرووی مۆرەکەیدا ئەم دێڕە شیعرەی نووسیوە[٩].

حسدوا الفتى اذ لم ينالوا سعيه
فالقوم أعداء له وخصوم

واتە:

ئێرەییان بەو پیاوە برد، چونکە نەیانتوانی بگەن بەکۆششەکانی
بەم هۆیەوە، بەکۆمەڵ دوژمنایەتییان کرد و لەگەڵیدا توندبوون

سەیفەددین ئامەدی کە هەواڵی مەزبەتەکە دەبیێ، بەدزی دەرچووە و چووەتەوە بۆ شام و لە حەما جێگیربوونی پەسند کردووە دوای ماوەیەکی دیکە چووەتە شام و بەوانەبێژی مەدرەسەی عەزیزییە دامەزراوە و سەرلەنوێ بەگەندەڵیی باوەڕ تاوانبار کراوە و کۆتاییی

بەکارەکەی هێنراوە و کشاوەتە گۆشەیەکەوە و لە ٣ی سەفەری ٦٣١ی هیجری (١٢٣٣ی زایین)دا کۆچی دوایی کردووە. بەپێی داب و نەریتی ئاینی، شەریعەتی ئیسلام و لۆجیك و فەلسەفە و زانستەکانی دیکە، نزیکەی ٢٠ کتێبی هەیە، بەناوبانگترینیان ئەم کتێبانەن: لە زانستی باوەڕی ئیسلامیدا (ئەبکارولئەفکار– أبكار الافكار) (بیرە نۆیەرەکان)، (مەنائیحولقەرائیح– منائح القرائح) (بەخششەکانی بیرەکان)، (ڕوموزولکونووز– رموز الکنوز) (هێماکانی گەنجینەکان)، لە پەروەردەدا (دەقائیقولحەقائیق– دقائق الحقائق) (وردەکارییەکانی ڕاستییەکان)، (لوبابولئەلباب– لباب الألباب) (کرۆکەکانی ئاوەزەکان)، (مونتەهەلفوسوول– منتهی الفصول) (کۆتایی دۆزەکان)، لە زانستی گفتوگۆدا (الکلام)، تەریقە (ڕێگا) و موختەسەر (کورتە).

(ب/١–ل/٣٦٥)

**ئامەدی** (**شێخ سولەیمان**): لە دیاربەکر، لە شاری ئامەد لە دایك بووە، دوای ئەوەی زانست و هونەرەکانی خوێندووە، ڕێبازی خەڵوەتییەی پەسندکردووە و چووەتە ئەستەمبووڵ و بووەتە شێخ و ڕێ نیشاندەری حەزرەتی سوڵتان سەلیمی دووەم. زانا و تێگەیشتوو و زاتێکی خۆ لە گوناهان پارێز بووە. ساڵی ٩٨٢ی هیجری (١٥٧٤ی زایین) کە کۆچی دوایی کردووە، لە حەوشەی نوێژگەی پیرینجچی–ی نزیکی کەرەمانی بچووکدا نێژراوە.
(ب/١–ل/٣٦٥)

**ئاراس**: ڕووباریکە لە چیای بینگوێل–ی ٤٠ کیلۆمەتری باشووری ئەرزەڕۆمەوە هەڵدەقوڵێ، بەرەو خۆرهەڵات دەڕوا، لە دووریی ٨٠ کیلۆمەتر لە خوارووی سەرچاوەکەیەوە، لەگەڵ زێی حەسەنقەڵا یەك دەگرنەوە کە لەو چیایانەی لە لای خۆرهەڵاتی ئەرزەڕۆمدایە هەڵدەقوڵێ. هەندێك لە خوارەوەی خاڵی بەیەکگیشتنیانەوە، بەناوی پردی (چۆبان)ەوە لەسەر حەوت کەمەرەدا پردێکی بەردینی ئێجگار جوان بنیات نراوە. لێرانەدا، لەبەر ئەوەی خاکی پاسین ئاو دەدا، بەناوی پاسین–ەوە دەناسرێ، کە لە گەشتنامەکەی زەینەفۆندا بەناوی (پاسین)ەوە ناسراوە، لەمەوە وەرگیراوە. تا لە سنووری ڕووسیاوە ڕەت دەبێ، لەو ماوە ١٦٠ کیلۆمەترییە کە بەخاکی عوسمانیدا ڕەت دەبێ، جگە لە ئاوی حەسەنقەڵا، قەرەسوو زێی مۆرچ و ڕێك لەسەر هێڵی سنووریشدا، ئەو ئەرپەچای –ەی بەناو قارس–دا دەڕوا، دەڕژێتە ئاراسەوە. ئەرپەچای ئەگەرچی لە کتێبە کۆنە ئەرمەنییەکانیشدا بەناوی (ئاکسوریان–ئاخوریان)ەوە ناسراوە، لە گەشتنامەکەی زەینەفۆندا ناوی (ئەرپەسوس)ی لێ نراوە. کە

(ئـەریـەچـای) دەبـێ لـەمـەوە وەرگـیـرابـێ. چـونکـە زەینـەفۆن چـوارسـەد سـاڵ بـەر لـە زاییـن نووسیویـەتی و بەبیردا نـایێ کە ئەو دەمـانـە نـاوێکی تورك لەو نـاوەدا بووبێ. ئەو کۆنـە شـارە ئەرمـەنییەی کەلاوەکـانی تـا ئەمڕۆ مـاوەو نـاوی (ئـانی) بووە، لە ڕۆخی ئەم ڕووبـارەدا بووە.

دوای ئەوەی ڕووبـاری ئـاراس لەگەڵ ئەریـەچـای یەك دەگرنـەوە، بـەرەو خۆرهـەڵات دەڕوا، دواتر بـەرەو بـاشووری خۆرهـەڵات بـادەداتـەوە. دوای ئەریـەچـای، لـە لای چـەپـەوە، واتـە لـە ڕۆخـی بـاکـووریـیـەوە ئـەو زێیـانـەی دەڕژێنـە نـاو ئـاراس، غـەربـی کـە لـە داوێنـی چـیـای ئەلاگەزەوە دێتە خوارەوە و نـاوی دیکەشی (ئـاونـان)ە و قـەرەتیچور کە ئـاوی (گوچە) دێتە خوارەوە و نـاوی دیکەی زێی (ئـازاد)ە، لەگەڵ نەقچەوان و ئەلینجە و لە لای ڕاستیشەوە واتە لە ڕۆخی بـاشووریشییەوە بـاڵقسویو، کە لە خـاکی ئێرانەوە دێ و لە زێی ئـاقسو–ەوە پـێکـهـاتـوون، بـەم دوازێیـەوە، دوای یـەکـگـرتـنـەوە، ڕووبـاری ئـاراس لـە گـەروویـەکـی زۆر سەیرەوە ڕەت دەبێ کە بەنـاوی (ئـاراسبـار)ەوە دەنـاسرێ و دەکەوێتە نێوانی (ئۆردابـاد) و (موکری)یەوە. لەوێوە تـا لەگەڵ زێی (قوور) یەکدەگرێتەوە، لە لای دەستەڕاستی ڕێڕەوی ٢٤٠ کـیـلـۆمـەتـریـدا، ویـلایـەتـی ئـازەربـایـجـانـی ئێران و لـە لای چـەپـیشیـەوە، دەڤـەری قەرەبـاغ–ی ڕووسیا درێژ بوونەتەوە. لەم مـاوەیەشدا لە ڕاستەوە زێی (دەهـاریوور) کە لە یەکگرتنەوەی (ئـاخەر) و (قـەرەسو) پێکدێ و لە لای چەپیشدا کۆمەڵێك جۆگەلەی گچکەش دەڕژێتە نـاو ئـاراسەوە.

ڕێڕەوی ئـاراس، لە سەرچـاوەکـانییەوە تـا تـاڤگەی (ئۆردابـاد) گەلێك توند و تیژڕەوە، لەو پردانەی کە لە شوێنە جیاجیاکـانیدا دروست کراون تەنیا دوو یـان سێیـان خۆیـان ڕاگرتووە. لە (ئۆردابـاد)ەوە تـا (موکری)تـاقمێك تـاڤگەی یەك بەدوای یەك پێکهێنـاوە، لە مـاوەیەکی ١٧ کیلۆمەتریدا لە ٤٢٥ مەترەوە دەڕژێتە خوارەوە و کە دەڕژێتەوە، لە دوورەوە هـاژەیەکی بیستراو دێتەکـایەوە، دوای ئەوەی لە گەرووی ئـاراسبـار ڕەت دەبێ کە لە هەردوو لای بەچیـاوە دەورە دراوە، دەڕژێتە زەوییەکی تەخت و لە ڕێڕەوگەیەکی بەریندا دوورگەیەکی زۆر پێکدەهێنێ، لە ٢٧ کیلۆمەتری سەرووی زەریـای خەزەردا لەگەڵ زێی (قوور)دا یەکدەگرێتەوە و هـەرچـەندێك ئـاوی ئـاراس زۆرتریش بێ، لە خـاڵی بەیەکگەیشتن بەولاترەوە نـاوی (قوور)ی لێ نراوە. بەدرێژایی لە خـاڵی بەیەکگەیشتنەوە تـا دەریـا و ئەو دەشتەی (دەشتی مووشـان)ی پێ دەگوترێ، تـا ئێستـاش پڕە لە توێکڵی وردەگیـانەوەرە دەریـاییەکـان، وادیـارە ئەو لمەی زێیەکـان ڕایـانمـاڵیوەتە خوارەوە و بەیـارمەتیی قوڕ، بووەتە زەویی وشکـانی.

(ب/١–ل/٧٢– ٧٣)

**ئورفە**: شارێکە، ناوەندی لیوایە لە ویلایەتی حەڵەبدا– لە ١٩٠ کیلۆمەتری باکووری خۆرهەڵاتی حەڵەبەوەیە و ١٤٥ کیلۆمەتری باشووری خۆرئاوای دیاربەکرەوەیە. لە نێوان دوو گردی کەناری ئاوی کەهریزدایە کە دەڕژێتە زێی (جۆلاب)ی پەیوەست بەفورات. زۆربەی دانیشتووانی کە موسوڵمانن ٢٨,١٨٨ کەسن. خانووەکانیان بەبەرد دروست کراوە و سەربانیان هەیە، لە ناویدا مزگەوتێکی پیرۆزی جوان هەیە کە نزرگەی حەزرەتی ئیبراهیم (دروودی خوای لێ بێ)ی لێیە، لەسەر یەکێك لە گردەکاندا قەڵایەکی کۆن و لەبەردەمی ئەم قەڵایەدا لە شوێنەواری کۆن دوو ستوونی گەورەی هەیە و ناوەندییەك و قوتابخانەیەکی پرۆتستانتی تایبەت بەئەمریکییەکانی لێیە.

شار بەشوورە و کەندەکێکی ١٢مەتر قووڵاییەوە دەورەدراوە. چوار دەرگای هەیە. لە ناو شاردا بەناوی (عەین زەلخە) و (خەلیلوڕڕەحمان)ەوە دوو ئاوی ڕەوانی هەیە، لە باشووری شاردا دەڕژێنە ناو گۆلێکی گچکەوە کە ناوی گۆلی ئیبراهیم–ە. لە لایەن دانیشتووانەوە بەچاوێکی ڕێز و بەپیرۆززانییەوە بەماسییەکانی ناو ئەم گۆلە دەڕوانن. دەوروبەری گۆلەکە بەچنار و داری دیکەوە دەورەدراوە، دیمەنی زۆر جوانە. لەبەرئەوەی شار لە سەرەڕێی حەڵەب و دیاربەکر و مووسڵ–دایە، لە ڕووی بازرگانییەوە گەلێك بایەخی هەیە. لە ناو شاردا زمانی ناوخۆ تورکییە و عەرەبی و کوردی–ش قسەیان پێ دەکرێ(١٠).

ئەم شارە زۆرکۆنە، ناوە کۆنەکەی (ئوور)ە یانیش (ئوورلکلدانییین)ە(١١). دوای داگیرکارییەکانی ئەسکەندەر، مەکەدۆنییەکان ئەم شارەیان بەشارۆچکەی ئەدسا (دەبێ ئۆدیسابێ– وەرگێڕ) واتە (وودینە)ی وڵاتی خۆیان بەم چوواندووە، بەم ناوە و بەناوی (کالیریۆ)ی بەواتای (تاڤگەکانی جوانە)وە ناویان بردووە، لە ناو عەرەبەکاندا بەناوی (ڕوها) وە ناسراوە. ئەم ناوەش کورتکراوەی ناوی (کالیریۆ)ی یۆنانییەو بەشێوەی تێکدراوی دەزانرێ(١٢).

(ب/٢–ل/١٠٧٤)

**ئورفە** (**لیوای ئورفە**): یەك لەو سێ لیوایانەیە کە ویلایەتی حەڵەب پێکدەهێنن.. لە لای خۆرهەڵاتی ویلایەتدایە. لە باکوورەوە بەویلایەتی مەعموورەتولعەزیز و لە خۆرهەڵات و باشوورەوە بەلیوای (زۆر) و لە خوارەوە بەلیوای حەڵەب سنووردارە. ڕووباری فورات دوای ئەوەی لە ماوەیەکی زۆر دووری باکوورەوە سنوورەکانی لیوا لە ویلایەتی مەعموورەتولعەزیز جودا دەکاتەوە، دەچێتە ناو لیوا و بەشی خۆراوای ئاودەدا. یەك دوو

زێی گچکەی دیکەش لە ناو لیواوە هەڵدەقوڵێ و بەرەو باشوور دەڕوا و دەڕژێتە ناو فورات.

ئەگەرچی بەشێکی زەوییەکەی و بەتایبەتی لای باشووری خۆرهەڵاتی چۆڵیش بێ، زەویی ڕووەك ڕوێن و بەپیتیشی هەیە، جۆ و گەنم و نیسك و دانەوێڵەی دیکە لەگەڵ میوەی جۆراوجۆر بەرهەم دەهێنرێ.

عەشیرەتە کورد و عەرەبەکان مێگەل و گوێدرێژیشیان زۆرە. بەرهەمی پیشەسازی کاڵای لە لۆکە و کاڵای گرانبەهای بۆ مەشلەح (جۆرە جلکێکە) لە ئاوریشم[١٣] و شاڵی سپی، عەبا، جۆرە کاڵایەکی سپی و سووری زۆر بەرگەگر، چەرمی خۆشەکراوی بۆیاخکراو، پێستەی قەوارە گەورە و قاپ و قاچاخی لە مس دروستکراو پێکهاتووە.

لیوا لە چوار قەزای ئورفە و ڕوومقەڵا و سەرووج و بیرەجك پێکهاتووە. بەتێکڕایی ٨٤٧ دێی هەیە، دانیشتووانی لیوا بە ١١٢,٠٠٠ کەس مەزەندە دەکرێ، بەشێوەیەکی سەرەکی لە ڕەگەزی عەرەب و کوردن[١٤]. لە ناو لیوادا ٢٤ مەدرەسە ٣ ناوەندی و ٥٥ قوتابخانەی منداڵانی موسوڵمانان و ٢٠ی خرستیانانی لێیە.

قەزای ئورفە، قەزای ناوەندیی لیوای هاوناوی خۆیەتی و حەوت ناحیەی بەناوی: دوێگەرلو، ئوێرماغاچ، چایقاپو، بۆزاباد، تارن، قەیاحەیدەر، تورکمەنجەلابی و ٣١٨ دێی هەیە.

(ب/٢–ل/١٠٧٤)

**ئورمییە (ورمێ)**: شارۆچکەیەکە لە ناوچەی ئازەربایجانی ئێران[١٥]، لە لای خۆرئاوای گۆلێکی گەورەی هاوناویدا، لە ڕۆخی خۆرئاوای گۆلەکەدا لە دووریی نزیکەی ٢٠ کیلۆمەتر و لە لای چەپی زێیەکی گچکە، کە دەڕژێتە ناو گۆلی ناوبراوەوە، واتە لە ڕۆخی باکوریدایە، ئاو و هەوای خۆشە، باخ و بێستانیان زۆرە، شارۆچکەیەکی کۆنە، یاقووتی حەمەوی، دوای ئەوەی سەردانی ئەم شارۆچکەیەی باس کردووە. ئەوەی ڕوون کردووەتەوە کە شارێکی گەورە و ئاوەدان بووە. دواتر زۆر دواکەوتووە.

سەردەمانێك لەم شارۆچکەیەوە زانای زۆر و ناودارانی دیکە پەیدابوون. لە دۆخی ئێستایدا بەشی هەرەزۆری دانیشتووانی کوردن[١٦]. بەم دۆخەی ئێستایەوە ئێرانییان بە(ئورمییە)ی ناو دەبەن.

(ب/٢–ل/٨٤١– ٨٤٢)

**ئورمییە (گۆلی ئورمییە)**: گۆلێکی گەورەیە لە ناوچەی ئازەربایجانی ئێران و لە خۆرهەڵاتی شاری هاوناوی و لە لای باشووری خۆراوای تەورێزدا. درێژیی لە باکورەوە تا باشوور ٧٥ و بەرینیی لە خۆرهەڵاتەوە تا خۆراوا ٢٥ میلە. ئاوەکەی تاڵ و قورس و بەبۆنە، ماسی و گیانداری دیکەی تێدا نییە. لە ناوەڕاستی بەشی باشووری گۆلەکەدا دوورگە هەیە. لە هەموو لایەکەوە ئاو و زێیەکی زۆر دەڕژێنە ئەم گۆلەوە. گەورەترینی ئەمانە، ئاجی چای-ە کە لە باکووری خۆرهەڵاتەوە دێ و بەبەردەمی تەورێزدا ڕەت دەبێ.

دانیشتووانی ئەو شوێنانەی لای خۆراوای گۆلەکە کوردن. ئێرانییان ئەمڕۆ ناوی (شەها)شیان لەم گۆلە ناوە.

(ب/٢-ل/٨٤٢)

**ئوشنوە (شنۆ)**[١٧]: شارۆچکەیەکە لە ناوچەی ئازەربایجانی ئێراندا، لە ٦٠ کیلۆمەتری باشووری ورمێدا و لە لای چەپی زێی کدێر کە دەڕژێتە ناو گۆلی ورمێوە، واتە لە ڕۆخی باکوریدایە، زێدی هەندێك زانای بەناوبانگە کە بەنازناوی (ئوشنەیی) و (ئوشنەهی)یەوە ناونراون. یاقووتی حەمەوی، لە ٦١٧ (١٢٢٠ی زایین)دا لە تەورێزەوە گەڕانەوەیدا، باسی ئەوەی کردووە کە بەم شارۆچکەیەدا ڕەت بووە، باسی زۆریی باغ و بێستانەکانیانی کردووە و ئەوەشی کردووەتە سەرباری قسەی کە شارەکە ڕوو لە ڕووخانە. لەم ڕۆژانەماندا ڕووخانی لەبەردەوامیدایە. لە دۆخی شارێکی گچکەدایە.

(ب/٢-ل/ ٩٨٧)

**ئۆڤاجك**[١٨]: قەزایەکە لە لیوای دەرسیم-ی ویلایەتی مەعموورەتولعەزیزدا، لەبەرئەوەی بەگوێرەی چیاکانی ئەوناوە، زەوییەکەی تەخت و ڕووەکرِوێنە، سەرچاوەی گوزەرانی کوردەکانی ئەوێیە، ناوەندەکەی شارۆچکەیەکی بچووکە هەر بەناوی ئۆڤاجك-ەوەیە. لە ٩٠ کیلۆمەتری باشووری خۆراوای ئەرزنجاندایە. قەزاکە لە ٥٧ گوند پێکهاتووە. دانیشتووانی ١٤,٠٠٠ کەسێکە. تەنیا ٤,٠٠٠ی ئەمانە ئەرمەنی و ئەوی ماوەتەوە موسوڵمان و زۆربەیان کوردن[١٩]. لە ناو قەزادا ٥ مزگەوت و ٦ کڵێسە و ٢ قوتابخانەی موسوڵمانان و ٢ی خرستیانان و ١٠ خان و ١٦ دووکان هەیە. لەم قەزایەدا دارستانێکی گەورە هەبووە کە تا مازکورد هەر دارستانە و هێزم (داری سووتاندن)ێکی زۆری لێ دەبڕێتەوە.

(ب/٢-ل/١١٠٨)

**ئەرارات**: ئەو ناوەیە کە لە کتێبە پیرۆزەکاندا بەچیای ئاگریداغ وتراوە کە لە لیوای بایەزیددا کەوتووەتە نزیك سنوورەکانی دەوڵەتی عوسمانی و ڕووسیا و ئێرانەوە. ئەگەرچی وەستانی کەشتیی نووح لەسەر ئەم کێوەدا لە تەوراتدا نووسرابێ، لە کتێبەکانی ئیسلامدا باسی ئەوە کراوە کە لەسەر چیای جوودیدا وەستاوە. ئەرمەنییەکان بەم چیایە دەڵێن (ماسیس)، ئێرانییانیش پێی دەڵێن (کوه نوح)[٢٠].

ئەم کێوە لە دوو گردی بەرز پێکهاتووە، یەکیان ٥٤٠٠ مەتر لە ڕووی زەریاوە بەرزە، لایە بەرزەکانی هەمیشە بە بەفر داپۆشراوە، بەرزاییی ئەوی دیکەشیان لە ٤٠٠٠ مەتر پێکهاتووە. هاوینان بەفری بەسەرەوە نییە. خاکەکەی گڕکاناوییە، چۆڕانی شلە گڕکانییەکان و هەندێك تەقینەوەی پێوە دیارە[٢١].

ئەرمەنییانی ئەو دەڤەرە، ئەگەر لەو بڕوایەدان کە کەشتیی نووح ئێستاش لەسەر لووتکەی چیاکەدایە و بۆ ئەوەش کەس ناتوانێ پێیدا سەرکەوێ. هەندێك لە گەڕۆکان و بەتایبەتی دەستەی سەرکردایەتیی گشتیی ڕووس، تا لووتکەی سەرکەوتوون و هەندێك کاری لێوردبوونەوەیان ئەنجام داوە.

زەویی داوێنی چیاکە، کوردەکانی لێ نیشتەجێن.

(ب/١-ل/ ٧٢)

**ئەربان**: شوێنێکە لە جەزیرە، واتە لە ویلایەتی مووسڵ، لە لای دەستەڕاستی ئەو خابوورەی دەڕژێتە ناو ڕووباری فورات، دەکەوێتە نزیکەی ١٠٠ کیلۆمەتر لە باشووری خۆراوای سنجارەوە، کە لەو دواییانەدا موسیۆ لایارد، لەو هەڵکەندنانەدا کە لەو ناوە ئەنجامی داون، گەلێك شوێنەواری کۆنی ئاشووریی بەدەرخستووە.

(ب/١-ل/ ٨٦)

**ئەرجیش**[٢٢]: شارۆچکەیەکە و ناوەندی قەزایە، لە ڕۆخی باکووری گۆلی وان-ی ویلایەتی واندا لە شوێنێکی زۆنگاویدایە. ئەو شارۆچکەیە زۆر کۆنە و لە مێژووە کۆنە یۆنانییەکاندا بەناوی (ئەرسیس)ەوە ناسراوە، بەڵام شوێنە کۆنەکەی وەکو ئەوەی ئێستا لە ڕۆخی گۆلدا نەبووە. وادەزانرێ کە لەسەر گردێکی دوو سەعاتە ڕێ لە سەرووتردا بووە، لە لایەن (مسیۆسۆلج!)ەوە لە ١٨٢٩دا، لەو هەڵکۆڵینەوانەدا کە لە شوێنی ناوبراودا ئەنجامی داون، ئەو شوێنەوارە کۆنانەی دەرکەوتوون، بوونی شارێکی گەورەی لەو شوێنەدا سەلماندووە،

ئەو بۆچوونە بەهێزتر دەکا. شارە کۆنەکە لە ١٢٠٩دا، لە پێکدادانێکی نێوانی ئەرمەنییان و گورجییاندا سووتاوە. لە سەردەمی کۆندا گۆلەکەش بەناوی (ئەرسیس)ی شارەکەوە ناونراوە.

(ب/١–ل/ ٩٨)

**ئەردەهان**[٢٣]: شارێکە، ناوەندی قەزا بووە و سەردەمانێك کە بە ئەرزەڕۆمەوە پەیوەست بووە، دەکەوێتە لای سەرووی دۆڵی زێی (قوور)ی ئەو ناوچەیەی کە لە سەردەمە دواییەکاندا بۆ ڕووس دەستی لێ هەڵگیراوە، کە نزیکەی ٢٠٠٠ کەس دانیشتووانی هەیە. لەبەر قایمکاریی شوێنەکەی و لە لایەن ڕێکوپێکیی بۆ دامەزرانی لەشکرەوە بەناوبانگە. خاکەکەی چیایی و کەش و هەوای سارد، گەرچی بەر لە داگیرکرانیشیدا تەواوی دانیشتووانی هەر هەموو موسوڵمان بووبن، زۆرینەیان بۆ ناو خاکی عوسمانی کۆچیان کردووە[٢٤] لە دوایین جەنگدا ئەم شارە لەگەڵ هەموو قایمکارییەکیدا، هەرچۆنێك بێ خۆی ڕانەگرتووە. لە لای ئەنادۆڵەوە پێشترین شوێنێکە کەوتبێتە دەستی دوژمن.

(ب/١–ل/١١١)

**ئەردەلان**[٢٥]: لە ویلایەتە خۆراوایییەکانی ئێرانە، لە باکورەوە لەگەڵ ئازەربایجان و لە خۆراواوە لەگەڵ سنوورەکانی دەوڵەتی عوسمانی، واتە لەگەڵ کوردستان و لە باشوورەوە لەگەڵ لوڕستان و لە خۆرهەڵاتەوە لەگەڵ عیراقی عەجەم سنووردارە و دەورەدراوە. درێژیی لە باکوورەوە تا باشوور ٣٠٠ و لە خۆرهەڵاتەوە تا خۆراوا بەرینیی ٢٠٠ و بەرینترین شوێنی ٢٤٠ کیلۆمەترە. کراوەتە دوو قەزا، ئەوەی باکووریان ناوەندەکەی سنەیە کە ئەردەلان–ی ڕەسەن[٢٦] و ئەوەی باشووریشیان قەزای کرماشانە (کرمانشاه)ە و ناوەندەکەشی شاری کرماشان (کرمانشاه)ە.

ئەردەلان، لەوبەشی باشووری خۆرهەڵاتی کوردستانە پێکهاتووە کە بەدەست ئێرانەوەیە، لە ژێر بەڕێوەبەرێتیی ئەو والییەدایە کە لە سەرکردە کوردەکانە و لە سنە دادەنیشێ و ئەو پەیوەندی و پەیوەستییەی بەدەوڵەتی ئێرانەوە هەیە، توندوتۆڵ نییە و زۆر شلە! خاکەکەی بەرز و چیاییە، تەنیا هەندێك دۆڵی تەسکی بۆ کشتوکاڵ دەست دەدا. لە دارستانەکانیدا دارسنەوبەری زۆر جوانی لێیە و جۆرە مازوویەکیش بەدەست دەخرێ کە لە هیندستاندا گەلێك پەسندە.

(ب/١–ل /١٠٩)

**ئەرپەچای**[٢٧]: زێیەکی ڕووسیایە لە سنوورەکانی ئەنادۆڵ-دا کە ئاوی بەستێکیشی هەیە کە بەپەیوەند-ی گۆلی چڵدر دەژمێررێ، دوای ئەوەی بەشاری قارس-دا ڕەت دەبێ، لەسەر هێڵی سنووری لەمەوپێشدا دەرژێتە ناو ڕووباری ئاراسەوە، ناوەکەی تورکی نییە، لە مێژووی کۆنی یۆناندا بە (ئەرپەسوس) ناوبراوە. لە کاتێکدا لە کتێبە ئەرمەنییەکاندا بەناوی (ئاخوریان)ەوە باسی لێوە کراوە.

(ب/١-ل/٨٨- ٨٩)

**ئەتاق**[٢٨]: ناحیەیەکە بەناوەندی لیوای ناوەندیی ویلایەتی دیاربەکرەوە پەیوەستە.

(ب/١-ل/٢٤)

**ئەخلاط**[٢٩]: شارێکە لە ویلایەتی بتلیسدا، لە ڕۆخی باکوری خۆراوای گۆلی واندا، ناوەندی قەزایە. دانیشتووانی ٤٠٠٠ کەسە، قەڵایەکی بەدوو شوورە دەورەدراویشی هەیە. شاری کۆن، لە دووریی نیو سەعاتە ڕێی شاری ئێستادا لەسەر گردێکدا بووە، کەلاوەکانی تا ئێستا ماون.

(ب/١-ل/٤٦)

**ئەبونەصری کوردی (نەصرودەولە، ئەحمەدی کوڕی مەڕوان)**[٣٠]: یەکێکە لە حوکمدارانی مەییافارەقین-ی دیاربەکر. دوای کوژرانی ئەبو سەعیدی برای چووەتە سەر تەختی دەسەڵات و پەنجا ساڵی ڕێك بەخۆشگوزەرانی و دڵخۆشییەوە فەرمانڕەوایی کردووە، لە **٤٥٣ی هیجری (١٠٦١ی زایین)** کۆچی دوایی کردووە.

(ب/١-ل/٧٦٥)

**ئەبونەصری مەنازی (ئەحمەد، کوڕی یووسفی سیلکی)**: شاعیرێکی بەناوبانگ و نووسەر بووە، وەزیری ئەبو نەصری کوردی بووە کە لە سەرەوە ژینامەی نووسراوە. شیعرەکانی جوان بووە و لەگەڵ ئەبولعەلائولمەعەرری[٣١]-دا دۆستایەتی و هەندێك باس و خواسیان بووە. برێکی زۆری کتێب کۆکردووەتەوە و دواتر وەکو وەقف بەمزگەوتەکانی مەییافارەقین و ئامەدی بەخشیون. لە ٤٣٧ی هیجری (١٠٤٥ی زایین)دا کۆچی دوایی کردووە.

(ب/١-ل/٧٦٥)

**ئەبولفەضل ئەربیلی (شەرەفەددین ئەحمەد، کوڕی کەمالەددین ئەبولفەتح مووسا)**: لە زانا بەناوبانگەکان و شەریعەتزانە شافیعییەکانە، لە ئەربیل (هەولێر)[٣٢] وانەی زانست و هونەری خوێندووە، هەر لەو شارەدا لە مەدرەسەی موزەففەرەددین–دا وانەی وتووەتەوە و لە نیشتمانەکەی نەچووەتە دەرەوە. لە ساڵی ٦٢٢ی هیجری (١٢٢٥ی زایین)یشدا کۆچی دوایی کردووە. کتێبی ئیحیاء عولوموددین (إحیاء علوم الدین)[٣٣]ی بەناوبانگی ئیمامی غەزالیی جارێکیان بەفراوانی و جارێکی دیکەش بەکورتی، کورت کردووەتەوە.

(ب/١–ل/ ٧٥١)

**ئەبولفیدا (مەلیك موئەییەد، عیمادەددین ئیسماعیل، کوڕی مەلیك ئەفضەل، کوڕی کەثیر)**: یەك لەو حوکمدارە ئەییووبییانەیە کە لە (حەما) فەرمانڕەواییان کردووە. بەئازایی و دلێری و لێهاتوویی ناسراوە، لە زۆربەی زانستەکاندا و بەتایبەتیش لە ماتماتیك و جوگرافیا و مێژوو و نۆژداری و هی دیکەدا خاوەنی زانیارییەکی زۆر بووە. بنەماڵەکەی لەبەر بەدکاریی مەغۆڵەکان حەمای جێهێشتووە و کشاونەتە شام، لە ٦٧٢ی هیجری (١٢٧٣ی زایین)دا لەو شارەدا لە دایك بووە.

لەبەرئەوەی لەو شەڕەیدا کە لەگەڵ مەغۆلاندا بووە، گەلێك یارمەتی و خزمەتی مەلیك ناصری[٣٤] کردووە، ئەم حوکمدارە ناوبراوە، بەڵێنی ئەو زەوییانەی داوەتێ کە هی باوباپیرانی بووە و بەهێنانەجێی ئەم بەڵێنە، نازناوی (مەلیك صالح)یشی پێ بەخشیوە. دواتریش نازناوی (مەلیك موئەییەد)یشی وەرگرتووە[٣٥].

ئەبولفیدا وەکو داب و نەریتێك، هەموو ساڵێك چووەتە میسر و دیاریی بۆ ئەو حوکمدارە ئەییووبییە بردووە کە پابەندی بووە. پارێزگاریی لە زانا و هونەرمەندان کردووە و مووچەی بۆ هەندێك زانای بەناوبانگ بڕیبووەوە. گەلێك چاکەشی لەگەڵ ئەو شاعیرانەدا کردووە کە پێیاندا هەڵداوە. لە ٧٣٢ی هیجری (١٣٣٣ی زایین)دا کۆچی دوایی کردووە.

بەناوی (ئەلموختەصەر فی تاریخلبەشەر– المختصر في تاریخ البشر)[٣٦]، مێژوویەکی گەلێك دروست و لێ توێژراوەی لە چوار بەرگ پێکهاتووی نووسراوی هەیە کە بەناوی تاریخ ئەبی فیدا (تاریخ أبی فدا) بەناوبانگە، هەر بەعەرەبییەکەی کە پێی نووسراوە، چەند جارێك کە لە ١٢٨٦ی هیجری (١٨٧٠ی زایین) لە چاپخانەی (عامیرە)دا[٣٧] چاپ و بڵاوکراوەتەوە و بۆ زۆربەی زمانە ئەوروپاییەکانیش وەرگێڕراوە. بەناوی تەقویمولبولدان

(تقويم البلدان)[٣٨]ەوە هەر بەكورتی بەڵام بەشێوەیەكی زۆر پەسند و پشت پێ بەستراو كتێبێكی جوگرافیاشی هەیە، كە دەقی عەرەبی هەر وەكو لە ئەوروپا و هیندستاندا چەند جارێك بڵاوكراوەتەوە، بۆ زۆربەی زمانە ئەوروپاییەكانیش وەرگێڕراوە.

جگە لەمانە لە بابەتی شەریعەتی ئیسلامەوە ئەلحاوی (الحاوی) كتێبێكی ڕێكوپێك و كتێبێكیشی بەناوی ئەلكەنناش (الكناش) كە لە چەند بەرگێك پێكهاتووە و لە بارەی نۆژدارییەوەیە و كتێبێكی كورتكراویشی بەناوی كیتابولمەوازین (كتاب الموازین)ەوە هەیە[٣٩].

ئەگەرچی لە (كتێبخانەی گشتی)دا[٤٠] كە تازە لە ئەستەمبووڵ دامەزراوە، كتێبێكی جوانی بەپێی ئەلف و بێ ڕێكخراوی كورتكراوەی بەناوی (ئەتتەریقورڕەشاد ئیلا تەعریفیلمەمالیكی وەلبیلاد– الطریق الرشاد الی تعریف الممالك و البلاد)ەوەی[٤١] بەناوەوە هەبێ، لە بارەی ئەوەوە كە ئەبولفیدا كتێبێكی بەم ناوەوە هەبێ لە هیچ شوێنێكدا بەرچاومان نەكەوت. ئەگەرچی لە بابەتی فەرمووده (حەدیث)یشدا ئەو كتێبەی بەناوی جامیعولمەسانید (جامع المسانید)ە[٤٢] لە كتێبی كەشفوظظونوون (كشف الظنون)ی[٤٣] عیمادەددین ئیسماعیل (ئیبن كەثیر)ی شامی–دا بەكتێبی ئەم دانرابێ، كاتب چەلەبی لەبەرئەوەی مێژووی كۆچی دواییی ئەمی بە٧٧٢ی هیجری (١٣٧٠ی زایین) ڕوون كردبێتەوە، گومانی لەوەدا هەیە كە ئەبولفیدا دانەری ئەم كتێبەش بێ، ئەبولفیدا جگە لەمانە، هەندێك وردە كتێبی بەسوودی لە بارەی هونەریشەوە نووسیبێ، ڕوونووسیان نەدۆزراونەتەوە.

شیعرەكانیشی گەلێك جوانن، ئەم چەند دێڕە شیعرانە لەوانەن[٤٤]:

أوقعني العمر في لَعَلّ وهـل
یاویح من عمره مضی بلعل
والشیب وافی وعنده نـزلا
وفر منه الشباب وارتحلا
ماأوقع الشیب الآتي
اذا حل لا عن مرضاتي

واتە:

تەمەن خستمیە ناو (بەڵکو) و (ئایا)
مخابن بۆ کەسێك بەبەڵکو تەمەن بەسەردەبا
پیری بەوەفا بوو، لە لای بارگەی خست (هاتەلای)
لاوییش لێی هەڵات و کۆچی کرد

(ب/١-ل/٧٤٨)

**ئەبولهەیجا، سەمین (ئەمیر حوسامەددین)**: یەکێکە لە سەرکردە کوردەکان و پیاوانی سەلاحەددینی ئەییووبی، لە لایەن ئەوەوە بەوالیی نوسەیبین دامەزراوە، دواتر کراوەتە سەرکردەی گشتیی لەشکری میسر، لە لایەن ناصر-ی خەلیفەی بەغداشەوە بانگ کراوە و نێرراوەتە دەڤەری هەمەدان، سەرکردەیەکی چالاك و بەهێزیش بووە و سەنگینیی بەدەست هێناوە.

(ب/١-ل/ ٧٦٨)

**ئەبوسوعوود ئەلعیمادی (ئەحمەد ئەفەندی، کوڕی شێخ موحیددین موستەفا)**: یەکێکە لە زانا هەرە گەورەکانی ئەو زانایانەی لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیی باڵادا پێگەییون، لە جێی خۆیدایە بگوترێ (جگە لە کەمال پاشازادە[٤٥] هاوتای نەبووە). لە سەردەمی سوڵتان سولەیمان و سوڵتان سەلیمی دووەمدا بەدرێژایی سی ساڵی ڕێك شەیخولئیسلام بووە. سێزدەمینی ئەو کەسانەیە کە لەم دەوڵەتەدا بەم پلە بەرزە گەیشتبوون. باوکی بەڕەسەن لە شاری عیمادییەی کوردستانەوەیە[٤٦]، لە ٨٩٦ی هیجری (١٤٩١ی زایین) لە گوندی مودەرریس-دا کە لە دەڤەری ئەستەمبووڵدا بووە، لە دایك بووە سەرەتا لە لای باوکی پەروەردە بووە. لەبەر زیرەکیی زگماکی سەراسایییەوە کە ناوبانگی لە دەمێکی کورتدا لە لایەن حەزرەتی بایەزیدی دووەمی پاشای سەردەمییەوە بیستراوە، هێنراوە و پەیوەندیی پێوە کراوە و ڕۆژانە مووچەی ٣٠ ئاقچە (دراوێکی زیوینی ئەو سەردەمە بووە)ی بۆ بڕاوەتەوە. دواتر بەنیازی تەواوکردنی خوێندنی بەچەند قوتابخانەیەکدا گەڕاوە، ماوەیەکی زۆر لە وانەکانی موئەییدزادەدا (کە زانایەکی هەڵبژاردە بووە) ئامادە بووە. کە لە زانستەکانی شەریعەت و ئەدەبیاتدا گەیشتووەتە پلەکانی سەرەوە، بووەتە زاوای موئەییدزادەی ناوبراو و چووەتە ناو تەریقەتیشەوە. ئەگەرچی لە ٩٢٢ی هیجری (١٥١٦ی

زایـیـن)یشدا لـە لایـەن کـەمـال پـاشازادەی شەیـخـولـئـیسلامـەوە بـەمـودەرریسی (چـانـقـری) دامـەزرابـێ، پـێی نـەکـراوە بـچـێ، دواتـریش کـە لـە مـەدرەسـەکـانـی ئـیسحـاق پـاشا، کـە لـە ئـیـنـەگـوێـلـی و داود پـاشا و مـەحـمـوود پـاشادا کـە لـە ئـەستـەمبوولن، لـە ٩٣٢ی هـیـجـری (١٥٢٦ی زایین) لە مەدرەسەی سوڵتانییەی بورسە و ٩٣٤ی هیجری (١٥٢٨ی زایین) لە هەشت مەدرەسەوە[٤٧] لە یەکێکیاندا دامەزراوە. ٩٣٩ی هیجری (١٥٣٣ی زایین) کراوەتە قازیی بورسە و دوای ساڵێك قازیی ئەستەمبووڵ و ٩٤٤ی هیجری (١٥٣٨ی زایین) بووەتە قـازیـی سەربـازیـی ڕوومـێلی، لـە کـۆتـاییشدا لـە مـانـگـی شەعبـانـی ساڵـی ٩٥٢ی هـیـجـری (تشرینی یەکەمی ١٥٤٥ی زایین) بۆ پلەی شەیخولئیسلامەتی بەرز بووەتەوە. دوای ئەوەی سی ساڵی بێ پسانەوە کاروباری فەتوای وەکو پێویست ئەنجام داوە و بەڕێوەبردووە، پێنجەم ڕۆژی جومادیلئوولای ساڵی ٩٨٢ی هیجری (٢٤ی ئەغستوس (ئاب)ی ١٥٧٤ی زایین) لە تەمەنی ٨٧ ساڵیدا کۆچی دواییی کردووە، لە نزیکی حەزرەتی ئەییووب (ئەبو ئەییووبی ئەنساری)دا لە حەوشەی ئەو قوتابخانەیەدا نێژراوە کە خۆی بەدروستکردنی داوە[٤٨].

وەك ئەوەی لە شەریعەتی ئیسلام و ڕاڤە (تەفسیر)[٤٩] و زانستەکانی دیکەدا توانا بووە، لە ئەدەبییاتی عەرەبیشدا بێ هاوتا بووە. بەعەرەبی شیعر و چامەی هەیە، بەناوی (إرشاد العقل السلیم الی مزایا القرآن الکریم)[٥٠]ەوە کتێبێکی ڕێکوپێکی پیرۆزی تەفسیری نووسیوە، لە ٩٧٢ی هیجری (١٥٦٤ی زایین)دا حەزرەتی سوڵتان سولەیمان کە داوای بەشە تەواوبووەکەی ئەم تەفسیرەی داواکردووە و بینیوە، ئێجگار دڵخۆش بووە و ئەو پاداشتەی کە ٢٠٠ ئاقچە بووە کردووە بە(٥٠٠) ئاقچە و دوای ساڵێك کە کتێبەکە کۆتایی هاتووە بۆ ٦٠٠ ئاقچەی بەرز کردووەتەوە و چاکەیەکی لە سەرووی ئاساییەوە لەگەڵدا کردووە. جگە لەم کارە گەورەیە، ئەو کتێبەی کە بەناوی (فەتاوی أبو السعود– فەتاوای ئەبوسسوعوود) ناسراوە لەبارەی سوورەتی (فەتح)ی تەفسیری (کەششاف)[٥١] و لە بارەی بەشی فرۆشتن (البیوع)ی کتێبی ناسراوی (هدایە) ڕوونکردنەوەی نووسیوە. شیعری بەعەرەبی و فارسی و تورکی زۆر بووە. بەناوبانگترینی شیعرە عەرەبییەکانی (قەصیدەی میمییە) کەیەتی[٥٢] کە سەرەتاکەی ئەمەیە[٥٣]:

أبعد سلیمی مطلب ومرام

ودون ذراها موقف ومقام

واتە:

دوای سڵاو ویست و ئارەزووی دیکە هەیە؟

لە پەنای ئەو بەولاوەش جێپەناگە و پایە هەیە؟

(ب/١-ل/٧٢٢-٧٢٣)

**ئەگیل**(٥٤): ناوەندی ناحیەیەکە لە قەزا و لیوای (ئەرغەنی مەعدەنی)ی ویلایەتی دیاربەکر، لە ٣٢ کیلۆمەتری باکووری خۆرئاوای دیاربەکر و ٢٠ کیلۆمەتری خۆرهەڵاتی ناوەندی لیوا (سەنجەق)دا لە نزیك ئەو شوێنەدا کە دوو لقی گچکەی ڕووباری فورات بەیەك دەگەن دامەزراوە. دەوروبەری بەباغ و بێستان دەورەدراوە، میوەی زۆرە، بەسوجوق (سنجوق) و پەستیل (لە کوردستانی باشووردا پێی دەڵێن: قەمەرەددین، کە وشککراوەی تەنکی لە شێوەی کاغەزی دۆشاوی قەیسییە– وەرگێڕی کوردی) بەناوبانگە(٥٥). ناحیەکەی لە ٦٥ گوند پێکهاتووە. زەوییەکانی چیایی و گیانداری ڕاوکردنی زۆرە. لە ناو ناحیەدا لە گوندی (پەرچەمان)دا کانێکی قورقوشمی بە(زیو)ی لێیە. ئەگەرچی زیویشی زۆر کەمە، دەرکردنی قورقوشمی لە پتربووندایە.

(ب/٢-ل/١٠١٩)

**ئەگین**: شارۆچکەیەکە ناوەندی قەزایە و سەر بەلیوا (سەنجەق)ی خەرپووتی سەنجەقی ناوەندیی ویلایەتی مەعموورەتولعەزیزە، لە ٦٠ کیلۆمەتری باکووری خۆرئاوای خەرپووتدایە و لە ٢٨ کیلۆمەتری باکووری خۆرهەڵاتی عەرەبکێردایە، لە بەری خۆرئاوای فوراتدا، لە شوێنێکی چیایی و ڕەقەڵانیدایە و زەوییەکەی ئەگەرچی بەردەڵانیشە، لەبەرئەوەی ئاوی زۆرە، باخچەکانی جوان و میوە و بەتایبەتی (توو)ی بەناوبانگە. خانووەکانی بەرز و جوانن و زۆربەی لە بەرد دروست کراوە. دانیشتووانی نزیکەی ١٠,٠٠٠ کەس دەبن. قوتابخانەیەکی ناوەندی و کڵێسەیەکی کۆنی ئەرمەنیی هەیە.

قەزای ئەگین، لە پەڕی باکووری خۆرئاوای ویلایەتی مەعموورەتولعەزیزدا هەڵکەوتووە. لە باکوورەوە ویلایەتی ئەرزەڕۆم و لە خۆرئاواوە ویلایەتی سێواس، لە باشوورەوە قەزای عەرەبکێر، لە خۆرهەڵاتەوەش بەلیوای (سەنجەق)ی دێرسم (دەرسیم) سنووردراوە و دەورەدراوە.

ئەگین(٥٦) و ناحیەکەی پێکەوە دانیشتووانی ٣٦,٠٠٠ کەسن، ١٠,٠٠٠ دە هەزار کەسێکی خرستیان (دیان) و ئەوی ماوەتەوە تەواوی موسوڵمانن، خرستیانەکان

زۆرینەیان ئەرمەنی و زۆربەی موسوڵمانانی تورکن. هەندێك عەشیرەتی کوردیشی لێیە.

لەبەرئەوەی زۆربەی زەوییەکەی بەردەڵانییە، خەڵکەکەی لەبەر بێگوزەرانی، زۆریان لە ئەستەمبووڵ و شارەکانی دیکەدا دەژین و بەخزمەتگوزاری و خزمەکاری و کاری دیکە خەریکن. بەروبوومی میوەی زۆرە.

(ب/٢–ل/ ١٠١٩)

**ئەلبوستان**(٥٧): شارۆچکەیەکە، ناوەندی قەزایە، لە لیوای مەراش (مەرعەش)ی ویلایەتی حەڵەب و لە لای باکووری لیوادا، لە ٧٠ کیلۆمەتری باکووری خۆرهەڵاتی مەراش–دا هەڵکەوتووە، رووباری جەیحان کە بە ئەدەنەدا ڕەت دەبێ، لە لایەوە هەڵدەقوڵێ و ڕێ دەکا، دانیشتووانی ئەلبوستان ٥٨٢٨ کەسە، دوو لە سێی موسڵمان و، یەك لە سێیشی دیانن. ئەم شارۆچکەیە لە سەردەمێکدا گەورەتر و ئاپۆرەتر و بەر لە مەراش ناوەندی حوکمدارانی (زولقەدر) بووە.

قەزای ئەلبوستان لە بەشی باکووری ویلایەتی مەراش(٥٨) پێکدێ، لە خۆرهەڵاتەوە لیوای مەڵاتییەی ویلایەتی مەعموورەتولعەزیز، لە باکوورەوە لیوای ناوەندیی سێواس و لە خۆرئاواوە لەگەڵ لیوای کۆزان–ی ویلایەتی ئەدەنە، لە خۆرئاواوەش قەزاکانی زەیتوون و ئەندرین سنووردار و دەورەدراوە. پێکەوە لەگەڵ ناحیەی ئەفسووس لە ١٣٥ گوند پێکهاتووە، زەوییەکانی چیا و بەرزە.

لە ناو قەزادا و لە ٢٥ کیلۆمەتری باکووری خۆرئاوای شارۆچکەی ئەلبوستاندا، ئەمرۆ شارۆچکەیەکی گچکەی ناوەندی ناحیەی بەناوی (یارپوز) یان (ئەفسووس)ەوە لێیە و لەسەر شوێنەواری شاری (ئەرپەسوس)دا ڕۆنراوە. ئاشکرایە کە ناوی (یارپوز) تێکدراوەی ناوی ئەم شارە کۆنەیە، ناوی (ئەفسووس)یش هەر شێوەیەکی تێکدراوی ئەمەیە و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی هەندێك جوگرافیاناس ئەمەیان لەگەڵ ناوی (ئەیاسلوغ)ی ئەمرۆ، کە (ئەفسووس) یان (ئەفەس)ی کۆنی زانراودا تێکەڵ بکەن.

ئەشکەوتی نووستووەکان (ئەصحابولکەهف) بەپێی گێڕانەوەیەك لە (یارپوز) و لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا لە دەوروبەری (ئەیاسلوغ)دا بووە(٥٩). لە ناو ئەم قەزایەدا کەلاوەی سێ قەڵات هەیە، هەروەها دوو ستوونی چوارگۆشەشی لێیە کە هەریەکەیان لەسەر پەیکەری شێر و پڵنگدا جێیان کراوەتەوە، کە لە شوێنەواری دێرین دەژمێردرێن.

(ب/٢–ل/١٠٢١)

**ئەندرین**[٦٠]: گوندێکە، ناوەندی قەزایە لە لیوای مەراش–ی ویلایەتی حەڵەب–دا و لە **١٩** سەعاتە ڕێی خۆرئاوای مەراش هەڵکەوتووە. لە قەزای ئەندریندا هەموو جۆرە دانەوێڵەیەك بەرهەم دەهێنرێ هەندێك بەرهەمی وەك بەڕە و عەبا و کاڵا دروست دەکرێ و ناو قەزاکە دەشتێکی بەناوبانگی لێیە بەناوی (گوێکسون)ەوە، ئەو چەرکەسانەی کە لێی نیشتەجێ کراون، هەندێك کاری شەڤات (نەقشکاریی ڕەشی سەر زیو) دەکەن[٦١]. دوو زێ بەناو قەزادا دەڕوا کە ناویان ئەندرین و کەشیش–ەو بەڕووباری جەیحان–دا دەڕژێن. قەزاکە لەگەڵ ناحیەی گوێکسون پێکەوە ٨١ گوند بەخۆوە دەگرن.

(ب/٢–ل/ ١٠٤٧)

**ئەردوموشت**: قەڵایەکی پتەو بوو لە نزیك مووسڵدا، لە بەری خۆرهەڵاتی دیجلەدا و لەسەر چیای جوودی–دا قەڵایەکی پتەو بوو، لەسەر چیای جوودی–ی بەری خۆرهەڵاتی دیجلەدا، لە نزیکی مووسڵ. لەبەر ڕاپەڕینی خەڵکەکەی لە سەردەمی (موعتەدید!– دەبێ موعتەضید بێ – وەرگێڕی کوردی!)ی خەلیفەی عەبباسیدا، لە لایەن خەلیفەی ناوبراوەوە ڕووخێنراوە، دواتر لە لایەن ئەحمەدی ئەبو تەغلیب–ی حەمدانییەوە بەناوی (کەواشێ)وە دروست کراوەتەوە.

(ب/٢–ل/ ٨٢٥)

**ئەرغەنی**: شارێکە، ناوەندی لیوایە و لە نزیکەی ٥٠ کیلۆمەتری باکووری خۆراوای شاری دیاربەکری ویلایەتی دیاربەکردایە، لە نزیك ڕووباری دیجلەدا لە ناوچەیەکی زۆر جوانی دڵگیردا هەڵکەوتووە، دانیشتووانی کە نزیکەی ٧٠٠٠ کەس دەبن، ناوەندییەك و دوو قوتابخانەی سەرەتایی و هەندێك شوێنەواری خۆقایمکردنەوەی لێیە، سێ تانکیی کۆنی گەورەی ئاو و پردێکی بەردین و چەند پردێکی دیکەی تەختەداری هەیە، باخ و باخچەیەکی زۆر و جێی گەڕانی هەیە، میوەکانی و شەرابی بەناوبانگن . کەش و هەوای ئێجگار سازگار و هاوینان بۆ هەوا گۆڕین هەن لە دیاربەکرەوە دێنە ئەوێ، لەسەر قەڵادا نزرگەی (زولکیف– دەبێ زولکیفل نەبێ؟ وەرگێڕی کوردی)ی پێغەمبەر (د.خ)ی لێیە، لە دوو سەعاتە ڕێی باشووری خۆرئاوای شارۆچکەدا، ئەشکەوتێکی گەورەی لە ناو تاوێر هەڵکەندراوی لێیە کە لە ناویەوە ئاوێکی بەتام و خۆش هەڵدەقوڵێ.

(ب/٢–ل/٨٣٤)

**ئەرغەنی یان لیوای (ئەرغەنیمەعدەنی)**: یەکێکە لە سێ لیوا کە ویلایەتی دیاربەکر پێکدەهێنن، لە لای خۆراوای ویلایەتدا هەڵکەوتووە. لە باکوورەوە بەویلایەتی بتلیس و ئەرزەڕۆم و لە خۆراواوە ویلایەتی خەرپووت، لە باشوورەوە ویلایەتی حەڵەب و لە خۆرهەڵاتەوە بەلیوای دیاربەکر سنووردارە. بەشی باکووری چیاییە و بەشی باشووری تەختترە. لە باشووردا چیای قەرەجەداغ کە ئەم لیوایە لە قەزای دیاربەکر جودا دەکاتەوە، شایەنی باسە، لە کاتێکدا لە لای باکوورەوە چیایەکی زۆری پەیوەست بەزنجیرە چیای قەرەداغ. ئاوی موراد لە بەشی باکووری لیواوە، واتە بەناو قەزای پالۆ-دا ڕەت دەبێ و دوای ئەوەی لە ناو ویلایەتی خەرپووتدا لەگەڵ فورات یەك دەگرێتەوە بەلای بەشی خۆراوای لیوادا ڕەت دەبێ، لە ویلایەتی خەرپووتی جودا دەکاتەوە. یەك لەو زێیانەی ڕووباری دیجلە پێکدەهێنن کە بەڕەسەن بەناوی دیجلەوە دەناسرێ وەکو شتێکی سەرەکی لە ناو ئەم لیوایەوە هەڵدەقوڵێ. چەند زێیەکی گچکە، کە دەڕژێنە ناو فورات، بەشی باشووری لیواکە ئاو دەدا.

خاکەکەی تا ڕادەیەك بەپیت و ڕووەك ڕوێنە. بەروبوومی سەرەکیی، لە گەنم، جۆ، کونجی و برنج و هی دیکە لەگەڵ لۆکە و قۆزاخەی ئاوریشم و ترێ و میوەجاتی دیکە پێکدێ. لە ڕووی کشتوکاڵەوە یەکەمین قەزای دیاربەکرە، ساڵانە بەرامبەر (دەیەك)انەی[٦٢] نزیکەی دوو ملیۆن و نیو قرووشە. ئەگەرچی مەڕ و ئاژەڵی دیکەی زۆرە، لە دوای لیوای ماردینەوەیە. دارستانی زۆر کەمە، ناحیەی ئەگیل و قەزای پالۆ هەندێك دارستانیان تێدایە کە تەنیا بۆ سووتەمەنی دەست دەدا.

ئەم لیوایە لە لایەن کانزاوە گەلێك دەوڵەمەندە، ئەرغەنی مەعدەنی (واتە: کانی ئەرغەنی)ی نزیك ناوەندی لیوا، کانێکی زۆر بەبەرهەمە، کە مس و ئاسن و گۆگرد (کبریت) بەرهەمی پێکدەهێنن. لە دۆخی ئێستایدا ساڵی نزیکەی ١٢ ملیۆن هۆقە گەوهەری لێ بەدەست دەهێنرێ. لەبەرئەوەی دارستان یان کانی خەڵووز (ڕەژوو)ی لێ نییە، لە لایەن سووتەمەنییەوە زەحمەتیی هەیە بۆ کاری تواندنەوە. ناتوانرێ وەك پێویست سوودی لێ دابین بکرێ. لە قەزای پالۆشدا دەمار گەلێکی کانی لە گۆگرد و مس پێکهاتوو هەیە، کە ناوی کانی (هۆشین)ە. گەرچی لە کانزاکانی ئەمەوە تەنیا لە سەداپێنج تا دە، بڕی مس بەدەست دەهێنرێ، لە ناوچەکەیدا دارستانی وای لێیە بۆ سووتەمەنی دەست بدا و سوودی لێ ببینرێ. لە ناحیەی ئەگیل-یشدا کانێکی قورقوشم هەیە کە بەشێکی زیوی تێدایە و دەردەهێنرێ. لە شارۆچکەی چەرمگیشدا گەراو (گەرماو)ێکی بەسوود هەیە.

ڕووپێوی لیوا بەمەزەندە، نزیکەی ٨,٠٠٠ کیلۆمەتر و دانیشتووانیشی ١٠٠,٠٠٠ سەد

هەزار كەسێكن، كەمێكی ئەمانە ئەرمەنی و بەگشتی دیانن، ئەوەی دیكە هەر هەموو موسوڵمانن لە ڕەگەزی كورد و توركن. زمانی گشتیی توركییە[٦٣]. بەڵام كوردەكان لە نێو خۆیاندا بەكوردی دەئاخێون. زۆربەی كوردەكان نیشتەجێن، تەنیا عەشیرەتەكانی قەرەكێچی و شەڕابی بەزۆری لە شێوەی كۆچەرن و لە ڕەشماڵاندا دەژین.

لە ناو لیوادا پێنج ناوەندی و چەند مەدرەسەیەك و قوتابخانەی دیكە هەیە، نزرگەی یەك دوو لە پێغەمبەرە مەزنەكان و یاوەرانی پێغەمبەر (د.خ) و لە چاكە بەناوبانگەكان و گۆڕی پیرۆزی چەند كەسێك لە جەنگاوەران لەم لیوایەدا بوونەتە جێی سەردان (زیارەتی) دانیشتووان.

لیوای ئەرغەنی، وەك لە خوارەوە دیارە، بەسەر ٤ قەزا و ٦ ناحیەدا دابەش كراوە:

| قەزا | ناحیە |
|---|---|
| ئەرغەنی | ئەرغەنی |
| | ئەگیل |
| سیوەرەك[٦٤] | بوچاك |
| | قەرەكێچی |
| | قەرەجەداغ |
| چەرمك | چوینگویش |
| پالۆ | |

(ب/٢-ل/ ٨٣٤- ٨٣٥)

**ئەرتەمید**[٦٥]: شارۆچكەیەكی بچووكە لە سەعات و نیوێك لە باشووری شاری وان و لە بەری لای خۆرهەڵاتی گۆلی وان-دا هەڵكەوتووە. گوایە لە لایەن- سەمیرامیس-[٦٦]ی شاژنە ئاشوورییی بەناوبانگەوە ڕۆنراوە. بەهەرحاڵ شارۆچكەیەكی زۆر كۆنە.

(ب/٢-ل/ ٨٢٣)

**ئەرخەوان**[٦٧]: گوندێكی گەورەیە، ناوەندی ناحیەیە لە قەزای (قەبانمەعدەنی)ی قەزا و ویلایەتی مەعموورەتولعەزیزدا. ناحیەكەی لە باشووری خۆرئاوای ڕووباری فوراتدایە.

(ب/٢-ل/٨٣٥)

**ئەرزنجان**: (لە بنچینەدا بە (گ)ی فارسی (ئەرزنگان)ە. ئەرزنجان بەعەرەبی کراوی ئەمەیە، تەنانەت تا ئەمڕۆش لەسەر زاری خەڵکدا شێوەی (ئەزرگان)ە کە لە ئەرزنگانەوە بەهەڵە وەرگیراوە): شارێکە ناوەندی لیوایە و لە ١٣٠ کیلۆمەتری باشووری خۆراوای شاری ئەرزەڕۆم و لە ویلایەتی ئەرزەڕۆم–ە.

لە بەری دەستەڕاستی فوراتدا، واتە لە لای باکووریدا و لە دەشتاییەکدا هەڵکەوتووە، کە بەچیا دەورەدراوە. دوای ئەو کێشەیەی کە بەسەرچووە و ڕۆیشتووە(٦٨)، کراوەتە بنکەی لەشکری چوارەمی شاهانە.

ئەگەرچی لە چەند بوومەلەرزەیەکدا تا ڕادەیەك ڕووخاوە و بایەخە کۆنەکەی کەم بووەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا شارێکە ١٤٠٠٠ کەس دانیشتووانیەتی و تا ڕادەیەك جێی بازرگانییە. بەشی زۆری دانیشتووانی موسوڵمان و تورکن، ئەوی دیکە بەشێوەیەکی سەرەکی لە ئەرمەنی پێکدێ(٦٩). شارەکە نزیکەی ٢٠ مزگەوت و نوێژگە و چەند مەدرەسەیەك و ٤ کڵێسە و قوتابخانەیەکی سڤیل و یەکێکی سەربازیی هەیە، ١٢٥٠ دووکان و کۆگا، ٨ گەرماو و قشڵەیەك و نەخۆشخانەیەك و بەندیخانەیەك و بارووتخانەیەك و کارگەیەکی عابا دروستکردنی تایبەت بەلەشکر و شوێنێکی پێستە خۆشکردنی هەیە.

لە ناو شاردا کاری چنین، وەك ڕایەخی خوری و بەرماڵ و تاقمی گەرماو (کاڵای خۆ وشك کردنەوە)، خاولی، کاڵا، ڕووە بالیفی (چاتمە) و تاقمی ڕاخستن، لەگەڵ کاری بەرهەمهێنانی دەستیی جۆراوجۆری لە ئاسن و زیو و مس. بەشی زۆری ئەم کارە دەستی و چنراوانە بۆ فرۆشتن دەبرێنە دەرەوە، بڕی بەرهەمی لە مس دروستکراو لە ١٢,٠٠٠ هۆقە پترە، باغ و باخچە و بۆستانیشیان زۆرە، میوەی زۆر چاك و جۆراوجۆر بەرهەم دەهێنرێ، ئەگەرچی هەوایەکی مامناوەندیی چاکیشی هەبێ، لەبەرئەوەی بەچیا دەورەدراوە، هاوینان پتر گەرمە و خەڵکەکەی ناچار دەبن هاوینان بچنە هەوارگەکان.

(ب/٢-ل/٨٢٧)

**لیوای ئەرزنجان**: لەو چوار لیوایەی ویلایەتی ئەرزەڕۆم پێکدەهێنن ئەوەیانە کە لە بەشی هەرە باشووری خۆرئاوایدایە. لەگەڵ ناوەندا پێکەوە لە چوار قەزا پێکهاتووە، کە ماخ و ڕەفاهیە و قوڕوچای بەخۆوە دەگرێ، زەویی بەگشتی چیاییە، دەشتی بەپیت و نشێو و دارستانێکی زۆری لێیە بۆ کەرەستەی دارتاشی دەست بدا، کە لە قەزای ڕەفاهییەدا دەڤەری

باكوری خۆرئاوای لیواكە پێكدەهێنێ. چیای چەرداك، لە ناو لیوادا لە باكوری ڕۆژهەڵاتەوە بۆ باشووری خۆراوا درێژ بووەتەوە. زۆربەی دارستانەكان لە داوێنی ئەم چیایەدایە، پشتی چیای مزوور(٧٠)، سنووری باشووری لیواكە پێكدەهێنێ و دێرسم (دەرسیم) لە ئەرزەڕۆم جودا دەكاتەوە. لە لای باكوور و خۆرهەڵاتیشیدا كۆمەڵە چیایەك هەیە. ڕووباری فورات لە ناوەڕاستی بەشی باشووری خۆرهەڵاتییەوە و لە لای شارۆچكەكانی ئەرزەڕۆم و (كەماخ)دا ڕەت دەبێ، زێیەكانی كوێمویر و قوڕوچای-یش كە لە باكوری خۆرئاواوە دێن دەڕژێنە ناویەوە. لەو بەشەیدا كە لە خۆراواوەی كەماخ-دایە كەڵەكی لە ناودا كاردەكا.

لە لیوای ئەرزنجاندا دانەوێڵەی جۆراوجۆر لەگەڵ سەوزەواتی هەمە چەشنە و میوەجات و لۆكە بەرهەم دەهێنرێ. لە كاتێكدا بەرهەمی پیشەسازییان تەنیا مافوور و بەڕە و شاڵ و عابا و هی دیكەیە. لە گوندی (كیغا-ی)ی قەزای (كەماخ)دا، كانێكی ڕەژووی پاك و زۆر و لە قەزای ڕەفاهییەدا لە گوندی (كویمەجك)دا كانی قوڕقوشمی بەزیو و لە گوندێكی دیكەدا هی ئۆكسیدی قوڕقوشمی سروشتیی لێیە. لە دووریی دوو سەعات لە شارۆچكەی ئەرزنجانەوە گەرماوێكی گۆگرداویی لێیە.

دانیشتووانی لیواكە ١٠٥,٨٤٨ كەسن، لەمانە ٨٣,١٤٠ یان موسڵمانن و ١٨,٨٣٤ یشیان ئەرمەنی و ئەوانی دیكەش سەر بەئاین و میللەتە جۆراوجۆرەكانی دیكەن.

قەزای ئەرزنجان، هەر بەو ناوەوە ناوەندی لیواكەیە و لەگەڵ ناوەندی لیوادا لە ١٩٧ گوند پێكدێ. دانیشتووانی ٥٣,٩٤٧ كەسن، ٣٩,٦٢١یان موسڵمان و ١٢,٦٠٦یان ئەرمەنی و ئەوانی دیكەش جوولەكە و هی دیكەن. زەوییەكەی شوێنی هەرە بەپیتی لیواكەیە، دانەوێڵەی جۆراوجۆر و میوە و سەوزەواتی زۆرە.

(ب/٢-ل/٨٢٧-٨٢٨)

**ئەرزەڕۆم**: لە بنچینەدا (ئەرزەنوڕرووم)ە، چونكە بەناوی (ئەرزەن)ەوە شارێكی دیكە لەو ناوچەیەدا هەبووە و چونكە ئەرزەڕۆم لەو سەردەمانەدا نزیكی وڵاتی ڕۆمەكان بووە، پێیان گوتووە (ئەرزەنوڕرووم)، لە كتێبە جوگرافیایی و مێژووییەكانی عەرەباندا بەم شێوەیە تۆماركراوە، دواتریش ئەم ناوە بەناوێكی لێكدراوی عەرەبی زانراوە و ئیدی بەشێوەی (ئەرزی ڕووم) نووسراوە.

شارێکی گەورەیە، ناوەندی ویلایەتێکی هەر بەو ناوەی لای باکووری خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵە. بەپێی شوێنی هەڵکەوتنی، وەکو ئەوەی بایەخی سەربازیی پترە و لەبەر ئەوەی وەك کۆگا (عەمار)ێکی گەورەی لێ هاتووە بۆ ئەو بازرگانییەی لە نێوان ئێران و وڵاتە خۆرهەڵاتییەکانی دیکە لەگەڵ ئەستەمبووڵ و ئەورووپادا ئەنجام دەدرێ، بایەخی بازرگانیشی هەیە. لەسەر پلەی ٣٩٥٥١٦ی باکووری پانی لەگەڵ ٣٨٥٨٨ی درێژی و لە ڕۆخی دەشتێکی ١,٩٥٠ مەتر بەرزیدا و لە داوێنی چیایەکی بەرزدا جێی کردووەتەوە کە ناوی (شغوەلەر)ە[٧١]. تەنیا لای باکوری خۆرئاوای دەشتی باسکراو کراوەیە، لایەکانی دیکەی بەچیا دەورەدراوە. سەرچاوەکانی قەرەسوی یەك لە لقەکانی فورات لەو ناوەدایە و یەك لە لقەکانیشی بەناو شاردا دەڕوا.

ئەگەرچی شاری ئەرزەڕۆم سەردەمانێك زۆر ئاوەدان بووە، دانیشتووانی گەیشتووەتە ١٣٠,٠٠٠ کەس، لەبەر نزیکیی لە سنوور و شوێنی پەیوەست بەجەنگەوەی، لە جەنگی ساڵی١٢٤٥ی هیجری (١٨٣٠ی زایین)دا تووشی وێرانی بووە و دانیشتووانی بۆ ١٥,٠٠٠ کەس کەم بوونەتەوە. ئەگەرچی لەو شەڕەدا کە هاتووە و بەسەرچووە زیانی دیوە، لەم سەردەمە دوایییانەدا ڕووی لە ئاوەدانی کردووەتەوە و دانیشتووانی گەیشتوونەتە ٣٨,٩٠٠ کەس. ئەمانە ٢٦,٥٥٤یان موسڵمان و ٩,٤٢١یان ئەرمەنی و ئەوانی دیکەش کاتۆلیك و هی دیکەن. شار بەگشتی دەکرێتە سێ بەشەوە، یەکەمیان قەڵاکەیەتی کە لە بەرزترین شوێنیدایە، دووەمیان شارۆچکەکەیەتی کە لە دەوروبەری قەڵادایە و بەشوورە دەورەدراوە، سێیەمیشیان ئەو بەشەی دەرەوەی شوورەکەیەتی کە لە چوار گەڕەك پێکهاتووە. ٣٠ مزگەوتی پیرۆزی هەیە کە (٨) هەشتیان گەورەن، لەمانە یەکیان جووتێك منارەی هەیە و بەشێوەیەکی زۆر هونەری نەقش کراون و مەدرەسەیەکی زۆریشی لێیە، سێ بازاڕ و دائیرەیەکی ڕێکوپێکی سەربازیی لێیە[٧٢].

سێ قشڵە و دوو ناوەندی، یەکیان سەربازی و ئەوی دیکەیان سڤیل و ئامادەیییەکی سەربازی، ئامادەیییەکی تێکەڵاو و سێ قوتابخانەی سەرەتایی و قوتابخانەیەکی زۆری منداڵان و ئیسلاحییەیەك (واتە بەندیخانەی ڕەوشت چاککردنەوە) و باخچەیەکی گشتیی بۆ خەڵك کراوە. ئەو بەرهەمە پیشەسازییانەی لە ناو شاردا بەرهەم دەهێنرێ، سەرەکییەکانیان وەکو: شمشێر، تفەنگ، قەڵەمبڕ و ئەو شمەکانەی لە شیشی ئاسن دروست دەکرێن و هەروەها شتی جۆراوجۆری لە زیو و مس و برونز و هەندێك کاڵا و چنراوی وەکو چارشێو.

لە شارەوە تا ترابزۆن کە ئەسکە لە (بەندەر)یەتی، شۆستەیەکی ڕێکوپێك دروست کراوە و عەرەبانە (گالیسکە)ی بەسەردا دەڕوا. کەشوهەوای زستانان زۆر سارد و سووتەمەنیی زۆر قاتە (کەمە). دوای ئەم شەڕی دواییە، تایبەتمەندییەتیی بوونە ناوەندی لەشکریی لە دەست داوە. شاری ئەرزنجان کراوەتە ناوەندی لەشکری چوارەمی شاهانە.

خەڵکی ئەرزەڕۆم زۆر زیرەك و لێهاتوون، کەسایەتییەکی زۆری بەناوبانگیان لێ هەڵکەوتوون، لە دەرەوەی شاردا، لە داوێنی چیای شیغوەلەردا وەکو ئەوەی گۆڕی پیرۆزی عەبدوڕڕەحمان غازی-ی یەك لە یاوەرانی پێغەمبەری لێیە، لە شێخ و زانا ناودارەکانیش زاتی وەکو ئەبو ئیسحاقی کارزوونی(٧٣) و سەدرەددینی قۆنەوی(٧٤)-یش لەم شارەدا نێژراون.

لە سەرەوە باسمان لەوە کرد کە ناوی ئەرزەڕۆم بەهەڵە لە (ئەرزەنوڕڕووم) وەرگیراوە، بەپێی بۆچوونێکی دیکە ناوی کۆنی ئەم شارە لە ناو ئەرمەنییاندا (گارین)ە. مێژووە کۆنە یۆنانییەکان ئەم ناوەیان بەشێوەی (کارانیتیس) وەرگێڕاوە و گۆڕیوە. لەبەرئەوەی ئەرمەنییە کۆنەکان ناوی (کارنوکاشاك)یشیان بەکارهێناوە کە واتای (شاری کارنی) دەگەیەنێ، ئەو ناوەی (قالیقلا- کالیکلا)یەی هەندێك لە جوگرافیا ناسانی عەرەب بەکاریان هێناوە، شێوە گۆڕاوەکەی ئەم ناوەیە. لە ٤١٥ی زاییندا، تیۆدۆ سیۆس-ی گەنج-ی یەك لە ئیمپراتۆرەکانی ڕۆم بووە، قەڵایەکی لەم شارەدا بنیات ناوە، شارەکەش سەردەمێکی زۆر لە ناو ڕۆمەکاندا بەناوی (تیۆدۆ سیۆپۆلیس)-ەوە ناسراوە.

بەپێی ڕوانگەی هەندێك مێژوو، لە سەردەمە دوایینەکاندا ئەو شاری (ئەرزەن)ەی لەو ناوەدا بووە، لە لایەن سەلجوقییانەوە گیراوە و ڕووخێنراوە، دانیشتووانی هەڵاتوون، چوونەتە ئەرزەڕۆم کە تا ئەوسا بەگارین، یان کالیکلا، یان تیۆدۆسیۆپۆلیس ناوبراوە. بۆیە ئەم شارەش ناوی (ئەرزەن)ی لێ نراوە و بۆ ئەوەی لە لایەن عەرەبەکانەوە لە (ئەرزەن)ەکانی دیکە جیا بکرێتەوە، بە(ئەرزەنوڕڕووم) ناونراوە. ئەڵبەتە هەر ئەو شارە بەتەواوی نەسەلمێنراوە کە هەر گارین و تیۆدۆسیۆپۆلیس و ئەرزەڕۆم-ی ئێستا بووبێ و گومانی تێدایە.

هەرچۆنێك بێ. شاری ئەرزەڕۆم و دەوروبەرەکەی، لە سەردەمی خەلیفایەتیی حەزرەتی عومەری کوڕی خەتتاب-دا ئەرکی گرتنی شام خرابووە سەر ئەستۆی ئەبو عوبەیدە، یەك لەو ئازایانەی لەگەڵیدا بوون (عیاض-ی کوڕی غەنەم) بووە، لەسەر دەستی ئەمەی

دواییان ئاشتییانه شارەکە گیراوە و خراوەتە سەر وڵاتانی ئیسلام- لە ٨٨٦ (١٤٨١ی زایین)دا لە لایەن شائیسماعیلی سەفەوییەوە گیراوە و تێکەڵی ئیمپراتۆرییەتی ئێران کراوە، لە ٩٢٠ (١٥١٤ی زایین)دا حەزرەتی سوڵتان سەلیم خان-ی یاوز- لە دەمی سەرکەوتنە بەناوبانگەکەی (چاڵدیران)دا گرتوویەتی و خستوویەتییە- سەر ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی. دوای ئەوە لە سەرمای چەند ساڵێکی یەك بەدوای یەکدا و لە بوومەلەرزەی زوو زوو ڕووداودا هەموو ڕووخاوە و دانیشتووانی پەرت بووە. زاتێك بەناوی حاجی عەلی بەگ لە سەرکردە کوردەکان بووە و لە دەوروبەریدا لە ناو ڕەشماڵاندا دەژیا، عەشیرەتەکەی خۆی تێدا نیشتەجێ کردووە و شارەکەی سەر لە نوێ ئاوەدان کردووەتەوە.

(ب/٢-ل/٨٢٩- ٨٣٠)

**ویلایەتی ئەرزەڕۆم**: یەکێکە لە ویلایەتەکانی ئەنادۆڵی دەوڵەتی بەرزی عوسمانی، لە پەڕی باکوری خۆرهەڵاتی ناوچەی ناوبراودا هەڵکەوتووە. لە سنووری ویلایەتی ترابزۆن-ەوە کە لە ڕۆخی دەریای ڕەشەوە ٢٥ کیلۆمەتریك لە ژوورەوەیە، تا سنوورەکانی ئێران، بەدرێژایی سنووری ڕووسیادایە. بەمەزەندە و نزیکەی ١٠٦,٠٠٠ کیلۆمەتری وشکانی فراوانییەتی. لە لای باکوری خۆرئاواوە لەگەڵ ویلایەتی ترابزۆن، لە لای باکووری خۆرهەڵاتەوە لەگەڵ سنووری ڕووسیا، لە خۆرهەڵاتەوە لەگەڵ سنووری ئێران، لە خۆرهەڵاتدا لەگەڵ ویلایەتەکانی وان، بتلیس، دیاربەکر و مەعموورەتولعەزیز، لە خۆرئاواوە لەگەڵ ویلایەتی سیواس سنووردارە و دەورەدراوە، دانیشتووانی ٥٨١,٧٥٣ کەسە، لەمانە ٤٦٤,١٢٩یان موسڵمان و ١٠٩,٨٣٥یشیان ئەرمەنی و ئەوانی دیکەش سەر بەمیللەتانی دیکەن. زەوییەکەی بەگشتی چیایی و بەرزایین، لەبەرئەوەی ئاوەکەی بەهەموو لایەکدا دەڕوا، بەرەو سێ لێژی شۆڕدەبێتەوە، واتە لێژییەکەی دەریای ڕەش و لێژیی دەریای خەزەر و ئەوەی کەنداوی بەسرە.. قەرەسو کە ڕووباری فورات پێکدەهێنێ و سەرچاوەکانی زێی موراد-یش لەم ویلایەتەدایە، بەشی خۆرهەڵاتی ویلایەتەکە واتە تەواوی لیوای بایەزید لە نشێویی زێی موراد پێکدێ و چ لە سنووری ڕووسیا، چ لە سنووری ئێران، کە بەچیای بڵند بڵندەوە لە ویلایەتی وان جیادەبێتەوە، ڕووکاری بەرەو باشووری خۆراواوەیە. بەشی باشووری خۆراوای ویلایەت، واتە یەك لە سێی لیوای ناوەندیی ئەرزەڕۆم لەگەڵ لیوای ئەرزنجان و هەروەها ڕووبەرەو باشووری خۆراوا لە نشێوی قەرەسو پێکدێ. بەشی گەورەی لیوای بایبورد لە نشێوی زێی چۆروقسو پێکهاتووە، تەنیا بەشی بەرەو خۆراوای بەنشێوی زێی کەلکیت، کە لقی هەرە گەورەی زێی (یەشیل

ئێرمەق)ەوە پەیوەست و سەرچاوەکانی ئەمانەش بەخۆوە دەگرێ. لە کاتێکدا بەشێکی لە سێ-دا دووی دیکەی لیوای ئەرزەڕۆم، دیسانەوە بەنشێوی چۆروقسو-ەوە پەیوەستە، یەك لەسەر سێیەکەی دیکەی، واتە لای خۆرهەڵاتی، کەواتە ناوەڕاستی ویلایەتیشە، بەرەو باکووری خۆرهەڵاتە و سەربەنشێویی زێی ئاراسە، یەك لەو دوو زێیانەی ئەم زێیە پێکدەهێنن لە نشێویی زێی (پاسین) پێکدێ.

بەخۆوەگرتنی سەرچاوەکانی ئەم هەموو زێیە گەورانە و بەهەموو لایەکدا ڕۆیشتنی ئاوەکانیان، بەڵگەی بەرزیی شوێنەکەیە. بەرزترینی چیاکانی ئەمانەن: ئاگری، کە نزیکی خاڵی بەیەکگەیشتنی سنوورەکانی عوسمانی و ئێران و ڕووسیا، کە ناوی دیکەی چیای ئەراراتە و گوێکداغ کە لە باکووری شاری ئەرزەڕۆمدا هەڵکەوتووە، چیای بینگوێل کە لە نووکی باشووری ویلایەتدا و لەو خاڵەدا کە سنوورەکانی ویلایەتەکانی ئەرزەڕۆم و وان و بتلیس بەیەك دەگەن هەڵکەوتووە، هەروەها زنجیرە چیای پۆنتوس لە بەدرێژایی سنووری ویلایەتی ترابزۆن-دا جێی کردووەتەوە و چیای کوێسە و چەنگەل کە بەدرێژایی سنووری ڕووسیای لیوای بایەزید-دان، هەروەها ئەڵاداغ کە لە ناوەڕاستی لیوای بایەزیددایە، مزوورداغ کە لە باشووری لیوای ئەرزنجاندایە و چەرداخداغ کە لە ناوەڕاستی لیوای ناوبراودایە و هی دیکە.

داوێنی ئەو چیایانەی نێوان زێیەکی زۆرداو زۆربەی زنجیرە چیای گچکە بەدارستان داپۆشراون، بەتایبەتی خۆرئاوای ویلایەت و لای باکوری خۆرئاوای دارستانی فراوان و داری سنەوبەر و داربەڕوو و چنار و هی دیکەی هەیە کە بۆ کەرەستەی دارتاشی و سووتەمەنی دەست دەدەن. ئەگەرچی ئەو شوێنانەی ئەم ویلایەتە کە دەشێ بەدەشت ناو ببرێن زۆر کەمیش بن، وەنەبێ لە کەنارى زێیەکاندا دۆڵ و کەندالی بەپیت و ڕووەکرۆێنیشی نەبێ. بەتایبەتی لە لیوای ناوەندی ئەرزەڕۆم-دا و لەگەڵ لیوای ئەرزنجان لە پلەی دووەمدا بەروبوومێکی زۆر بەرهەم دەهێنرێ. وەك ئەوەی دانەوێڵەی وەکو گەنم، جۆ، پەڕشە، گەنمەشامی و هی دیکە لە هەموو لایەکی ویلایەتدا بەدەست دەخرێ، لە لیوای ئەرزەڕۆمدا فندق و گوێز و باوی-یەکی زۆر و سێو و هەرمێ و گێلاس و ڤیشنە (جۆرە گێلاسێکی ڕەنگ تێری مێخۆشە- وەرگێڕ)و بڕێکی زەیتوون و لە لیوای ئەرزنجانیشدا قۆخ و توو و میوەی دیکە بەبڕێکی زۆر بەدەست دەهێنرێ. لە لیوای بایبورد-یشدا زۆر و لە لیواکانی ئەرزەڕۆم و ئەرزنجانیشدا سەر و بڕێك گەنمەشامی پێدەگەیەنرێ(٧٥). لە لایەن کشتوکاڵەوە دواکەوتووترین و لە لایەن بەرهەمەوە کەمترین ناوچەی لیوای بایەزیدە. لە

هەموو ویلایەتدا ساڵانە نزیکەی ١٦ ملیۆن شینیك[٧٦] گەنم و ١٣ ملیۆن شینیك جۆ بەدەست دەهێنرێ. بڕی بەرهەمی دیکە زۆر نزمە.

لە ناو ویلایەتدا نزیکەی ملیۆن و نیویێك مەڕ و نزیکەی ٦٥٠,٠٠٠ بزن و پتر لە ١٠٨,٠٠٠ ئەسپ و هێستر و گوێدرێژ، نزیکەی ٤٧٨,٠٠٠یش (گا)ی لێیە. ساڵانە بڕی ٢٦٥,٠٠٠ پێستەی مەڕ و بزن و گا لەگەڵ ٢٨٤,٠٠٠ هۆقە خوری و ١٠٣,٠٠٠ هۆقە مووی بزن بەدەست دەهێنرێ.

ئەگەرچی کەشوهەواشی مەیلەو ساردە، سەرمای بە بەرزاییەکانەوە پەیوەستە، دۆڵ و شوێنە نزمەکان میانڕۆیە، تەنانەت لە هەندێك شوێنی وەك ئەرزنجاندا هاوینان گەرمە.

بەرهەمە پیشەسازییەکانی ئەرزەڕۆم، بەشێوەیەکی سەرەکی ئەو قاپ و قاچاخ و ئامێرانەی لە پۆڵا و زیو و مس دروست دەکرێن و شتی وەك سبیل و ئیمامەی[٧٧] لە کەهرەب (کارەبا)ی ڕەش دروستکراو و ئەو بەڕە چنراوانەی باشترینیان لە لایەن ئافرەتانی عەشیرەتە کوردەکانەوە دروست دەکرێن و بەرماڵ (دووگرد) و مافوور و شاڵ و گۆرەوی و هی دیکە. هەروەها ڕایەخی خوریی ژوور ڕاخستن کە بەشێوەیەکی سەرەکی لە شاری ئەرزنجاندا دروست دەکرێ و تاقمی حەمام و هەروەها بەن (داو)ی ڕەنگاوڕەنگی لە ئەرزنجان و ناوچەی کیغی-دا دروست کراویشی هەیە. سەڕاجی کە پێویستیی ناوچەییە، کورك و فەروو، دروستکردن و دارتاشی و پیشەی دیکەشیان زۆر پێشکەوتووە.

لە ناو ویلایەتدا کانزایەکی زۆر و گەڕاو (ئاوی کانزایی)شی لێیە. لە سەردەمی خۆیدا لە ناوچەی کیغیدا کانێکی ئاسن کە بۆ دروستکردنی گوللە بەکارهێنراوە و دوایی وازی لێ هێنراوە، لە ناوچەی کەماخی-شدا کانی دەوڵەمەندی خەڵووز و قورقوشمی تێکەڵی زیو و ئۆکسیدی قورقوشمی سروشتی و لە ناوچەی کەسکیم-دا پۆڵا و لە ناوچەی کنس-دا جۆرە نەوتێك کە لە لایەن خەڵکی دەڤەرەکەوە لە جیاتی گاز بەکارهێنراوە و دیسانەوە لە کەسکیم و کیغی و پاسینلەر و قەزای ئۆڤا-دا گەچ و قسڵ و تەباشیر و جۆرەها بەردی بیناسازی. لە قەزاکانی کیغی و پاسینلەر و ئۆڤا، لە نزیك ئەرزنجان و لە دەڤەری ئاگریداغدا گەڕاو و گەرماوێکی زۆری گۆگرداوی و ئاوی کانزایی دیکە هەیە، لە عەینتاب-یشدا گەرماوێك هەیە بۆ نەخۆشیی دیق (سیل) بەسوودە.

ویلایەتی ئەرزەڕۆم بەر لە ڕووداوە دواییەکان زۆر گەورەبوو، جگە لەو چوار لیوایەی ئێستا کە بەخۆیەوەیان دەگرێ، لیواکانی فارس و چڵدر کە بۆ ڕووسیا بەجێ هێڵرا و

لیواکانی وان و مووش کە دواتر جودا بوونەوە، واتە ویلایەتی وانی ئێستاشی لە ناودا بووە و لەم سەردەمە دواییيانەدا و لە لایەکی دیکەدا هەکاری و بتلیس و دەرسیم-یش کە هەریەکەیان بەجیا کراوەتە ویلایەت، دیسانەوە سەر بەویلایەتی ئەرزەڕۆم بوونە[٧٨].

| ناحیە | قەزا | لیوا (سەنجەق) |
|---|---|---|
| | ئەرزەڕۆم<br>تۆروم (لەگەڵ نامەڕوان- پێکەوە)<br>کەسکیم<br>تەرجان<br>کنس (تەکمان)<br>کیغی<br>پاسینلەر<br>ئۆڤا | ئەرزەڕۆم |
| | ئەرزنجان<br>کەماخ<br>ڕەفاهییە<br>قوڕوچای | ئەرزنجان |
| | بایبورد<br>ئەسیر<br>کەلکیت<br>شێروان | بایبورد |
| ئەدمانلی<br>جەلالی<br>پاتنۆس | بایەزید<br>ئالە شکورد<br>عەینتاب<br>قەرەکلیسە<br>دیادین | بایەزید |

ئەو سەردەمە ویلایەتێكی زۆر گەورەی نزیكەی ۱,۲۲۰,۰۰۰ كەس دانیشتووانی بووە. لە كاتێكدا لە بارودۆخی ئێستایدا وەك لە خوارەوە دیارە كراوەتە ٤ لیوا و ۲۱ قەزا و ۳ ناحیە:

ویلایەتی ئەرزەڕۆم لەگەڵ ویلایەتەكانی وان و بتلیس پێكەوە واتە لە دۆخی بەر لە ئەنجامدانی ئەو گۆڕانكارییانەی دوایی، لە سەردەمە كۆنەكاندا نیوەی ناوچەی (ئەرمەنستان)ی، یان ئەوەی بەناوی (ئەرمینییە)وە دەناسرا پێكدەهێنا، نیوەی دیكەی ئەم ناوچەیە لە ناو وڵاتی ڕووسیا و ئێراندایە. لە سەردەمە كۆنەكاندا ئەم ناوچەیە تەنیا ئەرمەنیی لێ دانیشتووە، دوای ئەوەی دەمێكی زۆر سەربەخۆ بووە، لە لایەن كەیخوسرەوی یەك لە جیهانگیرە ئێرانییەكانەوە بەردەست خراوە و تێكەڵ بەئیمپڕاتۆرییەتی ئێران كراوە، دوای ئەوە كەوتووەتە ژێر دەستی ئەسكەندەر و دواتر ژێر دەستی ڕۆمانییەكان. لە سەردەمی خەلیفایەتیی حەزرەتی عومەر (خ، ڕ)دا خراوەتە سەر وڵاتانی موسوڵمانەوە، كە ئەرمەنییان لەوە پێشتر دەستیان بەپەرت و بڵاوبوون كردووە، هەر لەوساوە لەم هەرێمەدا بەرەو كەمبوونەوە چوون، لە سەردەمی عەبباسییان و سەلجووقییان و دواتر ئاققۆینڵووەكان و حكوومەتی دیكەدا عەشیرەت و تیرەی تورك و توركمانێكی زۆر هاتوون و لێی نیشتەجێ بوون.

لەبەر بەرەو باكوور هاتن و پەرەسەندنی كوردانیشەوە لەم ڕۆژەماندا لەم ناوچەیە بەتایبەتی لە ناو ویلایەتی ئەرزەڕۆمدا، وەك لە سەرەوە باسی لێوەكرا، چوار لە پێنجی بەگشتیی دانیشتووانی كە تورك و توركمان و كوردن، موسڵمانن. بەشی زۆری یەك لەسەر پێنجەكەی دیكەشی ئەرمەنی و ئەوانی دیكەش نەستووری و هی دیكەن. بەمجۆرە وەكو ئەوەی ئەرمەنی لە لایەكانی دیكەی ئەنادۆڵدا، لەم ناوچەیەشدا كەمینە پێكدێنن. ئەمڕۆ ناشێ ناوی (ئەرمینییە)، یان (ئەرمەنستان) لەم ناوچەیە بنرێ.

(ب/۲-ل/ ۸۳۰- ۸۳۲)

**لیوا (سەنجەقی) ئەرزەڕۆم**: ناوەندی ئەو ویلایەتەیە كە هەر بەو ناوەوە ناونراوە و لە ناوەڕاستی ویلایەتەكەدایە و لە خۆرئاواوە، بەلیواكانی بایبورد و ئەرزنجان و لە خۆرهەڵاتەوە بەلیوای بایەزید و لە باكووری خۆرهەڵاتەوە بەسنوورەكانی ڕووسیا و لە باشوورەوە بەویلایەتەكانی بتلیس و دیاربەكر سنووردار و دەورەدراوە. لیوایەكی زۆر فراوانە، نزیكەی نیوەی خاكی ویلایەت پێكدەهێنێ و وەك لە بابەتی لەمەو پێشتردا ڕوون كراوەتەوە، كراوەتە ۸ قەزای گەورە.

ویلایەتی ئەرزەڕۆم بۆ ئەو نشێو (حەوز)انەی لێی جودا دەبنەوە سوودی بۆ هەمووان هەیە، بەشی خۆرهەڵاتی پەسین-ە کە لێژایی بەرەو دەریای خەزەرە، لە بەشی باکووریدا چۆروقسو کە لە لێژایی بەرەو دەریای ڕەشە، لە بەشی خۆراوایدا قەرەسو، کە لە لێژایی بەرەو کەنداوی بەسرەدایە،لای باشووریشی واتە قەزای کیغی، دیسانەوە لە نشێوی زێی موراد پێکهاتووە کە پەیوەستە بەکەنداوی بەسرە. بەم جۆرە، بەرزترین شوێنی ویلایەتی ئەرزەڕۆمە، ئەگەرچی بەرزترین چیاکانیشی لەم لیوایەدا بێ. جوانترینی دۆڵەکان و خاکی ڕووەکڕوێن و بەپیتیش لە ناو ئەم لیوایەدایە. خەڵکی لیوای ئەرزەڕۆم لە ٣٠٥,٦٥٠ کەس پێکهاتوون، لەمانە ٢١٥,٢٣٣یان موسڵمان و ٥٠,٨٣٩یان ئەرمەنی و ئەوانی دیکەش سەر بەمیللەتانی دیکەن. بەرهەمیان بەشێوەیەکی سەرەکی لە نزیکەی ٨,٧٢٥,٠٠٠ شینیك گەنم و ٦,٩٦٠,٠٠٠ شینیك جۆ و ٥٠,٠٠٠ ئۆقە برنج و دانەوێڵەی دیکە لەگەڵ جۆرەها میوە پێکهاتووە.

قەزای ئەرزەڕۆم، ناوەندی ئەو ویلایەت و قەزایەیە کە هەر بەو ناوەوە ناونراون. لە باکورەوە بەکەسکیم، لە باکووری خۆرهەڵاتەوە بەتۆرتوم، لە خۆرهەڵاتەوە بەپاسینلەر، لە باشووری خۆرهەڵاتەوە بەخنس، لە باکوری خۆرئاواوە بەتەرجان، لە خۆرئاواشەوە بەقەزای ئۆڤا سنووردار و دەورەدراوە، بەم شێوەیە تەواوێك لە ناوەڕاستی سەنجەقدا جێی گرتووەتەوە.

(ب/٢-ل/٨٣٢)

**ئەشرەف** (**مەلیك**): حوكمداره ناسراوه ئەیووبییەکان و چەند حوکمدارێکی چەرکەس و کوێلەمەندەکانی زەریا، کە لە میسر و ئەو وڵاتانەدا کە پەیوەستی بوون، بەم نازناوەوە فەرمانڕەواییان کردووە کە بەپێی ڕیزی فەرمانڕەواییان لە خوارەوە ڕوون دەکرێتەوە[٧٩].

یەکەمیان موزەففەروددین مووسایە کە کوڕی مەلیك عادل سەیفەددین ئەبوبەکری کوڕی ئەییووبی برای سەلاحەددینی ئەییوبییە. لە ٥٩٨ (١٢٠١- ١٢٠٢ی زایین)دا لە لایەن باوکییەوە شاری ڕەهای[٨٠] پێ دراوە، دواتر حەڕڕانیشی خراوەتە سەر، لە ٦٠٣دا ماردینیشی بەدەست خستووە.

لە ٦٠٩دا لەسەر مردنی ئەوحەد نەجمەددینی برای خەلات[٨١] و مەییافارەقین-یشی

بۆ ماوەتەوە. بەدەستخستنی نوسەیبین و سنجار و بەشێکی زۆری جەزیرە، وڵاتەکەی زۆر فراوان بووە. ڕەققەی[٨٢] کردووەتە پایتەخت و بەدادوەریی ناوبانگی پەیدا کردووە.

بەمردنی مەلیك ظاهر-ی ئامۆزای کە بەڕێوەبەری حەڵەب بووە، لەبەر ئەوەی یەك لە حوکمدارانی سەلجووقییان کە ناوی عیززەددین کەیکاوس بووە هەوڵی گرتنی شاری ناوبراوی داوە، لە لایەن خەڵکی حەڵەبەوە مەلیك ئەشرەف بانگ کراوە، لەگەڵ کەیکاوسی ناوبراو و مەلیك ئەفدەڵ (ئەفضەل)ی بەڕێوەبەری سیمات[٨٣] ماوەیەکی دوور و درێژ لە جەنگدا بووە. لە ٦١٦ (١٢١٩ی زایین)دا کە خاچپەرستان (دمیات)[٨٤]یان گرتووە، لە لایەن مەلیك عادل-ی برایەوە کە حوکمداری میسر بووە بانگ کراوە و شاری ناوبراوی ڕزگارکردووە. لە ٦٢٧دا شاری شام کە لە ناسر سەلاحەددینەوە وەرگیراوەتەوە کە بەرامبەر مەلیك عادل یاخی بووەتەوە و دراوەتە ئەم و ئەمیش ئەم شارەی کردووەتە پایتەخت. هەر ئەو ساڵە کە جەلالەددین خارزەمشاه (خوارزم شاه) شاری (خەلات)ی[٨٥] گرتووە، مەلیك ئەشرەف لەگەڵ عەلائەددین کەیقوبادی سەلجووقیدا ڕێککەوتووە، خەلاتی ڕزگارکردووە، دواتر لەگەڵ مەلیك کامل-ی برای تێکچووە و لەگەڵ بەڕێوەبەرانی حەڵەب و حەما و حومس- ڕێککەوتووە لە براکەی یاخی بووەتەوە[٨٦] و لەو دەمانەدا لە ٦٣٦ (١٢٣٧/١٢٣٨ی زایین)دا لە شام کۆچی دوایی کردووە. زاتێکی دادوەر و چاکەخواز بووە. لەگەڵ ئەوەشدا کە خاوەن زەوق و حەزی لە ڕابواردن بووە. گەلێك شوێنی چاکە (خێر) و لەمانە لە شامدا شوێنێکی فێرکردنی فەرموودەی پێغەمبەر و مزگەوتێکی بەدروستکردن داوە.

(ب/٢-ل/ ٩٧٣- ٩٧٤)

**ئەختمار**[٨٧]: دوورگەیەکی بچووکە لە ناو گۆلی واندا و لە نزیك ڕۆخی خۆرئاوایدا کە لە سەریدا قەڵایەکی گچکە و مەناسترێکی (دێری ڕەبەنە دیانەکان) لە ٦٥٣ی زایینیدا بنیاتنراوی لێیە، لە ١١١٣دا ئەم مەناسترە بووەتە ناوەندی یەکێك لە پەتریارکە ئەرمەنییەکان.

(ب/٢-ل/ ٨٠٣- ٨٠٤)

**ئەییووب** (**مەلیك ساڵح نەجمەددین**): حەوتەمین حوکمداری ئەو ئەییوبییانە کە لە میسردا فەرمانڕەواییان کردووە. دوای بەندکردنی مەلیك عادلی گچکەی برای، لە ٦٣٧ (١٢٣٩ی زایین)دا چووەتە سەرتەخت، پادشایەکی دادوەر و ئازا بووە. لە قاهیرە لە نێوان دوو سەرادا

٤ مەدرەسەی گەورە و لەو باخچەیەی بەرامبەر بولاق[٨٨]–دا بەناوی (بەحرییە)وە قەڵایەکی بەدروستکردن داوە و ١٠٠٠ کەسی وەکو (ئاککۆڵ)ی[٨٩] تێدا داناوە، کە ناوی (کوێلەمەندەکانی دەریایان) لێ نراوە. دواتر لە ناویانەوە هەندێکیان گەیشتوونەتە پلەی سوڵتانێتی.

لەبەرئەوەی لە سەردەمیدا فەرەنگ (ئەوروپاییەکان) دمیات–یان گرتووە و هێرشیان بردووەتە سەر قاهیرە، کە لە (مەنسوورە)دا لەگەڵیاندا دەجەنگی، لە ٦٤٧ (١٢٤٩ی زایین)دا کۆچی دوایی کردووە.

(ب/٢–ل/١١٧٤)

**ئەیـووب (نەجمەددین– بن شادی)**: باوکی سەلاحەددین یووسف–ی دامەزرێنەری دەوڵەتی ئەیووبی–یە. برای ئەسەدوددین شێرکۆیە[٩٠]. ئەم دوو برایە لە کوردەکانی (زوادی)ن[٩١]. لە ئازەربایجان لە شارۆچکەی (دوین) لە دایك بووە و چووەتە عیراق و چوونەتە خزمەتی موجاهیدوددین بەهرۆزی بەرپرسی ئاسایش. ئەیووب لە لایەن ئەمەوە بەبەرپرسی ئاسایشی تکریت دامەزراوە، براکەشی هێناوەتە لای خۆی. دوای دۆڕان عیمادەددین زەنگی[٩٢] کە بەلای قەڵای ناوبراودا ڕەت بووە. لە لایەن ئەیووبەوە زۆر ڕێزی لێ نراوە و بایەخی پێ دراوە. بەم هۆیەوە، دواتر کە بەهۆی کوشتنی پیاوێکەوە ئەسەدوددین شێرکۆ لە تکریت دەرکراوە، چووەتە لای عیمادەددین زەنگیی ناوبراو. ئەیووب لە لایەن ئەمەوە بەبەرپرسی ئاسایشی بەعلبەك[٩٣] دامەزراوە. دوای مردنی عیمادەددین، لە خزمەتی نوورەددین مەحموودی کوڕیدا بووە و چووەتە ڕیزی گەورەترین فەرماندەکانییەوە، دواتر سەڵاحەددینی کوڕی ناوی ئەو دەوڵەتەی کە دایمەزراند بەناوی ئەمەوە ناوی (دەوڵەتی ئەیووبی)ی داوەتێ.

(ب/٢–ل/١١٧٤)

**ئەیوبییەکان (دەوڵەتی ئەیووبی)**: دەوڵەتێکە دوای ڕووخانی دەوڵەتی فاتمی[٩٤] لە میسر دامەزراوە. لە ٥٦٧ (١١٧١ی زایین)ەوە تا ٦٤٩ (١٢٥١ی زایین) ٨٢ ساڵ بەردەوام بووە. سەڵاحەددین یووسف–ی کوڕی ئەیووب کە دامەزرێنەری ئەم دەوڵەتە بووە، لەتەك ئەسەدوددین شێرکۆی مامی لە لایەن نوورەددین مەحموودی کوڕی زەنگی–یەوە کە لە ئەتابەگەکانی مووسڵ بووە، بۆ یارمەتیی دژ بە خاچپەرستەکان نێرراوەتە میسر، وەزیر و بەڕێوەبەری کاروباری عادید– لیدینیللا–ی دوایینی فاتمییان[٩٥].

بەمردنی ئەم، سەلاحەددین بووەتە میراتگری وەزیری، لەبەر ئەوەی کە لە ٥٦٧ (١١٧١ی زایین)دا عادید-یش بێ ئەوەی لە دوای خۆی کەسێکی میراتگر بەجێ بهێڵێ مردووە، سەلاحەددین چووەتە سەر تەختی سەڵتەنەت و دەوڵەتی ئەییووبیی دامەزراندووە. کە نوورەددینی ناوبراویش ساڵی ٥٦٩ کۆچی دوایی کردووە، سەلاحەددین لەشکری کێشاوەتەوە و ئەو زەوییانەی لە شام و جەزیرە و زەوییەکانی دیکەی ئەو دەوروبەرەی گرتووە و ئەو وڵاتانەی ژێر دەستەڵاتی فراوانتر کردووە و بەوڵاتگیریی بەرزی بەرامبەر خاچپەرستان و بەدادوەری و لایەنگریی حەق ناوبانگی دەرکردووە.

دوای مردنی سەلاحەددین، کوڕەکانی و براکانی و برازاکانی لەو شوێنانەدا کە والی بوون سەربەخۆییان ڕاگەیاند و لە شام و حومس و حەما و حەڵەب و حسنکێف و لایەکانی دیکەدا لقەکانی دەوڵەتی ئەییووبی هاتە گۆڕێ و دەوڵەتی ڕەسەنی ئەییووبیش تەنیا میسر و هەندێك ناوچەی کەنار دەریای شامی بۆ ماوەتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا، زۆربەی لقەکان پابەندییان بەدەوڵەتی ئەییووبیی میسرەوە هەبوو و گوێڕایەڵی بوون، یەك لە لقەکانی ئەم دەوڵەتەش لە یەمەن فەرمانڕەواییی دەکرد.

ئەو ئەییووبییانەی لە میسردا سوڵتانییان کردووە، ئەمانەی خوارەوەن[٩٦]:

١- سەلاحەددین یووسف-ی کوڕی ئەییووب: لە ٥٦٧ (١١٧١ی زایین)ەوە تا ٥٨٩ (١١٩٣ی زایین).

٢- مەلیك عەزیز عیمادەددین-ی کوڕی سەلاحەددین: لە (٥٨٩) وە تا ٥٩٥ (١١٩٨ی زایین).

٣- موحەممەد مەنسوور-ی کوڕی عیمادەددین: لە (٥٩٥)ەوە تا ٥٩٦ (١١٩٩ی زایین).

٤- مەلیك عادل سەیفەددین ئەبوبەکر-ی کوڕی ئەییووب: لە (٥٩٦)ەوە تا ٦١٥ (١٢١٨ی زایین).

٥- مەلیك کامیل ناسیروددین موحەممەد-ی کوڕی سەیفەددین: لە (٦١٥)ەوە تا ٦٣٥ (١٢٣٨ی زایین).

٦- مەلیك عادل-ی گچکە، ئەبوبەکر-ی کوڕی ناسیروددین: لە (٦٣٥)ەوە تا ٦٣٧ (١٢٤٠ی زایین).

٧- مەلیك ساڵح نەجمەددین ئەییووب-ی کوڕی ناسیروددین: لە (٦٣٥)ەوە تا ٦٤٧ (١٢٥٠ی زایین).

٨- مەلیك موعەززەم توورانشا-ی کوڕی نەجمەددین: لە (٦٤٧)ەوە تا ٦٤٨ (١٢٥١ی زایین).

٩- ئوممولخەلیل شەجەرەتوددوڕ ئوممو-وەلەد مەلیك سالح: لە (٦٤٨)ەوە تا ٦٤٨ (١٢٥١ی زایین).

١٠- مەلیك ئەشرەف موزەففەر، مووسا-ی کوڕی یووسف: لە (٦٤٨)ەوە تا ٦٤٩ (١٢٥٢ی زایین).

ئەیووبییەکان شیعایەتییان لە میسر هەڵگرتووە و قازیی سەر بەڕێبازی شافیعییان دامەزراندووە. مەلیك سالح کە حەوتەمینیان بوو، ئەو (وجاخی کوێلەمەندە دەریاییەکان)ەی کە دایهێنابوو، بەپەیداکردنی هێز و دەستەڵات و دوای ئەوەی ئەو دەسەڵاتەیان پەیداکرد کە حوکمدارانی ئەیووبی لەسەر تەخت داگرن و بهێننە سەرتەخت، مەلیك ئەشرەفیان کە هێشتا منداڵ بوو لەسەرتەخت داگرت و عیززەددین ئەیبەکی سەرکردەی خۆیان کە پەروەردەکراوی خودی مەلیك ئەشرەف بوو هێنایە سەر تەخت و بەم جۆرە کۆتاییان بەدەوڵەتی ئەیووبی هێنابوو. لقی شام و لقی یەمەنیان لەوەپێش ڕووخاوە و لە ناوچووە، ئەوەی حومسیان ماوەیەکی دیکەش ماوەتەوە، ئەوانەی حەما و حەڵەبیان ماوەیەکی درێژتر ماونەتەوە. بەڵام لقەکەی حسنکێفیان تا دوای هەموویان ماوەتەوە و لە ٨٦٥ (١٤٦١ی زایین) ڕووخاوە.

ئەو حوکمدارانەی بەناوبانگترینی لقە دەوڵەتە ئەیووبییەکانن کە فەرمانڕەوایان کردووە، بەم شێوەیە بووە:

١- ئەییوبیی حومس: لە (٥١٥)ەوە تا ٦٦١ (١٢٦٣ی زایین)[٩٧].

٢- ئەییووبیی یەمەن: لە ٥٦٩ (١١٧٥ی زایین)ەوە تا ٦٢٦ (١٢٢٩ی زایین).

٣- ئەییووبیی حەڵەب: لە ٥٧٩ (١١٨٤ی زایین)ەوە تا ٦٩١ (١٢٩٢ی زایین).

٤- ئەییووبیی حسنکێف: لە ٥٨٢ (١١٨٦ی زایین)ەوە تا ٨٦٥ (١٤٦١ی زایین).

٥- ئەییبووبیی حەما: لە ٥٨٦ (١١٩٠ی زایین)ەوە تا ٧٤٦ (١٣٤٥ی زایین).

٦- ئەییووبیی شام: لە ٦١٥ (١٢١٨ی زایین)ەوە تا ٦٤٤ (١٢٤٨ی زایین).

(ب/٢-ل/١١٧٥)

**ئەربیل**: شارۆچکەیەکە، ناوەندی قەزایە، لە لیوای شارەزووری ویلایەتی مووسڵ، ٨٠ کیلۆمەترێك لە باشووری خۆرهەڵاتی مووسڵ و ٧٥ کیلۆمەتری باکوری خۆرئاوای کەرکووکدا، لە ناوەڕاستی دەشتێکی بەریندا لە نێوانی هەردوو زێدایە. لەسەر هێڵی ٣٦١٢یْ پانیی باکور و ٤١٤١٢٠یْ درێژیی خۆرهەڵاتدایە. لە دوو گەڕەکی بەناوی خوارەوە و ژوورەوە پێکهاتووە. هەولێری سەرەوە (ژوورەوە) لەسەر گردێکی بەرزدایە و بە شوورە دەورەدراوە، لە کاتێکدا هەولێری خواروو (خوارەوە) لە ڕێژەی ٢–٣ی ئەوەی سەرووە، لە داوێنی گردی ناوبراودا ڕۆنراوە. بەگشتی لە ١,٦٠٠ ماڵ پێکهاتووە، بەمەزەندە دانیشتووانی ٦,٠٠٠ کەسن کە بەشێکی زۆری تورك و ئەوی دیکەیان کوردن(٩٨). قەڵاکەی زۆر کۆن و پتەوە. شارۆچکەکەی ژێرەوەی، لە سەردەمی خەلیفایەتیی عەبباسیدا، میر موزەففەروددین کۆکبەری–یەوە ڕۆنراوە.

ناوی ئربیل یان ئەربیل زۆر کۆنە، لە سەردەمە کۆنەکاندا بەم ناوەوە، لەو دەشتە شارێکی گەورە هەبووە، کە لە نزیکیدا ئەسکەندەری گەورە بەسەرداراداا سەرکەوتووە و ناوبانگی پەیدا کردووە. بەڵام شارە کۆنەکە لە جێی ئێستاکەدا نەبووە، وادەزانرێ سێ سەعاتە ڕێ لە خۆرئاوای شارۆچکەی ئێستادا بووە. چونکە لە ژێر هەندێك گردی خۆڵینی ئەوێدا، هەندێك کۆنینە دۆزراونەتەوە کە نیشانەی شارێکی گەورەن. لەو دەشتەدا کە باسی لێوەکرا، هەندێك شوێنەواری کۆنی دیکەش دۆزراونەتەوە.

قەزای ئەربیل لە باکوری لیوای شارەزووردایە. لە باکووری خۆرهەڵاتەوە بەڕەواندز و لە باکوری خۆرئاواوە بەلیواکانی مووسڵ و لە باشوورەوەش بەقەزای کەرکوك دەورەدراوە. ناحیەکانی سوڵتانییە(٩٩) و قوشتەپەشی پەیوەستە، ١٦,٢٨٩ کەسی دانیشتووانە و تەنیا ٣,٦٠٠ی ئەمانە دیانن (خرستیان)، ئەوی دیکە هەر هەموو موسڵمانن. زۆربەی دانیشتووانی کوردە و تەنیا ٣,٤٠٠ی کۆچەر و ئەوانی دیکەش نیشتەجێن.
(ب/٢–ل/٨٢١)

**ئەزرەمە، یان (ئەزەرم)**: شارۆچکەیەك بوو لە دەوروبەری نوسەیبین–ی جەزیرەدا، کە لە سەردەمی دەوڵەتی عەبباسیدا ئاوەدان بووە، بەشوورە و کەندەك دەورەدراوە. بازاڕێکی دەرگا ئاسنی ٢٠٠ دووکانیی هەبووە و پردێکی جوانی لەسەر ئەو زێیەدا هەبووە کە بەناویدا دەڕۆیی. دواتر ڕووخاوە. لە سەردەمی یاقووتی حەمەویدا وەکو گوندێکی لێ هاتووە. ئەبو عەبدوڕڕەحمان عەبدوڵڵای کوڕی موحەممەد ئەرزەمیی چاکی بەناوبانگ خەڵکی ئێرەبووە.
(ب/٢–ل/٨١٩)

**ئیسلاحییە**: شارۆچکەیەکە ناوەندی قەزایە، لە لیوای جەبەلی بەرەکەت–ی[١٠٠] ویلایەتی ئەدەنە، لە ٢٠ کیلۆمەتری خۆرهەلاتی گوندی یارپوز–ی ناوەندی لیوا و ١٢٠ کیلۆمەتری ئەدەنەدا و لە ٢ سەعاتە ڕێی باشووری زێی قەرەسو–دایە. ئەم شارۆچکەیە لەم سەردەمە دواییانەدا لە چاکسازیی ئەو دەوروبەرانەدا دامەزراوە. ١,٠٠٠ هەزار کەسێك دانیشتووانییەتی، یەك مزگەوتی پیرۆز و یەك قوتابخانە و ٦ خان و ١٥ دووکانی هەیە. دانیشتووانی لە تورك و کورد و ئەرمەنی پێکهاتوون. گۆڕی حەزرەتی عوککاشە کە لە یاوەرانە لە ناو شارەکەدا جێی زیارەتکردنە.

قەزای ئیسلاحییە، لە باکووری خۆرهەلاتی لیوای جەبەلی بەرەکەت–دایە. لە خۆراواوە بەناوەندی لیوا و لە باکورەوە بەلیواکانی مەراش (مەرعەش) و لە خۆرهەلاتەوە بەلیوای حەڵەب و لە باشوورەوەش بەقەزای خاسسە سنووردراوە و دەورەدراوە. لە ٦٥ گوند پێکهاتووە و بەسەر ٥ ناحیەدا دابەش کراوە. خاکەکەی وەك شتێکی سەرەکی لە دەشتی دومدوم و داوێنەکانی قورڕداغ پێکهاتووە . ئەم دەشتەی بەچەندین جۆگەلەی زۆری زێی قەرەسو ئاو دەدرێ، بەرهەمێکی زۆری چەڵتووك دەدا.

سەرژمێری قەزا، نزیکەی ١٧,٥٠٩ کەس دەبێ، ٢٠٠ێکی ئەرمەنی و ئەوی دەمێنێتەوە هەر هەموو موسوڵمانن، دوو عەشیرەتی گەورە کە ناویان (دەلیقانڵی) و (چەلیقانڵی)یە، بەناو ئەم قەزایەدا دەگەڕێن. ئەگەرچی هەوڵی نیشتەجێ کردنیشیان درابێ نەتوانراوە. ئەم عەشیرەتانە تاقمێك مافووری جوان و بەڕە دروست دەکەن، بازرگانی و دانوستاندنی قەزاکە بەشێوەیەکی سەرەکی لەگەڵ شارەکانی حەڵەب و ئەنتاکیا و مەراش و کیلیس و عەینتاب–ی ویلایەتی حەڵەبدایە. ناو قەزاکە گەرماوێك و گۆلێکی گچکەی فرە ماسیی هەیە.

(ب/٢–ل/٩٩٣)

**ئیبنودینار**: لە نۆژدارە بەناوبانگە موسوڵمانەکانە، لە سەردەمی نەسیروددەولەی کوڕی مەڕوان–دا[١٠١] لە مەییافارەقین بووە. لە زانستی پزیشکیدا و بەتایبەتیش کارگێڕیی دەرمانکردن و دەرمانسازیدا تەواوێك وەستاییی هەبووە. کتێبێکی باوەڕ پێ کراوی بەناوی Ekarr-i Bazeyn[١٠٢]ی هەیە. داهێنەری ئەو دەرمانە (خواردنەوەیە)یە کە لە ناو نۆژدارە موسوڵمانەکاندا بە(شەرابی دیناری) ناسراوە.

(ب/١–ل/٦٢٥– ٦٢٦)

**ئـیـبـنـوئـەبیششەوك (ئـەبـولـفـارس سورخـاب بـەدر)**: یـەك لـە سەرکـردەکـانـی سوڵـتـانـە سەلجووقییەکان، توغروڵ بەگ و بەرکیاروق–ی کوڕی مەلیکشا بووە. بەخۆی کوردە، حوکمداری شارەزوور و ئەو دەوروبەرە بووە، لە ٥٠٠ی هیجری (١١٠٧ی زایین)دا کۆچی دوایی کردووە. منداڵ و نەوەکانی ١٣٠ ساڵ لە دەوروبەری شارەزووردا حوکمڕانییان کردووە.

(ب/١–ل/٥٩٦)

**ئیبنو ئەسەدی فارەقی** (ئەبو نەصر حەسەن): شاعیرێکی نوکتەباز بووە کە لە سەردەمی نیزامولمولك[١٠٣] و مەلیکشادا بینراوە. خاوەنی زانیارییەکی فراوانی زانستی زمان و زانستی فەرهەنگسازی بووە. لە لایەن هەردوو ئەمانەوە بەوالیی ئامەد (واتە– دیاربەکر) دامـەزراوە، مـاڵ و سامـانێکـی زۆری پێکـەوەنـاوە. دواتـر ئـەگـەرچـی بـەتـاوانـبـارکـردن دەستگیریش کرابێ، بەمیانبینیی پزیشکێکی کامل ناو و تکایەوە ڕزگارکراوە. لە لایەن خەڵکی مەیافارەقینەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی بانگهێشت کراوە، لەبەرئەوەی ئەو هەرێمەی لە دەسەڵاتـی ئـەحـمـەدی کـوڕی مـەڕوان دابـڕیـوە و بـەنـاوی مـەلیکشاوە لێدوانی هـەینیـی بەخوێندن داوە، ئەحمەدی کوڕی مەڕوان، لە ژێر فەرماندەیی شاعیرێکی غەسسانی ناودا سەربازی ناردووە و دەستگیری کردووە و ئەگەرچی فەرمانی کوشتنیشی دابێ، لەسەر تکای غەسسانی–ی ناوبراو لێی خۆش بووەتەوە. گەرچی ئیبنو ئەسەد لە کوشتنیش لێی خۆش بووبنەوە، لەبەرئەوەی زۆر لە دەستکورتیدا ماوەتەوە، لە دواییدا کە چامەیەکی نووسیوە و بەئەحمەدی کوڕی مەڕوان–یدا هەڵداوەتەوە، ئەحمەد تووڕە بووە و فەرمانی هەڵواسینی داوە و لە ٤٧٨ (١٠٨٥ی زایین)دا بەهەڵواسین ئیعدام کراوە. ئەم یەك دوو دێڕە شیعرە لە شیعرەکانی ئەوون[١٠٤]:

أريقا من رضابك ام رحيقا
رشفت فلست من سكري مفيقا
وللصهباء أسماء ولكن
نسيت بان في الاسماء ريقا

واتە:

بەڕەزایی تۆ ئایا ئەم ئەفسووناوییە ئاوە، ئاوی ڕوونە؟
بەمژین خواردمەوە و لە مەستی بەئاگا نەهاتمەوە من

خواردنەوە ناوی جۆراوجۆریان هەیە، لێ

من لە بیرم کرد کە ئەو ئاوانەش ئەفسووناوی دەبن

(ب/١-ل/٦٠١)

**ئیبنو ئەثیر** (**ئەبو سسەعادەت مەجدوددین موبارەك-ی کوڕی ئەبیلکەرەم ئەلجەزەری**): یەکێکە لە زانا هەرە گەورەکانی سەردەمی خۆی، خاوەنی زانیارییەکی زۆر فراوانی زانستی جۆراوجۆر و هونەرەکانە، لە شیعر و ئەدەبییاتیشدا وەستابووە. لە ٥٤٤ (١١٤٨ی زایین)دا لە جەزیرەی ئیبن عومەر-دا لە دایك بووە و گەورەبووە، دواتر باری کردووەتە مووسڵ و چووەتە خزمەتی هەندێك پیاوگەورە. دواتر تووشی نەخۆشییەك بووە بووەتە هۆی تێکچوونی دەستەکانی و پێیەکانی، دەمێکی زۆر نەیتوانیوە لە ماڵی خۆی بچێتە دەرەوە و هەموو کەسێك سەریان لێداوە، لەو ڕۆژگارەدا ئەو کتێبانەی نووسیوەتەوە کە ئامادەی کردبوون.

لە بارەی ئەو فەرمووودانەوە کە زۆر بڵاونەبوونەتەوە بەناوی (کیتابوننیهایە)وە[١٠٥] لە پێنج بەرگدا کتێبێکی گەورە و هەندێك دانراوی بەسوودی دیکەی هەیە. لە ٦٠٦ (١٢٠٩ی زایین)دا کۆچی دوایی کردووە، لە نزیك ئەو پەککەوتەخانەیەدا نێژراوە کە لە ناو مووسڵ بەدروستکردنی داوە. بەهرەی شیعر نووسینیشی هەبووە. ئەم دوو دێڕە لە چامەیەکی وەرگیراوە کە بۆ ئەتابەگی بەڕێوەبەری مووسڵ-ی لەو ڕۆژانەدا نووسیوە کە هێسترەکەی بەریداوەتە خوارەوە[١٠٦].

إن زلت البغلة من تحته

فــان فــي زلتـهـا عـذرا

حملها من علمه شاهقاً

ومن ندى رحمته بـحـرا

واتە:

ئەگەر هێستر لە ژێرتەوە خلیسکابێ

لە خلیسکانی هێستردا پاساو هەیە

چونکە چیایەکی زانست و دەریایەکی

لە بەزەیی زۆرەوەشی لێ بارکراوە

(ب/١-ل/٥٩٩)

**ئیبنو ئەثیر (ئەبولحەسەن عیززەددین عەلی-ی کوڕی ئەبیلکەرەم)**: برای مەجدوددینە کە کەمێك پێشتر ژیاننامەی نووسرا، مێژوونووسێکە بەزانست و ڕەوشتبەرزی و بەو دانراوە مێژووییەیە پەسندانەیەوە ناوبانگی دەرکردووە و بەناوبانگ بووە. لە ٥٥٥ (١١٦٠ی زایین)دا لە جزیرەیی ئیبن عومەردا لە دایك بووە و لەوێ پەروەردە بووە و دواتر لەگەڵ باوك و دوو برایدا پێکەوە چوونەتە مووسڵ و لەوێ نیشتەجێ بوون. جاروبار لە لایەن بەڕێوەبەری مووسڵەوە کار و باڵوێزیی پێ سپێردراوە و جاروباریش بۆ گەڕان گەلێك جار چووەتە بەغدا و شام و قودس، لە لای زانا بەناوبانگەکانی سەردەمی خۆیدا پەروەردە بووە و سوودی لێیان وەرگرتووە. کە گەڕاوەتەوە مووسڵ، کشاوەتەوە ناو ماڵی خۆی و ژیانی بۆ لێکۆڵینەوە و کتێبنووسین و گفتوگۆ لەگەڵ ئەوانەدا کە سەریان لێی داوە، تەرخان کردووە.

لە، لەبەرکردنی ڕووداوەکاندا و لە زانستی مێژوو و لە زانینی ڕەسەنی عەرەبەکاندا پێشڕەوی سەردەمی خۆی بووە، لە زانستی مێژوودا بەناوی (کامل)ەوە[١٠٧] کتێبێکی تا دواڕادە پشت پێ بەستراو و بەناوبانگی نووسیوە. ئەم کتێبەی لە ١٢ بەرگی گەورە پێکهاتووە، لە ئەفراندنی جیهانەوە دەستی پێ کردووە تا کۆتاییی ساڵی ٦٢٨ (١٢٣١ی زایین) هەموو هەڵوێست و ڕووداوەکانی تا دوا پلە بەدەربڕینێکی ڕەوان و جوان گوازتووەتەوە و دەگێڕێتەوە. ئەم کتێبە هەر وەکو ئەوەی لە شاری لیدن-ی هۆڵەندەدا لە ١٨٦٦ی زایینـدا زۆر بەڕێکوپێکی لە چاپ دراوە، لەم دواییانەدا لە میسریش بڵاوکراوەتەوە. کتێبێکی گەورەی دیکەی هەیە لە پێنج بەرگ پێکهاتووە بەناوی (ئەسەدولغابە فی مەعریفەتیصصەحابە)وە[١٠٨] کە ناوی یاوەرانی پێغەمبەر (دروود و سڵاوی لێ بێ) و ژیاننامەیانی تێدایە کە لە سوود و گرنگییدا لە مێژووەکەی کەمتر نییە. ئەمەش لە ١٢٨٠ (١٨٦٣ی زایین)دا لە چاپخانەی وەهبییەی میسردا لە چاپ دراوە. بۆ (کیتابولئەنساب)ی سەمعانی-ش[١٠٩] پەراوێزی کردووە و شوێنێکی زۆری لێ ڕاست کردووەتەوە، هاتووەتە سەر ٣ بەرگ و بەم جۆرە کتێبێکی ئێجگار بەنرخی سێیەمی هێناوەتە گۆڕێ. لە ٦٣٠ی هیجری-دا لە مووسڵ کۆچی دواییی کردووە[١١٠].

تا ئێستا لە چاپ نەدانی ئەم سێیەم کتێبە و نەبوونی هەرسێ کتێبەکەش بەوەرگێڕاوی لە زمانی ئێمەدا (مەبەستی زمانی تورکییە- وەرگێڕ)، جێی داخە.

(ب/١-ل/ ٥٩٩)

**ئیبنولئەثیر (ضیائەددین ئەبولفەتح نەصروڵڵای کوڕی ئەبیلکەرەم)**: برای عیززەددین و مەجدوددینە کە کەمێك لەمەوبەر ژیاننامەیانمان نووسی. لە جەزیرەیی ئیبن عومەردا هاتووەتە جیهان[١١١] و دوای ئەوەی لەوێ خوێندنی تەواو کردووە، لەگەڵ باوکی چووەتە مووسڵ، لە ئەدەبییات و شیعر و نووسیندا پایەیەکی دیار و ڕوونی بووە. لە ٥٨٧ (**١١٩١ی** زایین)**دا** چووەتە خزمەتی مەلیك ناصر صەلاحەددینی ئەییووبی[١١٢]، دواتریش بەمەلیك ئەفضەل نوورەددینی کوڕییەوە پەیوەندیی کردووە و کە هێشتا لە تەمەنی لاویدا بووە، بووەتە وەزیری ئەو.

کە شاری شام لە دەسەڵاتی مەلیك ئەفضەل دەرچووە، ئەگەرچی هەندێك لە خەڵکەکە گورج بوونەتەوە لە بەرامبەری و ویستوویانە بیکوژن، لە لایەن موحاسن-ی کوڕی عەجەم-ی دەرگاوانەوە لە ناو سندووقێکدا بۆ میسر ڕزگارکراوە. دوایی مەلیك ئەفضەل کە لە میسر دەرچووە و ئیبنوئەثیر لە ترسی کۆمەڵێك کە مەبەستی دژایەتییان هەبووە، لەگەڵیدا نەچووە و بەنهێنی لە میسرەوە هەڵاتووە و لەم بارەیەوە کتێبێکی گچکەی بەوردەکاری نووسیوە، دواتر کە مەلیك ئەفضەڵ لە سمیسات[١١٣] گیرساوەتەوە، چووەتە لای. لە ٦٠٧ (١٢١٠ی زایین)**دا** لێی جیابووەتەوە، ئەگەرچی چووبێتە لای مەلیك زاهری برای کە بەڕێوەبەری حەڵەب بووە، لەگەڵیدا نەگونجاوە و چووەتە مووسڵ و هەولێر و سنجار. لە کۆتاییدا، لە ٦١٨ (١٢٢١ی زایین)**دا** لە مووسڵ گیرساوەتەوە و بووەتە نووسەری ناصیروددین-ی کوڕی مەحموودی بەڕێوەبەری ئەوێ.

لە بارەی هونەری نووسینەوە، کتێبێکی بەناوبانگی بەناوی (ئەلمەثەلوسسائیر فی ئەدەبیلکاتیبی وەششاعر)[١١٤] کە لە دووبەرگی گەورە پێکهاتووە، بەشێوەیەکی ئێجگار پەسند و، هەروەها بەناوی (ئەلوەشیولمەرقووم فـي حەللیلمەنظووم)[١١٥] و (کیتابولمەعانیلموغتەری فی فەننیلئینشا)وە[١١٦] دوو کتێبی هەیە. هەڵبژاردەیەکی گەورەشی ڕێکخستووە کە هەڵبژاردەی شیعری شاعیرە بەناوبانگەکانی تێدایە، ئەوەندەی چەند بەرگێکی نووسراوەکانی دیوان، واتە نووسینی هەڵبژاردەشی هەیە، کە بایی بەرگێکی کورتەشی بۆ ڕێکخراوە.

لە ٦٣٧ (**١٢٣٩ی** زایین)**دا** لە لایەن بەڕێوەبەری مووسڵ بەکاری باڵیۆزی کە نێرراوەتە بەغدا، لەوێ کۆچی دوایی کردووە.

(ب/١-ل/٥٩٩-٦٠٠)

**ئیبنوئەثیر** (**شەرەفەددین ئەبوئیسحاق ئیبراهیمی کوڕی ئیسماعیل**): کوڕی ضیائەددینی وەزیرە، کە پێش تۆزێك ژیاننامەی نووسرا. لە ٥٨٥ (**١١٨٩ی زایین**)**دا** لە مووسڵ هاتووەتە جیهان. لە بابەتی شیعر و پەخشان چەند کتێبێکی بەسوودی نووسیوە. هەندێك هەڵبژاردەشی ڕێکخستووە، دواتر لە ٦٢٢ (**١٢٢٥ی زایین**)**دا** کۆچی دوایی کردووە.

(ب/١-ل/ ٦٠٠)

**ئیبنوحاجیب** (**ئەبوعەمر جەمالەددین عوسمان-ی کوڕی عومەر**): لەو زانایانەیە کە بەپێی ڕێبازی مالیکی، لە شەریعەتزانە موسوڵمانەکانە و لە عەرەبیزانە بەناویانگەکانە. لە ٥٧٠ (**١١٧٥ی زاین**)**دا** لە ویلایەتی (قەوص)ی میسری ژووروودا لە شارۆچکەی ئەسنادا لە دایك بووە و لە ٦٤٦ (**١٢٤٩ی زاین**)**دا** لە ئەسکەندەرییەدا مردووە. باوکی بەڕەسەن کوردە و خزمەتکاری میر عیززەددین سەلاحی[١١٧] بووە.

ئیبنو حاجیب، دوای ئەوەی خوێندنی لە قاهیرە تەواوکردووە، چووەتە شام و بەفێرکردنی زانستەکان ناوبانگی دەرکردووە. بەپێی ڕێبازی مالیکی لە بابەتی زانستی شەریعەتدا لەگەڵ کتێبێکی تێکڕایی لە زانستی زمانی عەرەبیدا بەناوی (شافیە) و (کافیە)[١١٨]وە دوو کتێبی نووسیوە، کە لەگەڵ قەوارە بچووکیشیاندا هەردووکیان ئێجگار بەسوودبووە. تا ڕۆژی ئەمڕۆمان دەساودەس دەکرێن. لە بارەی ڕیشەکانی شەریعەتی ئیسلامەوە کتێبێکیشی بەناوی (مونتەها)وە[١١٩] هەیە. لە دەمە دواییەکاندا گەڕاوەتەوە میسر و نیشتەجێبوونی لە ئەسکەندەرییەی بۆخۆی هەڵبژاردووە.

(ب/١-ل/ ٦١٦)

**ئیبنوصەلاح** (**تەقییەددین ئەبوعەمر عوثمان-ی کوڕی عەبدوڕڕەحمان**): زانایەکی ئیسلامە، بەپێی ڕێبازی شافیعی، لە لێکدانەوە (تەفسیر) و فەرمووده و زانستی زمان و ئەدەبییاتدا خاوەنی زانستێکی فراوانە. بەڕەسەن کوردە و لە شارەزووردا لە دایك بووە[١٢٠]. دواتر چووەتە مووسڵ و خۆراسان و دواتریش بۆ شام و قودس لە مەدرەسەیەکی زۆردا مامۆستایی کردووە. یەکێکیشە لە مامۆستایانی ئیبن خەللکان. لە ٥٧٧ (**١١٨١ی زایین**)**دا** لە دایك بووە و لە ٦٤٣ (**١٢٤٥ی زایین**)**دا** مردووە.

لە زانستی فەرموودە (حەدیث)**دا** کتێبێکی زۆر بەسوودی هەیە، ئەو فەتوایانەشی کە دەرکردووە، هەندێکی لە لایەن قوتابییانەوە کۆکراونەتەوە و ڕێکخراون.

(ب/١-ل/٦٤١)

**ئیبنو عوطەیر**: کوڕی عوطەیری حوکمداری ڕوها، نەصروددەولەی کوڕی مەڕوانی حوکمداری دیاربەکر، گەرچی عوتەیری ناوبراویشی کوشتبێ و خاکەکانی خستبێتە ژێر دەستی خۆیەوە، بەمیانبینی و تکای ساڵحی کوڕی میرداس(١٢١)، ڕوها دراوەتەوە بەکوڕی عوتەیر. کەچی ئەم، بە بانگکردنی ئەرمانۆس-ی ئیمپراتۆری ڕۆم قەڵای داوەتە دەست ئەو و بووەتە هۆی ڕوودانی چەندین جەنگی نێوانی کوڕی مەڕوان و ئیمپراتۆری ڕۆمی ناوبراو، ئەم ڕووداوانە لە ٤٢٠ (**١٠٢٩ی زایین)دا** ڕووی داوە.

(ب/١-ل/٦٤٨)

**ئیبنو خەللیکان (ئەبولعەبباس شەمسەددین ئەحمەد-ی کوڕی ئیبراهیم)**: لە زانا گەورە و مێژوونووسە بەناوبانگەکانە. لە ٦٠٨ (**١٢١١ی زایین)دا** لە شاری هەولێردا لە دایك بووە. لە ڕەسەنی بەرمەکییانە(١٢٢). لە زانا بەناوبانگەکانی سەردەمی خۆی، زانست فێربووە. لە ئافرەتێك کە ناوی ئوم موئەییەد نیسابوورییە-یەکی زاناوە ئیجازەی وەرگرتووە، بۆ گەڕان چووەتە حەڵەب و شام و میسر و لە چەندین مەدرەسەدا مامۆستاییی کردووە و دوای ئەوەی بەزانست و ئازایی ناوبانگی دەرکردووە، لە ٦٥١ (**١٢٥٣ی زایین)دا** بووەتە سەرۆکی قازییانی شام.

دوای ئەوەی بەدادوەرییەکی تەواوەوە نۆ ساڵ سەرۆکایەتیی قازێتیی کردووە، لە ٦٦٠ی هیجری (**١٢٦٢ی زایین)دا** بەکۆتایی هێنان بەکارەکەی چووەتە میسر و لە ٦٧٦ی هیجری (**١٢٧٧ی زایین)دا** بۆ دووەم جاربووەتەوە سەرۆکی قازییانی شام. لە **٦٧١دا** لە شام کۆچی دواییی کردووە(١٢٣).

ئەگەرچی چەند کتێبێك و شیعرێکی زۆری هەیە، ئەوەی ناوبانگی بۆ پەیداکردووە ئەو کتێبە گەورە بەنرخەیەتی کە بەناوی (وەفەیاتولئەعیان وە ئەنبائو ئەبنائیززەمان)یەتی(١٢٤) کە لە بابەتی ژیاننامەی ناودارانی ئیسلامەوەی نووسیوە، کە لە دوو بەرگ پێکهاتووە و ٨٦٥ ژیاننامەی تێدایە و لەگەڵ لێکۆڵینەوەکانیدا لە ڕێی ئاوەزەوە لێی وردبووەتەوە و بەگەیشتنە ئەنجام و ڕاستگۆیی بەناوبانگە. چەند پاشکۆیەکی شایەنی باسیش نووسراوە و کراوەتە سەربار. بەناوبانگترینیان ئەو کتێبەی موحەممەدی کوڕی شاکر کوتوبی-یە، کە بەناوی (فەواتولوەفەیات)ەوەی(١٢٥) نووسیوە، کە لەگەڵ (وەفەیاتولئەعیان) پێکەوە ساڵی **١٢٩٩ (١٨٨١ی زایین)** لە میسر لە چاپخانەی بولاق لە سێ بەرگی **گەورەدا** چاپ کراوە و بڵاوکراوەتەوە.

خودی (وەفەیات) لە ئەڵمانیاش چاپ کراوە و وەرگێڕاوەتە سەر زۆربەی زمانە ئەوروپاییەکان.

ئەگەرچی لە زمانماندا (زمانی تورکی) وەرگێڕانێکی هەیە لە لایەن محەممەد ئەفەندیی ڕۆدۆسیزادە–وە کراوە، تەواونییە، بەسەر چەند ژیننامەیەکیدا بازداوە، هەندێك شتیشی خراوەتەسەر، ئەم وەرگێڕانەی بەدەربڕینێکی ئێجگار ئاڵۆزەوە نووسراوە، لە ١٢٨٠ (١٨٦٤ی زایین)دا بەدوو بەرگی گچکە، لە (مەطبەعەیی عامیرە)دا لە چاپ دراوە.

ئەم پارچەیە لە شیعرەکانی ئیبن خەللیکانن[١٢٦].

**انـا والـلـه هـــالـك آيس من سلامتي**
**او ارى القامة التي قد اقامت قيامتي**

واتە:

من بەخودا لە ناو دەچم
دەست لە تەندروستیم دەشۆم
یانیش ئەو بەژن و باڵایە دەبینم کە
قیامەتی بەسەرمدا بەرپا کردووە

(ب/١–ل/٦٢٣)

**ئیبنولمەشطووب** (**میر عیمادەددین ئەبولعەبباس ئەحمەدی کوڕی سەیفەددین**): یەکێکە لە سەرکردە کوردەکان، باوکی، جگە لە عیمادییە (ئامێدی) و حەکاری بووەتە بەرێوەبەری چەند قەڵایەکی دیکە. باوکیشی لە خزمەتی صەلاحەددینی ئەییووبیدا بووە و مافی کارتێداکردنی خاکی نابلوس–ی[١٢٧] دراوەتێ و پێی بەخشراوە.

ئیبنولمەشطووب، لە سەرەتادا لە ناو دەسوپێوەندی حوکمدارانی ئەییوبییاندا شوێنێکی زۆر گەورەی هەبووە و کە گەیشتبووە ئامانج، دوایی لە سەردەمی مەلیك کامیل–دا ئەو چاودێرییەی کە دەکرا، لە دەستی داوە و لە کارەکەی خراوە و لە میسر دەرچووە و لە هەندێك بزووتنەوەی یاخیبووانەدا بەشداریی کردووە. لوئلوئی کوڕی ئەتابەگی بەرێوەبەری مووسڵ قایلی کردووە و هێناویەتییە مووسڵ، دواتریش داویەتییە دەست مەلیك ئەشرەف موزەففەروددینی کوڕی مەلیك عادل و ئەم حوکمدارەش لە حەڕڕاندا بەندی کردووە و لە

وەودواش، پاشماوەی تەمەنی لە زینداندا بەسەربردووە و لە ژێر باری زنجیری قورسدا ماوەتەوە. لە ٥٧٥ (١١٧٩ی زایین)دا کۆچی دوایی کردووە.

(ب/١-ل/٦٦٧)

**ئیبراهیم پاشای (کورد)**: لە سەردەمی سوڵتان مستەفاخانی دووەمدا کە کەتخودای[١٢٨] قوڵ بووە، لە ١١٠٩ (١٦٩٧ی زایین)دا دوای لە سەرکار لابردنی ئیبراهیم پاشا بووەتە ئاغای یەنچەری، دواتر بەبەگلەربەگی-ی شارەزوور دامەزرێنراوە، لەسەر ئەو داواکارییانەی کراوە، فرمانی گوێزراوەتە قبرس. دواتر لە قبرسەوە گواستراوەتەوە مەراش و ماوەیەکی زۆر بەگلەربەگیی مەراش بووە و ماوەتەوە، لە دەمی پێکدادانی ئەحمەد پاشای والیی بەغدا لەگەڵ ئێراندا، ئەرکی نۆژەنکردن و سەرلەنوێ دروستکردنی شوورە و قەڵا تێکدراوەکانی بەغدا خراوەتە ئەستۆی ئەم و دواتریش بەپلەی وەزیری بووەتە والیی دیاربەکر. لە ١١٤١ (١٧٢٨ی زایین)دا لەسەر بەهاناوەچوونی لەشکری ئەحمەد پاشاوە بە تومەن (تیپێکی سەربازیی دە هەزارکەسی-وەرگێڕ)ی ڕێکوپێکەوە چووەتە تەورێز. ماوەیەکی زۆر والیی دیاربەکر بووە، بەنازناوی وەزیری شکۆدار-ەوە لە پلەیەکی شانازیدا بووە. لە سەردەمی سەڵتەنەتی سوڵتان مەحموودی یەکەمدا لە ١١٦٣ (١٧٥٠ی زایین)دا گوێزراوەتەوە والێتیی ترابزۆن. لە بارەی ساڵ و شوێنی مردنییەوە زانیاری بەدەست نەکەوت.

(ب/١-ل/٥٦٢-٥٦٣)

**ئیدریسی بەدلیسی**: یەك لە سەرکردە و مێژوونووسە کوردەکانە، لە شا ئیسماعیل هەڵاتووە و پەنای بردووەتە بەر دەوڵەتی بەرزی عوسمانی. لە حەزرەتی سوڵتان بایەزیدخانی دووەمەوە ڕووی خۆش و بایەخی بەدی کردووە، بەناوی پادشای ناوبراوەوە مێژوویەکی جوانی عوسمانیی بەناوی (هەشت بەهەشت)[١٢٩]ەوە نووسیوە. لە سەردەمی سوڵتان سەلیم خاندا نێرراوەتە کوردستان و خزمەتی هێنانە ناو چوارچێوەی بەڕێوەبەرێتیی دادپەروەرانەی عوسمانییەوەی دیاربەکر و مووسڵ و کوردستان[١٣٠]ی کردووە و لە گەڕانەوەیدا لە لایەن پاشاوە زۆر زۆر بەرزکراوەتەوە و ڕێزی لێ نراوە. لە ٩٢١ (١٥١٥ی زایین)دا لە ئەستەمبووڵ کۆچی دوایی کردووە.

کۆشکی ئیدریسیی نزیکی (ئەبوو) ئەییووبی ئەنساری و چەشمەکەی، هی ئەوە و ئەو مزگەوتەش کە لە نزیکییەتی هی زەینەب خاتوونی هاوسەریەتی. ئیدریس بەدلیسی بەرامبەر بەڕافزییانیش کتێبێکی بەرپەرچدانەوەی هەیە.

(ب/٢-ل/ ٨١١)

**ئیلیهی بەگ**: لە بەگەکانی کوردستانە و شاعیرە، لەسەر هەندێك لە تاوانەکانی لە لایەن سوڵتـان سەلیم یـاوز-ەوە لـە حـەڵـەب ئـیـعدام کراوە[١٣١]. بـەشێوەی چـەغـەتـای (تـورکـی) شیعری هەیە.

(ب/٢-ل/ ١٠٢٧)

**ئیلبەیلو**[١٣٢]: ناحیەیەکە لە باکووری خۆرهەڵاتی حەڵەبدا و پەیوەستە بەقەزای باب-ی سەر بەلیوا و ویلایەتی حەڵەب. لە ٢٩ گوند پێکهاتووە و دانیشتووانی عەرەب و تورك و کوردن. بەرهەمیان دانەوێڵەی هەمەجۆر و میوەی هەمە چەشنە و سەوزەواتە. بەرهەمی پیشەسازییان لە شمەکی وەك بەڕە و بەرماڵ پێکدێ.

(ب/٢-ل/ ١١٥٧)

**ئاراقس (Arax):** ئەو ناوەیە کە جوگرافیاناسە کۆنەکانی یۆنان بەدوو ڕووباری ئێرانیان داوە، یەکێکیان ئاراس-ە کە پێشتر باسی لێوە کراوە، ئەوی دیکەیان ڕووباری (ڕەوەندەمیر)ی نزیکی ئەستەخرە. (بۆ زانیاریی پتر بڕواننە ئەو وشانە) (وەرگێڕ)

(ب/ ١- ل/ ٧٩)

**ئارسیسە (Arsissa):** ناوی کۆنی گۆلی وان و شاری ئەرجیش-ی سەر ڕۆخی ئەو گۆلەیە... (بڕوانە بابەتی: ئارجیش و وان). (وەرگێڕ)

(ب/ ١- ل/ ١٢٤)

**ئازادمەرد ئاباد**: قەڵایەکی سەخت بووە لە دەوروبەری هەمەداندا. (وەرگێڕ)

(ب/ ١- ل/ ١٧٥)

**ئاسپۆزی**: شارێکە ناوەندی لیوایە، لە لیوای مەلاتییەی ویلایەتی مەعموورەتولعەزیزدا، لە ٤ کیلۆمەترێکی خۆراوای باشووری مەلاتییە و لە لای خۆراوای باشووری فوراتدا لە ڕۆخی دەشتێکی فراوانی داوێنی چیادا و لەسەر خڕێکدا کە دەڕژێتە ناو (طاشمەصو)ی یەکێك لە لکەکانی فورات. وەکو ئەوەی شوێنەکەی زۆر جوان و دڵگیرە، کۆڵانەکانیشی ڕێکوپێك و خاوێنە، ئاسپۆزی پێشتر وەکو هاوینەهەواری مەلاتییە بووە، خەڵکەکەی لەوێدا کۆشکیان هەبووە، تەنیا هاوینان چوونە ئەوێ، زستانان گەڕاونەتەوە مەلاتییە، بەڵام لە ساڵی ١٢٥٥ی.هـ (١٨٣٩- ١٨٤٠ی.ز) دا و لە دەمی جەنگی نزیب-دا لەبەرئەوەی سەربازی

زۆر هاتووەتە ناو شار، خەڵکەکە لە هاوینەهەوار نەهاتوونەتەوە و ناچار زستانیشیان لەوێ بەسەر بردووە، لەوساوە ئیدی زستانانیش لەوێ ماونەتەوە و ڕاهاتوون، مەلاتییە چۆڵ کراوە، بووەتە کەلاوە و کە ئاسپۆزی کراوەتە ناوەندی لیوا ئاوەدانیی پتر بووە، ئاوی ڕەوانیان زۆرە و باخەکانی زۆر جوانن، سێوی بەنووسینیان بەناوبانگە ئەمەش لە کاتی سووربوونەوەی سێودا بە لەسەر هەڵکەندنی نووسین و کاغەزی پێوەلکاندن و ئەو شوێنانەی خۆریان بەردەکەوێ سوور هەڵدەگەڕێ و لایەکانی دیکەی بە زەردی دەمێنێتەوە. ئاسپۆزی زێدی (نیازی)ی یەك لە چاکانی سۆفییە، لە تەنیشت شاریشدا گوندێك هەیە ناوی گوندی نیازییە. خەڵکەکەی لە دەوروبەری ٦٠,٠٠٠ کەسێکدان شێی مەیلەو زۆرە. (وەرگێڕ)

(ب/ ١- ل/ ١٨٥)

**ئاسەف ئەفەندی** (**سەید محەمەد ئەمین**): لە ١٢٣٦ی هیجری (١٨٢٠ ی ز)دا لە شاری (ئامەد) هاتووەتە جیهان، بە منداڵی لەگەڵ باوکیدا کۆچیان بۆ شام کردووە، لەوێ ئەدەبییاتی عەرەبی و فارسی-ی لە لای باوکی و مامۆستایانی دیکە خوێندووە، ١٢٦٢ی هیجری (١٨٤٥ - ١٨٤٦ی.ز) چووەتە ئەستەمبووڵ (دەرسەعادەت) و شاعیرێکی ورد و ئەدیب بووە، ئەگەرچی چامەو غەزەلێکی زۆریشی گوتووە، دەفتەری شیعرەکانی بزر بووە. گەرچی غەزەلێکی لە (تەزکیرەی فاتین- تذکرەء فاتن)دا بەرچاودەکەوێ، نموونەی جوانیی شیعرەکانیشی بێ، بەڵام لە بارەیەوە بیرێکی چاك پێکناهێنێ. (وەرگێڕ)

(ب/ ١- ل/ ٢١١)

**ئاقائی**: لە گەورە پیاوانی هەمەدان-ە. شاعیرێکی خۆشڕەوشت و شیرین زمانە، پتر لە چوارینەدا توانا بووە، ئەم چوارینەیە لە شیعرەکانی ئەون:

بی پا و سران دشت خون آشامی
مردند بحسرت و غم ناکامـــی
محنت زدکان وادئ عشـق تـــرا
هجران کشدو اجل کشد بدنامـی..... (وەرگێڕ)

(ب/ ١- ل/ ٢٥٥)

**ئاگری داغ (ئاغری طاغ):** چیایەکی بەرزە، لە لیوای بایەزیدی ئەنادۆڵ-دا، کە بەناوی (ئەرارات)ەوە بەناوبانگە، بۆیە لە ڕیزبەندیی ئەم وشەیەدا باس کراوە.

(بڕوانە بابەتی ئەرارات). (وەرگێڕ)

(ب/ ١- ل/ ٣٣٠)

**ئامەد:** ناوی کۆنی شاری دیاربەکرە، کە لە باکوری جەزیرەدایە.(بڕوانە بابەتی «دیاربەکر»). (وەرگێڕ)

(ب/ ١- ل/ ٣٦٥)

**ئامەدی (مەولا قاسم):** لە خۆشنووسە بەناوبانگەکانە، بەنازناوی «غوباری»یەوە بەناوبانگە (بڕوانە بابەتی «غوباری» ). (وەرگێڕ)

(ب/ ١- ل/ ٣٦٥)

تێبینی: زانا و ناوداری زۆری دیکە هەن بەم شارەوە بەناوبانگن و بووەتە نازناویان، بەپێی ناوەکانیان لەم کتێبە دانراون.

**ئەبوبەکری کوڕی محەمەد (کوڕی خورشید):** باپیرە گەورەی ئەو ئەتابەگانەی لە لوڕی گچکەدا فەرمانڕەواییان کردووە، شوجاعوددین خورشیدی کوڕی ئەم، یەکەمی ئەو میرانەیە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی شەشەمی هیجریدا سەربەخۆییان بەدەست هێناوە و تاکڕەوییان کردووە. (وەرگێڕ)

(ب/ ١- ل/ ٦٩١)

**ئەبوبەکر شەرەفەددین:** سێیەمی ئەو میرە فەرمانڕەوا ئەتابەگییانەی لوڕی گچکەیە، لە ٦٢٥ی هیجری (١٢٢٧- ١٢٢٨ی.ز)دا دوای کوژرانی سەیفوددین ڕۆستەم-ی برای، ماوەیەك میرایەتیی کردووە. (وەرگێڕ)

(ب/ ١- ل/ ٦٩٦)

**ئەبوحەنیفەی دەینەوەری (ئەحمەدی کوڕی داوود):** لە ماتماتیکزانە بەناوبانگەکانی ئیسلام بووە، لە زانستەکانی ماتماتیك و شێوە و ئەستێرەناسیدا بێهاوتای سەردەمی خۆی بووە، بەڵکو دانایەکی وابووە جێی شانازیی هەموو ماتماتیکزانە موسوڵمانەکان بووە. لە

ڕووەکزانی و ئەدەبییات و ڕێزمان و مێژووشدا خاوەنی دەستێکی باڵا بووە. ڕاڤەیەکی پیرۆزی ڕێکوپێك و مێژوویەکی تێکڕایی (دوورودرێژ) و لە بارەی ئەو هونەرە باسکراوانەوە کتێبێکی زۆری داناوە، سەرەکییەکانیان ئەمانەن: «إصلاح المنطق»، «جواهر العلم»، «کتاب في الجبر والمقابلة»، «کتاب في حساب الخطاطين»، «کتاب في الفصاحة»، «کتاب في النبات»، جگە لە «کتاب في النبات»، «کتاب الوصايا» ، «کتاب لحن العامة». وەکو ئەوەی ئەو دوو کتێبەی لە بارەی ڕووەکەوەن زۆر پەسند و پشت پێبەستراون، هەموو ئەو زانیارییانەی زانایانی موسوڵمان لەبارەی ئاسمان و کەش و هەوا و زانستەکانی دیکەی گەردوون و ماتماتیك–ەوە هەیە، لە کتێبی «کتاب في الأنواء»ی بەنرخدا کۆکردووەتەوە و «زیج»ێکیشی بەناوی ڕوکنوددەولەی بووەیهییەوە هەیە. ڕوکنوددەولەی ئاماژە بۆ کراو لە ٢٣٥ی هیجری (٨٤٩ – ٨٥٠ ی.ز)دا بۆ خاوەنی ژیننامە، ڕوانگەیەکیشی لە ئەسفەهاندا بەڕادان داوە، کە لە بارەی ئەم ڕوانگەیەشەوە کتێبێکی داناوە، لە ٢٨١ی هیجری (٨٩٤–٨٩٥ ی.ز)دا کۆچی دوایی کردووە. (جەلیل)

(ب/ ١– ل/ ٧١٢)

**ئەبوذەر–ی هەمەدانی (عومەری کوڕی ذەرر)**: لە فیقه و فەرموودە گێڕەوە و خوداناس و خۆپارێزە بەناوبانگەکان بووە. ساڵی ١٥٦ی هـ (٧٧٢– ٧٧٣ی ز)دا کۆچی دوایی کردووە. (وەرگێڕ)

(ب/ ١– ل/ ٧١٦)

**ئەبوششۆك (حوسامودەولە، فارسی کوڕی «ئەبیلفەتح»)**: یەکێك بووە لە میرە کوردەکان. خاوەنی حولوان بووە. دوای کۆچی دوایی باوکی، ساڵی ١٠٤ی هیجری (٧٢٢– ٧٢٣ی.ز) بەرەو پایەی میرایەتی سەرکەوتووە، لەگەڵ میر و شایەکانی دەوروبەریدا و بەتایبەتی لەگەڵ (موهەلهەل)ی برایدا گەلێك جەنگیوە، دوای دەست بەسەردا گرتنی چەندین زەوی، ساڵی ٤٣٧ لەلایەن ئیتاڵ–ی سەلجووقییەوە شکستی خواردووە و گەلێك لە خاکەکانی گیراوە، ناچار لەگەڵ موهەلهەلی برایدا ئاشتەوایی ئەنجام داوە و هەر ئەو ساڵە بەخۆی مردووە، دوای مردنی کوردەکان ڕوویان لە سەعدی–ی کوڕی وەرگێڕاوە و چوونەتە پاڵ موهەلهەلی برای. (جەلیل)

(ب/ ١– ل/ ٧٢٧ – ٧٢٨)

**ئەبوطالب کەلیم-ی هەمەدانی:** لە شاعیرە مەزنەکانی سەردەمە دوایینەکانی ئێران بووە، لە هەمەداندا پێگەییوە و لە ۱۰۲۸ی.هـ (۱٦۱۸- ۱٦۱۹ ی.ز)دا چووەتە هیندستان و بووەتە جێسەرنجی (جیهانگیر)، دواتر دووبارە چووەتەوە هیندستان و بووەتە شای شاعیران (ملك الشعراء)ی شاجیهان و بەناوی ئەوەوە بەناونیشانی (ظەفەرنامەی شاجیهان)ەوە هۆنراوەیەکی نووسیوە، هەروەها دیوانی ڕێکخراویشی هەیە. ساڵی ۱۰٦۱ لە لاهوور کۆچی دوایی کردووە. (وەرگێڕ)

(ب/ ۱- ل/ ۷۳۰)

**ئەبوعەمر-ی مارانی (ضیائوددین عوسمانی کوڕی عیسای هەزبانی):** لە فەقیهە شافیعییە بەناوبانگەکان بووە. برای صەدرەددین ئەبولقاسم عەبدولمەلیك-ی (قاضیلقوضات)ی میسرە. لە شارۆچکەی (ماران)ی خوارووی مووسڵ لە دایك بووە، لە هەولێر خوێندنە سەرەتاییەکانی تەواو کردووە و دواتر بۆ دیمەشق و دواتریش چووەتە میسر، لە ٦۰۲ی.هـ (۱۲۰۵ - ۱۲۰٦ ی.هـ)دا کە لە تەمەنی ۹۰ ساڵیدا بووە لە قاهیرە کۆچی دوایی کردووە. وەکو ئەوەی لە دوو بەرگدا ڕاڤەیەکی بۆ کتێبی ئەللومەع (اللمع)ی ئەبو ئیسحاقی شیرازی نووسیوە کە لەبارەی بنەمای فیقهـ (أصول الفقه)ەوەیە، ئەگەرچی بۆ کتێبی «موهەذذەب»یش کە لەبارەی فیقهی شافعییەوەیە ڕاڤەیەکی ۲۰ بەرگی نووسیوە و ڕێکخستووە، بەڵام نەیتوانیوە تەواوی بکا، هەندێك کتێبی دیکەشی هەن. (جەلیل)

(ب/ ۱- ل/ ۷٤٤)

**ئەبونەجیب-ی جزری (شەدداد تاهیری کوڕی ئیبراهیم):** یەکێکە لە شاعیران، شیعر و چامەیەکی زۆری لە پێداهەڵدانی موهەللەبی-ی وەزیری موعیززوددەولەی بووەیهی و عەضودوددەولەدا هەیە. ئەم پارچەیە لە شیعرەکانی ئەون:

أرى جيل التصوف شر جيل

فقل لهم واهون بالحلول

أقال الله حين عشقتموه

كلوا أكل البهائم وارقصوا لي... (جەلیل)

(ب/ ۱- ۷٦٤)

**ئەبوننەجیب-ی سوهرەوەردی (ضیائوددین عەبدولقادر)**: لە گەورە شێخانی سۆفییان بووە، ڕەچەڵەکی بەحەزرەتی ئەبوبەکری سددیق کۆتاییی دێ. شارەزای زانستەکانی دیار و نادیار بووە، هەندێك کتێبیشی هەیە. لە ٥٦٣ی.هـ (١١٦٧-١١٦٨ی.ز)دا کۆچی دوایی کردووە. (جەلیل)

(ب. ١- ل/ ٧٦٤)

**ئەتابەگەکانی لوڕی گەورە**: دەوڵەتی ئەمان، لە لایەن ئەبو تاهیر-ی کوڕی محەمەد، یەك لە میرەکانی سەنغەری یەکەمینی دەوڵەتی ئەتابەگەکانی فارس بووە، ساڵی ٥٤٥ی.هـ (١١٥٠-١١٥١ی.ز) دامەزراوە، تا ساڵی ٧٩٥ی.هـ (١٣٩٢-١٣٩٣ی.ز) ٢٥٠ ساڵ درێژەی بووە، بەوشێوەیەی خوارەوە ٩ فەرمانڕەوا هاتووە، هەرێمی ڕەسەنی خۆیان لوڕستان بووە، ماوەیەك وڵاتەکەیان تا نزیکی ئەسفەهان فراوان بووەتەوە.

ئەبوتاهیر - لە ٥٤٥ی.ز (١١٥٠-١١٥١ی.ز) تا ٥٥٠ی.هـ (١١٥٥-١١٥٦ی.ز).

هەزار ئەسف- لە ٥٥٠ی.ز (١١٥٥-١١٥٦ی.ز) تا ٥٥٤ی.هـ (١١٥٩-١١٦٠ی.ز).

تکلە - لە ٥٥٤ی.هـ (١١٥٩-١١٦٠ی.ز) تا ٦٥٦ی.هـ (١٢٥٨-١٢٥٩ی.ز).

شەمسەددین ئالپ ئارغون لە - ٦٥٦ی.هـ (١٢٥٨-١٢٥٩ی.ز) تا ٦٧١ی.هـ (١٢٧٢-١٢٧٣ی.ز).

یووسف شا - لە ٦٧١ ی.هـ (١٢٧٢-١٢٧٣ی.ز) تا ٦٨٠ی.هـ (١٢٨١-١٢٨٢ی.ز).

ئەفراسیاب - لە ٦٨٠ی.هـ (١٢٨١-١٢٨٢ی.ز) تا ٦٩٦ی.هـ (١٢٩٦-١٢٩٧ی.ز).

نەسرەددین ئەحمەد - لە ٦٩٦ی.هـ (١٢٩٦-١٢٩٧ی.ز) تا ٧٣٣ی.هـ (١٣٣٢-١٣٣٣ی.ز).

روکنوددین یووسف شا - لە ٧٣٣ ی.هـ (١٣٣٢-١٣٣٣ی.ز) تا ٧٤٠ی.هـ (١٣٣٩-١٣٤٠ی.ز).

موزەفەروددین ئەفراسیاب - لە ٧٤٠ی.هـ (١٣٣٩-١٣٤٠ی.ز) تا ٧٩٥ی.هـ (١٣٩٢-١٣٩٣ی.ز).

لەمانە، تەکلە لە دەمی گرتنی بەغدا و تێکدانیدا، لەگەڵ هۆلاکۆ بووە، لەبەرئەوەی

بەزەییی بە بەسەرهاتی ئیسلام هاتووەتەوە، لەلایەن هۆلاکۆوە کوژراوە و نەوەکانی کە لە ژێر فەرمان و دەسەڵاتی مەغۆلاندا فەرمانڕەوایییان کردووە. دواتریش موظەففەرەددین ئەفراسیاب-ی دوایینیان لە کۆتاییەکانی سەڵتەنەتیدا لەلایەن تەیموور لەنگەوە خاکەکانی داگیرکراوە و خۆیشی بە پۆستی والێتی تا کۆتاییی ژیانی هێڵراوەتەوە. (جەلیل)

**ئەتابەگەکانی لوڕی گچکە**: دەوڵەتی ئەمانەش لەلایەن حوسامودین-ی شوهلك ئادەمی و دوای ئەمیش شوجاعوددین خورشیدەوە کە لەلایەن سەلجووقییەکانەوە کرابوونە والیی لوڕستانی گچکە، لە ساڵی ٥٩١ی.هـ (١١٩٤-١١٩٥ی.ز) دا دامەزراوە، تا ساڵی ٧٦١ی.هـ(١٣٥٩-١٣٦٠ی.ز) ماوەی ١٢٥ ساڵ درێژەی بووە، بەوجۆرەی خوارەوە ١١ فەرمانڕەوایان هەبووە.

شوجاعوددین لە ٥٩١ی.هـ (١١٩٤-١١٩٥ی.ز) تا ٦٢١ی.هـ (١٢٢٤-١٢٢٥ی.ز).

سەیفوددین ڕۆستەم لە ٦٢١ی.هـ (١٢٢٤-١٢٢٥ی.ز) تا ٦٢٢ی.هـ (١٢٢٥-١٢٢٦ ی.ز).

شەرەفوددین ئەبوبەکر لە ٦٢٢ی.هـ (١٢٢٥-١٢٢٦ی.ز) تا ٦٢٤ی.هـ (١٢٢٦-١٢٢٧ ی.ز).

عیززەددین لە ٦٢٤ی.هـ (١٢٢٦-١٢٢٧ی.ز) تا ٦٢٧ی.هـ(١٢٢٩-١٢٣٠ی.ز).

حوسامودین خەلیل لە ٦٢٧ی.هـ (١٢٢٩-١٢٣٠ی.ز) تا ٦٤٠ی.هـ (١٢٤٢-١٢٤٣ ی.ز).

تاجوددین لە ٦٤٠ ی.هـ(١٢٤٢-١٢٤٣ی.ز)تا ٦٥٨ی.هـ(١٢٥٨-١٢٥٩ی.ز).

مەلیکوددین حەسەن و لە ٦٥٨ی.هـ(١٢٥٨-١٢٥٩ی.ز) تا ٦٧٧ی.هـ(١٢٧٨-١٢٧٩ ی.ز) و لەگەڵ عیززەددین حوسێن (پێکەوە) لە ٦٧٧ی.هـ(١٢٧٨-١٢٧٩ی.ز) تا ٦٩٢ی.هـ (١٢٩٢-١٢٩٣ی.ز).

جەمالوددین خدر لە ٦٩٢ی.هـ(١٢٩٢-١٢٩٣ی.ز) تا ٦٩٣ی.هـ(١٢٩٣-١٢٩٤ی.ز).

حوسامودین عومەر لە ٦٩٣ی.هـ(١٢٩٣-١٢٩٤ی.ز).

صەمــصامــوددیــن مــەحــمــوود لــە ٦٩٣ی.هـ(١٢٩٣–١٢٩٤ی.ز) تــا ٦٩٥ی.ز (١٢٩٥–١٢٩٦ی.ز).

ئەوانەشیان دوای بەدروددین مەسعوود هاتوون، لە ژێر فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتی مەغۆلەکاندا بوونە. (جەلیل)

(ب/ ١– ل/ ٧٧٦)

**ئەثیروددینی ئەومانی:** خەڵکی دێی ئەومان–ی نزیك هەمەدانە، لە شاگردانی نەسیروددینی تووسیی داناوی بەناوبانگە، شاعیرێکی هونەرمەندە، دیوانێکی بەعەرەبی و فارسی هەیە، ئەم دوو دێڕە شیعرە لە شیعرە فارسییەکانی ئەون:

چنین که جوشن سیمین آب می بینم
چەگونە کارکند تیغ خود برآن جوشن
باب بنگرد و یاد آور از شهان قدیم
بزال ماند دربند مانده از بهمن.... (وەرگێڕ)

(ب/ ١– ل/ ٧٨١)

**ئیبراهیم حەققی:** لە پیرە بەرێزەکانی سەدەی دوانزەهەمی هیجرییە. لە شارۆچکەی حەسەن قەڵا (حەسەن قەلعە)ی لیوای ئەرزەرۆمدا هاتووەتە دنیاوە و دوای خوێندنی زانستە دیارەکان چووەتە پاڵ شێخ ئیسماعیل ئەفەندی کە شێخی بەرماڵ (سەججادەنشین)ی تەکیەی قادریی گوندی (تلو)ی سەر بە قەزای سعرد. بە ڕەوشتی ڕێبازگری و سۆفیگەری و زانستە نادیارەکان (باطنی)، دڵانی ڕووناك و دەروونەکانی ڕوون کردووەتەوە، بە مردنی پیرەکەی بووەتە جێنشینی، زاتێکی زانا و بێ کەموکوڕی و خواناس بووە. لەبارەی ڕاستی و تەسەوفەوە ئەڤینی خودایی (عیشقی ئیلاهی)ی لە شیعرەکانی دیوانی تورکییدا ڕێکخستووە، کتێبێکیشی بەناوی (مەعریفەتنامە) هەبووە کە لە زانستە جوداکان دەکۆڵێتەوە. هەردوو کتێبیشی چاپ کراوەتەوە و لەبەر دەستی خەڵکیدان لە ١١٨٦ی.هـ (١٧٧٢–١٧٧٣ی.ز)دا کۆچی دوایی کردووە. لە گۆڕستانی کونجەکەی خۆیدا نێژراوە. (وەرگێڕ)

(ب/ ١– ل/ ٥٦٧)

**ئیبراهیم گۆرانی (بورهانوددین)**: یەکێك بووە لە زانا مەزنەکانی سەدەی یازدەهەمی هیجری و لە شێخانی نەقشبەندییەکان بووە، لە ١٠٢٥ی.هـ (١٦٢٥-١٦٢٦ی.ز)دا لە شارەزوور لە دایك بووە، بۆ خوێندن چووەتە شام و میسر، دوای ئەوەی لە زانایانی ئەو دەڤەرانەوە زانست و خوێندنەوەی بەدەست هێناوە، چووەتە مەدینەی مونەووەرە و لەوێدا نیشتەجێ بووە. دوای ئەوەی خوێندنی لە لای زانایانی ئەوێش کۆتایی پێ هێناوە، دەستی بەوانەوتنەوە کردووە، بەزانست و چاکەو وانەی چاك وتنەوەوە ناوبانگی دەرکردووە، لە وڵاتی دوورەوە خوێندکارێکی زۆری بۆ هاتوون و چوونەتە ناو ئەڵقەی وانەکانییەوە. لە سەد کتێب زیاتری نووسیوە، بەشێوەیەکی سەرەکی لە بارەی زانستی گەردانکردن «علم الصرف»ەوە، کە ئەمانەی خوارەوە هەندێکن لە دانراوەکانی: کتێبی: «تکمیل التعریف» و پەراوێزێکی بۆ ڕاڤەی «شرح الأندلسیة»ی (قەصدی) و لێکۆڵینەوەی «عوامل الجرجانیة»، «النبراس لكشف الألتباس فی الأساس»، «ضیاء المصباح في شرح بهجة الأرواح»، «القول الجلي في تحقيق قول الإمام زين الدين بن علي»، «تحقيق التوفيق بين كلامی أهل الكلام و أهل الطريق»، «قصد السبيل الى توحيد الحق والوكيل»، «ستر العقيدة»، «الجواب المشكور عن السؤال المنظور»، «إشراق الشمس بتعريب الكلمات الخمس»، «بلغة المسير الى توحيد العلي الكبير»، «القول المبين في مسئلة التكوين»، «إفاضة العلام بتحقيق مسئلة الكلام»، «الالماء المحيط بتحقيق الكسب الوسيط بين طرفي الأفراط والتفريط»، «إتحاف الزكي بشرح التحفة المرسلة الى النبي»، «مسالك الأبرار الى أحاديث النبي المختار»، «مسلك السداد الى مسئلة خالق أفعال العباد»، «المسلك الجلي في حكم سطح الولي»، «حسن الأوبة في حكم حزب التوبة»، «إتحاف الخلف بتحقيق مذهب السلف».

لە مانگی ڕەبیعولئاخری ساڵی ١١٠١ی هیجری(١٦٨٩-١٦٩٠ی.ز) کۆچی دوایی کردووە. (جەلیل)

(ب/ ١- ل/ ٥٨٠ - ٥٨١)

**ئیبراهیم هەمەدانی (میرزا)**: لە زانا ئێرانییە گەورەکانی سەردەمە دواییەکانە، لە زانست و هونەری جۆراوجۆردا شارەزای تەواو و لە شیعر نووسیندا توانا و بەزمانپاراوی بەناوبانگ بووە، شا عەبباس ڕێز و بڕوایەکی نائاسایی پێ هەبووە. جاروباریش سەردانی کردووە و لە ١٠٦٦ی.هـ (١٦٥٥-١٦٥٦ی.ز)دا کۆچی دوایی کردووە. (وەرگێڕ)
(ب/ ١- ل/ ٥٨٥)

**ئیبنوئەبی دەمینە** (**یانیش: ئیبنو ئەبیددیمنە**): هەمەدانی بووە و لە دانەرانی کتێبی جوگرافیا و مێژوو بووە، ئەگەرچی یاقووتی حەمەوی لە شوێنێکی زۆری فەرهەنگ (موعجەم)ەکەیدا گێڕانەوەکانی ئەم کەسەی بەنموونە هێناوەتەوە، کتێبەکانی و ژیننامەکەیمان دەست نەکەوت. (وەرگێڕ)

(ب/ ١– ل/ ٥٩٤)

**ئیبنو باجوریقی** (**شێخ محەمەدی کوڕی جەمالوددین**): یەکێك بووە لە زانایانی جزیرە، بە لە خەڵك دابڕان، ڕێبازێکی تایبەت بەخۆی گرتووەتەبەر، خەڵکی بۆ بانگهێشت کردووە، لەبەرئەوەی لەگەڵ حوکمەکانی شەریعەت جیاوازیی تێدا بووە، سەرەتا لەسەر گەواهی هەندێك لەو زانایانەی چووبوونە سەر ڕێبازەکەی، فەرمانی ئیعدامی دەرچووە و بەنهێنی چووەتە میسر و لەوێ بەناوبانگتر بووە، ئەگەرچی موریدانیشی پتر بووە، دواتر بڕیاری کوشتنی بۆ دەرچووە، خۆی شاردووەتەوە و بۆ بەغدا هەڵاتووە، لەوێش هەر ئەو بارودۆخەی تووش هاتووەتەوە، چووەتە دیمەشق، پاشماوەی تەمەنی بەخۆشاردنەوە بەسەربردووە و لە ٤٢٤ی (١٠٣٢–١٠٣٣ی.ز)دا هیجریدا کۆچی دوایی کردووە، لافی ئەوەی لێداوە کە ئەو ڕێیەی پێغەمبەرانی مەزن پێی دەگەنە خودایان گەلێك دووروردرێژ کردووە و بەخۆی توانستی کورتکردنەوەی ئەم ڕێیەی هەیە، چەندین قسەی توڕەهاتی وەهای دەربڕیوە. (وەرگێڕ)

(ب/ ١– ل/ ٦٠٤)

**ئیبنوسەففار** (**جەلالوددینی عەلی–ی کوڕی یووسف**): ماردینی بووە، کەسێکی ئەدیب و شاعیر بووە، نووسەری مەلیك مەنسووری ناسیروددینی ئەرتوق–ی خاوەنی ماردین بووە. ساڵی ٦٥٨ی.هـ (١٢٥٨–١٢٥٩ی.ز) لە لایەن ئەو مەغۆلانەی دەستیان بەسەر ماردیندا گرتووە، کوژراوە. بەناونیشانی «ئونسولمولووك»ەوە کتێبێکی جوانی شیعری ڕەوانی هەبووە. ئەم پارچە شیعرە لە شیعرەکانییەتی:

ما قام أقنوم الجمال بوجهه
إلا وفي ناسوته لاهوت
أحسن فأن الحسن وصف زائل
وأصنع جميلا فالجمال يفوت... (وەرگێڕ)

(ب/ ١– ل/ ٦٤١)

**ئیبن طاغتەكین**: (بڕوانە بابەتی «طاغتەكین»). (وەرگێڕ)

(ب/ ١- ل/ ٦٤٣)

**ئیبن كەرابا (ئەبوسالم-)**: مەلاتیەییەكی سەر بەڕێبازی یەعقوبییە، پزیشك و یاوەری عەلائەددین كەیقوبادی یەك لە شایەكانی سەلجووقی بووە، لە پزیشكیدا ناوبانگی نەبووە، بەڵام فەرمانڕەوای ناوبراو چاودێری و خۆشەویستییەكی سەرئاسای بۆ هەبووە و ڕووی دەدایێ، بەجۆرێك كە لێی جودا نەدەبووەوە، تەنانەت ڕۆژێكیان لەكاتی ڕاگوزاریدا، لەبەرئەوەی لەگەڵ عەلائەددین بووە. ئاماژە بۆ كراو زەلامی بەتایبەتی ناردووە، داوای كردووە، بەڵام خاوەنی ژیننامە لە ڕۆژی داواكراودا ئامادە نەبووە، لەبەرئەوەی بۆ ڕۆژی دواتر چووە، كە پەژارەی گەورەی خۆی دیتووە، لە خەمان ژەهری خواردووەتەوە و مردووە. (وەرگێڕ)

(ب/ ١- ل/ ٦٥٩)

**(ئیبن كەریب) (محەمەدی كوڕی عەلا-ی هەمەدانی)**: لە قورئان لەبەر و فەرموودە گێڕەوە بەناوبانگەكانی كوفە بووە. لە ٢٤٣ی هیجری (٨٥٧-٨٥٨ی.ز)دا مردووە و لەسەر ڕاسپاردەی خۆی كتێبخانەكانیشی نێژراون. (وەرگێڕ)

(ب/ ١- ل/ ٦٥٩)

**ئیبنوللەببان (شەمسوددین ئەبوعەبدوڵلا محەمەدی سعردی)**: یەكێكە لە زانایانی میسر و فەرمووده گێڕەوە و فیقهزانە شافیعییەكان، لە زۆربەی هونەرەكاندا و بەتایبەتی لە زانستی ئاینیدا خاوەن دەستێكی باڵا بووە. ئەو كتێبەی بەناوی دایك (كتاب الأم)ەوە پێشەوا محەمەدی كوڕی ئیدریسی شافیعی دایناوە، ئەم ڕێكی خستووە، بەش بەشی كردووە و ئەم زاتە هەروەها چەند كتێبێكی بەناوونیشانی «إزالة الشبهات عن الآيات و الأحاديث المشتبهات»، «تربية الأمة»، «كتاب رد المتشابه الى المحكم»، «متشابه القرآن». ساڵی ٧٤٩ی هیجری (١٣٤٨-١٣٤٩ی.ز) كۆچی دوایی كردووە. (وەرگێڕ)

(ب/ ١- ل/ ٦٦١)

**ئیبنولموستەوفی (شەرەفوددین ئەبولبەرەكات، موبارەك-ی كوڕی ئەحمەدی هەولێری (ئەربیلی)**: لە زانا بەناوبانگەكانە، لە ئەدەبییات و فەرموودە و مێژوودا خاوەنی دەستێكی

بـالاّ بـووه، لـه ٥٦٤ی.هـ (١١٦٨-١١٦٩ی.ز)دا لـه هــەولـێر لـه دایك بـووه، هـەر لـەوێش پـەروەردە بـووە، لـە زانستـی دیـوان (واتـە بـنـەمـاکـانـی بـەڕێوەبـردن و نـووسیـنـی فـەرمـیدا بەهرەدار بووە. چووەتە پاڵ مەلیکی موعەززەم، موظەففەروددین-ی خاوەنی هەولێر، ساڵی ٦٢٩ی هیجری (١٢٣١-١٢٣٢ی.ز) بووەتە وەزیری ئاماژە بۆ کراو، دوای مردنی موظەففەروددین و دەست بەسەر هەولێردا گرتنی خەلیفە موستەنسیر، خاوەنی ژیننامە کشاوەتە ماڵی خۆی و دووره پەرێزیی هەڵبژاردووە، لە ٦٤٣ی.هـ (١٢٤٥-١٢٤٦ی.ز)دا لە هێرشی مەغۆلەکاندا یەکێك بووە لەوانەی لە قەڵای هەولێردا خۆیان قایم کردووە و بەرگرییان کردووە، کە قەڵای ناوبراو کەوتووەتە بەردەستی مەغۆلەکان، چووەتە مووسڵ، پـاشمـاوەی تـەمـەنـی خـۆی لـەوێنـدەرێ بـەسەربـردووە، لـە ٦٣٧ی هـیـجـری (١٢٣٩-١٢٤٠ی.ز)دا کـۆچـی دوایـیـی کـردووە، مـێژوویـەکـی هـەولـێری چـواربـەرگـی و لێکدانـەوەیـەکـی شیـعرەکـانـی مـوتـەنـەببـی و ئـەبـوتـەممـام-ی نـووسیـوە، دیـوانـی شیـعرە ڕێکوپێکەکەی و هەندێك نووسینی دیکەشی هەیە، ئەم پارچە شیعرە یەکێکە لە شیعرەکانی ئەو:

یالیلة حتى الصباح سهرتها

قابلت فيها بدرها بأخيه

سمع الزمان بها فكانت ليلة

عذب العتاب بها لمجتذبيه ... (جەلیل)

(ب/ ١- ل/ ٦٦٦)

# ب

**باب (یانیش بابیجوبوول و له كۆنیشدا باب بوزاع)**[١٣٣]: شارۆچكەیەكە، ناوەندی قەزایە لە لیواو ویلایەتی حەڵەب، لە ٣٧ كیلۆمەتری خۆرهەڵاتی حەڵەبدایە. دانیشتووانی ٢,٥٠٠ كەسن، ناوەندییەك و مەدرەسەیەك و مزگەوتێكی گەورۆكە و بازاڕیشی هەیە. یاقووتی حەمەوی دەڵێ: لە سەردەمی خۆیدا كاڵایەكی زۆر لەو شارۆچكەیەدا چنراوە و نێرراوەتە شام و میسر. باخ و باخچە و شوێنی گەڕانی زۆر لێیە، هەنارێكی زۆر نایاب و باینجانی لێ بەرهەم دەهێنرێ.

قەزای باب، ناحیەكانی ئەبوفولفول و ئیلبەیلو و مەنبیجی خواروو و ١٩٢ گوندی هەیە. دانیشتووانی نزیكن لە ٣٠,٠٠٠ كەس و هەر هەموو موسڵمان و زۆرینەی عەرەبن، هەندێكیشی كورد و توركن. بەروبوومی كشتوكاڵییان دانەوێڵەی جۆراوجۆر و میوەی هەمەچەشنە و سەوزەواتە، بەرهەمی پیشەسازییان شمەكی وەكو بەڕە و بەرماڵ و لباد و كورك (فەرو)ی لە پێستی مەڕ دروست كردووە. لە قەزادا ١٨ قوتابخانەی منداڵان هەیە.[١٣٤] لەم قەزایەدا گۆلێكی خوێیاو هەیە كە ناوچەكەی ١٨ سەعات جارێك خوێی لێ

دەردەکرێ. ساڵانە پێنج ملیۆن هۆقە[١٣٥] خوێی لێ دەردەهێنرێ و ئەم خوێیە زۆر سپی و بەتامە.

(ب/٢ – ل/١١٧٧)

**بارگرێ**: قەزایەکی گەورەی لای باکووری ویلایەتی وانە، ٨ ناحیەی هەیە بەناوی: ئیبغای لەوەنلی، کیتحان، چیقلی، عوسمانلی، گوێندەرمە، ئاقبولاق، کوررزۆت و تێکڕا **١١٧** گوندیشی هەیە. لە لایەن هەڵوێستیانەوە زانیاریی وردیان لە بارەوە دەست نەکەوت.

(ب/٢ – ل/١١٩١)

**باشقەلا**[١٣٦]: شارۆچکەیەکە ناوەندی قەزای ئالْپاق–ی سەربەلیوای حەکاریی ویلایەتی وان، نزیکەی ٨٠ کیلۆمەتری باشووری خۆرهەلاتی وان–ەوەیە. وەکو بەناوەکەشیدا دیارە، شارۆچکەیەکە بەپتەوی بنیات نراوە، لە **٩٢٢ی هیجری (١٥١٦ی زایین)دا** لە لایەن حەزرەتی سوڵتان سەلیمی یاوزەوە گیراوە. حەکاری کە ناوەندی ویلایەتێکی سەربەخۆ بووە، ئەم شارۆچکەیە کراوەتە ناوەندی ویلایەت.

(ب/٢ – ل/١١٩٨)

**باتمان (زێی باتمان)**: زێیەکە لە لقەکانی ڕووباری دیجلە، کە لەگەڵ جۆگە و جۆبارێکی زۆر کە لە چیاکانی لیوای گەنج–ی ویلایەتی بتلیس–ەوە هەڵدەقوڵێ و لەگەڵ هەندێك ئاودا یەکدەگرنەوە کە لە لای ئەوپەڕی باکووری ویلایەتی دیاربەکرەوە دێن و دواتر لە نێو سنووری هەردوو ئەو ویلایەتانەی باسیان لێوەکرا، لە باکوورەوە بەرەو باشوور دەڕوا و دوای نزیکەی ماوەی **١٠٠** کیلۆمەتر دەڕژێتە دیجلەوە

(ب/٢ – ل/١٣٢٢)

**باتنۆز (یان باتنۆس)**: شارۆچکەیەکی گچکەیە، ناوەندی ناحیەیەکە لە قەزای عەینتابی لیوای بایەزیدی ویلایەتی ئەرزەڕۆم، لە ٩٨ کیلۆمەتری باشووری خۆراوای بایەزید و **٢١** کیلۆمەتری باکووری خۆراوای ڕۆخی گۆلی واندایە. ناحیەکەی لە **٢٥** گوند پێکهاتووە.

(ب/٢ – ل/١١٩٩)

**باخشیقا (یان بەعشیقە! وەرگێڕ)**: شارۆچکەیەکە لە دەوروبەری کەلاوەکانی نەینەوا، لە **٢٠** کیلۆمەتری باکووری خۆرهەلاتی مووسڵەوەیە، بازاڕێك و مزگەوتێکی هەیە

(ب/٢ – ل/١١٩٩)

**بایەزید**[١٣٧]: شارۆچکەیەکە، ناوەندی لیوایە لە ویلایەتی ئەرزەڕۆم، لە نزیك سنوورەکانی ئێران و ڕووسیا، لە ٢٥٠ کیلۆمەتری خۆرهەلاتی ئەرزەڕۆم و ٢٠ کیلۆمەتر لە باشووری خۆراوای ئاگریداغدایە.

شارۆچکەکە لە ناو دۆڵێکی بڵند و بەردەلانیدایە. خانووەکانی لە نشێوی دوولای دۆڵەکەدا دروست کراوە، لەسەر تاوێرەکان و دوور لە یەکدی. دانیشتووانی ٧,٠٩٠ کەسن، زۆربەی موسڵمان و کوردن. لە ناو شارۆچکەکەدا قەلایەکی داڕووخاو، کە نرخی هونەریی لە شێوەی بینای کۆنی بنکەی حکوومەتی لێیە، سێ مزگەوت و یەك دوو مەدرەسە و ناوەندییەك و کڵێسەیەکی کۆن و چەند قوتابخانەیەکی سەرەتایی لێیە. گەرچی کەشوهەوای زستانان زۆر ساردە، هاوینان خۆشە و هەمیشە خاوێنە.

لەگەڵ ئێران و گورجستان (جۆرجیا)دا بازرگانییەکی زۆری هەیە، ئەم شارۆچکەیە لە لایەن سوڵتان یڵدرم بایەزیدخان – ەوە ڕۆنراوە، بەناوی ئەویشەوە ناونراوە. قەلاکەی بەرامبەر هێرشەکانی تەتەر–ەکان وەکو قەرەقۆڵ (شوێنی دەورییەی سەرباز، یان جێی حەسانەوەی سەربازان لە پشت بەرەی جەنگدا – وەرگێڕی کوردی)–ێکی لێ هاتووە.

قەزای بایەزید ناوەندی قەزای ئەو لیوایەیە کە هەر ئەو ناوەی هەیە، لە نووکی ئەوپەڕی خۆرهەلاتی لیواکەش و ویلایەتەکەشدایە. ئەم قەزایەی لە گۆشەی باکوری خۆرهەلاتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی پێکدێ، لە خۆرهەلاتەوە بەسنوورەکانی ئێران و لە باکوورەوە بەڕووسیا دەورەدراوە، لە بەشی سەرەوەی نشێوی زێی (کوڕناك) پێکدێ کە لە چوونە ناو خاکی ئێرانیدا دەڕژێتە زێی ئاراس. ئەگەر چی زەوییەکانیشی ڕووت بن، زۆر بەپیتن. بەروبوومی لە دانەوێڵەی جۆراوجۆر و پیاز و هەندێك سەوزەی دیکە و کاڵەك و میوەی دی پێکدێ. قەزاکە لەگەڵ ناحیەی ئەدمانڵی و جەلالی پێکەوە ٧٨ گوندی هەیە، زۆربەی دانیشتووانی لە عەشیرەتە کوردەکانەوە پێکدێ، پیشەسازیی ناوخۆ شتومەکی وەك بەڕە و مافوور و بەرماڵە.

(ب/٢ – ١٢٣٤ – ١٢٣٥)

**بایەزید (لیوا – سەنجەقی بایەزید)**: یەکێکە لە چوار لیوا کە ویلایەتی ئەرزەڕۆم پێکدەهێنن. بەوەی کە لە خۆرهەلاتی ویلایەتەکەدایە، لە خۆرهەلاتەوە بەسنووری ئێران و لە باکورەوە بەسنووری ڕووسیا و لە خۆراواوە بەلیوای ئەرزەڕۆم و لە باشوورەوە

بەویلایەتەکانی بتلیس و وان دەورەدراوە و سنووردارە. زەوییەکانی بەرز و بەردەڵانییە، بەشی زۆری لە بەشی سەرەوەی نشێوی زێی موراد کە لقی سەرەکیی ڕووباری فوراتە پێکدێ و سەرچاوەکانی ئەم زێیە لە خۆ دەگرێ و سەربەلێژاییی کەنداوی بەسرەیە. تەنیا قەزای بایەزید بەخۆی کە ناوەندە لە لێژاییی دەریای خەزەردایە.

وەکو ئەوەی ئاگریداغ لە کۆتاییی باکووری خۆرهەڵاتی لیوادایە، بەدرێژاییی سنووری ڕووسیا، چیاکانی چەنگەڵلی و پەرلی و کوێسە درێژ بوونەتەوە، تاقمێك لق و داوێنەکانیان بەناو لیوادا چووە، لە لای باشووریشیدا چیای ئەڵاداغ و چیای حووری و چیایەکی زۆری گچکەشی لێیە. ئەگەرچی وەکو دارستانی هەر نەبێ وایە، خاکەکەی بەپیتە، بەروبوومی لە دانەوێڵەی جۆراو جۆر و هەندێك میوە و سەوزەوات پێکهاتووە. لە ناو لیوادا بەرماڵی زۆر چاك و بەڕە و مافوور و گۆرییە دروست دەکرێ. لە چەند شوێنێکی لیوادا گەڕاوی بەگۆگرد و کانزایی دیکە و گەرماوی کانزاییی لێیە.

لیوای بایەزید بۆ پێنج قەزا دابەش کراوە کە ناوەکانیان:

بایەزید و دیادین و قەرەکیلسە و ئەلەشکورد و عەینتاب-ە. ٤١٨ گوند و ١٩ ناحیەی هەیە و دانیشتووانی ٤٧,٢٣٦ کەسن، لە مانە ٨,٣٦٧ یان ئەرمەنی و ئەوانی دیکە موسڵمانن و زۆرینەیان کوردن.

(ب/٢ - ل/١٢٣٥)

**باز (ئەبو عەبدوڵلا حوسەین-ی کوڕی دۆستك)**(١٣٨): خاڵی خانەدانی مەڕوانییانی کوردی حومەیدییەیە. بەپێودانگێکی نائاسایی درشت و بەپیاوێکی بەهێز ناسراوە. لە سەردەمی عەضودوددەولەی بوەیهیدا لە دیاربەکردا پەیدابووە. دوای مردنی عەضودوددەولە هێزی پەیداکردووە و نوسەیبینیشی بەدەست خستووە و لە ٣٧٣ (٩٨٣ی زایین)دا تەواوی سەربازانی صەمصامود دەولەی شکاندووە و سەرکەوتنی بەدەست هێناوە و چووەتە ناو مووسڵ. دوای ساڵێك سەعدوددەولەی کوڕی سەیفوددەولەی حەمدانی مووسڵی گرتووە و باز کشاوەتەوە دیاربکر، لە ٣٨٠ (٩٩٠ی زایین)دا لەگەڵ بووەیهییەکان و حەمدانییەکاندا جەنگیوە و لە کۆتاییدا کوژراوە.

(ب/٢ - ل/١١٨٦)

**بازارجك**: قەزایەکە لە لای خۆرهەڵاتی مەراش، لە لیوای مەراشی ویلایەتی حەڵەب.

ناوەندەکەی گوندێکە بەناوی «ئۆکاجکڵی». ئەم قەزایە لە ٧٦ گوند پێکدێ، لە ناو قەزادا دارستانی جۆراوجۆر و زێی ئاقسو–ی لێیە. بەروبوومی کشتوکاڵی برنج و گەنم و جۆ و گەنمەشامی و هی دیکە و بەرهەمی پیشەسازیی لە مافووری گرانبایی و بەڕ و دووگرد (بەرماڵ) پێکدێ. زەیتوونیشیان زۆرە، لە ناو قەزادا، گۆلێکی ماسیزۆری لێیە. دانیشتووانی لە ٢٦,٨٤٠ کەس پێکدێ، لە تورك و کورد پێکدێن و هەر هەموویان موسڵمانن.

(ب/٢ – ل/١١٩٣ – ١١٩٤)

**بازەبدێ**: لە نزیك جەزیرەی ئیبن عومەری[١٣٩] ویلایەتی دیاربەکر، لە داوێنی چیای جوودی، ناوی ناحیەیەکی کۆنە کە لە ٨٠ دێ پێکهاتووە. لە خۆراوای دیجلەدا بوو و لە بەرامبەریدا، واتە لە لای خۆرهەڵاتی زێی باسکراودا، ناحیەی «باقردێ» هەبوو، باز بەدێ بەناوە خوازراوەکەیەوە جێی زانایانی (بازی) بووە.

(ب/٢ – ل/١١٩٤ – ١١٩٥)

**بازیان**: لە لیوای سلێمانیی ویلایەتی مووسڵ، لە ٣٠ کیلۆمەتری باکووری خۆراوای شاری سلێمانییەوە، شارۆچکەیەکە، ناوەندی قەزایە، لە ڕۆخی زێیەکی گچکەی یەك لە لقەکانی دیجلەدایە و لەسەر ئەو ڕێیەدایە کە لە سلێمانییەوە دەچێتە ئاڵتوون کوێپری (پردێ). بڕی ٣,٠٠٠ کەس دانیشتووانی هەیە، قەزای بازیان لە باکووری قەزای ناوەندیی سلێمانیدایە. لەگەڵ ناحیەی سێوکەی نزیك سنووری ئێران پێکەوە ١٥٩ گوند و لە ٧ عەشیرەت پێکهاتووە. بڕی ١٠,٠٠٠ کەس دانیشتووانی هەیە، کە هەموو موسڵمانن و کوردن. زەوییەکەی کە چیایی و بەردەڵانییە، کەمپیتە.

(ب/٢ – ل/١١٩٥ – ١١٩٦)

**بەدرخان پاشا**: لە بەگەکانی کوردستانە، لە ١٢٥٩ (١٨٤٣ی زایینیدا) کە بەپلەی سەرهەنگ بەڕێوەبەر (موتەسەللم)ی جزیرە بووە، لەگەڵ هەندێك عەشیرەتی کورددا، هەندێك هەڵوێستی ناپەسندیان لە نێواندا ڕووی دا، لەسەر ئەوە دواتر کەمال ئەفەندی کە پلەی وەزیریی بەدەست هێنا، بۆ دابینکردنی سەرلەنوێی ئاسایش نێرراوەتە ئەو ناوە، دواتریش ناتوانرێ بەدرخان بەگ ڕازی بکرێ و لەسەر ئەوەی چەند هەڵسوکەوتێکی دیکەی بینراوە، لە ١٢٦٢ (١٨٤٦ی زایین)دا عوسمان پاشای والیی حەڵەب کە لە موشیرییەتی[١٤٠] لەشکری ئەنادۆڵ (ئەناتۆڵی) دامەزراوە، سەربازی ناردووە و

بەدرخانی گرتووە و لەگەڵ بنەماڵەکەیدا هێنراونەتە ئەستەمبووڵ. دواتر کە لە هەندێك فەرمانبەرێتیدا کاری پێکراوە، بۆ پلەی بەگلەربەگی (بەگی بەگگەل) بەرزکراوەتەوە[١٤١] بڕی ٤٠ منداڵ و نەوەی هەبووە.

(ب/٢ – ل/١٢٥٦)

**بەهرامکێ**: ناحیەیەکە لە لیواو ویلایەتی دیاربەکر، بەقەزای ناوەندییەوە پەیوەستە،٣٥ گوند پێکدەهێنێ.

(ب/٢ – ل/١٤١٨)

**بەلیخ**: ڕووبارێکە لە لیوای ئورفە، لە کۆمەڵە زێیەك پێکدێ بەرەو باشوور دەڕوا و دوای ئەوەی بەناو حەڕڕاندا ڕەت دەبێ لە بەشی خوارەوەی ڕەققەدا دەڕژێتە فوراتەوە. درێژیی ڕێڕەوەکەی لە ١٥٠ کیلومەتر پترە.

(ب/٢ – ل/١٣٥٤)

**بەلقیس**: لە قەزای بیرەجك–ی لیوای ئورفەی ویلایەتی حەڵەب و لە لای خۆراوای شارۆچکەی بیرەجك، بەم ناوەوە کەلاوەی شارێکی کۆن دۆزراوەتەوە، لە بارەی ناوی ڕاستەقینەی شارە کۆنە باس لێ کراوەکەوە هیچ جۆرە زانیارییەکی پەیوەندار بەدەست نەکەوتووە.

(ب/٢ – ل/١٣٤٩)

**بەیتوششەباب**[١٤٢]: قەزایەکە لە کوردستان، لە باشووری خۆراوای لیوای ناوەندیی حەکاریی ویلایەتی وان. حەوت ناحیەی بەناوی: کەلی، سندی، گەوران، گۆیان، مامخوران، زرکێ، برووسان–ەوە و ٤٦ گوندی هەیە. خاکەکەی بەردەڵانییە و دانیشتووانی کوردن.

(ب/٢ – ل/١٤٢٥)

**بەهەسنی**: شارۆچکەیەکە، لە لیوای مەڵاتییەی ویلایەتی مەعموورەتو لعەزیزدا، ناوەندی قەزایە. نزیکەی ١٠٠ کیلۆمەتر لە باشووری خۆراوای مەڵاتییە و ٩٠ کیلۆمەتری خۆرهەڵاتی مەراش، لە ڕۆخی زێی ئەرەبانداد کە دەڕژێتە ناو گۆیکسو–ی پەیوەست بەفورات و ٧١٥ مەتر لە ئاستی دەریاوە هەڵکەوتووە. دانیشتووانی ١٢،٠٠٠ کەسێکن، تەنیا ١٥٠٠ یان ئەرمەنین، ئەوانی دیکە تەواویان موسڵمانن، لە تورك و کورد پێکهاتووە.

لە لای سەرەوەی شارۆچکەکەدا قەڵایەکی کۆنی ڕماو دۆزراوەتەوە. تەنیا کەلووەکانی و هەندێك پاشماوەیی ماوە. ناوەندییەکی هەیە، لە کتێبە عەرەبییەکاندا بەشێوەی (بهسنا) نووسراوە. بەپێتەویی قەڵاکەیەوە بەناوبانگ بووە و بەیەکێك لەو شوێنانە دەژمێررا کە بەحەڵەبەوە بەستراوە. قەزای بهەسنی، بەخۆی و ناحیەکانی خودەیدێ و خەرابەشەهر، کە پێوەی پەیوەستن پێکەوە خاوەنی ۳۲,۰۰۰ کەسی دانیشتووانن. جگە لەو ئەرمەنییە کەمانەی لە ناوەنددان، ئەوی دیکە هەموو موسڵمانن. ئەگەرچی زەوییەکەی بەپیتیشە، بەشێك لە خەڵکەکەی لەبەر ئەوەی لەو عەشیرەتانەن کە لە ڕەشماڵاندا دەژین، زۆر چاك بەکار ناهێنرێ. قەزای بهەسنی لە کۆتاییی باشووری خۆراوای ویلایەتی مەعموورەتولعەزیز – دایە. لە باکوورەوە بەئاقچەداغ، لە خۆرهەڵاتەوە بەقەزاکانی حصنی مەنصوور– و لە باشوورەوە بەحەڵەب، لە خۆراواوەش بەلیوای مەراش سنووردار و دەورەدراوە.

(ب/۲ – ل/۱٤۱۸ – ۱٤۱۹)

**برادۆست**: ناحیەیەکی قەزای ڕەواندزی سەربەلیوای شارەزوور (شەهرەزوور)ی ویلایەتی مووسڵە. لە کۆتاییی باکووری خۆرهەڵاتی هەموو ویلایەت و لیوادایە. لە باکوورەوە بەلیوای حەکاریی ویلایەتی وان و لە خۆرهەڵاتەوە لەگەڵ ئێراندا هاوسنوورە، شوێنێکی چیایە، دانیشتووانی کوردن، ناحیەیەکی گەورەیە و ٦٤ گوندی هەیە.

(ب/۲ – ل/۱۲٦۱)

**براستك**: ناحیەیەکە لە قەزای کەماخ–ی پەیوەست بەلیوای ئەرزنجانی ویلایەتی ئەرزەڕۆم. لە ۲۰ گوند پێکهاتووە.

(ب/۲ – ل/۱۲٦۷)

**بسمل**: لە لیواو ویلایەتی دیاربەکردا، ٤۰ کیلۆمەتر لە باشووری خۆرهەڵاتی دیاربەکردا، لە ڕۆخی لای چەپی دیجلەدا واتە لە باکوریدا شارۆچکەیەکی گچکەیە.

(ب/۲ – ل/۱۳۱۰)

**بتلیس** (**یانیش بەدلیس**): شارێکە لە کوردستان، ناوەندی ویلایەتێکە لەم دواییانەدا دامەزراوە[١٤٣]، نزیکەی ١٥ کیلۆمەترێك لە خۆراوای ڕۆخی خۆراوای گۆلی واندایە.

بەبەرزاییەك لە گۆلی ناوبراوەوە جیابووەتەوە، لە شوێنێكدایە بەرزاییی لە ڕووی دەریاوە ١,٥٧٢ مەترە، كەش و هەوای هاوینان فێنك و بەزستان زۆر ساردە، ئاوی ڕەوان و باغ و باخچەی زۆرە. لەبەر ئەوەی ماڵەكانیان بەباخچەوە دەورەدراوە، شارەكە زۆر گەورە دەبینرێ.

دەوروبەری بەگردی بەردەڵانی دەورە دراوە، سەردەمانێك لەسەر یەكێك لەم گردانەدا قەڵایەك هەبووە كە ناوەندی حوكمدارانی بووە، كە ئەمڕۆ كەلاوەیە. دانیشتووانی نزیكەی ١٥,٠٠٠ كەسن. چەند مزگەوتێكی پیرۆز و بازاڕی هەیە. دوو لەسەر سێی خەڵكەكەی كوردن و موسڵمانن، سێیەكیشی ئەرمەنین. وەكو یاقووتی حەمەوی دەڵێ، سێوێكی زۆر زۆر و بەناوبانگی هەبووە. هەر وەكو لە شاردا جۆرە كاڵایەكی بەرگەگری سوور و سپی و كاڵای پانتۆڵ بەرهەم دەهێنرێ، هەروەها لە زیویش هەندێك قاپ دروست دەكرێ.

لە ساڵی ٢٥ی كۆچی پێغەمبەردا (٦٤٥ی زایین) لە لایەن (عیاض–ی كوڕی غەنەم)ی جزیرە گرەوە، بەڕێگەیەكی ئاشتییانە گیراوە و لە سەدەكانی ناوەڕاستدا دەمێكی زۆر ناوەندی حكومەتێكی گچكەی كورد بووە.[١٤٤] لە سەردەمی سەڵتەنەتی حەزرەتی سوڵتان یاوزسەلیم خان–دا، بەهیممەتی ئیدریس بەدلیسی چووەتە ناو چوارچێوەی وڵاتە عوسمانییەكان، دواتر ئەگەر خانی بەناوی شەریف بەگی،[١٤٥] بەشائیسماعیل سەفەویشەوە پەیوەندیی كردبێ، لە سەردەمی سوڵتان سولەیماندا لە دەمی گرتنی بەغدادا وەرگیراوەتەوە. تا دەمە نزیكەكان، ناوەندی قەزایەك بووە پەیوەست بەلیوای مووش–ی پەیوەستی ویلایەتی ئەرزەڕۆم.

قەزای بتلیس، شوێنێكی چیاییی لای خۆراوای گۆلی وانە. وەكو شتێكی سەرەكی سەرچاوەكانی ئەو زێیەی كە هەر ئەو ناوەی هەیە دەگرێتە خۆ. ١٧٢ گوندی هەیە و نزیكەی ٣٠,٠٠٠ دانیشتووانییەتی، بەشە هەرە گەورەكەی كورد و موسڵمانن.

ویلایەتی بتلیس: ئەم ویلایەتە لە بەشی باكووری كوردستاندایە و لە لای خۆراوای گۆلی واندا، لە باكوورەوە بەئەرزەڕۆم و لە خۆراواوە بەدیاربەكر، لە باشوورەوە دیسان بەدیاربەكر و وان، لە خۆرهەڵاتەوە دیسان بەویلایەتی وان سنووردارە و دەورە دراوە. ڕووپێوەكەی نزیكەی ٢٧,٠٠٠ كیلۆمەتر وشكانی و دانیشتووانی نزیكەی ٣٠٠,٠٠٠ كەسن، كە بەشی هەرە زۆری كورد و بڕێكیشی ئەرمەنین. خاكەكانی چیایین، بەشی باكووری، واتە لیواكانی مووش و گەنج لە ناو نشێوی زێی موورادی پەیوەست بەفوراتن،

بەشی باشووریشی واتە لیواکانی بتلیس و سعردیش لە ناو نشێوی دیجلەدان. زنجیرە چیایەك کە ئەم دوو نشێوە لە یەك جودا دەکاتەوە، ویلایەت لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆراوا جیا دەکاتەوە و لقێکی زۆر بەناوچەکەدا بڵاو دەکاتەوە، شوێنە هەرە بەرزەکانی ئەم زنجیرەیە چیاکانی: سیرە سیرە، چاندۆش، ئانتۆش[١٤٦] و دارکۆش–ە، ئەگەرچی زۆربەی ئەم چیایانە ڕووت و بەردەڵانن. هەندێك دارستانی بچووك بچووك و لە شوێنە تەختەکاندا زەویی بەپیت و گیا و گوڵی لێیە.

بەروبوومی دانەوێڵەی وەك گەنم و جۆ و چەڵتووك و گەنمەشامی–یە لەگەڵ میوەی جۆراوجۆر و سەوزەوات و بەپێودانگێکی زۆر لە تووتن پێکدێ، بەرهەمی پیشەسازیشی، هەندێك چنراوی وەك بەڕە و بەرماڵ و هەندێك کاڵا و لە هەندێك قاپ و ئامێری لە زیو و لە مس دروستکراو پێکهاتووە.

(لە بارەی زانیاریی پتر لە لایەنی سروشت و مێژوویەوە بڕوانە بابەتی «کوردستان»).

ویلایەتی بتلیس بەگشتی ٢,٠١١ گوندی هەیە و وەکو لە خوارەوە پیشان دراوە، کراوەتە ٤ لیوا و ١٤ قەزا و ١٠ ناحیەوە:

| لیوا (سەنجەق) | قەزا | ناحیە |
|---|---|---|
| بتلیس | بتلیس | |
| | ئەخلات | |
| | خیزان | |
| | مۆتکیٚ[١٤٧] | چوقور |
| | | خوێت |
| مووش | مووش | |
| | بولاٚنق | |
| | مەلازی کورد | |
| | وارتۆ | |
| | ساسۆن | خاندەریس |
| | | کەسۆر |
| سعرد | سعرد | |
| | ڕدوان | |
| | ئەروان | |
| | ئەروخ (ئەروهـ) | |
| | خەرزان | |
| | پەرواری[١٤٨] | ڕەشکۆتان |
| | | زرقیٚ |
| | | دێرگول |
| گەنج | گەنج | |
| | قولب | کۆنیك |
| | | زکتیٚ |
| | | پێچار |
| | چەباقچوور | |

(ب/٢ – ل/١٢٣٩ – ١٢٤٠)

**بتلیس (زێی بتلیس)**[١٤٩]: زێیەکە لە لقەکانی ڕووباری دیجلە. لە چیاکانی لای خۆراوای گۆلی وانەوە هەڵدەقوڵێ. بەرەو باشووری خۆراوا دەڕوا بەناو شاری بتلیس–دا دەڕوا و لە دەوروبەرەوە چەند جۆگە و جۆبارێك وەردەگرێ و دوای ئەوەی لیواکانی بتلیس و سعرد

لێك جودا دەكاتەوە، ١٦ كیلۆمەتر لە خوارەوەی سعردەوە، لە سنوورەكانی ویلایەتی واندا دەڕژێتە ناو دیجلە. ڕێڕەوەكەی نزیكەی ٩٠ كیلۆمەترە.

(ب/ ٢ – ل/١٢٤٠)

**بینگوێل**: چیایەكی گەورەیە لە نێوان ویلایەتی ئەرزەڕۆم و ویلایەتی بتلیس.(١٥٠) لە داوێنەكانی باكوورەوە زێی ئاراس و لە داوێنەكانی باشووریشەوە چەند زێیەك هەڵدەقوڵێ كە دەڕژێتە ناو فوراتەوە، چیای كۆشمار (١٥١) وەكو لقێكی (قۆڵێكی) چیای بینگوێل وایە. كە بەرەو خۆراوا دەڕوا، پەیوەندیی لەگەڵ چیاكانی دەرسیم دابین دەكا.

(ب/ ٢ – ل/١٤٤٣)

**بیرەجك (یانیش بیرە، یانیش بیرەتولفورات)**: شارۆچكەیەكە، ناوەندی قەزایە لە لیوای ئورفەی ویلایەتی حەڵەب. لە ٨٠ كیلۆمەتری باشووری خۆراوای ئورفە و ١٣٥ كیلۆمەتری باكووری خۆرهەڵاتی حەڵەب، لە ڕۆخی لای چەپی فوراتدا، واتە دەكەوێتە خۆرهەڵاتی. ١٠,٠٠٠ی دانیشتووانە، ١٧ مزگەوت و نوێژگە، یەك ناوەندی، یەك مەدرەسە، ٤٦٢ دووكان و قەڵایەكی كۆن و لە ناو قەڵادا گۆڕی ئیمام سەككاكی (١٥٢) لەگەڵ شێخ سەعدەددینی جەباوی و(١٥٣) هەندێك گۆڕی ناودارانی دیكەی لێیە، شارۆچكەیەكی كۆنە و ناوە كۆنەكەی (بیرسا)یە.

قەزای بیلەجك ١٢٩ گوندی هەیە و ئەگەرچی زۆریش فراوانە، زۆر شوێنی بووەتە جێی هاتوچۆو گەڕانی عەشیرەتە كورد و عەرەبەكان، دانیشتووانی نیشتەجێیان ٢٠,٠٠٠ كەسن، خاكەكەی تا ڕادەیەك بەپیتە و بەرهەمی چاك دەدا. چ لە قەزای ناوەندیدا و چ لە گوندەكانیدا لە داو كاڵاو پێستە (ساختیانی) سوور و هەندێك شتی دیكە دروست دەكرێ. لە ناو قەزادا كەلاوەكانی (جەرابلوس) هەیە كە ناوی كۆنی (هیراپۆلیس)ە و دەوروبەرەكەی شوێنەوارێكی كۆنینەی زۆری لێیە، لە نزیكیشەوە گەڕاوێكی پشتگوێ خراوی لێیە. كەلاوەیەكی دیكەش بەناوی (بەلقیس)ەوە تێدایە و گوندی نیزیب–یش لە نزیكییەتی، كە بەجەنگی ١٢٤٦ی هیجری (١٨٣١ی زایین) بەناوبانگە، ئەو جەنگەی لە نێوان ئیبراهیم پاشای میسری و لەشكری عوسمانیدا ڕووی داوە.

(ب/ ٢ – ل/١٤٣٦)

**بێستوون (یان عەرەبییەكەی بهستوون)**: لە ئێران لە نێوانی هەمەدان و حولواناو چوار

قـۆنـاغ دوور لـه هـەمـەدان، چـیـایـەكی ڕك و سەختـە، ئـەو ئـەشكـەوتـانـەی تـێیدایـە و لـە شوێنـەواره كۆنـەكـانـی ئـێران، پـەیكـەر و وێنـەكـان بـەناوبـانگن(١٥٤)، لـە داوێنـی چـیـادا، گوندێكیش هـەر بـەم نـاوەوە هـەبووە. هـەندێك لێكۆڵـەرەوەی ئـەوروپـایی بەئەنجامدانی هـەڵكۆڵین لـەم چیایەدا، كۆمەڵێك شوێنـەواری كۆنینـەیـان دەركردووە.

(ب/٢ – ل/١٤٣٩)

**بۆتـان سویو- بوهـتـان صویو** (**ئـاوی بۆتـان**): زێیەكە لە كوردستـان، كە لە چیاكانی حەكارییەوە پەیدا دەبێ و بەرەو خۆراوا دەڕوا، دوای ئەوەی بەنـاو سعرددا ڕەت دەبێ(١٥٥) لـەگـەڵ زێی بـتـلـیس و تـاقمێك ئـاوی دیكـە یـەك دەگرنـەوە، دەڕژێتـە دیجلـەوە. درێژیـی ڕێڕەوەكەی نزیكەی ١٧٠ كیلۆمەترە.

(ب/٢ – ل/١٤١٦)

**بولانق**(١٥٦): لە لیوای مووش–ی لیوای بتلیس–یشدا بـەم نـاوەوە قـەزایـەك هـەیـە. لـە ٤٠ گوند پێكدێ، ئـەم نـاوە، تـایبـەتـە بـەو پـارچـە خـاكـەی نێوانی ئـەو چـیـایـانـەی درێژاییی ڕۆخی بـاكووری بـەشی خۆراوای گۆلی وان و ڕێڕەوی زێی موراد. گەورەترینی ئـەمـانـە، قـەرەسو لە لای بـاكووری خۆرهـەڵاتی مووشەوە هـەڵدەقوڵێ. لە نـاوەڕاستی نـاوچـەكەدا گۆلێك هـەیـە بـەنـاوی (نـارك)ەوە.(١٥٧) خـاكـەكـەی بـەپیت و بـەرهـەمهێنـە، نـاوەندەكە شارۆچكەی (لیر)ە.

(ب/٢ – ل/١٣٩٣)

**بوشتەر** (**یـانیش بیشتـەر**)(١٥٨): شوێنێكی بچووكە لە لیوای سلێمـانیی ویلایـەتی مووسڵدا و لە بەشی بـاكووری خۆراوای لیوادا، لە لای سنووری ئێران و سەرچاوەی زێی گچكەدایە. عەشیرەتێكی كوردی لێ دادەنیشێ.

(ب/٢ – ل/١٣٨٨)

**بـاڵـەك**: نـاحیەیەكی سەر بـەقـەزای ڕەواندزی لیوای شارەزووری ویلایـەتی مووسڵە. لـە خۆرهـەڵاتی بـاشووری نـاوەندی قـەزادایـە. لـە ٦٠ دێ پێكهـاتووە. (وەرگێڕ)

(ب/ ٢– ل/ ١٢١٧)

**بیركەتو ئیبراهیم** (**گۆلی ئیبراهیم**): گۆلێكی گچكەیە بەشاری ئورفەوە، لە لای بـاشوورەوە پـەیـوەستـە بـە ئـاوی كـانـی (زولـەیـخـا) و (خـەلیلـو لرەحمـان)یش دەڕژێنـە نـاو ئـەم گۆلـە،

دەوروبەرەکەی بە دار و درەخت دەورەدراوە و دیمەنی زۆر جوانە. ماسییەکی زۆری لە ناودا بووە، لەبەرئەوەی لە لای خەڵك بە پیرۆز دەزانرێ کەس لە نزیکیدا ڕاو ناکا. (وەرگێڕ)

(ب/ ٢– ل/ ١٢٨٥)

**بوجاق:** دوو سێ شوێن بەم ناوەوە هەبووە...

– لە قەزای سیوەرەکی سەر بە لیوا و ویلایەتی دیاربەکردا بەم ناوەوە ناحیەیەکی لێیە، لە ٦٩ گوند پێکهاتووە. (وەرگێڕ)

(ب/ ٢– ل/ ١٣٦٨)

# پ

**پالان دوێکەن**: یەك لە چیاکانی باشووری شاری ئەرزەڕۆم-ە، سەرچاوەکانی ئاوی پاسین و قەرەسو لێك جودا دەکاتەوە. (وەرگێڕ)

(ب/ ٢- ل/ ١٤٧٤)

**پالۆ**: شارۆچکەیەکە، ناوەندی قەزایە لە لیوای ئەرغەنیمەعدەنی-ی ویلایەتی دیاربەکر ٥٠٠ کیلۆمەتر لە باکووری خۆرهەڵاتی ئەرغەنیمەعدەنی و ٩٥ کیلۆمەتری باکووری خۆراوای دیاربەکر، لە ڕۆخی لای ڕاستی زێی موراددا، ٨٠٠ مەتری بەرزاییی لە ڕووی دەریاوەیە و لە شوێنێکی جواندایە. دانیشتووانی ٧,٥٠٠ کەسە، پردێکی جوان و بتەو لەسەر زێدا، لە لای سەرەوەیدا لەسەر کەڤرێکی یەك پارچەدا قەڵایەکی پتەو و لە ناویدا کڵێسەیەکی کۆن و قوتابخانە و هەندێك شوێنەواری کۆنی، کە نووسینی مێخی-ی لەسەرە تێدایە. قوتابخانەیەکی ناوەندی و لە دەوروبەریدا باغ و باخچە و گەلێك شوێنی گەڕانی لێیە.

قەزای پالۆ، یەك لەو چوار لیوایەیە کە ئەرغەنیمەعدەنی پێکدێنن و لەوپەڕی باکوریدایە. لە باکورەوە بەقەزای کیغی-ی ویلایەتی ئەرزەڕۆم و لیوای دەرسیمی ویلایەتی مەعمورەتولعەزیز و لە خوارەوە بەلیوای خەرپووتی هەر ئەو ویلایەتە و لە باشوورەوە

بەخودی قەزای ئەرغەنی، لە باشووری خۆرهەڵاتەوە قەزای لیجەی لیوای دیاربەکر.

لە باکوری خۆرهەڵاتەوەش بەلیوای گەنج-ی ویلایەتی بتلیس-ەوە دەورەدراوە و سنووردارە. خاکەکەی چیاییە، ڕووەکڕوێن و جوان و لێژ و شیویشی هەن. زێی موراد کە لە خۆرهەڵاتەوە بەرەو خۆراوا دەڕوا قەزاکە دەکاتە دوو بەش. چیاکانی سیوان و تەیموورقاپی کە بەبەشی باشووردا درێژ بوونەتەوە، نشێویی فورات لە نشێویی دیجلە جودا دەکەنەوە. بەروبوومیان لە دانەوێڵەی جۆراوجۆر و میوەجات پێکدێ. دارستانیشی زۆرن. لە ناحیەی هووشەن-دا کانێکی مس دۆزراوەتەوە و دەردەهێنرێ.

قەزا لە **٣١٦** گوند پێکهاتووە، ئەگەرچی وا دادەنرێ کە ٨ ناحیەشی هەیە، ئەم ناحیانە هیچیان بەڕێوەبەریان نییە. دانیشتووانی قەزا بەنزیکی و بەمەزەندە ٣٥,٠٠٠ کەسێکە. بەشی زۆری موسڵمان و لە تورك و کورد پێکهاتووە.[١٥٩] خرستیانەکانیشیان ئەرمەنین.
(ب/٢ – ل/١٤٧٧)

**پاسین**[١٦٠]: ڕووبارێکە لە لیواو ویلایەتی ئەرزەڕۆم. لەو جۆگە و جۆبارانەوە پێکدێ کە لە چیای بینگوێل و پشت ئەو چیایانەی لای سەرەوەی ئەرزەڕۆمەوە هەڵدەقوڵێن. کە بەرەو باکووری خۆرهەڵاتدا دەڕوا و دوای ئەوەی دۆڵێکی گەورە پێکدەهێنێ دەچێتە ناو سنووری ڕووسیاو بەرەو خۆرهەڵات دەڕواو کە لەگەڵ ئەرپەچای یەك دەگرنەوە، ڕووباری ئاراس پێکدەهێنن، درێژیی ڕێڕەوی نزیکەی ٢٥٠ کیلۆمەتر دەبێ، نیوەی لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و نیوەکەی دیکەی لەو هەرێمەدایە کە بەدەست ڕووسیاوەیە. لە دۆڵی پاسیندا ئاش (ئاسیاو)ێکی زۆر دەگەڕێ، لە لای ڕاست و چەپدا زێ و شیوێکی زۆری لێیە.
(ب/٢ – ل/١٤٦٩)

**پاسینلەر**: لای خۆرهەڵاتی ویلایەت و لیوای ئەرزەڕۆمدا، بریتییە لە دۆڵی زێی پاسین. ناوەندەکەی شارۆچکەی حەسەنقەڵایە. قەزای پاسینلەر لە خۆراواوە بەخودی ئەرزەڕۆم و لە باشوورەوە بەتەرجان، لە باکوری خۆراوا وە بەقەزای تۆرتوم، لە خۆرهەڵاتەوە بەلیوای بایەزید و لە باکوری خۆرهەڵاتیشەوە بەسنوورەکانی ڕووسیاوە سنووردارە. بەسەر **١٩٩** گوند و **١١** ناحیەدا دابەش کراوە. دانیشتووانی ٤٠,٤٤٢ کەسە، بەشی گەورەی موسڵمانە، بڕێکی کەمیشی ئەرمەنییە. لقەکانی زێی پاسین قەزا دەکاتە دوو بەش.

بەشێك لە زەوییەکانی لە دەشتی[١٦١] ڕووەکڕوێن و شیوگەل پێکهاتووە، بەشێکیشی کە لە داوێنی چیاکان پێکهاتووە، ڕووەکڕوێن و بەپیتە. دارستانەکانی کە بەڕوو و سنەوبەر و چنار و داری دیکەی تێدایە، چیمەن و گیا و گوڵی زۆرە. بەروبوومی دانەوێڵەی جۆراوجۆر

و سەوزەوات و هەندێك میوە پێكهاتووە. قسڵ و گەچ و بەردی بیناسازی و چەند گەراوێكی گچكەی گۆگرداوی و ئاوی كانزاییی هەیە. دانیشتووانی قەزا چاكترین بەڕە و بەرماڵ و ئیحرام–ی (حاجییان) و شاڵ و لباد و هی دی دەچنن و دروست دەكەن.

لە ناو قەزادا ٣٠ مزگەوتی پیرۆز و نوێژگە، ٤٥ مەدرەسە، یەك ناوەندی و ٣٠ قوتابخانەی منداڵان و ٢٢ كڵێسە و ٣٢ تەكیە و گۆڕ و ٢٥٥ پرد و ١٢٦ ئاش و هی دیكە هەیە.

(ب/٢ – ل/١٤٦٩)

**پەرچەنج**: شارۆچكەیەكی گچكە و ناوەندی ناحیەیەكی قەزای خەرپووتی ویلایەتی مەعموورەتولعەزیزە. لە ٩ كیلۆمەتری باشووری خۆرهەڵاتی خەرپووتدایە، نزیكەی ٢,٠٠٠ كەس دانیشتووانییەتی. چەند مزگەوتێك، مەدرەسە و قوتابخانە و لە دەوروبەریدا باخ و باخچەی هەیە.

(ب/٢ – ل/١٤٩٥)

**پەری**: زێیەكە لە دەرسیم، كە لەو پەڕی باكووری خۆرهەڵاتی ئەم ناوچەیەوە هەڵدەقوڵێ و بەرەو باشووری خۆراوا دەڕوا. دوای ئەوەی نزیكەی ١٠٠ كیلۆمەترێك ڕێ دەكاو ئاوی مزوورو هی دیكەی دێتە سەر لە نزیك خەرپووتدا دەڕژێتە ناو ئاوی مورادەوە.

دەمێك كە دەرسیم سەربەخۆ بووە، كە كراوەتە ویلایەت، دۆڵی ئەم زێیە، بەناوی (پەری)ی نوێوە كراوەتە قەزایەكی سەربەلیوای مازكورد[١٦٢].

(ب/٢ – ل/١٥١٩ – ١٥٢٠)

**پەرتەك**[١٦٣]: قەزایەكی گچكەیە، ناوەندی قەزای چارسەنجەق–ی لیوای دەرسیم–ی ویلایەتی مەعموورە تولعەزیزە. لە ڕۆخی لای چەپی زێی موراد و لە ١٢ كیلۆمەتری باكووری خەرپووتدایە.

(ب/٢ – ل/١٤٩٤)

**پەرواری**[١٦٤]: قەزایەكە و لە لای باشووری خۆرهەڵاتی لیوای سعردی ویلایەتی بتلیس–دایە، سێ ناحیەی هەیە: ڕەشكۆتان و زرقێ[١٦٥] و دێرگول و لە ٦٠ گوند پێكهاتووە.

(ب/٢ – ل/١٥٠٦)

**پوسكلان**: عەشیرەتێكی كوردی قەزای كاغتە (كاختە)ی لیوای مەڵاتییەی ویلایەتی مەعموورە تولعەزیزە.

(ب/٢ – ل/١٥٥٤)

# ت

**تاغتەكین**: (مەلیك عەزیز سەیفولئیسلام ئەبولفەوارس تاغتەكین. كوڕی ئەییووب–ی كوڕی شادی) یەكێكە لەو شایە ئەیـوویـیـانـەی لەیەمەن فەرمانڕەواییـیان كردووە. برای سەلاحەددین ئەیـوویـیـە، كە لەلایـەن سەلاحـەددیـنـی ئـەیـوویـیـەوە، شەمسوددولە توورانشای براكەی دیكەی بۆ یەمەن نێرراوە، دوای گرتنی یەمەن، لە ٥٧٧ ی.هـ (١١٨١ – ١١٨٢ی.ز)دا ئەم ناوبراوە لەجێی ئەودا بووەتە فەرمانڕەوایی یەمەن و بیست و شەش ساڵ بەتەواوی دادوەری و سەرڕاستییەوە فەرمانڕەوایی كردووە، لە ٥٩٣ ی.هـ (١١٩٦ – ١١٩٧ی.ز)دا لە شاری مەنصوورەدا مردووە كە خۆی دروستی كردووە. دادوەرو پیاوچاك و زاتێكی زانا و شاعیر پەروەر بووە. دوای خۆی مەلیك موعیزز فەتحوددین ئیسماعیل–ی كوڕی فەرمانڕەوایی كردووە.

(ب/٤ – ل/٣٠١٢)

**تەتوان**: شارۆچكەیەكی بچووكە لە ڕۆخی خۆراوای گۆلی واندا، ناوەندی لیوای كەوار–ە. (ب/٣ – ل/١٦٠٥ – ساڵی بلاوكردنەوەی ١٨٩١–ە)

**تەكمان**[١٦٦]: ناوچەیەكی بچووكە لە باشووری خۆرهەڵاتی لیوا و ویلایەتی ئەرزەڕۆم، لە داوێنی باكووری چیای بینگوێل پێكهاتووە. شوێنێكە گژوگیاو ئاوی ڕەوانی زۆرە، بەروبوومی كە لە دانەوێڵە و هی دیكە پێكدێ زۆرە. لەبەر بەرزیی شوێنی، هاوینان شوێنێكی وەك بەهەشتە، زستانی فرە بەفرو زۆر ساردە. دارستانی كەمە.

ئەم دەڤەرە ٤٧ گوندی هەیە و بەناوی تەكمانی ژووروو و خوارووەوە، كراونەتە دوو ناحیەی سەربەقەزای خنووس.

سەرچاوەكانی زێی پاسین كە سەرەتاكانی زێی ئاراسە، لە تەكمان–ە. لە نزیك گوندی (قەترانلی)یدا كانزای نەفت دەردەچێ.

(ب/٣– ل/١٦٦٣)

**تەرجان**[١٦٧]: قەزایەكی سەربەلیوا و ویلایەتی ئەرزەڕۆم–ە. بەناوی ئەو زێیەوە ناونراوە كە تێیدا ڕەت دەبێ. لە لای باشووری خۆرهەڵاتی ئەرزەڕۆمدایە. ناوەندەكەی لە گوندی (مەمە خاتوون)ی ١٤ سەعاتەڕێی دوور لە ئەرزەڕۆمدایە. بەشێكی زەوییەكانی دەشتاییە. هەندێك چیای ڕووتیشی لە دەوروبەردا هەیە. خاكەكەی تاڕادەیەك ڕووەكرۆێنە. بەروبوومی لە دانەوێڵەی هەمە جۆر و هەندێك میوە و سەوزەوات پێكدێ. گژوگیاشی زۆرە، دانیشتووانی ٢٤,٣٦٨ كەسن. بەشی زۆری موسڵمانن، ئەوانی دیكەش ئەرمەنی و هی دیكەن.

لە ناو قەزادا ٣٦ مزگەوت و نوێژگە، ٣٥ كڵێسە و مەناستر (پەرستگای ڕەبەنە خواپەرستە دیانەكان) و ناوەندییەك و ١٠ مەدرەسە و گەلێك قوتابخانەی منداڵان و قشڵەیەك و گەرماوێك و ٤ خان و ٦٠ دووكان و كۆگا، ١٣٦ ئاش و پردێكی بەردین و شتی دیكەی لێیە... خەڵكی قەزا چاكترین مافوور و بەڕە و بەرماڵ و جۆڕك و گۆرەوی و شتی دیكە دروست دەكەن.

(ب/٣ – ل/١٦٣٧)

**تەرجان (زێی تەرجان)**: زێیەكە لە ناو لیوا و ویلایەتی ئەرزەڕۆم. لە چیاكانی باكووری ئەرزەڕۆمەوە هەڵدەقوڵێن و بەرەو خۆرهەڵات بەناوەڕاستی ئەو قەزایەدا دەڕوا كە هەر ئەو ناوەی هەیە. دوای ئەوەی ٦٠ كیلۆمەتر ڕێ دەكا دەڕژێتە زێی فوراتەوە.

(ب/٣ – ل/١٦٣٧)

**تەنزە (طەنزە)**: شارۆچكەیەكی نزیكی جزیرە (جەزیرەتو ئیبنو عومەر)ە، زێدی هەندێك زانای بەناوبانگە. هەندێك لەوانەش كە نازناوی (طەنزی)یان هەیە لە زانا و ناوداران، خەڵكی گەڕەكی (طەنز)ی بەغدان.

(ب/٤ – ل/٣٠١٨)

**تۆپراققەڵا**: شارۆچکەیەکە ناوەندی قەزای ئەلەشکوردی لیوای بایەزیدی ویلایەتی ئەرزەڕۆم، ١٢٦ کیلۆمەتری باکووری خۆراوای بایەزید و ١٣٧ کیلۆمەتری خۆرهەڵاتی ئەرزەڕۆمدا و لە داوێنی چیای (کۆزا) و لەسەر جۆبارێکی پەیوەست بەزێی (موراد) لە ١١ کیلۆمەتری دوور لە سنووری ڕووسیاوەیە. بەشۆستەیەك، بەخانی مەلا سولەیمانی سەر ئەو شاڕێیەی کاروانەدایە کە لە ترابزۆن-ەوە دەچێتە ئێران. دانیشتووانی نزیکەی ٣,٠٠٠ کەسن.
(ب/٤ - ل/٣٠١٩)

**تاجوددین**: حەوتەمین فەرمانڕەوای خانەوادەی ئەتابەگان کە لە لوڕی بچووکدا فەرمانڕەواییان کردووە، بەوەی کە باپیرانیان گوێڕایەڵییان بەرامبەر مەغۆلەکان پیشان داوە، ئەمیان لە ٦٥٨ی.هـ (١٢٥٨-١٢٥٩ی.ز)دا دوای کۆچی دوایی بەدرەددین مەسعوود-ی مامی بە فەرمانی ئەبەقاخان دامەزراوە، دوای ١٧ ساڵی فەرمانڕەوایی، لابراوە، بەهاوبەشی هەردوو کوڕی، فەلەکەددین حەسەن و عیززەددین حوسێن دامەزراون. (جەلیل)
(ب/ ٣- ل/ ١٦٠٦)

**تەقییوددین سورووجی (عەل-ی کوڕی مونجید)**: لە شاعیرە بەناوبانگەکان بووە، لە ٦٢٧ی.هـ (١٢٢٩-١٢٣٠ی.ز)دا لە دیك بووە و لە ٦٩٣ی.هـ (١٢٩٣-١٢٩٤ی.ز)دا کۆچی دوایی کردووە. هەندێك باس و خواسی سەیری لێ گێڕاوەتەوە، ئەم یەك دوو دێڕە شیعرە هی ئەون:

أنعم بوصلك لـــي فهذا وقتــه
يكفي من الهجران ماقد ذقتــه
أنفقت عمري في هواك وليتني
أعطى وصولاً بالذي أنفـقتـــه.... (وەرگێڕ)

(ب/ ٣- ل/ ١٦٥٩)

**تەقی-ی هەمەدانی**: لە سەییدو شاعیرانی هەمەدانە، کۆچی کردووەتە هیندستان، لەوێ مردووە، ئەم دێڕە شیعرە لە شیعرەکانییەتی:

آب أز دل من خورد خدنگش
چون تازه نهال برلب جويى ... (وەرگێڕ)

(ب/ ٣- ل/ ١٦٦٠)

**تەل مووزن:** شارۆچکەیەکی کۆنە لە جزیرە، لە نێوانی ڕەئس عەین و سرووجدا، لە «موعجەمولبولدان»دا نووسراوە، هەندێك بینای لە تاشە بەردی زل و ڕەش دروست کراوی لێیە. (وەرگێڕ)

(ب/ ٣– ل/ ١٦٦٨)

**تەنین:** چیایەکە نزیك چیای جوودی کە لە دەڤەری مووسڵدایە.(وەرگێڕ)

(ب/ ٣– ل/ ١٦٧٦)

**توورانشاه (مەلیك موعەززەم):** شەمسوددەولە، فەخروددینی کوڕی نەجمەددین، ئەییووب): برای سەلاحەددینی ئەییووبی بەناوبانگە، لە ٥٦٤ی.هـ(١١٦٨– ١١٦٩ی.ز)دا لەگەڵ خێزانەکەیدا پێکەوە گوێزراونەتەوە و لە شامەوە چوونەتە میسر، لەبەرئەوەی لەو جەنگانەدا کە بەرامبەر سوودان کراوە ئازایەتی و کارگوزارییەکی زۆری نواندووە. لە لایەن برایەوە دەڤەرەکانی قووس و ئەسوان و عیـنـزاب دراونەتە دەستی، ساڵی ٥٦٨ی.هـ (١١٧٢– ١١٧٣ی.ز) هەروەکو (نووبە)ی دەست بەسەردا گرتووە. ساڵێك لە دوای ئەوەش فەرمانی گرتنی یەمەنیشی پێ دراوە، زوبێد و عەدەن و تەعز و سەنعاو هەر هەموو شوێنانی دیکەی یەمەنی گرتووە، ساڵی ٥٧١ی.هـ(١١٧٥–١١٧٦ی.ز) دوای ئەوەی لەوێشدا فەرمانڕەوایی کردووە، چووە بۆ چاوپێکەوتنی برای و لە ٥٧٢دا لەلایەن ئەمەوە بە والیی دیمەشق دامەزراوە و سەڵاحەددین کە سەفەری بۆ شام کردووە، لە ٥٧٤دا نێرراوەتە میسر، بووەتە والیی ئەسکەندەرییە و لە ٥٧٦دا لەوێ کۆچی دوایی کردووە. زاتێکی خواردە و دەهەندە بووە، دوای مردنی دووسەد هەزار دیناری لێ بەجێ ماوەتەوە. (جەلیل)

(ب/ ٣– ل/ ١٦٨٣)

**تورانشاه (مەلیك موعەززەم):** هەشتەمین کەسی خانەوادەی ئەییووبییە کە لە میسر فەرمانڕەواییان کردووە. ساڵی ٦٤٧ی.هـ (١٢٤٩–١٢٥٠ی.ز) لەسەر کۆچی دوایی مەلیك ساڵح نەجمەددین ئەییووب–ی بابییەوە چووەتە سەر تەخت، کە دەست بە جەنگی دژ بە خاچهەڵگران کراوە، ٣٠,٠٠٠ لەوانە کوشتووە و نزیکەی ٨٠,٠٠٠یشی بەدیل گرتووە و (سانت لوویی)ی قراڵ (شا)ی فرەنساشی بەدیل گرتووە، بە قەڵای دمیات–ی گوڕیوەتەوە، لە دەمی ئەم سەرکەوتنە گەورەیەدا، دوای سێ مانگ لە سوڵتانێتیی، مەملووکە دەریاییەکان کە کۆیلەی بابی بوون لێی هەڵگەڕاونەتەوە و لە ٦٤٨ی.هـ (١٢٥٠– ١٢٥١ی.ز)دا کوشتوویانە (جەلیل).

(ب/ ٣– ل/ ١٦٨٣)

**تۆرتوم**: قەزایەکە لە لای باکووری ئەرزەڕۆم، لە ویلایەت و لیوای ئەرزەڕۆمدایە، بەناوی ئەو زێیەوە ناونراوە کە بەناویدا دەڕوا، لە باشوورەوە خودی ئەرزەڕۆم و لە خۆرهەلاتی باشوورەوە پاسینلەر، لە خۆراواوەش قەزای بایبورد، لە باکوور و باکوور و خۆرهەلاتەوەش بە سنووری ڕووسیا سنوورداره. ناوەندەکەی لەسەر زێی تۆرتوم و ٤٥ کیلۆمەتر لە باکووری خۆرهەلاتی ئەرزەڕۆم–دا شارۆچکەی (نوخاخ)ە، ١٤ ناحیەی هەیە کە لە ناوەندەوە بەڕێوە دەبرێ و ١٤٥ گوندی هەیە، ٤٧٨٣١ کەس دانیشتووانی هەیە و بەشی زۆری موسڵمان و ئەوی دیکە ئەرمەنی و هی دیکەیە. زەوییەکەی ئەگەرچی چیاییە، هەندێك دۆڵی بەپیتی هەیە، دانەوێڵەی جۆراوجۆر و بەروبوومی دیکە و میوەی زۆری هەیە کە گوزەرانی خەڵکەکە دابین بکا، زۆربەی ئەو میوەیەی لە ئەرزەڕۆم سەرف دەکرێ لەم قەزایەوە بۆی دەچێ، دارستانی زۆرە، کەرەستەی زۆری دارتاشی و داری سووتاندنی لێ دەبرێتەوە، لەگەڵ ئەوەی کە ڕێگاوبانی نییە، تا ئەرزەڕۆم و قەزاکانی دیکە و ویلایەتی وان دەبرێ، لە ناو قەزادا ١١٣ مزگەوت و مەدرەسە، ٣ تەکیە و قوتابخانەیەکی سەرەتایی، نزیکەی سەد قوتابخانەی منداڵان، ٧ کڵێسە و دێر و ٢٢ دووکان و کۆگا، ١١ خان، ١٣٤ ئاش و ٤١ چەشمەو ٥ پردی هەیە. بەرهەمی پیشەسازیی کلێم و مافوور و بەرماڵ و شاڵ و تۆزلق (پووزەوانە!!) و گۆریە و هی دیکەیە. (وەرگێڕ)

(ب/ ٣– ل/ ١٦٨٦)

**تۆرتوم (زێ)**: زێیەکە لە ویلایەت و لیوای ئەرزەڕۆم، لە چیاکانی باکووری ئەرزەڕۆمەوە هەڵدەقوڵێ و بەرەو باکوور دەڕوا و قەزای هاوناوی خۆی دووکەرت دەکا و لەلای ڕاست و چەپەوە چەند ئاوێکیشی دێتە سەر و دواییش لە سنووری ڕووسیا دەرژێتە ناو زێی (چوروق صو)وە ڕێڕەوەکەی نزیکەی ١٠٠ کیلۆمەترە.(وەرگێڕ)

(ب/ ٣– ل/ ١٦٨٦)

**تیرانشا**: وەك یاقووتی حەمەوی نووسیویەتی، شارۆچکەیەکی نزیکی شارەزوورە. (وەرگێڕ)
(ب/ ٣– ل/ ١٧١٧)

# ث

**ثەرثار**: زێیەکە لە جزیرە، کە لە چیای سنجار (شنگاڵ)ەوە هەڵدەقوڵێ، بەرەو خۆرهەڵاتی باشوور و دواتریش بەرەو باشوور دەڕوا، لە وەرزەکانی باراندا، لە دەیلەم (دەبێ دلێم واتە ئەنباری ئێستا بێ- وەرگێڕی کوردی)دا دەڕژێتە ناو فوراتەوە، لە وەرزەکانی دیکەدا وشك دەکاتەوە و تاقمە گۆماوێك بەجێ دەهێڵێ. (وەرگێڕ)

(ب/ ٣- ل/ ١٧٣٩)

**ثەمانین**: لە سەرووی مووسڵدا لە نزیك جەزیرەی ئیبن عومەر (جزیرە) و لە داوێنی چیای جوودیدا شارۆچکەیەکی گچکەیە، گوایە دوای لافاو (تۆفان)ی حەزرەتی نووح و هەشتا کەس کە لەگەڵیدا ڕزگاربوون هاتوونەتە ئەوێ و بۆیە ئەم ناوەی دراوەتێ (کە ثەمانین وشەیەکی عەرەبییە بەکوردی هەشتا دەگەیەنێ.... و. کوردی). (وەرگێڕ)

(ب/ ٣- ل/ ١٧٤٣)

**ثەمانینی**: (**ئەبولقاسم عومەری کوڕی ثابت-ی بێچاو**): لە زانا بەناوبانگەکانی ڕێزمان

بووه. ناوبراو خەڵکی شارۆچکەی ئەمانین-ە. کتێبێکی زۆری پەسندی لە بارەی ڕێزمان و ئەدەبییاتی عەرەبییەوە هەبووە. لە ٤٨٢ی.هـ(١٠٨٩-١٠٩٠ی.ز)دا کۆچی دوایی کردووە.

- هەروەها (ئەبوحەفص عومەری کوڕی حەضری ثەمانینی)ش لە زانایانی بەناوبانگی فەرمووده بووە. (وەرگێڕ)

(ب/ ٣- ل/ ١٧٤٣)

# ج

**جەبارا (یان:جەبارە)**: شارۆچکەیەکی بچووکە، لە ناو سنووری ویلایەتی بەغدا و لیوای شارەزووری ویلایەتی مووسڵ. لەسەر ڕۆخی دیجلەدایە. کۆن ناوەندی ناحیە بووە.

(ب/٣ – ل/١٧٦٣)

**جەلەب**: ئاوێکە لە نزیك حەڕڕانی جزیرەدا تێدەپەڕێ لە لای سەرووی ڕەققەدا بەزێی بەلیغ (بەلیخ)دا دەڕژێ کە لقێکی ڕووباری فوراتە. لە نزیکی گوندێکی هەر بەو ناوەوە ناسراودا هەڵدەقوڵێ، درێژیی ڕێرەوەکەی نزیکەی ١٠٠ کیلۆمەترە.

ئەو ئاوانەی بەناو شاری ئورفەشدا ڕەت دەبن دەڕژێنە ناو ئەم ئاوەوە. زمستانان ئاوەکەی دەگاتە بەلیخ، هاوینانیش بەئاودانی زەویدا بەکاردەهێنرێ. لە سەردەمی هارووونورڕەشیددا،(١٦٨) ئیسماعیلی کوڕی زەبیح، لە ڕێڕەوی ئەم ئاوەوە تا حەڕڕانی ١٠ میل دووردا کەناڵێکی کردووەتەوە و ئاوی بۆ شارۆچکەی ناوبراو بردووە.

(ب/٣ – ل/١٨٢٣)

**جەزەری**: نازناوی زانایەکی زۆر و ناوداری دیکە بووە. لەمانە بەنوئەسیر(ئیبنو ئەثیر)ەکان کە سێ برا بوونە. (بڕوانە: بابەتی ئیبنو ئەثیر)، کە لەجەزیرەتوئیبنی عومەر–دا پێگەییون و بەناوبانگترینی ئەمانە، زاتێکی بەناوی **ئەبو عیزز ئیسماعیل ئەلجەزەری،** لە بابەتی ئەو کاتژمێرانەوە کە ئەو دەمانە زانراون و مەکینەکانی ئاوو هونەرە نەزانراوەکانی دیکەدا، بەو کتێبە نووسراوەیەوە کە پشتی پێ دەبەسترێ و پێی بەناوبانگ بووە. دروسی–ی یەك لە زانا ئیتاڵییەکان، لەو کتێبەیدا کە لە بارەی زانا عەرەبە بەناوبانگەکانەوەی نووسیوە، لە ٦ بەش پێکهاتنی ئەم کتێبەی جەزەری و بەناوی سوڵتان سەلیم خان–ەوە وەرگێڕانی بۆ زمانی تورکی و لە کتێبخانەی پاریس–دا دەستکەوتنی هەندێك لە بەشەکانی دەقەکە ڕادەگەیەنێ.(١٦٩)

شەمسەددین موحەممەد ئەلجەزەری–ش، یەکێك بووە لە شەریعەتزانە شافیعی ڕێبازەکان و مێژوونووسان، کتێبێکی بەناوی «ئەلحیصنولحەصین» و (١٧٠) لە بابەتی مێژووشدا کتێبێکی هەیە.

(ب/٣ – ل/١٨٠٢)

**جەزیرە**: ئەمە ناوێکی تایبەتە بەناوچەیەکی فراوانی نێوان شام و عیراق و کوردستان.(١٧١) هۆی ناونانەکەش ئەوەیە، کە دەکەوێتە نێو دوو ڕووباری دیجلە و فوراتەوە، ناوچە باس لێوە کراوەکەی لە دوو لاوە لە یەك نزیکبوونەوەی ئەم دوو ڕووبارەیە. جوگرافیا ناسە کۆنەکانی یۆنان، ناوی (میسۆپۆتامیا) (١٧٢) یان لێ ناوە کە واتای (نێوانی دوو ڕووبار) دەگەیەنێ، کە ئەمڕۆ لە زمانە بیانییەکاندا بەم ناوە دەناسرێ.

**شوێن و سنوورەکانی و ڕووپێوەکەی**: دەڤەری جەزیرە، **لە لای** دیاربەکری ئاستی شاری ئامەد–ەوە دەست پێ دەکا، کە فورات و دیجلە لە ڕێڕەویاندا زۆرترین لە یەك نزیکبوونەوەیان لە وێیە، بەرەو باشووری خۆرهەڵات، تا دەڕوا تەسکتر دەبێتەوە، لە سەرووی بەغدادا و دیسانەوە لەو شوێنەدا کە ڕێڕەوی دیجلە و فورات زۆرتر لە یەك نزیك دەبنەوە کۆتاییی دێ، کە لەم شوێنەدا لە نێوانی هەردوو ڕووباردا بوونی تاقمە کەناڵێك، بەڕاستی شێوی دوورگە، یانیش نیمچەدوورگە بەم ناوچەیە دەدا.

بەم جۆرە، ناوچەی جەزیرە کە لە هەر هەموو لایەکییەوە بەو دوو ڕووبارەوە دەورەدراون. لە خۆرهەڵاتەوە بەکوردستان و لە باشوورەوە بەعیراقی عەرەب و لە باشووری خۆراواوە

بـەدەشتـی شام-ەوە و لـە خـۆراواوە سووریـای ژووروو، واتـە بـەنـاوچـەی حـەڵـەب، لـە باکورەوەش بەئەنادۆڵ و لە کۆندا بەو ناوچەیەی کە لە کۆندا ئەرمینیای پێ گوتراوە، ناوچەی ئەرزەڕۆم و وان، (١٧٣) دەورە دراوە و سنووردارە.

لـە نـێوانـی هـێڵـی پـانـیـی ٣٨ و ٣٣,٢٥ی بـاکـور و هـێڵـی درێژیـی ٣٥,٣٠ و ٤٢ی خۆرهـەڵاتدایە. درێژترین لایەکی لە باکوری خۆراواوە بەرەو باشووری خۆرهـەڵات، واتە لە دیاربەکرەوە تا بەغدا نزیکەی ٧٠٠ و ناوەندیی پانییشی لە مووسڵەوە تا ئەو شوێنەی خابووری تێ دەڕژێ(١٧٤)، نزیکەی ٢٠٠ کیلۆمەترە.

**بنیاتی سروشتیی، چیا و ڕووبارەکانی**: بەشی باکوری جەزیرە چیایی و بەرزە، لە نێوانی دیاربەکر و ماردین و ئورفەدا زنجیرە چیای بەناوی قەرەداغ و تووری عابیدین و لە لای خۆراوای مووسڵیشدا بەتەنێ چیای سنجاری لێیە.(١٧٥) ئەم شوێنە چیاییە لە هێڵی پانیی ٣٨ پلەی باکورەوە تا هێڵی پانیی ٣٥,٣٠ پلەی باکور درێژ دەبێتەوە، ڕێژەی ناوەندیی بەرزاییی لە نێوانی ٤٠٠ تا ٥٠٠ مەتردایە.

لێژاییی چیا ناوبراوەکان کە بەرەو باکوری خۆرهـەڵاتە، لە تاقمە ملە چیایەك پێکهاتووە، چـەنـد ئـاوێکـی گـچـکـە گـچـکـە لـەوێوە دێن و دەڕژێنـە دیـجـلـە. لـە کـاتێکدا لێژاییـی بـەرەو خۆرهـەڵاتیان لە کۆتاییدا دەبێتە ڕوویەکی لێژ کە جێی دەشتە تەختەکە دەگرێتەوە، ئەو جەلەب-ەی(١٧٦) کە بەناو ئورفەدا ڕەت دەبێ و لەم لاوە دەڕژێتە خوارەوە و ئەو ئاوەی بـەلـیـخ-ە، کـە ئـەمـیـان دەڕژێتـە نـاوی و چـەنـد ئـاوێکـی دیکـەش هـەن کـە زێی خـابـوور پێکدەهێنن.

زێی خابوور گەورەترین زێی جەزیرە، کە گەورەترین لقی فوراتە، ڕێڕەوەکەی نزیکەی ٣٥٠ کـیـلـۆمـەتـرە. ئـەو جۆگـە و جۆبـارانـەی بـەشێوەیـەکـی سـەرەکـی کـە پێکی دەهێنن زێیەکانی: جرجۆب و زەرقان و چاخچاخ و زێی سنجار-ن. زێی سنجاری باس لێوەکراو هەر کە لە بنارەکانی باشووری خۆراوای چیای سنجارەوە هەڵدەقوڵێ و لە داوێنەکانی ڕۆژهـەڵاتیشەوە ئەگەر چی دوو بەستی بەناوی دۆڵی سوور و دۆڵی سەرسەر(١٧٧)-ەوە ڕێدەکەن. ئەمانە هاوینان وشك دەبنەوە.

بەشی خۆراوا و باشووری جەزیرە لە دەشتی تەخت و نزم پێکهاتووە، لەبەر ئەوەی ئەم دەشتانە لە نێوانی دوو ڕووباری گەورەدا و لە ژێر چەند جۆگە و بەستێکدان، خاکەکەی،

بەدرێژایی ڕۆژگار، زێیەکان هێناویانە خوارەوە و لە خۆڵی نیشتوو پێکهاتووە. بۆیەش ئێجگار ڕووەکرِوێن و گژوگیای جوانی هەیە.

**کەش و هەوا و بەروبووم و ئاژەڵەکانی**: لە بەشی باکوری جەزیرەدا هەوا ئێجگار سازگارە. هاوینان ئەگەر هەندێك گەرمیش بێ، زستانان زۆر جوانە، ئاوەکان زۆر کەم دەبەستن. لە سەرەتای بەهار و کۆتاییی هاویندا بەزۆری باران دەبارێ. ئەم لە باربوونەی کەشوهەواکە دەبێتە سەرباری هێزی پیتی سەراسایی خاکەکە، بەروبوومێکی گەلێك زۆر و هەمە چەشنە پێدەگەیەنێ. گەنم و جۆ چاندن زۆر بەرز و چڕە، یەك و سی تا یەك و چل بەرهەم بەدەست دەهێنرێ.

بەرهەمی کونجی و برنج و لۆکەش زۆرە. ترێ و زەیتوون و توو و باوی (بادەم)، هەنجیر، هەنار، پرتەقاڵ، لیمۆ، هەرمێ، قەیسی، قۆخ، گێلاس، هەڵووژە و میوەی جۆراوجۆری دیکەی زۆر و زەوەندە و زۆر بەتامی هەیە. مێشهەنگەکانیشیان هەنگوینێکی نایاب دەدەن.

چونکە لە دۆخی ئێستایدا بەشی گەورەی خاکەکەی نەچێنراوە و بەتاڵە، بەخۆڕسك، چیمەن و گژوگیایەکی زۆری هەیە و بەگیاوگۆڵ داپۆشراوە و لە لایەن عەشایەرەوە بەبڕی زۆری مەڕ (مێگەل) و ئاژەڵی دیکەی تێدا دەلەوەڕێنرێ.

ئەگەر خەڵکێکی ئیشکەر و ئازا بۆ نیشتەجێکردن بهێنرێنە ئەم دەڤەرە و بەرامبەر هێرشی هەندێك عەشایەر ئاسایشیان دابین بکرێ و هەندێك کەناڵ کە لە زێیەکانەوە بۆ ئاودانی هەندێك ناوچە وەربگیرێ، دەبێتە ئاوەدانترین شوێنی دنیا و دەبێتە بەپیتترین شوێن.

لێکۆڵەرەوان بەبۆچوونی چون یەك ئەو ناوەیان بەجوان بینیوە و لەو بڕوایەدان کە توانای بەخێوکردنی ١٥ – ٢٠ ملیۆن کەسی هەیە. لە بەشی باشووریدا کە لە بەغداوە نزیکە، وەکو ئەوەی هەواکەی زۆر گەرمترە و بارانیشی دەگمەنترە و لەبەر ئەوەی خۆڵەکەشی بەگشتی لە گەچ و تەباشیر پێکهاتووە، ئەم لایانە تەنیا شوێنەکانی لایە نزیکەکانی ڕێڕەوی ڕووبارەکان بەبەروبوومە. لەم لایانەدا خورماش پێدەگا. لەم ناوچانەی جەزیرەدا کانزاییی زفت[١٧٨] زۆر زۆرە، لە زۆر شوێنیدا بەسەر خۆڵ دەکەوێ. ئاژەڵە ماڵییەکانی ئەو عەشیرەتانەی بەجەزیرەدا دەگەڕێن لە مەڕ و بزن و ئەسپ و حوشتر و گوێدرێژ پێکهاتووە، کەرەکانیان سێ جۆرن. گورگ و ورچ و شێر و پڵنگ و ئاژەڵی کێویی دیکەشیان زۆرە.

**سەرژمێر و ڕەگەز و زمان و ڕێبازە ئایینییەکانیان**: سەرژمێری جەزیرە، لە ڕێژەی فراوانیی خاك و بەروبوومی زۆر لە خوارتردایە، هۆی ئەمەش ئەوەیە کە هەر لە دێرزەمانەوە تاقمێك عەشایەری عەرەب و کورد ئەم ناوچە گەورەیەیان کردووەتە لەوەڕگە و ناهێڵن ئەو خەڵکەی بەکێڵگەداری و کشتوکاڵەوە خەریکن بحەسێنەوە. بەمجۆرە، بەشی زۆری خەڵکەکە لە عەشیرەتە کۆچەرییەکان پێکهاتووە، چینی جووتکار و ئەوانەی بەکشتوکاڵەوە خەریکن تەنیا ٥٥,٠٠٠ کەسێکن. کە ئەمانەش بەشێوەیەکی سەرەکی لە دۆڵەکانی دیجلە و فورات و لە بەشی باکووری ناوچەکەدان. هەندێکی ئەمانە ماڵن، تاقمگەلێکیشیان لە ژێر ڕەشماڵاندا دەژین.

جووتیارەکانیان هەر هەموو عەرەبن، عەشیرەتەکانیش دەکرێنە سێ ڕەگەزی عەرەب و کورد و تورکمان، بەڵام بەشی گەورەی ئەمانە عەرەبن[١٧٩] ئەگەر چی هۆزی (تەی)ی بەناوبانگی نیمچەدوورگەی عەرەب، جەزیرەی کردووەتە لەوەڕگە و نیشتەجێ بوون، دواتر (عەنزە) و (شەممەر)یش هاتوون، بەتایبەتی هۆزی شەممەر، لەم سەردەمە دواییانەدا هێز و کاریگەرییەکی گەورەیان لە جەزیرەدا بەدەست هێناوە. ئەم هۆزە گەورەیەی بووەتە چەندین عەشیرەت و لە ١٤,٠٠٠ ڕەشماڵ پێکهاتووە، ئەگەر هەر ڕەشماڵە و بەڕێژەی ٦ کەس بژمێررێ، کۆیان دەبێتە. ٨,٤٠٠ کەس. ئەمانە لە سوارچاکیدا ئێجگار وەستان، چاکترین ئەسپی ڕەسەنی عەرەبی و ماینەکانیان و مەڕی بەهێز و گەلە حوشتریانەوە لە جەزیرەدا دەگەڕێن، باجی پارە و ئازووقە و ئاژەڵ لە خەڵکی نیشتەجێ دەستێنن. ئەمان و هۆزی عەنزە دوژمنایەتی و ڕکابەرێتییان لە نێودایە. هۆزی عەنزە بەزۆری بەدەشتاییی شامدا بڵاوبوونەتەوە، زۆر بەدەگمەن دەتوانن لە فورات بپەڕنەوە و بچنە جزیرە. هۆزی شەممەر وەکو شتێکی سەرەکی لە ناوچەی باشووری جزیرە و باشووری خۆراوایدا دەگەڕێن. زۆر بەدەگمەن بۆ بەشی باکووری سەردەکەون. ئەم هۆزە، بووەتە سێ عەشیرەت، بەناوی: جەربە و زەیدار و عومەر و بەش و تیرەی بەناوی خەریسە، سایح، نەجم، سابیت، عموود، فەدداغە، عەبدووهـ، قەلینان–یان هەیە. هۆزی تەی لە نێو خابوور و مووسڵدا هەن، بەنزیکەی ٣,٠٠٠ ڕەشماڵ مەزەندە دەکرێن.

لە شوێنە چیاییەکانی بەشی باکووریدا هۆزە کورد و تورکمانەکان دەگەڕێن. سەرەکییەکانی ئەمانە، هۆزەکانی: ملی، جوبوور، گێلی، دوقۆری–ن.

هەندێکی ئەمانە، چونکە لە هەندێك لە وەرزەکاندا لە ماڵان و لە هەندێك وەرزی

دیکەشدا لە ڕەشماڵان و لە وەرگاکاندا دەژین، زۆریش بەکۆچەر دانانرێن. هەروەها ئایا ئەمان، ئایا هۆزی تەی، وەك شەممەر سەرکەش نین، گوێڕایەڵییان بۆ حکوومەت و لە هەندێك داواکاریدا ئامادەن. ئەگەر هۆزەکانی کورد و تورکمان بەزمانی خۆشیان قسە دەکەن، زمانی عەرەبییش دەزانن و ڕێگەی بەعەرەب بوونیان گرتووە.

بەم جۆرە سەرژمێری جەزیرە، لە هەندێك شاری وەکو مووسڵ و ئورفە و ماردین و هەروەها لە شارۆچکەکاندا بڕی ٢٠٠,٠٠٠ کەس ڕەت ناکا، هەر کیلۆمەتر دووجا (چوارگۆشە)ی (١,٥) کەسی بەردەکەوێ. نەستوورییەکی کەم کە لە سریانییە کۆنەکانەوە ماونەتەوە و یەزیدی، لەگەڵ بڕێك جوولەکە لە شار و شارۆچکەکاندا دەژین و ئەوی دیکە هەر هەموو موسڵمانن و زۆربەشیان سوننین.

**بەشەکان و شار و شارۆچکەکانی**: جەزیرە، بەپێی جوگرافیا، هەر لە کۆنەوە بەناوچەیەکی جودا دانراوە و لە کاتێکدا بەسنووری سروشتی جیابووەتەوە، لە لایەن بەڕێوەبەرایەتییەوە کراوەتە چوار ویلایەت و موتەسەریفێتییەکی سەربەخۆ، بەشی باکوری خۆرهەڵاتی بەویلایەتی دیاربەکرەوە پەیوەستە، یەکدوو قەزای خودی ویلایەتی دیاربەکر و لیوای ماردین پێکدێنێ. بەشێکی گەورەی لای کۆتاییەکانی باکوری خۆراوای پەیوەستە بەویلایەتی حەڵەب، لیوای ئورفە پێکدەهێنێ. لای خۆرهەڵاتی بەشی ناوەڕاستی پەیوەستە بەویلایەتی مووسڵ، بەشی گەورەی لیوای ناوەندیی مووسڵ پێکدەهێنێ. لای خۆراوای بەشی ناوبراو بریتییە لە نیوەی لیوای (زۆر) کە بەسەربەخۆیی بەڕێوەدەبرێ.[١٨٠] بەشی باشووریشی بەلیوای ناوەندیی بەغدای ویلایەتی بەغداوە پەیوەستە.

چونکە جەزیرە، لە سەردەمە کۆنەکاندا و لە سەرەتای سەردەمی ئیسلامدا زۆر ئاوەدان بووە، شوێنەواری شار و شارۆچکەیەکی زۆر و قەڵا و شوێنەوار و کەلاوەی دیکەی ئاوەدانی دەبینرێ، لە بارو دۆخی ئێستایدا تەنیا لە گۆشە و کەنارەکانیدا چەند شار و شارۆچکەیەکی هەیە. دیاربەکر، واتە شاری ئامەد، بەناوی دیاربەکری جەزیرەوە ناودەبرێ، ناوەندی بەشی باکوریەتی، لە کاتێکدا شاری بەغدا کە لە عیراقی عەرەب دەژمێردرێ، لەبەر ئەوەی لە دەرەوەی جەزیرەدایە، ناوەندی ڕەسەنی ئەم هەرێمە و گەورەترین شارێکی مووسڵ–ە، کە لە خۆرهەڵاتیدا و لەسەر ڕۆخی دیجلەدایە. ئەو شارانەی لە پلە دوو–دان: ئورفە، ڕەققە، ماردین، نوسەیبین، سنجار و تکریت–ن. گوندیشی زۆر کەمن، لە سەرەتادا لە بەشی باکووریدا و لە ڕۆخەکانی فورات و دیجلەدان.

**بارودۆخە مێژووییەکانی**: لەبەر ئەوەی ناوچەی جەزیرە لە ژێر چیای جوودی–دایە، بەلانکەی ڕەگەزی مرۆڤ دادەنرێ، هەر لە کۆنەوە، مەڵبەندی ڕەگەزی سامی بووە و لە تەورات–دا پەناگەی خەڵکێك بووە پێیان گوتراوە (ئیرەم). بەم هۆیەوە لە کتێبە عیبرانییەکاندا بەناوی «ئیرەمی نەهرەین» واتە (ئیرەمی دوو زێ) ناسراوە. هەموو لایەکی ئەم ناوچەیە کراوە بووە و لەبەر ئەوەی بەکەڵکی بەرگری لێ کردن نەبووە، هەر لە کۆنەوە لە نێو دەوڵەتاندا بووەتە مەیدانی پێکدادان. لەو سەردەمانەدا کە مێژوو توانیویەتی تۆماری بکا لە دەستی ئاشوورییەکاندا بووە. ماوەیەکیش لە لایەن فیرعەونەکانی میسرەوە گیراوە. خوسرەوی جیهانگیر ئەو ناوەی بەدەست خستووە و کە سنوورەکانی ئێرانی تا ڕۆخەکانی دەریای دوورگەکان(١٨١) فراوان کردووە، جەزیرەشی تێکەڵ بەم دەوڵەتە کردووە. کە ئەسکەندەر پەیدابووە، ئەم هەرێمەش کەوتووەتە دەست ئەم جیهانگیرە، دوای مردنی بووەتە بەشی (سەلەفکیا)ی یەك لە پادشا گچکەکان کە لە سووریا فەرمانڕەواییی کردووە. بەڕووخانی دەوڵەتی سەلەفکییان(١٨٢) واتە لە ٦٤ی پێش زایین لەقێکی دەوڵەتی ئەشکانییان لە جەزیرە و ئەرمینیا دامەزراوە. دوای ئەوە چووەتە ژێر بەڕێوەبەرایەتیی ساسانییانەوە و سەرلەنوێ وەك ویلایەتێکی ئێرانی لێ هاتووە.

لە ناوەڕاستی سەدەی دووەمی زایینەوە تا هەڵهاتنی ئیسلامەتی لە نێوانی ئێرانییان و ڕۆمانییان و دواتریش ڕۆمەکاندا، بووەتە مەیدانی ئەو جەنگانەی بێ پسانەوە هاتووەتە کایەوە. جاروبار کەوتووەتە دەست ئێرانییان و دەمانێکی زۆریش زێی خابوور لە نێو ئەو دوو دەوڵەتەدا کراوەتە سنوور. دەمێکی زۆر بەر لە هاتنی ئیسلام، هەندێك هۆزی نیمچە دوڕگەی عەرەب کە چوونەتە ناو جەزیرە، ئەو خەڵکەی لەوێ کۆبوونەتەوە کە لە خەڵکی کۆنی ڕەسەن و ڕۆم و ئێرانییان پێکهاتوون، تووشی نەهامەتی هێناوە.

لە سەردەمی خەلیفایەتیی حەزرەتی عومەری کوڕی خەتاب–دا (خودا لێی ڕازی بێ) لە ١٧ی هیجری (٦٣٨ی زایین)دا حەزرەتی عیازی کوڕی غەنەم، فەرمانی گرتنی جەزیرەی پێ دراوە، کە زۆر بەئاسانی ئەم ناوچەیەی خستووەتە سەر وڵاتانی ئیسلام، سەرلەنوێ خەڵکێکی زۆر لە نیمچە دوورگەی عەرەبەوە گواستیانە ئەوێ و نیشتەجێ کران. دوای گرتنی، ئەو ئازووقەیەی وەکو باج لەم ناوچەیە وەرگیراوە، زۆریی ئەو بەروبوومەی وەك ڕۆنی زەیتوون و سرکە و هەنگوین، گەواهێکی ئاوەدانیی ئەو سەردەمانەیەتی. لە سەردەمی دەوڵەتی ئومەویدا خەڵکی جەزیرە زۆربەیان لایەنگیریی عەلەوییانیان کردووە، ئەم ناوچەیە دیسان بووەتە مەیدانی جەنگێکی زۆر.

لە سەردەمی خەلیفایەتیی عەبباسیدا، ئاوەدانیی جەزیرە گەییوەتە دوا پلە، لە هەموو لایەکی ئەم ناوچە فراوانەدا شار و شارۆچکەی گەورە و ئاوەدان دامەزراوە و هەموو لایەکی باخ و باخچە بووە. ئەوسا بەشی باکووری بە(دیاری بەکر) و بەشی باشووریشی بە(دیاری موزەر) ناوبراوە. کەچی ئەم ئاوەدانییەی کە بووەتە هۆی چاوتێبڕین، هەر لە سەرەتای دەوڵەتی عەبباسییەوە لە هەموو لایەکی جەزیرەوە دەم نا دەمێك بەلافی فەرمان بەدەستبوونیان بەسەر کۆمەڵە کەسانێك ئالای یاخیبوونیان بەرز کردووەتەوە و چ لە ناو خودی ئەمانەوە یان لە نێوان ناوەندی خەلیفایەتیدا ئەو جەنگانە ڕووی داوە، بووەتە تەگەرە لە بەردەمی بەرەوپێشەوە چوونی دیکە.

هەر کە دەوڵەتی عەبباسییش ڕووی لە لاوازی کرد لە لایەن بەگزادە تورکەکان و ئەوانی دیکەوە، لە هەموو لایەکدا دەوڵەتێك دەستی بەهاتنە گۆڕێ کرد، لەبەر ئەوەی جەزیرە دەبوو مەیدانی زۆربەی ئەو جەنگانەی کە هەموو ڕۆژێك لە نێو ئەمانەدا بەرپا دەبوو، ئاوەدانیی ئەو ڕۆژگارە ڕووی لە دواکەوتن کرد، سەرەڕای ئەمە، دیاربەکر، مووسڵ، مەیافارەقین، حەسەنکەیف، ڕەقـقـە، ڕوها واتە ئورفە، ماردین، جەزیرەتوئیبنیعومەر و شارەکانی دیکە بە نۆرە، هەندێك جاریش جودا جودا کە دەکرانە پایتەخت، زۆربەی حوکمدارانی ئەو دەوڵەتە گچکانەی لەو ناوانەدا دادەمەزران، بەپێی ڕۆژگار، بەپارێزگاری لە زانست، پەروەردە و فێرکردن و هونەر بەهاندانی پیاوانی زانست و هونەر، لەبەر ئەوەی تا ڕادەیەکیش بێ بەر لە دەسچووەکان گیرابێ، لە کۆتاییی دەوڵەتی عەبباسیدا جەزیرە دیسانەوە ئاوەدان بووەوە. لە سەردەمی خەلفایەتیی عەبباسیدا ئەو دەوڵەتانەی فەرمانڕەواییان، لە جزیرە دەکرد، بەشێوەیەکی سەرەکی: بووەیهییەکان، عوقەیلییەکان، مەڕوانییەکان[١٨٣]، ئەییووبییەکان[١٨٤] و ئەوانی دیکە.

کە جەنگیز (خان) دەرکەوت، جەزیرەشی لەگەڵ ولاتە ئیسلامییەکانی دیکەدا کردە کەلاوە. ئەوەی ئەم خوێنڕێژەش بەجێی هێشتبوو، تەیمووری لەنگ تەواوی کردبوو. لەو سەردەمەوە زۆربەی جەزیرە شار و شارۆچکەکانی بووە وێرانە و کێڵگە و باخچەکانیشی بوونە گژوگیا و بووە جێی تێدا گەڕانی عەشیرەتە کۆچەرییەکان. لەو دەمەدا کە لە نێوانی جەنگیز و تەیمووردا بەسەر چوو، جەزیرە، بەدەست ئاققۆینلۆو قەرەقۆینلۆدا بووە و لە کۆتاییشدا لە سەرەتای سەدەی دەیەمی هیجریدا (١٦ی زایین) لە لایەن سوڵتان سەلیم (یاوز)خان–ەوە تێکەڵ بەئیمپراتۆرییەتی عوسمانی کرا. لەو دەمەوە لە ناو

ویلایەت و پارێزگاکانی دیاربەکر، حەڵەب، مووسڵ و بەغدادا دابەش کراوە، هیچ بایەخێکی نەبووە و ئاوەدانییە کۆنەکەی نەگەڕاوەتەوە.

(ب/٣ – ل/١٨٠٢ – ١٨٠٦)

**جەزیرەتو ئیبنی عومەر**[١٨٥]: شارۆچکەیەکە، لە بەشی باکوری خۆرهەڵاتی جەزیرەی پەیوەست بەویلایەتی دیاربەکر، لە ڕۆخی لای ڕاستی دیجلەدا لە نزیکیی ١٥٠ کیلۆمەتری سەرووی مووسڵەوە، واتە لە باکوری خۆراوایدایە. ئەمڕۆ بەناوی (جزرە)وە ناوەندی قەزایەکی پەیوەست بەلیوای ماردینە. سەردەمانێك گەلێك ئاوەدان بووە، لە ئەدەبییات شوناسە بەناوبانگەکان و زانایان زاتێکی زۆر کە نازناوی (جەزەری)[١٨٦] یان هەڵگرتووە و یەك لەوانە ئیبنو ئەسیری مێژوونووسی بەناوبانگ و براکانی کە جزیرە زێدیان بووە. بەپێی گێڕانەوە لە ٢٥٠ی هیجری (٨٦٤ی زایین)دا لە لایەن حەسەنی کوڕی عومەری کوڕی خەتتاب–ی یەك لە (تەعلیبی)[١٨٧]–یەکانەوە دروست کراوە و لەبەر ئەوە بەم ناوەوە ناونراوە [١٨٨].

شوێنەکەی، نیمچە دوورگەیەکە لە شێوەی تازەمانگ–دا بەناو دیجلەدا چووە، دوای دامەزراندنی شارۆچکەکە کەندەکێك هەڵکەنراوە، پەیوەندیی بەوشکانییەوە بڕاوە و تاقمێك ئاش لەم کەندەکەدا دروست کراوە، لەم بارودۆخەی ئێستادا گچکە و تا دوا ڕادە شارۆچکەیەکی چڵکنە، کەش و هەواکەشی مەترسیدارە. جاروبارێش (جەزیرەیی عومەرییە)[١٨٩]شی پێ دەڵێن.

(ب/٣ – ل/١٨٠٦)

**جزرە**: (**کورتکراوەی جەزیرە توئیبنی عومەر**–ە)[١٩٠]: شارۆچکەیەکە، ناوەندی قەزایەکی پەیوەست بەلیوای ماردینی ویلایەتی دیاربەکر. لە ڕۆخی لای ڕاستی دیجلە، ٢٠٠ کیلۆمەتر لە باشووری خۆرهەڵاتی دیاربەکر و ١٤٠ کیلۆمەتر لە خۆرهەڵاتی ماردینەوەیە.

قەزای جزرە، یەکێکە لەو پێنج قەزایەی لیوای ماردین پێکدەهێنن، لە بەشی کۆتاییی خۆرهەڵاتی لیواکەدایە و لە باکووری خۆرهەڵاتەوە بە وان، لە باشووری خۆرهەڵاتییەوەش بەویلایەتی مووسڵ و سنوورەکانی سنووردارە. لە ٢١٩ گوند پێکدێ، بڕی ٣٥,٠٠٠ کەس سەرژمێریەتی و هەر هەموو موسڵمانن. خەڵکی قەزاکە لە عەرەب و کورد پێکهاتووە،

ئەگەرچی زمانی بەربڵاو عەرەبییش بێ، تورکییش بەکاردەهێنرێ. بەشێکی خەڵکەکە نیشتەجێ و بەشێکیش لە عەشیرەتە عەرەبەکان پێکدێ[١٩١].

خاکەکەی زۆر بەپیت و بەروبوومە، لە کاتێکدا کە وەك پێویست نەچێنراوە، بەروبوومی وەك برێکی زۆری دانەوێڵەی هەمەچەشنە و میوە و لۆکە و تووتن-ی هەیە. بەرهەمی پیشەسازیی لە داو (دەزوو) و کاڵاو هەندێك چنراوی ڕەنگاوڕەنگی دیکە و عەبا، پێستەی مەڕ و قاپ و قاچاخی لە مس و لە زیو و هی دیکە پێکدێ. ئاژەڵیشیان زۆرە و ڕۆنێکی زۆر و خوری و پێستەی لێ دەردەچێ. لەو ناوەدا چ لە کۆن و چ لە یەکەم سەردەمی ئیسلامدا زۆر ئاوەدان بووە و دانیشتووانی هەبووە، جێ جێ کەلاوەی قەڵا و شار و شارۆچکە و وێرانەی لێیە.

(ب/٣ – ل/١٨٠٢)

**جۆلەمێرگ**[١٩٢]: شارۆچکەیەکە، **١١٥** کیلۆمەتر لە باشووری خۆرهەڵاتی وان و لە بەری دەستە ڕاستی زێی گەورەدا، لە لیوای حەکاریی ویلایەتی واندایە. ناوەندی لیوای ناوبراوە. لە ژێر تاوێرە بەردێکی بەرزدایە و لەسەر تاوێرەکەشدا قەڵایەکی هەیە. ئەو ڕێیەی لە مووسڵەوە بەرەو وان دەچێ، لە ناو ئەم شارۆچکەیەوە ڕەت دەبێ

(ب/٣ – ل/١٨٥٢)

**جوودی**: لە لای خۆرهەڵاتی دیجلەدا و لە سەرووی جەزیرەتوئیبنیعومەردایە. چیایەکی بەرزە لە لیوای حەکاریی ویلایەتی واندا. لووتکەکانی بەزۆری بەبەفر داپۆشراون. ئەگەر چی لە تەوراتیشدا نووسرابێ کە کەشتیی حەزرەتی نووح (سلاوی لێ بێ) لەسەر ئەرارات، واتە لەسەر ئاگریداغ-دا نیشتووەتەوە. لە قورئانی پیرۆزدا ڕوون کراوەتەوە کە لەسەر ئەم چیای جوودی-یەدا وەستاوە[١٩٣] تەنانەت وا گێڕراوەتەوە کە لەسەر ئەم چیایەدا ئەو نوێژگەیەی حەزرەتی نووح (سلاوی لێ بێ) دروستی کردووە و هەندێك پاشماوە و شوێنەواری کەشتییەکەشی ماوە و زیارەت دەکرێ.

(ب/٣ – ل/١٨٤٨)

**جەزبی (جەذبی)**: شاعیرێکی ئێرانی بووە، بەڕەسەن لە کوردەکانی دەوروبەری بەغدا بووە، چووەتە هیندستان، لەوێ چووەتە ڕێزی میرەکانەوە، بەئازایەتی بەناوبانگ بووە، ئەم دێڕە شیعرە هی ئەوە:

من آن نیم که بقاصد دهم نشانهء خویش

کـه سازدش زپـی مـدعـا بـهانـهء خـویـش... (جەلیل)

(ب/ ٣– ل/ ١٧٧٤)

**جەلیلـەی سوڵتانییە**: کچی مەلیك عادل ئەبوبەکری کوڕی ئەییوبی یەك لە شا (مەلیکە) ئەییووبییەکان–ە. لە زانست و هونەردا بەتایبەتی لە فەرموودەدا خاوەنی ناوبانگێکی فراوانە. ناوی ڕەسەنی خۆی (موئنیسە)یە. (جەلیل)

(ب/ ٣– ل/ ١٨٢٩)

**جەمال** (**میر جەمالـەددین**): لـە گەورە پیاوانی هـەمـەدان بووە، ئەم چوارینـەیـە هـی ئـەوە:

روزی کـە زمشکلات حـل مـیطلبند

آنجـانـە تـرانــە و غــزل مـیطلـبـنـد

آواز فکندە کــە کـــار آســـانســـت

اینها همە صوتست و عمل میطلبند... (وەرگێڕ)

(ب/ ٣– ل/ ١٨٣١)

**جەمالـەددین حەضەر**: نـۆیـەمـیـنـی ئـەو شا ئـەتـابـەگـیـانـەیـە کە لـە لوڕی بـچـووکدا فەرمانڕەواییـیان کردووە، کوڕی (تاجەددینی کوڕی حوسامەددینی کوڕی بەدری کوڕی شوجاعەددین)ە، دوای فەلەکەددین و حەسەن و عیززەددین حوسێن–ی دوو برای، بە فـەرمـانـی کـەیـخـاتـوخـان، لـە ٦٩٣ی.هـ(١٢٩٣–١٢٩٤ی.ز)**دا** بـووەتـە فـەرمـانڕەوای لوڕستان، دوای فەرمانڕەوایی تەنیا یەك ساڵ لە نزیك خوڕڕەم ئاباد–دا، لە کاتی ڕاووشکاردا لە لایەن کوڕان و خزمانییەوە کوژراون. (وەرگێڕ)

(ب/ ٣– ل/ ١٨٣٣)

**جەمین**: نـاحـیـەیـەکی لیوا و قـەزای ئـەرزەنجانـی ویـلایـەتـی ئـەرزەڕۆم–ە، لـە ١٢ گوند پێکهاتووە. (وەرگێڕ)

(ب/ ٣– ل/ ١٨٣٨)

# چ

**چارملك**: گوندێکی گەورەیە، لە ٣٥ کیلۆمەتر خۆراوای ئورفەی لیوای ئورفەی ویلایەتی حەڵەبدا، لە ٤٠ کیلۆمەتری خۆرهەڵاتی بیرەجك، لەسەر ئەو ڕێیەدایە کە لە حەڵەبەوە دەچێتە ئورفە.

(ب/٣ – ل/١٨٦٤)

**چارسەنجەق**(١٩٤): ناوەندی قەزایەکە لە لیوای دەرسیم–ی ویلایەتی مەعموورەتولعەزیزدا، لە ٤٠ کیلۆمەتری باکووری خەرپووتدایە.

(ب/٣ – ل/١٨٦٣)

**چەمشکەزەك**(١٩٥): شارۆچکەیەکی گچکە و ناوەندی قەزایە لە ٤٠ کیلۆمەتری باکووری خەرپووت، لە لیوای دەرسیمی ویلایەتی مەعموورەتولعەزیزدا. نزیکەی ٢,٠٠٠ کەس دانیشتووانی هەیە. قەزاکەی، بریتییە لە باشووری خۆراوای لیوای دەرسیم.

(ب/٣ – ل/١٨٧٩)

**چەرمك**[١٩٦]: شارۆچكەیەكە و ناوەندی قەزایە، لە لیوای ئەرغەنیمەعدەنیی ویلایەتی دیاربەكر و لە ٢٥ كیلۆمەتری باشووری خۆراوای ئەرغەنی-دا. دانیشتووانی ٣,٠٠٠ كەسێكن. قەڵایەكی كۆن و گەرماو (گەراو)ێكی بەناوبانگ و پردێكی بەردین و باخ و باخچەی هەیە. لەبەر ئەوەی هاوینان خەڵكێكی زۆر لە گەرماوە ناوبراوەكەدا كۆدەبێتەوە، خەڵكی قەزا لەبەر ئەوە بازرگانییەكی چاك دەكەن. ئەو ئاوانەی لە بەشی پشتەوەی شارۆچكەكەوە هەڵدەقوڵێ یەك دەگرنەوە و زێی سینان پێكدەهێنن. ئەم زەوییەش بەرەو خۆراوا دەڕواو دوای ئاودانی زەوییەكانی قەزا بەفوراتدا دەڕژێ.

قەزای چەرمك، پێكەوە لەگەڵ ناحیەی گوینگویش لە ١١٩ گوند پێكهاتووە، بەشی زۆریان كە موسڵمانن، بڕی ٢٠,٠٠٠ كەس سەرژمێریەتی. لە باكورەوە بەقەزای ئەرغەنیمەعدەنی و لە باشوورەوە بەقەزای سیڤەرەك و لە خۆرهەڵاتەوە بەقەزای دیاربەكر و لە خۆراواشەوە بەلیوای مەڵاتییەوە سنووردارە. خاكەكەی كەمێك لێژە و تا ڕادەیەك بەپیتە. بەروبوومی لە دانەوێڵەی جۆراوجۆر و میوەی هەمەچەشنە پێكدێ، بەتایبەتی ترێی بەناوبانگە.

(ب/٣ – ل/١٨٧٣)

**چڵدر**[١٩٧]: بەر لە جەنگی دوایی، یەكێك بوو لەو لیوایانەی ویلایەتی ئەرزەڕۆمیان پێكدەهێنا. لە ١٢٩٤ی هیجری (١٨٧٨ی زایین)دا لەگەڵ لیوای قارس-دا پێكەوە، بۆ ڕووسیا بەجێ هێڵراوە. لە خۆرهەڵاتەوە بە قارس، لە باشوورەوە بەئەرزەڕۆم، لە خۆراواوە بەلیوای لازستان كە بەویلایەتی ترابزۆنەوە پەیوەستە[١٩٨] و لە باكوورەوە بەسنوورەكانی ڕووسیاوە سنووردارە. ناوەندەكەی شارۆچكەی ئۆڵتی بوو، كە لە باشووردایە.

لیوای چڵدر ٥٩٥ دێی هەیە ١٠٥,٠٠٠ كەسی دانیشتووانە، لەمانە تەنیا بڕی ٦,٠٠٠ یان خرستیان و ئەوی دیكە هەر هەموو موسڵمانن. لەناو لیوادا ٢٤٠ مزگەوت و نوێژگە، یەك مەدرەسە، یەك قوتابخانەی ناوەندی، ١٩٤ قوتابخانەی منداڵانی موسڵمان و ١٣ی خرستیانەكانی تێدایە. ١٥ كڵێسە، ٥ گەرماو، ٩ خان و ٥٦٤ دووكانی هەیە. ئەگەر چی خاكەكەی بەگشتی چیاییە، دۆڵ و دەشتاییی بەپیتیشی هەیە. سەرچاوەكانی زێی قوور كە لەم لیوایەدایە، چەند زێیەكی دیكەشی هەیە كە بەشی خۆراوا ئاو دەدەن و دەڕژێنە ئاوی (چۆروق). بەم جۆرە خاكی لیواكە دەبێتە دوو نشێو و بەشەلێژی. بەشی خۆرهەڵاتی كە بەنشێوی قوور-ەوە پەیوەستە، لە بەشی بەرەو دەریای خەزەر و بەشی خۆراواكەشی كە

بەنشێوی چۆروق–ەوە پەیوەستە لە بەشی بەرەو دەریای ڕەشدان. خاکەکەی بەپیتە، گەنم و جۆ و چەودەر و گەنمەشامی و دانەوێڵەی دیکە و میوەی هەمە چەشنە و سەوزەوات بەدەست دەهێنرێ. چەند دارستانێکیشی هەیە، خەڵکەکەی بەچەند پیشەیەکەوە خەریکن، بەرەی جوان و بەرماڵ و کاڵای ڕەنگین و کاڵا و قاپ و قاچاغی زیوین و لە مس دروستکراو و هی دیکە دروست دەکەن.

ئەم لیوایە بەناوی ناحیەی چڵدر–ەوە ناونراوە، کە بەقەزای ئەردەهانەوە پەیوەستە، دەکرێتە ئەم ٣ قەزا و ناحیەیەی لە خوارەوە باسیان لێوەکراوە:

| **قەزا** | **ناحیە** |
|---|---|
| ئۆڵتی | پەنك |
| | مامرەوان |
| | تاوسکەر |
| ئەردەهان | چڵدر |
| | پۆسخۆ |
| | گوێلە |
| ئەردەنووچ | شەوشیب |

(ب/٣ – ل/١٨٧٨ – ١٨٧٩)

**چڵدر** (**ناحیەی چڵدر**): ناحیەیەکە بەقەزای ئەردەهانی لیوای چڵدرەوە پەیوەستە. لە ٤٨ دێ پێکدێ و ١٠,٠٠٠ کەس سەرژمێریەتی کە هەر هەموو موسڵمانن. لە لای دەستە ڕاستی ئەو بەشەیە کە نزیکی سەرچاوەی زێی قوور–ە. ئەمڕۆ لە ناو ڕووسیا دایە.

(ب/٣ – ل/١٨٧٩)

**چوینگویش**[١٩٩]: ناحیەیەکی پەیوەست بەقەزای چەرمکی لیوای ئەرغەنیمەعدەنیی ویلایەتی دیاربەکر–ە، لە ٢٨ گوند پێکهاتووە.

(ب/٣ – ل/١٨٨٧)

# ح

**حەسەنقەڵا**[٢٠٠]: شارۆچکەیەکە لە لیوا و ویلایەتی ئەرزەڕۆم، ناوەندی قەزای پاسینلەر-ە. لە ٣٣ کیلۆمەتری خۆرهەڵاتی ئەرزەڕۆمدا، لە کەناری ڕووباری ئاراس و لەسەر ئەو ڕێیەدایە کە لە ترابزۆنەوە بۆ ئێران دەچێ. قەڵایەکی ڕماوی لە جەنەوەییانەوە[٢٠١] بەجێماو و گەرماوی بەسوودی هەیە.

(ب/٣ - ل/١٩٥٢)

**حەزرۆ**: شارۆچکەیەکی گچکەیە،[٢٠٢] ناوەندی ناحیەیە لە قەزای سیلوانی لیوا و ویلایەتی دیاربەکردا، ناحیەکەی لە ٨٠ گوند پێکهاتووە.

(ب/٣ - ل/١٩٦٤)

**حەکاری**: (لە کتێبەکانی جوگرافیاناسە عەرەبەکان و مێژووە ئەوروپاییەکاندا لە شێوەی «هەکاری» نووسراوە)[٢٠٣]: ناوچەیەکە لە شوێنی بەیەکگەیشتنی سنوورەکانی کوردستان و ئێراندایە، سەردەمانێك وەك قەزایەك بەڕێوەدەبرا، چەند ساڵێك لەمەوبەر،

لەبەر بەبایەخیی شوێنەکەی کراوەتە ویلایەت، دواتریش کراوەتە لیواو خراوەتە سەر ویلایەتی وان. لە ناوچەکانی بۆتان کە لە لای خۆراوایدایە. چاڵ[٢٠٤] لە لای خۆرهەڵاتیدایە و ئەلباق کە لە لای باکووریدایە، ئێستاکە بەحەکارییەوە پەیوەستن. بەم جۆرە، لیوای حەکاریی پێکهێنراو لە خۆرهەڵاتەوە بەسنووری ئێران و لە باکورەوە بەلیوای وان و لە باکووری خۆراواوە بەلیوای سعردی ویلایەتی بتلیس و لە باشووری خۆراواوە بەلیوای ماردینی ویلایەتی دیاربەکر و لە باشووریشەوە بەویلایەتی مووسڵ دەورەدراوە. ناوەندەکەی شارۆچکەی چۆلەمێرگە.[٢٠٥]

زەوییەکەی چیایی و بەردەڵانییە، زەوییەك کە بۆ چاندن و دوورینەوە دەست بدا کەمە. زێی گەورە (سەرەوە) کە یەکێکە لە باڵەکانی دیجلە لە نووکی باکوری خۆرهەڵاتی ئەم لیوایە و لە نزیك سنووری ئێرانەوە هەڵدەقوڵێ، بەرەو باشووری خۆراوا و دواتریش بەرەو باشووری خۆرهەڵات دەڕواو لیواکە لە لایەکەوە بۆ لایەك دەکاتە دوو کەرتەوە، لە ڕاست و چەپیشەوە ئاو و بەستێکی زۆری تێ دەڕژێ. خودی دیجلەش سنووری باشووری خۆراوای لیوا دەکاتە دوو بەشەوە و ئەو ئاوانەشی تێ دەڕژێ کە لە ناوچەی بۆتانەوە دێنە خوار.

دانیشتووانی هەر هەموو لە کورد پێکهاتووە، لە بارەی سەرژمێریانەوە تۆمارێکی پشت پێ بەستراومان بەردەست نەکەوت.

لیوای حەکاری وەکو لە خوارەوە ڕوون کراوەتەوە، بۆ ٨ قەزا و ٤١ ناحیە جیاکراوەتەوە و ١٢٠٠ گوند بەخۆوە دەگرێ.

| قەزا | ناحیە | ژمارەی گوند |
|---|---|---|
| حەکاری | ٤ | ١٦٦ |
| ئەلباق | ٨ | ١٥٤ |
| کەوار | ٦ | ١٨٤ |
| شەمدینان | ٤ | ١٢٩ |
| مەحموودی[٢٠٦] | ٥ | ٨٣ |
| مەعموورەتولحەمید[٢٠٧] | ٢ | ٢٤ |
| بەیتوششەباب | ٧ | ٤٦ |
| عیمادییە | ٥ | ٤٠٤ |
| کۆ | ٤١ | ١٢٠٠ |

(ب/٣ – ل/١٩٦٧)

**حەکارییە**: ناوی شوێنێکە ئەمرۆ لە کوردستاندا بەناوی (حەکاری)یەوە، لیوایەکی سەر بەویلایەتی وان پێکدەهێنێ، ڕاستتریش ناوی ڕەسەنی عەشیرەتێکی نیشتەجێی ئەوێیە، هەندێك زانا و ناوداری دیکەی پەیوەندییان بەئێرەوە بووە، بەناوی حەکاری(٢٠٨)–یەوە هەبووە. ناودارترینیان عەدیی کوڕی موسافیر، شەیخولئیسلام ئەبولحەسەن عەلی–ی کوڕی ئەحمەد–ی خودناسی(٢٠٩) بەناوبانگ کە لە نەوەی عەتەبەی کوڕی سوفیان–ە و ئەبو عیسای کوڕی مەحموودی شەریعەتزان کە لە ڕەسەنی ئیمام حەسەنی کوڕی عەلی (خودای لێ ڕازی بێ) کە خاوەنی پایە و ڕێز و لە لای سەڵاحەددینی ئەییووبیدا خاوەن دەسەڵاتێکی زۆر بووە.

(ب/٦ – ل/٤٧٤٢)

**حەکیمخانی**: شارۆچکەیەکی گچکەیە لە ڕۆخی قوڕ و چای–دا، ناوەندی ناحیەیە لە قەزای ئاقچەداغی لیوای مەڵاتییەی ویلایەتی مەعموورە–تولعەزیز، لە ٥٥ کیلۆمەتری باکووری خۆراوای مەڵاتییە.

(ب/٣ – ل/١٩٧٠)

**حەڕڕان**: (٢١٠) شارێکی بەناوبانگ و زۆر کۆنە، لەسەر زێی جەلەب و لە ٣٥ کیلۆمەتری باشووری ئورفە لە جەزیرەدا و ئەمرۆ کەلاوەیە و لە گوندێك پێکهاتووە. حەزرەتی ئیبراهیم (سڵاوی لێ بێ) بەر لەوەی بچێتە خاکی بابل(٢١١) کۆچی کردووەتە ئێرە و لێرەوە چووەتە ناو خاکی کەنعان(٢١٢). لە سەردەمی ڕۆمایانیشدا شارێکی ئاوەدان بووە و لە مێژووەکانی ڕۆمادا بەناوی «قەرەئا»وە باس کراوە. ناوەندی ئەستێرە پەرستان بووە و شوێنی پەرستگای گەورە، کە پەیوەندیی بەوانەوە هەبووە کە سەر بەو ئاینە بوون و بتخانەیان تێدا هەبووە. لە سەردەمی حەزرەتی عومەر (خودا لێی ڕازی بێ) لە لایەن عیازی کوڕی غەنەم–ەوە گیراوە.

لە سەرەتای سەردەمی ئیسلامدا ئاوەدان بووە، وەکو ئەوەی لە سەردەمی ئیسلامیدا زاتێکی زۆری زانای بەناوبانگ لەم شارەدا پێگەیشتووە، لە وانەی ئەستێرەشیان پەرستووە، هەندێك خاوەنبیر و پسپۆری نۆژداریش پێگەییوە. زۆربەی ئەوانەی کۆششی وەرگێڕانی کتێبەکانی فەلسەفە و نۆژدارییان کردووە، حەڕڕانین.

(ب/٣ – ل/١٩٣٦)

**حەڕڕانی**: یەکێکە لە پسپۆرە نۆژدارە موسڵمانە بەناوبانگەکان، لە کاتێکدا کە حەڕڕانی بووە و کۆچی بۆ ئەندەلوس[٢١٣] کردووە، کارە نوژدارییەکانی لە قورتوبە درێژە پێ داوە و بەو خواردنەوە کاریگەرە بەناوبانگ بووە کە بۆ ئەوانەی داهێناوە کە ئازاریان دەبێ. ئەم خواردنەوەیە بەناوی «ئەلموغیثولکەبیر»ەوە[٢١٤] دەناسرا، ئەگەر لە سەرەتادا چۆنیەتیی دروستکردنی وەکو نهێنییەك لە لایەن خۆیەوە شاررابێتیشەوە، دواتر لە نۆژدارانی قورتوبە، پێنج کەس کۆبوونەتەوە و بەئەنجامدان و جێبەجێ کردنی لێوردبوونەوە، ئەو بەشە پێکهاتانەیان زانیوە کە دەرمانەکەی پێکهێناوە، تەنیا چەندێتییەکانیان نەدۆزیوەتەوە، لەسەر ئەمە، حەڕڕانی چۆنیەتیی دروستکردنی ڕوون کردووەتەوە و لەو دەمانەوە لە لایەن هەموو نوژدارانی ئەندەلوس–ەوە دەست بەبەکارهێنانی کراوە. لە ناوەڕاستی سەدەی سێیەمی هیجری (نۆیەمی زایین)دا و لە سەردەمی موحەممەدی کوڕی عەبدوڕڕەحمانی[٢١٥] یەك لە فەرمانڕەوایانی ئەندەلوس–دا ژیاوە.

(ب/٣ – ل/١٩٣٦)

**حسنی مەنسوور (حصنی مەنصوور)**[٢١٦]: شارۆچکەیەکە ناوەندی قەزایە، لە لیوای مەلاتییەی ویلایەتی مەعموورەتولعەزیز، لە ٧٥ کیلۆمەتری باشووری مەلاتییەدا و ٥٠ کیلۆمەتر لە خۆرهەلاتی بەهەسنیدایە. ئەم شارۆچکەیە، لە لایەن مەنسووری کوڕی جائوون–ی یەك لە پیاوانی مەڕوانە کەر (مروان الحمار)[٢١٧]ی دوا فەرمانڕەوای ئومەوییەکان–ەوە بنیات نراوە و ئاوەدان کراوە. ئەم پیاوە سەردەمێکی زۆر بەرگریی لەم شارۆچکەیە کردووە، بەرامبەر ئەبو جەعفەری مەنسووری برای سەففاح–ی[٢١٨] یەکەم خەلیفەی عەبباسییان کە کرابووە والیی جەزیرە.

قەزای حسنی مەنسوور لە باکوورەوە بەقەزای مەلاتییە و لە خۆراواوە بەقەزای بەهەسنی و لە خۆرهەلاتەوە بەقەزای کاختە و لە باشووریشەوە بەویلایەتی حەڵەب سنووردارە.

زەوییەکەی لەو نشێوانە پێکهاتووە کە بەدۆڵی فوراتەوە پەیوەستن و بەچەند ئاوێك دەدێررێ کە بەزێی ناوبراودا دەڕژێن.

زۆرینەی خەڵکەکەی کوردن،[٢١٩] هەندێکیان نیشتەجێن و هەندێکیشیان کۆچەرن. دانیشتووانی لە دەوروبەری ٢٥,٠٠٠ کەسن، تەنیا ١,٢٥٥ یان خرستیان و ئەوی دیکە هەر هەموو موسڵمانن. لە ناو قەزادا پاشماوەکانی شاری سمیسات و گەلێك شوێنەواری کۆنی دیکەی تێدایە.

(ب/٣ – ل/١٩٦٢)

**حسنكەیفا**[٢٢٠]: شارۆچكەیەكە لەسەر ڕۆخی باشووری دیجلەدایە، لە ١٢٠ كیلۆمەتری خۆرهەڵاتی دیاربەكر، واتە شاری ئامەد، لە لیوای ماردین-ی ویلایەتی دیاربەكر. سەردەمانێك زۆر گەورە و ئاوەدان بووە. تەنانەت لەو سەردەمانەدا، لە دوو ڕۆخی دیجلەدا بووە و لەسەر زێیەكەدا پردێكی گەورەی یەك چاوی (كەمەرە)ی بووە، یاقووتی حەمەوی، گوتوویەتی پردی لەمە گەورەتری نەبینیوە. لەم دۆخەی ئێستایدا شارۆچكەیەكی بچووكە، ناحیەیەكی پەیوەست بەقەزای میدیات-ەو لە ٦ گوند پێكهاتووە.

(ب/٣ - ل/١٩٦٢)

**حسنولئەكراد (حصن الاكراد)**[٢٢١]: قەزایەكی پەیوەست بەلیوای تەرابلوسی شام-ی[٢٢٢] ویلایەتی بەیرووت-ە. لە لای باكووری خۆرهەڵاتی تەرابلوسدایە. لەبەر ئەوەی زەوییەكەی لە لایەن نەهری ئەسوەد-ی[٢٢٣] گەورەترین زێیەكی ویلایەت-ەوە ئاو دەدرێ، زۆر بەپیت و بەروبوومە. لە پێشان ناوەندەكەی «قەلعەتولحیصن» بووە، بەهۆی سەختیی شوێنەكەی دواتر گۆڕاوە و گوندی «بورجولعینان» كراوەتە ناوەند.

قەڵایەكی زۆر كۆنە، لە دەمەدەمی ڕووداوەكانی خاچپەرستاندا، بۆ پاراستنی، هەندێك كوردی لە ناو دانراوە و بەم هۆیەوە بەم ناوەوە ناونراوە، چونكە دواتر كوردەكان قەڵایان بەجێهێشتووە و چۆڵیان كردووە، كەوتبووە دەست خاچپەرستان.

(ب/٣ - ل/١٩٦٢)

**حاتەم هەمەدانی**: شاعیرێكی ئێرانییە، لە هەمەدان بەعەتتارییەوە خەریك بووە، ئەم دێڕە لە شیعرەكانی ئەون:

خانهء دلرا تهی كن از هوسها چون حباب

تاتوانی كف زنان چون موج ازدریا گذشت... (وەرگێڕ)

(ب/ ٣- ل/ ١٩٠٤)

**حاجری (حوسامووددین ئەبو یەحیا، عیسای كوڕی سنجەری هەولێری «ئەربیلی»)**: لە شاعیرە عەرەبە بەناوبانگەكانە، لە خزمەتی مەلیك موعەظظەم موظەففەرەددین-دا بووە، دوای مردنی ئەم نیشتیمانەكەی خۆی بەجێهێشتووە، ماوەیەك خەریكی گەشت بووە و دوای گەڕانەوەی هەولێر بۆ دەسەڵاتی موستەنصیری خەلیفەی عەبباسی دیسانەوە

گەڕاوەتەوە ئەوێ، لە ٦٣٢ی.هـ (١٢٣٤–١٢٣٥ی.ز)دا لە تەمەنی ٥٠ ساڵیدا لە لایەن هەندێك لە دوژمنانییەوە بە قەمە کوژراوە.

شیعرەکانی زۆر جوان و پەسند بووە، ئەم دوو دێڕە لە شیعرەکانی ئەون:

الله يعلم ما أبقى سوى رمق
مني فراقك يا من قربه الأمل
فابعث كتابك واستودعه تعزية
فربما مت شوقاً قبلما يصل ... (وەرگێڕ)

(ب/ ٣– ل/ ١٩٠٤)

**حوساموددین خەلیل**: پێنجەمینی ئەتابەگەکانی لوڕی بچووکە، نەوەی شوجاعەددین خورشیدی بنیاتنەری خانەوادەی ناوبراوە، دوای عیززەددینی ئامۆزای باوکی گەیشتووەتە پایەی حکوومەت، دوای فەرمانڕەواییەکی کەم لە ٦٤٠ی.هـ (١٢٤٢–١٢٤٣ی.ز)دا کۆچی دوایی کردووە. (جەلیل)

(ب/ ٣– ل/ ١٩٤٠)

**حوساموددین عومەر**: دەیەمینی ئەتابەگەکانی لوڕی بچووکە، دوای جەمالەددین حەصری باوکی ماوەیەکی کورت فەرمانڕەوایی کردووە و بۆ خوێنی باوکی بە فەرمانی غازان خان ئیعدام کراوە (جەلیل)

(ب/ ٣– ل/ ١٩٤٠)

**حەیدەرانلی (حەیدەرانی)**: ناوی عەشیرەتێکە لە دەوروبەری واندا دەگەڕێ. (وەرگێڕ)
(ب/ ٣– ل/ ٢٠٠٢)

# خ

**خابوور**[٢٢٤]: زێیەکی گەورەیە لە جەزیرە، گەورەترین باڵی فوراتە، لە دوولای قەرەجەداغ-ەوە کە لە باشووری دیاربەکردایە هەڵدەقوڵێ و لە خوارووی ڕەئسولعەیندا لە یەکگرتنەوەی دوو ئاو پێکهاتووە و بەرەو باشووری خۆرهەڵات دەڕوا، لە لای چەپەوە، واتە لە باکورەوە کە ئاوەکانی زەرقان و جاهجاهـ-یشی تێدا دەڕژێ، بەرەو باشوور دەسووڕێتەوە و دوای ئەوەی ئاوی سنجاریش کە لە چیای سنجارەوە دێ وەردەگرێ، هەندێك بەرەو خۆراوا دەسووڕێتەوە، لە لای کەلاوەکانی ئەبو سەرای، واتە قەرەقیسیادا دەڕژێتە ناو فورات. درێژیی ڕێڕەوەکەی نزیکەی لە ٣٥٠ کیلۆمەتر.

چ ڕێڕەوی سەرەکیی بێ یان باڵەکانی، لەبەر ئەوەی ئەو شوێنانە ئاو دەدەن کە پێیاندا ڕەت دەبن و لەبەر ئەوەی خاکی جەزیرە بەشێوەیەکی سەرووی ئاساییەوە بەپیتە، سەردەمانێك دەوروبەری ڕێڕەوەکانی شارێکی زۆر زۆر و شارۆچکە و گوندی ئاوەدان بووە. لە دۆخی ئێستایدا هەر بۆش بۆشە، بووەتە جێی پێداگەڕانی عەرەب و عەشایەر[٢٢٥].

(ب/٣ - ل/٢٠٠٣)

**خابوور**[٢٢٦]: باڵێکیش بەم ناوەوە لە باڵەکانی دیجلە هەیە. لە پێکهاتنی چەند ئاوێکەوە کە لە چیاکانی حەکارییەوە دێنە خوارێ. لە لای ئەوپەڕی باکووری ویلایەتی مووسڵەوە کە بەرەو خۆراوا دەڕوا، لە لای چەپەوە، لە نزیك سنوورەکانی ویلایەتی دیاربەکر دەڕژێتە دیجلەوە، درێژیی ڕێڕەوەکەی نزیکی ١٠٠ کیلۆمەترە. شارۆچکەی زاخۆ لەسەر ڕۆخی ئەم زێیەدایە.

(ب/٣ – ل/٢٠٠٣)

**خالد زیائەددین (خالد ضیاءالدین)**[٢٢٧]: لە شێخەکانی سەردەمە دوایینەکانە دامەزرێنەری ڕێبازی خالدی–یە کە لقێکە لە لقەکانی ڕێبازی نەقشبەندی. بەڕەسەن خەڵکی سلێمانییە. لە شێخ عەبدوڵڵای دەهلەوی ئیجازەی ڕێبازی وەرگرتووە[٢٢٨]. ماوەیەك لە بەغدا و دواتر لە دەرگاهی ساڵحییەی شامدا لە بابەت ڕێبازەوە خەریکی ڕێی ڕاست نیشاندان و بڵاوکردنەوەی زانستەکان بووە و لە ١٢٤٢ی هیجری (١٨٢٦ی زایین)دا هەر لەوێ کۆچی دوایی کردووە. لە جەبەلی ئەربەعین–دا[٢٢٩] نێژراوە.

(ب/٣ – ل/٢٠١٧)

**خاتوون**: دوو ئافرەتی ناوداری سەربەخانەدانی ئەو ئەییووبییانەن کە لە میسردا فەرمانڕەواییان کردووە. یەکەمیان دایکی مەلیك عادل سەیفەددینی کوڕی ئەبوبەکری کوڕی ئەییووبە، دووەمیشیان کچی مەلیك ئەشرەف مووسای کوڕی مەلیك عادل–ی ناوبراوە. یەکەمیان لە ٥٩٣ی هیجری (١١٩٧ی زایین)دا، دووەمیان لە ٦٩٤ی هیجری (١٢٩٥ی زایین)دا کۆچی دوایان کردووە. مەدرەسەی خاتوونییەی شام لە لایەن دووەمیانەوە دروست کراوە.

(ب/٣ – ل/٢٠٠٨)

**خەلیل**: یەکێکە لە سەرکردەکانی لقی ئەییووبییان کە لە حسنکەیفادا فەرمانڕەوایی کردووە. باوکی دوای مەلیك ئەشرەف، بەفەرمانی سوڵتانی میسر لە حسنکەیفادا بووەتە فەرمانڕەوا. زۆری پێ نەچوو، لە لایەن خەلەف–ی کوڕیەوە شەهید کراوە، ئەویش دواتر لە لایەن ئوزون حەسەنەوە بەزێنراوە و ئەم لقەی ئەییووبییان لە نێو براوە.

(ب/٣ – ل/٢٠٥٥ – ٢٠٥٦)

**خەلیلی**: یەکێکە لە شاعیرە عوسمانییە دیاربەکرییەکان، لە سەردەمی فاتیح (سوڵتان موحەممەدی فاتیح)دا چووەتە ئیزنیك، لەو دەمانەدا کە خەریکی فێربوونی زانست (خوێندن) بووە، لەبەر ئەوەی گیرۆدەی دڵداری و سەودایەك بووە، لە ڕێگا لای داوە، شیعرێکی هەیە بارودۆخی خۆی وێنە دەکێشێ کە بە«فیرقەتنامەیی خەلیلی – واتە – لێکدابڕاننامەی خەلیلی» بەناوبانگە[٢٣٠]، ئەم یەك دوو دێڕە لەو شیعرانەیەتی:

بیرونك مظهر أنوار أشواق

درونك مخزن أسرار عشاق

عجب نطق فصيحك وار زبانسز

سوزونو عرض أيدرسك ترجمانسز[٢٣١]

(ب/٣ – ل/١٢٠٦٠)

**خەرپووت**: شارێکە، ناوەندی ویلایەتی مەعموورەتولعەزیزە، لە بەشی خۆرهەڵاتی ئەناتۆڵی (ئەنادۆڵ)دا[٢٣٢]، لە ٩٥ کیلۆمەتری باکووری دیاربەکر و لە نزیکی ڕێڕەوی زێی مورادەوە، لەسەر گردێکدایە، ١,٢٣٧ مەتر لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە. لە سەردەمە دواییەکاندا سەرای حکوومەت هێنراوەتە خوارەوە و لە ژێر گردەکەدا، واتە لە باشووری خۆراوایدا و لە دەشتاییدا، لەو شوێنەی پێی دەگوترێ «مەزرا» دانراوە، لەبەر ئەوەی هەر لەوێ هەندێك بینای فەرمی و مزگەوت و خان دروست کراوە، شاری خەرپووت لە دوو بەش پێکهاتووە، لەبەر ئەوەی مەزرا، لە سەردەمی پادشای خودا لێ خۆشبوو، سوڵتان عەبدولعەزیز خاندا ئاوەدان کراوە، ناوی «مەعموورەتولعەزیز»ی دراوەتێ و کراوەتە لیوا و دواتریش ناوەکە لەو ویلایەتە نراوە، کە دواتر دامەزراوە.

دانیشتووانی خەرپووت بەمەزراشەوە، ٢٥٠٠ کەسە، تەنیا ٢٥٠٠ی ئەرمەنین، ئەوی دیکە موسڵمانن، لە ناو خودی خەرپووتدا ١٠ مزگەوتی پیرۆز و ١٠ مەدرەسە و ٨ کتێبخانە و ٩ قوتابخانەی دیانان و ٨ کڵێسە و ٩ گەرماو و ١٢ خان و ٨٤٣ دووکان و ٢,٦٧٥ خانووی تێدایە. قوتابخانەی ناوەندیی سویل (سڤیل) و قوتابخانەیەکی گەورەی پرۆتستانت کە ئەمریکایی دروستیان کردووە، لە خەرپووتدان. لە مەزرا–ش ٤ مزگەوتی پیرۆز و قوتابخانەیەکی ناوەندیی گەورەی سەربازی، تایبەت بەموسوڵمان و دیانەکانیش، قوتابخانە و ٤ گەرماو و ٣ خان و قشڵەیەکی گەورە و دوو فابریقە

(کارگە)ی چنین و شوێنێکی پێستە خۆشکردن و ١٠ میوانخانە[٢٣٣] و ١٩ کۆگا و ٢٥٠ دووکان و ٥٥٥ ماڵی لێیە.

دەوروبەری خەرپووت، باخ و باخچەیەکی زۆری لێیە و میوەکانی جوانن، خاکەکەشی زۆر بەپیتە و بەبەروبوومە. لە دەڤەرەکەیدا گوندی زۆر و گەورەی لێیە. کەش و هەوا زستانان سارد و هاوینی فێنك و سازگارە.

گەرچی خەرپووت زۆر کۆنە، قەڵایەك بوو، لە دۆخی شاردا نەبوو، ناوە ڕەسەنەکەی (خەربرووت)ە، کە بەزمانی ئەرمەنی «قەڵای بەردین»[٢٣٤] دەگەیەنێ، عەرەب ناوی (حسنی زیاد – حصن زیاد)یان لێ ناوە، لە کتێبەکانی جوگرافیاناسانی عەرەبدا بەناوی (خەربروت – خربروط)ەوە باسی لێوە کراوە. ئەمڕۆ قەڵایەکی ڕووخاوە، وا دیارە دواتر لە سەردەمی بەڕێوەبەرایەتیی عوسمانیدا فراوانتر بووە، لەبەر ئەوەی لە ناو خاکی زۆر بەپیت و بەبەرهەمدا، لە سەر شاڕێی بەغدادایە بایەخێکی بازرگانیی زۆری هەیە. ئەگەر ڕێگەی ئاسنی ئەنادۆڵ تا ئەو ناوە بگەیەنرێ، چەندین جار پتر بوونی ئەم بایەخە، گومانی تێدا نییە. نزیکترین ڕیختم (ئەسکەلە)ی گرەسون–ە. بەشۆستەیەکەوە بەم ئەسکەلەیەوە پەیوەستە. لە وێوە لە ڕێی سێواسەوە ڕێ بەرەو سامسۆن–یش دەچێ.

لە کۆنەوە خەرپووت وەك قەزایەك پەیوەست بەدیاربەکر بەڕێوەبراوە، لەبەر ئەوەی قایمقامەکانی بەزۆری لە بەگزادە ناوخۆییەکانەوە دامەزراوە، ئەو گوندەی بەگزادەکەی لێ دادەنیشت دەکرایە ناوەند. دواتر، کە هەر بەدیاربەکرەوە پەیوەست بووە، کراوەتە ناوەندی لیوایەکی دامەزراوە. شارۆچکەی (کەبان) کە پێشتر ناوەندی لیوا بووە خراوەتە سەر ئەم. دواتریش لە ١٢٩٦ی هیجری (١٨٨٠ی زایین)دا کراوەتە ناوەندی ئەو ویلایەتەی بەناوی مەعموورەتولعەزیزەوە دامەزراوە. (بڕوانە بابەتی: «مەعموورەتولعەزیز»)

(ب/٣ – ل/٢٠٣٢ – ٢٠٣٣)

**خەرپووت (لیوای خەرپووت)**: لیوای ناوەندیی ویلایەتی مەعموورەتولعەزیزە، لە خۆرهەڵات و باشووری خۆرهەڵاتەوە بەلیوای ئەرغەنیی ویلایەتی دیاربەکر و لە باشوورەوە بەلیوای مەلاتییە، لە خۆراواوە بەلیوای سێواسی ویلایەتی سێواس و لە باکورەوە بەلیوای ئەرزنجانی ویلایەتی ئەرزەڕۆم و لە باکوری خۆرهەڵاتیشەوە بەلیوای دەرسیم دەورەدراوە و سنووردارە. موراد، واتە ڕووباری فورات بەناوەڕاستی لیوادا ڕەت دەبێ و لە ناو لیوادا ئاوەکانی چاڵتە و قزلق لەگەڵ قوڕ و چای و ئاوێکی زۆری دیکە و بەستی دێتە سەر.

خاکەکە گردەڵانە، دۆڵی زێی ناوبراو و دەڤەری خەرپووت کە لە لای خۆرهەڵاتیەوەیەتی زۆر بەپیت و بەبەرهەمیش بێ، لای باکووری خۆرهەڵاتی واتە قەزاکانی ئەگین و ئەرەبکێر بەردەڵان و کەم بەرهەمە. دانیشتووانی لە دەوروبەری ١٠٠,٠٠٠ کەسدایە، چواریەکی خرستیان (دیان) و سێ چارەکیشی موسڵمانن. ئەو عەشیرەتە کوردانەش کە لەوێن سەرژمێریان دەگاتە ١٠,٠٠٠ کەسێك کە بەلەوەڕاندنی مەڕ و ماڵاتەوە گوزەران دەکەن.

ئەم لیوایە، چوار قەزای بەناوی خەرپووت و کەبان و ئەرەبکێر و ئەگین پێکدێ. لە لای خۆرهەڵاتییەوە خەرپووت و کەبانیش لە دوو لای زێی مورادا و قەزاکانی ئەرەبکێر و ئەگین–یش لە لای باکووری خۆراوای لیوادان.

(ب/٣ – ل/٢٠٣٣)

**خەرزان**: قەزایەکە لای ئەوپەڕی باکووری خۆراوای لیوای سعردی ویلایەتی بتلیسدا. بەقەزاکانی... لە خۆرهەڵاتەوە شێروان و لە باشووری خۆرهەڵاتەوە خودی سعرد و لە باشوورەوە ڕیدوان، لە خۆراواوە بەویلایەتی دیاربەکر و لە باکوریشەوە بەلیواکانی گەنج و بتلیس دەورەدراوە. قەزاکە لە ١٣٨ گوند پێکهاتووە، چەند عەشیرەتێکی کوردی کۆچەر و نیشتەنی–ی لێیە، سەرژمێری نیشتەنییەکانیان ١٣,٠٠٠ کەس دەبن و لە سێدا دوویان کوردن و موسڵمانن. ئەوی دیکەش ئەرمەنی، سوریانی و یەزیدی پێکدەهێنن. خەڵکی عەشیرەتە کوردەکان نەخراونەتە ئەم ژمارانەوە[٢٣٥]. سەرەکییەکانیان ئەم عەشیرەتانەن: بێختار و ئەلیکان و ڕەشکۆتان و بووران و مەلکشیان. ناوەندی قەزا، گوندی (یەدۆ)یە، دوو زێ بەناوی باشوور و خەتۆ–وە، لە باشوورەوە بۆ خۆرهەڵات ناوەندی قەزا دەکەنە دوو بەشەوە و ئاو و بەستێکی زۆریش دێنە سەر ئەمانە. زەوییەکەی تا ڕادەیەکیش گردەڵانیش بێ، دەشتی تەخت و نشێویشی زۆرە، کەشوهەواکەی گەرمە و زستانان ئەگەر جاروبارێك بەفریش بباریٚ، درێژە ناکێشێ. بەم هۆیەوە زۆربەی عەشیرەتە کوردەکان لەم قەزایەدا زستان بەسەر دەبەن و، هاوینان مێگەلیان دەبەنە لەوەڕگاکانی مووش. بەروبوومیان دانەوێڵەی هەمە جۆر و لەگەڵ ئازووقەدا، ترێ، میوەی هەمەچەشن و سەوزەوات، تووتن و هی دیکەیە. بەبرێکی زۆر هەنگوین و خوری و مووی بزنیان بەرهەم هەیە. بەرهەمی پیشەییشیان بریتییە لە بەڕە و لباد و مافوور، عابا و شمەکی پێویستی ناوچەیی.

لە ناو قەزادا ١٤ مزگەوت و نوێژگە و قەڵایەکی زۆری کۆن و کەلاوەی شاری لێیە. لە گوندی (زیارەت)دا نزرگەی وەیسولقەرەنی جێی زیارەتە و بەتەکیەوەش تەکیەیەکی ئاوەدان

هەیە. لە دووریی دوو سەعاتە ڕێی ناوەندی قەزادا، پاشماوەی شارێکی کۆن دیتراوەتەوە بەناوی (ئەرزەن)ەوە، ناوی قەزاکەش وا دەزانرێ کە بەهەڵە بەکاردەهێنرێ، ئەم ناوەیە[٢٣٦]. لە گوندی (گوڵاماسییان)دا گەرماوێکی بەگۆگرد و لە گوندی دوك-یشدا[٢٣٧] ئەشکەوتێك دۆزراوەتەوە کە شێوەشی و شوێنەکەشی ترسێنەرە، حەوزێکی تێدایە ئاوەکەی ئێجگار ساردە. لە ناو قەزادا بەناوی مەلەفان و سەلحا-وە دوو جێی خوێ لێ دەرکردنی یەك گەورە و چەند شوێنێکی گچکەشی لێیە، ساڵانە بایی ٣٠,٠٠٠ لیرە خوێی لێ دەردەهێنرێ. دارستانیشیان زۆرە، لە ناویاندا هەندێك ئاژەڵە کێوی هەیە.

(ب/٥ - ل/٣٢٦٢ - ٣٢٦٣)

**خەتیبی حەسکەفی**: (ئەبو فەضل موعینوددین یەحیای کوڕی سەلامە): شاعیرێکی بەناوبانگ و یەکێکە لە ئەدەبپەروەران، لەگەڵ کتێبی شیعریدا هەندێك کتێبی لێدوان و وردە کتێبی بەناوبانگن. لە حسنکەیفادا هاتووەتە جیهان. زانستەکانی ئەدەبیات-ی لە لای خەتیبی تەبریزیدا[٢٣٨] خوێندووە کە پێشتر باسی ژیننامەیمان کردووە و زانستی شەریعەتی ئیسلامی بەپێی ڕێبازی شافیعی لەگەڵ هەندێك زانستی دیکەدا لە لای هەندێك زانای دیکەدا خوێندووە و لە مەییافارەقین بووەتە خەتیب و موفتی- لە تەمەنی پتر لە نەوەد ساڵیدا لە ٥٥١ی هیجری (١١٥٦ی زایین)دا کۆچی دوایی کردووە. ئەم یەکدوو دێڕە لە شیعرەکانی ئەون.[٢٣٩]

أشكو الى الله من نارين واحدة
في وجنتيه واخرى منه في كبدي
ومن سقمين سقم قد احل دمي
من الجفون وسقم حل في جسدي... تاد

واتە:

لە لای خودا سکاڵا لە دوو ئاگر دەکەم، یەکێکیان
لە برژانگەکانی ئەودایە و لە جەرگمدایە دووەمیان
لە دوو دەردان، کە یەکێکیان لە دوورییەوە کەوتووەتە
ناو خوێنم، ئەوی دیکەش چووەتە ناو لەشمەوە.

(ب/٣ - ل/٢٠٥١ )

**خنس**(٢٤٠): شارۆچکەیەکی گچکەیە لە لیوا و ویلایەتی ئەرزەڕۆمدا، لە ٩٠ کیلۆمەتری باشووری خۆرهەڵاتی ئەرزەڕۆم، ناوەندی قەزایەکە لەسەر ڕێی واندا. بارەگایەکی حکوومەت و قوتابخانەیەکی ناوەندی و قشڵەیەکی هەیە.

قەزای خنس دەکەوێتە لای هەرە باشووری خۆرهەڵاتی لیوای ئەرزەڕۆم، لە باشوورەوە بەویلایەتی بتلیس و لە خۆرهەڵاتەوە بەلیوای بایەزید و لە باکوورەوە بەپاسین، لە خۆراواشەوە بەقەزای تەرجان و کیغی دەورەدراوە و سنووردارە. چیای بینگوێل و ناحیەی تەکمان-یش بەخۆوە دەگرێ، زێی ئاراس کە لە داوێنەکانی باکووری چیای بینگوێلەوە هەڵدەقوڵێ، هەر کە بەناو بەشی باکووری قەزادا ڕەت دەبێ، لەگەڵ ئاو و جۆگەلەیەکی زۆری دیکەدا کە لە لای باشووری چیای ناوبراوەوە دێتە خوارێ، دوای ئەوەی خاکەکانی ئاو دەدا، دەرژێتە ناو ڕووباری فوراتەوە. قەزاکە لە ٢٣٦ گوند پێکهاتووە، نزیکەی ٢٧,٠٠٠ کەس دانیشتووانی هەیە، کە نزیکەی ١٧,٠٠٠ی ئەم برە موسڵمانن و ١٠,٠٠٠یشیان ئەرمەنین.

خاکی بەپیت و بەبەرهەمە، دوای ئەوەی ئازووقەی بەشی ناوخۆ دەکا، بڕێکی زۆریشی دەگوێزرێتەوە ئەرزەڕۆم. لە ناو قەزادا ٧ مزگەوت و ٢٦ قوتابخانە و ٣٥ مەدرەسە، ٣٣ جێی تۆو چاندن و ٧٨ ئاش و ٣ پردی هەیە. دارستانی کەمن، گیا جاڕی زۆرە، پیشەسازیی ناوخۆی بەشێوەیەکی سەرەکی بریتییە لە بەرماڵی چاك و بەڕەی چنراو.

(ب/٣ - ل/٢٠٦١)

**خۆزات**: شارۆچکەیەکی گچکەیە، ناوەندی لیوای دەرسیم-ە. لە ٥٠ کیلۆمەتری باکووری خەرپووتەوەیە.

(ب/٣ - ل/٢٠٦٢)

**خاخۆ**: ناحیەیەکە لە ٣ گوند پێکهاتووە، سەر بە قەزای تۆرتوم-ی لیوا و ویلایەتی ئەرزەڕۆم-ە. (وەرگێڕ)

(ب/ ٣- ل/ ٢٠٠٨)

**خازن (ئەبولفەضل - دەینەوەری)**: لە خۆشنووس و شاعیرە بەناوبانگەکانە، داهێنەری خەتی ڕیقاع (ڕوقعە... و. کوردی) و واژۆ کردنە، لە ٥١٨ی.هـ(١١٢٤-١١٢٥ی.ز) و

بەپێی گێڕانەوەی ئیبن خەللیکان لە ٥٤٢ی.ھ(١١٤٧-١١٤٨ی.ز)دا، لە تەمەنی ٨٠ساڵیدا لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە، وەکو گوتراوە پێنجسەد دانە قورئانی پیرۆزی نووسیوەتەوە، ئەم دوو دێڕە شیعرە لە شیعرەکانی ئەون:

من يستقم يحرم مناه ومن يـرغ
يختـص بـالإسـعـاف والتمكـين
أنظر الى بـالألف إستقـام ففـاتـه
عـجـم ففـاز بـه أعـوجـاج الـنـون..... (جەلیل)

(ب/ ٣- ل/ ٢٠١١)

**خالدی ئەرزەڕۆمی**: لە خۆشنووسە بەناوبانگەکانە، لە خەتە جیا جیاکاندا توانستی هەبوو، لە ١٠٤٠ی.ھ(١٦٣٠-١٦٣١ی.ز)دا کۆچی دوایی کردووە. (وەرگێڕ)

(ب/ ٣- ل/ ٢٠١٥)

**خانەقین**: شارۆچکەیەکە ناوەندی قەزایە، لە ویلایەت و لیوای بەغدادا، کیلۆمەترێك لە خۆرهەڵاتی باکووری بەغدا، لەسەر ئەو ڕێیەدا کە دەچێتە هەمەدان و خوراسان و لە نزیکی سنووری ئێراندایە، ٥٠٠٠ کەس دانیشتووانی هەیە، چەمی (حولوان ڕوود)ی سەر بەزێی دیالا بەناو شارۆچکەکەدا دەڕوا. لە بارەی ناحیەکانی نیکدەرە و قزڵریبـاط (قزلەربات)ەوە کە لە قەزایدا هەن، هیچ جۆرە زانیارییەك دەست نەکەوت. (وەرگێڕ)

(ب/ ٣- ل/ ٢٠٢٠)

**خوراسان**: ناحیەیەکە لە ١٦ گوند پێکهاتووە، لە قەزای پاسینلەری لیوا و ویلایەتی ئەرزەڕۆم. (وەرگێڕ)

(ب/ ٣- ل/ ٢٠٣٢)

**خرتپرت (یان خرت برت)** : ئەو ناوەیە کە لە هەندێك لە کتێبە عەرەبییەکاندا بە خەرپووت دراوە. هەروەها پێیشی دەڵێن حوصنی زیاد. (وەرگێڕ)

(ب/ ٣- ل/ ٢٠٣٣)

**خضر-ی کوڕی نەضر (ئەبولعەبباسی هەولێری «ئەربیلی»)**: لە زانا و شەریعەتزانە

شافیعییە بەناوبانگەکان بووە، لە ٤٧٨ی.هـ (١٠٨٥–١٠٨٦ی.هـ)دا هاتووەتە جیهان و لە ٥٦٧ی.هـ (١١٧١–١١٧٢ی.ز)دا کۆچی دواییی کردووە. دوای ئەوەی زانستی لە بەغدا خوێندووە، گەڕاوەتەوە هەولێر، لەو مەدرەسەیەدا کە لە لایەن خاوەنی ئەوێوە بۆی بنیات نراوە خەریکی وانە وتنەوە و فێرکردن بووە، چەند کتێبێکیشی لە بارەی ڕاڤە و فیقهـ–ەوە نووسیوە، ٢٠ لێدوانی ڕاستی حەزرەتی پێغەمبەری خودای دروودی خودای لێ بێ، کۆکردووەتەوە و نووسیوە. (وەرگێڕ)

(ب/ ٣– ل/ ٢٠٤٨)

**خضری کوڕی ئەبی بەکر–ی (میهرانیی عەدەوی)**: لە پیرە بەناوبانگەکانە، بەڕەچەڵەك کوردە. پێشەکی هەواڵی چوونە سەرتەختی مەلیك ظاهر بێبەرس–ی یەك لە شایەکانی میسر، باوەڕ بە (چاك)ێتیی کراوە و لە لای فەرمانڕەوای ناوبراودا پایە و ڕێزی زۆر پتر بووە، موریدێکی زۆریشی پەیدا کردووە، دواتر مەلیك ظاهر گومانی لێ کردبوو، لە قەڵای (ئەلجەبەلە)دا بەندی کردووە و ڕێی لە تێکەڵیی بە خەڵکی گرتووە، لە ٦٧٦ی.هـ (١١٨٠–١١٨١ی.ز)دا لە (مەککەی موکەڕڕەمە)دا کۆچی دواییی کردووە. (جەلیل)

(ب/ ٣– ل/ ٢٠٤٧)

**خضری کوڕی حوسێنی ماردینی**: نەوەی هندی–ی لێکدەرەوەی «کافیە»یە. لە پیر و ئەدیبەکانی سەردەمی سوڵتان ئەحمەدخانی یەکەمە. ڕازگر و پشت پێبەستراوی نەسووح پاشا بووە، ئەرکی گرێبەستی ئاشتەوایی لەگەڵ شا عەباسی دراوەتێ، لەم ئەرکەیدا سەرکەوتووە و لە گەڕانەوەیدا کە باسی ئەوەی کردووە ئەو ئاشتەوایییە تەنیا بە کۆششی خۆی لە توانادا بووە، نەسووح پاشا بە دەفتەرداری وان–ی دامەزراندووە، لە دوایەوە پیاوی ناردووە و خنکاندوویانە. «شافییە»ی گوایە هۆنیوەتەوە. (جەلیل)

(ب/ ٣– ل/ ٢٠٤٨)

**خوفتیان یان خوفتینکان**: دوو قەڵاتی گەورەی لای هەولێر (ئەربیل) بووە. ئەوەیان کە لەسەرە ڕێی مەراغە بووە ناوی (خوفتیانی زەرزاری) و ئەوەشیان کە لەسەرە ڕێی شارەزووردا بووە (خوفتیانی سورخاب)ی ناو بووە، ئەم بەم جۆرە لێکچودا کردنەوەیە لە لای یاقووتی حەمەویدا ڕوون کراوەتەوە. (وەرگێڕ)

(ب/ ٣– ل/ ٢٠٥٢)

**خیلاط**: ناوی شارۆچکەی ئەخلاص ویلایەتی وان-ە کە لە کتێبە عەرەبییەکاندا بەکارهاتووە. (بڕوانە بابەتی «ئەخلاط»). (وەرگێڕ)

(ب/ ٣- ل/ ٢٠٥٢)

**خیلاطی** (**نەجمەددین ئەییووب-ی کوڕی عەینوددەولە**): یەك لە زانایان بووە. دانەری کتێبی «ئوسوولولئەحکام- أصول الأحکام»ە. (جەلیل)

(ب/ ٣- ل/ ٢٠٥٢)

**خیووت** (**خیوط**): ناحیەیەکی سەر بە قەزای موتکێ-ی ویلایەت و لیوای بتلیسدا، لە ٤٧ گوند پێکهاتووە. (وەرگێڕ)

(ب/ ٣- ل/ ٢٠٧٦)

# د

**دارا**[٢٤١]: شارۆچکەیەکە لە جەزیرە، لە نێوانی ماردین و نوسەیبیندایە، بەپێی گێڕانەوە، دوای بەزینی دارا[٢٤٢] لە لایەن ئەسکەندەرەوە بنیات نراوە و بەناوی داراوە ناونراوە. ڕوومەکان بەدەستخستنی ئەم شارۆچکەیە و نۆژەنکردنەوەی، سەردەمێکی زۆر بەرامبەر ئێرانییان وەکو بنکەیەکی سەربازی بەکارهێنراوە. ئیبنوبەتتووتە[٢٤٣] ئەوەی ڕوون کردووەتەوە کە ئەم شارۆچکەیەی دیوە و خانووەکانی سپی و بەرەو ڕووخان بووە و قەڵایەکیشی هەبووە. لە ڕۆژگارماندا کەلاوەیە، گوندێکی لە نزیکدا هەیە.

(ب/٣ – ل/٢٠٨١)

**دەرسیم**[٢٤٤]: ناوچەیەکی بچووکە لە نێوانی ئەنادۆڵ و کوردستاندا، لیوایەك پێکدەهێنێ سەربەویلایەتی مەعموورەتولعەزیز[٢٤٥]. لەسەر هێڵی پانیی ٣٨,٤٠ پلە و ٣٩,٣٧ پلەی باکور و هێڵی درێژیی ٣٦,٧ و ٣٧,٥٨ پلەی خۆرهەڵاتدایە. لە باشوور و خۆراواوە بەلیوای خەرپووت و لە باکورەوە بەویلایەتی ئەرزەڕۆم و لە خۆرهەڵاتەوەش دیسان بەویلایەتی ئەرزەڕۆم و ویلایەتی دیاربەکر–ەوە دەورەدراوە، بریتییە لە بنارەکانی باشووری چیای

مزوور[٢٤٦]. فوراتی خۆراوا، یان قەرەسو-ی ناوەکەی دیکەی، وەکو بەداوێنی باکووری چیای مزوورەوە دەسووڕێتەوە و سنوورەکانی خۆراوا جودا دەکاتەوە. فوراتی خۆرهەڵاتیش، کە ناوەکەی دیکەی زێی (موراد)ە، سنوورەکانی باشووری پێکدەهێنێ. ئەم دوو زێیە لە گۆشەی باشووری خۆراوای دەرسیمدا یەك دەگرنەوە. ئاوی پەری کە یەکێکە لە لقەکانی زێی موراد و زێی دەرسیمیش کە بەناو لیوادا دەڕۆن و دەڕژێنە ناو زێی موراد. بەم جۆرە دەرسیم، لە هەر هەموو لایەکانییەوە بەڕێرەوی زێ و پشتی چیاکانەوە بووەتەوە، لەبەر ئەوەی شوێنێکی چیایی و سەختە، هەر لە کۆنەوە جێی هاتوچۆی هەندێك عەشیرەتی کورد بووە، بەم هۆیەوەیە کە پێشتر شوێنێکی بێ بایەخی بەویلایەتی ئەرزەڕۆم پەیوەست بووە، دواتر کراوەتە ویلایەتێکی سەربەخۆ، لەبەر ئەوەی ئەنجامە چاوەڕوان کراوەکان بەدی نەکراوە، لە دەمە دوایینەکاندا کراوەتە لیواو خراوەتە سەر ویلایەتی مەعموورەتولعەزیز.

دەرسیم کراوەتە ٨ قەزا، کە بەم ناوانەوەن: ناوەندەکەی کە ناحیەی خۆزات-ە، ناوەند و ئۆڤاجك، چەمشکەزەك، چارسەنجەق، مازکورد، قۆزیجان، قزڵ کیلسە و پاخ و بەگشتی ٥٣٣ گوندی هەیە. ڕووپێوەکەی لە ١٣,٤٦٠ کیلۆمەتر دووجا (چوارگۆشە)یە، واتە لە ١٤,١١٦,٢٠٠ دۆنم پێکدێ. لەمانە ٥,٢١٩,٠٠٠ دۆنمی بۆ کشتوکاڵ دەست ناداو چیایی و بەردەڵانییە و ٥,٢١٩,٠٠٠ دۆنمیشی دەچێنرێ و ٥٦٠,٠٠٠ دۆنمیشی گژوگیایە، ١٥٠,٠٠٠ دۆنمیشی دارستانە. دانیشتووانی لە ٦٣,٤٣٠ کەس پێکهاتووە، ٤٣,٢٦٠ی تورك و ١٢,٠٠٠ی کورد و تێکڕایان ٥٥,٢٦٠ی موسڵمان و ٨,١٧٠ی ئەرمەنی و ئەرمەنییەکانیش ٦١٠ی پرۆتستانتە[٢٤٧]. ئەو کوردانەی لە چیاکاندا دەژین، زستانان لە کۆمەڵە زنجی ژێر زەویدا و هاوینانیش لە دەشتاییدا دەژین.

وەك لەو دابەشکردنەوەیەی سەرەوەشەوە دیارە، زۆربەی زەوییەکان دەست بۆ چاندن نادا و زۆربەی خەڵکەکەی بەشوانکارەیی گوزەران دەکەن. شارۆچکەی بەبازاڕ و سەودایان نییە. بەبڕی کەمی چنراوی پێویستی خەڵکەکە و هی دیکەش لە لایەن هەندێك دێوەرە (فرۆشیاری گەڕۆك)ەوە دەگێڕڕێ. لەگەڵ ئەمەشدا، ئافرەتی کورد بەڕەی تا ڕادەیەك پەسند و مافوور دروست دەکەن. بەروبوومەکانی خاك، گەنم و جۆ و نۆك و فاسولیا و تووتن و لە هی دیکە، پێکدێ. بەشی پێویستی ناوخۆ دەکەن. هەنگوینێکی زۆر، مۆمی هەنگوین و لەگەڵ هێزم (داری سووتاندن) و لە بەروبوومی مەڕ، پێستە و خوری و مووی بزن و هی دیکەش بەدەست دەهێنن. لەبەر نەبوونی ڕێ و سەختی و درێژیی زستان، دەبێتە بەربەستی

ناردنی بەروبووم بۆ دەرەوە ڕێ لە هەموو جۆرە بازرگانییەك دەگرێ. لە ناو لیوادا ٦ مەدرەسە لەگەڵ ٩ قوتابخانەی منداڵانی موسڵمان و ٨ی ئەرمەنیی هەیە.

(ب/٣ – ل/٢١٣١ – ٢١٣٢)

**دێرك**[٢٤٨]: شارۆچکەیەکە ناوەندی قەزا، لە ویلایەت و لیوای دیاربەکردا، لە ٦٥ کیلۆمەتری باشووری دیاربەکردا و ٣٦ کیلۆمەتری خۆراوای ماردیندا، لە داوێنی قەرەجەداغ–دا و لەسەر زێی جەرجەب–ی پەیوەستی خابووردایە.[٢٤٩] بڕی ١,٠٠٠ ئەرمەنی و ئەوی دیکە کورد، ٢,٥٠٠ کەسی دانیشتووان هەیە و مزگەوتێك و کڵێسەیەك، گەرماوێك، خانێك، ١٥ دووکان و ١٠ چەشمە (سەرچاوەی دەستکردی ئاو)ی هەیە. ئاو و هەوای سازگارە و بەداری زەیتوون و هەنجیر و هەنار دەورەدراوە.

قەزای دێرك، لە باکوورەوە بەقەزای دیاربەکر، لە خۆراواوە بەقەزای سیوەرەك و لە خۆرهەڵاتەوە بەلیوای ماردین و لە باشوورەوە بەموتەسەرریفێتیی سەربەخۆی (زۆر) دەورەدراوە و سنووردارە. ڕووپێوی ٣,٤٤٨ کیلۆمەتر چوارگۆشەیە. ٢,٧٨٤ کیلۆمەتر چوارگۆشەی بۆ کشتوکاڵ دەست دەداو ٦٤٦ کیلۆمەتر چوارگۆشەی چیایی و بەردەڵانە. ١٨ کیلۆمەتر چوارگۆشەی دارستانە. سەرژمێری ١٨,٢٨٨ کەسە، ١٥,٢٨٨ی تورك و کورد و عەرەب و چەرکەسە، کە موسڵمانن، ٣,٠٠٠ی ئەرمەنی و سوریانی کە خرستیانن[٢٥٠]. قەزاکە لە ٧٨ گوند پێکهاتووە و چوار ناحیەی بەناوی: مەحال، مەتینان، شەنگور و لیف–ەوە هەیە، هەر هەمووشی لە نشێوی فوراتدایە. سەرچاوەکانی ئاوی جەرجەبی پەیوەست بەزێی خابووری تێدایە. خاکەکەی زۆر بەپیتە، بەگوێرەی ئەوەی خەڵکەکەی بایەخ بەکشتوکاڵ نادەن و شوێنی بەرهەمهێنانیان دوورە، بەرهەمێکی زۆر وەردەگیرێ. دارمیوەیان و باخەکانیان گەلێك زۆرە و میوەیان زۆر و زەبەندە. باخیشیان زۆرە و جۆرە شەرابێکی زۆر پەسندیش بەرهەم دەهێنرێ. گژوگیا و لەوەڕگەیان زۆرە و گیایەکەیان بۆندارە و ڕۆنی بۆنخۆش لە شیری جوانی مەڕەکانیان کە زۆرە، بەدەست دەهێنرێ. ئاژەڵی ماڵیی وەکو: گا، ئەسپ، گوێدرێژ، هێستر–یشیان زۆرە.

(ب/٣ – ل/٢٢١٢ – ٢٢١٣)

**دهۆك**[٢٥١]: گوندێکی مەیلە و گەورەیە و ناوەندی قەزایە، لە لای باکووری خۆرهەڵاتی مووسڵ و لە ویلایەتی مووسڵە. لە دەوروبەریدا شوێنەوارێکی زۆر دۆزراوەتەوە کە لە

سەردەمی ئاشوورییەکانەوە ماوە. قەزای دهۆك لەگەڵ ناحیەی مرووزی،[٢٥٢] **٢١١** گوندی هەیە، زۆرینەی خەڵکەکەی کوردن.[٢٥٣]

(ب/٣ – ل/٢٢٠١)

**دیجلە** (**تیگرە**): گەورەترین ڕووباری دوای فورات–ی ئاسیای عوسمانییە، لە چەند زێ و جۆگەلەیەکی زۆر پێکدێ کە لە چیاکانی سنوورەکانی باکووری خۆراوای ویلایەتی دیاربەکرەوە هەڵدەقوڵێن. کە بەرەو باشووری خۆرهەڵاتدا دەڕوا، دوای ئەوەی بەناو دیاربەکردا واتە شاری ئامەد–دا[٢٥٤] دەڕوا بەرەو خۆرهەڵات وەردەچەرخێ و تا سنووری خۆرهەڵاتی ویلایەتی ناوبراو بەم ئاراستەیە دەڕوا. دوای ئەوەی لە لای چەپەوە ئاوی باتمان و زێی سعرد و هەندێك ئاوی دیکەی دێتە سەر دیسان بەرەو باشووری خۆرهەڵات دەڕوا، ئینجا دوای ئەوەی بەلای شاری مووسڵەوە دەڕوا، لە لای چەپەوە زێی گەورەش وەردەگرێ و بەرەو باشوور دەگەڕێتەوە. لە نزیك سنوورەکانی ویلایەتی بەغدادا دیسان لە لای چەپەوە زێی گچکەشی تێ دەڕژێ و لە خوار سامەڕراوە بەرەو باشووری خۆرهەڵات دەبێتەوە دیسانەوە لە چەپەوە بەستی (ئەدهەم)یشی دەچێتە سەر و دواتر بەرەو باشوور و باشووری خۆرهەڵات، دواتریش بەرەو باشووری خۆرهەڵات دەڕوا و دەگاتە بەغدا. لە لای سەرەوە و خوارەوەی بەغدادا زۆر نزیك دەبێتەوە لە فورات لە لای ڕاستەوە بەهۆی کەناڵێکی زۆری دەستکرد و سروشتیی تێکەڵی فورات دەبێ. لە لای خوارەوەی بەغدا لە چەپەوە زێی دیالای تێ دەڕژێ و بەرەو باشووری خۆرهەڵات ڕێڕەوێکی ئێجگار تێکەڵ و پێکەڵ پێکدەهێنێ. کە دەگاتە کووتولعیمارە (شاری کووت) دوای ئەوەی کەناڵێکی گەورە بەناوی شەتتولحەی–یەوە[٢٥٥] بۆ فورات جودا دەکاتەوە، بەرەو خۆرهەڵات، دواتریش دیسان بەرەو باشووری خۆرهەڵات دەبێتەوە. ئاوی جۆگە و جۆبارێکی زۆر کە لە سنوورەکانی ئێرانەوە دێن، وەردەگرێ و دواترینیان زێی کەرخەش وەردەگرێ و لە لای قوڕنەدا کە لەگەڵ فورات یەك دەگرنەوە ڕووباری شەتتولعەرەب[٢٥٦] پێکدەهێنێ. ئەمەش دیسان هەر بەو ئاراستەیە بەردەوام دەبێ و بەناو بەسرەدا ڕەت دەبێ و لەگەڵ زێی کاروون یەك دەگرێتەوە کە لە خووزستان–ەوە[٢٥٧] دێ. دەڕژێتە ناو کەنداوی بەسرە، واتە دەریای فارس–ەوە.

ڕێڕەوی دیجلە، نزیکەی **١,٢٥٠** کیلۆمەتر درێژییەتی ڕۆیشتنی زۆر بەگوڕە. بەشی سەرەوەی ڕێڕەوی، بەتایبەتی ئەو بەشەی تا مووسڵ–ی لە ناو چیاکان و زۆر بەخوڕ دەبێ. لە مووسڵەوە تا بەغدا کەشتیی گچکەش دەتوانن کاربکەن. لە کاتێکدا ئەو بەشەی

که له بەغدا بەرەو خوارەوەیە لەبەر ئەوەی ئاوی زۆر و ڕێڕەوەکەی تەختە، کەشتیی گەورۆکە و بەئاسانی دەکرێ وای لێ بکرێ بۆ پێدا ڕۆیشتنی پاپۆڕیش دەست بدا. لە دوو لای ئەو ڕێڕەوەی لە ناو ویلایەتی بەسرەدایە، هەندێك زۆنگاو هەن. لەبەر توانەوەی بەفری چیاکان لە نیساندا و لەبەر زۆریی بارانی وەرزی لە تشرینی دووەمدا، ئاوی دیجلە هەڵدەچێ و هەندێك جار چێنراو و (خەلە)کانی دەوروبەر و شاری بەغداش دەکەوێتە ژێر ئاو.

سەرچاوەکانی دیجلە لە ناو ئەو نیمچە کەوانەیەدایە کە بەشی سەرەوەی ڕێڕەوی فورات پێکدەهێنێ، بەشی هەرە سەرەوەی ڕێڕەوی دیجلە کە زۆر نزیك دەبێتەوە لە ڕێڕەوی فورات، بەرەو خۆرهەڵات چوونی دیجلە و بەرەو باشوور چوونی فورات، ناوچەیەکی بەرینیان لە نێواندا بەناوی دیاربەکر و جەزیرەوە دەمێنێتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا و لەبەر ئەوەی هەردوو ئەم دوو ڕووبارە گەورەیەش بەرەو باشووری خۆرهەڵات هاوتەریب ڕێ دەکەن و لەبەر ئەوەی لێژاییی فورات بەرەو خۆرهەڵات پترە، لە نزیك بەغداوە لە یەك نزیك دەبنەوە و بەکەناڵێکی زۆرەوە تێکەڵی یەکدی دەبن و جەزیرە دادەپۆشن. لە خوارەوەتردا دیسانەوە یەکێکیان بەرەو خۆرهەڵات و ئەوی دیکەیان بەرەو خۆراوا لێژ دەبنەوە، دوورگەیەکی(٢٥٨) دیکە پێکدێ کە لە نێوانی بەغدا و واسیت... دایە، بەناوی عیراق و واسیت–ەوە ناو دەبرێ.

هەموو ئەو دۆڵە سەیرانەی لە جەزیرەدان دەڕژێنە ناو فورات، ئەو ئاوانەی دەڕژێنە دیجلەوە، لە دەستە چەپی ڕێڕەوەکەیەوە، واتە لە چیاکانی بتلیس و وان و لەو چیایانەی بەدرێژاییی سنوورەکانی ئێراندایە و بەشێکیشی لە خاکی ئێرانەوە دێن. گەورەترین و سەرەکییەکانیان وەکو لە سەرەوە باسیان لێوە کرا زێی گەورە (سەروو) و زێی دیالایە.

چ دیجلە بێ یان فورات لە دەڤەری جەزیرە و عیراقدا بایەخێکی زۆریان هەیە، ئەم ئاوانە وەکو دەمارەکانی ژیانن و ئایا لە ڕووی ئاوەدانیی خاکەوە بێ یان لە بابەتی کەشتی پێدا ڕۆیشتنەوە بێ، دەتوانرێ سوودێکی زۆریان لێ دابین بکرێ. لە سەردەمە کۆنەکاندا لە نێوان ئەم دوو زێیەدا کەناڵێکی زۆر هەبووە، هەموو لایەکی عیراق و جەزیرە هەمیشە لە شێوەی باخچەدا بووە، لەسەر ڕێڕەوی دیجلەدا شار و شارۆچکەیەکی زۆری لێ بووە، ئەمڕۆ دیجلە، بەناوەندی سێ ویلایەتدا دەڕوا و دووکەرتیان دەکا: ئامەد (دیار بەکر) و مووسڵ و بەغدا. دوای ئەوەی لەگەڵ فوراتیشدا یەك دەگرنەوە، چوارەم ناوەندی ویلایەتێك دوو کەرت

دەكا و بەناوەڕاستیدا دەڕوا كە بەسرەیە. لە كۆندا ئەو شارانەی لەسەر ڕێڕەویدان، ئەگەر ئەمڕۆكە نەشمابن، شارۆچكەی وەك تكریت و سامەڕڕا هەبووە. لە مووسڵ و بەغدا و عیمارەدا سەروپردێكی لێیە، لە ناو ڕێڕەوەكەیاندا دوورگەیەكی بچووكی لێ بووە.

لەبەر ئەوەی دیجلە پەیوەندی و تێكەڵیی لەگەڵ فوراتدا هەیە، ئەگەر پێویستیش بكا كە نشێویی هەردووكیان بەیەك نشێو دابنرێ، كە بەجودا دابنرێن، نشێوی دیجلە گەلێك بەرینە و بەئەسڵ ئەوەی پێی دەگوترێ كوردستان و[259] لە نووسراوەكانی جوگرافیاناسە ئیسلامەكاندا ئەو شوێنە چیایانەی كە بەناوی (جیبال) و (كوهستان) ناسراوە لە ناو ئەم نشێوەدایە.

نیوەی ویلایەتەكانی دیاربەكر و بتلیس و وان، لەگەڵ تەواوی ویلایەتی مووسڵ و نیوەی ویلایەتەكانی بەغدا و بەسرە، لە ناو نشێوی دیجلە دایە. سنوورەكانی ئێران لە گەلێك شوێناندا بەشوێن هێڵی جیاكردنەوەی ناوەكاندا چووە، لەبەر ئەوەی سەرچاوەكانی زێی گچكە (زێی خواروو) و بەشی سەرەوەی ڕێڕەوی دیجلە لە ناو خاكی ئێراندایە، بەشێكی ویلایەتی ئەردەڵانی پەیوەست بەئێرانیش و بەشی خۆراوای لوڕستانیش لە ناو نشێوی دیجلە دایە.

(ب/٣ – ل/١٢١٢ – ١٢٢٢)

**دیڤریگی**[٢٦٠]: شارۆچكەیەكە، ناوەندی قەزا، لە ١٢٦ كیلۆمەتری باشووری خۆرهەڵاتی سێواس لە نزیك سنووره خۆرهەڵاتییەكانی ویلایەت و لیوای سێواسدایە. پتر لە ١٠,٠٠٠ كەسی دانیشتووان و ١٢ مزگەوتی پیرۆز و ١٥ نوێژگە و ٣ مەدرەسە و یەك كتێبخانەی ناوەندی و ٩ قوتابخانەی مندالانی موسڵمانان و یەكی خرستیانان و ١٣ خان و ٣ گەرماو و ٢٥ دووكان و ٥ فڕن و قەڵایەكی ڕووخاوی هەیە.

لە ناو دۆڵێكی بەریندایە و بەچیا دەورەدراوە، لەبەر ئەوەی دەوروبەری ماڵەكانیان باخچەی فراوانیان هەیە، شارۆچكەكە گەلێك پەرت و بڵاوە، ئاوێك كە لە چیای (یاما)وە هەڵدەقوڵێ بەرەو باكوور دەڕواو دوای ئەوەی بەشارۆچكەكەدا ڕەت دەبێ و زەوییەكانی ئاو دەدا، لە لای خوارەوەی شارۆچكەكەدا دەرژێتە ناو زێی (چۆڵتە)ی سەربە فورات. شارۆچكەیەكی كۆنە، وا دەزانرێ كە لە جێی كۆنە شاری نیكۆپۆلیس (واتە: شاری سەركەوتن)ی یۆنانی ڕۆنراوە كە بەیادی سەركەوتنی پۆمپیۆس–ی یەك لە سەركردە

ڕۆماییەکان بەسەر میهرداد-دا دروست کراوە. ئەو قەڵایەی کە بەر لە هەشت سەد ساڵ دروست کراوە و مزگەوتی ئەحمەد شا، کە جوانترین کارێکی بیناسازیی عەرەبە، میحرابی مزگەوتی باس لێوە کراو گەلێك ڕازاوەیە.

قەزای دیڤریگی، لە باکوور و خۆراوایەوە، بەقەزاکانی: قۆچگیری و قورو چای و خافیك و ناحیەی گەنگال، لە خۆرهەڵات و باشووریشەوە بەقەزاکانی ئەگین و عەرەبکێری ویلایەتی مەعموورەتولعەزیز دەورە دراوە و سنووردارە. درێژیی ٢٥ و بەرینیشی ١٦ سەعاتە ڕێیە.

زەوییەکەی بەرزاییە، دەشتی بەپیت و شیویشی هەیە. ئەو زەوییانەی دەکرێ بچێنرێن ٤٢١,٦٥٤ دۆنم پێکدەهێنن و باخ و میوە و سەوزەوات و باخچەی زۆرە. بەروبوومی، لە دانەوێڵەی هەمەجۆر و سەوزەی جۆراوجۆر و میوە پێکهاتووە. پەتاتەش بەرهەم دەهێنرێ. ناوەندی قەزا هەندێك دەزگای تایبەت بەچنینی کاڵای لێیە. پیشەسازیی دیکە وەکو بەرهەمیان نەبێ وەهایە. قەزا لە ١١٨ گوند پێکهاتووە، کراوەتە ٩ ناحیە، دانیشتووانی نزیکەی ٣٤,٠٠٠ کەسە، تەنیا ٧,٠٠٠ی ئەرمەنین و هەمووشیان خرستیانن و ئەوانی دیکە هەر هەموو موسوڵمانن. لە ناو قەزادا ٥٢ مزگەوت، ٣١ نوێژگە و ٣٥ قوتابخانەی لێیە.

(ب/ ٣-ل/ ٢٢٢٠)

**دیادین**: لە لیوای بایەزیدی ویلایەتی ئەرزەڕۆمدا، لە ٤٠ کیلۆمەتری خۆرئاوای بایەزیددا، لە داوێنی باکووری خۆرهەڵاتی ئەڵاداغداو لە ڕۆخی زێی مورادسو-دا شارۆچکەیەکە، ناوەندی قەزایە. نزیکەی ٣,٠٠٠ دانیشتووان و ٢ مزگەوت و قوتابخانەیەك و کڵێسەیەك و ٤ قوتابخانەی منداڵان و قەڵایەکی ڕووخاوی هەیە.

قەزای دیادین، لە لای خۆرئاوای قەزای بایەزید-دایە، لە لای باکووری خۆرئاواوە بەقەرەلیسە (کڵێسەی ڕەش) و لە باشووری خۆرهەڵاتیشدا بەقەزای عێنتاب سنووردارە. لەگەڵ سێ ناحیەیدا ٦٩ گوندی هەیە. دانیشتووانی نزیکەی ١٠,٢١٦ کەسن کە زۆرینەی کورد و تورکن و موسوڵمانن و ئەوانی دیکە ئەرمەنین.

خاکەکەی چیا و بەرزاییە، توانای ڕواندنی کەمە. بەروبوومی لە گەنم و جۆ و دانەوێڵەی دیکە و هەندێك سەوزە پێکدێ، دوو زێ، کە زێی فورات پێکدەهێنن، زێی موراد

کە یەکێکیانە و گەورەترینیانە، سەرچاوەکەی ئەم قەزایەیە. لە ناو قەزادا دوو گەڕاو هەیە، یەکێکیان گۆگرداوییە.

(ب/ ٣-ل/ ٢٢٠٢)

**دیاربەکر**: ئەم ناوەی کە ئەمڕۆ شارێك و ویلایەتێکی پێ ناونراوە، لە بنەڕەتدا تایبەتە بەبەشی باکوری ناوچەی فراوانی جەزیرەی نێوانی فورات و دیجلە، عەرەب بەر لە ئیسلامەتیش چوونەتە جەزیرە و نیشتەجێ بوونە و هەندێك حکوومەتی گچکەیان دامەزراندووە. لەو دەمانەدا هۆزی بەکری کوڕی وائیل لە بەشی باکووری ئەو بەشەی جەزیرەدا کە چیایی و بەرزاییە و نیشتەجێ بوون. بەم هۆیەوە ناوچەی ناوبراو ناوی (دیاربەکر)ی لێ نراوە[٢٦١]. ناوەندەکەی شاری (ئامەد) بووە کە ئەمڕۆ (دیاربەکر)ی پێ دەڵێین.

بەشی باشووری خۆرهەڵاتی جەزیرەش، بەناوی خێڵی ڕەبیعەی دانیشتووانییەوە، ناوی (دیاری ڕەبیعە)ی لێ نراوە. ئەم ناوە، کە بڵاوتر بووە، جار جار دیاربەکریشی گرتووەتەوە، لە ناو هەموو بەشی خۆرهەڵات و بەشی باکووری جەزیرەدا بەکاردەهێنرا. لە کاتێکدا بەشی باشووری خۆرئاوای ناوچەی باس لێوەکراو، لەبەرئەوەی هۆزی مودەر (موضەر)ی عەرەب کۆچیان بۆ ئەو ناوە کردووە، بەناوی (دیار مودەر)ەوە ناونراوە.

(ب/ ٣-ل/ ٢٢٠٢)

**دیاربەکر** (**شاری دیاربەکر**): لە پەڕی باکوری ناوچەی جەزیرەی ئاسیای عوسمانیدا شارێکە لە ڕۆخی دەستەڕاستی خۆرئاوای دیجلەدا، ناوەندی ویلایەتێکی هەر بەوناوەوەیە، لەسەر هێڵی ٢٠ ٢٥ ٣٧یْ پانیی باکور و ٢ ٣٨ یْ درێژیی خۆرهەڵاتدایە و لە بەرزایی ٦٢٦ مەتر لە ڕووی دەریاوەیە. شارێکی زۆر کۆن و بەناوبانگە، ناوە ڕەسەنەکەی (ئامەد)ە و لەبەرئەوەی بیناکانی لە بەردی ڕەش دروست کراوە و دیمەنێکی ڕەش دەنوێنێ. بە(قەرە ئامەد- ئامەدە ڕەش) ناوبانگی بووە. دانیشتووانی لە دەوروبەری ٣٥,٠٠٠ کەسێکە، پتر لە ٢٠,٠٠٠ی موسڵمانە، نزیکەی ٨,٥٠٠یشی ئەرمەنی و ٣٠٠ ێکیشی جوولەکەن، ئەوی دیکە سوریانی (سریانی) و کلدانی و یەعقووبی و هی دیکەن. بەشی گەورەی دانیشتووانی موسڵمانی تورکن، ٥,٠٠٠ کەسێکیشی کورد و عەرەبن.[٢٦٢]زمانی بڵاو تورکییە، کوردی و عەرەبییش قسەیان پێ دەکرێ.[٢٦٣]

شار لە دووریی نیو سەعاتە ڕێی ڕۆخی خۆرئاوای دیجلەدایە، باخچەی جوانیان لە نێواندایە. بەدوو شوورەی بەرز دەورەدراوە، چوار دەرگا و کەلوویەکی زۆر و قەڵایەکی ناوەوەشی هەیە، درێژیی دەوری دەرەوەی شوورەکە هەشت کیلۆمەترە. دیمەنی لە دەرەوە زۆر جوانە. ئەگەرچی شارەکە هەندێك شوێنی شێوەجوانیشی هەبێ.[٢٦٤] لە ناوەوە، کۆڵانەکانی تەنگەبەرو لەبەرئەوەی خانووەکانی لە بەردی ڕەش بنیات نراوە، گەلێك تەسك و تروسکن. بارەگای کۆنی حکوومەت لەسەر تاوێرە بەردێکی ١٠٠ مەتر لە دۆڵی دیجلە بەرزتردایە. لە لایەن شوێنەکەیەوەبێ یان لە لایەن دیمەنییەوە، یانیش لە لایەن ڕازاندنەوەی بیناسازییەوەبێ، ئەگەر بەیەکەمی بیناکانی دیاربەکریش بژمێردرێ، لە بارێکی زۆر ڕمیاو و پشتگوێ خراودایە. لە ناو قەڵای ناوەوەدا دوو پەرستگای پاشماوەی سەردەمی ڕۆمایی و ڕۆمەکان[٢٦٥]–ی لێ ماوەتەوە. یەکیان کراوەتە کۆگای چەك و ئەوی دیکەش کراوەتە مزگەوتێکی پیرۆز.

لە ناو شاردا، ٢٨ مزگەوتی پیرۆز و ٣٢ نوێژگە و ٩ مەدرەسە و دواناوەندییەکی سڤیل و یەکێکی سەربازی و ناوەندییەکی سڤیل و قوتابخانەیەکی سەرەتایی و نزیکەی ٢٠ قوتابخانەی منداڵان و ٧ کتێبخانە و ٥ تەکیە و ١١ کڵێسە و ١٩ قوتابخانەی سەرەتاییی خرستیانان، ١٩ خان و قەیسەری (بازاڕی سەرداپۆشراو)ێکی گەورە و ٨ گەرماو و (١٣٠) چەشمەی گشتی بۆ خەڵك و لە ماڵانیشدا ٤٣٠ چەشمەی هەیە. ئاوی ئەم چەشمانە زۆر چاکە، بەڕێی ئاوڕاکێشانێکی ٢,٥٠٠ ماسوورە[٢٦٦]–ییەوە دەهێنرێتە ناو شار. نیو سەعاتە ڕێ لە خوارەوەی شاردا و لەسەر دیجلەدا، پردێکی لە بەرد دروستکراوی پتەو و گەورەی هەیە، کە لەسەر ١١ کەمەرەدا دروست کراوە[٢٦٧]، لە ناو شار و لە دەرەوەیدا، گۆڕگەلی گەلێك لە یاوەران و شوێنکەوتووان (سەحابە و تابیعین)[٢٦٨] و چاکان و ناودارە موسوڵمانەکانی دیکە و زاتێکی زۆر و نزرگەکانیانی لێیە کە زیارەت دەکرێن.

هاوینان کەشوهەوای پتر گەرمە و زستانانیش بەپێچەوانەوە زۆر ساردە، وەك ئەوەی بەرزاییی شوورەکە ڕێ لە گۆڕانی هەواکە دەگرێ، لەبەرئەوەی تۆز و خۆڵێکی زۆریش لە ناو شارەکەدا هەیە و بایەخ بەپاککردنەوە نادرێ، هەواکەی خاوێن نییە.

لەم سەردەمانەدا کە لە دیاربەکردا پیشەیەکی زۆر ڕێکخراوە، چنراوی لە ئاوریشم و لۆکە و پێستە خۆشکردنەوەی بەناوبانگ و قاپ و قاچاغی هەمەجۆری لە مس

دروستکراو و شووشە و دیزە دروست دەکرێ. وەکو ئەوەی ٢٨ شوێنی پێستە خۆشکردن و ٢١ شوێنی کالآچنین و ٣٠ بۆیاخخانە (بۆیەخانە) و ١٢ مسگەری و ٩ شووشەگەری و ١٠ شوێنی گۆزەگەریی لێیە، لە مالآنیشدا کرمی ئاوریشم پێدەگەیەنرێ و قۆزاخەیەکی زۆر بەرهەم دەهێنرێ.

ئەم شارە لە نێوان دەریای ڕەش و دەریای سپی و کەنداوی بەسرەدایە، لەسەر دووڕێیانەکانی سامسۆن و ئەسکەندەروون و بەغدا و بەسرەدایە، بایەخی بازرگانیی زۆر گەورەیە. لەم دۆخەی ئێستادا، لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕێگاکان لە شێوەی پێویستدا نین، بازرگانییەکی زۆر بەڕێوەدەچێ، لە باخچەکانیدا جگە لە گوڵ و خورما، پرتەقاڵ و لەیموون، میوەی جۆراوجۆر بەرهەم دەهێنرێ. لە باخچەکانی دوو ڕۆخی دیجلەدا شفتی (شووتی)ی بەتامی یەکی قەوارەی تا ٥٠ هۆقە[٢٦٩] و گندۆرە (کاڵەك)ی تا ٢٠ هۆقە، بەرهەم دەهێنرێ.

وا دەزانرێ شاری دیاربەکر لە لایەن شایەکانی ئەشکانییانەوە بنیات نرابێ، کە لەو ناوەدا فەرمانڕەواییان کردووە. هەندێك شوێنەواری بەمێخ نووسراویشی لێیە، دواتریش کەوتووەتە دەستی ساسانییانەوە، سەردەمێکی زۆریش بووەتە مەیدانی شەڕ و پێکدادانی نێوان ئێرانییان و روومەکان و چەند جارێکیش کەوتووەتە دەستی ئیمپڕاتۆرەکانی ڕۆم و کۆنستانتینی دووەمی یەك لە ئیمپرتۆرەکانی قوستەنتینییە[٢٧٠] شوورەکەی بنیات ناوە، دواتر لە لایەن شاپوورەوە بەدەست خراوە، دووبارە کە کەوتووەتەوە ژێر دەستی ڕۆمەکان لە لایەن جوستنیانوس-ەوە شوورە و قایمکارییەکانی تەواوکراوە. لە سەردەمی حەزرەتی فارووق-دا[٢٧١]، لە لایەن حەزرەتی عییازی کوڕی غەنەمی داگیرکەری جەزیرەوە گەمارۆدراوە، لەبەر درێژەکێشانی گەمارووەکە خالیدی کوڕی وەلید کە خەریکی گرتنی شام بووە، بەهێز یارمەتیی داوە، لە ساڵی **١١ی** هیجری (٦٣٢ی زایین)دا گیراوە و خراوەتە سەر وڵاتە ئیسلامییەکانەوە[٢٧٢]، سولەیمانی کوڕی حەزرەتی خالید، لە دەمی گرتنیدا شەهید بووە و لە پاڵ مزگەوتی پیرۆزی ناو قەڵای ناوەوەدا نێژراوە.

دیاربەکر لە سەردەمی عەبباسییاندا، دەمێکی زۆر بووەتە مەیدانی ئەو پێکدادانانەی لە نێوانی حوکمدارانی بووەیهییەکاندا[٢٧٣] پەیدابووە. ماوەیەك دوای ئەوەی بووەتە ناوەندی حەمدانییان[٢٧٤] لە ٣٨٠ی هیجری (٩٩٠ی زایین)دا بووەتە ناوەندی

دەوڵـەتێکی گچـکـەی کوردی بـەناوی مەڕوانییـان(٢٧٥)–ەوە، دواتـریش نـاوەندی لـقێکی دەوڵەتی ئـەرتوقییەکان(٢٧٦) بووە.

ئەو دیاربـەکرەی کە دوای داگیرکاریی مـەغۆڵەکان، ئاققۆینڵو و قەرەقۆینڵو–وەوە یەك و ماوەیەك حوکمیان تێدا کردووە. دواتر لە لایەن شا ئیسماعیلی سەفەوییەوە بەدەست خراوە، لەسەر تێکشکانی شەڕی چاڵدیران، بەگزادە کوردەکان چوونەتە پاڵ حەزرەتی سوڵتان سەلیم خانی (یاوز) و شاریان داوەتە دەستی و لەو سەردەمەوە لە ژێر بەڕێوەبەرایەتیی دەوڵەتی پایە بەرزی عوسمانیدایە(٢٧٧)، دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر، ناوەندی ئیالەت بووە، کە ویلایەتەکان دامەزراوە، کراوەتە ناوەندی ئەو ویلایەتەی بەناوی دیاربەکرەوە دامەزراوە.

(ب/ ٣–ل/ ٢٢٠٢– ٢٢٠٣)

**دیاربەکر** (**ویلایەتی دیاربەکر**)(٢٧٨): یەکێکە لەو ویلایەتە عوسمانییانەی لە کیشوەری ئاسیادان. بەشی باکوری خۆرهەڵات و خۆرئاوای، کە بەڕەسەن دیاربەکری پێ دەگوترێ، لەگەڵ ناوچەیەکی زۆری ناوچەکانی کوردستان، کە لە ڕاستیدا دیجلە و فورات کە سنووری جەزیرەیە، ئەگەر سنوورەکانی لیواکەش پێکدەهێنێ، لە لای باکوری خۆرهەڵاتەوە، وەکو دیجلە ڕەت دەکا، کە تا ئاوی باتمان درێژەی هەیە، لە باکوریشەوە کە ڕێڕەوی ڕۆیشتنی فورات ڕەت دەکا، تا ڕێڕەوی پرێ سویو (ئاوی پرێ) کە لقێکی فوراتە، بەرینە.

ویلایەتی دیاربەکر لە باشووری خۆرئاواوە بەحەلەب و لە باکوری خۆرئاواوە بەمەعمورەتولعەزیز، لە باکورەوە بەئەرزەڕۆم، لە باکوری خۆرهەڵاتەوە بەبتلیس و وان، لە باشووری خۆرهەڵاتەوە بەویلایەتی مووسڵ و لە باشوورەوەش بەلیوای زۆر کە سەربەخۆ بەڕێوەدەبرێ، دەورەدراوە و سنووردارە، ڕووپێوی ٤٦,٨٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، دانیشتووانیشی لە ٤٧١,٤٦٢ کەس پێکهاتووە. خاکەکەی بەشێوەیەکی گشتی چیایی و بەبەرزاییە، چیاکانی بەشێوەیەکی سەرەکی دەکرێنە سێ زنجیرە چیا: یەکەمیان تەوروس(٢٧٩)، لە زنجیرە چیا گەورەکان دەژمێردرێ، لە بەشی باکوری ویلایەتەکەدا و ئاقداغ کە نشێوی فورات لە دیجلە جودا دەکاتەوە، لەم زنجیرە چیایانەیە، کە بەرەو باشووری خۆرئاوا دەکشێ، دەچێتە ناو ویلایەتی مەعمورەتولعەزیز و قۆڵە چیایەك بەناوی چیای میحراب (میهراب)ەوە دەخاتە ناو ویلایەتەوە. دووەمیشیان زنجیرە

شاخی قەرەداغ–ە، کە لە باکوری خۆرئاواوە بەرەو باشووری خۆرهەڵات درێژەی هەیە، ئەمەش لەو لایەنەوە کە نشێوی دیجلە لەوەی فورات جودا دەکاتەوە و داوێنەکانی باشووری سنووری باشووری ویلایەت پێکدەهێنی. سێیەمیان توورعابدین–ە کە لە بەشی باشووری خۆرهەڵاتی ویلایەتدا لە باکوری خۆراواوە، بەرەو باشووری خۆرهەڵات دەکشێ و دیسانەوە ئەو دوو زێیە کە بابەتی باسمان بوون لە یەك جودا دەکاتەوە، کە پێیشی دەگوترێ: چیاکانی ماردین و بەو ناوە ناسراوە.

بەشی زۆری ویلایەت لە ناو نشێوی دیجلەدایە، لەبەرئەوەی سەرچاوەکانی زێی ناوبراو بەخۆوە دەگرێ، بەشی هەرە سەرەوەی ئەم نشێوەیە، بەڵام زێی فورات دوای ئەوەی بەگۆشەی ئەوپەڕی باکوردا ڕەت دەبێ، دەچێتە ناو ویلایەتی مەعموورەتولعەزیزەوە، دواتر کە دەگەڕێ و دەگاتە سنوورەکانی ویلایەتی دیاربەکر و لە ماوەیەکی چاکدا لە نێوانی هەردوو ویلایەتدا هێڵی سنوور پێکدەهێنێ. باشووری خۆرئاوای ویلایەت و ناوچەکانی باشووری، بەتایبەتی قەزاکانی سیوەرەك، دێرك و نوسەیبین لە ناو نشێوی فوراتدان، ناوچەکانی دیکەی لە ناو نشێوی دیجلەدایە.

ئەو ئاوانەی لە بەشەکانی خۆرئاوای ویلایەتدا دەڕۆن، کە دەڕژێنە ناو فوراتەوە، لە دۆڵی گچکە گچکە پێکدێن. لە کاتێکدا لە لای باشووردا بەناوی جەرجەب، زەرتمان و چەغچەغە، سێ ئاوی سەرەکیی لێیە، کە هەرسێکیان لە لیوای زۆردا یەك دەگرنەوە، زێی خابوور پێکدێنن کە لقی هەرە گەورەی فوراتە. لە کاتێکدا ئەو زەوییانەی لە باکور و خۆرهەڵاتی بەشی گەورەی ویلایەتدا هەن و دەڕژێنە ناو زێی دیجلەوە، زۆرترن، سەرەکییەکانیان، لە لای چەپەوە، واتە لە باکورەوە: زەینە[٢٨٠]، خابوور، چاتلاتس و باتمان، لە ڕاستیشەوە واتە لە باشوور–ەوەش قەرەسو و ئاقسو، لەگەڵ تاقمە زێیەکی بچووك بچووکی دیکە. خاکەکەی زۆر بەپیتەو ئەگەرچی ئاوی ڕەوانیشیان زۆرە، لەبەرئەوەی شوێنە بەبەروبوومەکانیان دوورە، خەڵکەکە تەنیا بەپێی پێویستیی خۆیان ناچاری چاندن و دروونەوەن. ئەو ٤٦,٨٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشە زەوییەی لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا ٢٦,٤٩٤ کیلۆمەتری چوارگۆشەی بۆ کشتوکاڵ دەست نادا و چیایی و بەردەڵانییە. (١,٧٢٢) کیلۆمەتر چوارگۆشەشی دارستانە.

بەروبووی سەرەکیی، گەنم و جۆ و فاسۆلیا و نیسك و برنج و کونجی و تۆوی کەتان و لۆکە و ڕەگی مەیان (ڕەگی ڕووەکێکە لە عیراق عرگ سووس–ی پێ دەڵێن و

خواردنەوەیەکی لێ دروست دەکرێ– وەرگێڕ) و مازوو، پیاز و هی دیکەیە. بادەم و ترێ و زەیتوون و هەنار و میوەی دیکەی جۆراوجۆری تایبەت بەهەرێمە میانڕەوەکان–یش بەدەست دەهێنرێ. ئەو شووتی و کاڵەکەی لە کەناری دیجلەدا بەرهەم دەهێنرێ لە لایەن تامیشیان و لە لایەن قەواره و گەورەییشیانەوه وێنەیان نییە، شار و شارۆچکە و گوندەکان هەر هەموو بەباخی جوان و باخچەوە دەورەدراون. ئەو میوانەی بەدەست دەهێندرێن چ تازەیان و چ وشککراویان گەلێکی لێ دەنێررێتە دەرەوە. لە دیاربەکردا خواردنەوەی جوان و لە شار و لە ماردیندا خواردنەوەی بەناوبانگیش بەرهەم دەهێنرێن. گوڵ و گوڵیلکیشیان زۆرە. گژوگیایان زۆر زۆرە، بەتایبەتی لە ناوچەکانی نوسەیبین و جزیرەدا گوڵیلکە کێویلە و چیمەنی ڕازاوەیان بەناوبانگە.

ئاژەڵی ماڵییان، بەتایبەتی مەڕ و بزن زۆرن، خوریی مەڕەکانیان نزیکە لە خورییەکانی (مارینۆس) و مووی بزنیشیان نەرمە و مووی بزنەکانیشیان هەر نەرمە. لە ناو ویلایەتدا ٢٨,٠٠٠ گا، ٤٠,٥٤٢ ئەسپ، ٦٢,١٠٦ هێستر و کەر، ٢,٠٠٠ حوشتر ٦١٦,٩٨٤ مەڕ و ٢٩,١١٠ بزن هەیە. تاقمە ئەسپێکیان لە ڕەسەنی عەرەبن و ماییەکانیشی زۆر پەسندن. هێسترەکانیشیان زل و بەهێزن. حوشتر تەنیا لای عەشیرەتەکانی لای باشووردا دەست دەکەوێ، زۆربەی مەڕ و بزن هی عەشیرەتە کورد و عەرەبەکانن. مێشهەنگوینیشیان زۆرە، بەتایبەتی هەنگوینی ناوچەکانی جزرە و نوسەیبین بەناوبانگە و بڕێکی زۆری ناردەی مۆمی هەنگوینیان هەیە.

ئاژەڵە کێوییەکانیشیان، ورچی بۆزو سیا، گورگ، بەراز، کەمتیار، ڕێوی، چەقەڵ، کەروێشك، نێری، کەڵەکێوی و لە هی دیکە پێکدێ و مەلی جۆراوجۆریشی هەیە.

لەبەر نەهامەتیی ئەو جەنگانەی لەو سەدە ڕابوردووانەدا کە بەدوای یەکدا هاتوون و گەواهیی ئەو مێژووانەی لەو سەردەمانەدا نووسراوە، لە سەردەمی ئەسکەندەر و ئەو ڕۆماییانەی دوای ئەو، ئەو ناوانە بەدارستانی فراوان داپۆشراوە، لەم دۆخەی ئێستایدا، لەسەر ئەوەی لەو ژمارانەی سەرەوە ڕوون دەبێتەوە، دارستانەکان زۆر کەمن، بۆ هێزم و کەرەستەی بەکارهێنان، خەڵکەکە تووشی کێشە دەبن.

کانزاشیان ئەگەر زۆربێ، ئێستا تەنیا لە کانی مسی کانزای مسی قلۆشینی قەزای پالۆی لیوای ئەرغەنیدا مس و ئەو گۆگردی نیکلەی لە قەزای ئەرغەنیدایە، دەردەهێنرێ. ئەگەرچی لە گوندی حەززۆی قەزای سیلوان و گوندی خەرپووتی قەزای جزرەدا کانگای

ڕەژوو هەیە، دەرناهێنرێ. لە سەردەمانێکدا کانزای زیو و زێڕیش دەرهێنراوە و ئێستا ئەم کانزا بەنرخانە بەدەست ناهێنرێن. لە قەزای لیجە، کانێکی خوێ هەیە، سالانە بڕی ٢٥٠,٠٠٠ هۆقە خوێی لێ دەردەهێنرێ[٢٨١]. سالانە بەشی زۆری ئەو خوێیەی بەکاردەهێنرێ لە لیوای (سعرد)ەوە دەهێنرێ.

لە کۆنەوە لە ویلایەتی دیاربەکردا هەندێك پیشەسازی بەبەرهەم هێنراوە، وەکو شتێکی سەرەکی، ناوەندی پیشەسازی شارەکانی دیاربەکر و ماردین–ە. لە لۆکە، چیتاری و[٢٨٢] مانووسە[٢٨٣]، لەگەڵ کاڵای جۆراوجۆر، لە لۆکە و ئاوریشم و خوری و کاڵای دیکە، هەروەها لە خوری مافوور و بەڕە و بەرماڵ و شاڵ و عابا و هی دیکە دەچنرێ. پێستەی مەڕ، پێستەی خۆشەکراو و پێستەی خۆشەکراویش لە پیشەسازیی ناوچەیی سەرەکییەکانە. ئەو زێڕەی پەیوەندیی بەزێڕنگەری هەیە و وەکو لە زیو شمەکی زۆرجوان دروست دەکرێ، سورمەچنی و پیشەسازیی سەراجێتی گەلێك پێشکەوتووە. وەکی دی کیژان لە ئاوریشم و سورمە، نەقشی جوان و هەڵکۆڵین ئەنجام دەدەن. قاپ و قاچاغ لە مس و ئاسن و ئامێری جۆراوجۆریش دروست دەکرێ. لە ماردین لە ڕۆنی جۆرە فستقێکیش سابوون دروست دەکەن.

پتر لە سێیەکی بەرهەمی پیشەسازیی ویلایەت بۆ دەرەوە دەنێررێ، گەلێك لەمانە دەنێررێتە ئەوروپا. نزیکەی لە سێدا دوویشی لە جێی خۆدا بەکاردەهێنرێ.

سەرەڕای دووریی ئەسکەلەکان (ڕیختم) و نەبوونی ڕێگە، پیشەسازیی ویلایەت و بەهەرمێن بوونی، بەم پێودانگەی بەرهەمی پیشەسازیی ویلایەت، ئارەزووی پیشەسازیی خەڵکی ویلایەت و لێهاتوویی، گەواهی بەنرخ بوونی بەرهەمی پیشەسازییانە، ئەگەر بێتو ڕێگەوبان بەشێوەیەکی ڕێکوپێك چاك بکرێتەوە، گومانی تێدا نییە ئەم پیشەسازییە پەرە دەستێنێ و فراوان دەبێ.

دیاربەکر کە لەسەر بەیەکگەیشتنی دوو ڕێی گەورەی ئێران– عیراق و سووریا– ئەنادۆڵ و سامسون و ئەسکەندەروون–دایە، هێزی بەپیتیی خاکەکەی و زۆریی بەروبوومی کشتوکاڵی و ئارەزووی خەڵکەکەی لە پیشەسازی و لێهاتووییان لەگەڵ نایاب بوونی بەرهەمی پیشەسازییان، پەرەسەندن و فراوان بوونی بازرگانی پێویست دەکا. لەبەر ئەم هۆیانە و لەبەر دووریی ئەسکەندەروون و سامسوون کە ئەسکەلەیانە و ناڕێکی و شپرزەییی ڕێگەوبان، ڕێ لەمە دەگرن، بازرگانیی ساڵ بەساڵ لە دواکەوتندایە،

لـەم ساڵانـەی دوایـیـیـەدا نـاردەی ویـلایـەت ١٧٢,٠٠٠ و هـاوردەشی لـە دەوروبـەری ١٧٨,٠٠٠ لیرەدا بووە، بایی ٧٣,٠٠٠ لیرەی ناردەی بۆ وڵاتە بیانییەکان و ئەوەی مـاوەتـەوەش دەچێتـە هـەرێمـەکـانـی دیکـە. بـایـی ١١٣,٠٠٠ی هـاوردەشی لـە وڵاتـە بیانییەکانەوە دێ، ئەوی دیکەش لە هەرێمەکانی دیکەوە دێ.

سێ چارەکی دانیشتووانی کە بەگشتی ٤٧١,٠٠٠ کەسە، موسڵمانن، ١٣٢,٥٤٩ یان دیان و ١,٢٦٩ یان ئیسرائیلی (جوو)ن و لەگەڵ چەند هەزار یەزیدییەك و قەرەج و هی دیکەی لێیە، بەشی گەورەی موسوڵمانەکانی تورك و ئەوی دیکە کورد و عەرەبن، نزیکەی ١٠,٠٠٠یش چەرکەسی لێیە[٢٨٤]. موسوڵمانەکان هەر هەموو سوننین، تەنیا ١,٠٠٠ – ٢,٠٠٠ یان قزڵباشن. نیوەی خرستیانەکانی ئەرمەنین و ئەوی دیکەش نیوەی کاتۆلیك و پرۆتستانت و سوریانی و کلدانی و هی دیکە پێکهاتوون.[٢٨٥]

پەروەردە و فێرکردن هێشتا دواکەوتووە، تەنیا لە ناوەندی ویلایەتدا یەك ئامادەییی سویل (سڤیل) و ناوەندییەکی سەربازی و لە هەموو ویلایەتدا ٥ ناوەندیی سویل و ئەوەی تایبەت بەموسوڵمانانە، ١,٥٦٥ قوتابخانەی منداڵانی کوڕان و ٢ی کیژان و ٧ مەدرەسە، ئەوەی تایبەت بەئەرمەنییانە ١٢٥ی کوڕان و یەکی کچان، ئەرمەنییە کاتۆلیکەکان ٥١٦ی کوڕان و ئەرمەنییە پرۆتستانتەکان ٥ی کوڕان و ٣ی کچان و ڕۆمەکان ٣ی کوڕان و یەك کچان، کلدانییان ٢٥ی کوڕان و یەکی کچان و سوریانییەکان ٢٤ی کوڕان و یـەکـی کـچـان، (لاتـین)ەکـانیش[٢٨٦] ٢ی کـوڕان و ٢ی کـچـان و ئـیسرائـیـلـیـیـەکـان (جـووەکـان)یش یـەکـی کـوڕان و یـەکـی کـیـژانـیـان هـەیـە. کۆی ژمـارەی قـوتـابـخـانـە و مەدرەسەکان لە ویلایەتدا ١,٨٠٥ قوتابخانە و ٦١,٥١١قوتابی و ١,٨٧٦ مامۆستایە. قـوتـابـخـانـەکـانـی پرۆتسـتـانت و کـاتـۆلیك، بـەشێوەیـەکـی سەرەکـی لـە لایـەن مسیۆنێر (موژدەبەر– موبەششیر)ە بیانییەکان و کچە ڕەبەنەکانەوە بەڕێوە دەبرێن.

کەشوهەوای ویلایەتی دیاربەکر هاوینان زۆر گەرم و بەحسێبی سەنتیگراد گەرمیی ڕێژەییی ناوەندی ٢٥ پلەیەو تا ٤٠– ٤٥ پلەش بەرز دەبێتەوە. زستانیش مامناوەندی لە ١٠ پـلـەی ژێر سفـردایـە و[٢٨٧] هـەروەهـا دەشگـاتـە ٢٠ پـلـەی ژێر سفر. لـە مـانـگـەکـانـی کانوونی یەکەم و کانوونی دووەمدا بەردەوام بەفر دەبارێ. لە بەهار و پایزیشدا یەك و دوو مانگ و نیو بەزۆری باران دەبارێ. لە ناوەڕاستی نیسانەوە تا ناوەڕاستی ئەیلوول وشکاییی زاڵە، لەگەڵ ئەم گۆڕانەوانەدا جگە لە شاری دیاربەکر کە ناوەندە، لە هەموو

لایەکی ویلایەتدا ئاو و هەوای زۆر سازگارە، پەتاکان وەکو نەبن وەهایە.

شۆستەی (ڕیختم)ی ڕێکخراوی ویلایەت بەتێکڕایی لە ٣٢٩ کیلۆمەتر درێژی پێکهاتووە، بریتییە لە دوو ڕێی سەرەکی (شاڕێ)[٢٨٨]، یەکێکیان بریتییە لە بەشێکی ئەو ڕێیە سەرەکییەی کە لە سامسون-ەوە دەچێتە بەغدا، کە لە سنوورەکانی باکوری خۆرئاوای ویلایەتەوە، بەئەرغەنی و دیاربەکر و ماردین-ەوە ڕەت دەبێ، تا دەگاتە نوسەیبین، ئەم ڕێیەی درێژییەکەی ٢٢٦ کیلۆمەترە، لە سامسونەوە بەئەماسیا و تۆقاد و سێواس و خەرپووت-دا ڕەت دەبێ و درێژەی ڕێی دوای ئەمەیە. گەرچی تا نوسەیبین کەم و زۆر ڕێکخرابێ، ئەو بەشەی کە لە ناو ویلایەتەکانی مووسڵ و بەغدایە هێشتا دروست نەکراوە. ڕێگەی دووەم ئەو ڕێیە سەرەکییەیە، لە دیاربەکرەوە، بەئورفە و بیرەجك و حەڵەب-دا ڕەت دەبێ و دەبێ بگاتە ئەسکەندەروون. ئەمەشیان ئەگەر چی ئەو ١٠٣ کیلۆمەترەی ڕێکنەخراوە، کە لە دیاربەکرەوە بەسیوەرەك-دا و تا دەگاتە سنووری باشووری خۆراوای ویلایەت، هێشتا لەگەڵ ئەو بەشەیدا کە لە ویلایەتی حەڵەبدایە و ڕێکنەخراوە، یەکیان نەگرتووەتەوە (بەیەك نەگەیشتوون).

زێی دیجلەش، لە نێوانی دیاربەکر و مووسڵدا وەك ڕێگەی لێ هاتووە و ئەگەر بەکەڵك هاتوچۆش بێ، لەبەر بەخوڕ ڕۆیشتن و لێژاییی زۆرەوە، ئەم ڕێیە زۆر زەحمەت و پڕ مەترسییە.

ویلایەتی دیاربەکر، وەکو لە خوارەوە پیشان دراوە، لە ٣ لیوا (سەنجەق) و ١٣ قەزا پێکهاتووە و ٨٨ ناحیە و ٣,٢٠١ گوندی بەخۆوە گرتووە.

| سەنجەق | قەزا | ناحیە |
|---|---|---|
| دیاربەکر | دیاربەکر | شەرق |
| | | بەهرامکی |
| | | غەرب[٢٨٩] |
| | | بەشیری |
| | | تورکمان |
| | | گێلێ |
| | | ئێگۆر |
| | | ئویمەرکان |

| سەنجەق | قەزا | ناحیە |
| --- | --- | --- |
| سیوەرەك | بوجاق | |
| | خۆشین | |
| | بورهان | |
| | یەنیشەهر | |
| | قەرەکێچی | |
| | | قەرەجەداغ |
| | | چەمێ عەرەب |
| | سیلوان | حەزرۆ |
| | | میهرانی[٢٩٠] |
| | | بادکان |
| | دێرك | مەحەل |
| | | مەتینان |
| | | دەشتەکوور[٢٩١] |
| | | لیف |
| | لیجە | هانی[٢٩٢] |
| ماردین | ماردین | ئەترافشەهر |
| | | قۆچحیسار |
| | | داروقەلەندەران |
| | | حەواسسی هومایۆن |
| | | میرستییان |
| | | چەم و بێریڤان و کۆچکان |
| | | میلی |
| | | دوقۆرێ |
| | | جکێ گرکان |
| | | کبکێ خەلیجان |

| سەنجەق | قەزا | ناحیە |
|---|---|---|
| | نوسەیبین | بەکارالی |
| | | پۆلسەترێ |
| | | ئەزناور |
| | | ئێلییان |
| | | چەسنەبان |
| | | سەقان |
| | | تەی |
| | جیزرە | حەسەنان |
| | | شاخ |
| | | هاروونا باقی |
| | | ئەلوان |
| | | ئەلیکان |
| | | ئۆمەرکان |
| | | ئەماران |
| | | زێباری[٢٩٣] |
| | | پێشخابوور |
| | | شاهپوسەندی بالا |
| | | شاهپوسەندی زیر |
| | | سلۆپی |
| | مدیات | مەحەلمێ |
| | | لزیزاخ[٢٩٤] |
| | | ئەربۆ[٢٩٥] |
| | | ئەلیکان |
| | | حەباب |
| | | دەرمەهکان |
| | | دوماتان |
| | | بەسیرین[٢٩٦] |
| | | حەسەنکێف (حسنکەیفا) |

| سەنجەق | قەزا | ناحیە |
|---|---|---|
| | | دەرهان |
| | | سیوان |
| | | باشقلێ |
| | | تەراتەر |
| | | چێلك |
| | | قەرەچۆیێ[٢٩٧] |
| | | حەسار |
| | | جزینێ |
| | | کۆلکان |
| | | ئەرناس |
| | | دەمان |
| | ئەوێنە[٢٩٨] | ئۆمەریکان[٢٩٩] |
| | | ساور[٣٠٠] |
| | | خورس |
| | | سویرگویجو |
| | | شێخان |
| ئەرغەنی | ئەرغەنیمەعدەنی | ئەرغەنی |
| | | ئەگیل |
| | پالۆ | ئەشمشان |
| | | بولانق |
| | | ئۆخێ |
| | | قەرەجوور |
| | | گوێکدەرە |
| | | هۆن ڕەشید |
| | | سیوان |
| | چەرمیك | چوینگویش |

ئەو ناحیانەی ناویان لەم خشتەیەدا هەیە، بەپێی ڕێوشوێنی نوێ دامەزراوە، زۆریان لە ناوەندی قەزاوە بەڕێوەدەبرێن و زۆر کەمیان بەڕێوەبەری تایبەت و حکوومەتیان هەیە.

(ب/٣ – ل/٢٢٠٣ – ٢٢٠٧)

**دیاربەکر** (**لیوای دیاربەکر**): یەکێکە لە سێ لیوا، کە ئەو ویلایەتە هاوناوەی خۆی پێکدەهێنن، واتە لیوای ناوەندییە، لە لای باکووری خۆراواوە بەئەرغەنی و لە لای باشووری خۆرهەلاتەوە بەلیوای ماردین و لە لایەکانی دیکەشەوە بەسنوورەکانی ویلایەتەوە سنوورداره. بەشی زۆری لە ناو نشێوی دیجلەدایە، تەنیا بەشی باشووری خۆراوای لە نشێوی فوراتدایە، ڕووپێوەکەی **١٧,٥٢٠** کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، **١٣,٦٩٢** کیلۆمەتری چوارگۆشەی بۆ کشتوکاڵ دەست دەدا، **٣,٢٨٦** کیلۆمەتری چوارگۆشەی چیایی و **٥٥٢** کیلۆمەتری چوارگۆشەی دارستانە. دانیشتووانی بریتین لە **١٤٢,٩٣٢** کەس، **٩٩,٦٩٠**ی ئەم برە، تورك و کورد و عەرەب، لەگەڵ چەرکەس–ن، موسڵمانن(٣٠١)، **٤٠,٩٤٢**ی لە ڕەسەنی ئەرمەنی و کلدانی و سوریانین و بەسەر ڕێبازەکانی: ئەرتۆدۆکس و کاتۆلیك و پرۆتستانتی خرستیانی–دا دابەش بوون، **٢,٠٠٠**ی ئێزیدی و(٣٠٢) قەرەج، **٢٨٤**یشیان ئیسرائیلی (جوو)ن.

لەبەر ئەوەی لە بابەتی لە مەوبەردا لە بارەی بەروبوومەکانی لیواو دابەشکردنە بەڕێوەبەرێتییەکان و ئەو زانیارییانەی لە بارەی بارودۆخەکانی دیکەیدا، بەدوور و درێژی ڕوون کراوەتەوە، پێویست بەدووبارە کردنەوەیان ناکا.

(ب/٣ – ل/٢٢٠٧)

**دیاری مودەر** (**دیار موضەر**): ئەمە ئەو ناوەیە کە دراوەتە ئەو بەشەی باشووری خۆراوای جزیرە کە لە نێوانی فورات و خابووردایە، ئەو جزیرەیەی لە نێوانی فورات و دیجلەدایە، لای حەرران، ڕەققە، شمشات و سرووج، واتە بەشێکی لیوای ئورفە لەگەڵ موتەسەرریفێتیی (زۆر) دەگرێتەوە. ئەم ناوەی پەیوەندیی بەعەشیرەتی مودەر (موضەر)ی عەرەبەوە هەیە و نراوە، کە بەر لە ئیسلام لەو ناوەدا نیشتەجێ بوون. ئەمرۆکە وازی لێ هێنراوە و بەکارنابرێ.

(ب/٣ – ل/٢٢٠٧)

**دیاری ڕەبیعە**: ئەو ناوەیە کە بەبەشی خۆرهەڵاتی ناوچەی جەزیرەی نێوانی فورات و

دیجلە دراوە. هەر لە مووسڵەوە تا ڕێڕەوی زێی خابووری دەگرتەوە. لە باکوورەوە بەدیاربەکر و لە خۆراواوە بەدیاری مودەر سنووردار بووە. بەناوی هۆزی ڕەبیعەوە ناونراوە کە لەو عەشیرەتە عارەبانەیە کە بەر لە ئیسلام نیشتەجێی ئەو دەڤەرە بوونە. بەکری کوڕی وائیل-یش کە لە دیاربەکرەوە فەرمانڕەوایی کردووە، لەبەر ئەوەی سەربەهۆزی ڕەبیعە بووە، ناوی دیاری ڕەبیعەی گرتووەتە ناوخۆی و بەشێوەیەك بەگشتی کراوە کە جار جار دیاربەکریش بگرێتەوە. هەر چۆنێك بێ ئەم ناوە لە ناو کتێبەکانی جوگرافیاناس و مێژوونووسەکانی عەرەبدا هەیە، ئەمڕۆ بەجێهێڵراوە و بەکارناهێنرێ.

(ب/٣ - ل/٢٢٠٧)

**دووتاق**[٣٠٣]: گوندێکە، ناوەندی قەزای عێنتابی سەربەلیوای بایەزیدی ویلایەتی ئەرزەڕۆم.

(ب/٣ - ل/٢١٧١)

**دورری ئەفەندی (ئەحمەد)**: لە شاعیرانی دوا سەردەمەکانی عوسمانی بووە. خەڵکی وان-ە. چووەتە ئەستەمبووڵ و دوای ئەوەی ماوەیەك لە دائیرەی کاروباری نووسینی دیوانی پادشاییدا کاری کردووە، لە ١١٣٢ (١٧٢٠ی زایین)دا بەئەرکی باڵیۆزی چووەتە ئێران، دوای گەڕانەوەی بووەتە سەرژمێریار (باش موحاسەبەچی) و لە ١١٣٧ (١٧٢٥ی زایین)دا کۆچی دوایی کردووە. ئەم تاکە دێڕە شیعرەی کە ئەوە ڕوون دەکاتەوە تاکە چاوێکی هەبووە، یەکێکە لە شیعرەکانی ئەو:[٣٠٤]

خاك پایك كحل ایچون بو ایكی چشم سفید
بر بریله جنگ ایدوب، اخر بری اولدی شهید

واتە:

گەردی سەرپێت بۆ سورمەی ئەم دووچاوە سپییە
جەنگیان لەگەڵ یەکدی کردووە و دواتر یەکێکیان شەهید بوو...

(ب/٣ - ل/٢١٣٩)

**داوود (مەلیك زاهر ئەبو سولەیمان)، موجیروددین-ی کوڕی سەلاحەددینی ئەییووبی)**: دوانزەهەمین کوڕی سوڵتان سەلاحەددینە. پتر لە گشت کوڕانی لە باوکی دەچوو، ٥٧٣ی.هـ (١١٧٧-١١٧٨ی.ز) لە میسر هاتووەتە جیهان، لە ٦٣٢ی.هـ (١٢٣٤ -

١٢٣٥ی.ز) دا کە خاوەنی بیرە (بیرەجك) بووە مردووە و مەلیك عەزیزی کوڕی مەلیك ظاهری برای بووەتە جێنشینی. (جەلیل)
(ب/ ٣- ل/ ٢١٠٩)

**دەوڵەت خاتوون**: هاوسەری عیززەددین محەمەدی یەك لە شایەکانی خورشیدییەی ئەو ئەتابەگانە بووە کە لە کوڕی گچکەدا فەرمانڕەواییان کردووە. ساڵی ٧١٦ی.هـ (١٣١٦-١٣١٧ی.ز) کە مێردەکەی دەمرێ، بەخۆی چووەتە سەر تەختی سەڵتەنەت و پێی نەکراوە بەرامبەر بەو مەغۆلانەی لە هەموو لایەکەوە هێرشیان بۆ هێناوە بەرگری بکا، بەمەش ئەو خانەوادەیە لە ناو چووە. (جەلیل)
(ب/ ٣- ل/ ٢١٨٣)

**دەیبوور**: لە «موعجەمولبولدان»دا نووسراوە، ناحیەیەکە لە نزیك جەزیرەی ئیبن عومەردایە. (وەرگێڕ)
(ب/ ٣- ل/ ٢٢١٠)

**دەینەوەر**: شارێك بووە لە عیراقی عەجەم-دا پتر لە بیست فەرسەخ لە هەمەدانەوە دووربووە لە سەردەمی شارستانیی ئیسلامیدا زۆر ئاوەدان بووە، زێدی گەلێك لە زانا بەناوبانگەکان بووە، ئەمڕۆ کەلاوەیە. یاقووتی حەمەوی ئەوەی ڕوون کردووەتەوە کە ئەم شارە ئەوەندەی دوو لەسەر سێی هەمەدان گەورە بووە. (وەرگێڕ)
(ب/ ٣- ل/ ٢٢١٨)

**دەینەوەری (ئەبو موحەممەد عەبدوڵلای کوڕی موسلیم)**: (بڕوانە بابەتی «ئیبن قوتەیبە»).

- عەبدوڵلای کوڕی محەممەدی کوڕی وەهەب دەینەوەری - لە فەرموودەزانە بەناوبانگەکان بووە، ئەگەرچی زۆرێك فەرموودەی پیرۆزیان لێ گێڕاوەتەوە، گێڕانەوەکانی زۆریش پەسند نەبووە.

- ئەحمەدی کوڕی داوودی دەینەوەری: مێژوونووس بووە، ژیننامەی ئەبو حەنیفەی (ئیمامی ئەعزەمی) نووسیوە.

- ئەبوبەکری کوڕی حەسەنی دەینەوەری-ش مێژوونووس بووە، مێژوویەکی بەزمانی فارسی نووسیوە. (جەلیل)
(ب/ ٣- ل/ ٢٢١٨)

# ڕ

**ڕەفاهییە**(٣٠٥): قـەزایـەکـی سـەربـەلـیـوای ئـەرزنـجـانـی سـەربـەویـلایـەتـی ئـەرزەڕۆم–ە، دەکـەوێتـە لای خـۆراوای لـیـواکـەوە، شارۆچکـەی کـەرجـانس کـە نـاوەنـدەکـەیـەتـی، لـە **١٥** سـەعاتـە ڕێی خۆراوای ئـەرزنجاندایـە، ٦ نـاحیـەی بـەنـاوی: کـەرەس، کـەرەر، مـەلیك شـەرەف، قـەسـەبـەچـوقـور، زووکـەر و ئـەلـبگـوندی–یـەوە و **١٧٦** گـونـدی هـەیـە **٢٢,٤٥٦٠** کـەس دانیشتووانی هـەیـە، زەوییەکانی بریتیین لـە داوێنـەکانی خۆراوای چیای چارداق، لـە لایـەن بـەپیتییـەوە مـامنـاوەندییـە. بـەروبوومـەکانی گـەنم و جـۆ و دانـەوێڵـەی دیکـەیـە، لـەگـەڵ گوێز و کاڵەك و شامی و شەلەم و کەلەم (کەلەرم) و سرێش و (لازووت) و هـی دیکەن. بـەرهـەمـە نـاوخـۆییـیـەکانیـان بـەشمـەکی وەك شاڵی ئـاسایی و بـەڕەو بـەرمـاڵ و گـۆرەوی سنووردارە.

لـە نـاو قـەزادا **٥١** مزگـەوت و نوێژگـە، ٦ مـەدرەسـە، **٣٢** قوتـابخـانـەی منداڵان، **٢** خـان، **٢٥** دووکـان، **٢** فڕن و **٢٥** ئـاش هـەیـە.

(ب/٣ – ل/٢٢٩٠)

**ڕەئسولعەین (ڕاستتر– ڕەئسوعەین)**[٣٠٦]: شارۆچکەیەکە، ناوەندی قەزایە، لە جەزیرەدا لە موتەسەرریفێتیی زۆری بێلایەن (خۆ بەخۆ بەڕێوەبراو)دا، لە ١٦٥ کیلۆمەتری باکووری دێر [٣٠٧] و ١٠٠ کیلۆمەتری خۆرهەڵاتی ئورفە، لە ڕۆخی زێی خابووردا کە جێگەی لە نێوانی ٥٠ ٣٦یْ پانیی باکور و ٤٠ ٢٧یْ هێڵی درێژیی خۆرهەڵاتدایە، شارۆچکەیەکی زۆر کۆنە، لە سەردەمی ڕۆماییەکانیشدا بە(ڕەسەنا) و تێودوسیۆ– پۆلیس دەناسرا کە ئەمانەش لە عەرەبییەوە وەرگیراوە. لە سەردەمی شارستانیی ئیسلامدا زۆر ئاوەدان و گەورە بووە و زێدی گەلێك زانا بووە کە بەنازناوی «ڕەئس عەینی» ناسراون. چەند ئاوێك کە بەناو شارەکەدا دەڕۆن و دەڕژێنە ناو خابوور و باخچەکانی ئاو دەداو ئاشەکانیان دەخاتە گەڕ، یاقووتی حەمەوی بەڕوونیی ئەم ئاوەیدا هەڵداوە و ئەوەی ڕوون کردووەتەوە کە سەردەمانێك بەلەمی پێدا ڕۆیشتووە. لەم دۆخەی ئێستایدا مزگەوتێکی پیرۆز و چەند ماڵێك و چەند دووکانێکی لە دەوروبەردایە، دانیشتووانی هەر ١,٥٠٠ کەسێك دەبن. قەزای ڕەئسولعەین لەوپەڕی باکوری لیوادایە، لە باشوور–ەوە بەخودی قەزای دێر، لە خۆرهەڵاتەوە بە مووسڵ، لە باکوورەوە بە دیاربەکر، لە خۆراواشەوە بەویلایەتی حەڵەب دەورەدراوە و سنووردارە. خاکەکەی بەپیت و بەروبوومە، بەزێی خابوور و چەند ئاوێکی دیکە، کە لە باکوری خۆراواوە دەڕژێنە ئەم زێیەوە ئاو دەدرێن. بەروبوومیان لە پلەی یەکەمدا بریتییە لە گەنمەشامی و لە پلە دووشدا لە گەنم و جۆ و کونجی و دانەوێڵەی دیکەش و لە سەوزەی جۆراوجۆر و میوەجات. ئاژەڵی ماڵیی وەکو گا و گوێدرێژ و ئەسپ و حوشتر و مەڕی زۆرە.

قەزا لە ٢٤ گوند پێکهاتووە، لە ناویاندا شارۆچکەیەکی بچووکیش هەیە کە بەناوی وێرانشەهر–ەوەیە و گەلێك شوێنەوار و کەلاوەی لێیە. قوتابخانەی ناوەندیی لێ نییە، قوتابخانەی منداڵانیشی زۆر کەمە. دانیشتووانی لە دەوروبەری ١٦,٠٠٠ کەسن. هەموو موسڵمانن و بەعەرەبی دەئاخڤن.[٣٠٨]

(ب/٣ – ل/٢٢٤٢)

**ڕەواندز**: شارۆچکەیەکە، ناوەندی قەزایە، لەسەرئاوێکە دەڕژێتە ناو زێی گەورەوە. لە ١٣٥ کیلۆمەتری باکووری خۆرهەڵاتی مووسڵە، لە لیوای شارەزووری ویلایەتی مووسڵدا. دانیشتووانی ١٠,٠٠٠ کەسە و بازرگانییەکی چالاکی هەیە. بەرهەمی تووتنی زۆرە، بەبڕێکی زۆر عەنفییەی لێ دروست دەکرێ و دەنێررێتە ئێران (جۆرە وردکراوەیەکی

تووتنه له لووت دەكرێ یارمەتیی پژمین دەدا، له بەغدا پێی دەڵێن برنووتی- وەرگێڕی كوردی).

قەزای ڕەواندز، سێ ناحیەی بەناوی دیره و باڵەك و برادۆست و ٢٨٣ گوندی هەیه. بەشی زۆری خەڵكەكەی كوردن[٣٠٩].

(ب/٣ - ل/٢٣٠٦)

**ڕیدوان**: شارۆچكەیەكه، ناوەندی ناحیەیه، له قەزای خەرزانی پەیوەست بەلیوای سعردی ویلایەتی بتلیس. له ڕۆخی ئاوێكدایه كه دەڕژێته ناو زێی بۆتانی پەیوەست بەدیجله و له ٩ سەعاته ڕێی سعرد و ١٩ سەعاته ڕێی باشووری خۆراوای بتلیسدایه.

ناحیەی ریدوان له بەشی باشووری خۆرهەڵاتی قەزای خەرزان پێكهاتووه. له باكورەوه بەقەزای ناوبراو و قەزای موتكێ و له خۆرهەڵاتەوه بەخودی قەزای سعرد و له باشوور و خۆراواشەوه بەسنووری ویلایەتی دیاربەكر سنووردارە. دانیشتووانی له تورك و كورد و ئەرمەنی و سوریانی و كلدانی و یەزیدی پێكهاتووه. بەشی زۆری موسڵمانن[٣١٠]، نەتوانرا زانیاری له بارەی گوندەكان و سەرژمێری دانیشتووانییەوه بەدەست بخرێ. كەشوهەوای، هاوینان گەرمه و بەروبووی له گەنم و جۆ و نۆك و نیسك و دانەوێڵەی دیكه پێكهاتووه، لەگەڵ لۆكه و میوەی هەمەجۆر و سەوزەوات.

(ب/٣ - ل/٢٢٨٧)

**ڕوومقەڵا**: قەڵایەكی كۆنه، له ڕۆمەكان ماوەتەوه، له ڕۆخی خۆراوای دەسته ڕاستی فوراتدا، له ویلایەتی حەڵەبدا لەو قەزایەدایه كه هەر ئەو ناوەی هەیه و بەلیوای ئورفەوه پەیوەسته. ئەو ناوەندی قەزایەی نزیكی خەلفەتی، لەبەر ئەوەی هەندێك جار ئەم ناوه له ناوەندی قەزاش نراوه، قەزاش بەم ناوەوه ناونراوه. ناوی كۆنی ئەم قەڵایه (زوغما)یه، له سەردەمی ڕۆمایی و بیزەنتییەكاندا (بیزەنس) زۆر بایەخی بووه و لەبەر ئەوەی لەسەر بەردێكدا ڕۆنراوه و زۆر پتەوه. دواتر دەمێكی زۆر بووەته ناوەندی ئەرمەنییه كاتۆلیكەكان، هەندێك كڵێسه و پەرستگای دیكەیان تا ئەمڕۆش پاشماوەیان هەر ماوه. مەلیك ئەشرەف[٣١١] ئەم ناوچەیەی له ئەرمەنییان ئەستاندووه، له لایەن ئیبراهیم پاشای میسری-یەوه دراوەته بەر تۆپ و ئەو پاشماوه شوێنەوارییەكانی دیكەش ڕووخاوه. بیرێكی له قووڵاییی ٦٠ مەتر له ناو بەرد هەڵكەنراوی هەیه، كه بەپلیكانەوه دادەبەزرێته ناویەوه.

قـەزای ڕوومـقـەڵا، بـریـتـیـیـە لـە بـاکووری خۆراوای لیـوای ئـورفـە، بـەشی گـەورەی لـە خـۆرهـەڵاتـی فـورات و بـەشێکـیشی لـە لای خـۆراوایـەتـی. لـە خـۆرهـەڵات و بـاشووری خۆرهەڵاتەوە لەگەڵ خودی ئورفە و لە باشوورەوە لەگەڵ قەزای بیرەجك و لە خۆراواوە حەڵەب و لیوای مەراش-دا، لە باکوورەوەش لەگەڵ مەعموورەتولعەزیز سنووردارە.

ناوەندەکەی گوندی کەلیفەتییە کە سەرژمێری ٢٠٠٠ کەسە، لە نزیك ڕوومقەڵای ناوبراو و لە ڕۆخی لای چەپی فوراتدایە. قەزا، بریتییە لە ١٨٠ دێ، تەنیا بڕی ٢٠٠٠ی سریان و بـەگشتـیش خـرستـیـانن، ئـەوی دیکـە پـاکـی مـوسڵـمـانن و ٢٧,٦٩٦ کـەسی سەرژمـێرە، لـە ناوەندا قوتابخانەیەکی ناوەندی و یەکی منداڵان و بازاڕ و جێ جێ شاری کۆن و پاشماوەی قەڵایەکی تێدایە. خاکەکەی بەپیتە، لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆری باخیان هەیە، جۆرە خواردنەوەیەکی سووری پەسند و عەرەقی هەیە، مێوژێکی زۆریش بەرهەم دەهێنرێ. فستق و هەنجیر و زەیتوونیشی زۆرە، ڕۆنی زەیتوونیشی زۆر پەسندە.

(ب/٣ - ل/٢٣٧٧)

**ڕەئفەت ئەفەندی (حاجی محەمەد)**: خەڵکی سلێمانییە، ١٢٥٣ی.ز (١٨٣٧-١٨٣٨ی.ز) هاتووەتە دەرسەعادەت (ئەستەمبووڵ)، لە هەندێك قوتابخانەدا فێرکاری فارسی بووە. ئەم دێڕە سەرەتای شیعرە هی ئەوە:

یـد بیـضـای کلیمـده عـصـادر خـامـەم

دشمنك سحرینە اعجاز نمادر خامەم......... (جەلیل)

(ب/ ٣- ل/ ٢٢٤٩)

**ڕەزم**: زێیەکی سەر بە دیجلەیە، یاقووتی حەمەوی ڕوونی کردووەتەوە کە زێی بدلیسیش دەرژێتە ناو ئەم زێیە، بەپێی ئەم پێناسەیە، دەبێ زێی سعرد بێ. (وەرگێڕ)

(ب/ ٣- ل/ ٢٢٧٥)

**ڕەس**: ئەو ناوەیە کە لە کتێبە عەرەبییەکاندا بەزێی ئاراس دراوە، ئەو نەتەوەیەی لە قورئانی پیرۆزدا بە خاوەنانی ڕەس (أصحاب الرس) باسیان لێ کراوە، وادادەنرێ کە ئەوان کە لە دۆڵی ئەم زێیەدا ژیاون. (وەرگێڕ)

(ب/ ٣- ل/ ٢٢٧٥)

**ڕوشدی پاشا (محەممەد)**: یەکێك بووە لە وەزیران و شاعیران، خەڵکی ئەرزەڕۆمە، دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر لە نووسینگەی دیوانی هەندێك لە وەزیران-دا کاری کردووە کە یەك لەوانە حەسەن پاشای جەزایریی کاپتنی دەریا بووە، لە سەردەمی سوڵتان سەلیم خانی سێیەمدا، لە ئەمانەتی نزوولی لەشکری شاهانە دامەزراوە، نێرراوەتە میسر، دواتر لە کاری وەکو (موبایەعەی میریی سەلانیك) و ئەفەندییێتیی یەنیچەری و سەرژمێرێتیدا کاری کردووە. لە ١٢٢٧ی.هـ (١٨١٢-١٨١٣ی.ز)دا بەپلەی وەزیری بووەتە قایمقامی یاوەرانی (ڕیکاب)ی شاهانە. دوای ئەوەی ١٨ مانگ لەم پلەیەدا ماوەتەوە، لە کار لابراوە، ناچاری لە گالیبۆلی-دا دانیشتن کراوە. دواتریش سلستره و وودین-ی دراوەتێ و لە ١٢٣٥ی.هـ (١٨١٩-١٨٢٠ی.ز)یشدا ئینەبوختی و دواتریش ویلایەتی بوسنەی دراوەتێ. ماوەیەکیش کە لە ئەسکەجەدا دانیشتووە، لە ١٢٣٦ی.هـ (١٨٢٠-١٨٢١ی.ز)دا لیواکانی ئەنقەرە و کەنغری-ی دراوەتێ و کراوەتە پارێزگای سۆفیە، دوای چوونی بۆ سۆفیە لە ٧٢ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە. ئەم دێڕە شیعرییە هی ئەوە:

أهل دانش ستم دهر ایله پامال أولماز

گورسه مجنون بیله خاك أوزره براقماز گهری.... (وەرگێڕ)

(ب/ ٣- ل/ ٢٢٧٩)

**ڕشکی**: لە شاعیرە ئێرانییەکان بووە. - موحسین بەگی هەمەدانی، لە تەورێز (تەبریز)دا کوژراوە. ئەم دێڕە شیعرە هی ئەوە:

رفتم و اندوه هجران ترا بردم بخاك

تابببنم بیتو حال خفتکان خاك چیست.... (وەرگێڕ)

(ب/ ٣- ل/ ٢٢٧٩ - ٢٢٨٠)

**ڕفعەت بەگ (عەبدولڕەحمان)**: خەڵکی حیصنی مەنصوور-ە، لە ١٢٢٣ی.هـ (١٨٠٨-١٨٠٩ی.ز)دا لە دایك بووە و چووەتە سەر ڕێبازی بەکتاشی. ئەم دێڕەی سەرەتای شیعرە هی ئەوە:

قاشك کوزك که شرطله تیر و کمانلیدور

طوت کیم اوسهمه سینهء عاشق نشانلیدر... (وەرگێڕ)

(ب/ ٣- ل/ ٢٢٩١)

**ڕەفیع**: بە(دەللی ڕەفیع– واتە ڕەفیعە شێت) بەناوبانگە، بەخۆی کە دیاربەکرییە، کە چووەتە دەرسەعادەت (ئەستەمبووڵ) چووەتە ڕێی زانستی (طریق عیلمی– دیارە پایەیەك بووە!..، و. کوردی)، چەند پایە و پلەیەکی بڕیوە و بووەتە قازیی میسر، لە ١٢٣١ی.هـ (١٨١٥–١٨١٦ی.ز)دا کۆچی دوایی کردووە، ئەم پارچە شیعرە هی ئەوە:

اول طفل لازه اوف دیوب ایتدی نگاه گرم

یوزی صغوق رقیب طربزان بـاباسیـدر

ابریق می که صـاغرك امزکلـی مـادری

پیری مغانده ساقیلرك سود بـابـا سیدر... (وەرگێڕ)

(ب/ ٣– ل/ ٢٢٩٢)

**ڕەمك**: شارۆچکەیەکی بچووکە لە لیوای سلێمانیی ویلایەتی مووسڵدا.(وەرگێڕ)

(ب/ ٣– ل/ ٢٣٠٠)

**ڕوکنـوددیـن یـووسف شا**: هـەشتـەمین شای ئـەتـابـەگ–انـە کـە لـە لـوڕی گـەورەدا فەرمانڕەواییان کردووە. کوڕی نوصرەتوددین ئەحمەد–ە. ساڵی ٦٣٣ی.هـ (١٢٣٥–١٢٣٦ی.ز) لەسەر کۆچی دوایی باوکیەوە چووەتە سەر تەخت، دوای ئەوەی شەش ساڵ بـەدادوەری و مـافـپـەروەریـیـەوە فـەرمـانـڕەوایـیـی کـردووە، لـە ٦٤٠ی.هـ (١٢٤٢–١٢٤٣ی.ز)دا کۆچی دوایی کردووە. موزەففەروددین ئەفراسیاب– کوڕ و جێنشینی دوا شای ئەو خانەوادەیەیە. (جەلیل).

(ب/ ٣– ل/ ٢٢٩٧)

**ڕوودبار**: شارۆچکە و گوندگەلێك لە لایە چیاکانی ئێراندا بەم ناوەوە هەیە. هەندێکیان زێدی هەندێك لە زانا بەناوبانگەکانە. – لە لوڕستان و لەسەر زێی کەرخەشدا بەم ناوەوە کەلاوەکانی شارێکی زۆر کۆنی لێیە. پاشماوەی سەردەمی ساسانییانە. (وەرگێڕ)

(ب/ ٣– ل/ ٢٣١٥)

**ڕەونەقی**: لە شاعیرە ئێرانییەکانە، هەمەدانییە، لە ١٠٣١ی.هـ(١٦٢١–١٦٢٢ی.ز)دا کۆچی دوایی کردووە، ئەم دێڕە شیعرە هی ئەوە.

حرقت از شوق زپس باهمەکس میگویم

یاتو کرمی خورم اول بعسس میگویم.... (وەرگێڕ)

(ب/ ٣– ل/ ٢٣٨٠)

**ڕوها** (ڕەها): کۆن عەرەبەکان بەشاری ئورفەیان گوتووە. وا دەزانرێ لە (ڤالیرووئە)ی ڕوومییەوە وەرگیراوە کە واتای (ئاوی ڕەوانی زۆرە) دەگەیەنێ. (بڕوانە بابەتی «ئورفە»). (وەرگێڕ)

(ب/ ٣– ل/ ٢٣٨٤)

# ز

**زاب**: دوو زێی سەربەدیجلەن، یەکەمیان کە گەورەکەیانە زێی سەرەوە (زێی گەورە) و دووەمیان کە لە یەکەمیان بچووکترە، زێی خواروو، یان (زێی گچکە)ی پێ دەڵێن. هەر دووکیشیان لە چیاکانی سنووری ئێرانەوە دێنە خوارێ و لە ڕۆخی لای چەپەوە دەڕژێنە ناو دیجلەوە.

زێی سەرەوە، لە باشووری خۆرهەڵاتی داوێنەکانی چیاکانی ئەڵباق–ی ناو ویلایەتی وان–ەوە هەڵدەقوڵێ، دواتر دەگەڕێتەوە بۆ لای باشوور و چیاکانی حەکاری دووکەرت دەکا و دوای ڕەتبوون بەناو کۆمەڵە گەرووییەکی تەنگەبەردا، بەر لەوەی بچێتە ناو ویلایەتی مووسڵ، بەرەو باشووری خۆرهەڵات، کە دەگاتە نزیکی ڕەواندزیش یەکسەر دەگەڕێتەوە بەرەو باشووری خۆرهەڵات و ٤٥ کیلۆمەتر لە خوارووی مووسڵدا دەڕژێتە دیجلەوە. ڕێڕەوەکەی نزیکە و بەمەزەندە ٤٥٠ کیلۆمەترێک دەبێ، دوای دیالا گەورەترین باڵی دیجلەیە، چ لە ویلایەتی وان بێ چ لە ویلایەتی مووسڵ، ئاوی چەند جۆ و جۆبارێك کۆدەکاتەوە و بەتایبەتی لە وەرزی باران باریندا و لەبەر ئەوەی بەفری چیاکان دەتوێنەوە

و ئاوی دیجلە باشتر و باشتر پتر دەکەن و دەبنە هۆی لافاو و هەڵچوونەوەیان، ئاوەکەی لە ڕێڕەوەکانی سەرەوەیاندا سووربـاو (مەیلە و سوور) دەبێ و ڕۆیشتنی تیژتر دەبێ، عەرەب پێیشی دەڵێن (زابولمەجنوون)[٣١٢].

زێی خواروو، لە لیوای سلێمانییەوە، کە لە داوێنەکانی خۆرهەڵات و خۆراوای ئەو چیایانەی سنووری ئێران و عیراق لە یەك جودا دەکاتەوە، هەڵدەقوڵێ، لە چەند جۆگە و جۆبارێکەوە پێکدێ و بەرەو باشووری خۆراوا ڕێ دەکا، کە بەژێر ئاڵتوون کۆپری-دا ڕەت دەبێ و دوای ئەوەی ٢٠٠ کیلۆمەتر ڕێ دەکا، ٧٠ کیلۆمەتر لە خوارووی زێی سەرەوەدا لە سنووری ویلایەتی بەغدادا دەڕژێتە ناو دیجلە.

(ب/٤ - ل/٢٤٠٣)

**زاخۆ**: شارۆچکەیەکە، ناوەندی قەزایەکە لەسەر زێیەکی سەر بەدیجلەدا، نزیکەی ١٠٠ کیلۆمەتر لە باکوری خۆراوای مووسڵ و ویلایەت و لیوای مووسڵدایە.

قەزای زاخۆ، لەوپەڕی باکوری خۆراوای ویلایەتدایە، لەگڵ ویلایەتەکانی دیاربەکر و بتلیسدا هاوسنوورە، ئەم قەزایە، پێکەوە لەگەڵ ناحیەی سلێڤانی ١٠٠ گوندیان هەیە.

(ب/٤ - ل/٢٤٠٤)

**زاهر** (**ئەلظاهر**)، (**ئەلمەلیکو لظاهر ئەبولفەتح غازی کوڕی سوڵتان سەڵاحەددینی ئەییووبی**): ساڵێك دوای ئەوەی کە باوکی لە میسر سەربەخۆییی بەدەست هێنا، واتە لە ٥٦٨ی.هـ دا لە قاهیرە هاتووەتە جیهان. لە ٥٨٢ی.هـ دا لە جێی مەلیك عادل-ی مامی لە میرنشینیی حەڵەبدا دامەزرا، دوای ئەوەی ٣١ ساڵ بەتەواوی دادوەری و سەرڕاستی میرایەتیی بەجێ هێنا، لە ٦١٣ دا لە حەڵەب کۆچی دوایی کردووە. لە ناو (قەلعە)دا نێژراوە.

دوای ئەوە شیهابەددین توغروڵ-ی ئەتابەگی کوڕی لەژێر قەلعەدا مەدرەسەیەکی دروست کرد. تەرمەکەی گواستراوەتە ئەوێ و لەوێ نێژراوەتەوە، مەلیك عەزیز-ی کوڕی بووەتە جێنشینی. میرنشینیی حەڵەب ماوەیەکی زۆر بەدەست نەوەکانی ئەمدا ماوەتەوە، ئەم بنەماڵەیەش بووەتە یەکێك لە لقەکانی شایە ئەییووبییەکان.

(ب/٤ - ل/٣٠٣٣)

**زەیتوون**: شارۆچکەیەکە، ناوەندی قەزایە، لە ٤٠ کیلۆمەتری باکووری خۆراوای مەراش-دا، لە لیوای مەراشی ویلایەتی حەڵەبدا. (٥٠٠٠)ی دانیشتووانە، کە ١٠٠٠یکی کوردە و هەموو موسڵمانن، ئەوی دیکە ئەرمەنین، ئەرمەنیی کاتۆلێك و سوریانی. بارەگایەکی حکوومەت و قشڵەیەك و دوو کڵێسەی هەیە، لەو چیایەدا کە هاوناویەتی دامەزراوە، بەدارستان و دارستانی زەیتوون دەورەدراوە، هۆی ئەم ناولێنانەشی هەر ئەمەیە.(٣١٣)

قەزای زەیتوون لە باکورەوە بەئەلبوستان، لە خۆراواوە بەخودی مەراش و لە باکورەوە بەقەزای ئەندرین و لە خۆراواشەوە بەلیوای کۆزان-ی ویلایەتی ئەدەنە دەورەدراو و سنووردارە. لە ٢٨ گوند پێکهاتووە و ٢٤,٠٢٣ کەس دانیشتووانی هەیە و ٨٠٠٠ی ئەمانە کوردن و هەمووشیان موسڵمانن، ئەوەی دەمێنێتەوە زۆربەیان ئەرمەنین.

زەوییەکانی چیایین و سێ چیای بەناوی چیاکانی زەیتوون و قوروداغ و تەکرداغ-ی هەن.

جۆگەکانی بەزێی جەیحوونەوە پەیوەستن. لە بەشی خۆراوای قەزادا ئاوی تەکیرسوو لە بەشی خۆرهەڵاتیشیدا خورماسو-ی پێدا دەڕوا، ئاوێکیش کە بەلای شارۆچکەی زەیتووندا دەڕوا، دەڕژێتە ئەم دووەم زێیە. زەوییەکەی کەمپیتە، بەروبووی لە گەنم ، جۆ، گەنمەشامی، زەیتوون و هەندێك میوە پێکهاتووە. گاو مەڕیان تا ڕادەیەك زۆرە، لە زۆر شوێنیدا کانزای ئاسن هەیە، لە لایەن خەڵکەوە دەردەهێنرێ و دەبرێتە مەراش و لەوێ ئامێری جووت و ناڵی وڵاخ و هی دیکەی لێ دروست دەکرێ. بەشێك لە خەڵکەکەشی بەکرێکاری گوزەران دەکەن.

(ب/٤ - ل/٢٤٣٧)

**زێبار**: قەزایەکە لە ویلایەتی مووسڵ، لەوپەڕی خۆرهەڵاتی لیوادا، لە لای باکوری خۆرهەڵاتی مووسڵدایە، لە باشوورەوە بەلیوای شەهرەزوور (شارەزوور) و لە باکورەوە بەلیوای حەکاریی ویلایەتی وان و لە خۆرهەڵاتیشەوە بەسنووری ئێران سنووردارە، پێکەوە لەگەڵ ناحیەکانی شێروان و موروززی بالا(٣١٤) لە ١٨٥ گوند پێکهاتووە. زەوییەکەی چیاییە، خەڵکەکەشی کوردن.

(ب/٤ - ل/٢٤٣٦ - ٢٤٣٧)

**زکتیٚ**: ناحیەیەکە لە لیوا و قەزای گەنج-ی ویلایەتی بتلیس-دا، لە خۆرهەڵاتەوە بەقولْپ، لە باکورەوە بەچەباقچور، لە خۆراواوە بەقەزای پالْۆ، لە باشوورەوەش بەناحیەی پێچار سنووردارە. ناوەندەکەی ٩ سەعات لە ناوەندی لیواوە دوورە، ناحیەکە لە ٤٥ دێ پێکهاتووە، دانیشتووانی لە کورد و ئەرمەن پێکهاتوون.

بەشی خۆیان دارستان و داری بەرداری وەکو گوێز و سێو و هەرمێ و تووی هەیە، زستانی زۆر درێژە، بەفر لە تشرینی دووەمەوە تا مارت (ئادار) بەردەوام دەبێ. بەروبوومی خاکەکەی لە جۆ و گەنم و تووتن و چەوەندەر و شێلم و هی دی پێکدێ. ئەگەر چی وەکو دەگوترێ، هەندێك کانزا لە چیاکانیدا هەیە، هیچی دەرنەهێنراوە هەندێك ئەشکەوتی لە بەرد داتاشراو و شوێنەواری کۆنی دیکەشی لێیە، ئاژەڵی کێوی، ورچ و گورگ و کەمتیار و کەروێشك و بەرازی لێیە. لە ناو ناحیەدا دوو نوێژگە و مەدرەسەیەك هەیە.

(ب/٤ - ل/٢٤١٦)

**زۆزان**: ناحیەیەکە لە نێوانی ئەخلات و ئازەربایجان و دیاربەکر و موسڵدا، کوردی لێ دادەنیشێ. لەو کتێبانەدا کە وڵاتگیرییان کردووەتە بابەتی نووسراوەکانیان کە ساڵی ١٩ی هیجری (٦٤٠ی زایین) لە لایەن حەزرەتی عیازی کوڕی غەنەم-ەوە لە ڕێی ئاشتییانەوە گیراوە. ئیبنو ئەسیر[٣١٥] ئەوەی ڕوون کردووەتەوە کە ئەم ناحیەیە لە بەری خۆرهەڵاتی دیجلە و لە بەرامبەری جەزیرەیی ئیبنیعومەر-واتە جزرە-دایە، لە دووریی دوو ڕۆژە ڕێ لە مووسڵەوە، دەست پێ دەکا تا سنوورەکانی ئازەربایجان درێژ بووەتەوە و گەلێك قەڵای سەختی لە ناودایە.

(ب/٤ - ل/٢٤٣٠)

**زووکەر**[٣١٦]: ناحیەیەکە لە قەزای ڕەفاهییەی لیوای ئەرزنجانی ویلایەتی ئەرزەڕۆم، لە ناوەندی قەزاوە بەڕێوە دەبرێ، لە ١٧ دێ پێکهاتووە.

(ب/٤ - ل/٢٤٣١)

**زافی-یی دیاربەکری**: لە شاعیرە عەرەبەکانە، ١٦٩٠ی زایین لە (پادوورە)، لەگەڵ وەرگێڕانی لاتینیی پێکەوە دیوانی چاپ کراوە. بەڕێباز دییان بووە، وا دەزانرێ پسقوپۆس (گەورە قەشە)ی ماردین بووە. (وەرگێڕ)

(ب/ ٤- ل/ ٢٤٠٦)

**زائیر**: یەك لە شاعیرە ئێرانییەکانە، هەمەدانییە، گەشتی بۆ هیندستانیش کردووە، ئەم دێڕە شیعرە هی ئەوە:

ازپس کە رخترا عرقی شرم حجابست

عکس تو در آیینه چوکل در تە آبسـت....(وەرگێڕ)

(ب/ ٤– ل/ ٢٤٠٩)

**زەکـــی**: شاعیرێکی ئێرانییە، هەمەدانییە، لە خزمەتی تورکاندا لە لەشکری شاتەهماسپ–دا بووە، دیوانی ڕێکخراوی هەیە، ئەم دێڕە هی ئەوە:

آخر کشـد بکنـج قـفس سـیر گلـشنم

درهیچ باغ نیست کەراهی بدام نیست... (وەرگێڕ)

(ب/ ٤– ل/ ٢٤١٧)

**زەمانی**: لاهیجانییە، کاری لە گەردانکردن (سەرف) و ڕێزماندا کردووە، ئەم دێڕە هی ئەوە:

مکیدن لب شاهد و زخم گـردن

نمك خوردنست و نمکدان شکستن..... (وەرگێڕ)

(ب/ ٤– ل/ ٢٤٢٠)

**زەند**: خانەوادەیەك بووە بەر لە خانەوادەی قاچار کە ئەمڕۆ لە ئێران فەرمانڕەوایی دەکەن (مەبەست سەردەمی سەد ساڵ لەمەوبەری دەمی چاپکردنی ئەم کتێبەی بەردەستدایە) ئەوان (زەند) فەرمانڕەواییی ئێرانیان کردووە. دامەزرێنەرەکەی عەبدولکەریم خان–ە کە سەر بەنەوەیەکی بەو ناوەوە بووە. ئەم کەسە نەفەرێکی ئاسایی بووە لە لەشکری نادرشا–دا، دواتر چووەتە پاڵ عەلی مەردان خان و عەلی مەردان خان کە لە دوای نادرشا پەیدابووە، لەو دەمانەدا ئەسفەهان–ی گرتووە، منداڵێکی لە نەوەی شایەکانی سەفەوییانی بەناوی (شا ئیسماعیل)ەوە هێناوەتە سەر تەخت. بەمردنی عەلی مەردان خان، باس لێوەکراو شوێنی گرتووەتەوە، بەناو فەرمانڕەوایی بۆ شا ئیسماعیل داناوە و خۆی بەناوی جێگرەوە و دەستی لە هەندێك دژ و ناحەز وەشاندووە و هەموو ئێرانی گرتووەتە دەست،

بەخۆی دادەپەروەر و خێرخواز بووە، کشتوکاڵ و بازرگانی و زانستی ژیاندووەتەوە، بەزۆری کە شیرازی کردبووە بنکەی خۆی ئاوەدانی کردووەتەوە و ڕازاندوویەتییەوە، لە ١١٩٣ی.هـ (١٧٧٩–١٧٨٠ی.ز)دا عەبدولکەریم خان کۆچی دوایی کردووە. زەکی خان–ی برای کە چووەتە جێی لەگەڵ ئەوەشدا کە پیاوێکی بەدخوو بووە، زۆر دەوامی نەکردووە، دوای ئەو بووەتە بەشی ئەبولفەتح خان–ی دووەم کوڕی عەبدولکەریم خان کە ئەمیش شل و شۆق و پیاوی ڕابواردن بووە، سادق خانی مامی چووەتە سەر تەخت و لە ١١٩٦ی.هـ (١٧١٨–١٧٨٢ی.ز)دا عەلی موراد خانی نەوەی چووەتە سەر تەخت و ئەمیش دوای ئەوەی ماوەیەکی کەمی بەخەم و پەژارەوە فەرمانڕەوایی کردووە، لە ١١٩٩ی.هـ (١٧٨٤–١٧٨٥ی.ز)دا مردووە. جەعفەرخانی کوڕی صادق خان بۆتە جێگرەوەی. لە سەردەمی ئەمیاندا ئاقا محەمەد خان–ی دامەزرێنەری خانەوادەی ئێستا پەیدا بووە، لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری ئێرانی گرتووە، تەنیا فارس و کرمان لە دەستی جەعفەرخاندا ماوەتەوە. لە ١٢٠٣ی.هـ (١٧٨٧ –١٧٨٩ی.ز)دا جەعفەر خان دەرمانخوارد کراوە، لوتف عەلی خانی کوڕی کە هێشتا لاو بووە، بەکۆششی حاجی ئیبراهیم چووەتە سەرتەخت. ناوبراو کە خاوەنی دەسەڵاتێکی زۆر بووە. لوتف عەلی خان کە ئەمەی پێ بەرگە نەدەگیرا لەگەڵ حاجی ئیبراهیمدا نێوانیان تێکچووە، کە لوتف عەلی خان لەشکری ناردە بەرامبەر ئاقا محەمەد قاچار حاجی ئیبراهیم شیرازی گرتووە و لوتف عەلی خان کە ئەم هەواڵەی پێ دەگا دەگەڕێتەوە دواوە و لەو دەمەدا کە خەریکی گەڕاندنەوەی شیراز بووە، بەلەشکر ناردنە سەر ئاقا محەمەدی قاچار: لەو جەنگەدا کە ڕووی داوە، ئەگەرچی لوتف عەلی خان سەریشکەوتبێ، تووشی فێڵێك هاتووە و سوودی لە سەرکەوتنەکەی نەبینیوە، بەرەو کرمان هەڵاتووە، خۆی لێ قایم کردووەتەوە بەڵام بەرگرییەکی زۆری نەکردووە، بە دیلی کەوتووەتە بەردەستی ئاقا محەممەد و بەفەرمانی ئەم چاوی کوڵراوەتەوە و نێرراوەتە تاران و لەوێ مردووە. بەم جۆرە خانەوادەی زەند کە لە حەوت فەرمانڕەوا پێکهاتووە کۆتاییی پێ هاتووە. (وەرگێڕ)

(ب/ ٤– ل/ ٢٤٢٢– ٢٤٢٣)

**زەنگاباد**: شارۆچکەیەکی بچووکە لە ڕۆخی خۆراوای زێی دیالا و نزیکی سنووری ئێران و لە سنووری ویلایەتی بەغدا و مووسڵدا، زووتر ناوەندی ناحیە بووە. (وەرگێڕ)

(ب/ ٤– ل/ ٢٤٢٤)

# س

**سەعید**: پێنجەم فەرمانڕەوای مەڕوانییان کە لە دیاربەکردا فەرمانڕەواییان کردووە. کوڕی ئەبونەسرەو جێنشینییەتی. لە لایەن باوکییەوە لە ئامەد دامەزراوە و نەسر-ی براشی لە مەییافارەقین. لەبەرئەوەی لە سەدەی پێنجەمی هیجری (**١١**هەمی زایین) کەمێك فەرمانڕەوایی کردووە و کۆچی دوایی کردووە، نەسری برای ئامەدیشی خستبووە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

(ب/ ٤- ل / ٢٥٧٦)

**سەلاحەددینی ئەییووبی** (**مەلیك ناصر ئەبولموظەففەر، یووسف-ی كوڕی ئەییووب**): لە میسر و شام و حیجاز و یەمەندا فەرمانڕەوایی کردووە و دامەزرێنەری دەوڵەتی ئەییووبی کە چەند لقێکی لێ بووەتەوە و یەکەم فەرمانڕەوای بووە، سەر بەهۆزی گەورەی ڕەوادییەی[٣١٧] یەك لە هۆزە کوردییەکانە. باوباپیرانی خەڵکی دوینی ناوچەی ئەرران-ی ئازربایجانن. سەعیدی باپیری، لەگەڵ دوو کوڕی خۆی، نەجمەددین ئەییووب و ئەسەدوددین شێرکۆ[٣١٨] شارۆچکەی ناوبراوی جێهێشتووە و چووەتە بەغدا، لەوێشەوە

چووەتە تکریت و لەوێ کۆچی دوایی کردووە.

کوڕەکانی لای موجاهیدوددین بەهرۆز کە لە عیراقدا بەرپرسی هێزی پارێزگاریی سوڵتان مەحمودی سەلجووقی بووە، دامەزراون. پاراستنی تکریت بە نەجمەددین ئەییووب سپێرراوە، کە گەورەی ئەمان بووە. لەو دەمانەدا کە عیمادەددین زەنگیی حوکمداری مووسڵ بەوناوەدا ڕەت بووە، یارمەتیی پەڕینەوە لە دیجلەی داوە، لە لایەنی ئەمەوە براوەتە لای خۆی. عیمادەددین زەنگی کە بەعلەبەك- دەگرێ، پاراستنی بەنەجمەددین زەنگی سپاردووە. دوای کۆچی دوایی عیمادەددین زەنگی، هەردوو برا لە خزمەتی نوورەددین مەحموودی کوڕیدا ماونەتەوە.

سەلاحەددین یووسف لە ٥٣٢ی هیجری (١١٣٨ی زایین)دا لە تکریت لە دایك بووە، لە بەعلبەك و شامدا لە تەك باوکیدا پەروەردە بووە و بەرامبەر خاچپەرستان لەو پێکدادانەی ئەنجام دراوە ئازایەتی و دلێریی نواندووە. لە ٥٥٨ی هیجری (١١٦٣ی زایین)دا بۆ یارمەتیدان چووەتە لای ئەسەدەددین شێرکۆی مامی و دواتر لە ٥٦٢ و ٥٦٤ی هیجری (١١٦٧ و ١١٦٩ی زایین)دا بۆ تێکدانی ڕێککەوتنی شاوەری وەزیری میسر و خاچپەرستەکان، سێ جار چووەتە میسر. لە سێیەم چوونیدا ئەسەدەددین شێرکۆی مامی، لە جێی شاوەر بووەتە وەزیری عادیدلیدینیللای دوا خەلیفەی فاتیمی، سەلاحەددینیش بووەتە دابینکەرەوەی ئارامی و یاریدەدەری. هەر ئەو ساڵ کە ئەسەدەددین شێرکۆ کۆچی دوایی کرد، سەلاحەددین لە جێی ئەو بووە وەزیری میسر، زانایانی وڵاتەکە و ئەدەبناسان هەموو خەڵکەکەی لە خۆی نزیك کردەوە و هێزێکی گەورە و دەسەڵاتی بەدەست خست.

لە ٥٥٧دا[٣١٩] کە عادیدلیدینیللا کۆچی دوایی کرد، سەلاحەددین لە جێی ئەو بووەتە حوکمداری میسر و لێدوانی هەینیی فاتیمییانی لابردو بەناوی موستەهدی بینووریللاهی یەك لە خەلیفەکانی عەبباسی لێدوانی بەخوێندن دا، ڕێبازی شیعەگەرییشی لابردو قازیی سەر بە ڕێبازی شافیعیی دامەزراندوون، سەلاحەددین، ئەگەرچی بەڕواڵەت وا دەزانرا کە سەر بەنوورەددین شەهید-ی کوڕی عیمادەددینی زەنگی-ی حوکمداری شام و حەڵەب بووبێ، بەڵام لە ڕاستیدا سەربەخۆ بووە.

دواتر لە ٥٦٩ی هیجری (١١٧٣ی زایین) نوورەددینیش بێ ئەوەی منداڵ لە دووی خۆی بەجێ بهێڵێ کۆچی دوایی کرد، ناوچەی شامیش بەتەواوی کەوتە دەست سەلاحەددین. هەر وەکو دەڤەرەکانی جەزیرە و دیاربەکری لە دەست ئەتابەگەکانی

مووسڵ و حوکمداره ناوچەییەکانی دیکە دەرهێنا، پێشتر بەناردنی توورانشاهی خزمی بۆ یەمەن ناوچەی یەمەنیشی دەست بەسەردا گرتووە. بەدامەزراندنی خزم و نزیکەکانی خۆی کە ژمارەیان زۆر بووە. لە شام و حەڵەب و حەما و حومس و ناوچەکانی دیکە بەحوکمدار و فەرماندە، هێرشی توندیان بەرانبەر ئەو خاچپەرستانە ئەنجام داوە کە قودس و ڕۆخەکانی شام و[320] هەندێك شوێنی دیکەیان دەست بەسەرداگرتووە و کەوتووەتە بەرگری و زۆربەی ناوچە ناوبراوەکانیان ڕزگار کردبوو. ئەو گرووپە خاچپەرستە دەمار گرژانەی شەپۆل لە دوای شەپۆل وەك سێڵاوی بەڵا. لە گشت لایەکی ئەورووپاوە هاتوون، هەر هەموویانی شکست پێ خواردووە و پەرێشانی کردوون و چەندین میر (پرنس) و شایانی بەدیل گرتووە، ٢٢ ساڵ فەرماندەواییی کردووە و لە ٥٨٩ی هیجری (١١٩٣ی زایین)دا لە تەمەنی ٥٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

ئازا و دلێر و دادپەروەر و خواردە و بەبەزەیی بووە، لە بابەتی هەموو زانستەکاندا، تەنانەت لە زانستی نۆشداریشدا خاوەن زانیاری بووە. فەرەنگ (ئەورووپاییەکان)[321] حەیرانی خوو و ڕەوشتی سەلاحەددین بوونە، کە وەك دوژمن تاکو ئێستاش بەڕێزەوە ناوی دەبەن. ئەو ئاوەدانی و شارستانی و دادپەروەرییەی بووەتە هۆیەك و نموونەیەك بۆ کەوتنە سەر ڕێی شارستانیی ئەورووپا.[322] [بۆ ئەو دەوڵەتەی کە دایمەزراندووە، بفەرموون و بڕواننە بابەتی: (ئەییووبییەکان)].

(ب/ ٤– ل / ٢٩٦٤)

**سەلاحەددینی ئەییووبی (کوڕی مەلیك عەزیزی کوڕی مەلیك ظاهر)**: دوا فەرمانڕەوای لقی ئەو ئەییووبییانەیە کە لە حەڵەب فەرمانڕەواییان کردووە. دوای ئەوەی دوو ساڵ حوکمی کردووە، لە لایەن سەربازانی هۆلاکۆوە[323] شکستی خواردووە و کوژراوە.

(ب/ ٤–ل / ٢٩٦٤)

**سەلاحییە**: قەزایەکە لە لای ئەوپەڕی باشووری لیوای شەهرەزوور (شارەزوور)، لە لیوای شارەزووری ویلایەتی مووسڵدا. ناوەندەکەی شارۆچکەی کفری–یە. لە باکووری خۆرئاواوە بەقەزای کەرکووك و لە باکوری خۆرهەلاتیشەوە بەلیوای سولەیمانی و قەزایەوە، لە باشووریشەوە بەویلایەتی بەغداوە سنووردارە. زێی دیالا بەسنووری باشووریدا دەڕوا و لەگەڵ چەند ئاو و جۆگەیەك زەویی قەزا ئاو دەدەن و دەرژێنە ناو زێی ناوبراوەوە.

زەوییەکەی زۆر بەپیتە و گەنم و جۆ و خورما و لیمۆ و بەروبوومی دیکەی هەیە. قەزا

لە ١٥٨ گوند بێکهاتووە. دانیشتووانی ١٤,٠٠٠ کەسن. جگە لە ٨٠ جوولەکەی ناوەند، هەر هەموو دانیشتووانی موسڵمانن و سەر بەڕێبازی شیعەن.

(ب/ ٤– ل/ ٢٩٦٥)

**ساسۆن**: قەزایەکە لە لیوای مووش–ی ویلایەتی بتلیس. بریتییە لە بەشی باشووری ئەو لیوایە. لە باکورەوە بەقەزای مووش و لە خۆرهەڵات و باشوورەوە بەبتلیس و لە خۆرئاواوە بەلیوای گەنج سنووردار و دەورەدراوە. شارۆچکەی خوتۆ کە ناوەندیەتی، سەردەمانێك شارێك بووە نزیکەی ٦٠,٠٠٠ کەسی دانیشتووان بووە. ئێستا شارۆچکەیەکی گچکەیە، لە دووریی ٢٤ سەعاتەڕێ لە ناوەندی لیواوە و ١٥٠ سەعاتەڕێ[٣٢٤] لە ناوەندی ویلایەتەوە دوورە. خاکەکەی چیایی و بەردەڵانە، چیای ساسۆنی بەشی خۆرئاوای ٢٦٠٠ مەتر و چیای ئۆتاغ–ی لای باشووریشی ١,٤٣٠ مەتر بەرزن. زۆربەی چیاکانی سەخت و بەردەڵان و دیمەنگەلێکی سەیریان هەیە. تەنیا لە بەشی خۆرهەڵاتیدا ئاوێك لە لای بتلیسەوە دێ و قەزا دەکاتە دوو بەشەوە و دەچێتە قەزای مووشەوە و دەڕژێتە زێی مورادەوە. ئاوەکانی دیکەی لە جۆگەی گچکە و بەست پێکهاتووە. خاکەکەی زۆر کەمپیتە، ئەو دانەوێڵەیەی بەدەست دەهێنرێ بەشی پێویستیی ناوچەکە ناکا. میوەی جۆراوجۆر و سەوزەش بەرهەم دەهێنرێ. گژوگیای زۆرە، مەڕ و ئاژەڵی ماڵیی دیکەیان زۆرە و سەرچاوەی سەرەکیی گوزەرانی خەڵکی بەروبوومی ئاژەڵە. لە چیاکانیدا گورگ و ورچ و کەڵەکێوی و حەیوانەکێویی دیکە زۆرە. لە هەندێك لە چیاکانیدا دارستانی ئەوتۆ هەن کە هێزم و داری پێویستی ناوچەیی دابین بکا. لە شوێنێکی زۆری قەزادا شوێنەواری کۆنی لێیە. هەوای لە شوێنە نزمەکاندا مامناوەندییە، لە شوێنە بەرزەکاندا ساردییەکەی پترە.

قەزا لە ١١٩ گوند پێکهاتووە، ٢٠,١٠١ کەس دانیشتووانی هەیە، ئەم برە ١٠,٣٧٠ی موسوڵمان و ٨,٣٨٦ی ئەرمەنی و ٣٧٢ی قیبتی و ٩٧٠شی یەزیدین. بەشی زۆری خەڵکە موسوڵمانەکە کوردن[٣٢٥].

بەسەر عەشیرەتی جیاجیادا دابەش کراون.

(ب/ ٤– ل / ٢٩١٧)

**سەروج**[٣٢٦]: شارۆچکەیەکە ناوەندی قەزایە، لە دووریی ٣٨ کیلۆمەتری ڕۆخی خۆرهەڵاتی فورات و ٤٠ کیلۆمەتر لە باشووری خۆرئاوای ئورفە، لە لیوای ئورفەی

ویلایەتی حەڵەبدا. سەردەمانێك زۆر ئاوەدان و گەورەبووە کە، لە ڕووخاندنەکەی تەیموور لەنگ بەم لاوە، نەهاتووەتە خۆ، لەم سەردەمەماندا لە دۆخی گوندێکدایە تەنیا ۱۵۰۰ کەسی دانیشتووانی لەخۆگرتووە، ئەم شارۆچکەیە لە ۱۷ی هیجری (٦٣٨ی زایین)دا لە لایەن عیازی کوڕی غەنەم-ەوە ئاشتییانە گیراوە، شارۆچکەیەکی زۆر کۆنە، ناوە کۆنەکەی (بەتنە)یە. لە نزیکیدا لە مەڕمەڕی ڕەش، پەیکەری دوو شێری گەورەی لێیە.

قەزای سەروج لە نێوانی هێڵەکانی ٤٠ ٣٦ لەگەڵ ١٤ ٣٧یْ پانی باکور و ٥٠ ٣٥ و ١٥ ٣٦یْ درێژیی خۆرهەلاتدا. لە باکور و خۆرهەلات و باشوورەوە بەئورفە و لە خۆرئاواشەوە، بەقەزای بیرەجك سنووردارە، قەزاکە لە ٣١٨ گوند پێکهاتووە، تەنیا ١,٥٣٣ی دیانی سوریانی و یەعقووبی، ئەوانی دیکە لە تورك و کورد و عەرەب-ی موسوڵمان پێکهاتووە[٣٢٧]. خاکەکەی زۆر بەپیتە. دەشتی سەروج، سەردەمانێك هەر وەکو ئەنبار (عەمار)ی ئازووقە وابووە، ئەمڕۆش دانەوێڵەیەکی زۆر بەدەست دەهێنێ. لەوەڕگا و گاجاڕیشی زۆرە، بەبڕێکی زۆر مەڕ و ئاژەڵی دیکەی هەیە. ئەسپیشیان جوانن، بەرهەمی پیشەسازییان بەڕە و مافوور و بەرماڵ و هی دیکەیە. لە ناو قەزادا ٣ مزگەوت و ٢ نوێژگە و ٣٢ دووکان و ١ فڕنی لێیە.

(ب / ٤- ل/ ٢٥٥٧- ٢٥٥٨)

**سەیفەددین ئەبوبەکر (مەلیك عادل کوڕی ئەییووب شادی)**: چوارەم حوکمداری ئەو ئەییووبییانەیە کە لە میسر فەرمانڕەواییان کردووە. برای سەلاحەددینی ئەییووبییە. لەبەرئەوەی نەوەی حوکمداری باس لێوەکراو موحەممەد مەنسوور هێشتا منداڵ بووە، لە ٥٩٦ی هیجری (١١٩٩ی زایین)دا لەسەر تەختی میسر دانیشتووە[٣٢٨]. لەگەڵ ئەو خاچپەرستانەدا خەریك بووە کە بەسەر لایەنی قودس و دمیات و مووسڵدا زاڵ بوون، لە ناوچەکانی قودس و شام-دا شوێنێکی زۆری لە دەست فەرەنگەکان ڕزگار کردووە و ئەرکی ڕزگارکردنی دمیاتی بە مەلیك کامیل-ی کوڕی سپاردووە، دوای ئەوەی ١٩ ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە، لە ٦١٥ی هیجری (١٢١٨ی زایین)دا کۆچی دوایی کردووە. لە قەلعەتولجەبەلی قاهیرە[٣٢٩]، سەرایەکی بەرزی بەدروستکردن داوە و لەوێ دادەنیشت.

(ب/ ٤-ل / ٢٧٦٥)

**سعرد**[٣٣٠]: شارۆچکەیەکە، ناوەندی لیوایە، لە دۆڵی ئاوی بۆتاندا، لە نێوانی ئەم زێیە و زێی بتلیسدا و لە ٥٠ کیلۆمەتری باشووری خۆرئاوای بتلیس، لە ویلایەتی بتلیسدا.

لەسەر هێڵی ٣٨یْ پانیی باکور و ٣٣ ٣٩یْ درێژیی خۆرهەڵاتدا هەڵکەوتووە. (١٥,٠٠٠) کەسی دانیشتووانی کە لە سێدا دووی موسوڵمان و سێیەکیشی ئەرمەنی و سوریانی و یەزیدی و هی دیکەن، ٥ مزگەوت و ٢٤ نوێژگە و ٢ تەکیە و ١ کڵێسەی ئەرمەنی و ٢ی کاتۆلیك و ١ی سوریانی و ١٥ مەدرەسە و قەڵایەکی کۆن و ٥٠٠ کۆگا و دووکانی هەیە. شارۆچکەکە بەباخ و باخچە دەورەدراوە و لەبەرئەوەی لە دۆڵێکی زۆر بەپیتدا هەڵکەوتووە. ئەگەرچی لە دەرەوە دیمەنێکی زۆرجوانی هەیە، ناوەوەی لە خاوێنی هەژارە و چونکە بیناکانیشی زۆر شێدارە، نەخۆشییەکانی چاو و هەڵامەت و نەخۆشییەکانی دیکەیان لێ کەم نابێتەوە، ئاویشی زۆر کەمە، لە کاتێکدا لە نێوانی دوو زێدا هەڵکەوتووە، نە بۆ خواردنەوە و نەبۆ زەوی ئاودان سوودی لێ دەبینرێ.

لە سعرددا، لە خوری و موو و لۆکە، شاڵ و بەرماڵ و عەبا و کاڵای سپی و سوور و چنراوی دیکە و لەگەڵ گۆپاڵ لە دار ئەبەنۆس و کەڵبە فیل (عاج) و شتی دیکەی وەك دارجگەرە و چەکی برندەی شێوە کۆنی لێ دروست دەکرێ. دەوروبەری شارۆچکە، جۆرە بەردێکی لێیە لە بەردی ماڵتە دەچێ، جۆرە قسڵێکی لێ دروست دەکرێ و لە بنیاتناندا بەکاردەهێنرێ. لە دەڤەری شارۆچکەدا ئەو هەڵکەنراوەی لە ناو تاکە پارچە بەردێکدا هەندێك بینای وەك خان و کۆگای تێدایە، ئەگەرچی بەگێڕانەوە بەشارۆچکەیەکی زۆر کۆنیش دانرابێ، ئەم گێڕانەوانە بەهیچ شێوەیەك بەشوێنەواری کۆن پشتڕاست نەکراوەتەوە. زمانی ناوچەیی عەرەبییە و هەشە بەتورکی و کوردی و ئەرمەنی قسە دەکەن.(٣٣١)

قەزای سعرد لە باکوری خۆرهەڵاتەوە بەشروان، لە باکوری خۆرئاواوە بەخەرزان، لە باشووری خۆراواوە بەڕیدوان و لە باشووری خۆرهەڵاتیشەوە بەقەزای ئەروخ دەورەدراوە و سنووردارە. لەگەڵ ناحیەکانی رستاق و نەڤرۆ و ڕەشان و بامەرد پێکەوە، لە ٥٤ گوند پێکدێ. خاکەکەی زۆر بەپیتە، گەنم و جۆ و برنج و کونجی و دانەوێڵەی دیکە و لۆکە و تووتن و میوەی هەمەجۆر و سەوزەوات بەرهەم دەهێنرێ. بڕێکی ترێ وشەك دەکرێتەوە و دۆشاوی ترێی لێ دروست دەکرێ. لە هەندێك میوەشەوە (پەستیل- قەمەرەددین) دروست دەکرێ. بڕێکی زۆری هەنگوینیشی لێ دەردەچێ، ئاژەڵیشیان زۆرە، پەنیرێکی زۆر و خوریی لێ بەرهەم دەهێنرێ. لە ناو قەزادا گەرماوێکی بەگۆگرد و ڕۆخی ئاوی بۆتانیش پیترۆڵی لێیە. هەندێك کەلاوەی قەڵای کۆن و لەسەر زێیەکاندا چەند پردێکی لەبەرد دروستکراو هەیە. سەرژمێری قەزا، لە ٢٥.٠٠٠ کەس پترە، بەشی زۆری موسوڵمانە.

(ب/ ٤-ل / ٢٥٧٣- ٢٥٧٤)

**سعرد (لیوای سعرد)**: یەکێکە لە چوار لیوا کە ویلایەتی بتلیس پێکدەهێنن و ئەوەیانە کە لەوپەڕی باشووردایە. لە باکورەوە بەخودی بتلیس بەخۆی و لە باکوری خۆرئاواوە بەلیوای گەنج و لە خۆرئاوا و باشوورەوە بەدیاربەکر، لە باشووری خۆرهەڵاتەوە بەویلایەتەکانی وانەوە سنووردارە و دەورەدراوە. لە نێوانی هێڵەکانی ٢٠ ٣٧ و ٣٠ ٣٨ ی پانیی باکور و ٣٣ ٣٨ و ١٦ ٤٠ ی درێژیی خۆرهەڵاتدایە. لە باشوورەوە بەزێی دیجلە و لە خۆرئاواوە بەبەشێکی ئاوی باتمان-ەوە جیابووەتەوە. خاکەکەی لە داوێنەکانی چیای بەشی باکوری لیوای بتلیس پێکهاتووە. بەگشتی لە باکورەوە بەرەو باشوور لە تاقمە دۆڵێك پێکهاتووە.

هەموو ئاوە ڕەوانەکانی دەڕژێتە دیجلەوە، گەورەترینی ئەمانە زێی بۆتانە، کە لە ویلایەتی وان-ەوە دێ بەرەو خۆرئاوا، دواتر بەرەو باشووری خۆرئاوا دەڕوا، دوای یەکگرتنەوەی لەگەڵ زێی باشوور کە لە بتلیسەوە دێ، بەرەو باشوور دەسووڕێتەوە و دەڕژێنە دیجلەوە. دووەمیان زێی خوتۆ-یە، کە لە بەشی خۆرئاوای لیوای بتلیس و هەروەها پێکهاتەی ئاوێکی زۆر کە لەو قەزایەدا هەڵدەقوڵێن و هەر ئەو ناوەی هەیە، بەرەو باشوور دەبێتەوە و هەروەها جۆگە و ئاوێکی زۆری دیکەش هەن کە هەر دەڕژێنە ئەم زێیەوە.

خاکەکەی، بەتایبەتی لە دەوروبەرەکانی سعرددا زۆر بەپیتە. دانەوێڵە و میوە و سەوزەوات سەرباری ئەوەی بەشی پێویستیی ناوخۆ دەکا، بەبڕێکی زۆریش دەنێررێتە بتلیس و دیاربەکر. باخیشیان زۆرە، ساڵانە ٢٥٠,٠٠٠ هۆقە شەرابی تێدا دەردەهێنرێ. لەو شوێنەی قەزای سعرددا کە ناوی مەعدەن (کان)ە، سەردەمانێك، هەر وەکو کانێکی بەکارهێنراوی مس و قورقوشمی تێکەڵ بە(زیو)یشی لێ بووە.

لە قەزای ئەروخ-دا کانی زێڕی لێ بووە، بەوەی کە مەزەندەی تێچووەکەی لە داهاتی پتربووە، بەکارنەخراوە، لە قەزای سعرددا ئاوێکی بەگۆگردی لێیە کە بۆ نەخۆشییەکانی پێست بەسوود بووە، زستانان گەرم و هاوینانیش ساردە. ئاژەڵە ماڵییەکانی قەزا، بریتییە لە ١٥,٥٠٠ گا، ٥,٥٠٠ ئەسپ، ٨١,٢٧٣ سەر مەڕ و ٧٩,٢٨٩ بزن. هەروەها بزنی مورادیشی لێیە.

هەوای قەزا سازگار و مامناوەندییە، گەرچی بەزستان بەفریش ببارێ، تەنیا لە چیاکاندا دەمێنێتەوە، لە بەهاردا هەندێك نەخۆشیی (تا) و نەخۆشیی پێست سەر هەڵدەدەن. بەهۆی خراپیی هەواکەوە نییە، لە لایەن خەڵکەوە، لە پشتگوێ خستنی خاوێنییەوەیە. بەم جۆرە،

زۆریی مرۆڤی تەمەن سەد ساڵە، گەواهی سازگاریی هەواکەیە. لە ناو قەزادا قوتابخانەیەك و ٦ مەدرەسە و ٥٧ قوتابخانەی منداڵان هەیە. ئەرمەنییەکانیش ٢ قوتابخانەی تایبەت بەکوڕان و ١ی کچان و ناوەندی و ٢٣ قوتابخانەی منداڵان و هەروەها ئەرمەنییە کاتۆلیك و کلدانییە پرۆتستانتەکانیش هەریەکە و ٣ قوتابخانەی ناوەندییان هەیە.

لیوای سعرد، وەکو لە خوارەوە ڕوون کراوەتەوە، کراوەتە ٥ قەزا و ٣ ناحیە، ٥٧٠ گوند و ١٠٠,٧٤٢ کەسی دانیشتووان هەیە.

| قەزا | ناحیە |
|---|---|
| سعرد | ڕیدوان |
| شروان | زرقیٚ |
| ئەروخ[٣٣٢] | دێرگول |
| پەرواری | .... |
| خەرزان | .... |

لەم ژمارە دانیشتووانەی باسی لێوەکرا، ٦٤,٤٤٨ یان موسوڵمان و ٢٧,١١٩ یان ئەرمەنی، ١٠٠٠ی ئەرمەنیی کاتۆلیك، ١,٠٣٣ی ئەرمەنیی پرۆتستانت، ..٢,٦ی کلدانیی کاتۆلیك، ٤,٢٥٠ی سوریانیی یەعقووبی، ١,٠٩٢ یان یەزیدین. موسوڵمانەکان بەشێوەیەکی سەرەکی لە تورك و کورد پێکدێن. بڕێکیشی عەرەبە.[٣٣٣]

(ب/ ٤– ل / ٢٥٧٤)

**سمیسات**: گوندێکە، ناوەندی ناحیەیە، لە ٤٨ کیلۆمەتری باکووری ئورفەدا، لای ڕاستی فورات، واتە لە ڕۆخی باکوریدا، لە قەزای حسنی مەنسوور–ی لیوای مەڵاتییەی ویلایەتی مەعموورەتولعەزیز–دایە. ئەگەرچی ٨٠٠ کەسی دانیشتووانی دەگرێتە خۆ.

سەردەمانێك شارێکی گەورە و ئاوەدان بووە و زێدی چەند زانایەکی بەناوبانگی ئیسلام بووە.

(ب/ ٤–ل / ٢٦٣٣)

**سنجار**: لە ویلایەت و لیوای مووسڵدا، لە ١٤٠ کیلۆمەتری خۆرئاوای شاری مووسڵدا و لە داوێنی ئەو چیایەدا کە هەر ئەو ناوەی هەیە، شارۆچکەیەکە ناوەندی قەزایە. بڕی ٧,٠٠٠

کەس دانیشتووانییەتی کە بەشی زۆری یەزیدین. ئەو ئاو و جۆگەلانەی لە چیای ناوبراوەوە دێنە خوارێ و بەناو کۆڵان و ماڵەکانی شارۆچکەدا ڕەت دەبن و لە خوار شارۆچکەدا خڕدەبێتەوە و ئاوێك پێکدەهێنێ. دوای ئاودانی باخچە و بۆستانەکانیان بەرەو باشووری خۆرئاوا دەڕواو لە ناو لیوای زۆردا دەڕژێتە ناو زێی خابووری پەیوەست بەفورات.

ئەگەرچی هەوای سنجار و شوێنەکەی جوانیش بێ، پێشکەوتنی خەڵکەکەی و توانای بەرەو پێشەوە چوونیان، ڕاستتر هەوەسیان لەوە نییە. شارۆچکەکە بارەگایەکی حکوومەتی، لە پاشماوەکانی قەڵا کۆنەکەی بنیاتنراو و قشڵەیەکی هەیە. شارۆچکەیەکی کۆنە، ناوە کۆنەکەی (سنخارە)یە، لە سەدەی یەکەمی زاییندا، بەوەی کە بووەتە مەیدانی چەند پێکدادانێکی نێوانی ڕۆمایی و ئێرانییاندا بایەخی پەیدا کردووە. شوێنەوارەکانی دەوروبەری شارۆچکەکە بەناوبانگە.

قەزای سنجار، لەگەڵ ناحیەی تەلەعفەر لە ٧٢ گوند پێکهاتووە. دانیشتووانی ١٧,٣٥٠ کەسن. ئەمانە ٩,٣٥٠ یان موسڵمانی لە تورکمان و کورد پێکهاتوون، ٨٠٠٠یشیان یەزیدین. لە چیای سنجار بەولاوە چیای دیکەی لێ نییە. خاکەکەی بەگشتی تەختانییە (دەشتە). جگە لە زێی سنجاری ناوبراو، لە بەشی خۆرهەڵاتی چیای ناوبراوەوە، دوو ئاوی هەیە بەناوی دۆڵی تەرتار و دۆڵی سوورەوە و بەرەو باشووری خۆرهەڵات دەچن. یەکەمیان بەرەو فورات دەچێ و لە جەزیرەدا بزر دەبێ، دووەمیشیان دەڕژێتە دیجلەوە. خاکی زۆر بەپیت و بەبەروبوومە. بەشی دەشتایی، بەکۆششی تورکمانان گەنمێکی زۆر و برنج و دانەوێڵەی دیکە و لۆکە و سەوزەوات و بەربوومی دیکە دەدا. یەزیدییەکان، ترێ و هەنجیر و توو و هەنار و میوەی دیکە پێدەگەیەنن. هەواکەی مامناوەندی و زۆر سازگارە.

خەڵکی ئەم قەزایە، هەر لە کۆنەوە لە ناو نائارامیدا ژیاون و بەتایبەتی یەزیدییەکان لەبەرئەوەی یاخی دەبن، لە سەردەمی سوڵتان مەحموود خانی دووەمدا سیستەمێکیان بەسەردا سەپێنراوە.

(ب/ ٤– ل / ٢٦٥٣)

**سنجار (چیای سنجار)**: چیایەکە لەبەشی خۆرئاوای ویلایەتی مووسڵ و لە لای باکوری ناوچەی جەزیرەی گەورەدا[٣٣٤]، لەو قەزایەدا کە هەر بەو ناوەوە ناونراوە، لە باشووری خۆرئاواوە بەرەو باکوری خۆرهەڵات درێژەی هەیە. هەر کە دەگاتە چیای موهەللەبییە کە لە خۆرهەڵاتەوە تا نزیکی مووسڵ درێژەی هەیە، لە لای خۆرئاواشیدا لەگەڵ چیای

جەربەدا یەك دەگرنەوە. بەرزاییی ئەگەرچی زۆریش نەبێ، لەبەرئەوەی ڕێك لە ناو دەشتاییەکانەوە بەرزدەبنەوە، زۆر بەرز دەنوێنن. بارانیان زۆرە. لە داوێنی باشووری خۆرئاوایەوە جۆگەیەکی زۆر دێتە خوار. زۆرلای داوێنەکانی بەباخ و داری میوە داپۆشراوە. ئەشکەوتی زۆرە.

(ب/ ٤– ل/ ٢٦٥٤)

**سنجاری**: نازناوی هەندێك لەو زانا ناودارانەیە کە لە سنجاردا لە دایك بوون و پێگەییون. لە خوارەوە باس لە بەناوبانگترینیان دەکرێ:

**عوبەیدوڵڵای کوڕی سەعید ئەلئەربیلی**: لە زانستی فەرموودە (حدیث)دا کتێبێکی بەناوی (ئەلئیبانە)وە[٣٣٥] هەیە. لە ٤٤٠ی هیجری (١٠٤٨ی زایین) کۆچی دواییی کردووە.

**ئەبوسەعید کوڕی عەبدولجەلیل موحەممەد**: دوو کتێبی بەناوی (ئەلئیختییارات) و (ئەحکامولئیشارات)ی[٣٣٦] لە زانستی ئەستێراندا هەیە.

**تاهیری کوڕی ئیبراهیم**: لە زانستی پزیشکیدا کتێبێکی بەناوی (ئەلئیضاح لیبونیەتیسسەلاح)[٣٣٧]ی نووسیوە، تێیدا باسی لە بەربەستکردنی نەخۆشییەکان و پێشوەختە کاری بەبایەخی بۆ پاراستنی تەندروستی کردووە.

(ب/ ٤–ل / ٢٦٥٤)

**سیلوان**: قەزایەکە لە لای باکووری خۆرهەڵاتی دیاربەکردا، لە لیوا و ویلایەتی دیاربەکردایە. ناوەندەکەی شارۆچکەی مەییافارەقین–ە.[٣٣٨] ئەم قەزایە لە باکورەوە بەقەزای لیجە و لە خۆرهەڵاتەوە بەویلایەتی بتلیس و لە باشوورەوە بەلیوای ماردین و لە باشووری خۆراواوە بەقەزای ناوەندیی ویلایەتەوە، لە خۆراواشەوە بەلیوای ئەرغەنی دەورەدراوە و سنووردارە. ڕووپێوی ٢.٤٧٣ کیلۆمەتر چوارگۆشەیە. لەمە ١.٩٦٢ کیلۆمەتر چوارگۆشەی بۆ کشتوکاڵ دەست دەدا، ٤٨ کیلۆمەتر چوارگۆشەی دارستان و ٤٦٣ کیلۆمەتر چوارگۆشەشی لە خاکی بەتاڵ پێکهاتووە. دانیشتووانی ٢٥,٢١٧ کەسن، ١٦,٥٠٠ی موسڵمانە و (تورك و عەرەب و کورد و تورکمان)، ٥,٥٠٠ی ئەرمەنی، ٤٢٦ی ئەرمەنی کاتۆلیك، ٢٤ی ئەرمەنیی پرۆتستانت، ٧٦٣ی سوریانی، ١,٠٠٠ی یەزیدی، ١,٠٠٠یشی قەرەجن (جنگەنە).[٣٣٩]

بەروبوومی خاکەکەی، لە دانەوێڵەی جۆراوجۆر، لەگەڵ سەوزەواتی هەمەچەشنە و میوەجات پێکهاتووە. لەبەر زۆریی ترێ–شی، شەرابی پەسند و دۆشاوی لێ بەرهەم دەهێنرێ. بەبرێکی زۆر ئاژەڵیش پێدەگەیەنرێ و لە خوری و ڕۆن و پێستەی مەڕەکانیان بەبڕی زۆر دەفرۆشرێتە دەرەوە. ئەگەرچی هەندێك کانی ئاسن و گۆگردیشی لێ بێ، دەرناهێنرێ.

مەییافارەقین کە ناوەندی قەزایە، لە سەردەمی یەکەمی ئیسلامەتیدا و لە سەدەکانی ناوەڕاستدا وەکو ئەوەی شارێکی گەورە بووە، ئەمڕۆ لە ناو قەزادا پاشماوەی چەندین شار و شارۆچکەی دیکە دەبینرێ. بەشی باکوری قەزا، چیای سیلوانی لێیە، لە داوێنەکانی باشووری ئەمەوە ئاوێکی زۆر هەڵدەقوڵێ و هاوتەریبی یەکدی بەرەو باشوور دەچن، دوای ئەوەی بەشی باشووری قەزاکە کە دەشتاییە ئاودەدا، دەڕژێتە ناو دیجلەوە، سەرەکییەکانیان ئەمانەن: ئاوی پاموقڵی، ئاوی شەلالەیی، ئاوی پاتمان–ن. قەزا لەگەڵ ناحیەکانی بادکان و حەزرۆ و میهرانی.(٣٤٠) پێکەوە لە ٢٢٢ گوند پێکدێ.

(ب/ ٤– ل / ٢٧٧٧)

**سیوەرەك**(٣٤١): شارۆچکەیەکە لە ٨٥ کیلۆمەتری باشووری خۆراوای دیاربەکر، واتە شاری ئامەد–ەوەیە، لەسەر ئەو ڕێیەدا کە لەم شارەوە دەچێتە ئورفە و حەڵەب. لە لیوا و ویلایەتی دیاربەکردا، ناوەندی قەزایە. دانیشتووانی ١٠,٠٠٠ کەسن، ٢ مزگەوت و ٣ نوێژگە و ٢ کڵێسە و ٢ گەرماو و ١ بازاڕ و ٤ خان (یان کاروانسەرا) و ٥٠ دووکان و ٥ چەشمەی هەیە. شارۆچکە لە دەوروبەری گردێکدا: لە ناو باخگەلێکدایە. سەرگردەکە قەڵایەکی ڕووخاوی لێیە. جۆگەیەکی بچووکی پەیوەست بەفورات بەناو شارۆچکەدا ڕەت دەبێ و باخچەکانی ئاو دەدا. بەهۆی ئەوەوە کە لەسەر ئەو ڕێیە ناوبراوەدایە، بازرگانیی زۆر کارایە. شەرابی بەناوبانگە، ٥,٢٥٠ی دانیشتووانی تورك و کورد و موسڵمانن.(٣٤٢) ٣٥٠٠ی ئەرمەنی و ١٠٠ی ئەرمەنیی کاتۆلیك و ١٥٠ی ئەرمەنیی پرۆتستانت و ١,٠٠٠یشی سوریانیی یەعقووبین.

قەزای سیوەرەك لە بەشی باشووری خۆراوای لیواکە پێکهاتووە. لە خۆرهەڵاتەوە بەخودی دیاربەکر و قەزای دێرك، لە باشوورەوە بەلیوای ئەرغەنی مەعدەنی، لە باکوری خۆراواوە بەویلایەتی مەعموورەتولعەزیز و، لە باشووری خۆراواشەوە بەویلایەتی حەڵەب سنووردارە. ڕووپێوی ٤,٣١١ کیلۆمەتر. چوارگۆشەیە، ٣,١١٧ کیلۆمەتر

چوارگۆشەی بۆ کشتوکاڵ باشە، ٨٠٨ کیلۆمەتر چوارگۆشەی خاکەکەی چیایی و بۆشە. ٣٨٦ کیلۆمەتر چوارگۆشەشی دارستانە. دانیشتووانی لە ٣٨,٧٣٠ کەس پێکهاتووە. ٢٥,٥٥٨ی تورك و کورد و چەرکەس و عەرەب—ن و ٣٥٠٠ی ئەرمەنی و ١٠٠ی ئەرمەنیی کاتۆلیك و ١٥٠ی ئەرمەنیی پرۆتستانت و ١,٠٠٠یشی سوریانیی یەعقووبین.

قەزای سیوەرەك لە بەشی باشووری خۆراوای لیواکە پێکهاتووە. لە خۆرهەڵاتەوە بەخودی دیاربەکر و قەزای دێرك، لە باشوورەوە بەلیوای ئەرغەنی مەعدەنی، لە باکوری خۆراواوە بەویلایەتی موعموورەتولعەزیز و، لەباشووری خۆراواشەوە بەویلایەتی حەڵەب سنووردارە. ڕووپێوەکەی ٤,٣١١ کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، ٣,١١٧ کیلۆمەتر چوارگۆشەی بۆ کشتوکاڵ باشە، ٨٠٨ کیلۆمەتر چوارگۆشەی خاکی چیایی و بۆشە، ٣٨٦ کیلۆمەتر چوارگۆشەشی دارستانە. دانیشتووانی لە ٣٨,٧٣٠ کەس پێکهاتووە. ٢٥,٥٥٨ی تورك و کورد و چەرکەس و عەرەب—ن و موسڵمانن[٣٤٣]. ٩٢٢ یان یەزیدی و ٧,٢٥٠یان ئەرمەنی و ئەرمەنی کاتۆلیك و پرۆنستانت. ١,٠٠٠یشی سوریانیی یەعقووبین.

قەزا، ٨ ناحیەی بەناوی: بوجاك، هۆشین، شەهر، جەمە، عەرەب، قەرەکێچی، قەرەداغ و یەنیشەهرەوە هەیە و لە ٤٨٧ گوند پێکهاتووە. بەروبوومی دانەوێڵەی هەمەچەشنە، لەگەڵ میوەی هەمەجۆر و سەوزەوات پێکهاتووە. ئاژەڵی ماڵیشیان زۆرە.

(ب/ ٤–ل / ٢٨٠٠)

**سلێمانی** (**سولەیمانییە**)[٣٤٤]: شارۆچکەیەکە، ناوەندی لیوایە، لە دەشتاییەکدا کە لە نێوانی دوو چیادا درێژ بووەتەوە هەڵکەوتووە. لە درێژایی ٤٥ کیلۆمەتر لە سنووری ئێرانەوە، ٢٧٠ کیلۆمەتر لە باکوری خۆرهەڵاتی بەغدادا و ٢٣٠ کیلۆمەتری باشووری خۆرهەڵاتی مووسڵ، لە ویلایەتی مووسڵدا. ١٥٠٠٠ دانیشتووانی هەیە کە تەنیا ١٠٠٠ی جوولەکە و ١٧٠ی کلدانی، ئەوی دیکە موسڵمانن، چەند مزگەوتێکی پیرۆز و قوتابخانەیەکی ناوەندی و چەند قوتابخانەیەکی منداڵان و بازرگانییەکی زۆر چالاك، لەگەڵ چەندین دەزگای خوری چنین و بۆیاخخانە (خومخانە)ی لێیە. چنراوێکی لە مووی لە ناوچەکەدا پەسندی هەیە.

کەلوپەلی سەرەکیی بازرگانییان (دامغ– Damg)ە، لە ئێرانیشەوە دێ، لە نزیك

شارۆچکەکەشدا بەدەست دەهێنرێ. باخچە و میوەیان زۆرە. بەکارێز کە ڕیزە بیرێکی لە بنەوە بەیەك گەیشتووە، ئاو دەدرێ. لەبەرئەوەی شارۆچکەیەکی یەك دوو سەدەیییە ئەگەر شوێنەواری ئەوتۆی شایەنی باسیشی نەبێ. شوێنەکەی زۆر جوان و هەوای مامناوەندی و سازگارە. زمانی ناوخۆ کوردییە و بەعەرەبی و تورکیش قسە دەکەن.

قەزای سلێمانی، قەزای ناوەندیی ئەو لیوایەیە کە هەر بەو ناوەوە ناونراوە، لە خۆرهەڵاتەوە بە گوڵعەنبەر و لە باشوورەوە بە شارەزوور و لە باکوری خۆراواوە بەمەرگە و ئەو چیا گەورەیەوە کە ناوی پیرەمەگروون-ە، لە باشووری خۆراواوە بەبازیان و لە باشوورەوەش ناحیەی قەرەداغ و قەزای سەڵاحییەی سەر بەلیوای شارەزوور و لە خۆرهەڵات و باکورەوەش بەسنووری ئێرانەوە دەورەدراوە و سنووردارە. خاکەکەی ئەگەرچی بەگشتی چیاییە، زۆر بەپیتە، بەڵام لەبەر کەمیی دانیشتووانی، زۆر لای نەچێنراوە. هەوای فێنك و زۆر سازگارە. لە دەشتەکانیدا گەنم و جۆ و برنج و تووتن و گەنمەشامی و هی دیکە، لە شاخەکاندا ترێ و لیمۆ و هەنار و میوەی دیکە بەدەست دەهێنرێ. قەزاکە ١٣٩ گوند و ٤ عەشیرەت دەگرێتەخۆ، ٢٦,٠٠٠ کەس دانیشتووانی هەیە. بەشی زۆری خەڵکەکەی کوردە، بڕێکیشی عەرەبە.[٣٤٥]

(ب/ ٤-ل /٢٦٢٢)

**سلێمانی (لیوای سلێمانی)**: یەکێکە لەو سێ لیوایانەی ویلایەتی مووسڵ پێکدەهێنن و ئەوەیانە کە لەوپەڕی خۆرهەڵاتدایە. لە خۆراوا و باکوری خۆراواوە بەلیوای شارەزوور و لە لایەکانی دیکەشدا بەسنوورەکانی ئێران سنووردارە. خاکەکەی بەگشتی چیاییە. دەشتە بەپیتەکانی، نشێو و شیویشی هەیە. هەندێك شوێنی چیاکانی ئەوە دەهێنێ وێنەیان بگیرێ. خاکەکەی زۆر بەپیتە، خەڵکەکەی ئەگەرچی بەکشتوکاڵ و مەڕ و ماڵات بەخێوکردنەوەشەوە خەریك دەبن، لەبەر کەمیی دانیشتووانی و کۆنیی سیستەمی کشتوکاڵییان، تا ئێستا لەو شێوە کۆنەدا کە ماونەتەوە، لەم لیوایەدا سوودی چاوەڕوان کراوی ئەم لیوایەی زۆر بەرەو نزمی بردووە. دانیشتووانی نزیکەی ٥١,٦٠٠ کەس دەبن، ٢,١٠٠ یان جوولەکە و ٩٠٠یان کلدانی، ئەوی دیکەشیان هەر هەموو موسڵمانن. موسڵمانەکانیان بەشی زۆری کوردن، بڕێکیشیان عەرەبن.[٣٤٦] هەندێك سەرچاوەی زێی خواروو (گچکە) و زێی دیالا لەم لیوایەدایە. بەشی باکوری لە نشێویی زێ (ی خواروودا) و بەشی باشووریشی لە نشێویی دیالادایە.

لیوا، وەکو لە خوارەوە ڕوون کراوەتەوە، کراوەتە ٥ قەزا و ٦ ناحیە و ١,٠٣٦ گوندی هەیە:

| قەزا | ناحیە | ژمارەی گوند |
|---|---|---|
| شارەزوور[٣٤٧] | ٠ | ١٣٩ |
| گوڵعەنبەر | ٣ | ٤٧٣ |
| مەرگە | ٢ | ١٧٦ |
| بازیان | ١ | ١٥٩ |
| شاربـاژێڕ (شەهر بازاڕ) | ٠ | ١٢٥ |

(ب/ ٤–ل / ٢٦٢٢)

**ساقز**: شارۆچکەیەکە لە سنووری ویلایەتی ئەزربایجان–ی ویلایەتی ئەردەڵانی ئێران و لە ١٩٢ کیلۆمەتری باکوری تەورێز (تەبریز)، لەسەر زێیەکدایە دەڕژێتە ناو گۆلی ورمێ–وە ٦٠٠٠ کەسی دانیشتووانە کە زۆربەیان کوردن. (وەرگێڕ)

(ب/ ٤– ل/ ٢٤٨٦)

**ست ئەلشام (ستتوششام)**: دوو خانمی زانا و ئەدیب ئەم ناوەیان هەیە، یەکەمیان (سەفییە)ی فەرموودەزانی سەدەی حەوتەمی هیجری بووە.

دووەمیان خوشکی سەلاحەددینی ئەیوبییە، لە ٦١٦ی.هـ(١٢١٩–١٢٢٠)ی.زدا کۆچی دوایی کردووە. (جەلیل)

(ب/ ٤– ل/ ٢٥٣٦)

**سەدید ئەعوەر**: شاعیرێکی ئێرانییە، لە کوردە کرماج (دەبێ کرمانج بێ)ەکانە لەگەڵ ئەثیروددینی ئاخەستەگی هاوچاخ بووە، لە نێوانیشیاندا هەندێك شەڕە شیعر و بەرامبەرکێ بووە، ئەم پارچەیە هی ئەوە:

کوشد کە بر دمید از کل خارش

جرمیست کە می نهند بر گلزارش

چون رخسارش همیشه درچشم منست

عــکــس مـــژەء مـنست بـر رخســارش... (جەلیل)

(ب/ ٤– ل/ ٢٥٤١)

**سوهرەوەرد**: شارۆچکەیەکی لای گۆشەی باکوری خۆرئاوای عیراقی عەجەمی ئێران، نزیك شاری زنجان–ە. زێدی زۆر زانای بەناوبانگە. (وەرگێڕ)

(ب/ ٤– ل/ ٢٧٠٣)

**سوهرەوەردی** (**ضییائوددین ئەبوننەجیب عەبدولّقاهری کوڕی عەبدوڵڵای بەکری**): زانا و سۆفییەکی بەناوبانگ بووە. ڕەسەنی بەسێزدە پشت دەگاتەوە حەزرەتی ئەبوبەکری سددیق. لە ٤٩٠ی هیجری (١٠٩٦–١٠٩٧ی.ز)دا لە سوهرەوەرد هاتووەتە جیهان، بەلاوی چووەتە بەغدا، لە عەلی–ی کوڕی نەبهان زانستی فەرموودە و لە ئەسعەد موبهەنی (فیقهـ) و لە زانایانی دیکە زانستی بەدەست هێناوە و لە ئەسفەهانیشدا، لە ئەبو عەلی–ی حەددادەوە گوێی لە فەرموودەی پیرۆز ڕاگرتووە: دواتر بەخودا پەرستی و گوێڕایەڵی ڕاببواردووە، ماوەیەك لە بەغدا بە ئاوفرۆشی بەهێزی بازووی خۆی ژیاوە و لە خۆراوای دیجلەدا شوێنی بۆ موریدان بنیاتناوە. لە ٥٤٥ی.هـ (١١٥٠–١١٥١ی.ز) (دا کە بە مامۆستای (مەدرەسەی نـیـزامـیـیـە) دامـەزراوە. دوو ساڵ خـەریـکـی وانـە وتـنـەوە بـووە و لـە ٥٥٨ی.هـ (١١٦٢–١١٦٣ی.ز)دا بۆ زیارەتی (بەیتولمەقدیس) چووەتە دیمەشق و لەبەر جەنگی خاچپەرستان، نەیتوانیوە بچێتە قودس، ماوەیەك لە دیمەشق بەوتنەوەی وانەی فەرموودە و ڕێنماییەوە کاری کردووە و لە لایەن مەلیك عادل نوورەددین مەحموودەوە زۆر ڕووی دراوەتێ و چاودێری کراوە، دواتر گەڕاوەتەوە بەغدا، لە ٥٦٣ی.هـ (١١٦٧–١١٦٨ی.ز) لەوێ کۆچی دوایی کردووە. (جەلیل)

(ب/ ٤– ل/ ٢٧٠٣)

**سوهرەوەردی** (**شیهابوددین ئەبو حەفص عومەری کوڕی محەمەدی ئەلباکری**!): لە سۆفییە ناودارەکان و زانایانی فیقهی شافیعی بووە، برازای ضیائوددین سوهرەوەردیی ناوبراوە. لە فیقهـ و فەرموودە و سۆفیگەری و زانستی دیکەدا بێهاوتای سەردەمی خۆی بووە، لە کۆڕی پەندداdan و وەبیرهێنانەوەکانیدا موريد و گوێگرێکی زۆر ئامادە دەبوون. زانیاریی لە مامی ناوبراو و زانا و شێخانی دیکە وەرگرتووە، برادەریی لەگەڵ شێخ

عەبدولقادری گەیلانیشدا بووە. چەندین جار چووەتە حەج و لەوێشدا بۆ خوداپەرستی ماوەتەوە، لە ٥٣٩ی.هـ (١١٤٤–١١٤٥ی.ز)دا لە سوهرەوەرد لەدایك بووە، لە ٦٣٢ی.هـ (١٢٣٤–١٢٣٥ی.ز) لە بەغدا كۆچی دوایی كردووە. چەند دانراوێكی هەبووە. بەناوبانگترینیان «عەواریفولمەعارف»ە. شیعری عەرەبیشی زۆرە، ئەم پارچەیە لەو شیعرانەیە:

تصرمت وحشة الليالي
وأقبلت دولة الوصال
وصار بالوصل لي حسوداً
من كان في هجركم رثى لي
وحقكم بعد أن حصلتم
بكل مافات لا أبالي
أحييتموني وكنت ميتاً
وبعتموني بغير غالي.... (جەلیل)

(ب/ ٤– ل/ ٢٧٠٣)

**سوهرەوەردی (شیهابوددین ئەبولفوتووح یەحیای كوڕی حەبەش–ی كوڕی ئەمیرك)**: لە دانا بەناوبانگەكانی ئیسلامە، لە فیقهـ و ئەدەبیاتیشدا دەستێكی باڵای بووە و سەلیقەی شیعریشی بووە. لەگەڵ (شیهابوددین ئەبوحەفص عومەری سوهرەوەردی)ی پێشتر ژیاننامە باسكراودا، جاروبارێك لە هەندێكان تێكەڵ كراوە. خاوەنی ژیننامە بەنازناوی (مقتول) و (قتل الله)ش ناسراوە. لە ٥٤٩ لە سوهرەوەرد هاتووەتە جیهان و زانست و هونەر فێربووە و دواتر چووەتە شام و كە گەیشتووەتە حەڵەب لە لایەن مەلیك ظاهر–ی كوڕی صەلاحەددینی ئەییوبییەوە كە لەوێ بووە، بەشێوەیەكی سەرووی ئاساییەوە ڕێزی گیراوە و پاداشت كراوە، لەگەڵ زانایانی ئەوێشدا، لەو گفتوگۆیانەدا كە ئەنجامی داوە سەركەوتووە، لەبەرئەوەی لە گفتوگۆدا زمانتیژی و زێدەڕۆیی بەكارهێناوە، ئەمانەی لێ بوونەتە ناحەز، كە ئێرەییشیان كار تێكردووە، بە گەندەڵیی بیر و باوەڕ تاوانبار كراوە، بۆ سەڵاحەددینی ئەییووبییان نووسیوە كە لە دیمەشق بووە، كە ئەم پیاوە مەلیك ظاهری كوڕی تێكداوە و پێویستە بكوژرێ، ئاماژە بۆ كراو كە بڕیاری بێ لێ گەڕانەوەی كوشتنی

ئەو کابرایەی بۆ کوڕی نووسیوە، لە ٥٨٥ی.هـ (١١٨٩–١١٩٠ی.ز)دا لە تەمەنی ٣٦ ساڵیدا لەسەر داوای خۆی بێ بڕیوی کراوە و لە برسان مردووە. دانراوە هەرە دیارەکانی ئەمانەن:

«التلويحات اللوحية والعرشية»، «كتاب الألواح العمادية»، «كتاب اللمحة»، «كتاب المقاومات»، «كتاب هياكل النور»، «كتاب المعارج»، «كتاب المطارحات»، «كتاب حكمة الأشراق» و هی دیکە. ئەم یەکدوو دێڕە شیعرەی لە کاتی چاوەڕوانیی مەرگدا نووسیوە:

قل لاصحابي رأوني ميتاً
فبكوني اذ رأوني حزناً
لا تظنوني بأني ميت
ليس ذا الميت والله أنا
أنا عصفور وهذا قفصي
طرت عنه فتخلى رهنا
وأنا اليوم أناجي ملاء
وأرى الله عياناً بهنا... (جەلیل)

(ب/ ٤– ل/ ٢٧٠٤)

**سیس**: شارۆچکەیەکە ناوەندی لیوای قۆزان (کۆزان)ە لە ویلایەتی ئەطەنە (ئەدەنە)، لە ٦٥ کیلۆمەتری باکوری خۆرهەڵاتی ئەدەنەدا، لە داوێنی باکوری چیایەکی تەنیای ناوەڕاستی دەشتێکدایە، ٢٩٠ مەتر لە ئاستی دەریاوە بەرزە. دانیشتووانی نزیکەی ٣٥٠٠ کەسن. دوو مزگەوت و ٣ مەدرەسە و ٣ کڵێسە و دێرێکی گەورەی بارەگای پەتریارکی ئەرمەنی و لە ناو ئەم دێرەدا کتێبخانەیەکی گەورە و شوێنەواری کۆنی دیکە هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆنگاوی زۆری لە دەوروبەردایە، خەڵکەکەی هاوینان دەچنە لەوەڕگاکان. شایە چەرکەسەکانی میسر چەندین جار لەشکریان کردووەتە سەر شاری سیس، لە کۆتاییدا گرتوویانە، لەمانەوە کەوتووەتە بەر دەستی نەوەی ڕەمەزان و دواتریش کەوتووەتە ژێر دەستی عوسمانی.

– قەزای سیس لە بەشی باشووری خۆراوای لیوای قۆزان پێکهاتووە. لە لای باشووری خۆراواوە بەویلایەتی قۆنیە و لە باکوری خۆرهەڵاتەوە بەقەزاکانی قولە و قارس و لە

باشووری خۆرهەڵاتەوەش بە لیوای جەبەلی بەرەکەت دەورەدراوە و سنووردارە لەگەڵ ناحیەی (سەرقنتی-ی باڵا) لە ٩٤ دێ پێکهاتووە. دانیشتووانی ٩٩٥٠ کەسن، کورد و عەشیرەتگەلی گەڕۆکیشی تێدا دەگەڕێن. بەشێکی خاکەکەی چیایی و دەشتاییە، خاکی بەپیتە، لە قورسیی هەواکەی خەڵکەکە بەرگە ناگرن. هاوینان دەکشێنە لەوەڕگاکان، لەبەرئەوە زۆربەی ئەو زەوییانەی بۆ کشتوکاڵ دەشێ بە بەتاڵی دەمێنێتەوە. لە دەوروبەری شارۆچکەی سیس-دا باخاتیان زۆرە. (وەرگێڕ)

(ب/ ٤- ل/ ٢٧٥٩)

**سیسەر (سی سەر)**: شارۆچکە و ناحیەیەکە لە نزیك هەمەداندا، لەبەرئەوەی لە سی گرد پێکهاتووە ئەم ناوەی لێ نراوە، لە سەردەمی خەلیفە عەبباسییەکاندا بنیات نراوە. (وەرگێڕ)

(ب/ ٤- ل/ ٢٧٦١)

**سیسییە**: ئەو ناوەیە کە جوگرافیاناسە عەرەبەکان لە شارۆچکەی سیس-یان ناوە. (وەرگێڕ)

(ب/ ٤- ل/ ٢٧٦٢)

**سەیفولئیسلام (ئەلمەلیکولعەزیز ئەبولفەوارس طەغتەکین-ی کوڕی ئەییووب)**: برای سەلاحەددینی ئەییووبییە، لە ٥٧٧ی.هـ (١١٨١-١١٨٢ی.ز)دا بە فەرمانڕەوای یەمەن دامەزراوە، خواردە و ئازابووە، تا ٥٩٣ی.هـ (١١٩٦-١١٩٧ی.ز) فەرمانڕەوایی کردووە. لەو مێژووەدا لە شاری (مەنصوورە)دا کۆچی دوایی کردووە کە لە یەمەندا بنیاتی ناوە. (جەلیل)

(ب/ ٤- ل/ ٢٧٦٤)

**سەیفوددین ئامەدی (ئەبولحەسەن عەلی-ی کوڕی ئەبی عەلی محەممەدی کوڕی سالم-ی تەغلیبی)**: سەیفوددین ئەبوبەکر (مەلیك عادل- کوڕی ئەییووب شادی): چوارەمی ئەو شایە ئەییووبییانەیە کە لە میسر فەرمانڕەواییان کردووە.

برای صەلاحەددینی ئەییووبییە. لەبەرئەوەی محەممەد مەنصووری نەوەی شای ئامازە بۆکراو هێشتا منداڵ بووە، لە ٥٩٦ی.هـ (١١٩٩-١٢٠٠ی.ز)دا چووەتە سەر

تەختی میسر، لەگەڵ ئەو خاچپەرستانەدا خەریك بووە كە دەستیان بەسەر لای قودس و دمیاط–دا گرتووە. لە دەڤەری قودس و شامدا گەلێك شوێنی لە فەرەنگەكان ڕزگار كردووەتەوە و فەرمانی بەمەلیك كامل–ی كوڕی داوە كە دمیات ڕزگار بكا. دوای ئەوەی ۱۹ ساڵ فەرمانڕەوایی كردووە، لە ٦١٥ی.هـ (۱۲۱۸–۱۲۱۹ی.ز)دا كۆچی دوایی كردووە. لە قاهیرە، لە قەلعەتولجەبەل (قەڵای چیا)دا سەرایەكی بەرزی بنیات ناوە و لەوێ دانیشتووە. (وەرگێڕ)

(ب/ ٤– ل/ ۲۷٦٥)

**سەیفوددین ڕۆستەم (كوڕی نوورەددین موحەممەدی كوڕی ئەبوبەكر)**: دووەمی ئەو شایە ئەتابەگانەیە كە لە لوڕی بزورگ (گەورە)دا فەرمانڕەواییان كردووە. دوای شوجاعوددین خورشیدی مامی كە بنیاتنەری ئەو دەوڵەتە بووە، لە ٦٢١ی.هـ (۱۲۲٤–۱۲۲٥ی.ز)دا پۆستی میرنشینیی وەرگرتووە. دوای ئەوەی ماوەیەك فەرمانڕەوایی كردووە، كۆچی دوایی كردووە. (جەلیل)

(ب/ ٤– ل/ ۲۷٦٦)

# ش

**شەهەر بـازاڕ (شاربـاژێڕ)**: شارۆچکەیەکە، ناوەندی قەزایە، ٣٠ کیلۆمەتر لە باکوری سلێمانییەوە و لە لیوای سلێمانی-ی ویلایەتی مووسڵدایە. دانیشتووانی ١,٥٠٠ کەسن، مزگەوتێکی پیرۆز و بڕێکی بازرگانیی هەیە.

قەزای شارباژێڕ لە باشوورەوە بەخودی سلێمانییەوە و لە خۆراواوە بەبازیان و قەزای ناوەندییەوە، لە باکوری خۆرهەڵاتەوە بەسنوورەکانی ئێران و لە باشووری خۆرهەڵاتیشەوە بەقەزای گوڵعەنبەر سنووردارە. ١٢٥ گوندی هەیە، ٢٠,٠٠٠ کەسێکی دانیشتووانە و هەر هەموو موسڵمانن و کوردن. بەروبوومیان وەك شتێکی سەرەکی: تووتن و برنج و میوەیە.

(ب/ ٤-ل / ٢٨٨٨)

**شەهەرەزوور (شارەزوور)**: یەکێکە لەو سێ لیوایەی ویلایەتی مووسڵ پێکدەهێنن، لە خۆرهەڵاتی دیجلەدا، لایە کووڕەکەی بەرەو خۆراوا، کە لە باکورەوە بەرەو باشوور درێژ

دەبێتەوە، لە شێوەی تازە مانگێك (داسوولکە)یەکدایە. لە خۆراواوە و باکورەوە بەلیوای ناوەندیی مووسڵ، لە لای خۆرهەڵاتی سنووری باکورییەوە، لە شوێنێکی کەمدا بەویلایەتی وان، لە خۆرهەڵاتەوە بەسنووری ئێران، لە باشووریشەوە بەویلایەتی بەغداوە دەورەدراوە و سنووردارە. وەکو ئەوەی دیجلە سنووری خۆراوای پێکدێنی، زێی ژوورو و (گەورە)ی پەیوەست بەو، بەسنووری باکوریدا دەڕوا. زێی دیالاش لە شوێنێکی کەمدا سنووری باشووری جودا دەکاتەوە. لە کاتێکدا زێی گچکە (خواروو) لە لیوای سلێمانییەوە دێ و لیوای شارەزوور لە باکوری خۆرهەڵاتەوە بەرەو باشووری خۆرئاوا دووبەش دەکا. زێیەکی دیکەش کە شەتتولئەعزەم[٣٤٨]–ی پێ دەگوترێ بەبەشی باشووری لیوادا لە باکورەوە بەرەو باشوور دەڕوا و لە سنووری لیوای سلێمانی–یەوە ئاوێکی زۆری دێتە سەر، ئەم زێیانە هەموو بەدیجلەوە پەیوەستن.

خاکەکەی چیاییە، چ لە سنووری ئێراندا، واتە لە قەزای ڕەواندزدا و چ بەدرێژاییی سنووری لیوای سلێمانیدا، چیای وەکو قەرەداغ، جەبەلی عەلی[٣٤٩]، چیای کۆشك تاقمە چیایەکی لێیە. لە لای باشووری خۆراوای لیوادا، چیای حەمرین و ڕێڕەوی زێی گچکە (خواروو)دا دوو چیای دیکەی بەناوی قەرە کۆشك–ەوە لێیە. بەدارستان داپۆشراوە. هەوای مامناوەندی و خاکەکەی ئەگەرچی زۆر بەپیتیش بی، کۆنیی سیستەمی کشتوکاڵی و بەشێوەیەکی زۆر کۆن ئەنجامدان و کەمیی دانیشتووانی–یەوە، دەبێتە هۆی کارتێدا نەکردن و نەچاندن و مانەوەی بەم جۆرە. ناوەندەکەی شاری کەرکووکە.

لیواکە کراوەتە ٦ قەزا و ٨ ناحیە. وەکو لە خشتەی خوارەوەدا دەردەکەوێ ١,١٥٠ گوند و ٨٩,٠٠٠ کەس دانیشتووانی هەیە:

| قەزا | ناحیە | گوند(دێ) | دانیشتووان |
|---|---|---|---|
| کەرکووك | ٥ | ٣١٠ | ٣٠,٠٠٠ |
| هەولێر (ئەربیل) | ٠ | ٣٣٠ | ١٢,٠٠٠ |
| ڕانیە | ٠ | ٤٥ | ٥,٠٠٠ |
| ڕەواندز | ٣ | ٥٥ | ١٠,٠٠٠ |
| سەڵاحیە (کفری) | ٠ | ٢٥٢ | ١٨,٠٠٠ |
| کۆیە (کۆیسنجەق) | ٠ | ١٥٨ | ١٤,٠٠٠ |
| **کۆ** | ٨ ناحیە | ١,١٥٠ گوند | ٨٩,٠٠٠ دانیشتووان |

بەشی زۆری دانیشتووانی، کە لە تورك، کورد و برێك عەرەب پێکهاتووە موسوڵمانن– سەر و یەك دوو هەزار کلدانییەك و جوولەکەشی لێیە.

بەروبوومە سەرەکییەکانی، لە گەنم، جۆ، برنج و تووتن و لە هی دیکە پێکهاتووە. باغ و داری میوە و بەتایبەتی داری لیمۆشی زۆرە. بیری پترۆڵیشی زۆرە. لە نزیك کەرکووکدا نەوت دەردەچێ. لە ئاوی هەندێك لە بیرەکانییەوە خوێ دەردەهێنرێ. ئاوی کانزایی (گەڕاو)یشیان زۆرە. لە ناوەندی لیوادا قوتابخانەیەکی ناوەندی و هەموو قەزا چەند مەدرەسەیەکی لێیە، پیشەسازی و بازرگانیش لە ناوەنددا کۆبووەتەوە، لەوێندەرێ هەندێك چەکی برندە و بەرەو هەندێك چنراوی لە خوری و لۆکەی لێ دروست دەکرێ. ئاژەڵی ماڵییان بەزۆری بریتییە لە مەڕ و بزن و گا و گوێدرێژ و هی دیکە. مەڕەکانیان وەکو دەکرێنە دوو جۆری کەرەمان و عارەبی، بزنەکانیشیان لە دوو جۆرە موو و ڕەسەنێکی ئاساییی پێکدێ. ئاژەڵە کێوییەکانیان بریتییە لە گورگ و بەراز و ورچ و کەمتیار و ڕێوی و کێروشك و هی دیکە. ئاژەڵی وەك شێر و پڵنگ و بەور–یان نییە.

دەڤەری شارەزوور لە سەردەمی خەلیفە عەبباسییەکانیشدا بەناوبانگ بووە. لە مەدرەسەکانی بەغدا و شامدا شارەزوورییەکی زۆر هەبووە و گەلێك شەریعەتزانی ئیسلامیی بەناوبانگ و زانای پێگەیاندووە. بوونی شارێکیش بەناوی شارەزوورەوە و بەگشتی کردنی ناوەکە و بەسەر دەڤەرەکەدا بڕانی، دوای ڕووخانی ئەو شارە و ناوچەکە بەو ناوەوە ناونان دەگێڕێتەوە و لە ڕاستیشدا شوێنەوارەکەی نەدۆزراوەتەوە.

(ب/ ٤–ل / ٢٨٨٩)

**شەهرەزووری (شارەزووری)**: (**ئەبو موحەممەد، عەبدوڵلا ئەلمورتەضا، کوڕی ئەلقاسم**): لە شەریعەتزانە موسڵمانە بەناوبانگەکانەو یەکێك بووە لە ئەدەبدۆستان. **٤٦٥**ی هیجری (**١٠٧٣**ی زایین) لە هەولێر لە دایك بووە. دوای ئەوەی خوێندنی لە بەغدا کۆتایی پێ هێناوە، گەڕاوەتەوە مووسڵ و بووە قازیی ئەوێ و لە **٥٢١**ی هیجری (**١١٢٧**ی زایین)**دا** لەوێ کۆچی دواییی کردووە. لە بابەتی سۆفیگەریدا چامەیەکی سەروا بەپیتی میم کۆتایی هاتوو و[٣٥٠] شیعری دیکەشی هەیە. ئەم دوو دێڕە شیعرە لە شیعرەکانی ئەون[٣٥١]:

یـالیل مـاجـئتکم زائـرا
الاوجدت الارض تطوى لي

ولا ثنيت العزم عن بابكم

الاتـعـثـرت بـأذيـالـي

واتـه:

ئەی شەو، هەرکەی هاتمە دیدەنیتـان

زەویم بینی کە بۆ من پڕ لە ئازار بوو!

هەرکەینێ ڕووم لە دەرگەتان وەرگێڕا

هـەمیشە نووسـاومەتەوە داوێـنـتـان

هەروەها بڕوانە بابەتی (عبدالله الشهرزوری)

(ب/ ٤ – ل/٣١٠٨)

**ئەبو ئەحمەد ئەلقاسم کوڕی ئەلموزەففەر ئەلشەهرەزووری(شارەزووری)ی باوکی و براکانی قاضیلخافیقەین**[٣٥٢]: ئەبوبەکر موحەممەد ئەلشەهرەزووری ، لەگەڵ ئەبو مەنسوور ئەلموظەففەر ئەلشەهرەزووری و ئەلقاضی کەمالوددین شەهرەزووری–ی کوڕی و لەگەڵ ئامۆزا و کەسوکارەکانی دیکەشی لە شەریعەتزانە موسڵمانە شافیعییە بەناوبانگەکان بوون. لە مووسڵ و شام و جەزیرەدا ماوەیەکی زۆر قازییەتییان کردووە و تێکەڵی کاروباری بەبایەخی سیاسەتی سەردەمی خۆیان بوون. زۆربەیان لە ئەدەبیاتیشدا کار و کۆششی گەورەیان بووە و هەندێك شیعریان لێ گێڕراوەتەوە.

(ب/ ٤–ل / ٢٨٨٩)

**شەماخییە**: یاقووتولحەمەوی ڕوونی کردووەتەوە کە شارۆچکەیەکی گچکە بووە لەسەر ڕۆخی زێی خابووردا، ٦ فەرسەخ[٣٥٣] لە دووریی ڕەئسولعەین–ەوە بووە.

(ب/ ٤–ل / ٢٨٦٧)

**شەمدینان**[٣٥٤]: قەزایەکە لە لیوای هەکاریی ویلایەتی وان. لەوپەڕی باشووری خۆرهەڵاتی ویلایەتدایە. لە باکور و خۆراواوە بەقەزای کەوار و لە باشوورەوە بەمووسڵ، لە خۆرهەڵاتەوەش بەسنوورەکانی ئێران سنووردارە. ناوەندەکەی گوندی نەهری–یە[٣٥٥].

قەزا، چوار ناحیەی بەناوی زەرزان، گەردی، هەرکی، خوماروو–ەوە هەیە و ۲۹ گوندی هەیە. خاکەکەی بەگشتی چیاییە، زەوییان کە بۆ کشتوکاڵ دەست بدا کەمە و زۆر دەگمەنە. بەرهەمی کە لە سەرووی هەموویانەوە دێ توتنە، ساڵانە نزیکەی ۵۰۰,۰۰۰ هۆقە توتن بەدەست دەهێنرێ و کوتومت هەر هەمووی بۆ ئێران دەنێررێ. بەروبوومی دیکەی، گەنم، جۆ، گەنمەشامی، برنج و برێك لۆکە. باغ و باخچەی میوەشیان زۆرە، هەرمێ و قەیسی و گێلاس و هەنار و هەنجیر و میوەی دیکە بەدەست دەهێنرێ. لەبەرئەوەی گژوگیا (گیاجاڕ)یان نییە، ئاژەڵی ماڵییان لە بزن و هێستر پێکهاتووە. گامێشیان زۆر کەمە و لە هەر گوندێکیاندا هەر تەنیا دووسێ جووت گا دەست دەکەوێ. ئەو زەوییە کەمەیان بەشی چاندن دەکا.

زۆربەی چیاکانیان بەدارستان داپۆشراون. دارەکانیان لە داربەڕووی جۆراوجۆر پێکهاتووە. دار گوێزەکانیان وەکو دارە کێویلەبن وەهایە. داری میوەی دیکە و داری توو–ش زۆرە. لە ناو قەزادا زنجیرەی چیای جلۆ بڵاوە. هەندێك لە لووتکەکانی ئەمانە تا ۳,۹.. مەتر بەرزن. زێی نهێل، ئاوەکانی قەزاکە کۆ دەکاتەوە و بەرەو باکوری خۆراوا دەڕواو دەڕژێتە ناو زێی سەروو (گەورە)وە کە بەدیجلەوە پەیوەستە.

دانیشتووانی، جگە لەو عەشیرەتە کوردانەی نیشتەجێ نین، ۱۸,٤٧٠ کەسە، ۲,۰۰۰ تورك و[٣٥٦] ۱۳,۲۷۰یان کورد و ۳,۰۰۰ یان نەستوورین و ۲۰۰یشیان ئەو جوولەکانەن کە لە ناوەندی قەزادا دەژین، کوردەکان بەسەر چوار عەشیرەتدا دابەش بوون کە ناحیەکانیان بەناویانەوە ناونراون، ناوەندی قەزا، ۲,۹۰۰ کەس دانیشتووانی هەیە و ۲ مزگەوتی پیرۆز و تەکیەیەکی گەورەی تایبەت بەمنداڵەکانی شێخ عوبەیدوڵڵای[٣٥٧] هەیە و بازاڕێکیشی هەیە کە لە لایەن شێخی ناوبراوەوە بنیاتنراوە.

(ب/ ٤–ل / ۲۸٦٧– ۲۸٦٨)

**شێرکۆ** (**شێر گووە**) (**ئەسەدوددین کوڕی شادی**): یەکێکە لە سەرکردە کوردەکان و لە عەشیرەتی ڕواندییەیە، جێگری نوورەددین شەهیدی حوکمداری شام بووە. لەسەر ویست و بانگهێشتی داوای یارمەتیی (شاوەر)ی وەزیری عادیدلیدینیللای دوا خەلیفەی فاتیمییان کە لە میسردا فەرمانڕەوایی دەکرد، بەسەربازەوە نێرراوەتە میسر، لە یەکەم چوونیدا، لەبەرئەوەی شاوەر لەسەر بەڵێنی خۆی نەماوە، ئەگەر  شێرکۆ گەڕابێتیشەوە شام، لە ٥٦٤ی هیجری (۱۱٦۹ی زایین)دا لەسەر ئەوەی خاچپەرستان دەسەڵاتیان بەسەر میسردا

شکـاوە، دیسانـەوە عـادیـدلـیـدیـنـیـلـلا بـانـگـی کـردووەتـەوە و لـەگـەڵ یووسف-ی کوڕی ئەییووب(٣٥٨)-ی بـرازای، بـەسـەربـازەوە چـووەتـە مـیسر. لـەسەر مـردنـی شاوەر کـە لـە بەرانبەریدا وەستابوو، لە لایەن خەلیفەوە ئەمەی لە جێی ئەو بەوەزیر دامەزراندووە. تەنیا دوو مـانگ وەزیـریـی کـردووە. لـەگـەڵ فـەرەنـگـەکـانـدا بـەیـەکـیـانـدا داوە و دوای ئـەوەی سەرکەوتنی بەدەست هێناوە و کۆچی دواییی کردووە و سەڵاحەددینی یووسف-ی کوڕی ئەییووبی برازای لە جێی ئەو بووەتە وەزیر. دواتر لەسەر مردنی عادیدلیدینیللا کە منداڵی نەبووە، چووەتە سەر تەختی سەڵتەنەت و دەوڵەتی ئەییووبی-ی دامەزراندووە.

شێرکۆ کوڕێکی بەناوی ناصیروددین، موحەممەد-ەوە هەبووە. هەر لە ژیانی باوکیدا لە لایەن نوورەددین زەنگی(٣٥٩)-یەوە بەوالیی حومس دامەزراوە و لەسەر مردنی باوکی، ئەم پـایـەیـەی لـێ سەنـراوەتـەوە. کـە سەڵاحـەددیـنـی ئـەییـووبـی شامـی گـرتـووە، حکوومـەتـی حومس-ی داوەتێ، ئەویش لەوێ بووەتە سەری ئەو لقە ئەییووبییەی کە لەوێ حوکمداریی کردووە.

(ب/ ٤-ل / ٢٨٩٧)

**شێرکۆ (شێرگووە) (ئەسەدوددین کوڕی ناصروددین موحەممەد)**: دووەم حوکمداری لقی ئەییووبی کە لە (حومس)دا فەرمانڕەواییان کردووە. برازای ئەو شێرکۆیەیە کە لە سەرەوە ژیننامەی باس کرا، لە ٥٦٩ی هیجری (١١٧٣ی زایین)دا لە دایك بووە. لە ٥٨١ی هیجری (١١٨٥ی زایین)دا جێی باوکی گرتووەتەوە، لە ٦٣٧ی هیجری (١٢٣٩ی زایین)دا کۆچی دواییی کردووە. منداڵێکی زۆری لە پاش خۆی جێ هێشتووە، لەوانە: مەلیك مەنسوور ناسیروددین، ئیبراهیم جێنشینی ئەو بووە لە (حومس)دا.

(ب/ ٤-ل / ٢٨٩٧)

**شروان**(٣٦٠): قەزایەکە لە لیوای سعردی ویلایەتی بتلیس. لە باکورەوە بەقەزای بتلیس کە ناوەندی ویلایەتە، لە خۆرهەڵاتەوە بە(بەرواری)، لە باشوورەوە بە ئەروخ و سعرد، لە خۆراوادا بـەقـەزای خـەرزان سنـووردارە. نـاوەنـدەکـەی گـونـدی کـوفـرا-یـە. دانـیشتـووانـی ١٤,١٦٧ و ٩,٦٠٠ یـان مـوسوڵـمـانـن و کـوردن ٤,١١٣یـان ئـەرمـەنـی و ٤٠٠یـان سوریانی-ی یەعقووبی.

خاکەکەی پڕ گرد و هەورازە. چیاکانی بەدارستان داپۆشراوە، دەشت و نشێوەکانی زۆر

بەپیتە. بەروبوومی لە دانەوێڵەی هەمەجۆر و سەوزەواتی هەمەچەشنە و میوەجات، لە برێکیش لۆکە و ڕووەکێکی ڕەنگکردن و هی دیکە پێکهاتووە. باخی زۆرە ترێی زۆر نایابە و جۆرە شەرابێکی پەسندی لێ دروست دەکرێ. گێلاس، هەنجیر، هەنار و میوەی دیکەشی بەناوبانگە، لە نزیکی ناوەندەکەیدا و لە هەندێك شوێنی دیکەیدا کۆمەڵە کانێکی لێیە، کۆن کاریان تێدا کراوە و ئێستاکە لە کارکەوتوون، بەقسە دەڵێن زێڕ و مس و قوڕقوشم و کانزای دیکەشی لێیە. هەندێکی شوێنی دیکەی هەیە خوێی تێدایە. لە ناحیەی زرقێ–دا تاقمە بەردێکی ڕەنگاوڕەنگی هەمەڕەنگی هەیە و لەمانە کۆمەڵە شتێکی وەك تەپڵەکی جگەرەی لێ دروست دەکرێ، ئاژەڵی ماڵییان زۆرە، بزنی مووی (تفتیك)یشیان هەیە کە لە مووەکەی شمەکی وەك شاڵ و عەبا دەچنرێ.

جگە لە سەرژمێری دانیشتووی نیشتەجێیان، عەشیرەتەکانی مەحەمەدییان و ئوستوورکان–یش هاوینان ڕەشماڵیان لە ناو قەزادا دادەنێن و ماڵاتیان دەلەوەڕێنن. زۆربەی خەڵکی ناحیەی زرقێ ڕەوەندن، سەر بەعەشیرەتەکانی سلۆقی و ئەتمانکی، هەڤێدی و ژنکان–ن ئەمانەش بێگومان نەخراونەتە سەر ئەو برەی لەسەرەوە پیشان دراوە. زمانی گشتی لە قەزادا کوردییە، بەعەرەبیش دەپەیڤن.[٣٦١] ئەرمەنییەکانیش لە نێو خۆیاندا زمانی خۆیان بەکاردەهێنن.

لە ناو قەزادا ٩٥ مزگەوت و نوێژگە لەگەڵ ٢ مەدرەسە هەیە، لە گوندەکانی کوفراو زرقیی– ناوەندەکانی ناحیەکانیشدا یەك و بینای وەك بازاڕێکی بچووك و خان و هەندێك بینای دیکەی لێیە.

(ب/ ٤–ل / ٢٨٥٣– ٢٨٥٤)

**شنۆ:** بڕوانە ئوشنو

**شاتان**: شارۆچکە و قەڵایەکی دیاربەکرە، زێدی هەندێك لە زانا بەناوبانگەکانە. (وەرگێڕ)
(ب/ ٤– ل/ ٢٨٠٤)

**شادی (ئەییووب)**: باپیرە گەورەی شایە ئەییووبییەکانەو باوکی سەلاحەددینە کە خانەوادەی ئەییووبییانی لە میسر بنیات ناوە. (وەرگێڕ)
(ب/ ٤– ل/ ٢٨٠٧)

**شاهەنشا (میرنووروددەولە-ی کوڕی نەجموددین ئەییووب-ی کوڕی شادی)**: برا گەورەی سوڵتان سەلاحەددینی ئەییووبییە و باوکی (عیززوددین فەرروخ شا)یە کە لە لایەن سەلاحەددینی ناوبراوەوە کراوەتە جێگر لە دیمەشقی شام، لە جەنگی خاچپەرستاندا کە فەرمانگەکان هێرشیان بردووەتە سەر دیمەشق و لە دەمی بەرگریکردن و سەرکەوتنی سەلاحەددین و لە ٥٤٣ی.هـ (١١٤٨-١١٤٩ی.ز)دا شەهید بووە. ناوبراو کچێکی بەناوی (عەذراء)یشەوە هەبووە، کە لە دیمەشقدا بنیاتنەری (مەدرەسەی عەذراوییە)ی بەناوبانگ بووە. (جەلیل)

(ب/ ٤- ل/ ٢٨٣٩)

**شوجاعوددین خورشید**: یەکەم شای ئەو ئەتابەگانەیە کە لە لوڕی بچووکدا فەرمانڕەوایيان کردووە. لە خزمەتی حوسامودین سوهل-دا بووە کە لە لایەن سەلجوقییانەوە بەوالیی لوڕی بچووك دامەزراوە، لە کۆچی دوایی والیی ناوبراودا لە ٥٩٠ی.هـ (١١٩٣-١١٩٤ی.ز) لەجێی ئەو بووەتە والی، بەرەبەرە سەربەخۆیی بەدەست هێناوە، نازناوی ئەتابەگی وەرگرتووە، دوای ئەوەی ٣٠ ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە، لە ٦٢١ی.هـ (١٢٢٤-١٢٢٥ی.ز)دا لە تەمەنێکی زۆر پیردا کۆچی دوایی کردووە، دادوەر و لە خودا ترس بووە، لەگەڵ ئەوەشدا پۆستی ویلایەتی دراوەتێ گۆڕەکەی دەمێکی زۆر بووەتە زیارەتگا. سەیفوددین ڕۆستەمی برازای جێنشینی بووە. دوای ئەم براکانی و نەوەکانی شوجاعوددین فەرمانڕەوایيیان کردووە. (جەلیل)

(ب/ ٤- ل/ ٢٨٤٣)

**شەرەفوددین (ئەبوبەکر)**: سێیەم شای ئەو ئەتابەگییانە بووە کە لە لوڕی گچکەدا فەرمانڕەوایی کردووە. کوڕی نوورەددین محەمەد و نەوەی شوجاعوددین خورشیدی دامەزرێنەری دەوڵەتی ناوبراوە، دوای مردنی سەیفوددین ڕۆستەمی برای لە ٦٣٥ی.هـ (١٢٣٧-١٢٣٨ی.ز)دا چووەتە سەرتەخت و ئەوەندەی نەبردووە کۆچی دوایی کردووە. (جەلیل)

(ب/ ٤- ل/ ٢٨٤٩)

**شطاح (شەتاح) (شێخی ڕۆژبەهان-)**: لە شاعیرە ئێرانییەکانە، گۆڕی لە شیرازدا زیارەتگایە، ئەم چوارینەیە لە شیعرەکانی ئەوون:

**اگر آهی کشم صحرا بسوزم**

**جهانرا جمله سرتاپا بسوزم**

بسوزم عـالـم أركـارم نسازی

چەفرمائی بسازی یا بسوزم

تێبینی: لە گەلێك لە دیوان و کۆمەڵە چوارینەکانی بابا تاهیری عوریان- هەمەدانی-دا ئەم چوارینە هەیە.. منیش لەو بڕوایەدام کە هی بابا تاهیر بێ... و. کوردی». (جەلیل)

(ب/ ٤- ل/ ٢٨٥٩)

**شوکری**: دوو کەس لە شاعیرە عوسمانییەکان، ئەم نازناوەیان بووە...

دووەمیان: کورد بووە، جەنگ و خاکگیرییەکانی سوڵتان سەلیم خانی یەکەمی هۆنیوەتەوە. ئەم دێڕە شیعرە هی ئەوە:

اغلامقدن گوزلرم یاشینی پرخون ایلدك

بیرینی عینی آرس بیرینی جیحون ایلدك .... (جەلیل)

(ب/ ٤- ل/ ٢٨٦٤)

**شەمسەددین گۆرانی**: (بڕوانە بابەتی «گۆرانی»). (وەرگێڕ)

(ب/ ٤- ل/ ٢٨٧٣)

**شمشاط** (**شمشات**): شارۆچکەیەکی کۆنی بەناوبانگی سەر ڕۆخی خۆرهەڵاتی فوراتی نزیکی خەرپووتە، ئەمڕۆ کەلاوەیە، زێدی چەند زانایەکی بەناوبانگی موسوڵمانە. (وەرگێڕ)

(ب/ ٤- ل/ ٢٨٧٣)

**شەمشکازاد**: یاقووتی حەمەوی گوتوویەتی شارۆچکەیەك و قەڵایەك بووە لە نێوانی ئامەد (دیاربەکر) و مەڵاتییە. (وەرگێڕ)

(ب. ٤- ل/ ٢٨٧٣)

# ص ، ض

**صالح- ملك - نەجمەددین ئەییووب**: حەوتەمین سوڵتانی ئەیووبییانە کە لە میسر فەرمانڕەوایییان کردووە، کوڕی مەلیك کامیل ناسیروددین موحەممەد و برای سەلاحەددینی ئەییووبی و نەوەی مەلیك عادیل سەیفوددین ئەبوبەکرە. ساڵی ٦٣٧ی.هـ (١٢٣٩-١٢٤٠ی.ز) بووەتە جێنشینی مەلیك عادیل ئەلصەغیر-ی برای. کارگوزار و ئازا بووە. لە نێوانی دوو کۆشك (قصرین)دا چوار مەدرەسەی گەورە و قەڵایەکی بەناوی (بەحرییە)وە دروست کردووە. هەزار کۆیلەی تێدا نیشتەجێ کردبوو کە ئەمانە بەناوی (مەمالیکی بەحرییە)وە ناوبانگییان دەرکردبوو، لە کۆتاییدا حکوومەتەکەیان گرتووەتە دەست. لە سەردەمیدا خاچپەرستەکان دەستیان بەسەر میسردا گرتووە و دمیات-یان گرتووە و هێرشیان بردووەتە سەر قاهیرە، مەلیك ساڵح لە مەنصوورەدا خۆی قایم کردووە، کە لە جەنگدا بووە لە ٦٤٧ی.هـ(١٢٤٩-١٢٥٠ی.ز)دا کۆچی دوایی کردووە، ماوەی فەرمانڕەوایی (١٠) دە ساڵە. (جەلیل)

(ب/ ٤- ل/ ٢٩٢٨)

**ضییائوددین هەکاری- زیائوددین (ئەبو موحەممەد عیسا- کوڕی موحەممەد)**: یەکێك بووە لە میرە پشت پێبەستراوەکانی سەلاحەددینی ئەییووبی، لە کاتێدا لە حەڵەب لە مەدرەسەی

زوجاجییەدا وانەی فیقهـ-ی گوتووەتەوە، لەگەڵ ئەسەدوددین شێرکۆدا چووەتە میسر، کە ناوبراو کۆچی دوایی دەکا و سەلاحەددینی نەوەی دەچێتە جێی و لەگەڵ قەرەقۆش-ی تەواشی (کارمەند- ئاغای حەرەم) کاری کردووە و تێکۆشاوە و ماندوو بووە. لەسەر ئەمە سەلاحەددینی ئەییووبی بەزیادەوە هەڵیدەسەنگاند و ڕێزی دەگرت و چاودێریی دەکرد. گوایە لە نەوەی زەیدی کوڕی حەسەنی کوڕی عەلی (خ)یە. لە ٥٨٥ی.هـ (١١٨٩ -١١٩٠ی.ز)دا کۆچی دوایی کردووە.(جەلیل)

(ب/ ٤- ل/ ٢٩٨١)

(**ضیا پاشا) زیا پاشا**: لە شاعیرانی سەردەمە دواییەکانی عوسمانی بووە، بەڕەسەن ئەرزەڕۆمی-یە، بەڵام لە ئەستەمبووڵ پەروەردە بووە. زمان و ئەدەبییاتە خۆرهەلاتییەکان و زمانی فەڕەنسی فێربووە، وەکو نووسەرێك لە بابی عالی (ئەنجومەنی وەزیران)دا کاری کردووە و، لە سەردەمی سوڵتان عەبدولعەزیز خان-دا ماوەیەك لە نووسینگەی شاهانەدا سەرنووسەر بووە، تێکەڵ بەنزیکانی حەزرەتی پادشا (سوڵتان) بووە و لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمید خان-ی پادشای زەمان، پایەی وەزارەتی وەدەست خستووە، لە والیێتیی ئەدەنەدا دامەزراوە و چەند ساڵێك کە لەوێ ماوەتەوە، نەخۆش کەوتووە و بۆ هەواگۆڕین چووەتە برووسە، لە ١٢٩٥ی.هـ(١٨٧٨-١٨٧٩ی.ز)دا لەوێ کۆچی دوایی کردووە. کۆمەڵێکی بەناوی (خەرابات)ەوە هەیە کە غەزەل و مێژوو و گۆرانی و هی دیکە و شیعرێکی زۆری خۆی تێدایە و هەندێك ژیننامەشی هەن. جوانترینی شیعرەکانی «تەرکیب بەند» و «تەرجیع بەند»ەکەیەتی، تەنیا کە یەك دێڕە شیعری لێرەدا تۆمار دەکەین:

امید وفا ایلمە هرشخص دغلدە

چوق حاجیلرك چیقدی خاچی زیر بغلدە ...(وەرگێڕ)

(ب/ ٤- ل/ ٢٩٨٢)

(**ضەیفە)زەیفە**: کچی مەلیك عادلی فەرمانڕەوای حەڵەب-ی برای سەلاحەددینی ئەییووبییە. شووی بە مەلیك ظاهر کردووە کە دوای باوکی بووەتە فەرمانڕەوای حەڵەب و کوڕێکی بەناوی موحەممەد-ەوە لێی بووە، کە فەرمانڕەواییی حەڵەب بۆ ئەم ماوەتەوە، لەبەرئەوەی منداڵ بووە، دایکی ماوەی شەش ساڵ لە ڕێی سەرپەرشتیارییەوە حکومەتی حەڵەبی بەڕێوەبردووە و لە ٦٤٠ی.هـ(١٢٤٢-١٢٤٣ی.ز)دا لە تەمەنی شەست ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە. (وەرگێڕ)

(ب/ ٤- ل/ ٢٩٨٢)

# ع

**عادلجەواز**[٣٦٢]: قەزایەکە لە باکوری گۆلی وان، دەکەوێتە ئەوپەڕی باکوری خۆراوای پارێزگە و قەزای وان. لە باشوورەوە گۆلی ناوبراو و لە خۆرهەلاتەوە قەزای ئەرجین[٣٦٣] و لە باکورەوە ئەرزەڕۆم، لە خۆراواشەوە بەپارێزگەی بتلیس سنووردارە، ناوەندەکەی شارۆچکەی ئەرجیکە، لە ڕۆخی گۆلەکەدایە و ١٦٥ کیلۆمەتر لە باکوری خۆراوای وانەوەیە و دانیشتووانی ٢٥٠٠ کەسن[٣٦٤]. (٥) ناحیەی بەناوی: ئیلچەئادین، تاشکن، ئاقتەپە، پشتە گوێمور و تۆرسەنجەق- و ٤٤ دێی هەیە. ١٢٦٩٧ کەس دانیشتووانییەتی. ٤٥٥٥ لەمانە بەشێوەیەکی سەرەکی کوردن، موسڵمانن، ٧٤ جوولەکە و ئەوانی دیکەش ئەرمەنیی سەر بەهەرسێ ڕێبازەکەن[٣٦٥]. لای باکور و خۆراوایەوە چیای سیپان-ی لێیە[٣٦٦]. لەبەرئەوەی داوێنەکانی بەهەموو قەزاکەدا درێژ بووەتەوە، خاکەکەی چیایی و کەمپیتە. لە بەشی باکوریدا دارستانێکی بەرین و گۆلێکی بچووکیشی لە ناودا هەیە، ڕووبارێك کە وەکو پێی ئەم گۆلەبێ، جگە لە لای چەپی بەشێکیشی لەسەرە، بەرەو باشوور دەڕوا و لە لای خۆرهەلاتی قەزاوە دەڕژێتە ناو گۆلی وان-ەوە. لە لای خۆرهەلاتی قەزادا دارستانێك و دوو

گۆلی گچکەی لێیە، لە ناو ئەو کەنداوەی لە نووکی کەناری خۆرهەڵاتیدایە دورگەیەکی بچووك هەیە.

لە دەوروبەری ناوەندی قەزادا باخچەیەکی زۆری لێیە. ناوەندی قەزا لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی سەرەوەی کە بەشوورە دەورەدراوە، گەڕەکی موسڵمانانە و کۆنە مزگەوتێکی پیرۆز و کڵێسەیەکی هەیە، بەشی خوارەوەی کە گەڕەکی دیان (خرستیان)ەکانە، بەباخ و باخچە دەورەدراوە، ئەم باخچانە، بەئاوێك ئاو دەدرێ کە لە لای سەرەوەی شارۆچکەکەوە دێتە خوارێ، دانیشتووانی قەزا، وەکو کاری سەرەکی بەکاری ناو کێڵگە و کرێکارییەوە خەریکن.

(ب/ ٤–ل / ٣٠٣٨)

**عەبداڵخان (عەبداڵ خان – ئەبداڵ خان)**: لە سەردەمی سوڵتان **ئیبراهیمدا**،[٣٦٧] حوکمداری بتلیس بووە. لەبەرئەوەی ئاڵای یاخیبوونی هەڵکردووە، لە لایەن– ئەحمەد پاشای مەلەك–ەوە بەزێنراوە و هێنراوەتە ئەستەمبووڵ و دوای ماوەیەك، لەبەر هەڵوێستی بەهیچ ڕازی نەبوونییەوە، کوژراوە و لە ناوبراوە.

(ب/ ١–ل/ ٥٢٧)

**عەدیی کوڕی موسافیر (شەیخولحەکاری)**[٣٦٨]: لە شێخە بەناوبانگەکانە و لە خودا پەرستە پێگەییوەکان دەژمێردرێ. ڕێبازی عەدەوییەی پەیوەستە. لە گوندی بەیتکاری دەوروبەری بەعلبەك[٣٦٩]–دا لە دایك بووە. دوای فێربوونی زانستەکان چووەتە سەر ڕێبازی سۆفیگەری و لەگەڵ شێخگەلێکی بەناوبانگی وەك: عوقەیل ئەلمونهی، حەمماد ئەلدەبباس، عەبدولقادری شارەزووری، عەبدولقادری گەیلانی و ئەبولوەفا ئەلحولوانی–دا هەڵسوکەوتی کردووە، ئیجازەی ڕێبازی وەرگرتووە. لە کۆتاییشدا لە چیاکانی **حەکاریدا** کونجێکی[٣٧٠] هەڵبژاردووە و دەستی کردووەتە خوداپەرستی و ڕێنماییی موریدەکانی، ناوبانگی بەناوچە جیاجیاکانی دنیادا بڵاو بووەتەوە و موریدەکانی زۆربوونە و لە هەموو لایەکەوە ئارەزووی سەرلێدانی دەست پێ کردووە. لە ٥٥٧ی هیجری (١١٦٢ی زایین)دا لە حەکاریدا کۆچی دوایی کردووە و لەتەك کونجەکەیدا نێژراوە. منداڵ و نەوەکانی لەو ناوەدا ماونەتەوە.

(ب/ ٤–ل/ ٣١٣٤)

**عەرەبکێر:** شارۆچکەیەکە، ناوەندی قەزایە، لە لیوای خەرپووتی ویلایەتی مەعموورەتولعەزیزدا، لە ٧٥ کیلۆمەتری باکوری خۆرئاوای خەرپووت و لە ٥٥ کیلۆمەتری باکوری مەلاتییەدا، لەسەر هێڵەکانی ٢٩یْ باکوری پانی و ٢٠ی ٣٦یْ خۆرهەلاتی درێژی و لە ٢٥ کیلۆمەتری خۆراوای ڕێڕەوی (قەرەسو)ی پەیوەست بەفورات هەڵکەوتووە، ٢٠,٠٠٠ کەسی دانیشتووانی کە نیوەی پتری موسوڵمانن، باخ و باخچەیەکی زۆری هەیە و ئەو ئاوریشمەی لە مالاّن دروست دەکریٚ و چنراوی وەك بەرە و کالاّکە لە ئاوریشم و لۆکە دەچنریٚ، بەرهەم دەهێندریٚ و ١٨ مزگەوت و نوێژگە و یەك تەکیە و ٣ مەدرەسە و یەك کتێبخانە و ٤ کڵێسەی ئەرمەنی و یەکی کاتۆلیك و یەکی پرۆتستانت و ٤ خان و بازاڕێك کە بەگەورە بژمێرریٚ ١٦ قوتابخانەی جیای ئەرمەنی و کاتۆلێك و پرۆتستانت و دوو دووکانی کتێبفرۆشی، دوو دەرمانخانە، ٤ کارگەی چنین و ٤ جێی پێستە خۆشکردن و شارۆچکەکە لە شوێنێکی بەرزدایە و لەبەر ئەوەی لە دەرەوە دیمەنیان زۆر دڵگیرە، لە شوێنی کۆنی شارۆچکەکەدا مزگەوتێکی پیرۆزی نەقشداری هەیە کە وا دەزانریٚ لەو بینایانەی سەر بەشایەکانی پارس بن و هەروەها هەندێك پەرستگەی دیکەشی لێیە.

قەزای عەرەبکێر کە لە بەشی باکوری خۆراوای لیواکەدایە، لە باکورەوە قەزای ئەگین و لە خۆرهەلاتەوە لیوای دەرسیم (دێرسم) و لە باشوورەوە قەزای (کەبانمەعدەنی) و لە باکوری خۆراواوە لیوای مەلاتییە، لە خۆراواشەوە ویلایەتی سێواس هاوسنووریەتی و ٨٨ گوند بەخۆوە دەگریٚ. زەوییەکەی بەگشتی چیا و بەرزاییە، ئاو و جۆگەلەو شیوی زۆری هەیە کە دەچنە سەر قەرەسو-ی پەیوەست بەفورات.

ئەگەرچی خاکی چێنراو و بەروبوومی دانەوێڵە و کشتوکاڵی دیکەشی هەبیٚ، بەرهەمە سەرەکییەکانی لە میوەجاتی جۆراوجۆر و تریٚ و هی دیکە پێکدیٚ، زۆربەی پیاوانی قەزا بەکاری وەك خزمەتگوزاری و خزمەتکاری لە ئەستەمبووڵ و شارە گەورەکانی دیکەدا گوزەران دەکەن. بەرهەمی سەرەکیی پیشەسازییان لە چنراوی ئاوریشم و لۆکە (گەزی) و (مانووسە)[٣٧١] پێکدیٚ. دانیشتووانی لە ٣٢,٥٣٣ کەس پێکدیٚ، بڕی ١١,٠٠٠ یان ئەرمەنین کە لە هەرسیٚ ڕێبازە ئایینییەکەیان تێدایە، ئەوانی دیکەیان هەر هەموو موسوڵمانن. لە دەشتی (ساری چیچەك)ی نزیکی ناوەندی قەزا، هاوینان بەبڕی زۆر، مێگەلە مەڕی لیٚ دەبیٚ. ئەو ڕۆنە خاوێنەی لە شیریانەوە دەست دەکەویٚ، بۆنێکی خۆشی هەیە، لە ناو قەزادا ٣٥ مزگەوت و نوێژگە و ٣٨ قوتابخانە و ٤ مەدرەسە (خوێندگای ئاینی) و ١١ کڵێسە و ٤ گەرماو و ٣٢ ئاسیا و (ئاش) و کارگە و ٤٧٥ دووکانیشی لێیە.
(ب.٤-ل/٣١٤٢)

**عەینتاب**: شارێکە، ناوەندی قەزایە، لە لیوا و ویلایەتی حەڵەبدا و لە ١٣٢ کیلۆمەتری باکوری خۆراوایدایە، لەسەر هێڵی ٣٧,٨ پلەی پانیی باکور و هێڵی ٣٥,٢ پلەی درێژیی خۆرهەڵاتدایە، ٤٣,١٥٠ کەس دانیشتووانی هەیە و ٣٦ مزگەوتی پیرۆز و ٥٧ نوێژگە و ٢١ مەدرەسە و کتێبخانەیەك و قوتابخانەیەکی ناوەندی و قوتابخانەیەکی هەتیوان و ٢٠ قوتابخانەی سەرەتایی و ٧ تەکیە و[٣٧٢] قوتابخانەیەکی گەورەی مسیۆنێرە پرۆتستانتە ئەمریکاییەکان و پەرستگایەکی جوولەکە و ١٣ گەرماو و ٣١ خان و٣١ فڕن و ٢٢٩٩ دووکان و کۆگا و ٤ قەیسەری (بازاڕی میچ داپۆشراو) و ٢٢١٥ دەزگای بەڕە و کووتاڵ و عابا دروستکردن و ٤٥ بۆیاخخانە و ٦ کارگەی ڕۆن و ١٠ شوێنی تریٚ گوشین و ئاشێکی بەهەڵم کارکردوو و ١١ی ئاسایی و ٨ کارگەی خواردنەوە و ٥ شوێنی دروستکردنی سابوونی هەیە. بازرگانییەکی زۆر چالاکی لەگەڵ حەڵەب و ئورفە و مەراش (مەرعەش) و ئەسکەندەروونەدا هەیە.

بیناکانی جوان و کۆڵانەکانی تا دەکریٚ بەرین و خاوێنە. دەوروبەری دار زەیتوون و بەباغ و باغچەوە دەورەدراوە و لەبەرئەوەی لەسەر گردێکی جواندا هەڵکەوتووە، لە دەرەوە و لە ناوەوە، دیمەنی زۆرجوانە. کەناڵێك لە زێی ساجوورەوە کە لە دووریی سیٚ سەعاتەڕێی شارەوە دەڕوا، هێنراوەتە شار و ئاو بەگەرماوەکانیشی دەدا.

بەروبوومی قەزا، بەزیادەوە میوەی و ئەو پیشە دەستییانەی لە شاردا دروست دەکریٚ، بەڕە و عەبا، لاسایی کراوەی داماسکۆ (کاڵای لە دیمەشق دروستکراو– وەرگێڕ) و کاڵا و قەنەفە و کورسی و سابوون و هی دیکە دەنێررێتە قەزاکانی دەوروبەر و میسر و ئەنادۆڵ و ئەورووپا.

لە شاردا وەکو زمانی سەرەکی بەتورکی قسە دەکریٚ و عەرەبییش دەزانریٚ[٣٧٣].

ئەم شارە نوێیە، لە شارەکانی فەتحی ئیسلامدا ناوی نەهاتووە. یاقووتی حەمەوی[٣٧٤]، بەشێوەیەکی بیٚ بایەخ باسی دەکا و دەڵیٚ (عەینتاب) قەڵایەکی قایمکاری نێوانی حەڵەب و ئەنتاکیە–یە. کۆن بەناوی (دلوك)ەوە ناسراوە[٣٧٥].

قەزای عەینتاب، دەکەوێتە ئەوپەڕی باکووری لیوای حەڵەبەوە و لە باشووری خۆرهەڵاتەوە (مەنبیج) و لە باشوورەوە قەزاکانی (ئەلباب)[٣٧٦] و (کلیس) و لە خۆراواوە ویلایەتی (ئەدەنە)، لە باکورەوە (مەراش– مەرعەش)، لە خۆرهەڵاتیشەوە بەلیوای ئورفە دەورەدراوە و سنووردارە. وەکو قەزا ٨ ناحیە و ٣٤٦ گوندی هەیە و ٨٦٩٨٨ کەس

دانیشتووانییەتی کە ٦٥٠٨٥ی ئەمانە موسڵمان و ٢١٠٤٦یشیان لە کۆمەڵانی دیکەی دیانانن ٨٥٧یشیان ئیسرائیلین.[٣٧٧]

زەویی کەم چاڵ و چۆڵ و گردی جوان جوانی هەیە و زۆر بەپیتە. لە لای خۆراوا و باکوردا هەندێك داوێنی ئەو چیایانەی بەسنووری ئەدەنە و لیوای مەراشدایە، بەناو قەزادا درێژەیان هەیە و چەند زێیەکیشیان لێ پەیدا دەبێ، سەرەکییەکانی ئەمانە، (ساجوور) کە کەمێك پێشتر باسی لێوەکراو دەرژێتە ناو فوراتەوە و زێی (کۆیوك) کە بەناو حەڵەبدا دەرواو زێی ئەفرین (عفرین) کە دەرژێتە ناو گۆلی (ئاقدەنز)ی نزیك ئەنتاکیاوە. بەروبوومی خاکەکەی دانەوێڵەی جۆراوجۆرە، لەگەڵ تووتن و لۆکە و ترێ و زەیتوون و میوەی جۆراوجۆری دیکەو سەوزەوات. گەلێك ناردەی مێوژیشیان هەیە. ئەو چنراوانەی بەدەزووی لۆکە دەکرێن لەگەڵ ڕۆنی زەیتوون و هەناردەی عەرەقیش بەبایەخە.

لە ناو قەزادا، وەکو شتێکی سەرەکی، کەلاوەی قەڵایەك کە لە خاچپەرستەکانەوە بەجێ ماوە و هەندێك گۆڕی پیرۆز کە بوونەتە زیارەتگا. خەڵکی قەزا بەعەرەبی دەدوێن، تەنیا لە ناوەندی قەزادا بەتورکی قسە دەکرێ.

(ب/ ٥–ل / ٣٢٣٢)

**عیمادییە (ئامێدی)**: شارۆچکەیەکە، ناوەندی قەزایە، لە لیوای حەکاری–ی ویلایەتی واندا، لەوپەڕی باشووری ویلایەت و قەزادا، لە ١٥٠ کیلۆمەتری باشووری وان و ٨٠ کیلۆمەتری باکوری مووسڵدا، لەسەر گردێکی سەختی سەر دۆڵێکی بەپیت و جواندا هەڵکەوتووە.

دانیشتووانی ٥,٠٠٠ کەسن، ١,٩٠٠ی جوولەکەن و ٦٠٠یان کلدانی و ئەوی دیکەش کە زۆرینەیان کوردن، موسڵمانن.[٣٧٨] بازاڕێکی ٨٠ دووکانی و باخ و باخچەی بەناوبانگی هەیە. قەڵاکەی کۆنە، لە لایەن عیمادەددین زەنگیی دامەزرێنەری دەوڵەتی ئەتابەگییەوە دامەزراوە و بەناوی ئەوەوە ناونراوە. لەگەڵ ئەمەشدا کە ئەمڕۆ ئاوەدانە، سێ دەرگاشی هەیە، لەبەرئەوەی هاوینان هەوای زۆر گەرمە، خەڵکەکەی دەچنە ناو باخان، زستانان مامناوەندی و زۆر خۆشە.

قەزای عیمادییە، لە باکوری خۆراواوە بەقەزاکانی بەیتوششەباب و لە باکورەوە بەچاڵ و لە باکوری خۆرهەڵاتەوە ئورامار و[٣٧٩] لە خۆرهەڵاتەوە بەشەمدینان و لە باشوور و باشووری خۆراواوە بەویلایەتی مووسڵ دەورەدراوە. خاکەکەی بەرزاییە، چەند بەست و

جۆبارێکی هەیە، ڕاستەوخۆ دەرژێتە دیجلە و زێی گەورەوە و دارستانێکی زۆریشی هەیە. قەزاکە ٥ ناحیە و ٣٦٦ گوندی هەیە. دانیشتووانی ٢٣,٩٤٠ کەسە. کە لە نیوەی پتری کورد و سوننین، ئەوی دیکە لە کلدانی و نەستووری و جوولەکە و یەزیدی پێکدێ.[٣٨٠]

وەکو ئەوەی زۆربەی چیاکانی بەدارستان داپۆشراوە، دۆڵ و دەشتەکانیشی زۆر بەپیتن، گەنم و جۆ و گەنمەشامی و برنج و بەروبوومی دیکەشی هەیە. لەگەڵ دار زەیتوون و توو و باوی و شەفتالوو و زەردالوو و هەنار و قەیسی و هەرمێ و سێو و میوەی دیکە، ترێشی زۆرە و زۆر پەسندە . بەرهەمی تووتن و لۆکەشیان زۆرە، زیادەی بەروبوومیان دەبرێتە باشقەڵا و لەوێشەوە بۆ ئێران و ڕووسیا دەنێررێ. بەتایبەت مێوژ و تووتن و هەنگوینی لە ئێران زۆر پەسندە.

(ب/ ٥-ل/ ٣٢٠٦)

**عەبدوڵڵا شەهرەزووری- شارەزووری-** (**ئەبو موحەممەد- کوڕی ئەلقاسم ئەلمورتەضا**): لە شاعیر و زانا بەناوبانگەکان بووە، لە فیقهـ و فەرموودەشدا دەستێکی باڵای هەبووە. ماوەیەکی زۆر لە بەغدا بووە، بە فیقهـ و فەرموودەوە خەریك بووە؛ دواتر گەڕاوەتەوە مووسڵ و لە قازیێتیی ئەوێ دامەزراوە. بە چامەیەکی لە بارەی سۆفیگەریی بەناوی «چامەی مووسڵی»یەوە بەناوبانگە و هەندێك شیعری دیکەی هەیە. لە ٤٦٥ی.هـ (**١٠٧٢ -١٠٧٣ی.ز)دا** لە دایك بووە و لە **٥١١ی.هـ (١١١٧-١١١٨ی.ز)دا** لە مووسڵ مردووە. (جەلیل)

«لە بابەتی شارەزووریدا- **ب/ ٤- ل/ ٢٨٨٩-** ساڵی مردنی بە **٥٢١ی.هـ (١١٢٧ - ١١٢٨ی.ز)** نووسراوە» (و. کوردی)

(ب/ ٤- ل/ ٣١٠٨)

**عوبەیدوڵڵا** (**شێخ - ئەفەندی**): لە شێخە کوردەکانە کە بەزۆریی مورید و دەسەڵاتی لە دەوروبەری هەکاریدا بەناوبانگە. لە کۆتاییەکانی سەدەی پێشوودا (سەدەی هەژدە) لە دەوروبەری گۆلی ورمێ-دا ڕاپەڕینی بەکوردەکان بەرامبەر ئێران کردووە، ماوەی ساڵێك زیاتر دەوڵەتی ناوبراوی خەریك کردووە، دواتر لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە نێرراوەتە مەدینەی مونەووەرەوە و فەرمانی لەوێ دانیشتنی تەوزیمی پێ دراوە. زۆری پێ نەچووە لەوێ کۆچی دوایی کردووە. (جەلیل)

(ب/ ٤- ل/ ٣١١٩)

**عوثمان (ئەلمەلیکولعەزیز عیمادوددین)**: دووەمی شایە ئەییووبییەکانە. کوڕی سەلاحەددینی ئەییووبییە (بڕوانە بابەتی «عەزین»). (وەرگێڕ)

(ب/ ٤– ل/ ٣١٢٦)

**عوریان (بەم ناوەوە دوو شاعیر هەن)**.. **یەکەمیان**: **(بابا تاهیر)** هەمەدانی بووە. سروشت عەوداڵانە بووە. بەزمانی (ڕاجی!) دەبێ دوڕاجی بێ! ...(و. کوردی) گەلێك شیعری هەیە. (جەلیل)

(ب/ ٤– ل/ ٣١٤٤)

**عیززەددین**: چوارەمین فەرمانڕەوای ئەو ئەتابەگانەیە کە لە لوڕی گچکەدا فەرمانڕەواییان کردووە. کوڕی نوورەددین موحەممەدی برای شوجاعوددین خورشیدی دامەزرێنەری دەوڵەتی ناوبراوە، ئەگەرچی بووەتە جێنشینی سەیفوددین و شەرەفوددینی برایانی شوجاعوددین خورشید، دوای ئەوەی لە سەرەتای سەدەی حەوتەمدا هەندێك فەرمانڕەواییان کردووە، ئەمیش دوای ماوەیەکی کورتی فەرمانڕەوایی، حوسامووددین خەلیلی نەوەی دامەزرێنەری حکوومەت لە بەغداوە لەشکری کردووەتە سەر و موڵکەکەی لە دەست سەندووە و ئەمیش دوای یەك ساڵ کۆچی دوایی کردووە. (جەلیل)

(ب/ ٤– ل/ ٣١٤٥)

**عیززەددین حوسێن**: یەکێکە لە شایەکانی ئەو ئەتابەگانەی لە لوڕی بچووکدا فەرمانڕەواییان کردووە. لە ٦٧٧ی.هـ (١٢٧٨–١٢٧٩ی.ز) لەسەر مردنی تاجوددینی باوکی، بەهاوبەشی لەگەڵ فەلەکەددینی برای ١٥ ساڵان فەرمانڕەواییان کردووە و موڵکی بۆماوەیان گەلێك فراوان کردووە، لە ٦٩٢ی.هـ (١٢٩٢–١٢٩٣ی.ز)دا کۆچی دوایی کردووە. (جەلیل)

(ب/ ٤– ل/ ٣١٤٦)

**عیززەددین محەممەد**: دوانزدەهەمین فەرمانڕەوای ئەو خانەوادەی ئەتابەگانەیە کە لە لوڕی گچکەدا فەرمانڕەواییان کردووە، کوڕی عیززەددین حوسێن–ە کە پێشتر ژیننامەی نووسراوە، لە سەردەمی بەدرەددین مەسعوودی برایدا بووەتە حاکمی ئینجوو، لە دوای مردنی ناوبراو ئەگەر گوێڕایەڵی بۆ ئەم ماوەتەوە، ئەو سەردەمە فەرمانڕەوایی بەدەستی مەغۆلانەوە بووە، بیست ساڵ بەم ناوە فەرمانڕەوایی کردووە و دواتر لە

٧١٦ی.هـ (١٣١٦–١٣١٧ی.ز)دا کۆچی دوایی کردووە، ناوی حکوومەتەکە بۆ دەوڵەت خاتوون–ی هاوسەری ماوەتەوە. (جەلیل)
(ب/ ٤– ل/ ٣١٤٦)

**عەزیز (ملك – عیمادوددین عوثمان)**: دووەمی ئەو فەرمانڕەوا ئەییووبییانەیە کە لە میسر و شامدا فەرمانڕەواییان کردووە، کوڕی سەلاحەددین یووسف–ی دامەزرێنەری خانەوادە و دەوڵەتی ئاماژە بۆ کراوە، لە ٥٦٧ی.هـ(١١٧١–١١٧٢ی.ز)دا لە قاهیرە هاتووەتە جیهان و کە باوکی لە شامدا خەریك بووە، کە بەخۆی لە میسردا کاری جێگرێتیی ئەنجام دەدا، لە ٥٨٩ی.هـ (١١٩٣–١١٩٤ی.ز)دا لەسەر کۆچی دوایی سەلاحەددین، چووەتە سەر تەختی سوڵتانێتی و دوای ئەوەی بەتەواوی دادپەروەری و سەرڕاستییەوە فەرمانڕەوایی کردووە، لە ٥٩٥ی.هـ (١١٩٨–١١٩٩ی.ز)دا لە تەمەنی ٢٨ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە. موحەممەدولمەنصووری کوڕی کە لە تەمەنی دە ساڵیدا بووە، چووەتە جێی، بەوەی کە منداڵ بووە، دوای ساڵێك لە کارخراوە و مەلیك عادل سەیفوددین ئەبوبەکری برای سوڵتان سەلاحەددین بەڕێوەبردنی کاروباری گرتووەتە دەست. بەم جۆرە فەرمانڕەوایی لە ناو نەوەی ئەمدا ماوەتەوە. مەلیك عەزیز لە زانستی جۆراوجۆردا زانا و وەکو باوکی بەرز و زاتێکی سەرڕاست بووە. لە قوڕافەی گچکە (قرافة الصغری)دا لە لای ئیمام شافیعی–دا نێژراوە. (جەلیل)
(ب/ ٤– ل/ ٣١٥٠)

**عەلی مورادخان**: یەکێکە لە شایەکانی دەوڵەتی زەند کە بەر لە حکوومەتی قاجارییەی ئێستا لە ئێران دامەزراوە، لە ١١٩٦ی.هـ (١٧٨١–١٧٨٢ی.ز)دا دوای صادق خان فەرمانڕەوایی کردووە و دوای ئەوەی نزیکەی پێنج ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە، لە ١٢٠٠ی.هـ (١٧٨٥–١٧٨٦ی.ز)دا کۆچی دوایی کردووە، لەو ماوەیەدا گەلێك لەگەڵ ئاغا محەممەد خان–ی قاچاردا کە لەو دەمانەدا لە مازەندەرانەوە دەرچووە خەریك بووە. (جەلیل)
(ب/ ٤– ل/ ٣١٩٧– ٣١٩٨)

**عیمادی لوڕ**: شاعیرێکی ئێرانی بووە و هاوچەرخی خواجە شەمسەددین محەممەد بووە. (جەلیل)
(ب/ ٥– ل/ ٣٢٠٦)

**عەنتەری (ئەبولموئەییەد موحەممەدی کوڕی ئەلمەجلی–ی جزیری)**: لە نوژدار و ئەدیبە موسڵمانەکان بووە. چ لە هونەرە پزیشکییەکان و چ لە زانستە ئەدەبییەکاندا دەستی باڵای

هەبووە. زاتێکی ئەدیب و شاعیر و فەیلەسووف بووە. لە سەردەمی عیمادەددینی زەنگیدا لە جزیرە ژیاوە. قسە و شیعرێکی زۆری حەکیمانەی پەند ئامێزی لەبارەی حیکمەت و ڕەوشت و نوژداری و پاراستنی تەندروستی هەیە، ئاڕاستەی موئەییەدوددین-ی کوڕی کردووە. جگە لە دیوانی شیعری خاوەنی ئەم دانراوانەشە: «نور المجتبى من روض النقبا»، «تذكار الفضلاء الحكماء ونزهة الحياة الدنيا»، «كتاب الأقراباذين» ، «رسالة الشعرى اليمانية إلى الشعرى الشامية»، «رسالة حركة العالم»، «رسالة الفرق مابين الدهر والزمان والكفر والايمان»، «رسالة العشق الألهي و الطبيعي». ئەم دوو دێڕە شیعرە لە شیعرەکانی ئەون:

من لزم الصمت إكتسى هيبة
تخفى عن الناس مساويه
لسان من يعقل في قلبه
وقلب من يجهل في فيه... (جەلیل)

(ب/ ٥- ل/ ٣٢٢٤)

**عیسا-ی کوڕی محەممەد**: (بڕوانە بابەتی زیائوددینی هەکاری).

(ب/ ٥- ل/ ٣٢٣٠)

**عیسا-ی کوڕی ئەلمەلیکولعادل**: (بڕوانە بابەتی «موعەظظەم مەلیك عادل»).

(ب/ ٥- ل/ ٣٢٣٠)

**عەینی (حەسەن ئەفەندی)**: لە زانا و شاعیرەکانی دوایین سەردەمەکانی عوسمانییە، خەڵکی عەینتاب-ە. لە بابی عالیدا مامۆستای زمانی عەرەبی و فارسییە. لە ١٢٥٤ی.ھ (١٨٣٨-١٨٣٩ی.ز)دا کۆچی دوایی کردووە. دیوانێکی شیعری بەناوونیشانی «نەظمی جەواهیر»ەوە فەرهەنگێکی هۆنراوی هەیە. ئەم دوو دێڕە لەوانەن:

پیچ و تاب خط و گیسو ایله یاندم بوگیجه
عالم خوابده اوشدی باشمه مار ایله مور
دل هوا و هوسه أویدی جهانه كلدی
ایتدی عینی وطنمدن بنی بو دار ایله دور ... (وەرگێڕ)

(ب/ ٥- ل/ ٣٢٣٣)

# غ

**غازیە خاتوون**: کچی مەلیك کامیل-ی یەك لە شایە ئەییووبییەکان و هاوسەری مەلیك موظەففەر مەحموود-ی فەرمانڕەوای شاری حەما بووە. بەمردنی مێردەکەی و لەبەر منداڵیی مەلیك مەنسووری کوڕی و میراتگری، خاوەنی ئەم ژیننامەیە ماوەیەك جێگرێتیی سەڵتەنەتی کردووە: لە ٦٥٦ی.هـ(١٢٥٨-١٢٥٩ی.ز)دا کۆچی دوایی کردووە. (جەلیل)
(ب/ ٥- ل/ ٣٢٤٠)

**غوباری** (**سەید قاسم**): یەکێکە لە خۆشنووسە بەناوبانگەکان، خەڵکی دیاربەکرە، لەسەر دەنکە برنجێك بەخەتی غوباری سوورەتی ئیخلاص (قل هو الله أحد)ی نووسیوەتەوە. خەتەکانی جۆری جەلی-ی مزگەوتی پیرۆزی سوڵتان ئەحمەد، ئەم نووسیویەتی. (وەرگێڕ)
(ب/ ٥- ل/ ٣٢٥٦)٠

# ف

**فورات** (Euphrate): یەکێکە لە گەورەترین ڕووبارەکانی ئاسیا، گەورەترین ڕووباری ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی-یە لەم کیشوەرەدا. لە ناو ویلایەتی ئەرزەڕۆمەوە هەڵدەقوڵێ و دەڕوا، لە یەکگرتنەوەی دوو زێ پێکدێ. یەکێکی ئەمانەو گەورەترینیان ئاوی موراده، ئەوی دیکەش قەرەسو-ە. ئاوی موراد لە لیوای بایەزیددا، لەو چیایانەی لە سنوورەکانی ئێران و ڕووسیادایە هەڵدەقوڵێ و لە چەند ئاوێکەوە پێکدێ و بەرەو خۆراوا، ئینجا بەرەو باشووری خۆرهەڵات دەڕواو دەچێتە ناو لیوای مووش-ی ویلایەتی وان. ئەم لیوایە و لیوای گەنج لە خۆرهەڵاتەوە بەرەو خۆراوا دەکاتە دوو بەش و دەچێتە ناو ویلایەتی مەعموورەتولعەزیز و لە بەشی سەرەوەی خەرپووتەوە دەڕوا و لە لای سەرەوەی کەبانمەعدەنیدا لەگەڵ قەرەسو، یەك دەگرنەوە. لە ڕێڕەویدا لە لای دەستەڕاست و دەستەچەپەوە چەند ئاوێکیشی دێتە سەر، قەرەسو-ش لە چیاکانی لای سەرەوەی ئەرزەڕۆم-ەوە هەڵدەقوڵێ و لە باکوری شارەکەوە ڕەت دەبێ و بەرەو باشووری خۆراوا دەڕوا، لیوای ئەرزنجان دەکاتە دووبەش و لە باشووری ئەرزنجانەوە ڕەت دەبێ و کە دەچێتە ناو ویلایەتی مەعموورەتولعەزیز بەرەو باشوور دەسووڕێتەوە و دوای ئەوەی لە

لای ڕاستەوە زێی چاڵتە-ی دێتە سەر لەگەڵ ئاوی مورادی ناوبراودا یەك دەگرنەوە.

دوای ئـەوەی یـەك دوو زێ یـەك دەگـرنـەوە، نـاوی فـوراتـی لـێ دەنـرێ لـە نـێوانـی ویلایەتەکانی مەعموورەتولعەزیز و دیاربەکردا جار جار بەرەو خۆراوا و جاروباریش بەرەو خۆرهەڵات دەڕواو بەرەو باشوور دەچێ و دەچێتە ناو ویلایەتی حەڵەب و لە نێوانی مەراش و ئورفەدا بەرەو باشووری خۆرهەڵات دەڕواو دواتر لە ناو لیوای حەڵەبدا، بەرەو باشوور دەست بەڕۆیشتن دەکا. کە دەگاتە هێڵی ٣٦یْ پانیی باکور، بەرەو خۆرهەڵات، دواتـریش بـەرەو بـاشووری خـۆرهـەڵات وەردەچـەرخـێ و لـیـوای زۆر بـۆ دووبـەش جـیـا دەکاتەوە. دوای ئەوەی زێی خابوور کە لە جەزیرەوە دێ، لەگەڵ هەندێك ئاوی دیکەی کە دێتە سەر، دەچێتە ناو ویلایەتی بەغدا و لیواکانی کەربەلا و حیللە دەکاتە دووبەش و لەم ناوانەدا بەهۆی چەند کەناڵێکەوە تێکەڵی ڕووباری دیجلە دەبێ. دواتریش کە دەچێتە ناو ویلایەتی بەسرە، بەرەو خۆرهەڵات دەگەڕێتەوە، لە کۆتاییدا لە قورنە لەگەڵ دیجلەدا یەك دەگرێتەوە و ڕووباری شەتتولعەرەب پێکدەهێنێ. ئەمەش کە بەرەو باشووری خۆرهەڵات ڕێ دەکا، دوای ئەوەی بەبەردەم بەسرەدا ڕەت دەبێ، لە چەند لایەکەوە دەڕژێتە ناو کەنداوی بەسرە.

سەرچاوەکانی  فورات، هێڵێکی گەورەی جیاکردنەوەی ئاو پێکدێنێ، دیسانەوە ئەو ئاوانەی کە لە لێژاییەکانی دیکەی ئەو چیایانەوە دێن، بەرەو دەریای خەزەر (قەزوین) و دەریای ڕەش دەچن. لە سەرچاوەی زێی مورادەوە تا قورنە، واتە تا ئەو شوێنەی لەگەڵ دیجلەدا یەك دەگرێتەوە و شەتتولعەرەب پێکدەهێنێ، درێژیی ڕێڕەوەکەی ٢٧٠٠ و تا ئەو شوێنەی لێوەی دەڕژێتە کەنداوی بەسرە، ٢٨٦٠ کیلۆمەترە([٣٨١]). وەك ڕێژەیەکی ناوەندی لە چرکە (سانییە)یەکدا ٢,٠٦٥ مەتر چوار پاڵوو ئاو دەڕێژێ. لە کاتێکدا دیجلە لە فورات کورتتر و بە لقێکی ئەو دادەنرێ، لە بەغدادا وەك ڕێژەیەکی ناوەندی ئەو ئاوەی فڕێی دەدا لە چرکەیەکدا دەگاتە ٤,٦٥٦ مەتری چوار پاڵوو.

فورات وەرزی هەڵچوونیشی هەیە، هەڵچوونەکەی ئەگەر ئەوەندەی ئەوەی نیل-یش نەبێ، دیسانەوە ئاوەکەی لە ئاستی دەمە ئاساییەکانەوە، چوار مەتر بەرزتر دەبێتەوە. هـەڵـچـوونـەکـەی لـەگـەڵ وەرزی تـوانـەوەی بـەفـری ئـەو چـیـایـانـەدا ڕێکدەکـەوێ کـە سەرچـاوەکـانـیـان لـەو نـاوچـانـەدان، لـە مـانـگـی مـارت (ئـادار)دا دەست پـێ دەکـاو تـا کۆتـاییـیـەکانی مـایس لە بەرزبوونەوە بەردەوام دەبێ، لە کۆتـاییـیـەکانی ئەم مـانگەوە تـا

کۆتاییەکانی ئەیلوول تۆزە تۆزە دادەبەزێ . دوای تشرینی دووەم بەپێی زۆریی باران، هەڵچوونێکی دیکەش ببێ لە ئاستی یەکەمیاندا نابێ. کانگاکانی ئاوی موراد دەگاتە ۲,۷۵۰ و ئـەوەی قـەرەسو–ش دەگـاتـە ۲۲۰۰ مـەتـر بـەرزی، دوای ڕێڕۆیشتـنـی ۱,۰٦۲کیلۆمەتری لە بیرەجکدا بەرزبوونەوەی ڕێڕەوەکەی (۱۹۱)ە. کە لە هەر کیلۆمەترێکدا ۲ مەتر و ٤ سەنتیمەتر دادەبەزێ. لە بیرەجکەوە تا ئەو شوێنەی دەڕژێتە ناو دەریاوە، لە درێژاییی ۱,۸۰۰ کیلۆمەتریدا تەنیا ۱۹۱ مەترە. کە لە هەر کیلۆمەترێکدا لە ۱۰ سەنتیمەتر هەندێك پتر دادەبەزێ[۳۸۲].

بۆ ئەوەی ئاو لە دەمەدەمی هەڵچوونی فورات و دیجلەدا، دەشتەکانی دەوروبەر پێشێل نەکا، بابلییەکان بەربەستێکی زۆریان ئەنجام داوە و بەم ئاوانە زەوییەکانیان ئاوداوە و کەناڵێکی زۆر و کەندەکیان لێداوە. ئەمانە ئەگەر چی لە سەردەمی خەلیفە عەبباسییەکاندا بارێکی دیکە پتر کراون و نۆژەن کراونەتەوە، دواتر پشتگوێ خراون و هەموو ڕووخاون. ئەگەر چی هەوڵی ئەوەش دراوە کە فورات وا لێ بکرێ کەشتیی بەناودا بڕوا، جێبەجێ کردنی خەرجییەکی زۆری ویستووە و کارەکان ئەنجام نەدراون.

لەبەر ئەوەی لە (موعجەمولبولدان)دا نووسراوە، کە ناوی «فورات» لە عەرەبیدا «ئاوی بەتام و سازگار» دەگەیەنێ و لە زمانی (زەند)دا «فراوان» و عیبریش «گولیلك»یانیش «لەوەڕان» دەگەیەنێ و لەبەر ئەم گێڕانەوانە، ڕاستیی ڕەسەنی ناوەکە نەزانراوە [۳۸۳]. ئاوەکەی تایبەتمەندیی دوومەڵ کردنی زانراوە.

(ب/٥ – ل/۳۳٥۱)

**فارەقی (خەطیب ئەبو یەحیا عەبدولڕەحیم کوڕی محەممەدی کوڕی نەباتە–ی حەذاقی)**: (بڕوانە بابەتی «ئیبن نەباتە») – (بڕوانە بابەتی «سەعدەددینی فارەقی»). (وەرگێڕ)

(ب/ ٥– ل/ ۳۳۲۸)

**فەضلی**: (**ئەبولفەضل**): کوڕی ئیدریس بتلیسی–ی بەناوبانگە، هەر لە تەمەنی منداڵییەوە شایستەیی و توانای دەرکەوتووە، بە هاوڕێیەتیی سوڵتانەکان و وەزیرانەوە سەربەرز بووە. دەستی باڵای لە ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسی و تورکیدا بووە و زۆر وتار و بەرهەمی دانسقەی لەبەربووە، دۆستایەتی و یاوەریی پەسند و داواکراو بووە. ڕێی زانستی گرتووەتە بەر و دوای ئەوەی لە هەندێك قەزادا ماوەتەوە، لەو خانووەیدا دانیشتووە کە لە تۆپخانەدا

بووە، بەتەك باغچەدا نوێژگەیەك و قوتابخانەیەكی بنیاتناوە، بە پێشكەش كردنی هەندێك لە چامەكانی بۆ سوڵتان بایەزیدخانی دووەم چاودێری و چاكەی وەدەست هێناوە، تەمەنێكی زۆر ژیاوە، لە ٩٨٢دا كە پیرێكی پیر بووە بەنیازی حەجكردن چووەتە دەڤەری حیجاز و هەر لەرێدا كۆچی دوایی كردووە. لە هەرسێ زمانەكاندا شیعری ڕوونی هەیە و دیوانێكی لاسایی دیوانی حافیظ–ی شیرازی و هەندێك كاری ئەدەبیی دیكەی هەبووە. ئەم شیعرانە هی ئەون:

آسمانی لباسله اول ماه
گون گبی اولدی عالمه مشهور
چاك ایدوب جیب وصلی دست سحر
بنی اول مهدن ایلدی مهجور

ئەم دێڕەش لە شیعرە فارسییەكانیەتی:

بربرگ گل زنرگس تر آب میزنی
وزلب گلاب پرشكر تاب میزنی.... (جەلیل)

(ب/ ٥– ل/ ٣٤١٥)

**فەلەكەددین (حەسەن):** لە لوڕی گچكەدا فەرمانڕەوا بووە، لە (٦٧٧ی.هـ – ١٢٧٨–١٢٧٩ی.ز)ەوە لەگەڵ عیززەددین حوسێن–ی برای پێكەوە و دوای مردنی براكەشی بۆ ماوەیەكی كەم بەتەنیا فەرمانڕەوایی كردووە. (جەلیل)

(ب/ ٥– ل/ ٣٤٢٣)

# ق

**قاخزمان**: شارۆچکەیەکی گچکەیە لەسەر ڕۆخی زێی ئاراس، ٥٠ کیلۆمەتر لە باشووری قارس، لە ویلایەتی قارسی سەر بە ڕووسیادایە.

(ب/٥ – ل/٣٦٧٧)

**قارس**: شارۆچکەیەکی قایمکاری ناوەندی ویلایەتە، ٧٠ کیلۆمەتر لە باشووری خۆراوای ئەلکساندرۆپۆل–ی یەك لە هەرێمەکانی قەفقاسی سەر بەڕووسیاو **٢٠٠** کیلۆمەتر لە باکوری خۆرهەڵاتی ئەرزەڕۆم، لەسەر تاوێرەبەردێکی بەرزاییی **١,٩٠٥** مەتری و لەسەر ئاوی قارس–ی سەربەئاوی عەرەبچای –دا، لە گەرووییەکی سەختدا ڕۆنراوە. **دانیشتووانی ٣,٦٧٠** کەسە، بایەخی سەربازیی شوێنی هەڵکەوتنی، قایمکاریی گەورەی، سەختیی شوێنی، سەرەڕای سەختی و درێژیی زستانی، بازرگانییەکی چالاکی هەیە. شارۆچکەیەکی زۆر کۆنە، لە کتێبەکەی بەتلیمۆس–دا،(٣٨٤)، بەناوی «خورسە xurse»وە باس کراوە، لە کتێبە جوگرافیاییەکانی عەرەبدا بەشێوەی «قەرس» نووسراوە(٣٨٥).

سەرەتا لە لایەن سەلجووقییەکانەوە تێکەڵی وڵاتە ئیسلامییەکان بووە، دواتر کەوتووەتە بەر دەستی مەغۆلەکان و دواتر ئێرانییان و لە جەنگی چاڵدیراندا تێکەڵ بەئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بووە. لەو جەنگانەی ڕووسیادا کە لە سەدەی زایینیی ئێستاماندا ڕوویان داوە، بەرگریکارە عوسمانییەکانی قارس ناوبانگییان بەدەست هێناوە. لە دوا کێشەدا کەوتووەتە بەردەستی ڕووسەکان.

ویلایەتی قارس، لە لای باکوری خۆراوادا بەکوتاهیە، لە باکورەوە بەتفلیس، لە خۆرهەڵاتەوە بەویلایەتی ئەریوان و لە باشوور و باشووری خۆراواوە بەسنوورەکانی عوسمانییەوە سنووردارە. ڕووپێوی ۱۸,۵۸٦ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، دانیشتووانیشی ۱٤٥,٤۱۰ کەسن. بەهۆی کۆچکردنی بەشی زۆری خەڵکە موسڵمانەکەی بۆ خاکی عوسمانی، سەرژمێری ئێستەی لە سەدا ٦۲ی دانیشتووانی موسڵمانن و بریتین لە تورك و تورکمان و قەرەقەڵپاق و کورد و هی دیکە، لە سەدا ۳۸یشی خرستیانن، ئەرمەنی و ڕووس و ڕووم و هی دیکەن. دوای خرانە سەر خاکی ڕووسیا ٦۰, ۸۷۰ کەسی موسڵمانی خەڵکەکە، شارەکەیان بەجێ هێشتووە و کۆچیان بۆ خاکی عوسمانی کردووە. تەنیا ۲۷,۱۰۰ خرستیان هاتوونەتە جێی ئەوان. بەم جۆرە، سەرژمێری شارەکە تا دێ لە کەمبووندایە.
ویلایەتەکە کراوەتە چوار قەزا، کە ناوەکانیان: قارس، ئەردەهان، ئۆڵتی و ئاشتیناك–ە.
(ب/٥ – ل/ ۳٥۱۰ – ۳٥۱۱)

**قارخووان**: یاقووتولحەمەوی ڕوونی کردووەتەوە کە شارۆچکەیەکە لە نێوانی خەلات و قارس–دا.

(ب/٥ – ل/۳٥۱۱)

**قاسم ئامەدی:** یەکێکە لە زانا و هونەرمەندە بەناوبانگەکانی نووسینی دەستی (خەتی کتێبی دەستنووس)ی سەدەی ۱۱ هەمی هیجری و (۱۸هەمی زایین)[386]، لە دیاربەکرەوە کە نیشتیمانی ئەو بووە، چووەتە ئەستەمبووڵ و لە ڕێی زانستدا مۆرکی دیاری جێهێشتووە و پایەی (ئەستەمبووڵ)[387]ی وەدەست خستووە و لە ۱۲۰٤دا (۱۷۸۹ی زایین) کۆچی دوایی کردووە، لەبەر ئەوەی بەخەتی غوباری [388] سوورەتی پیرۆزی ئیخلاصی[389] لە بان دەنکە برنجێکدا نووسیوە، بەنازناوی غوباری بەناوبانگە، ئەگەرچی خۆیشی بەسەیید داناوە، بنەچەو ڕەسەنی نەزانراوە.

(ب/٥ – ل/۳٥۳۲)

**قۆتوور**[٣٩٠]: شارۆچکەیەکە لە ویلایەتی ئازەربایجانی ئێراندا[٣٩١] و لە نزیك سنوورەکانی عوسمانی–دا، ٤٠ کیلۆمەتر لە باشووری خۆراوای خۆی–دا، لەسەر ئاوی قۆتووردا کە دوای ئەوەی بەخۆی–دا ڕەت دەبێ، دەڕژێتە زێی ئاراسەوە، کۆن کە لەناو سنووری عوسمانیدا بووە، بەپەیمانی بەرلین[٣٩٢]، دراوەتە ئێران. پێکەوە لەگەڵ ئەو دەوروبەرەی دەستی لێ هەڵگیراوە ٨.٠٠٠ کەسی دانیشتووانە.

(ب/٥ – ل/٣٦٧٦)

**قەرەچۆلان**: (بە باسەکەیدا دیارە دەبێ قەڵاچوالان بێ – وەرگێڕ) شارۆچکەیەکی کۆنە لە لیوای سلێمانیی ویلایەتی مووسڵ–ی کوردستاندا و لە ٢٥ کیلۆمەتری باکوری خۆرهەڵاتی سلێمانیدا، لە نزیك سنووری ئێراندا، کۆن کە ئەوێ ناوەندی کوردەکان بووە، لە سەدەی ڕابوردوودا، لەسەر بنیاتنانی سلێمانی بەجێ هێڵراوە و تێکچووە.

(ب/٥ – ل/٣٦٢٤)

**قەرەجەداغ**: چیایەکە لە لای خۆراوای دیاربەکردا، لە نێو ڕێڕەوی دوو ڕووباری فورات و دیجلەدا، لە تەنگەبەرترین بەرزەکدا لە باکورەوە بەرەو خۆراوا، لە نێوانی ئورفە و ماردین–دا و لە نێو دوو ئاودا کە زێی چرچۆپ–ی سەربە خابوور پێکدێنن. لە دەشتی جەزیرەدا کۆتاییی دێ. لە بنچینەدا چیایەکی گڕکانییە، لە بازلت–ی سیا پێکهاتووە[٣٩٣]. تاوێر و کەندەڵانی زۆرە. ئەو ئاوانەی بەتەکیەوە دەڕۆن کۆمەڵە گەروویەکیان پێکهێناوە، کە قەرەئامەد، واتە شاری دیاربەکریش لە داوێنی یەك لە مانەدا ڕۆنراوە.

(ب/٥ – ل/٣٦٢٤)

**قەرە کیلسە**: شارۆچکەیەکە ناوەندی قەزایە، لە لیوای بایەزیدی ویلایەتی ئەرزەڕۆم–داو لە ٩٠ کیلۆمەتر باکوری خۆرهەڵاتی بایەزیددا، لەسەر ئەو ڕێیەدا کە لە ئەرزەڕۆمەوە دەچێتە بایەزید. قەزاکەی لە خۆرهەڵات و باشوورەوە بە دیادین و لە خۆراوا و باکوری خۆراواوە بەقەزای ئەلەشکورد، لە باکورەوەش بە سنووری ڕووسیاوە سنووردارە. کراوەتە سێ ناحیە، کە ناوەکانیان: بوێلویکباش، مونکەسیر، تاشڵیچای–ەو ٥٦ گوندی هەیە. دانیشتووانی ٧.٤٢١ کەسن، ٢٠٩٦ یان ئەرمەنی و ١٤٢ یان بیانین و ئەوانی دیکە موسڵمانی کورد و تورکن. هێزی بەپیتیی خاکەکەی لە بارێکی مامناوەندیدایە، تا ڕادەیەکیش دارستان و گیاجاڕیشی هەیە. بەروبوومی لە دانەوێڵە و ئازووقەی

هەمەچەشنە و سەوزەی جۆراوجۆر و لە میوەجات پێکهاتووە. لە ئاژەڵی ماڵی، مەڕێکی زۆر و بزن و گوێدرێژ و گامێش و ئاژەڵی دیکەی لێیە.

لە ناو قەزادا ٣ مزگەوت و ٧ کڵێسە و مەناستر، ٢ قوتابخانەی منداڵان، ٤٧ خان و ٨٣ دووکان و ١ فڕن و ٣٠ ئاسیاو و ٤ چەشمە و ٤٠ پردی لێیە، پیشەسازیی ناوخۆش لە بەڕە و لباد و گۆریە پێکدێ.

(ب/٥ – ل/٣٦٤٣)

**قەسری شیرین**[٣٩٤]: شارۆچکەیەکە، ١٦٠ کیلۆمەتر لە خۆراوای کرماشان (کەرمانشاهـ)ەوە و لە ویلایەتی ئەردەڵان، یان ویلایەتی کوردستان، لە خۆراوای کەلاوەکانی شاری حولوان و لەسەر زێی حولواندا کە بەدیجلەوە پەیوەستە، لە نزیك سنووری عوسمانی، لە دەوروبەریدا کەلاوەیەکی زۆر هەیە کە لە ساسانییەکانەوە بەجێ ماون و هەندێك بینا، لەگەڵ پەیکەر و شوێنەواری لە لایەن هونەرەوە بەبایەخیشی لێیە.

(ب/٥ – ل/٣٦٧٠)

**قەنغاڵ**: گوندێکی گەورەیە، ناوەندی ناحیەیەکە، کە لە ٢٣ دێ پێکهاتووە، لە ویلایەت و لیوای سیواسدا بەقەزای ناوەندەوە پەیوەستە. لەسەر شاڕێی بەغدادا لە شوێنێکی بڵنددا ڕۆنراوە.

(ب/٥ – ل/٣٦٩٩)

**قالی** (**ئەبو عەلی ئیسماعیل-ی کوڕی قاسم**): لە ئەدیبە بەناوبانگەکان و پێشنوێژە دیارەکان بووە. لە ٢٨٨ی.هـ (٩٠٠-٩٠١ی.ز)دا لە شارۆچکەی (مەنازگرد)ی دیاربەکردا لە دایك بووە و لە ٣٠٣ی.هـ (٩١٥-٩١٦ی.ز) بەرەو بەغدا بەڕێ کەوتووە، دوو ساڵ لە مووسڵ ماوەتەوە، دوای ئەوەی لە (ئەبویەعلی)یەوە فەرموودەی پیرۆزی بیستووە، لە ٣٠٥ی.هـ (٩١٧-٩١٨ی.ز)دا چووەتە بەغدا و زانست و ئەدەبیاتی لای زانایانی مەزنی وەکو ئەبوبەکری کوڕی دورەیدی ئەزدیّ و ئەبوبەکری کوڕی ئەنباری و نەفتەوەیهـ و دروستەوەیهـ-ی خوێندووە. لە ڕێزماندا دوای ڕێبازی بەسرایی کەوتووە. تا ٣٢٨ لە بەغدا ماوەتەوە، بەسوودبەخشین و سوودمەند بوون، دواتر بۆ گەشت دەرچووە. لە ٣٣٠ی.هـ (٩٤١-٩٤٢ی.ز)دا دەگاتە شاری قورتوبەی ئەندەلوس، لەوێ نیشتەجێ دەبێت و پاشماوەی تەمەنی بە وانەوتنەوە و کتێب دانان بەسەر بردووە. لە ٣٥٦ی.هـ

(٩٦٨–٩٦٩ی.ز)دا لە قورتوبە کۆچی دوایی کردووە. لەبارەی زمانەوە کتێبێکی بەناوی «ئەلبارع»ی ١٠,٠٠٠ دە هەزار لاپەڕەیی بەپێی ڕیزبەندیی پیتە هیجائییەکان داناوە و گەلێك کتێبی دیکەی هەیە وەکو: «الامالی»، «کتاب المقصور والممدود»، «کتاب فی الأبل ونتاجها»، «کتاب فی حلی الأنسان والخیل وشیاتها»، «کتاب فعلت وأفعلت»، «کتاب مقاتل الفرسان»، «شرح القصائد المعلقات».

سەلمان–ی باپیرە گەورەی، یەك لە ئازادکراوەکانی عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان بووە لەبەرئەوەی لەگەڵ بازرگانانی شاری «قالیقلا» چووەتە بەغدا بەناوی «قالی»یەوە ناسراوە. (وەرگێڕ)

(ب/ ٥– ل/ ٣٥٦٠)

**قرمیسین**: ناوە بەعەرەب کراوەکەی شاری کرماشان–ە. (بڕوانە بابەتی «کرمانشاهـ»). (وەرگێڕ)

(ب/ ٥– ل/ ٣٦١٦)

**قرمیسینی (ئەبولحەسەن عەلی–ی کوڕی هاڕوون–ی کوڕی نەصر)**: لە ڕێزمانزانە بەناوبانگەکانە، لای عەلی–ی کوڕی سولەیمان–ی ئەخفەش خوێندوویەتی. لە ٢٩٠ی.هـ (٩٠٢–٩٠٣ی.ز)دا لە دایك بووە و لە ٣٧١دا کۆچی دوایی کردووە. (جەلیل)

(ب/ ٥– ل/ ٣٦١٦)

**قەرەئامەد (واتە: ئامەدەڕەش)**: لەبەرئەو ڕەنگەی لە دیمەنی دەرەوەیدا دیارە بەهۆی ئەوەوە کە لە بەردی سیا بیناکانی بنیات نراوە، بەشاری ئامەد گوتراوە کە ئەمڕۆ بەشارەکە دەگوترێ دیاربەکر. (بڕوانە بابەتی «ئامەد» و «دیاربەکر»). (وەرگێڕ)

(ب/ ٥– ل/ ٣٦٢١)

**قەرەسو (لە ئەنادۆڵ چەند ئاوێك بەم ناوەوە هەیە) یەکێکیان**: یەك لە دوو باڵی پێکهێنەری سەرەکیی زێی فورات، کە لە ئاوێکی زۆر پێکهاتووە کە لە چیای (گوێك داغ)ی باکوری ئەرزەڕۆم و لە چیاکانی دەوروبەرییەوە دێنەخوارێ، بەڕێیەکی زۆر بەپێچ بەرەو خۆراوای باکور دەبێتەوە، بە باکوری ئەرزنجانیش و باکوری کەماخدا دەڕوا بەرلەوەی بگاتە ئەگین زێی چاڵتەی لە دیویریك هاتووە وەردەگرێ و بەیەکجاری ئاراستەکەی دەگۆڕێ و بەرەو باشوور وەردەچەرخێ و لە کۆتاییدا لە لای سەرەوەی کەبانمەعدەنیدا

لەگەڵ زێی موراد یەك دەگرێتەوە کە لە لای خۆرهەڵاتەوە دێ ڕووباری فورات پێکدەهێنێ. زێی مورادی نابراو فوراتی خۆرهەڵات و قەرەسو، فوراتی خۆراواشیان پێ دەگوترێ. درێژیی ڕێڕەوەکەی ٣٥٠ کیلۆمەتر پترە. (وەرگێڕ)

(ب/ ٥– ل/ ٣٦٣٤)

**قەسری کەتکوور**: شارۆچکەیەك بووە لە نێوانی هەمەدان و قرمیسین (واتە: کرماشان)دا، یانیش لە نێوانی هەمەدان و دەینەوەردا ناحیەیەکە، زێدی گەلێك لە ناوداران بووە. بەعەرەبی کۆشکی دزان (قصر اللصوص)یشیان پێ گوتووە. هەندێکیش وای بۆ چوون کە هەر قەسری شیرین بێ. (وەرگێڕ)

(ب/ ٥– ل/ ٣٦٧٠)

**قوتەربەل:** گوندێك بووە نزیکی بەغدا.... تاد.

هەروەها: بەرامبەر شاری ئامەدی دیاربەکریشدا بەم ناوەوە گوندێك هەبووە بە(شەراب)ەکەی بەناوبانگ بووە. (وەرگێڕ)

(ب/ ٥– ل/ ٣٦٧٥)

**قومانە** (Comana): ناوی کۆنی شارۆچکەی ئەلبوستانی لیوای مەرعەش (مەراش) بووە، ئەم شارە کۆنە، پەرستگایەکی گەورەی بەناوبانگی بووە تایبەت بە پەرستنی (بلونە!). (وەرگێڕ)
(ب/ ٥– ل/ ٣٧٦٨)

# ك

**کاردوك** (carduchie , carduques): ئەو ناوەیە کە مێژووە کۆنە یۆنانییەکان لە کوردیان ناوە. زەینەفۆن کە بەر لە ئەسکەندەر بەو ناوەدا گەڕاوە، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ناوچەکانی وان و بتلیس و مووش و دەرسیم ئەم میللەتەی لێ دانیشتووە.

(ب/٥ – ل ٣٦٤٣)

**کاختە**(٣٩٥): گوندێکی گەورەیە و ناوەندی قەزایە، لەسەر ئاوێکدایە هەر ئەو ناوەی هەیە و پەیوەستە بەفوراتەوە، لە لیوای مەڵاتییەی ویلایەتی مەعموورەتولعەزیزدا. ئەو ١٣٠٠ کەس دانیشتووانەی کە هەیە، لە تورك و کورد پێکهاتوون، مزگەوتێك و دووکانێکی زۆری هەیە. قەزای کاختە لە باکورەوە، بەقەزای مەڵاتییە، لە خۆراوا و باشوورەوە بەقەزای حسنی مەنسوور و لە باشووری خۆرهەڵاتەوە بەویلایەتی دیاربەکر و لە باکوری خۆرهەڵاتەوە بەلیوای خەرپووت سنووردارە. ٣ ناحیە و ١٤٦ گوندی هەیە و دانیشتووانی ٢٦,٢٦٤ کەسن، تەنیا ٣,٧٠٠ یان ئەرمەنی و ئەوی دیکەش موسڵمانن، موسڵمانەکانیان ٥,٠٠٠ یان کورد و ئەوی مایەوەش تورکن (٣٩٦).

خاکەکەی ئەگەر چی بە بەرز و نزمییشە، زۆر بەپیتە، بەبڕێکی زۆر ئازووقە، لەگەڵ ترێ و میوەی جۆراوجۆر بەدەست دەهێنرێ. خەڵکەکەی بەهاوین ماڵ بەجێ دەهێڵن و لە هەوارەکاندا ڕەشماڵ هەڵدەدەن. ئاژەڵیان بەتایبەتی مەڕیان زۆرە، ئەگەر چی بەڕە و مافووریش لە خورییەکانیان دروست دەکرێ، لەبەر ئەوەی بەئەستووریی دروست دەکەن، ئەوەندەی ئەوانەی ئاقچەداغ پەسند نین. لە ناو قەزادا پردێکی کۆنی پتەوی لە بەردی زل دروستکراو و هەندێك شوێنەواری کۆنیشی لێیە. لە قەزادا ١٦ مزگەوتی پیرۆز هەیە.

(ب/٥ – ل/٣٨٠٨)

**کلیس**[٣٩٧]: شارۆچکەیەکە، ناوەندی قەزا، ٥٠ کیلۆمەتر لە باکوری حەڵەب، لە ویلایەت و لیوای حەڵەبدا ٢٠,٠٠٠ دانیشتووان و ٣٧ مزگەوتی پیرۆز و ١٤ نوێژگە و ٨ مەدرەسە و ٢٤ تەکیە و ١ قوتابخانەی ناوەندی و ٢٥ قوتابخانەی منداڵان، کڵێسەیەکی[٣٩٨] تایبەت بەکۆمەڵانی ڕۆم و ئەرمەنیی کاتۆلێك و پرۆتستان و ١ سیناگۆگ (پەرستگەی جوولەکەی لێیە) و ٥ گەرماو و ١٥ خان و ١,٤٥٩ دووکان و ٣ کۆگا (بەدەستان) و ١٢٠ دەزگای کاڵاو ٣ شوێنی سابوون دروستکردن و ٥٨ شوێنی زەیتوون و ٢٨ شوێنی کونجی گوشینی لێیە. شارۆچکەیەکی ئاوەدانە لەبەر ئەوەی پیشەسازیی گەلێك پێشکەوتووە، لە لۆکەی کاڵای سپی و هی دیکە و لە خوری، عەباو لە ئاوریشم جۆرەهای کاڵا، مەشلەح و هی دیکە دەچنرێ، لەبەر ئەوەی دەوروبەریشی زۆر بەپیتە، جۆرێکی زۆر نایابی ڕۆنی زەیتوون و کونجی دەردەهێنرێ و سابوونی لێ دروست دەکرێ و پێستەی مەڕ و خۆشەکراو و هی دیکەی لێ دروست دەکرێ.

لە کتێبەکانی جوگرافیاناسە عەرەبەکاندا ناوی کلس بەرچاو ناکەوێ، ئەوسا گوندێك بووە بەناوی کلز و بەشارۆچکەی ئەزاز پەیوەست بووە. لە موعجەمولبولدانیشدا بەو شێوەیە ناسێنراوە، دواتریش لەگەڵ پەیدابوونی تەیمووری لەنگ، لەبەر ئەوەی ئەزاز–ی ناوبراو ڕووخێنراوە، ئەو خەڵکەی کە پەرت و بڵاو بوونەتەوە، کشاونەتە گوندی (کلز) و ئەم دێیە گەورە بووە و بەرەتبوونی سەردەمێك، ئەو ئاوەدانییەی ئێستایەی بەدەست هێناوە. ئەو زمانەی لە ناو شارۆچکەکەدا بەکاردێ، تورکییە.

قەزای کلیس لە باکوورەوە بەعەینتاب و لە خۆرهەڵاتەوە دیسانەوە عەینتاب و باب لە باشوورەوە بەجەبەلی سەمعان و قەزای حارم، لە خۆراواشەوە بەقەزای بیلان و ویلایەتی ئەدەنە سنووردارە. قەزاکە بەناوی شەقاغی و مەنبیجی سەروو و مووسابەگلو، عەزیە،

عەزاری فەلاح و عەزاری تورکمان و جووم –وەوە نۆ ناحیە و ٤٦٠ گوندی هەیە و ٨٣,٨٨٨ کەس دانیشتووانی هەیە، کە ئەمانە ٧٣,٥٢٠ یان موسڵمان و ٩,٦٢١ یان خرستیان (دیان) و ٧٤٧ یان جوولەکەن.

خاکەکەی زۆر بەپیتە و دانەوێڵەی جۆراوجۆر و زەیتوون و لۆکە و برنج و تووتن و ترێ و میوەی جۆراوجۆر و سەوزەوات و مازوو و هی دیکە بەرهەم دەهێنرێ، کە دوای دابینکردنی پێداویستییەکانی ناوخۆ هەناردەیەکی زۆریشی هەیە، ئاوی ڕەوانی زۆرە و لەبەر ئەوەی چیمەن و گیاجاڕیشی زۆرە، خەڵکەکە مەڕ، گا، گوێدرێژ و ئاژەڵێکی زۆری دیکە بەخێو دەکەن. تێکڕای ئاژەڵەماڵییەکانی قەزا دەگاتە ٣٠,٠٠٠ سەر.

(ب/٥ – ل/٣٨٨٠ – ٣٨٨١)

**کورد**: خەڵکانێکی زۆرن، لە لای خۆرهەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و لە سنووری خۆراوای ئێران و لە هەندێك شوێنی دیکەدا نیشتەجێن. سەر بەلقی ئێرانیی کۆمەڵەی ئاریانن. زمانیان لە لایەن لێکچوون و پێوەندییەوە بە فارسییەوە پترە، لە بابەتی داهاتووی «کوردستان»دا زانیاریی پتری لە بارەیانەوە تێدایە[٣٩٩].

(ب/٥ – ل/٣٨٣٩)

**کورد زادە (ئیبراهیم ئەفەندیی کوڕی مستەفا)**: یەکێکە لە بەناوبانگەکانی خۆشنووسان و یەکێکە لە قوتابییانی حافز عوسمان[٤٠٠] خەڵکی بورسەیە[٤٠١]. لەو شارە باسکراوەدا، لێدوانی مزگەوتی پیرۆزی سوڵتان ئۆرخان–ی پێشکەش دەکرد و پێشنوێژی مزگەوتی گەورە بووە. ساڵی ١١٤٦ی هیجری (١٧٣٣ی زایین) کۆچی دوایی کردووە.

(ب/٥ – ل/٣٨٣٩)

**کوردستان**: وڵاتێکی گەورەیە، بەشی هەرە زۆری لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی[٤٠٢] لە ئاسیا و بەشێکیشی بەئێرانەوە بەستراوە. بەناوی ئەو گەلی کوردەوە نراوە کە بەشی هەرە زۆری مرۆڤەکانی پێکدەهێنێ. ئەم ناوە چووەتە ناو دابەشکردنی بەڕێوەبەریتی و سیاسییەکانەوە. سەردەمانێك لای ئێمە ویلایەتی کوردستان و ئێستاش لە ئێران ئییالەت (ویلایەتی) کوردستان هەر وەکو ئەم ناوانە هەموو ئەم وڵاتەیان نەگرتووەتەوە. کوردیش بەشێوەیەکی پەرت و تێکەڵی لەگەڵ خەڵکی دیکەدا دەژین. دەستنیشانکردنی تەواوی سنووری کوردستان زەحمەتە، بەڵکو دەکرێ بەم جۆرە نزیکی بکەینەوە:

کوردستان لە ڕۆخەکانی گۆمەکانی ورمێ و وان-ەوە تا سەرچاوەکانی ڕووبارەکانی کەرخاو دیالاو تا دەگاتە ڕێڕەوی دیجلە و بەرەو باکوری خۆراوا بەپێی ڕێڕۆیشتنی دیجلە، تا ڕێڕەوی قەرەسو، کە فورات پێکدەهێنێ و لەوێوە بەرەو باکوری خۆرهەڵات، تا دەگاتە ئەو هێڵەی جیاکردنەوەی ئاوی دوو حەوزی ئاراس لە لایەك و فورات و دیجلە لە لایەکی دیکەوە.

بەم پێیە، لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا، بەشێکی گەورەی ویلایەتی مووسڵ، واتە ئەو شوێنانەی لە لای چەپی دیجلە و ویلایەتەکانی وان و بتلیس و دیاربەکر و مەعمووڕەتولعەزیز(٤٠٣) یەك و پارچەیەکی وڵاتەکە و سەنجەقی دەرسیم(٤٠٤) بەپارچەیەکی کوردستان دەژمێررێن. لە ئێرانیش ئەو ویلایەتەی بەکوردستان ناودەبرێ، لەگەڵ نیوەی ویلایەتی ئازەربایجان، واتە بەشی باشووری خۆراوای کوردستان-ە.

بەم جۆرە کوردستان، لە لای باکوری خۆراوایەوە ئازەربایجان، لە خۆرهەڵاتەوە عیراقی عەجەم و لە باشوورەوە لوڕستان و عیراقی عەرەب(٤٠٥). لە لای باشووری خۆراوایەوە جەزیرە (٤٠٦)، لە لای باکوری خۆراوایەوە هاوسنووری ئەنادۆڵە(٤٠٧)، لە ناو ئەم سنوورانەدا لە ناو هێڵی پانیی باکوری ٣٤ و ٣٩ و ٣٧ و ٤٦ی هێڵی درێژیی خۆرهەڵاتدا درێژ بووەتەوە، سێ گۆشەیەکی گەورە و ڕاستتر شێوەی هەرمێیەك دەنوێنێ کە لایە تیژەکەی بەرەو لای باکوری خۆراوا وەرگەڕاوە لەو خاڵەوە کەوا قەرەسو کە فورات پێکدەهێنێ و لەگەڵ چەمی مورادا بەیەك دەگەن و لەو پەڕی باکوری خۆراوادایە تا سنوورەکانی لوڕستان، کە درێژترین لایەکیەتی نزیکەی ٩٠٠ کیلۆمەترە و بەرینیی لە نێوان ١٠٠ تا ٢٠٠ کیلۆمەتردایە(٤٠٨).

لە کاتێکدا خەڵکی کوردستان تایبەتمەندیی جیاکەرەوە و دیاری ڕەسەنیان هەیە(٤٠٩)، کوردەکان تەنیا لە ناو ئەم وڵاتەدا نیشتەجێ و سنووردارنین، لە بەشی باکوری جەزیرە و لە لای شام و حەڵەب و لە هەموو لایەکی ئەنادۆڵدا و لە ویلایەتەکانی پشت قەفقاسی بەڕووسیا بەستراوە و لە هەموو لایەکی ئێران و تەنانەت لە خۆراسان(٤١٠) و ئەفغانستان و بەلووجستانیشدا(٤١١) عەشیرەتێکی زۆری کورد هەیە. لە لایەکیشەوە، لە ناو ئەو سنووری کوردستانەدا کە دەستنیشان کرا، عەرەب و ئێرانی و تورك و کۆمەڵانێك کە لە ڕەسەنەکانی دیکەوە هاتوون-ی لێیە(٤١٢). تەنیا ئەگەر زۆرینە بەبەر چاوەوە بگیرێ، دەتوانرێ ئەو سنوورانەی باسیان لێوە کرا دەستنیشان بکرێ.

لە کاتێکدا کە لوڕەکانی ویلایەتی لوڕستانی ئێرانیش کە پەیوەندییان بەکوردەوە هەیە و لە لایەن ڕەسەنیشەوە خزمایەتییان هەیە، لەبەر ئەوەی لە زمانیاندا تا ڕادەیەك جیاوازی و لە نێوانیاندا لە یەك دوورییان هەیە، لوڕەکان نایانەوێ خۆیان بە بەشێك لە کورد بزانن، کوردەکانیش ئارەزووی لە ڕەگەزی خۆیان دانانی لوڕ پێشان نادەن. بەگشتی ژمارەی کوردەکان، بەنزیکەی دوو ملیۆن و نیو دەقەسرێنرێ، ملیۆن و نیوێکی لە ئێمپراتۆرییەتی عوسمانیدا و ٧,٥٠٠ی لە ئێران و ١٣,٠٠٠ یان لە ویلایەتەکانی پشت قەفقاسی سەر بەڕووسیا دان،[٤١٣] ئەوانی دیکە لە ئەفغانستان و بلووجستان و لە شوێنانی دیکەدا پەرت و بڵاون.

***

هەموو لایەکی کوردستان چیاو بەرزاییە، تەنیا لە دۆڵی ڕووبارەکاندا هەندێك دەشتی بەرتەسکیان هەیە، لای هەرە تەخت و نشێویان لای باشووری خۆرهەڵاتیەتی، واتە شارەزوور و لیوای سلێمانی. لەگەڵ کوردستانی ئێرانە، لەو ناوانەدا چیاکان نزمتر و دۆڵەکان بەرینتر و دەشتاییەکان پترن. بەرزترین شوێنیان، ئەو کێوانەی نێوانی خاکە نشێوەکانی دەریای خەزەری لای کۆتایی باکورییەوە و کەنداوی بەسرەدایە، کە هێڵێکی دابەشکردنی ئاو پێکدەهێنن، کە ئەمانە دارستان و لەوەرگەی جوانیان هەیە و لە داوێنیاندا دۆڵی بۆ کشتوکاڵ چاکیان زۆرە.

ئەو چیایانەی بەدرێژی لە باکوری خۆراواوە تا باشووری خۆرهەڵات چەند زنجیرەیەك پێکدەهێنن و دەبنە سنووری وڵاتە عوسمانییەکان و ئێران، لەگەڵ ئەوەشدا کە بەرزن، زۆربەشی بەردەڵان و ڕووتن. ئەو لایەی وڵاتی ناوبراو لەم ڕووەوە بەڕاستی شوێنێکی سەخت و دژوارە کە بۆ دانیشتن نەشێ[٤١٤]، وڵاتی ناوبراو ئاوێکی زۆری هەیە و ئاوی موراد کە گەورەترین لقی فوراتە و دیجلە وەکو ئەوەی لە چیاکانی ئەم وڵاتەوە هەڵدەقوڵێن. ئاوی باتمانیش کە لە باشوورەوە دەست پێ دەکات و دەڕژێتە ناو دیجلەوە، هەروەها ئاوەکانی بتلیس و سعرد، ڕووبارەکانی خابوور، زێی گەورە زێی گچکە، ئەدهەم (مەبەست خڕی خاسەیە – وەرگێڕ) و دیالا بەرەو باشووری خۆراوا دەچن و دەڕژێنە ڕووباری ناوبراوەوە. ئاوی کۆمەڵە جۆگەلە و بەستێك کە لە چیاکانی وڵاتی ناوبراوەوە دێ، کۆ دەکرێتەوە. لە باکووری ئەو بەشە خاکەی لە ئێراندایە، تەنیا ڕووباری (قوتوور) بەزۆری دەڕژێتە ڕووباری (ئاراس)ەوە. کە دەڕژێتە دەریای خەزەر و ڕووبارە زۆرەکانی دیکەی دەڕژێنە ناو دەریاچەی ورمێ. ڕووباری زۆری دیکەش هەن کە دەڕژێنە گۆلی (وان)ەوە.

ولاتـی نـاوبـراو بـەپـێی هـێڵـی پـانـی دەبـوایـە گـەرم بـێ، لـەبـەر بـەرزیـی شوێنـەکـەی کـەشوهـەوای بـەگشتـی سـاردە، زستـانـی درێژ و سەختـە، بـەفـر چـەنـد مـانگێك چیاکـان دادەپۆشێ، تەنیا ئەو شوێنە نزمانەی نزیکن لە دۆڵی دیجلەوە، بەزستان کەشوهەوای گونجاو و خۆشە و هاوینان گەلێك گەرمە. بەرزاییەکانی هاوینان لەوەڕگاکانی زۆر جوانن و هەندێك لای دارستانی (دارکاژ) یان تێدایە. شوێنە نزمترەکانی داربەڕوو و کوێستانە و چنار و لە خوارەوەتردا جۆ و گەنم و کەتان و گەنمەشامی و تووتن و ترێ و میوەی جۆراوجۆری دیکە و لە خاکە هەرە نزمەکانیشدا لۆکە و برنج و بەروبوومی دیکە وەبەر دێ. جۆرە هەڵوایەکی خودایی کە لەسەر گەڵای دار بەڕووەوە کۆ دەکرێتەوە لە جیاتی شەکر بەکاردەهێنرێ. عەشیرەتە کوردەکان هەر هەموو ڕانەمەڕ و ئەسپ و حوشتر و بزن بەخێودەکەن (ڕادێنن)، لە چیاکاندا ورچ و بەراز و پڵنگ و ئاسکە و بزنەکێوی و گوور و چەقەڵ و ڕێوی و ئاژەڵە کێویی دیکە و گیانداری گچکەی ڕاویی دیکەشی بە زۆر لێیە.

لـە لای بـاکـوردا لـە چـیـاکـانـدا هـەبـوونـی ئـاسن و مس و قـورقـوشم و کـانـزای دیـکـە سەلمابێتیش، تـا ئێستـا هیچی لێ دەرنەهێنراوە، لە لایە باشوورەکانیدا نەوت و هی دیکە هەیە(٤١٥). کـوردەکـان مـازوو و فستـق (پستـە) و دانـەوێڵـەی جـودا جـودای بـۆ ڕۆن لـێ دەرهێنان و بەروبووی کێوی و موو و خوری و بەروبووی دیکە، کوردەکان بەزۆری بـەشێوەی عـەشیـرەت دەژیـن، بـەپـێی وەرز بـەدوای لـەوەڕ، شوێن دەگـۆڕن و زۆر کـار لـە کشتـوکـاڵ نـاکـەن، بـەشێوەیـەکی سەرەکی لـەسەر بەخێوکردنی ئـاژەڵی مـاڵـی، پیشەیـان شوانکارەییە. بەو پارەیە گوزەران دەکەن کە لە فرۆشتنی مەڕ و جوانوودا بەدەستی دەخەن. بۆ ئەمەش زستانان لە گوندەکانیاندا دەمێنن و ئەگەر خانوو و کێڵگەشیان هەبێ، هـاوینـان زۆر بـایـەخ بـەکشتـوکـاڵ نـادەن. بـەزۆری بـەڕەشمـاڵـەوە بـەدوای مـێگـەلـیـانـەوە دەچـنـە لەوەڕگاکان. لە ولاتی ناوبراودا پیشەی ناوخۆیان وەکو بەڕە و مافوور و چنراوی ئەستوور و لباد و کاروباری دەشت و بازرگانیی ناوخۆ و زەخیرە بەکڕین و فرۆشتنی ئاژەڵ پێکدێ. هۆیەکانی گواستنەوەیان لەو کەڵەکانە پێکدێ کە بەناو دیجلەدا بەگەڕیان دەخەن. ئەمەش زۆر گرانبەهایە و زستانان سێ مانگ داهاتیان نابێ.

ئەگەرچی بنج و بنەوانی کورد و لە کەیەوە لەوێدا نیشتەجێ بوونە بەپێی مێژوو نەزانراوە. لە سەردەمی کۆندا بەشی باشووری ولاتی ناوبراو بەناوی (ئاسووری)یەوە زانراوە و لای باکوری خۆرهەلاتی بە بەشێك لە (میدیا) دادەنرا. میدیاییە کۆنەکان ڕەسەنیان نەزانراوە. لە نەتەوە (تۆرانی)یەکان، واتە لە ڕەسەنی تورك زانراون(٤١٦). لە

کـاتـێکـدا ئـاسووریـیـەکـان لـە نـەتـەوە (سامـی)یـەکـان بـوونـە و ئـەوە زانراوە کـە لـەگـەڵ کلدانییاندا خزمایەتییان هەیە.[٤١٧] لە کاتێکدا کوردەکان لە نەتەوە ئارییەکانن. لەگەڵ ئێرانییاندا خزمایەتیی زۆر نزیکیان هەیە و ئەمانە لە زمانیان و بارودۆخی دیکەیانەوە دیارە، لەبەر ئەمە، کوردەکان نەبەچاوی نەوەی میدیایی و نەش بەنەوەی ئاسووری تەماشاکراون، گومان لەوەدا نییە کە، گەلێکن لە لای خۆرهەڵاتەوە، واتە لە خۆراسان و هەرات–ەوە[٤١٨] هاتوونەتە ئەوێ، بەڵام نەزانراوە کەی بۆ ئەوێ کۆچیان کردووە.

زەینەفۆن کە لە نووسەرە کۆنە بەناوبانگەکانی یۆنانە، بە لە دایك بوونی عیسا بە (٤٠١) ساڵ واتە (٣٥٠٠) ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ سەربازاندا بەرەو ئەوێ چوون و لە شکانەوەیاندا گەڕاونەتەوە و ئەمەی لە بیرەوەریی ڕێڕەویدا نووسیوە[٤١٩]، لە هەموو لایەکی ئەو پارچە خاکەدا، کە بابەتی ئێرەیە، دیاربەکر و مەعموورەتولعەزیز و ئەو شوێنانەی لەمانە دەچن، باسی بەرەو ڕووبوونەوەی لەگەڵ کۆمەڵانی ئەو خەڵکەدا کردووە، کە بە (کاردۆخ) ناوی بردوون. گومانی تێدا نییە کە ناوی (کاردۆخ)، شێوەیەکی شێوێنراوی سەرزاری یۆنانیی ناوی (کورد)ە. لەبەر ئەمە ئەو ناوە بەر لە **٣٥٠٠ ساڵیش کوردی تێدا** بووە.

بەم جۆرە، دەتوانین بڵێین کە لە نەینەوا[٤٢٠] و دۆڵی دیجلەدا، ئاسوورییەکان کە، گومانی تێدا نییە لە دەڤەری بابلەوە هاتوون، لە میدیا، واتە لە ناوچەی ئازەربایجان و عیراقی عەجەمدا، بەڵکو ئەو میدیاییانەی لە دۆڵەکانی جەیحوون و سەیحوون–ەوە[٤٢١] هاتوون کە فەرمانڕەواییان دەکرد، هەروەها لە چیاکاندا عەشیرەتە کوردەکان تێدا دەسووڕایەوە و بەشێوەیەکی نیمچە ئازاددا بوون. تەنانەت ئەمڕۆش، لەگەڵ بوونی عەرەب لە دیاربەکر و تەورێز و هەمەداندا، قووڵاییەکانیان کوردیان لێ نیشتەجێیە. کوردەکان لەگەلانی ئاری نەژادن. نە دەشێ نەوەی ئاسوورییەکان بن، نەش دەشێ نەوەی میدیاییان بن.

لەم بارەیەوە کە بەزمانیاندا دەڕوانین، کە بەگەواهێکی ڕاست و دادپەروەر دەژمێررێ، ئەگەر چی وشەگەلێکی زۆر دەبینین کە وای لێیان تێدەگەین لە زمانانی ئاسووری و کلدانییەوە وەرگیراون، بوونی ئەم وشانە لە زمانی پەهلەویشدا[٤٢٢] ئەوە دەردەخا کە ئەمانە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئاسووری و کلدانیدا و کارتێکردنی شارستانیی ئەمانەوە وەرگیرابن. ئەم وشانە دەتوانرێ لەگەڵ ئەو وشانە بەراورد بکرێن کە دوای

ئیسلامەتی کورد و فارس لە عەرەبییەوە وەریان گرتوون، بوونی ئەم وشانە، نەك بەڵگەی ئەوەبن کە کورد لە ڕەسەنی ئاسوورییەوەیە، بەپێچەوانەوە بەڵگەی هەر لەوساکەوە لەوناوە پێکەوە ژیانی کوردە لەگەڵ ئاسوورییاندا. زمانی کورد لە زمانی فارسی بەڵکو لەوەش پتر لە زمانی پەهلەویی کۆن دەچێ. بەڵام گۆکردنی وەك زمانی فارسی ناسك و ورد نییە، بەڵکو بەشێوەیەك ڕەق و ئەستوورە کە بۆ مرۆڤی چیایی و عەشیرەتگەلێك بگونجێ کە ژیانی کۆچەری بەسەر دەبەن و پیتی لە قورگەوە گۆکراویان زۆرە.

هەر چەندە زانایانی کورد هەر لە مێژە خۆیان بەزمانی فارسی و عەرەبییەوە خەریك کردووە و بایەخیان بەزمانی خۆیان نەداوە، ئەگەر لافی بوونی ئەدەبیاتی کوردییش لێنەدرێ، لە کۆنەوە شیعرێکی زۆر بەم زمانە گوتراوە. لەبەر ئەوەی نووسینی ئەم زمانەش بەپیتی عەرەبی وەك زمانی فارسی ئاسانە، هەندێك کتێبی شیعر و هی ئەدەبیی دیکەیان هەیە[٤٢٣].

ئەوروپاییەکان، ئەگەر تا پێیان کراوە بنکەکانی زمانەوانیی کوردی و فەرهەنگەکانیان بەدەست خستووە و بۆ زمانەکانی خۆیان وەرگێڕاوە و بنکەکانی زمانەوانی و کتێبەکانی فەرهەنگ-یان بڵاوکردووەتەوە، لە زمانە ئیسلامییەکانماندا هێشتا هیچ شتێك پەیوەندیی بەبنکەکانی ئەم زمانە و فەرهەنگ و ئەدەبیاتیانەوە نە نووسراوە.[٤٢٤]

***

کوردەکان، وەك ئەوەی بەگشتی ئازا و خۆڕاگرن، لە سوارچاکیدا زۆر کارامە و پیاوی وەستایان هەیە، کاریگەرییەکی سەراساییشیان لەسەر زانست و پەروەردە و شارستانیدا هەبووە. ناوی (کورد) لە فارسیدا سیفەتێکە بەواتای (ئازا و قارەمان و دلاوەر) بەکارهێنراوە، هەروەها لە شانامەدا بەچڕی هەر بەم واتایە بەکارهێنراوە[٤٢٥]. دیارە لە کورد نانی ئەم ناوە هەر لەسەرەتاوە لەبەر ئازایی ئاساییانەوە لێ نراوە و دواتر بووەتە ناویان.

کوردەکان، هەر هەموویان موسڵمانن و سوننین، زۆرینەشیان بەڕێباز شافیعین. لە ناویاندا تەنیا (٥٠,٠٠٠) یەزیدی هەیە و بڕێکی زۆر کەمی (قزڵباش) یشیان تێدایە[٤٢٦]. لەو دەڤەرانەدا ئەگەر چی کەسانێکی سەربە کۆمەڵانی نەستووری و کلدانی-شی لێ بن، ئەمانە لە نەوەی کۆنی کلدانی و سریانین و لە ڕەگەزی کوردنین.

ئەو شارە گەورانەی لەو دەڤەرەدا هەیە، بۆ نموونە دیاربەکر، مووسڵ، بەغدا، هەمەدان،

تەورێز دەکەونە کەنارەکانی کوردستان و دەرەوەی، لە ناو خودی ئەو دەڤەرەی باسی لێوەکراو دانیشتووانی کوردن و ناوەندی نیشتەجێ بوونیانن وەکو شتێکی سەرەکی، سلێمانی، کەرکووك، ڕەواندن، هەولێر، سعرد، بتلیس، وان، ورمێ، کرماشان و هی دیکەن[٤٢٧]. ئەو دەستکەوتە مێژووییانەی لە کۆنترین سەردەمانێکدا کە توانراوە تۆمار بکرێ، لە کۆندا لە ژێر دەسەڵاتی ئاسوورییانی نەینەوادا بینراون، دوای کۆتایی هاتنی فەرمانڕەوایی ئاسوورییان، پێکەوە لەگەڵ نەینەوا لە ژێر فەرمانڕەوایی حرکمدارانی میدیا و دواتریش لە ژێر فەرمانڕەوایی کەیخوسرەودا گوزەرانیان کردووە[٤٢٨].

تەنانەت یارمەتیی کەیخوسرەویان داوەو، تەنانەت بۆ گرتنی وڵاتانی دیکە لە ناو سەربازاندا کارکردنیان باس کراوە، کە دەوڵەتی کەیانییان دەڕووخێ،[٤٢٩] بە ئەسکەندەر و دوای ئەویش بە جێگرە ناوخۆییەکان و دواتر بە ئەشکانییان و[٤٣٠] ئینجا بەساسانییان–ەوە[٤٣١] بەستراونەتەوە و دوای جەنگی (قادسییە)ش [٤٣٢]چوونەتە ژێر فەرمانڕەوایی خەلیفەکانی ئیسلام و ئاینی ئیسلامیان پەسند کردووە.

بەلاواز بوونی خەلیفەی عەباسییەکان، لەو دەمانەدا کە لە هەموو لایەکی وڵاتە ئیسلامییەکاندا کۆمەڵێك میرنشینی و شا پەیدابوونە، ئەگەرچی بەشێکی زۆر لە سەرکردە کوردەکانیش لە دەڤەرەکانی مووسڵ و دیاربەکر و جزیرەدا قەڵایەك یان هەرێمێکیان بەدەست خستبێ و گەلێك حوکومەتی گچکە گچکەشیان دامەزراندبێ، بیریان لەوە نەکردووەتەوە، سەرتاسەری ئەو خاکەی باسی لێوەکرا بخەنە ژێر یەك بەڕێوەبەرێتی و پشت بەڕەگەزیان ببەستن و حکوومەتێك دابمەزرێنن، تەنانەت سوڵتان سەلاحەددینی ئەییووبیی بەناوبانگیش کە سەر بەم ڕەگەزەیە، کە لە میسر بووەتە خاوەنی دەوڵەت و بەخۆی و کوڕەکانی لە شام و حەڵەب و حیجاز و یەمەندا فەرمانڕەواییان کردووە. نەوە و خزمانیشی لە ژێر بەڕێوەبەرێتیی خۆیدا گەلێك حکوومەتی هەڵبژاردەیان دامەزراندووە، ناوچەی باسکراو (کوردستان) لە دەرەوەی فەرمانڕەرایی و دەسەڵاتیاندا ماونەتەوە[٤٣٣].

بەدەرکەوتنی جەنگیز (خان)، وەك وڵاتە ئیسلامییەکانی دیکە لە ژێر باری زۆرداری و هێرشی مەغۆلاندا پلیشاوەتەوە[٤٣٤]. دواتریش بەهاتنی عەشیرەتگەلێکی زۆری تورك و تورکمان، خراونەتە هەندێك لایەوە، دوای هەراو هوریای ئاق قۆینلو[٤٣٥] و قەرەقۆینلو[٤٣٦] و دەرکەوتنی تەیموور (ی لەنگ) کە کڵاوی لەسەر هەموویان نا [٤٣٧]. لە کاتێکدا بەشی زۆری کەوتبووە دەست شا ئیسماعیلی سەفەوی، لەو لەشکرکێشییەی

سوڵتان سەلیم خان (یاوز)ەدا بۆ سەر شای ناوبراو ئەنجامی دا، سەرانی کورد بەوەی کە بەڕێباز سوننی–ن و بەکار و کۆششی ئیدریسی بتلیسی–ی بەناوبانگ بەخۆویست بۆ لای دەوڵەتی عوسمانی بایانداوەتەوە، لەو ساکەوە، بەشی هەرە زۆری لە ژێر بەڕێوەبەرێتیی دەوڵەتی ناوبراودایە و تەنیا بەشی خۆرهەڵاتی لەو لای ئەو هێڵی سنوورەدا ماوەتەوە کە لەم دواییانەدا دەستنیشان کراوە[٤٣٨]. لەبەر جیاوازیی ڕێباز، سەرەڕای ئەو لێك دوورییەیان لەگەڵ ئێراندا لە ژێر دسەلاتی ئێراندان.

(ب/ ٥ ل/ ٣٨٤٠ – ٣٨٤٣)

**کویی سەنجەق (کۆیە)**[٤٣٩]: شارۆچکەیەکە ناوەندی قەزا، لە ڕۆخی زێی خواروو (گچکە)دا هەڵکەوتووە، لە حەفتا کیلۆمەتر باکوری کەرکووك، لە لیوای شارەزووری ویلایەتی مووسڵدا، ١٠,٠٠٠ کەس دانیشتووان و قەڵایەکی کۆن و یەك مزگەوتی پیرۆز و ١٠ نوێژگە و ٣ مەدرەسە و ٦ قوتابخانەی منداڵان و ٣ تەکیە و ٣٤٠ دووکان و ٣ گەرماو و ١ فرن و ٨ ئاشی هەیە. خەڵکەکەی بەگشتی موسڵمانن و کوردن. هەوای زۆر سازگارە.

قەزای کۆیسەنجەق لە باشوورەوە بەخودی کەرکووك، واتە بەقەزای ناوەندیی لیوا و لە خۆراواوە بەهەولێر و لە باکورەوە بەقەزای ڕەواندز و لە خۆرهەڵاتیشەوە بەلیوای سلێمانی سنووردارە. پێکەوە لەگەڵ ناحیەی شەقڵاوە (٢٥٢) گوندی هەیە و ١٨,٠٠٠ کەس دانیشتووانیەتی، کە ٥٠٠ی ئەمانە کلدانی، واتە نەستووری و ٦٠ یان جوو و ئەوی دیکە خرپان موسڵمان و کوردن.

خاکەکەی هەموو وەك یەك نییە، زێی خواروو لە ناوەڕاستییەوە، لە باکوری خۆرهەڵاتەوە بەرەو باشووری خۆراوا دەیکاتە دوو بەش و لە دوولاوە ئاوێکی زۆر و شیوی لێیە، خاکەکەی هەر چەندە زۆر بەپیتیش بێ، لەبەر ئەوەی لە لایەن کشتوکاڵەوە بایەخی شیاوی نەدراوەتێ، بەروبوومەکەی هەر ئەوەندەیە بەشی پێداویستییەکانی ناوخۆیان بکا. هەندێك ساڵی نەهات و قات و قڕییشی لێ دەبێ. بەروبوومە سەرەکییەکانی لە جۆرەکانی ئازووقە و برنج و لۆکە و توتن و پاقلە و میوەجاتی جۆراوجۆر پێکهاتووە. گوندی ئارمودە (دەبێ هەرمۆتە بێ – وەرگێڕ) کە لە دووریی سەعات و نیوێك لە ناوەندەوەیە، بەزۆری و نایابیی میوەکانییەوە بەناوبانگە. ترێشی زۆرە، شەقڵاوە، کە ناوەندی ناحیەیە، لە کۆنەوە بەترێ و شەراب ناوبانگی بووە. هەوای مەیلەو ساردیش بێ، زۆر سازگارە، لە ناو قەزادا هەندێك

دێر (شوێنی – پەرستگەی ڕەبەنە دیانەکان)ی ڕووخاو و شوێنەواری دیکەی لێیە.
(ب/٥ – ل/٣٩٣١)

**کەبانمەعدەنی**[٤٤٠]: شارۆچکەیەکە، ناوەندی قەزایە، لە لیوای خەرپووتی ویلایەتی مەعموورەتولعەزیزدا، ٤٢ کیلۆمەتر لە خۆراوای خەرپووت و ئەوەندەش لە باکوری خۆرهەلاتی مەلاتییەشدا، لە دووریی ٢ کیلۆمەتر لە ڕێڕەوی فوراتەوە و ١٥ کیلۆمەتر لە خوارەوەی ئەو جێیە کە دوو زێی قەرەسوو و موراد بەیەك دەگەن و فورات پێکدێنن، ٣,٠٠٠ کەسی دانیشتووان هەیە و مزگەوتێکی پیرۆزی گەورەی لە لایەن هونەرەوە بە بەها، کە یووسف زیا پاشای سەدر ئەعزەم[٤٤١] بەبنیاتنانی داوە. ئەو کتێبخانەیەی کە دیسانەوە لە لایەن ناوبراوەوە دامەزراوە و ٣٠٠ بەرگ کتێبی تێدایە و کڵێسەی ڕۆم و ئەرمەنی و گەرماویشی هەیە.

وەکو لە ناوەکەشییەوە دیارە، ئەم شارۆچکەیە لەو جێیەدایە، کە کانی زۆر دەوڵەمەندی زیو و قورقوشمی بە زیوی لێیە. لەبەر ئەوە ئەم کانزایانە هەر لە کۆنەوە لە لایەن دەوڵەتەوە دەردەهێنران و لە لایەن وەزیرانی وەك یووسف زیا پاشای ناوبراوەوە بەڕێوەبراوە، ئەو سەردەمانە شارۆچکەکە، ٣٠٠ ماڵ، واتە نزیکەی ١٥,٠٠ کەس دانیشتووانی بووە. دواتر کاتێك کانەکە لەکار خراوە، لەبەر بەجێهێشتنەوەی، هەروەها لەبەر ئەوەی هەواکەشی گرانە، خەڵکەکەی لێ بڵاوبوونەتەوە. لەم بارەی ئێستایدا چ شارۆچکەکە، چ شوێنی کانەکە، پڕن لە کەلاوە و دار و پەردوو، یەك لەو هۆیانەی کە بە جێهێشتنی پێویست کردووە ئەوەیە کە، دارستانەکانی دەڤەرەکە لە ناوبراوە و هێزم (داری سووتاندن) نەماوە. لە کاتێکدا لە پالۆ و چەمشکەزەکدا کانی ڕەژوو بەدەرکەوتبوو، لەبەر ئەوەی کانی ڕەژوو لە چەمشکەزەکدا لەسەر زێیەکدایە کە پەیوەستە بەئاوی مورادەوە و لەبەر ئەوەی دەکرێ لە ناو زێوە بەبێ تێچوو بگوێزرێتەوە بۆ کەبانمەعدەنی، کانەکانی قورقوشم و زیو کە بەکار بخرێن گەلێك سوودی دەبێ.

قەزای کەبانمەعدەنی، لە خۆرهەلات و باشووری خۆرهەلاتەوە بەخەرپووت، واتە قەزای ناوەندیی ویلایەت، لە باشووری خۆراواوە بەلیوای مەلاتییە، لە باکوری خۆراواوە بەقەزای ئەرەبکێر، لە باکوریشەوە بەلیوای دەرسیم دەورەدراوە و سنووردارە،٥ ناحیە کە لە ناوەندەوە بەڕێوە دەبرێن، لەگەڵ ٦١ گوندا ١٩,٠٥٠ کەس دانیشتووانییەتی. خاکەکەی زۆر بەپیتە، دانەوێڵەی جۆراوجۆر، سەوزە و میوەجات وەدەست دەهێنرێ. دار

توویان زۆره، له کۆنەوه ئاوریشمێکی زۆریان دەردەهێنا، ئەم پیشەسازییەش لەگەڵ کانگەرییەتی دواکەوتووە.

(ب/٥ – ل/٣٨٢٠ – ٣٨٢١)

**کەریم خان**[٤٤٢]: دامەزرێنەری ئەو دەوڵەتی «زەند»ەیە کە، لە کۆتایی یەك سەدە لەمەوبەردا لە ئێراندا هاتبووه گۆڕێ، بەخۆی یەکێك بووه لە پیاوانی دەوڵەتی نادر شاهـ.[٤٤٣] شاهی ناوبراو کە کۆچی دوایی کرد، لەبەر ئەوەی کەسێکی میراتگرێکی نەبوو کە ئەو دەوڵەتە بەڕێوەببات و درێژە پێ بدا، کە دایمەزراندبوو. کەریم خان، لەشکرێکی لەو عەشیرەتی زەندە ڕێکخست کە لەوان بوو و ناوچەی فارسی ئێرانی بەدەست خست.

لەبەر ئەوەی کەسێکی دادوەر و بەویژدان و ڕۆشنبیر و پێشکەوتنخواز بوو، ئەو ئێرانییانەی بارودۆخێکی تێکەڵ و پێکەڵیان بینی، لایەنگیریی ئەمیان نواندووە، ناوچەی خۆراسان بەدەست میراتگرانی نادرشاوه بووه، لەبەر ئەوەی دەڤەری ڕۆخی دەریای خەزەریش لە ژێر دەسەڵاتی حەسەن خانی سەرکردەی عەشیرەتی قاچار[٤٤٤]ەوە بووه، تەنیا لە فارس و هەندێك لای عیراقی عەجەمدا فەرمانڕەوایی کردووه. لە ١١٧٣ی هیجری–یەوه تا ١١٩٣ی هیجری (لە ١٧٥٩ی زایینەوه تا ١٧٧٩ی زایین) ٢٠ ساڵ فەرمانڕەواییی کردووه. لەبەر ئەوەی پیاوانی زانست و هونەری لە خۆی نزیك کردبووەوە، دوای ئەوەی شیرازی، کە کردبووە پایتەخت، زۆر فراوان کردبوو و ڕازاندبووەوە، پیشەسازی و بازرگانیشی پەره پێداوه و دواتر لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووه.

ئەگەر چی زەکی خان و سادق خان کە لە ڕەسەنی خۆی بوون، ماوەیەکی کەم و عەلی خانیش سەردەمێك فەرمانڕەواییيان کردبێ، لەبەر ئەوەی خاوەنی ئەو تایبەتمەندییە پێویستە نەبوون، لە کۆتاییدا لوتف عەلی خانی وەزیریان دەسەڵاتی گرتووەتە دەست و ئەگەرچی ماوەیەك بەرامبەر ئاکا موحەممەد خانی قاچەر کە لە ناوچەکانی باکوری ئێراندا بووەتە خاوەن دەسەڵات، لە کۆتاییدا لە ١٢٠٨ی هیجری (١٧٩٣ی زایین)دا بەشکست هێنانی ئەویش دەوڵەتی زەندی کەمخایەن لە ناوبراوه و هەموو ئێران کەوتووەتە بن دەستی بنەماڵەی قاچار.

(ب/٥ – ل/٣٨٥٨)

**کەرکەر**: یاقووتی حەمەوی، ئەوه ڕوون دەکاتەوه کە، لە نزیك ئەرران[٤٤٥]

نەوشیروان[٤٤٦]بەم ناوەوە شارۆچکەیەك و لە نزیك مەڵاتییە، لە نێوانی مەڵاتییە و ئامەد، واتە (دیاربەکر)دا، قەڵایەك و لە نێوانی سمیسات و حسنی زیاددا[٤٤٧] قەڵایەك کە بووەتە کەلاوەی دروست کردووە. لەمانە دووانیان، ئەمێستا لە لیوای مەڵاتییەو لە ڕۆخی بەشی خۆرئاوای فوراتدا، لە شێوەی شارۆچکەیەکی بچووکدا درێژە بەبوونی خۆی دەدا.

(ب/٥ – ل/٣٨٤٥)

**کەرکووك**: شارێکە، ناوەندی لیوای شارەزوورە، لە ویلایەتی مووسڵ–ی کوردستان و ١٦٠ کیلۆمەتر لە باشووری خۆرهەڵاتی مووسڵ، لە ژێر ڕیزە گردێکدا، لە ڕۆخی دەشتێکی بەریندا، لەسەر زێی ئەدهەم (واتە خڕی خاسە– وەرگێڕ) دایە. ٣٠,٠٠٠ کەسی دانیشتووان هەیە و ٣٦ مزگەوت و نوێژگە و ٧ مەدرەسە، ١٥ تەکیە و کونج و ١٢ خان و ١٢٨٢ کۆگا و دووکان و قەیسەری و ٨ گەرماو و پردێکی سەر بەست و قوتابخانەیەکی ناوەندی و ١٨ قوتابخانەی منداڵان و ٣ کڵێسە و ١ سیناگۆگ (پەرستگەی جوولەکان)ی هەیە. لە ناوەوەی ئەو قەڵایەی لەسەر گردێکدا دروست کراوە، لەگەڵ ئەو گەڕەکانەی ژێرەوەی قەڵاکە و لە بەشی لای ڕاستی بەستەکە پێکهاتووە. سێ چارەکی خەڵکەکەی کورد و ئەوی دیکەش تورك و عەرەب و هی دیکەن. ٧٦٠ ئیسرائیلی (جوو) و ٤٦٠ کلدانییشی لێیە. لەبەر ئەوەی لە شوێنی بەیەکگەیشتنی چەند کاروانە ڕێیەکدا جێی گرتووەتەوە، بازرگانیی چالاکە، لەبەر ئەوەی ئاوی ڕەوانیشی زۆرە، لە دەوروبەریدا باغ و باخچە و بەروبوومی پرتەقاڵ و لیمۆ و هەنار و خورما و میوەگەلی دیکەشی هەیە. لە نزیکیانەوە خوێئاغڵە (شوێنی خوێ لێ دەرهێنان) و ئاوی کانزایی و پیترۆڵ زۆرە. لە شاردا ٢٠ دەزگای چنین و کاڵا دروستکردن هەیە. هەندێك پیشەی پێستە خۆشکردن و گوریسی کندرِیش دروست دەکرێ، گوڵاو لە گوڵیلکی پرتەقاڵ دەردەهێنرێ، هەواکەی هاوینان ئەگەر زۆر گەرمیشە، سازگارە و خۆشە. لە شاردا نزرگەی پێغەمبەران: دانیال و عوزێر (سڵاویان لێ بێ) و چەند کەسێك لە سەیدەکان (ئەهلی بەیت)[٤٤٨] و گۆڕی هەندێك لە شێخە گەورەکان زیارەت دەکرێن.

کەرکووك شارێکی کۆنە، ناوە کۆنەکەی (کەرکوورە)یە. قەزای کەرکووك، قەزای ناوەندیی لیوای شارەزوورە، لە خۆرهەڵاتەوە بەلیوای سلێمانی و لە باکورەوە بەکۆیسنجەق (کۆیە) و بەقەزای ئەربیل (هەولێر) و لە خۆراواوە بەلیوای مووسڵ و لە باشووری خۆراواوە بەویلایەتی بەغدا و لە باشووری خۆرهەڵاتەوەش بەقەزای سەڵاحییە سنووردارە. پێنج ناحیەی بەناوی: مەڵحە، توزخورماتوو، ئاڵتوون کوپری (پردێ)،

کێل (دەبێ گل بێ – وەرگێڕ) و شوان–ەوە هەیە بەتێکڕایی ٣٥٢ گوندی هەیە. ئەدهەمی پەیوەست بەدیجلە و زێی خواروو و ئاوێکی زۆری دیکە کە دەڕژێنە ناو ئەمانەوە، یان ڕاستەوخۆ دەڕژێنە ناو دیجلە، بەناو قەزادا دەڕۆن و خاکەکەی کەمێك بەبەرزاییيە و بەشێکی زۆری بریتییە لە دەشتی تەخت و بەرین، زۆر بەپیتە.

بەروبوومە سەرەکییەکانی، لە گەنم و جۆ و برنج و تووتن و ترێ و میوەی دیکە و بەتایبەتی لیمۆ پێکدێ. لە باکوری ناوەندی قەزادا بیرە نەوتی زۆر دەوڵەمەند هەیە، خەڵکەکە بۆ سووتاندن وەکو گاز دەیکرن. لە شوێنێکی بەناو «باباگوڕگوڕ»یشەوە هالاوێکی شینباو دەردەچێ. کانی بۆ نەخۆشییە جیاجیاکان سوودبەخش و ئاوی خوێداریشیان زۆرە. هەندێك بیر لە باشووری خۆراوای ناوەندی قەزادا هێنراوەتە سەر بارودۆخی خوێ لێ وەدەست هێنان. بڕێکی زۆری خوێی لێ دەردەهێنرێ. مەڕ و بزن و حوشتر و ئەسپ و ئاژەڵی دیکەیان زۆرە. زۆربەی خوری و مووی بزن، هەر لە جێی خۆیدا لە دروستکردنی بەڕەو عەباو هی دیکەدا بەکار دەهێنرێ.

(ب/٥ – ل/٣٨٤٦)

**کەرمانشاه – کرماشان (یانیش کرمانشاهان) و بەعەرەبی کراوەکەشی (قیرمیسین)ە**: لە بەشی خۆراوای ئێراندا و ٤٣ کیلۆمەتر لە خۆراوای باشووری تاراندا، شارۆچکەیەکە ناوەندی ویلایەتی کوردستانە– ١٢,٠٠٠ کەس دانیشتووانی هەیە، کرمانشاه لە سەردەمی ساسانییاندا بنیات نراوە، لە سەردەمی فەتح عەلی شا –دا لە لایەن عەلی میرزای شازادە–وە کە والیی کوردستان بووە، گەلێك فراوان بووە و ئاوەدان کراوە و سەرژمێری دانیشتووانی گەیشتوونەتە ٣٥٠٠٠ کەس و لە هەموو لایەکیدا بەهاوردنی هونەرمەندان، پیشەسازی و بازرگانیی گەلێك بەرەوپێشەوە چووە و شارەکە بەگەلێك بیناو شوێنەوار ڕازێنراوەتەوە. دواتر ڕووی لە نزمی کردووە، ئێستا بەشی زۆری لە بارودۆخی کەلاوەدایە و پشتگوێ خراوە. زەوییەکانی دەوروبەری زۆر بەپیت و تەواوێك ئازووقە و میوەی جۆراوجۆری لێ بەدەست دەهێنرێ. ئەو کوردانەی لە دەوروبەریدان، هەر هەموو مەڕ بەخێو دەکەن، ساڵانە ٧٠,٠٠٠ سەر مەڕ دەنێررێنە تاران. لە نزیك شارۆچکەکەدا لە داوێنی شاخی بێستووندا چەند ئەشکەوتێکی کۆنی لێیە، لەسەر دیواری ئەم ئەشکەوتانەدا وەستایانە نەقش و هەڵکۆڵینیان لێ کراوە و تاقمێك وێنە و نووسینی پەهلەوی هەیە.

(ب/٥ – ل/٣٨٤٩)

**کەماخ**[٤٤٩]: شارۆچکەیەکە ناوەندی قەزایە، لە لیوای ئەرزنجانی ویلایەتی ئەرزەڕۆم و ٣٥ کیلۆمەتر لە باشووری خۆراوای ئەرزنجان، لە لای دەستەچەپی، واتە لە ڕۆخی باشووری قەرەسو-ی یەك لە دوو باڵەکانی فوراتدایە. سێ چوار هەزارێك دانیشتووان و شوورەیەکی کۆن و قوتابخانەی ناوەندی و دەزگاگەلێکی بەڕەی هەیە. قەزای کەماخ لە پەڕی باشووری ئەرزنجاندا ڕۆنراوە. لە باکوری خۆرهەڵاتەوە بەخودی ئەرزنجان بەخۆی، واتە قەزای ناوەندیی لیواکە، لە باکوری خۆراواوە بەقەزای قوڕوچای و لە باشوور و باشووری خۆرهەڵات و باشووری خۆراوایەوە بەویلایەتی مەعموورەتولعەزیز سنووردارە. ئەو حەوت ناحیەیەی لە لایەن بەڕێوەبەری فەخری (لەبەر ناوەکەی دامەزراو)ەوە بەڕێوە دەبرێ و ٧٥ دێی هەیە و ١٨,٨٧٢ کەس دانیشتووانی هەیە، کە ئەمانە ١٤,٥٤٧ یان موسڵمان و ٣,٥٠٣ یان ئەرمەنی و ١٨٩ یان کاتۆلیك و ٦٣٣یان پرۆتستانتن.

خاکەکەی بەپیت و تا ڕادەیەك کاری چاکی تێداکراوە، دانەوێڵەی هەمەچەشنە، لەگەڵ سەوزەی جۆراوجۆر و میوە بەبڕی زۆر بەرهەم دەهێنرێ. پیشەسازیی ناوچەیی سەرەکییەکانیان لە بەڕە و بەرماڵ و گۆرەویی خوری و دەستکێش چنین و لەگەڵ هەندێك پیشەسازیی ئاسایی پێکهاتووە. فورات (یانیش قەرەسو) لە لایەکەوە بۆ لایەکی دیکە دەکاتە دوو بەش، لە ناو قەزادا ئەوەی پێی دەگوترێ ڕەژوو و لە نزیکی گوندێکی گەورەدا کە بەباغ و باغچە دەورەدراوە، جێیەکی خوێ بەرهەمهێنان (خوێئاغلە) و کانێکی خەڵووز هەیە.

لە ناو قەزادا، ٣٧ مزگەوت و نوێژگە، ٣ مەدرەسە، یەك قوتابخانەی ناوەندی، ٤٠ قوتابخانەی منداڵان و ١٠ کڵێسە و مەناستر، ٢٢٠ دووکان و ٧ خان و ١ گەرماو و ٣ فڕن و ١٠ ئاشی لێیە.

(ب/٥ - ل/٣٨٨١)

**کەوار**[٤٥٠]: قەزایەکە لە لیوای حەکاریی ویلایەتی وان-دا، لە لای خۆرهەڵاتی ویلایەت و لیوادا، لەسەر سنووری ئێراندا، لە باکورەوە ئەلباق، لە خۆراواوە جۆلەمێرگ کە ناوەندی لیوایە و لە باشوورەوە بەقەزای شەمدینان و لە خۆرهەڵاتیشەوە بەسنووری ئێران، سنووردارە. ٦ ناحیە و ١٨٤ گوندی هەیە کە لە لایەن چەند بەڕێوەبەرێکی فەخری بەڕێوە دەبرێن. سەرژمێری دانیشتووانی قەزا ٢٦,٢٠٠ کەسە، زۆرینەی ١٤,٧٠٠ یان کوردن و موسڵمانن و سوننین،[٤٥١]، ٩,٠٠٠یان نەستوورین و ١,٩٠٠یان ئەرمەنین و ٣٠٠یان جوولەکەن. شارۆچکەی دیزا- کە ناوەندەکەیەتی، ١٨٠ کیلۆمەتر لە باشووری خۆرهەڵاتی

واندایە و ٢,١٣٣ مەتر لە بەرزاییدا هەڵکەوتووە، ٣,٦٠٠ کەس دانیشتووانی هەیە و لەگەڵ شاری ورمێی ئێران و وان و مووسڵ-دا بازرگانییەکی چالاکی هەیە.

خاکەکەی چیاییە، لە لای باکوریدا چیای سونبول و لە لای خۆراوایدا چیای جلۆی تێدا درێژ بووەتەوە کە بەرزییەکەی ٤,٠٠٠ مەترە. دارستانەکانی کەمن و داری چنار و گوێز و سێوە کێویلە و داری هەرمێی هەیە. دەشتی بەرین و بەپیتیشی هەیە، بەتایبەتی دەشتی دیزا زۆر بەبەروبوومە. بەروبوومی هەمەجۆر و بریتییە لە دانەوێڵە، لەگەڵ برێکی زۆری سەوزەوات و میوە. گیاجاڕی زۆرە و زۆر باشە، ئەگەرچی مەڕ و بزن و گا و برێکی زۆری ئاژەڵی ماڵیشیان هەبێ، لە وەرزی زستاندا کە زۆر سەخت و درێژ خایەنە، بەخێوکردنی ئەمانە زۆر زەحمەتە، بۆیە... برێکی زۆر لەو گیا زۆر درێژانە وشك دەکرێنەوە و بۆ زستان هەڵیاندەگرن کە، لە دەشتەکاندا بەتایبەتی ئەوەی لە ڕۆخەکانی ئەو ئاوی (نەهیل)ەدا پێدەگا کە دەڕژێتە ناو ئەو زێیەی کە قەزاکە، لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆراوا دەکاتە دوو کەرتەوە.

لە ناوەندی قەزادا هەموو هەفتەیەك بازاڕ و لە گوندی کەرپل-یشدا لە ١٥ی ئاغستوس (ئاب) پێشانگایەك دادەنرێ و سێ ڕۆژ دەخایەنێ. لە ناوەنددا سێ قوتابخانەی منداڵانی تایبەت بەکۆمەڵە جیاجیاکانی هەیە و لە هەندێك لە گوندەکاندا چەند قوتابخانەیەکی گچکەی تایبەت بە ئەرمەنی و مسیۆنێرە پرۆتستانەکانی هەیە.

(ب/٥ - ل/٣٩٠٤)

**کەواش**[٤٥٢]: قەزایەکە لە ویلایەت و لیوای وان و لە باشووری گۆلی واندا، لە باکورەوە بەگۆلی ناوبراو و لە باکوری خۆرهەڵاتەوە بەقەزای ناوەندیی ویلایەتەوە و لە باشوورەوە بەقەزاکانی شتاق و[٤٥٣] موکس، لە خۆراواشەوە بەقەزای قارچکان سنووردارە. ناوەندەکەی، شارۆچکەی وەستان-ە، کە ٤,٢٣٩ کەسی دانیشتووان هەیە، قەزاکە لە ٥ ناحیە و ٧٩ گوند پێکهاتووە و ١٣,١٦٤ کەس دانیشتووانی هەیە، کە ئەمانە ٨,١٣٠یان موسڵمان و زۆربەیان کوردن[٤٥٤]، ٤,٨٥٠یان ئەرمەنی و ٥٩ی جوولەکەن و ١٢٥یشی یەزیدی و هی دیکەن. خاکەکەی و بەروبووم و بارودۆخی دیکەی لە لایەکانی دیکەی لیوای وان دەکا. لە «موعجەمولبولدان»دا بەناوی «کەواش»، ئەوە باس کراوە و ڕوون کراوەتەوە کە ناوە کۆنەکەی «ئەردەموشت»ە.

(ب/٥ - ل/٣٩٠٥)

**کیغی**[٤٥٥]: شارۆچکەیەکی گچکەی ناوەندی قەزایەکە لەسەر ئاوی بینگوێل و ١٣٢ کیلۆمەتر لە باشووری خۆراوای ئەرزەڕۆم و لە لیواو ویلایەتی ئەرزەڕۆمدا. نزیکەی ٤,٠٠٠ کەس دانیشتووان و مزگەوتێکی پیرۆز و مەدرەسەیەك و ٢ کڵێسەی ئەرمەنی و قوتابخانەیەکی ناوەندی یەکێکیان هی کوڕان و ئەوی دیکەیان هی کچان و ٢ قوتابخانەی ئەرمەنی و چەند دووکان و خان و گەلێك شوێنی کاری وەك پێستە خۆشکردن و دروستکردنی مۆم و ڕۆن لە تۆوی کەتان دەرکردن و بۆیاخخانەشی هەیە. قەزا بەگوێز و بەڕوو و داری دیکە دەورەدراوە. قەزای کیغی، لە گۆشەی باشووری خۆراوای لیوای ئەرزەڕۆمدا هەڵکەوتووە. لە باکورەوە بەقەزاکانی تەرجان و خنس، لە خۆرهەڵاتەوە بە بتلیس و لە باشوورەوە دیسانەوە بە بتلیس و دیاربەکر، لە خۆراواشەوە بەویلایەتەکانی مەعموورەتولعەزیز سنووردارە. قەزا ١٥ ناحیەی فەخری و ٢١٧ گوندی هەیە. ٤١,٢٢٥ کەس دانیشتووانی هەیە، کە تەنیا ١١,٣٠١یان ئەرمەنی و ٧٣٩ی ئەرمەنیی پرۆتستان، ٢٧٦ ڕۆم و ئەوەی ماوەتەوەش هەر هەموو موسڵمانن.

خاکەکەی بەرزاییە، ئاوی بینگوێلی پەیوەستی فورات، سەرەتا لە خۆرهەڵاتەوە بەرەو خۆراوا، دواتریش لە باکورەوە بۆ باشوور. قەزاکە دەکاتە دوو بەش، لە ڕاست و چەپەوە شیوێکی زۆری هەیە و خاکەکەی گەلێك بەپیتە. گەنم و جۆ و چەودەر و نۆك و پاقلە و نیسك و کاڵەك و شامی و بەروبوومی دیکەی هەیە. دارستانەکانی بەگوێرەی پێویستیی ناوخۆیی بەشی کەرەستەی دارتاشی و هێزم و خەڵووز دەکا. بەبڕێکی زۆر هەنگوینیش وەدەست دەهێنرێ، تا ئەم نزیکانە جۆرە کانزایەکی ئاسنی لێ دەرهێنراوە کە لە دروست کردنی گوللە تۆپدا بەکارهێنراوە. گوندی هۆلیك-ی لێ نزیکە، ئاوێکی کانزاییی (گەڕاو)ێکی هەیە کە تاقی کراوەتەوە، بۆ نەخۆشیی پێست باشە و وەکو دەڵێن حەوت ساڵ جارێك ئاوەکەی پەیدا دەبێتەوە و ماوەی چوار مانگ بەردەوام دەبێ، پیشەسازییە سەرەکییەکانی لە چنینی کاڵای ناوچەیی و لەگەڵ دروستکردنی پێڵاو پێکدێ.

لە ناو قەزادا، ١٧ مزگەوت و ٢ مەدرەسە و ١٢ قەتابخانە و ٣٨ کڵێسەی ئەرمەنی و ٢٨٤ ئاش و ١٠ شوێنی ڕۆن لە تۆوی کەتان دەرهێنان و ٢ شوێنی پێستە خۆشکردن و بۆیاخخانەیەك، ١٠ پرد و ٩٥ چەشمەی هەیە.

(ب/٥ - ل/٣٩٣٩)

**کامل (مەلیك ئەبولمەعالی ناصروددین موحەممەد)**: پێنجەم شای ئەییووبییان بووە،

بـرازای سەلاحــەددیـنــی ئــەیـیــووبـیــی دامــەزرێنــەری دەوڵــەتــی ئــەیـیــووبـی بــووە. لــە ٦١٥ی.هـ(١٢١٨–١٢١٩ی.ز) جێی مەلیك عادل سەیفەددین ئەبوبەکری باوکی خۆی گرتووەتەوە. دوای ساڵێك ئەو خاچپەرستانەی بورجی (کەلووی) سیلسیلە و دمیاتیان گـرتـبـوو ڕووبـەڕووی شکستـێکـی گــەورە کـردبـوون. غـەزای هـەرە گـەورەی کـردبـوو و فەڕەنگەکانی لە وڵاتی میسر بە بەزاندن دەرکردبوو و دوای دەرپەڕاندنیان، پەڕیوەتەوە بۆ شام، ڕێکـوپـێکـیـی بـۆ ئـەو نـاوەش دابین کـردبـوو، دەڤـەرەکـانـی ئـامـەد و ڕوهـای لـە ئەرتوقی–یان وەرگرتووە و مەلیك موعەظظەمی کوڕیشی بۆ گرتنی حیجاز و یەمەن ناردووە، بەسەرکەوتنی ئەمیش لە خوتبەدا بەناوی (خادیمولحەرەمەین) یاد کراوەتەوە، بەکورتی موڵکە بۆ بەجێ ماوەکەی زۆر فراوان کردووە و دابین کردووە. لە سەفەرێکی دیـکــەیــدا بــۆ لای شام بــەسەر سەلجووقــیــیــانــی ڕۆمــیشدا سەرکــەوتــبــوو و لــە ٦٣٥ی.هـ(١٢٣٧–١٢٣٨ی.ز)دا کە لە تەمەنی ٦٠ ساڵیدا بووە لە دیمەشق کۆچی دواییی کردووە. فیقهـ و ئەدەبیات و زانستی دیکەدا خاوەنی دەستێکی باڵا بووە و زانایانی خـوشویستـووە و زاتـێکـی زانـیـاری پـەروەر بـووە، سەراکـەی کـۆڕی زانـا و ئـەدیبـان بـووە. بــەخـۆیشی هــەمـوو شەوێك لـەگـەڵ ئـەمـانـەدا گـفـتـوگـۆ و بـاسی زانـیـاریـی کـردووە. لـە (بەینەلقەسرەین)دا خانەیەکی فەرمووده و گەلێکی دیکەی خێر و بێری کردووە و زۆر شتی نـایابی بۆ وەقف داناوە، (جەلیل)

(ب/ ٥– ل/ ٣٨١٥)

# گ

**گەنج**: گوندێکە ناوەندی لیوایە، لەسەر خرێکی پەیوەست بەئاوی مورادا کە هەر ئەو ناوەشی هەیە، لە ١١٥ کیلۆمەتری باکوری خۆراوای بتلیس، لە ویلایەتی بتلیس–ی کوردستاندا. ٥٠ ماڵ، واتە نزیکەی ٢٥٠ کەسی دانیشتووان و بارەگای حکوومەت، مزگەوتێکی پیرۆز و قوتابخانەی ناوەندی و سەرەتاییەك، ١ فڕن و ١٠ دووکانی هەیە.

**قەزای گەنج**: لە بەشی باکوری خۆرهەڵاتی ئەو لیوایە پێکدێ کە هەر بەو ناوەوەیە. لە خۆراواوە بەچەباقچوور و لە باشوورەوە بەقەزای قۆڵپ و لە خۆرهەڵاتەوە بەلیوای مووش و لە باکوریشەوە بەویلایەتی ئەرزەڕۆم سنووردارە. پێکەوە لەگەڵ ناحیەکانی گۆنیك، زیکتێ، پێچار لە ٢١٩ گوند پێکهاتووە. دانیشتووانی ٢٦,٣٩٧ کەسن. ئەمانە ٧,٩٣٠ یان ئەرمەنی و ئەوی دیکەشیان هەر هەموو موسڵمانن و کوردن.

خاکەکانی چیاییە، داوێنەکانی چیای بینگوێل کە لە باکورەوە سنوورەکانی ویلایەتی ئەرزەڕۆم جیا دەکاتەوە بەناو قەزاکەدا چووە. زێی گەنج قەزا دەکاتە دوو بەش

و هەموو ئاوە ڕەوانەکانی کۆدەکاتەوە و دەیانڕێژێتە ناو ئاوی مورادەوە، ئینجا دەچێتە ناو قەزای چەباقچوور، هەواکەی سارد و زستانی درێژە، لە ناو قەزادا **١٣** مزگەوت و نوێژگە، **٥** مەدرەسە، **٤** کڵێسە و دێر، کەلاوەی دوو قەڵا، **١٣** دووکان، **١١١** ئاش، **١** فڕن، **٤** پرد هەیە.

ئاژەڵەماڵییە سەرەکییەکانی قەزا لە **١٧,٧٩٠** سەرمەڕ و **٤٦,٣٣٦** بزن و **٢,٨٥٠** گا و **١,٠٠٥** ئەسپ و هێستر و گوێدرێژ پێکهاتووە. داهاتی ساڵانەی قەزاکە لە دەوروبەری تەنیا **٧,٠٠٠** لیرە دایە.

(ب/٥ – ل/٣٨٩٤)

**گەنج (لیوای گەنج)**: یەك لەو چوار لیوایانەی ویلایەتی بتلیس پێکدەهێنن و ئەوەی ئەو پەڕی خۆراوایانە. لە خۆرهەڵاتەوە مووش و لە باشووری خۆرهەڵاتەوە بەلیوای سعرد و لە باشوور و خۆراواوە بەدیاربەکر، لە باکوری خۆراوا و خۆراواوە بەویلایەتی ئەرزەڕۆم سنووردارە. ناوەندەکەی گوندی گەنج-ە. بەناوی گەنج و چەباقچوور و قوڵپ-ەوە سێ قەزا و پێنج ناحیەی پەیوەستی ئەمان و **٤٢٣** گوندی هەیە. دانیشتووانی **٦٦,١٩٧** کەسن. لەمانە **١٢,٩٦٤** یان ئەرمەنی و **٨٣٦** یان یەزیدی، ئەوی دیکە هەر هەموو موسڵمانن و کوردن.

زەوییەکانی چیاییە، داوێنەکانی چیاکانی بینگوێل کە لە سنوورەکانی ئەرزەڕۆمەوە دێ، لەگەڵ چیاکانی ساسۆن کە لە خۆرهەڵاتەوە دێ، لقەکانی بەناو لیوادا بڵاودەبنەوە. زۆربەی ئەم چیایانە بەو دارستانانە داپۆشراون کە زۆریان داربەڕووی جوانیان تێدایە، لە نێوانیاندا گیاجاڕی لە ڕەنگی شیلان و ڕووەکی جوان و لەوەڕگای خاك داپۆشیو و دۆڵیشیان تێدایە. ئاوی موراد کە گەورەترینی باڵەکانی فوراتە. لیواکە لە خۆرهەڵاتەوە تا خۆراوا دەکاتە دوو بەش و ئاوی خەناق کە لە باکورەوە دێ و بەشی باکوری لیواکە دوو بەش دەکا و ئاوەکەی و ئاوێکی زۆری دیکەشی دێتە سەر. ئاوە ڕەوانەکانی بەشی باشووری لیوا، دەڕژێنە ئاوی باتمان کە بەدیجلەوە پەیوەستە و سنوورەکانی باشوور پێکدێنێ. هەواکەی زستانان زۆر سەختە، هاوینان خۆش دەبێ، هەر چۆنێك بێ زۆر سازگارە. چیاکانی، ساڵی پێنج شەش مانگ بە بەفر داپۆشراوە. خاکەکەی تا ڕادەیەك بەپیتە، ئەگەرچی زەویی وەهاشیان نییە بۆ کشتوکاڵ دەست بدا، میوە و سەوزەیان زۆرە و جۆرە ڕەسەنەکانیان زۆر باشە. ترێ، زەیتوون و تووی زۆر زۆرە، لە هەندێك لایدا

کەتیرە و[٤٥٦] مازووش بەدەست دەهێنرێ. بەروبووی کێڵگەکان، لە گەنم، جۆ، برنج، گەنمەشامی، نیسک، نۆك و لە هی دیکە پێکدێ. زەیتوون و شەراب لەگەڵ قۆزاخەی ئاوریشم هەناردەشیان دەبێ. قەمەرەددینی قەیسی و هەڵووژە، هەنجیر و وشککراوەی میوەی دیکە، لەگەڵ هەنار، گوێز، فندق، کوێستانە و هی دیکەش دەفرۆشرێنە دەرەوە. دۆشاو و بامیەی هیشکیش لە فرۆشراوە سەرەکییەکانیانە بۆ دەرەوە. شانە مێشهەنگیشیان زۆرە، جۆرە هەنگوینێکی پەسندیش بەبڕێکی زۆر بەرهەم دەهێنرێ و دەفرۆشرێتە دەرەوە. ئەگەرچی دارستانەکان نزیکە دەورەی لیواکە بداو لە ناوچەیەکی فراواندا، لەبەر نەبوونی ڕێ سوودی لێ نابینرێ. تەنیا کەرەستەی دارتاشی بۆ پێویستییە ناوخۆییەکان و داری سووتاندنی لێ دەبڕرێ. ئەگەرچی لە چەند شوێنێکی لیوادا، کانی قورقوشمی زیو تێکەڵ و تێکەڵ بەمس دۆزرابێتیشەوە، هیچ یەکێکیان دەرنەهێنراوە ئاژەڵە ماڵییەکانیان و بەتایبەتی مەڕ و بزن زۆرە. هەموو ساڵێك بەمێگەل بەرەو حەڵەب، شام، ئورفە و دیاربەکر دەبرێ و لە دەرەوە دەفرۆشرێن. ئاژەڵە کێوییە سەرەکییەکانیان، مامز و کەرەکێوی و ڕێوی و سیمۆرە و بزنەکێوی و پشیلەکێویلە و هی دیکەن. پیشەسازیی ڕەسەنیان هەر چەندە لە بەروبووی کشتوکاڵ و ئاژەڵ، واتە ڕۆنی زەیتوون، شەراب، دۆشاو، قەمەرەددین، ڕۆن و پەنیر و هی دیکە پێکهاتووە. لە خوری چنینی مافوور و دووگردی جوان و کاڵای ئەستوور (شایاق) و بەن و جلەوڵاخ-یش دروست دەکرێن.

ئاوەدانی و کاری پەروەردەی لیواکە زۆر دواکەوتووە، ڕێگایان وەك هەر نەبێ وایە. دەزگا پەروەردەیەکانیش لەو قوتابخانە دواناوەندی و منداڵانە پێکهاتووە کە لە ناوەندی لیوادان، ئەرمەنییەکانیش یەك قوتابخانەیان هەیە.

(ب/٥ - ل/٣٨٩٤ - ٣٨٩٥)

**گۆرانی (مەلا شەمسەددین، ئەحمەدی کوڕی ئیسماعیل)**[٤٥٧]: یەکێکە لە زانا هەرە گەورەکان، چوارەمینی ئەو کەسانەن کە گەیشتوونەتە پایەی شەیخولئیسلام لە سەردەمی عوسمانیدا لە وڵاتەکەیەوە گواستوویەتییە قاهیرەی میسر و زانستی لە زانایانی سەردەمی خۆی فێربووە. لە فەرمووده (حەدیث)دا لە ئیبنوحەجەر ئەلعەسقەلانی-یەوە[٤٥٨] ئیجازەی وەرگرتووە. شەریعەتی ئیسلام و زانستی ڕاڤە (تەفسیر) و خوێندنەوەی قورئان و زانستەکانی دیکەدا زانیاریی فراوانی بەدەست خستووە. لە شاری ناوبراودا لە کاتێکدا بە

وانەوتنەوەوە خەریك بووە، مەولانا، یەگان ئەفەندی[٤٥٩] لە دەمی لە حەج گەڕانەوەیدا زانست و ڕەوشتبەرزیی بینیوە و داوای لیّ کردووە، پێکەوە بەرەو لای ڕۆم[٤٦٠] بچن. لە ئەدرنە براوەتە بەر دەمی حەزرەتی سوڵتان موراد خانی دووەم (بەهەشت بەجێی بێ) و پاشای ناوبراو کە ڕێزی لە زانست و بەهرەی مەولانا گۆرانی گرتووە، لە هەندێك لە مەدرەسەکانی بورسەدا[٤٦١] و دواتریش لە مەغنیسیا[٤٦٢] بەفێرکار و پەروەردەکار (مامۆستا)ی شازادە سوڵتان محەممەد خان[٤٦٣] دامەزراوە.

لەبەر ئەوەی شازادەی ناوبراو، بەهۆی کەسایەتییە ئازاکەیەوە خۆی لە وانەکان دزیوەتەوە، لە لای هیچ مامۆستایەك سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە و ئەو زاتەی لێرەدا ژیننامەی نووسراوەتەوە، لەسەر ئەو فەرمان و یارمەتییەی لە پادشای وەرگرتووە و توندیی لەگەڵدا نواندووە، لە ماوەیەکی کەمدا قورئانی پیّ خەتم دەکا، لە فێربوونی زانستە پێویستەکانیشدا سەر دەکەویّ و خۆشەویستیی سەرووی ئاسایی پادشا بەدەست دەهێنیّ و دەگاتە ئەوەی بەخشندەیی و سوڵتان موڕادخان و چاکە کاریی بەدەست بهێنیّ.

سوڵتان محەممەد فاتح خانی ناوبراو کە دەچێتە سەر تەخت، ئەگەرچی وەزیرێتیشی پێشنیار کردبیّ، قایل نەبووە و بەقازییەتیی ناو لەشکر ڕازی بووە و دواتر بەقازیی بروسە دامەزراوە، دواتریش گەڕاوەتەوە میسر و لەویّ لە لایەن قایتبای-ەوە[٤٦٤] پێشوازیی باشی لیّ کراوە و زۆر زۆر ڕێزی لیّ گیراوە و ڕووی دراوەتیّ[٤٦٥]. دوای ماوەیەکی دیکە، سەرلەنویّ سوڵتان محەممەد خان هێناویەتییەوە و لە ٨٦٢ی هیجری (١٤٥٨ی زایین)دا بۆ دووەمین جار لە قازییەتیی بروسە دایمەزراندووەتەوە و بەخششێکی زۆری بۆ تەرخان کردووە.

لەویّ، لەگەڵ کاروباری قازییەتیدا بە وانە گوتنەوە و کتێب نووسینەوە خەریك بووە. لە ٨٨٨ی هیجری (١٤٨٣ی زایین)دا لە پایە و پلەی شەیخولئیسلام دامەزراوە. هەشت ساڵ لەم پۆستەدا دەمێنێت و تەواوێك بەرێی ڕاست و دادپەروەری، بەشێوەیەکی سەراسایی کاروباری شەریعەتی بەڕێوە بردووە. لە سەردەمی بەهەشتی، حەزرەتی سوڵتان بایەزید خانی دووەمدا لە ٨٩٣ی هیجری (١٤٩١ی زایین)دا کۆچی دوایی کردووە و لە باخچەی ئەو مزگەوتە پیرۆزەدا نێژراوە کە لە ئەستەمبووڵدا بەدروستکردنی داوە.

بەناوی «غایەتولئەمانی في تەفسیریسسە بعیلمەسانی- غاية الاماني في تفسير

السبع المثاني»[٤٦٦]، ڕاڤەیەکی پیرۆزی نووسیوە، کە لە گەلێك شوێنیدا وردەکارییەکانی زەمەخشەری–ی[٤٦٧] زانای گەورە و بەیزاوی (بەیضاوی)ی[٤٦٨] خستووەتە بەر گفتوگۆ و کۆمەڵێك هەڵەی خستووەتە بەرچاوان. بەناوی «ئەلکەوسەروجەجاری عەلا ریازیلبوخاری – الكوثر الجاري على رياض البخاري»[٤٦٩]یشەوە لێکدانەوەیەکی[٤٧٠] بێ کەموکوڕیی لەسەر (صەحیحی بوخاری)[٤٧١] و پەراوێز و شیکردنەوەشی بۆ تاقمە کتێبێکی پشت پێ بەستراو[٤٧٢] نووسیوە.

(ب/٥ – ل/٣٩١٥ – ٣٩١٦)

**گوێکسون**: شارۆچکەیەکە ناوەندی ناحیەیە، لە کەناری دەشتێکی فراوان، ٨٠ کیلۆمەتر لە باکوری خۆراوای مەڕاش، لە قەزای ئەندرین–ی لیوای مەراش (مەرعەش)ی ویلایەتی حەڵەب. ناحیەکەی لە ١٩ گوند پێکهاتووە. لە دەشتی گوێکسون–دا لە ٩٢١ی هیجری (١٥١٥ی زاییندا) سینان پاشا، عەلائوددەولەی بەزاندووە و کوشتووە، کۆتاییی بەدەوڵەتی زولقەدرییە هێناوە.

(ب/٥ – ل/٣٩٢٤)

**گوڵعەنبەر**: قەزایەکی گەورەیە لەوپەڕی باکوری خۆرهەڵاتی لیواو ویلایەت، لە لیوای سلێمانی و ویلایەتی مووسڵ، لە خۆراواوە بەسلێمانی و قەزای شارەزوور، لە سێ لای دیکەشیەوە بەسنوورەکانی ئێران دەورەدراوە. شارۆچکەی گوڵعەنبەر کە لە لایەن بەهەشتی، سوڵتان سولەیمان خانی قانوونییەوە بنیات نراوە و ناوەکەی پێ بەخشراوە، لە سنووری ئێراندایە. دێی ئەڵەبچە[٤٧٣]، کە ناوەندی ئێستای قەزاکەیە، نزیکەی ٣,٠٠٠ کەس دانیشتووانی و شتی وەکو مزگەوت و مەدرەسە و خان و بازاڕی هەیە و قەزا لە ٤٧٣ گوند پێکهاتووە، جگە لە خەڵکی نیشتەنیی، جێی تێداگەڕانی عەشیرەتی جاف–یشە. قایمقامێتیی قەزاکە بەزۆری دەدرێتە سەرکردەکانی ئەم عەشیرەتە. قەزا شاخاوییە و بەروبوومەکەی ئازووقە و میوە و لە جۆرەکانی دیکە پێکهاتووە. خەڵکی عەشیرەتەکە ئاژەڵێکی زۆر پێدەگەیەنن و لە خوری و مووی ئەمانەوە بەڕە و عەبا و هەندێك شمەکی دیکە دەچنرێ.

(ب/٥ – ل/٣٨٩٤ – ٣٨٩٥)

**گویروین**[٤٧٤]: شارۆچکەیەکە ناوەندی قەزایە، لەسەر ئاوی گویروین–دا کە دەڕژێتە ناو

توخمەی–ی سەر بەفورات. ١,٢٠٠ کەسی دانیشتووان و ٣ مزگەوتی پیرۆز و سەرەتاییەك و ناوەندییەك، دوو قوتابخانەی تایبەت بەئەرمەنی و پرۆتستانەکان، بازاڕێك کە هەفتەی جارێك دادەنرێ، دەزگای چنینی شاڵ و ڕایەخ و ڕووی لێفە، کاڵای ئەستوور و چەتاری (جۆرە کاڵایەکی ناوخۆییە) و چنراوی دیکەی لە خوری و لۆکە دروستکراوی لێیە. ئەو چنراوە ناوبراوانە، لەم ساڵانەی دواییەدا زۆر پەرەی سەندووە و سەرنجی ڕاکێشاوە، دەنێرڕێتە ئەستەمبووڵ و شوێنانی دیکە. ٢٥٠ی دانیشتووانی ئەرمەنی و ١٥٠شی پرۆتستانن، ئەوی دیکە موسڵمانن.

قەزای گویروین، لە باشووری لیوادایە و لە خۆرهەڵاتەوە بەدارەندە. لە باکورەوە سێواس، لە خۆراواوە قەزای عەزیزییە، لە باشووریشەوە بەلیوای مەڕاشی ویلایەتی حەڵەب سنووردارە. ٣ ناحیەی بەناوی قەرەتاوق و کوێیکوێپران و تلین–ەوە و ٤٠ گوندی هەیە. ٢٦,٧٢٢ کەس دانیشتووانی هەیە، کە ٢٠,٩٢٥ یان موسڵمان و ٢,٥٧٧ یان ئەرمەنی، ٨٥٩ یان پرۆتستان، ٤٢٩ یان کاتۆلیك و ١,٩٣٢ شیان ڕۆمن.

خاکەکەی بە بەرزی و گردە، هەندێك دارستانی گچکە گچکەیان هەیە کە بۆ هێزم بڕینەوە و خەڵووز سوودیان هەیە، ٨,٧٣١ دۆنم زەویی بۆ چاندن شیاو و ١٢,١٨٠ کێڵگە و ٢٣٧ چیمەن، ١,٢٥٠ باخچە و ١٠٥ باخی هەیە. کاڵەك و شووتی و میوەی دیکە و سەوزەی بەناوبانگە. ئەو شتومەکەی لە ناوەندی قەزادا دەچنرێن، لە هەندێك گوندیشدا دروست دەکرێن. ئاژەڵی ماڵییان، مەڕ، بزن، بزنی خوری (تفتیك) (کە جۆرە خورییەکی چاکە... وەرگێڕ)، گا، گوێدرێژ و لە هی دیکە پێکدێ. زێی ناوبراویش کە لە ناوەندی قەزاوە ڕەت دەبێ، ماسییەکی ڕەنگینی هەیە لە مەرجان دەچێ.

لە ناو قەزادا ١٢ مزگەوت، ١١ نوێژگە، ٢ مەدرەسە، ٣٠ قوتابخانەی ئیسلام و ٢ی خرستییان، ٧ خان، ١ گەرماو، ٣٤٧ دووکان و ٢٤ ئاش و ١٠ چەشمە و نزیکەی ٥٠٠ دەزگای چنینی لێیە.

(ب/٥ – ل/٣٨٥١)

**گیل** (**گل**): ناحیەیەکە سەر بەقەزای ناوەندیی لیوایە لە لیوای شارەزووری ویلایەتی مووسڵ، لە ٥٠ گوند پێکهاتووە. (وەرگێڕ)

(ب/ ٥– ل/ ٣٩٤٣)

# ل

**لەبیب ئەفەندی**: نازناوی چوار کەس لە شاعیرانی دوا سەردەمانی عوسمانییە (٤٧٥). یەکەمیان دیاربەکرییە، کە هەر دوو چاوی نابینا بووە. زانست فێر بووە و لە شاری ناوبراودا موفتی بووە و ٢٠ ساڵ لەو پۆستەدا بووە. لە ١١٦٠ی هیجری (١٧٤٧ی زایین)دا کۆچی دوایی کردووە. سەرەتای چامەیەك کە ئەمەیە، هی ئەوە [٤٧٦].

اولمە فرهاد ای دل اول شوخك لب شيريننه

طاغ طيانماز تيشةء تكليف جور آييننة

واتە:

ئەی دڵ، بۆ لێوی ئەو شۆخە مەبە بەفەرهاد

چیا بەرگەی تەشویی باری ئاینی زۆرداری ناگرێ.

(ب/٥ – ل/٣٨٤٠)

**ليجە**[٤٧٧]: شارۆچکەیەکە، ناوەندی قەزایە، لە ٧٠ کیلۆمەتری باکوری خۆرهەڵاتی دیاربەکر واتە شاری ئامەد، لە لیواو ویلایەتی دیاربەکردا. ٣,٦٨٨ کەس دانیشتووان و مزگەوتێکی پیرۆز و ٢ نوێژگە و ٣ کڵێسەی گچکە و ١٥ دووکان و ٢ گەرماوو ١ خان و ١٢ چەشمەی هەیە. بەباخچە دەورەدراوە، لەبەر ئەوەی کوورەی بۆرەکی لە نزیکەوە هەیە، خەڵکی دەیبەن و لە بینای ماڵەکانیاندا بەکاری دەهێنن.

قەزای لیجە لە بەشی ئەوپەڕی باکوری دیاربەکر پێکهاتووە، پێکەوە لەگەڵ ناحیەکانی کەراز و خانێ ٢٣٠ گوند پێکدەهێنن. لە باکور و خۆرهەڵاتەوە بەویلایەتی بتلیس و لە باشوورەوە بەقەزای سیلوان و لە خۆراواشەوە بەلیوای ئەرغەنی سنووردارە. ڕووپێوی لە دەوروبەری ٢,٤٥٠ کیلۆمەتر چوارگۆشەدایە. ١,٩٥٠ کیلۆمەتر چوارگۆشە زەویی چێنراو و ٤٧ کیلۆمەتر چوار گۆشە دارستان و ئەوی دیکەش لە زەویی بەتاڵ پێکهاتووە.

دانیشتووانی ٢٠,٦٨٨ کەسە، ١٤٢٩٠ یان موسڵمان و ٦,٣٩٨ی خرستیانە، ١٠,٧٧٧ی خەڵکە موسڵمانەکەی کورد و ٢,٥٠٠ی تورك و ١,٠١٣شیان چەرکەسن.[٤٧٨] دیانەکانیان ١,٤٨٧ یان سوریانیی یەعقووبی و [٤٧٩] ئەوی دیکەش ئەرمەنین و لە هەر سێ ڕێبازە ئاینییەکەیان تێدایە. لە ١١ کیلۆمەتری خۆرهەڵاتی ناوەندی قەزادا[٤٨٠] شوێنێکی خوێئاغڵەی لێیە، لەوێوە ساڵانە ٢٥٠,٠٠٠ کیلۆ خوێ دەردەچێ.

(ب/٦ – ل/٤٠٥٢)

**لوڕی**: خەڵکێکن لە لای خۆراوای ئێراندا دادەنیشن لە کاتێکدا کە باڵێکن لە کوردەکان، چ لە ڕووی زمان و چ لە ڕووی ڕەوشت و دابونەریتەوە زۆر لە کوردەکان جیاوازن. لە هۆز و تیرەیەکی زۆر پێکدێن و بەگشتی بۆ دوو بەشی سەرەکیی بەناوی لوڕی گچکە و لوڕی گەورە، دەبنە دوو لق. یەکەمیان لە باکوری خودی لوڕستاندا و لە ویلایەتی کوردستاندا دادەنیشن. لە ٥٦,٠٠٠ خێزان، واتە لە نزیکەی ٣٠٠,٠٠٠ کەس پێکهاتووە. دووەمیان پتر لە خووزستان و ناوچەی فارسدا بڵاوبوونەتەوە. لە لایەن ژمارەوە زۆرترن.

(ب/٦ – ل/٤٠١٣)

**لوڕستان**: یەکێکە لە ویلایەتە خۆراواییەکانی ئێران، لە باکورەوە بەکوردستان و لە خۆرهەڵاتەوە بەعیراقی عەجەم و لە باشوورەوە بەویلایەتی خووزستانەوە و لە خۆراواشەوە بەسنوورەکانی عوسمانی سنووردارن. ڕووپێوی ٣٩٠,٠٩٥ کیلۆمەتر

چوارگۆشەیە. دانیشتووانی ٣٠٠,٠٠٠ کەسە، ناوەندەکەی شاری برووجەرد-ە کە لە بەشی خۆرهەڵاتدا هەڵکەوتووە[٤٨١]. خاکەکەی چیاییە، لە باکوری خۆراواوە بەرەو باشووری خۆرهەڵات چەند زنجیرە چیایەکی لێیە. سەرەکییەکانیان: سەفیدکووە کە لەلای خۆرهەڵاتدایە و زنجیرە چیاکانی پشتکووە[٤٨٢] کە لەلای خۆراوادایە. بەرزترینی شوێنەکانیان دەگاتە ٢,٦٥٠ مەتر.

زێی کەرخەی پەیوەست بەڕووباری شەتتولعەرەب، لە ویلایەتی کوردستانەوە دێ و لە باکوری خۆراواوە بەرەو باشووری خۆرهەڵات لوڕستان دەکاتە دوو بەش و هەر هەموو جۆگە و جۆبارەکانی تێ دەڕژێ و دەچێتە ناو ویلایەتی خووزستان.

لەبەر ئەوەی بەشی هەرە زۆری خەڵکەکەی کوردە و سەر بە لقی لوڕین، پەیوەستە بەمان و ناوی لوڕستانیان لێ نراوە. لە نێو جوگرافیاناسە موسڵمانەکاندا بەو دەوترێ لوڕ[٤٨٣]، دوو بنەماڵەی ئەتابەگەکان لەم هەرێمەدا فەرمانڕەواییان کردووە و «ئەتابەگەکانی لوڕی گەورە»، لەگەڵ «ئەتابەگەکانی لوڕی گچکە» وە ناوبانگی دەرکردووە.

(ب/٦ - ل/٤٠١١ - ٤٠١٢)

**لوڕ**: ناوی دیکەی وڵاتی لوڕستانی خۆراوای ئێرانە. لە سەدەکانی شەشەم و حەوتەمی هیجریدا دوو خانەوادە لە ئەتابەگان لەم وڵاتەدا فەرمانڕەواییان کردووە. یەکەمیان (ئەتابەگانی لوڕی گەورە) و دووەمیان (ئەتابەگانی لوڕی گچکە)ی ناوداربوونە.

(بڕوانە بابەتی «ئەتابەگان») بەڕەسەن (لر) یان (لوڕ) ناوی یەك لە عەشیرەتە گەورە کوردەکانە. (بڕوانە بابەتی «لوڕستان»). (وەرگێڕ)

(ب/ ٥- ل/ ٣٩٨٨)

**لوڕ (یانیش: لور)**: ناوچەیەکە لە ئێراندا لە نێوانی خووزستان و ئەسفەهاندا و بە بەشێك لە خووزستان دەژمێررێ. لە کتێبەکانی جوگرافیاناسە عەرەبەکاندا نووسراوە، بەناوی نەوەیەکەوە لە نەوەکانی کوردان ناونراوە. یاقووتی حەمەوی سەرباری ئەوە، دەڵێ: لەم دواییانەدا ئەم وڵاتە (مەملەکەتە) لە خووزستان جیاکراوەتەوە و خراوەتە سەر هەرێمی چیاکان (ئەلجیبال)، ئەو شوێنەیە کە ئەمڕۆ پێی دەگوترێ لوڕستان. (بڕوانە بابەتی «لوڕستان»). (وەرگێڕ)

(ب/ ٦- ل/ ٤٠١١)

# م

**مەحموودی**[٤٨٤]: قەزایەکە لە ئەوپەڕی باکوری لیوای حەکاریی ویلایەتی وان – دا. لە باشوورەوە بەئەلْباق لەگەڵ قەزای مەعموورەتولحەمید، لە خۆراوا و باکورەوە بەلیوای وان و لە خۆرهەلاتیشەوە بەسنووری ئێران سنووردارە. ٥ ناحیە و ٨٣ دێی هەیە، دانیشتووانی ٣١,٦٨٠ کەسە. لەمانە ٢٨,٢٠٠ یان کورد ٣١,٦٨٠ تورك، واتە ٢٥,٦٨٠ یان موسڵمانن ٢,٥٠٠ یان ئێزیدی و ٢,٥٠٠ یان ئەرمەنی و هەزاریشی نەستووری[٤٨٥]. کوردەکە دەبنە ٤ هۆز و هەر هۆزە و ناحیەیەك پێکدەهێنن. یەزیدییەکانیش عەشیرەتێك و ناحیەیەك پێکدەهێنن. ناوەندەکەی گوندی سەرای–ە، ٣,٠٠٠ دانیشتووانی هەیە و لە ٩٠ کیلۆمەتری خۆرهەلاتی وان و لە دووریی ١٠ کیلۆمەترێك لە سنووری ئێرانەوەیە.

خاکی قەزاکە بەزۆری دەشت و بەپیتە، ئەگەرچی زێیشی نییە، جۆگە و جۆباری گچکەی هەیە، سەرچاوە و کانیی زۆرە. بەروبوومە سەرەکییەکانی گەنم، جۆ، گەنمەشامی، کەتان و لە هی دیکە پێکدێ. ئاژەڵی ماڵیی وەکو مەڕ و بزن و گامێش و گوێدرێژی زۆرە. کوردەکان بەم ئاژەڵانەوە بازرگانی زۆر دەکەن و سوودیان لێ دەبینن.

(ب/٦ – ل/٤٢٣٠ – ٤٢٣١)

**ماكسین**: شارۆچكەیەكە لەسەر ڕێڕەوی خابووری جەزیرەدایە لە نزیك وێرجەدا. یاقووتی حەمەوی، ئەوە ڕوون دەكاتەوە كە بە بەرهەمهێنانی ڕۆنی زەیتوون بەناوبانگ بووە و زێدی هەندێك زانای بەناوبانگ بووە.

(ب/٦ – ل/٤١١٧)

**مەعموورەتولعەزیز**: ویلایەتێكە لەوپەڕی خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ، لە سەردەمی سوڵتان عەبدولعەزیزخانی خودا لێخۆشبوودا لە دیاربەكر جودا كراوەتەوە و پەرەپێدراوە و بەم ناوە ناونراوە[٤٨٦]. لە خۆراواوە بەسێواس و حەڵەب (لیوای مەراش). لە باشوورەوە دیسانەوە بەحەڵەب، لە باشووری خۆرهەڵاتەوە بەدیاربەكر، لە باكوری خۆرهەڵاتەوە و لە خۆرهەڵاتیشەوە بەویلایەتی ئەرزەڕۆم سنووردارە. لە نێوانی هێڵی پانیی ٣٧٢٠یْ و ٣٩٣٥یْ باكور و هێڵی درێژیی ٣٥١٠یْ و ٣٧٥٠یْ خۆرهەڵاتدایە.

ڕووپێوەكەی ٣٧,٨٠٠ كیلۆمەتر چوارگۆشەیە، واتە نزیكەی ٤١,٠٠٠,٠٠٠ چل و یەك ملیۆن دۆنمە.

خاكەكەی بەگرد و لەند و لێك جوداوازە و زنجیرە چیای تۆروس (تەورووس) واتە (بۆغا) كە لە سنووری ویلایەتی ئەدەنەدا بەرەو باكوری خۆراوا وەردەچەرخێ، دەبێتە چەند باڵێك، ویلایەتی مەعموورەتولعەزیز لە باشووری خۆراواوە بۆ باكوری خۆرهەڵات بەش دەكا و لە لیوای دەرسیم (دێرسم)دا بەرزتر و سەختتر دەبێ و كە دەگاتە زنجیرە چیای گەورەی قەفقاس دەچێتە ناو ویلایەتەكانی ئەرزەڕۆم و دیاربەكر، گەورەترینی ئەو چیایانەی ناو ویلایەت كە لە لقەكانی ئەم زنجیرە چیایانەن[٤٨٧]، چیای باڵیان و نەمروودن كە هاوتەریب بەرەو لایەكانی مەڵاتییە و خەرپووت دەڕۆن. لەگەڵ ساری چیچەكی لای ئەگین و چیای مزوور–ی سنووری باكوری دەرسیم–ن. لووتكەی هەرە بەرزی ئەمانە ١,٦٠٠ مەتر ڕەت ناكا، زۆربەیان لە نێوانی ١,٠٠٠ تا ١٥٠٠ مەتردان.

هەموو ویلایەت، لە نشێوی فوراتدایە، بەلێژایی كەنداوی بەسرەوە پەیوەستن. لە ویلایەتی ئەرزەڕۆم–ەوە، واتە قەرەسو، كە لە باكوری خۆراواوە دێ، لەگەڵ زێی موراد كە لە ویلایەتەكانی بتلیس و دیاربەكر–ەوە، واتە لە خۆرهەڵاتەوە دێ، لە ناو ویلایەتدا یەكدەگرن و ڕووباری فورات پێكدەهێنن، كە لە ناو ویلایەتدا بەرەو باشوور و دواتر بەرەو خۆرهەڵات، دوای ڕێڕۆیشتنێكی زۆر بەپێچاوپێچ دەگاتە سنووری خۆرهەڵاتی ویلایەت، لەوێوە دەگەڕێتەوە باشووری خۆراوا و ماوەیەكی زۆر كە سنووری ویلایەت جودا دەكاتەوە،

دەچێتە ناو ویلایەتی حەڵەب. بەم جۆرە ویلایەتی مەعمورەتولعەزیز لەو لایەنەوە دەبێتە هاوسنووری ناوچەی جەزیرە، تەنانەت بوونی پارچەیەکی لە ناو ناوەندی ویلایەتدا بەپێی شوێنەکەی بە بەشێك لە جەزیرە دەژمێررێ. قوڕو چای، ئاوی توخمە، ئاوی کاختە، گوێکسو و هەندێك بەستی دیکە، لە ناو ویلایەتدا لە خۆراوا و باکوری خۆراواوە، بەرەو باشووری خۆرهەڵات دەڕوا و ڕاستەوخۆ دەڕژێتە ناو فورات، قەرەسو–ش ئاوی کەمەر و چەند ئاوێکی دیکە، زێی موراد–یش ئاوی مزوور لە لیوای دەرسیم، لەگەڵ ئاوی چەمشکەزەك و خڕێکی زۆری لە لیوای دەرسیم، لەگەڵ ئاوی چەمشکەزەك و خڕێکی زۆری دیکەیان تێدا دەڕژێ. بەم شێوەیە ئاوی ڕەوانی ویلایەت زۆر زۆرە.

لە ناو ویلایەتدا تەنیا گۆلێك هەیە، کە لە ٢٥ کیلۆمەتری باشووری خۆرهەڵاتی خەرپووتەوەیە. ڕووپێوی ٥٠ کیلۆمەتر چوارگۆشەیە[٤٨٨]. قووڵییەکەی کە لە ڕۆخەکانیدا یەك مەترە، لە ناوەڕاستەکاندا دەگاتە ٧٠ مەتر. لەم گۆلەدا مارماسیی بەتام و جۆرەکانی دیکەی ماسی و گوێچکە ماسی و سیمۆرەی ئاویی زۆر جوان ڕاودەکرێن. ئەگەر چی لە لای ڕێڕەوەکەیدا چەند زۆنگاوێکیش هەبێ، لەو ڕادەیە نییە کە هەواکە تێکبدا.

ئاو و هەوای مەعمورەتولعەزیز بەشێوەیەکی گشتی مامناوەندییە و زۆر سازگارە. ئەگەر چی لە هەندێك شوێنی وەکو مەلاتییە و کەبانمەعدەنی–یدا گرانەتایان لێ کەم نابێتەوە، ئەم شوێنە زۆنگاوییە و شوێنی دیکە نەك بەهۆی ناوچەیییەوە، بەڵکو تەنیا لەبەر زۆریی میوە و خۆپارێزنەکردنی خەڵکەوە دێتە کایەوە. گەرچی زستانانیش بەفر زۆر دەبارێ، لە شوباتدا بەهار دەست پێ دەکا و بەفر نامێنێ.

خاکەکەی زۆر بەپیت و بە بەروبوومە، ئەم ویلایەتە بەپیتترین شوێنێکی ئەنادۆڵ و بەتایبەتی بەشی خۆرهەڵاتییەتی. تەنیا لەبەر هۆی وەك دووریی لە بەندەرەکانەوە هەندێك تەگەرە، ڕێ لە زۆر پێشکەوتنی کشتوکاڵ دەگرێ. بەروبوومی سەرەکیی لە گەنم و جۆ و گەنمەشامی و برنج و فاسوولیا و نۆك و دانەوێڵەی دیکە، لەگەڵ ئەفیوون، لۆکە، تووتن، ترێ، بادەم، گوێز و میوەی جۆراوجۆری دیکە و سەوزەوات پێکدێ. لە ترێ شەراب و دۆشاو دروست دەکرێ و چ وشککراوی ئەمە و چ هی میوەی دیکە، دەفرۆشرێتە دەرەوە. لە کۆنەوە ئەفیوون و ئاوریشم گەورەترین داهاتی ویلایەتی پێکهێناوە لەم ساڵانەی دواییەدا، داکەوتووە. ساڵانە نزیکەی ٢٠٠,٠٠٠ هۆقە تووتنی زۆر تیژ تەنیا لە ناو ویلایەتدا زۆرتر لە لایەن کوردەکانەوە بەکاردەهێنرێ.

سەردەمانێك دارستانەكانیان زۆر زۆر بووە، بەهۆی برینەوەی بێ بەرنامەوە، بەتایبەتی ئەو دارەی لە كەبانمەعدەنیدا سووتێنراوە، تەواوكراوە. لە بارودۆخی ئێستایدا كە زۆربەی ناوچەكانی ویلایەت، وەكو سووتەمەنی، تەپاڵەو لە جیاتی كەرەستەی دارتاشییش تەختەی داری میوە بەكاردەهێنرێ، دارستان زۆر دەگمەن و كەمن. ئەمرۆ ئەگەر تەنیا لە لیوای دەرسیمدا دارستان هەبێ، لەوێشدا بەرەو كەمبوونەوە دەچێ. كانەكانیشیان هێشتا، تەنیا كانی قورقوشمی تێكەڵ بەكانزای زیوی كەبانمەعدەنی و ئەو كانە خەڵووزەیە كە لە چەمشكەزەكدایە. یەكەمی ئەمانە زۆر دەوڵەمەندە، هەر لە كۆنەوە لە لایەن دەوڵەتەوە بەڕێوەبراوە. خوێئاغڵەیەكیش لە مەلاتییەدا هەیە. ساڵانە لەو خوێیەوە كە لە گۆلێكی سوێر (بەخوێ) و كە هاوینان ئاوەكەی دەبێتە هەڵم و خوێیەكەی دەنیشێتەوە، ئەو خوێیەی بەدەست دەخرێ، بڕی یەك ملیۆن هۆقەی لێ كۆدەكرێتەوە و لە ناو ویلایەت و ناوچە دراوسێكاندا بەكار دەهێنرێ، تەنیا لە لایەكانی باشوور، خوێ لە سعرد و سێواس وەردەگرن. لە لیوای ناوەند و لە لیوای دەرسیم-دا چەند ئاوێكی كانزایی (گەڕاو) هەیە، بۆ هەندێك نەخۆشی بەسوودن بەڵام پێكهاتەكانیان دیارنەكراون.

لەگەڵ ئەوەشدا كە گیاجاڕیان كەمە، خەڵكەكە بەبڕی زۆر ئاژەڵی ماڵی پێدەگەیەنن، زۆرتریش بایەخ بەگوێدرێژ و هێستر دەدەن. ساڵانە بڕی ئاژەڵە ماڵییەكانیان لە ١٨,٠٠٠ مەڕ و ٩٠,٠٠٠ بزن و ١١٤,٠٠٠ گامێش و ١٨,٠٠٠ گوێدرێژ (كەر) و ٩,٠٠٠ ئەسپ و ٤,٥٠٠ هێستر پێكدێ. لە چیاكاندا ورچ و گورك و ڕێوی و كەروێشك و مامز و زەرداوا و ئاژەڵی دیكە هەیە، كە كەوڵ و پێستەكەی سوودی لێ دەبینرێ.

پیشەسازیی ناوخۆیی زۆر پێشكەوتووە، لە خوری، بەرەو كالای پەردە و هی دیكەو لە لۆكەش كالاو (مانووسە)، لە ئاوریشمیش (گەزی) و چیتاری و كالای دیكەی گوڵداری لێ دروست دەكرێ. بەشێوەیەكی سەرەكی لە ئەگین و ئەرەبكێردا ساڵانە (١٦,٠٠٠) تۆپ (مانووسە)، (٢٠٠,٠٠٠) تۆپ كووتاڵ و لە خەرپووت و مەزرا-دا ٢,٣٠٠ تۆپ كالای بەداو (دەزوو) و ١,٠٠٠ پارچە بەڕە، ٥٠٠ كالای پەردە و هی دیكە دروست دەكرێ. جگە لەم چنراوانە لە ناو ویلایەتدا پێستە خۆشكردن و ئامێری لە مس و ئاسن دروست دەكرێ و بەپیشەسازیی دیكە گوزەران دەكەن.

لە هەموو لایەكەوە ویلایەت بەوشكانی دەورە دراوە و دووریی لە بەندەرەكانەوە، كەمیی ئەو ڕێیانەی ئۆتومبیلیان پێدا دەڕوا، گواستنەوەی زەحمەت و بێ ئاسایشیی ڕێی لە

پەرەسەندنی بازرگانیی دەگرن. زۆربەی بەروبوومی کشتوکاڵ و پیشەسازیی ویلایەت، دەفرۆشرێتە ویلایەتە دراوسێکان و خەڵکەکەی ئارەزووی بەرهەمهێنانی پتر لە پێداویستییان ناکەن. تەنیا هەندێك شتی سووك و گواستنەوە ئاسان دەنێررێتە ئەوروپا. خەڵکەکە کە پێویستییان بەکڕینی شمەکی بیانییان نییە، بووەتە هۆی ئارەزووی کەلوپەلی تەمەندرێژ و خۆماڵی بکەن، بەم هۆیەوە لەگەڵ هەناردەی کەمیشیاندا هاوردە ناگاتە نیوەی هەناردەیان. هەناردە سەرەکییەکانیان لە ئەفیوون و پێستەی خۆشەکراو و لۆکە و پێستەی بزن و بزنەکێوی و چنراوی ئاوریشمین و لۆکە لەگەڵ ئازووقە پێکدێ. لە ڕیزی دووەمدا، لە بەرِە و پێڵاو و قۆزاخەی ئاوریشم و تۆوەکەی و میوەی وشککراو و هەنگوین و مۆمی هەنگوین و شەراب و کەرەستەی دارتاشی و هی دیکە پێکدێ. هاوردەشی لە ڕیزی پێشەوە دەزووی لۆکە، دوای ئەو چنراوی جۆراوجۆر لەگەڵ پێستەی خۆشکراو، قاوە، شەکر، گاز، ئاسن، مس، قەلای و کانزای دیکە، کاتژمێر، گەوهەر، چەقو و ئەو شتومەکانەی پەیوەندییان بەکلیلسازییەوە هەیە، دەرمان، بۆیە، کاغەز، کاغەزی جگەرە، گۆگرد، فێست (فێس) و هی دیکە. کۆی هەناردەی ساڵانەیان لە دەوروبەری ٢ ملیۆن قرووش و هاوردەیان نزیکەی ١٠ ملیۆن قرووشە. تەنیا شۆسەیەك کە لە ئەسکەلەی سامسۆن–ەوە دەست پێ دەکاو لە ویلایەتی سێواسەوە دێ، لە مەزرا–وە ڕەت دەبێ و دەچێتە ناو ویلایەتی دیاربەکر. هەندێك لقی ئەمەش لە ناو ویلایەتدا لە دروست کردندان. ئاسیاوی ئاویان زۆرە، داهاتی ساڵانەی ویلایەت ٢٠ ملیۆن قرووش و خەرجیی ناوخۆیان لە دەوروبەری ٧ ملیۆن قرووشدایە. نەگونجانی ئەم داهاتە لەگەڵ فراوانیی ویلایەت و بەپیتیی سەر ئاساییەوە، دیار و ئاشکرایە.

کە دێنە سەر پەروەردە، لە ناوەندی ویلایەتدا دواناوەندییەکی سویل و ناوەندییەکی سویل و ناوەندییەکی سەربازی، لەگەڵ ئەوەشدا کە قوتابخانەیەکی کوڕان و یەکێکی کچانی لێیە، لە زۆربەی ناوەندەکانی لیوا و قەزاکاندا قوتابخانەی ناوەندی و لە زۆربەی گەڕەکەکان و لە هەندێك لە گونداندا قوتابخانەی منداڵان و لە شارۆچکەکانیشدا کەم و زۆر قوتابخانەی ئاوەدانیان لێیە. لە هەموو ویلایەتدا ١٣ ناوەندی و ٢١٥ سەرەتایی و قوتابخانەی منداڵان و ٣١ مەدرەسە و ٤٥ قوتابخانەی ئەرمەنی و ١٢ی ئەرمەنیی پرۆتستان و ٦ ئەرمەنیی کاتۆلیك، جگە لەمانەش، ٨ی تایبەت بەمسیۆنێرە کاتۆلیکەکان و ٥ی تایبەت بەمسیۆنێرە پرۆتستانەکان، کە کۆیان لە ناو ویلایەتدا دەکاتە ٣٣٦ قوتابخانە و مەدرەسە. لە ناوەندی ویلایەتدا چاپخانەیەکی سەر بەحکوومەت، واتە

چاپخانەی ویلایەت هەیە، هەفتەی جارێك ڕۆژنامەیەکی فەرمی بەتورکی و هەر ساڵە و جارێك ساڵنامەیەکی ویلایەت بڵاودەکرێتەوە، لە ناو ویلایەتدا ٨٨ مزگەوتی پیرۆز و ١٩٩ کڵێسە هەیە.

سەرژمێری دانیشتووانی ویلایەت ٥٧٥,٣١٤ کەسە، ئەمانە ٥٠٤,٩٤٦ یان موسڵمانن و ٦١,٩٨٣ یان ئەرمەنی و ٦,٠٦٠ یان ئەرمەنیی پرۆتستان و ١,٦٧٥ی ئەرمەنیی کاتۆلیك و ٦٥٠شی ڕوومن. ٥٤,٩٥٠ی موسڵمانەکانیان کوردن. ئەوی دیکەش تورکن[٤٨٩]، ئەمانەش ١٨٢,٥٨٠ یان قزڵباش (شیعە) و ئەوی دیکە سوننین. کوردەکان لە لیوای دەرسیمدا زۆرینەن[٤٩٠]، پیاوانی هەندێ شوێنی وەکو ئەگین و ئەرەبکێر بەخزمەتگوزاری و دەرگاوانی لە ئەستەمبووڵ و لایەکانی دیکەدا کاردەکەن، بەگشتییش بەشێکیان لە سەربازیدان.

ویلایەت وەك لە خوارەوە دیارە، کراوەتە ٣ لیوا و ١٦ قەزا و ٧٠ ناحیە و ١,٨٩٠ گوند:

| ليوا | قەزا | ناحيه | ژمارەی گوند |
| --- | --- | --- | --- |
| خەرپووت | خەرپووت | چای قەرەعەلی | ٤١ |
| | | ئەرەنگيل | ٣٧ |
| | | خوێی ئۆيليا | ٢٧ |
| | | مولاكەندی | ٢١ |
| | | شێخ حاجی | ٢٢ |
| | | ئەتيكان | ٦٩ |
| | | سيسلی | ٢٠ |
| | | ديشيدی | ٤٢ |
| | ئەرەبكێر | شۆنك | ٢٩ |
| | | ماتموور | ٣٢ |
| | كەبانمەعدەنی | هەبۆك | ٧ |
| | | قەرەجە | ١٥ |
| | | دەريجان | ٤ |
| | | تاهير | ٢٢ |
| | | ئەيمەر | ١٣ |
| | ئەگين | ئيليج | ١٩ |
| | | ئێخنی | ٢٤ |
| | | ئەمرانەك | ٧ |
| | | ئاخن | ١٩ |
| | | پاشگەلی | ١٤ |
| | پتورگە | تەلمۆ | ٩ |
| | | كەڤرديز | ٥ |
| | | سينان | ٢٥ |
| | | تەرەفسو | ٢٣ |
| | | كەركەر | ١٣ |
| | | بيلبوڵ | ١٤ |
| | | مەدريس | ١٦ |

| ژمارەی گوند | ناحیە | قەزا | لیوا |
|---|---|---|---|
| ٢٦ | ئیزۆلی | مەڵاتییە | مەڵاتییە |
| ١٢ | گوێزنە | | |
| ١٩ | ئیسپەندەرە | | |
| ٩ | یۆرخە | | |
| ٥٤ | سماد | حسنی مەنسوور | |
| ٣٢ | چالخان | | |
| ٣٥ | قاریجك | | |
| ١٣ | قۆچاڵی | | |
| ٤٠ | کویوجامە | | |
| ١٥ | هووریێ | بهەسنی | |
| ١٥ | سۆرکیێ | | |
| ٩ | بیلووێران | | |
| ٩ | پرۆزیێ | | |
| ١٤ | توت | | |
| ١٩ | قزلین | | |
| ١٨ | کیسون | | |
| ١٢ | شامبیادی | | |
| ٢٥ | حەکیمخان | ئاقچەداغ | |
| ٢١ | ئیوالی | | |
| ١٥ | قورنە | | |
| ١٠ | حەسەن چەلەبی | | |
| ٢٢ | لەوەند ئۆغڵو | | |
| ١١ | یۆڵاد | | |
| ١٨ | قاسم ئۆغڵو | | |
| ٧٨ | تۆکاریس | کاختە | |
| ٣٢ | سنجق | | |
| ٢٦ | ئەلووز | | |

| لیوا | قەزا | ناحیە | ژمارەی گوند |
|---|---|---|---|
| دەرسیم | دەرسیم | سوکودبەی | ١٠٦ |
| | | سین | |
| | | پاخ | ٢٠١ |
| | | مۆرخندێ | |
| | | مارخۆ | |
| | چارسەنجەق | پەرتەك | ١١٠ |
| | | ئوسکورد | |
| | | نەتەنگ | |
| | چەمشکەزەك | کرملێ | ٩٥ |
| | | ئوسقووار | |
| | | باشوارێ تەنگ | |
| | قزڵ کیلیسە(٤٩١) | ئیرسك | ٣٣ |
| | | ڕەمەزان | |
| | | هۆبك | ٨٣ |
| | | کالان | |
| | | چارپازان | |

تێکڕا (کۆی گشتی):

لیوای خەرپووت: ٥قەزا، ٢٧ناحیە، ٥٨٩ گوند

لیوای مەڵاتییە: ٥قەزا، ٢٧ ناحیە، ٦٧٥ گوند

لیوای دەرسیم: ٦ قەزا، ١٦ ناحیە، ٦٢٨ گوند.

بۆ لیوای ناوەندی و ناوەندی ویلایەت، بڕوانە بابەتی «خەرپووت».

(ب/٦ – ل/٤٣٣٠ – ٤٣٣٣)

**مەعمورەتولحەمید**: قەزایەکە لەو پەڕی باکوری لیوادایە، لە لیوای سلێمانیی ویلایەتی مووسڵدا. لە باشوورەوە بەبازیان و لە باشووری خۆرهەڵاتەوە بەقەزای شاربازێڕ (شەهر بازاڕ)، لە خۆرهەڵاتەوە بەسنووری ئێران، لە باکوری خۆراواوە بەلیوای شارەزوور (شەهرەزوور)ەوە سنووردارە. ناوەندەکەی گوندی مەرگەیە، قەزاش کۆن هەر بەم ناوەوە دەناسرا، پێکەوە لەگەڵ ناحیەکانی سوورداش (سۆرتاش) و پشدەر لە ٦٠ گوند پێکهاتووە، تەنیا ٦,٦٠٠ کەسی تێدا دەژی، خەڵکەکەی لە عەشایەری کورد پێکهاتووە، ئەمانە لە گوندان دەژین و خەریکی کشتوکاڵن. هاوینان لە لەوەڕگاکاندا لە ناو ڕەشماڵاندا دەژین. ئەگەرچی بەشی زۆری خاکەکەشی چیاییە، زێی خواروو (گچکە) کە قەزا دەکاتە دوو بەشەوە، دۆڵەکانی ئەو ئاوانەی دەڕژێنە ناوی، خاکی بەپیتیشیان لێیە، بەروبوومەکەی لە گەنم و جۆ و برنج و هی دیکە، لەگەڵ سەوزەی جۆراوجۆر و میوە پێکدێ.

مەڕ و ئاژەڵی ماڵیی دیکەیان زۆرە.

(ب/٦ – ل/٤٣٣٠)

**مەعموورەتولحەمید**: قەزایەکە لە لیوای حەکاریی ویلایەتی وان–دا، لە لای باکوری خۆراوای لیوادا، لە باشوورەوە بەناوەندی لیواو لە خۆرهەڵاتەوە بەئەڵباق، لە باکورەوە بەقەزای مەحموودی، لە خۆراواشەوە بەلیوای وانەوە سنووردارە. ناوەندەکەی گوندی خۆشاب–ە،[٤٩٢] کە لە سەر ئەو ئاوەدا هەڵکەوتووە هەر ئەو ناوەی هەیە. قەزاکە لە دوو ناحیەی ئەربان و ئاقچەقەڵا و ٣٤ گوند پێکهاتووە.

سەرژمێری دانیشتووانی ١٦,٨٤٠ کەسن، تەنیا ٣,٠٠٠ی ئەمانە ئەرمەنی و ئەوی دیکە موسڵمانن و هەر هەموویان کوردن.

بەشێك لە زەوییەکانی چیایی و بەشێکیشی دەشتاییە. بەرزاییی زۆربەی شاخەکان ٤,٠٠٠ مەترە و گەرووەیەکی بەناوبانگی بەناوی «چۆغ گەدیگی»یەوە هەیە. بەرامبەر بەمە، بەناوی «گویزەل دەرە» وە گەرووەیەکی دیکەی لێیە بەگیاجاڕەکەیەوە بەناوبانگە. ئەو دەشتانەی بەزێی خۆشابی ناوبراو دەدێرێ ئەگەرچی زۆر بەپیتیش بێ، خەڵکەکەی تەنیا بەشی پێویستیی خۆیان ئازووقە دەچێنن، بەشێکی گەورەی زەوییەکانی بۆ لەوەڕ بەجێ دەهێڵرێ و مێگەلە مەڕی زۆر گەورە بەخێو دەکەن، بەبڕێکی زۆر ڕۆن و پەنیر و خوری بۆ دەرەوە دەفرۆشن. جگە لە خۆشابی ناوبراو کە دەڕژێتە ناو گۆلی وانەوە،

جۆگەیەکی پڕ ئاوی دیکەشی هەر بەو ناوەوە لە چیا دێتە خوارەوە و دەڕژێتە ناو زێی سەرەوە (گەورە)، کە بەدیجلەوە پەیوەستە. لە ناوەندی قەزادا قەڵاتێکی جوان و لە ناو قەزادا دوو پردی گەورە هەیە، هەموو شوێنەواری کۆنن.

(ب/٦ – ل/٤٣٣٠)

**ماردین**[٤٩٣]: شارۆچکەیەکە ناوەندی لیوایە، لە داوێنی باشووری قەرەداغ–دا هەڵکەوتووە، لە ٩٠ کیلۆمەتری باشووری خۆرهەڵاتی دیاربەکر و لە لای باکوری جەزیرەدا بەویلایەتی دیاربەکرەوە پەیوەستە. دانیشتووانی ٢٥,٠٠٠ کەسن، لە سەروویدا قەڵایەکی پتەو و شوورە و پتر لە ٢٠ مزگەوتی پیرۆز و ٤٥ نوێژگە و ٣ مەدرەسە، ٩ کڵێسە و ٣ مەناستر و ٨ گەرماو و ١ خان و ٧٠٠ دووکان و دەزگای کاڵا و مافوور و دەزگای چنینی دیکەی هەیە.

بەشی گەورەی شارەکە، لەسەر کەڤرێکی گەورەدا ڕۆنراوە، بەرەو باشوور بەسەر دەشتێکی تا چاو بڕدەکا فراوان و بەرین و بەپیتدا دەنواڕێ. بەشێکیشی لە ژێر ئەم تەپۆڵکەیەدایە. ئاوی ڕەوانیشیان زۆر زۆرە. هەرچەندەش زستانی پتر ساردە و هاوینی گەرمە، هەواکەی زۆر سازگارە. لە دەرەوەی شارۆچکەکەدا شوێنەوارە کۆنەکانی شار دیارە. خەڵکەکەی بڕی ١٦,٠٠٠ی موسڵمانن. ئەوەی ماویشەتەوە لەسەر هەر سێ ڕێبازەکە ئەرمەنی و سوریانی و کلدانی و جوولەکەن.

قەزای ماردین، لە بەشی گۆشەی باشووری خۆراوای لیواکە پێکهاتووە، لە خۆرهەڵاتەوە بەنوسەیبین، لە باکورەوە بەقەزاکانی میدیات و عەونییە[٤٩٤]، لە خۆراواوە بەلیوای ناوەندیی دیاربەکر و لە باشووریشەوە بەلیوای سەربەخۆی زۆر سنووردارە. پێکەوە لەگەڵ ناحیەکانی قوچحیسار و عاموودە[٤٩٥] لە ٢٣٠ گوند پێکهاتووە و ٥٧,٢٧٤ کەس دانیشتووانی هەیە. لەمانە ٤٠,٥٠٠یان تورك و کورد و عەرەب و چەرکەسن کە موسڵمانن[٤٩٦]، ١٥,٧٠٠یان ئەرمەنی و ڕۆم و کلدانی و سوریانی –ی خرستیانن، ٥٨٠شی جوولەکەن، ئەوی مایەوەش یەزیدی و قەرەج (چنگەنە) و هی دیکەن. خاکەکەی بەپیتە.

(ب/٦ – ل/٤٠٩٢)

**ماردین (لیوای ماردین)**: یەکێکە لە سێ لیوا کە ویلایەتی دیاربەکر پێکدەهێنن و ئەوەیانە کە لەوپەڕی باشووری خۆرهەڵاتیدایە، لە خۆراوا و باکوری خۆراواوە بەخودی لیوای

دیـاربـەکر و لـە بـاکـورەوە بـەبـتـلـیس و لـە بـاکـوری خـۆرهـەڵاتـەوە بـەوان، لـە بـاشووری خۆرهـەڵاتـەوە بـەویلایـەتی مووسڵ و لـە بـاشووریشـەوە بـەلیوای زۆری سـەربـەخۆوە دەورەدراو و سنووردارە.

لـە نـاوەڕاستی لیوادا لـە خۆراواوە بـەرەو خۆرهـەڵات یـەك ڕیزە تـەپۆڵکـەیـەك دەکشێ و کـەوشـەنـی هـێڵـی ئـاو دابـەشکـردن پـێکدەهـێنن. ئـەو ئـاوانـەی لـە لێژایـی بـاکـوری ئـەم بـەرزاییيانـەوە دێنە خوار، دەڕژێنە نـاو زێی خـابووری پـەیوەست بـەفورات، ئـەگـەرچـی ڕاستـەوخۆش دێنـە خواری، تـەنیا لـە وەرزی بـارانـانـدا دەگـەنـە خـابوور.

بـەشی بـاکوری خـاکی لیوا چیـاییـە، بـەشی بـاشووریشی دەشتاییيـە، لـە بـاکورەوە تـا بـەرەو بـاشوور دەچێ، چ سروشتی خـاکـەکـە بێ، چ هـەواکـەی، گۆڕانیـان بـەسـەردا دێ، ڕووپێوی ٢٠,٧٤٠ کیلۆمـەتر چوارگۆشـەیـە، ١٦,٠٠٠ مـەتر چوارگۆشـەی بۆ کشتوکاڵ دەست دەدا ٤,٠٠٠ کـیـلـۆمـەتر چـوارگـۆشـەشی بـەردەڵانـی و چـیـاییـيـە. ٦٥٠ کـیـلـۆمـەتر چـوارگـۆشـەشی دارستـانـە. بـەروبوومی زەویی، لـە گـەنم و جۆ و فـاسوولیـا و نیسك و برنج و کونجی و لۆکە و تووتن و تری و زەیتوون و بـادەم و میوەجـاتی جۆراوجۆری دیکە پێکدێ. لـە ترێکـەیـەوە شـەرابێکی زۆر پـەسند و دۆشـاو دروست دەکری. میوەکـانیشی بڕێکی زۆری بـە وشککـراوی یـان بـە(نـانـە مـیـوە – وەك نـانـە قـەیسی – قـەمـەرەددیـن) دروستکـردن دەفرۆشرێتە دەرەوە. لـە جۆرە (فستق)ێکی سـەوزەوە ڕۆنێکی بۆندار دەردەکرێ و سـابوونی لێ دروست دەکرێ. گیـاجـاڕیـان زۆرە، ئـاژەڵی مـاڵییـان بریتییـە لـە پتر لـە ٦٠٠,٠٠٠ سـەر مـەڕ و نزیکـەی ١٠٠,٠٠٠ بزن و ٣٣,٥٠٠ کـەر و هێستر. ١٣,٥٠٠ ئـەسپ، ١٠,٣٥٠ گـامێش و ١٠,١٠٠ حوشتر و هـی دیکـەشیـان هـەیـە. لـە بـەروبوومی مـەڕ ڕۆنێکی زۆر و پـەنیر و خوری بـەدەست دەهـێنرێ.

پـیشـەسازیـی نـاوخـۆیـی سـەردەمـانێك زۆر پێشکـەوتـوو بـوو، ئێستـاش لـە چۆنیـەتیـی نموونـەدا، لۆکە، خوری و ئـاوریشم، هـەندێك چنراو و شتومـەکی پیشـەی زێڕنگـەری و قـاپ و قـاچـاخی جۆراوجۆری لـە مس دروستکراو، هـەروەهـا کـاروبـاری خۆشکردنی پێستـە ئـەنجـام دەدری. بـەڵام نـەبـوونـی ڕێگـە و دەربـەنـد، دەبـنـە تـەگـەرەی بـەردەمـی بـرەوی پیشـەسازی و پێشکـەوتنی، بۆیـە تـەنیـا بـەپێی پێویستیی نـاوخۆ دروست دەکرێن. داهـاتی سـاڵانـەی لیوا، لـە دەوروبـەری ٩٥,٠٠٠ لیرەدایـە.

لیوای مـاردین پێنج قـەزای بـەنـاوی مـاردین، نوسـەیبین، جزرە و میدیـات و عـەونییـە–وە،

١٣ ناحیە و ١,٠٣٢ گوندی هەیە. سەرژمێری ١٩٣,٠٢٢ کەسە، دوو لەسەر سێی موسڵمان و سێیەکی ئەرمەنی و ڕۆم و سوریانی و کلدانین و خرستیانن کە لە هەر سێ ڕێبازەکەیان تێدایە. ٣٨٠شی جوولەکەن. لە ناو لیوادا ١ قوتابخانەی ناوەندی و ٣ مەدرەسە، ٦٢٥ قوتابخانەی منداڵانی موسڵمان و ٥٩ قوتابخانەی تایبەت بەکۆمەڵە جیاجیاکانی خرستیان (دیانان)ی لێیە. لەبەر ئەوەی ئەم لیوایە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بووەتە شانۆی ڕووداوێکی زۆر زۆری مێژوویی، لە لایەنی مێژووەوە چەند قەڵایەکی بەبایەخی ڕووخاو و شوێنی بەناوبانگی دیکە هەیە.

(ب/٦ – ل/٤٠٩٢ – ٤٠٩٣)

**مازکورد**[٤٩٧]: شارۆچکەیەکە، ناوەندی قەزایە، لەسەر ئاوی مزووردا، لە ٣٥ کیلۆمەتری باکوری خۆرهەڵاتی خۆزات–ی ناوەندی لیوا، لە لیوای دەرسیم–ی ویلایەتی مەعموورەتولعەزیز. دانیشتووانە ١,٥٠٠ کەسییەکەی کە لە موسڵمان و ئەرمەنییان پێکهاتووە و دەوروبەرەکەی تاقمێك کەلاوەی لێیە. قەزای مازکورد لە ٣ ناحیە و ٢٠١ گوند پێکهاتووە و ٥,١٠٠ کەسی لێ دادەنیشن. بەروبوومیان بریتییە لە ئازووقە و هی دیکە، لەبەر ئەوەی بزن و مێشهەنگیان زۆرە، هەناردەی شتی وەکو ڕۆن و پەنیر و هەنگوین و مۆمی هەنگوین و پێستەیان هەیە.

(ب/٦ – ل/٤١٠٦)

**مەجوددین بووری (تاجولمولك ئەبوو سەعیدی کوڕی ئەییووب–ی کوڕی شازی)**: برای سەلاحەددین ئەییووبیی بەناوبانگە. کوڕە هەرە گچکەی ئەییووبییان. لە ٥٥٦ی هیجری (١١٦١ی زایین) لە دایك بووە.

سەلاحەددین کە حەڵەبی گەماروو دا، مەجوددین لە ئەژنۆیەوە بریندار بووە و دوای ساڵێك لە ٥٧٩ی هیجری (١١٨٣ی زایین)دا لە حەڵەب کۆچی دواییی کردووە. لە لایەن برایەوە وەکو والییەك لە حەڵەب دامەزراوە. بەشی خۆی لە زانست و ئەدەبیات فێربووە. کتێبێکی شیعری ڕێکخراوی هەیە. ئەم دوو دێڕە شیعرە لەو شیعرانەیەتی[٤٩٨]:

أقبل من اعشقه راكباً     من جانب الغرب على اشهب

فقلت سبحانك ياذا العلا     اشرقت الشمس من المغرب

واتە:

خۆشەویستم بەسواری هات
لە خۆراواوە بەسواری ئەسپێکی ڕەش
گوتم خودایە چەند مەزنی
کە خۆر لە خۆراواوە هەڵهات

(ب/٦ – ل/٤١٦٧)

**مەجدوددین ئەربیلی (هەولێری)**: ئەدیبێکی ناودار و شاعیر بووە، لە ٦٠٢ی هیجری (١٢٠٦ی زایین)دا هاتووەتە جیهان و لە لای ئەبوبەکری کوڕی ئەلخازن و کەشغەری لە بەغدا و سەخاوی و تاجوددینی کوڕی حەمەوی[٤٩٩] لە شام و زانای ناوداری دیکەدا وانەی خوێندووە و لە مەدرەسەی قەینازییەدا وانەی گوتووەتەوە. لە بابەتی شەریعەتی ئیسلامدا، لەسەر ڕێبازی حەنەفی خاوەن زانستێکی فراوان بووە. لە ٦٩٧ی هیجری (١٢٩٨ی زایین)دا کۆچی دوایی کردووە. کتێبێکی شیعری هەیە کە لە دوو بەرگدا هەڵبژێرراوە، ئەم یەك دوو دێڕە شیعرە لە شیعرە هەڵبژاردەکانی ئەون [٥٠٠]:

غـزال لـه مـن أختـه الـبـعـد والسنـى
ولــيس طــارد الــقــلائـد والــثــغــر
اغــارت عــلــى اسرار ارواح شربــهــا
وانـفـذت الارواح مـن قـبـضـة الأسر

واتە:

وەك مامزێك دەستەخوشکی دووری و پەرداخییە
نەك دووکەوتووی ملوانکە و زار
هێرشی بردە سەر نهێنیی گیانی بەدکاران و
گیانگەلی لە دەست دیلی ڕزگار کرد

(ب/٦ – ل/٤١٦٧)

**مەجدوددین نیشابی (ئەسعەدی کوڕی ئیبراهیم)**: شاعیرێکی ناودار و نووسەر بووە، نووسەری دیوانی بەڕێوەبەری هەولێر بووە و لە لایەن ئەوەوە بەفرمانی تایبەتییەوە نێرراوەتە لای حوکمداران، بۆ لای خەلیفە موستەنسریش[٥٠١] نێرراوە و کە چووەتە

بەردەم خەلیفە، ئەم پارچە شیعرەی بۆ گوتووە کە یەکێکە لە شیعرەکانی ئەو (٥٠٢):

جلالة هيبة هذا المقام

تحير عالم علم الكلام

كأن المناجي به قائماً

يناجي النبي عليه السلام

واتە:

شانوشکۆی ئەم جێیە

جیهانی زانستی (کەلام) سەرسام دەکا...

وەکو بڵێی ئەنجامدەری کارەکە

لەگەڵ پێغەمبەردا دەدوێ...

(ب/٦ – ل/٤١٦٧)

**مەجیدییە**(٥٠٣): قەزاکە لە لیوای قرشەهر–ی ویلایەتی ئەنقەرە، لە باکوری خۆراواوە بەکەسکین و لە باشووری خۆراواوە بەخودی قرشەهر، لە باشوورەوە بەقەزای ئاڤانۆس و لە باکوری خۆرهەڵاتیشەوە بەلیوای یۆزغاد سنووردارە. ناوەندەکەی نزیکەی ٣٠٠ کەسی دانیشتووانە و گوندی بۆیاڵك–ە. قەزا لە ٧٠ گوند پێکهاتووە، هەموو موسڵمانن و زۆربەیان کوردن و ١٠,١٧٨ کەس دانیشتووانی هەیە. خاکەکەی بۆ کشتوکاڵ دەست نادا، داوێنەکانی چیای چیچەك–ی دەکەوێتە ناو. زێی (دەلی – ئیرمەق) سنووری باکووری خۆرهەڵاتی جیا دەکاتەوە، ئاوە ڕوانەکانی دەرژێنە ئەم زێیە.

بەروبوومە سەرەکییەکانی، بریتین لە گەنم، چەوەندەر و ئازووقەی دیکە، لەگەڵ سەوزەی هەمەچەشنە و میوەجات پێکهاتووە، بەگوێرەی پێویستیی ناوخۆ پێدەگەیەنرێ. هەندێك دارستانیشی هەیە... ناو قەزا گەڕاو (گەرماو)ێکی لێیە بۆ نەخۆشییەکانی پێست سوودی هەیە لەگەڵ شوێنێکی خوێ (خوێئاغڵە) و هەروەها جۆرە (تاش ئۆجاغی) یەکی نەرمی زەردباوی لێیە، لوولەی قەندە و پەرداخ و هی دیکەی لێ دروست دەکرێ.

گیاجاڕ و ئاژەڵی ماڵییان زۆرە، ئەمانە بریتین لە ٨٥,٠٠٠ سەر مەڕ و ٥١,٠٠٠ بزنی

خوریی تفتیك، ١٨,٥٠٠ بزنی ئاسایی و هی دیكە. حوشتریشیان زۆرە. لە ناوەندی قەزادا هەموو ڕۆژانی هەینییەك بازاڕ دادەنرێ، داهاتی ساڵانەی قەزا نزیكەی ٨,٠٠٠ لیرەیە.

(ب/٦ – ل/٤١٧٢)

**میدیا – مەدیە مێدیە** (Medie)(٥٠٤): مێژووە کۆنە یۆنانییەکان و جوگرافیاناسەکان، ئەم ناوەیان لە دەڤەرەکانی عیراقی عەجەمی ئێران و ئازەربایجان ناوە، بەم ناوەوە لە لایەکانی دیکەی ئێرانیان جودا دەکردەوە، کە بەناوی «پێرسیا» وە دەناسرا. میدیا لە خۆراواوە بەئاسوورییە، لە باکورەوە بەدەریای خەزەر، لە خۆرهەڵاتەوە بەخەرقانییە، واتە خۆراسان، لە باشووریشەوە بەسووسیانە، واتە خووزستان و بەپێرسیا، واتە فارس دەورەدراوە. خودی میدیا کراوەتە دوو بەش، عیراقی عەجەم و ئاترۆپاتنە (ئەترۆپاتین)، واتە ئازەربایجان، ناوەندەکەی شاری ئەکباتانە (واتە: هەمەدان) بووە.(٥٠٥)

میدیاییەکان، لەبەر تایبەتمەندیی بەپیتیی خاکەکەیان و بەهۆی کەشی جوانییەوە لە کۆنەوە شارستانییان دامەزراندووە. ئەگەرچی ٧٥٩ ساڵ بەر لە زایین، نینۆس و سەمیرامیس–ی فەرمانڕەوایانی ئاسوورییە (ئاشووری) میدیایان دەست بەسەرداگرتووە، زۆری پێ نەچووە میدیاییەکان سەربەخۆییان سەرلەنوێ بەدەست هێناوەتەوە و دەوڵەتێکی بەهێزیان دامەزراندووە.

مێژوونووسە یۆنانییەکان، فەرمانڕەوایانی ئەم دەوڵەتەیان بەم ناوانەوە باس کردووە: دیۆکس، فەراوەرت، کەیئەخساری یەکەم، ئاستیاك و کەیئەخساری دووەم کە دەبێ ئەفراسیاب بێ، کچەکەی داوەتە شای فارس و ئەو کۆڕش–ەی کە بوویانە، واتە کەیخوسرەو دەستی بەسەر میدیادا گرتووە و هەموو ئێرانی بەناوی پێرسیا، واتە: فارس–ەوە کردووەتە یەك دەوڵەت، سنوورەکانی ئەو دەوڵەتەی تا دەریای دورگەکان (دەریای ئیجە) فراوان کردووە، بەم جۆرە دوای کەیخوسرەو، میدیا، بووەتە بەشێك لە دەوڵەتی ئێران، بەم جۆرە جار جار ناوی میدیا بەهەموو ئێران گوتراوە.

چیرۆکی کەیخوسرەو، هەر وەکو ئەوەی گونجانی ئەوەیان بەمێشکدا هێناوە کە ئێرانییە کۆنەکان ئەو شوێنانەی تۆرانیان پێ گوتووە، لە میدیا پێکهاتووە. ئێرانی نەبوونی میدیاییە کۆنەکانیش و گونجانی لە نەتەوە تۆرانییەکان واتە لە تورکەکان بوونیان زمانناسانی خەریك کردووە(٥٠٦).

لە لایەکی دیکەوە، وەك ئەوەی لە مێژووەکانی ئێراندا ناوی میدیا، یان ناوێك کە لەم بچێ بەرچاو ناکەوێ، هەروەها لە بابەتی ئەوەوە کە ئێران لە کۆنەوە کرابێتە دوو دەوڵەت هیچ ئاماژەیەك نییە. ئەوە ڕوون دەکرێتەوە کە هەر هەموو فەرمانڕەوایانی لە جەمشیدەوە تا کەیخوسرەو، لە هەموو لایەکی ئێراندا فەرمانڕەواییان کردووە و لە سەر ڕۆخی جەیحووندا لەگەڵ تۆرانییاندا جەنگیوە.

ئەگەرچی مێژووی کۆکراوەی ئێران زۆر کەموکوڕیی تێدایە. لەو زانیارییە مێژووئامێزانەشدا کە لە (زەند ئاڤێستا)وە وەرگیراوە، ئەم کەموکوڕییانە پڕ ناکاتەوە.

بەهەر حاڵ، ئەم دەوڵەتی میدیایە، بۆ ئەوانەی دەیانەوێ مێژووی خۆرهەڵات و خۆراوا پێکبهێنن(٥٠٧) مەتەڵێکە.

(ب/٦ – ل/٤٢٤٧ – ٤٢٤٨)

**مەلازیکورد**: قەزایەکە لە لیوای مووشی ویلایەتی بتلیس، لەوپەڕی باکوری خۆرهەڵاتی لیوادایە. لە باکورەوە بەئەرزەڕۆم و لە خۆرهەڵاتەوە بەویلایەتی وان و لە باشوورەوە بەلیوای بتلیس و لە خۆراواوە بەقەزای بولانق سنووردارە. قەزا لەگەڵ ناحیەی ئەڵمالی ٥٠ گوندی هەیە، ٢١,٠٠٠ کەس دانیشتووانی هەیە، لەمانە ١٢,٠٠٠ی موسڵمانن و کوردن، ئەوی دیکەش ئەرمەنییە. خاکەکەی بۆ کشتوکاڵ ناگونجێ، لە بەشی باشووریدا بە بەرزاییی ٣٠٠٠ مەتر چیای سیپانی لێیە. لە لای باکوریدا زێی موراد، لە خۆرهەڵاتەوە تا خۆراوا دەڕوا و زۆربەی ئاوەکانی تێ دەرژێ. یەك دوو گۆلیشی لێیە و گەلێك خوێیان لێ دەردەهێنرێ. خاکەکەی زۆر بەپیتە. لەبەر ئەوەی گەنم و جۆ و گەنمەشامی و نیسك و نۆك و دانەوێڵەی دیکە لە پێویستییە ناوخۆیییەکانیان پترە، زیادەکانیان و کەتیرە و بەروبووی وەك ڕازیانە، لە گۆلی وانەوە بەکەشتیی بەبایەوان (چارۆکەدار) دەنێررێن. دارستانیان زۆرە، ئاژەڵیماڵییان، سەرەکییەکانیان لە مەڕ و ئەسپ پێکدێن، کوردەکان لەمانە بەبڕێکی زۆر دەنێرنە دیاربەکر و لایەکانی دیکە. ئاژەڵە کێوییەکانیان لە ڕەگەزی وەکو گورگ و ڕێوی و سیمۆرە پێکهاتووە، بۆ پێستەکانیان ڕاو دەکرێن. سەرەکییەکانی پیشەسازییە ناوخۆیییەکان لە چنینی دووگرد و بەرە پێکهاتووە، کە چاك و بەرگەگرەکانیان لێرە دروست دەکرێ.

لە دەڤەری گوندی قەڵا، کە ناوەندە و سەردەمانێك شارێکی گەورە بووە، کەلاوەیەکی

زۆری لێیە کە ئەوە دەسەلمێنن. لە لایەکانی دیکەی قەزاکەدا تاقمە هەڵکۆڵراوێکی ناوبەرد و شوێنەوارێکی کۆنی زۆری دیکەی لێیە. گوندی ڕەشیکان، کانێکی بەردی لێیە هەر کە لە کوورەوە دەرچوو بەپێی ئارەزوو دەبڕێ و نەرمە و کە لەبەر خۆر دەمێنێتەوە وەك مەڕمەڕ ڕەق دەبێ.

(ب/٦ – ل/٤٣٨٨)

**مەلاتییە – مەڵەتییە**(٥٠٨): شارێکە ناوەندی لیوایە لە ویلایەتی مەعموورەتولعەزیزدا و لە ٨٥ کیلۆمەتری باکوری خۆراوای خەرپووتدا، لەسەر ئاوێکی بریقەدار و جواندایە کە دەرژێتە ئاوی تۆکمەی پەیوەست بەفورات. دانیشتووانی ٣٠,٠٠٠ کەسە، لەمانە تەنیا ٣,١٣٠ یان ئەرمەنی و ئەوانی دیکە موسڵمانن. نزیکەی ٥٠ مزگەوت و نوێژگە، ٦ مەدرەسە، ناوەندی و گەلێك قوتابخانەی منداڵان، لەگەڵ چەند قوتابخانەیەکی تایبەت بەئەرمەنییان و قوتابخانەیەکی گەورەی تایبەت بەمسیۆنێرە کاتۆلیکەکان و چەند کڵێسەیەك و گۆڕێکی زۆر و جێی زیارەتکردنی هەیە. تا ٦٠ ساڵ لەمەوپێشی شاری مەلاتییای ڕەسەن لە بەشی خوارەوەی ئێستاکەوە بووە و کە ئەمڕۆ مەلاتییەی کۆنی پێ دەڵێن، مەلاتییەی نوێی ئێستا، ناوی «ئاشپۆزێ» بووە، کە هاوینەهەواری ئەو بووە. لەناو کێڵگە برنجەکانی مەلاتییەی کۆنداو لە شوێنێکی نشێودا بووە و لە ١٢٥٥ی هیجری (١٨٤٠ی زایین)دا، لەبەر ئەوەی شارەکە پڕ بووە لە سەربان، ساڵێکیان خەڵکەکە نەهاتوونەتەوە خوارەوە و لە هاوینەهەوارەکاندا ماونەتەوە و ئیدی فێری ئەوێ بوونە و لەو ساکەوە هەموو، مەلاتییەیان جێهێشتووە و بازاڕ و فرۆشگەکانیشیان گواستووەتە ئاشپۆزێ و ناوی مەلاتییەیان بەوێ داوە. مەلاتییەی کۆنیش بە بەتاڵی ماوەتەوە و ڕووخاوە. بەم هۆیەوەیە، ماڵەکانی مەلاتییەی نوێ لە شێوەی ماڵی هاوینەن و سەیرن، بەباخ و باخچە دەورەدراون، دەڤەری شارەکە زۆر فراوانە. ئەو زێیە باس لێوەکراوە، سەرچاوەکەی یەك سەعات لە سەرەوەی شاردایە، بەشێوەیەکی ڕێکوپێك کراوەتە چەند جۆگەیەك، باخچەکانیان دەدێرێ. میوەکانی و بەتایبەتی قۆخ و قەیسی و سێو و هەرمێ و میوەی دیکە، زۆر زۆرە و زۆر بەچێژیشن، دەنکیان زۆر زل و بەتامە، بەبڕێکی زۆر وشك دەکرێتەوە و شەرابی زۆر نایابی لێ دروست دەکرێ. ئەگەرچی هەواکەشی جوانە، لەبەر زۆریی ئاوی، کەمێك شێدارە، دارچناریشی زۆرە، تەختەی دارتاشییەکی زۆری لێ دەبڕێتەوە.

مەڵاتییەی كۆن، شارێكی زۆر كۆن بووە، لە لایەن ئەبو جەعفەری مەنسوور–(٥٠٩)ەوە لە ڕوومەكان وەرگیراوە و لە لایەن عەبدولوەهابی ئیمام–ەوە نۆژەن كراوەتەوە و فراوان كراوە. دواتر دیسانەوە كەوتووەتە بەردەستی ڕۆمەكان و، دوای ئەوەش بۆ دووەم جار لە لایەن سەلجووقییانەوە دەستی بەسەردا گیراوەتەوە. قەزای مەڵاتییە، ناوەندی قەزایەكە هەر بەو ناوەوە، لە بەشی باكوری خۆرهەڵاتی لیواوە پێكدێ. لە خۆرهەڵات و باكورەوە بەلیوای خەرپووت و لە خۆراواوە بەئاقچەداغ و لە باشوورەوە بهەسنی و قەزای حسنی مەنسوور سنووردارە. لەگەڵ شاری مەڵاتییە لە ١٣٠ گوند پێكهاتووە و دانیشتووانی ٤٤,٩٠٦ كەسن. ئەمانە ٤,٨٩٠ یان ئەرمەنیی لە هەر سێ كۆمەڵەكە، ئەوی دیكە موسڵمانن. موسڵمانەكانیش ٤٠٠,٤ی كوردە و ئەوی دیكە توركن(٥١٠).

(ب/٦ – ل/٤٤٠١ – ٤٤٠٢)

**لیوای مەڵاتییە**: یەك لەو سێ لیوایانەیە كە ویلایەتی مەعموورەتولعەزیز پێكدەهێنێ و ئەوەیانە كە لەوپەڕی باشووری خۆرهەڵاتدایە. لە لای باكوری خۆرهەڵاتەوە لەگەڵ لیوای خەرپووت، لە خۆرهەڵاتەوە بەدیاربەكر و لە باشوورەوە بەحەڵەب، لە باشوورەوە دیسانەوە بەحەڵەب و ویلایەتی سیواس سنووردارە. لە نێوانی هێڵەكانی ٣٠ ٥٣ و ٣٧ ٣٦ی پانیی باكور و ٢٨ ٣٧ و ٥٥ ٣٨ درێژیی خۆرهەڵاتدایە. ڕووپێوی ١٤,٦٠٠ كیلۆمەتر چوارگۆشەیە، واتە: ١٥,٩٣٣,٨٠٠ دۆنم–ە، ٨,٣٨٣,١٢٢ دۆنمی لە زەویی چێنراو و ٦,٠٢٤,٦٧٨ دۆنمی چیایی و شوێنە بۆشەكانە. ١,٠٥٢,٠٠٠ دۆنمی دارستانە، ٤٧٤,٠٠٠ دۆنمیشی لە هەرێز و گیاجاڕ پێكدێ.

مەڵاتییە كراوەتە پێنج قەزا بەناوی: مەڵاتییە، ئاقچەداغ، بهەسنی، حسنی مەنسوور و كاختە–و، ٢٤ ناحیە و ١,٢٤٠ گوندی هەیە. سەرژمێری دانیشتووانی ٢١٦,٢٨٠ كەسە، ١٦,٢٠٠یان سێ كۆمەڵگای ئەرمەنی، ئەوی دیكەش موسڵمانن و ٢٢,٠٠٠یان كورد و ئەوی دیكە توركن،(٥١١) لە نێو ئەمانەدا ٦٦,٠٠٠یان قزڵباش (شیعە)ن.

خاكەكەی بۆ كشتوكاڵ باش نییە، بەتایبەتی لای خۆراوا و باشووری، تاقمێك چیای بەرز و لە نێوانیاندا دۆڵی جوان جوان و دەشتی هەیە. ئاوی ڕەوانی زۆرە، ڕووباری فورات بەشێك لە سنووری باكور و باشووری خۆرهەڵاتی پێكدەهێنێ و ئاوەكانی هەموو لیوا لە خۆیدا كۆ دەكاتەوە.

زێیە سەرەكییەكانی لە لای باكوریدا قوڕوچای و ئاوی تۆكمە (تۆكماسو) و سوڵتان

سویو–ی پەیوەست بەمەی دواییان و لە لای باشووریشدا بولانق و ئاکسوی پەیوەست بەم و گوێکسو و هی دیکە، لە سایەی هێزی بەپیتیی خاکەکەی و ئاو زۆرییەوە، بەروبوومیان زۆرە. دانەوێڵەی جۆراوجۆر و ئازووقە، میوە و سەوزە، تووتن و هی دیکەش ئەگەر چی بەدەست دەخرێن، بێ سەرمایەیی ئەوانەی بەکشتوکاڵەوە خەریکن، دووریی ئەسکەلە (شۆستەکانی بەندەر) لێیان و نەبوونی ڕێگە و دەرووەکان، پتر لە پێویستییەکانی ناوخۆ ناچێنرێ و خەڵکەکەشی هەر دەستکورتن، دارستانەکانی لە پێناوی کەبانمەعدەنیدا لە هیچ و خۆڕایی لە ناوبراوە و کەمێکی ماوەتەوە. ئاژەڵی ماڵی، بەتایبەتی مەڕیان زۆرترە، پێستە و خورییەکی زۆریان فرۆشی دەرەوەیان هەیە. (بۆ زانیاریی پتر، بفەرموون بڕواننە بابەتی «مەعموورەتولعەزین»)

(ب/٦ – ل/٤٤٠٢)

**مەندەلی**: شارۆچکەیەکە ناوەندی قەزایە، ١١٥ کیلۆمەتر لە باکوری خۆرهەڵاتی بەغداوە، سەربەلیوا و ویلایەتی بەغدایە و ٧ کیلۆمەتر لە سنووری ئێرانەوە دوورە. دانیشتووانی ١,٤١٠ کەسن و قوتابخانەی ناوەندیی هەیە. لەبەر ئەوەی سەرەڕێی زیارەتکارە ئێرانییەکانە، برێك بازرگانی و لە نزیکییەوە بیرگەلی نەوت هەیە.

قەزای مەندەلی لەوپەڕی باکوری خۆرهەڵاتی لیوای بەغدادایە.

لە باکورەوە بەئێران و لە خۆرهەڵاتەوە بە(کووتولعیمارە) و لە باشوورەوە بەعەزیزییە و لە خۆراواشەوە بەخۆراسان و قەزای خانەقین سنووردارە. ڕووپێوەکەی ٥,٠٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، دانیشتووانی ١٥,٠٠٠ کەسە. ئەمانە ٢,٠٠٠یان شیعە، ئەوی دیکە سوننین، لە عەرەب و کورد پێکهاتوون. ئەو زێی نەوتەی بەناو قەزادا دەڕوا لە خاکی ئێرانەوە دێ، خەڵکی قەزا بۆ گۆڕینی ڕێڕەوەکەی کە ناچارن باجێك بەحکوومەتی ئێران بدەن. ئەو زەوییە بەراوەی کە دەچێنرێ ٧٠٠ فەددان، واتە ٢١٠,٠٠٠ دۆنمە، بەروبوومی سەرەکییان بریتییە لە گەنم و جۆ و خورما و میوەی جۆراوجۆری دیکە، باخچەیان زۆرە.

لەم قەزایەدا برێکی زۆر زفت و نەوت و پترۆڵ و ئەوەی پێی دەوترێ سماق (ترش) و خوێ و گۆگرد هەیە و دەردەهێنرێ. بڕی ساڵانەی پەروەردەکردنی ئاژەڵی ماڵییان لە دەوروبەری ٦٧,٠٠٠–ە. ئەمانە ٥,٠٠٠ی مەڕ، ٧,٠٠٠ی گامێش، ئەوی دیکەش ئەسپ و گوێدرێژ و حوشترە. ئەم قەزایە، سەرپۆشی جوانیشی لێ دروست دەکرێ.

(ب/٦ – ل/٤٤٤٦ – ٤٤٤٧)

**مەراش (مەرعەش)**: شارێکە، ناوەندی لیوایە، لە ویلایەتی حەڵەب، لە ١٥٤ کیلۆمەتری باکوری خۆراوای حەڵەب و لەسەر گردێکی داوێنی شاخی ئاخور، نزیکی ئەو شوێنەی کە ئاوی ئاقسو، دەرژێتە ناو زێی جەیحان، دانیشتووانی ٥٢,٠٠٠ کەسن، کە ٣٢,٠٠٠یان تورك و کورد و عەرەبن، موسڵمانن، ئەوی دیکەشیان ئەرمەنین کە لە هەر سێ ڕێبازە خرستیانییەکەیان تێدایە و مەلەکی و[٥١٢] سوریانی، کلدانی، ڕۆم و هی دیکەی خرستیان و ٣٦٨ جوولەکەشی لێیە.

ماڵەکانی شارەکە لە خشتی سوورەوەکراوە، کۆڵانەکانیشی بێ شۆستە و نارێکە. ئەگەرچی هیچ شتێکی پێویست بۆ حەسانەوەی خەڵکی تێدا نییە، ئاوی ڕەوانی زۆری، هەوای زۆر سازگاری ٤٩ مزگەوتی پیرۆزی کە زۆربەیان لە سەردەمی سەلجووقییانەوە ماونەتەوە، ١٤ نوێژگە و ٢٥ مەدرەسە، کتێبخانەیەك و ٥ تەکیە و کونج (زاویە)، ١٧ کڵێسە، قوتابخانەیەکی ناوەندی و سەرەتاییەك و قوتابخانەیەکی زۆری منداڵان، دوو قوتابخانەی بیانی کە لە لایەن مسیۆنێرە پرۆتستان و کاتۆلیکەکانەوە بەڕێوە دەبرێن و قوتابخانەیەکی زۆری تایبەت بەکۆمەڵانی جیا جیای خرستیانان (دیانان) و بازاڕ و فرۆشگایەکی چالاك، کە ١,٤٤٧ دووکانی تێدایە، ٧ خان و ١١ گەرماوو ٢٨١ دەزگای چنینی ئالاجە (جۆرە کالایەکە) و ٢ کارگەی سابوون و ١٣٧ چەشمە و قشڵە و نەخۆشخانەی سەربازی و قەڵایەکی کۆن و شوێنی خۆشکردنی پێستەی هەیە. لە مەڕاش-دا وەك پیشەسازیی ناوخۆیی تڕوتفاق (پێویستییەکانی وەکو زین و... شتی دیکە)ی زۆر چاکی ئەسپ، کەلوپەلی سەرراجیی سورمەدار و هی دیکەی لێ دروست دەکرێ. لە دەوروبەریدا باغ و باغچەی زۆرە، برێکی زۆری ترێ و میوەی جۆراوجۆر بەرهەم دەهێنرێ.

شاری مەراش کۆنە، لە سەردەمی ڕۆماییەکاندا بەناوی «جەرمانیکا قەیسەری»یەوە دەناسرا، لە سەردەمی دەوڵەتی ئومەویدا گیراوە و مەڕوانە کەرە (مروان الحمار)، کە دوا حوکمداری ئومەوییان بووە قەڵاکەی بەڕۆنان داوە، دواتر هارونورڕەشید شارەکەی فراوانتر کردووە و نۆژەن کردووەتەوە. دواتر کەوتووەتەوە دەست ڕۆمەکان، ئەگەرچی ڕووخابێتیش، لە لایەن سەیفوددەولەی حەمدانی-یەوە گیراوەتەوە و ئاوەدان بووەتەوە. دواتریش ماوەیەك بەدەستی خاچپەرستانەوە بووە. لەوانەوە بۆ سەلجووقییان و دواتریش کەوتووەتە دەستی حوکمدارانی زولقەدر و لە سەردەمی سوڵتان سەلیم خانی (یاوز)

خراوەتە سەر ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییەوە. بەبەشێکی ئەنادۆڵ ژمێرراوە. خەڵکەکەی بەتورکی دەدوێن(٥١٣).

قەزای مەراش لە باکورەوە بەئەلبوستان و لە خوارەوە بەزەیتوون و ئەندرین و لە باشوورەوە بەبەزارجك و قەزای عەیناتی پەیوەست بەلیوای حەڵەب، لە خۆرهەڵاتیشەوە بەلیوای ئورفە و ویلایەتی مەعموورەتولعەزیز سنووردارە، ٧ ناحیە و ١١٤ گوندی هەیە، دانیشتووانی ٦٤,٣١١ کەسن، ئەمانە ٤٣,٥٠٠ یان تورك و کورد و بڕێکی کەمی عەرەبن، موسڵمانن. ئەوی دیکە خرستیان (فەلە)ی سەر بەکۆمەڵانی جیا جیان.

(ب/٦ – ل/٤٢٦٢ – ٤٢٦٣)

**مەراش** (**لیوای مەراش**): یەکێکە لە سێ لیوا، کە ویلایەتی حەڵەب پێکدەهێنن. کە لە گۆشەی باکوری خۆراوای ویلایەت پێکهاتووە. چ لە لایەن شوێنی هەڵکەوتنییەوە بێ، چ بەپێی دابەشکردنە جوگرافییەکانەوە بێ. لە حەڵەب جیا دادەنرێ کە سەر بەناوچەی شام–ە. بەڵکو بە بەشێك لە ئەنادۆڵ دادەنرێ. لە باشوورەوە بەخودی حەڵەب و لە گۆشەی باشووری خۆرهەڵاتەوە هاوسێی لیوای ئورفەیە، لە خۆرهەڵاتەوە بە مەعموورەتولعەزیز و لە باکورەوە بەسێواس و لە خۆراواشەوە بەلیوای ئەدەنەوە دەورەدراوە. زەوییەکەی بەگشتی بۆ کشتوکاڵ دەست نادا. چیای بینبوغا کە بە بەشێك لەچیای تۆرۆس–ی گەورە دادەنرێ، سنووری خۆراوای پێکدەهێنێ چیای ئاخورپیش پەیوەستە بەم زنجیرە چیایانەوە. لەناو قەزادا بەرەو باکوری خۆرهەڵات درێژ بووەتەوەو لەناو لیوادا تاقمە لقێکی ڕاست و چەپ درێژ دەبێتەوە.

هەر هەموو لیواکە لەناو نشێوی زێی جەیحانەدایە. زێی بابەتی باس، لە ئاوێکی زۆر پێکدێ کە لەم لیوایەوە هەڵدەقوڵێن و بەرەو باشووری خۆراوا دەڕواو دەچێتە ناو ویلایەتی ئەدەنە. تەنیا ئاوەکانی گۆشەی باشووری خۆراوای لەئاوی ئەرەبان–ی پەیوەست بە فوراتدا کۆدەبێتەوە. پەلە سەرەکییەکانی ناو لیوای زێی جەیحان تەکیرسو، خورماسو، سوێگویتلو، ئەرکەنەزو ئاقسوو–ە. دواییی ئەمانە پەیوەندی سێ گۆلی بەیەکەوە بەستراوە.

هەواکەی مامناوەندی و سازگارە، بەپێی خۆی کە دەشتی کەمە، دۆڵەکانی زۆر بە پیتە. شوێنە چیاییەکانیشی بەدار ستانی دارجۆراوجۆر و توو و زەیتوون و جۆرەکانی میوەی دیکە داپۆشراوە.

بەروبوومە سەرەکییەکانی لە ئازووقەی جۆراوجۆر و برنج و لۆکە و تووتن و کونجی و ترێ و زەیتوون و توو و هی دیکە پێکدێ. لەبەرئەوەی ئەمانە لە پێویستییە ناوخۆییەکان پـتـرن، لـە مـەراشەوە بـۆ لایـەکـانـی شام و جـەزیـرە، بـرنـج و شەراب و عـەرەق، لـەڕێی ئەسکەندەروون–ەوە بۆ ئەورووپاش بەروبوومی دیکەش کە باسیان لێوە کرا، لەگەڵ بەڕوو و ڕووەکگەلێك کە پەیوەندییان بە نۆژدارییەوە هەیە و لە چیاکانەوە کۆدەکرێنەوە و هی دیکە هەناردەی دەرەوە دەکرێن.

تووتنی زۆرو پەسندە. بەشێوەیەکی سەرەکی بەرەو لای میسر دەنێررێ، گیاجاڕیشی زۆرە. ئاژەڵە ماڵییەکانیان گامێش و بزن–ە، مەڕیان کەمە. شانە مێشهەنگیشیان زۆرە. هەنگوین بۆ هەرێمەکانی عوسمانی و مۆمی هەنگوینیش بۆ ئەورووپا دەنێررێ. لە ئاژەڵە کێوییە زۆرەکانیشیان مامز و گورگ و ڕێوی و پشیلە کێویلە و هی دیکەی لێیەو گەلێك فەروو (کورك)یش وەدەس دەخرێ.

لە قەزای زەیتووندا ئاسن لە کانەوە دەردەهێنرێ و لەمە، لە مەراشدا ناڵ و ئامێری کشتوکاڵی و ئامێری دیکە دروست دەکرێ. ئەگەرچی لەنزیك مەراشەوەش کانێکی ئاسن و کانێکی زیویش هەبێ، دەرناهێنرێت. دیسانەوە لە نزیك ناوەندی لیوادا، وەجاخی دوو مەڕمەڕ، یەکی پەمەیی و ئەوی دیکە ڕەش هەیە. لەخودی مەراش و قەزاکانی زەیتوون و ئەلبوستاندا ئاوی کانزاییی (چەلیك جوان)ی لێیە. لەو دارستانانەدا کە هەرهەموو چیاکانی لیواکە دادەپۆشن، دار بەڕوو و گوێز و کوێستانە و چنار و داری دیکەی لێیە. بەبڕی زۆر تەختە و دار دەبڕرێتەوە. لە شاردا لە دار بەڕوو و دار گوێز، کورسی و قەنەفە و هی دیکە دروست دەکرێ کە وەك هی ئەورووپایە و زۆر بەهەرزان دەفرۆشرێ. ڕێگەوبانیان هێشتا زۆر دواکەوتووە، کاری گواستنەوەیان بەحوشتر و ئەسپ و گا ئەنجام دەدرێ.

لیوای مەراش پێنج قەزای هەیە کە خودی مەراش و ئەلبوستان و زەیتوون و ئەندرین و بەزارجك–ن، ٩ناحیە و ٤٣٤ گوندی هەیە. دانیشتوانی ١٧٩,٨٥٣ کەسن، ١٣٤،٤٠٨ی ئەمانە موسڵمان و ٣٦٨ یان جوولەکەن، ئەوانی دی خرستیانن. سەرژمێری موسڵمانەکان ٧٨,٣٣٤ کەسیان کورد و ٤٨,٤١٢ یان تورك و ٥,٤٣١ یان عەرەب و ٢,٦٦١ یان چەرکەس و هی دیکەن. خرستیانەکان، لە ڕۆم و ئەرمەن و سوریانی و کلدانی و هی دیکە پێکدێن. چینێکیان بە میانبینیی مسیۆنێرەکان بوونەتە کاتۆلیك و پرۆتستان.

(ب/ ٦ – ل/ ٤٢٦٣ – ٤٢٦٤)

**مەییافارەقین**: قەزایەکە ناوەندی قەزای سیلوان، لەلیواو ویلایەتی دیاربەکردا، لە ٧٠ کیلۆمەتری باکوری خۆرهەلأتی دیاربەکر، واتە شاری ئامەد–دا لەسەر ئاوێکدایە،[٥١٤] کە دەڕژێتە ناو ئاوی باتمانەوە، لەدۆخی ئێستایدا ٧,٠٠٠ کەس دانیشتووانی هەیە کە، ٤,٠٠٠ یان موسڵمان و ٣,٠٠٠ی ئەرمەنی سوریانین.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا شارێکی گەورە و لە سەردەمی خەلیفە عەبباسییەکاندا بووەتە ناوەندی هەندێك فەرمانڕەوای ناوچەیی.[٥١٥] قەلأیەکی ڕووخاوی پاشماوەی ئەوسەردەمانە و چەند مزگەوتێکی پیرۆز و شوێنەواری دیکەی هەیە، لەدووریی چارەکە سەعاتێك لە شارۆچکەوە منارەیەکی ڕووخاو هەیە، گوایە سەردەمانێك لەناوەڕاستی شارەکەدا بووە.[٥١٦]، ١٢ پەنجەرەی هەیە لەوەرزێکدا کە ڕۆژو شەو هەواکەی مامناوەندی بێ، ئەو پەنجەرانە هەریەکەو یەك سەعات خۆریان لێ دەدا.

وەکو دەگوترێ یان لەلایەن ڕۆمایییان یانیش لەلایەن ئێرانییانەوە دروست کراوە. بەلأم کە لەوە کۆڵرایەوە، داخۆ بەر لە ئیسلام ناوی چی بووە، نەتوانرا بسەلمێنرێ. ئێستاکە بەناوی (سیوان)یشەوە دەناسرێ.[٥١٧] لە سەردەمی خۆیدا بە شوێن و پتەویی قەلأیەوە بەناوبانگ بووە.

(ب/ ٦ – ل/ ٤٥٠٢)

**میدیات**: شارۆچکەیەکە ناوەندی قەزایە، لە لیوای ماردینی ویلایەتی دیاربەکردا، لە ٦٠ کیلۆمەتری باکوری خۆرهەلأتی ماردیندا لەناو دەشتێکی جواندایە، بەچیاو تەپۆڵکە دەورە دراوە، ٦,٠٠٠ کەس دانیشتووانی هەیە و لە دەوروبەریدا باخی جوان و کۆمەڵە باخچەیەك هەیە. لە سەردەمی سەلەفکییانی حوکمدارانی ناوچەکەوە دروست کراوە، دواتر لە سەردەمی ساسانییاندا ڕووخاوەو وا دیارە ماوەیەکی زۆر بە ڕووخاوی ماوەتەوە، چونکە لە (موعجەمولبولدان)دا ناویمان بەرچاو ناکەوێ.

قەزای میدیات لە باکورەوە، بەڕێڕەوی دیجلە و لە ویلایەتەکانی بتلیس و وان جودا دەکرێتەوە. لەخۆراواوە بە عەونییەو لەباشوورەوە بەخودی ماردین و نوسەیبین، لەخۆرلأتیشەوە بە قەزای جزرە سنووردارە، قەزا لە ٥ ناحیە و ٢٢٦ دێ پێکهاتووە، ٤٥,٨٧٤ کەس دانیشتووانی هەیە، نیوەی ئەمانە، کورد و تورك و چەرکەس و عەرەبن کە موسڵمانن. نیوەکەی دیکەشی ئەرمەنی و ڕۆم و کلدانی و سوریانی و یەعقووبی–ی سەر

بە هەرسێ ڕێبازەکە خرستیانن[٥١٨]. زەویی قەزا ٣,١٩٤ کیلۆمەتر چوارگۆشە فراوانە، ٥٩٨ مەتر چوارگۆشەی زەویی نەچێنراو و ١٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشەشی دارستان و ئەوی دیکەش بۆ کشتوکاڵ دەست دەدا، لە جۆرە ئازووقە، لەبەر ئەوەی بەروبوومیان زۆرە، ترێش بەبڕێکی زۆر هەیە. بڕێکی زۆری شەراب و عەرەق و ترێی وشك بەرهەم دەهێنرێ. میوەو سەوزەشیان زۆرە.

لەناو قەزادا و لەدووریی ١٧ کیلۆمەتر لەناوەندەوە، مەناستر(پەرستگایەك)ی لەناو بەرددا هەڵکۆڵراوی سەردەمانی کۆن دۆزراوەتەوە، ٤٠ ژوور و کڵێسەیەکی تێدایە.

(ب/ ٦ – ل/ ٤٥٠٢)

**مۆتکێ**[٥١٩]: قەزایەکە لەوپەڕی خۆراوای لیواو ویلایەتی بتلیس–دا. لە خۆرهەڵاتەوە بە ناوەندی قەزای بتلیس و لە باشوورەوە بەلیوای مووش و لەخۆراوا و باشووریشەوە بە لیوای سعرد سنووردارە. ناوەندەکەی دێی مس–ە. قەزا لە ١٢٩ دێ پێکهاتووە. سەرژمێری دانیشتووانی ٢٢,٦١٢ کەسن، ٦,٠٠٠ یان ئەرمەنی و ئەوی دیکەش کوردی موسڵمانن. زەوییەکەی بۆ کشتوکاڵ دەست نادا، بەشی باکوری چیای خەندەق–ی لێیە، کە بەرزاییی ٢,٠٥٠ مەتری هەیە. بەروبوومە سەرەکییەکانی لە گەنم و گەنمەشامی و چەودەر و تووتن و بڕێکی کەمیش لۆکە و کندر، ترێ و میوەی جۆراوجۆر پێکهاتووە. دارستانەکانی، مازوو و کەتیرەی زۆرە. ئاوی ڕەوانیان زۆر بەتام و ساردە. هەوای بەزستان زۆر ساردە و هاوینانیش سازگار و جوانە. ئاژەڵەماڵییە سەرەکییەکانیان لەمەڕ و بزن پێکدێ. شانە مێشهەنگیشیان زۆرە، هەنگوینیان زۆرە. خەڵکەکە لە خوری عەبا و لە کندریش کاڵا دروست دەکەن.

(ب/ ٦ – ل / ٤٤٨٥)

**موحیەددین شەهرەزووری ( موحێددین شارەزووری)، (ئەبوحامید، موحەممەد–ی کوڕی قازی کەمالەددین)**: لە شەریعەتزانە موسڵمانە بەناوبانگەکانەو لە ئەدەبناسەکانە. لە ٥١٠دا– یان لە ٥١٦ی هیجری (١١١٦ – یان – ١١٢٢ی زایین)دا هاتووەتە جیهان و دوای تەواوکردنی خوێندن، لەجێی باوکیدا لەحەڵەب و میسردا قازییێتیی کردووە. دواتر گەڕاوەتەوە مووسڵ و بووەتە قازیی ئەوێ و لەلای عیززەددین مەسعوودی کوڕی قوتبەددین مەودوود–ی کوڕی زەنگیی بەڕێوەبەری ئەوێ نرخ و بایەخی پتر بووە و گەلێك جار بەباڵیۆزی ناردوویەتییە بەغدا. لە مووسڵ لە مەدرەسەی باوکی و لەمەدرەسەی

نیزامییە،[٥٢٠] وانەی زاستی وتووەتەوە و خەریك بووە. خواردەیی و چاكەی ناوبانگی بووە، لەسەردەمی قازیێتیدا، ئەوانەی لەبەر قەرزاری حوكمدراون لەكیسەی خۆی قەرزی داونەتەوەو ئازادی كردوون. لە ٥٨٦ی هیجریدا (١١٩٠ی زایین) لەمووسڵ كۆچی دوایی كردووە. شیعری جوانی دۆزراوەتەوە، ئەم یەك دوو دێڕە شیعرەی كە لەبابەتی وێنەگرتنی بەفربارینداپە. هی ئەون:[٥٢١]

و لما شاب رأس الدهر غیظاً
لما قاساه من فقد الكرام
اقام یمیط هذا الشیب عنه
وینثر ما أماط علی الأنام

واتە:

سەری ڕۆژگار كە سپێتیی تێ كەوت
ئەوەندەی بە لەدەستدانی میهرەبانان خەمی خوارد
دەستی بە داتەكاندنی ئەم سپییەتییەی لە خۆ كرد و
بەسەر خەڵكیدا پرژاند

(ب/ ٦ – ل/ ٤٢٣٣ – ٤٢٣٤)

**موكس**[٥٢٢]: شارۆچكەیەكە ناوەندی قەزایە، لە لیواو ویلایەتی وان –دا، لە ٩٩ كیلۆمەتری باشووری خۆراوای واندا، لەشوێنێكی چیاییدا و لەسەر ئاوێكی پەیوەست بە ئاوی بۆتاندایە، ٣,٨٥٢ كەس دانیشتووانی هەیە. یاقووتی حەمەوی، وای باس كردووە كە ئەم شارۆچكەیە لە نزیك قالیقلاو لەناحیەی پەسفەرجان –دایە.

قەزای موكس، لە گۆشەی باشووری خۆراوای لیوادایە، لە باكورەوە بە قارچكان و كەواش، لەخۆرهەڵاتەوە بەقەزای شتاق، لە باشوورەوە بەلیوای حەكاری، لە خۆراواش بە ویلایەتی بتلیس سنووردارە. پێكەوە لەگەڵ سێ ناحیەی نانس و تەنیس و دلان–ییەوە لە ٥٣ گوند پێكهاتووە، ١٢,٥١٤ كەسی دانیشتووان هەیە. ئەم برە ٣,٦٦٠ی بەشێوەیەكی سەرەكی لە كوردی موسڵمان پێكهاتووە، ٣٥٠ی یەزیدی و ٧٢ شی جوولەكە و ئەوی دیكە ئەرمەنیی سەربە هەرسێ ڕێبازە دیانەكەن.

خاکەکەی چیاییە، ئەگەرچی خاکی بۆ کشتوکاڵ گونجاویشی کەمە، گیاجاڕی زۆر و زۆر جوانە. بەتایبەتی کوردەکان بەژمارەیەکی زۆر مەڕیان هەیە و سەرچاوەی یەکەم داهاتی قەزا بەروبوومی مەڕە. لە هەموو شوێنێکی قەزادا کانزای ئاسن هەیە. یەکێکی ئەمانە لە زۆر کۆنەوە، یەکێکیشیان تا سەد ساڵ لەمەوبەر لەکاردا بووە، ئێستا هەردووکیان پشتگوێ خراون، ئەوانی دیکەش نەکراونەتەوە. لەناو قەزادا چەند مەناسترێکی گەورەو هەندێك کەلاوەی قەڵای کۆنی لێیە.

(ب/ ٦ – ل/ ٤٣٦٩)

**مووسڵ**(٥٢٣): لەڕاستیدا کە ناوی (مەوسیل)ە، ئەمڕۆ لەسەر زاردا لەشێوەی (موسوڵ)دایە. شارێکە لە کەناری باکوری خۆرهەڵاتی جەزیرەدا،(٥٢٤) لەلای دەستە ڕاستی دیجلە، واتە لە ڕۆخی خۆراوایدا و بەرامبەر کەلاوەکانی نەینەوا (نینەوا)ی کۆنی بەناوبانگدایە. لە ٣٣٢ کیلۆمەتری باکوری خۆراوای بەغداد–دا لەسەر هێڵی پانیی ٢٦٣٥یْ باکورو هێڵی درێژیی ٤٠٤٣یْ خۆرهەڵاتدایە و ناوەندی ویلایەتە، ٦١,٠٠٠ کەس دانیشتووانی هەیە، پێکەوە لەگەڵ جامیعی کەبیر و جامیعی ئەحمەر،(٥٢٥) ٢٩ مزگەوت و نوێژگە و ٢٣ خان و ٢,٦٧٧ دووکان و کۆگا و ٣٦ گەرماو و ١٨ قوتابخانە و ١٢ مەدرەسە و ١٧ کلێسە و ٢٠ شوێنی پێستە خۆشکردن و ٣٠ بۆیاخخانەی (خومخانە) لەگەڵ دەزگایەکی زۆری ڕستن و چنین. لەناو شاردا مەناسترێکی تایبەت بە مسیۆنێرە کاتۆلیکەکان و قوتابخانە لەگەڵ چاپخانەیەك کە پیتی جیاجیای نووسینی هەیە. ویلایەت چاپخانەی فەرمییشی هەیە و ڕۆژنامەیەکی فەرمی و ساڵنامە چاپ دەکرێ. لە دەوروبەری شوورەدا سێ قشڵەی گەورەی هەیە. شوورەیەکی هەندێك لای ڕووخاو و بەکەندەك دەورەدراوە، دەرگاو ١٨ قولەی هەیە. ماڵەکانی بەبەرد دروست کراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی پەنجەرەیان بەسەر کۆڵانەکاندا نییەو کۆڵانەکانی زۆربەیان تەنگەبەر و نارێکن، دیمەنی جوان نییە، ٤٨,٠٠٠ی دانیشتووانی موسڵمان و ١٠,٠٠٠ی هەربەیەکسانی کە بەسەر کۆمەڵانی کلدانی و سوریانی و یەعقووبی–ی خرستیان– دا دابەش بوونەو ٣,٠٠٠ یشیان جوولەکەن. زمانی گشتیی ناوخۆ عەرەبییە و بەتورکی و کوردییش قسە دەکرێ. هەواکەی لە هاوینان ٣٦ – ٤٠ پلە بەرز دەبێتەوە، زستانان بۆ ١٢ پلەی ژێر سفر دادەبەزێ (٥٢٦).

لەبەرئەوەی بەرامبەر مووسڵ، شاری نینەوا هەیە، لە سەردەمی کۆندا نەبووبێ یان

هەبووبێ، گومانی تێدا نییە وەکو گەڕەکێکی شارەکەی لێ هاتووە. ئەگەرچی لەمێژووە کۆنەکاندا هەندێك ناوی وەکو ئەم بەرچاو دەکەوێ، لەبەرئەوەی ناوی مووسڵ بەعەرەبییە، ئەگەر لەپێش گەیشتنی عەرەب بەم ناوەوە هەشبووبێ دەبێ شارێکی گچکە بووبێ. مەڕوانە کەرە—ی دوا حوکمداری ئومەوییان بۆ گەورەکردن و ئاوەدانکردنەوەی مووسڵ هەوڵی داوە و هەر ئەوسا بووەتە شارێکی گەورە و لەبەرئەوەی ئەوسا نەینەوا نەبووە، مووسڵ وردەوردە گرنگیی ئەو شارە کۆنەی پەیدا کردووە. لەبەرئەوەی جێی کوبوونەوە و گەیاندنی کاروانەکانی شام و میسر لەگەڵ خۆراسان، بەغداو بەسرە بووە، بەم ناوە عەرەبییە ناونراوەو (٥٢٧) لەبەر بایەخی ئەم شوێنەی ئاوەدان بووە.

دواتر بووەتە ناوەندی دەوڵەتەکانی عوقەیلی و مەڕوانی و دواتریش بووەتە پایتەختی هەردوو دەوڵەتی سەلجووقیی عیراق. ئەوان و بەتایبەتی لە سەردەمی جەلالەددین مەلیکشای سەلجووقیدا بەشێوەیەکی سەر ئاساسیی نۆژەن و فراوانی کردووەتەوە. چووەتە ڕیزی ناوەندیی هەرە گەورەکانی شارستانیی ئیسلام. دوای سەلجووقییان بووەتە پایتەختی گەورەترینی دەوڵەتانی ئەتابەگەکان. ئەوانیش بایەخیان بە ئاوەدانیی داوە. دوایی هۆلاکۆ.. دواتریش لەلایەن تەیمووری لەنگەوە تێکدراوە و جارێکی دی ئاوەدانییەکەی جارانی بەخۆیەوە نەدیوە.

شاری مووسڵ، بەپیشەسازیی، بەتایبەتی بەڕستن و چنین و کالای ئاوریشم بەناوبانگە. ئەمڕۆ بەجۆرێکی ئەم کالایە لە ئەوروپا ناوی (موسولین)ی دراوەتێ، بەڵگەی ئەوەیە سەردەمێك لە مووسڵەوە بۆ ئەوروپایان بردووە. ئەمڕۆ ئەگەر ئەم پیشەسازییە سێبەرێکی مابێ، لەتواناندا هەیە کۆشش بۆ ژیاندنەوەی سەر لەنوێی بکرێ، هێنانە سەر بارودۆخێکی ئەوتۆی دیجلە، کە بۆ گواستنەوە دەست بداو چ لە ڕۆخی شامەوە بێ، یان تەواوکردنی ئەو هێڵی ئاسنەی نیاز وایە لە ئەستەمبووڵەوە تا کەنداوی بەسرە ڕابکێشرێ. دەتوانێ ئاوەدانیی کۆنی مووسڵ بهێنرێتەوەو تازەی بکاتەوە.

قەزای مووسڵ، ناوەندی ویلایەت و قەزایە، لەشارەکە و لە زەوییەکی فراوانی دوولای دیجلەوە پێکدێ. لە خۆرهەڵاتەوە بە زێبار و لە باکورەوە بە ئاکرێ (عەقرە) و دهۆك، لە خۆراواوە بەقەزای سنجار و لە باشوورەوە بە دەشت و لەباشووری خۆرهەڵاتەوەش بە لیوای شارەزوور سنووردارە. لەگەڵ ناحیەکانی شێخان و عەشایەری سەبعە(٥٢٨) پێکەوە لە ٥٠٦ دێ پێکهاتووە، سەرژمێری ٩٧,٥٠٠ کەسە، چەندین گوندی گەورە و کەلاوەی

هەندێك شاری هەیە. (بۆ بارودۆخی دیکەی بڕوانە پێناسەی ویلایەت و قەزاکە).
(ب/ ٦ – ل/ ٤٤٨٠ – ٤٤٨١)

**ویلایەتی مووسڵ**: ویلایەتێکە لە بەشی باکوری جەزیرەو، باشووری خۆرهەڵاتی کوردستان پێکدەهێنێ و لە دوولای دیجلەدا هەڵکەوتووە، بەناوی ناوەندەکەیەوە ناونراوە. لە باکورەوە بەویلایەتی وان و دیاربەکر، لەخۆراواوە بە موتەسەریفێتیی سەربەخۆی زۆرو لە باشوورەوە بە ویلایەتی بەغدا، لە خۆرهەڵاتیشەوە بەسنوورەکانی ئێران سنووردارە. لەنێوان هێڵی پانیی ١٥ ٣٤یْ باکورو هێڵی درێژیی ٣ ٣٩ و ٤٤یْ خۆرهەڵاتدایە. ڕووپێوی ٧٥,٧٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، دانیشتووانی هەر ٣٠٠,٢٧٠ یە. خاکەکەی جیاجیایەو ئەو بەشەی کوردستان کە لەلای خۆرهەڵاتی دیجلەدایە بۆ کشتوکاڵ دەست نادا، بەشی لای خۆراواشی وەك شوێنەکانی دیکەی جەزیرە تەختاییيە، تەنیا چیای سنجار و ئەو بەرزاییيەی تەلەعفەری پێ دەڵێن، چ سنووری ویلایەتی وان لە باکوورو چ لە خۆرهەڵاتدا بەدرێژاییی سنووری ئێران تاقمەچیایەکی بەرز درێژ بووەتەوە، لقەکانی ئەمانە و داوێنەکانی لەزۆر شوێندا تاڕۆخی دیجلە درێژ دەبێتەوە. تەنیا لە لیوای شەهرەزوور (شارەزوور)دا لەلای دەستە ڕاستی دیجلە(٥٢٩) دەشتی فراوانی لێیە. لیوای مووسڵ لەولایەدا دەشتەکانی لە پارچەی گچکەگچکە پێکدێ. ئەوەی لەولایانەدا بەشێوەیەکی سەرەکی چیاکان، کە لە باکوری خۆراواوە دەست پێ دەکا، زاخۆ، بۆنما، زلوار، مزوور، پەرمان، سەرێ بوور، قەندیل، قەرەقۆچ، جەبەل حەمرین، قەرەداغ، جەبەل عەلی، چیای کۆشك و هی دیکە. هەموو ئەم چیایانە گشتیان ڕووتن و زۆری بەردەڵانە، ئەگەرچی لە داوێنەکان و لەوەڕگاکانی گیاجاڕی هەبێ، هیچ یەکێکیان بەدارستان دانەپۆشراون.

ڕووباری دیجلە لە دیاربەکرەوە کە دێ، ویلایەتی مووسڵ لە باکوری خۆراواوە بەرەو باشووری خۆرهەڵات سەرتاسەر دەکاتە دوو بەش. ئەو زێیانە زۆرن کە لەو چیا ناوبراوانەوە دێن و لەلای چەپەوە دەڕژێنە ناو دیجلەوەو گەورەترینیان زێی گەورە (سەروو)و زێی گچکە (خواروو)ن. زێی سەرەوە، لەنزیك قۆتۆردا لە سنووری ئێرانەوە هەڵدەقوڵێ، لیوای حەکاریی ویلایەتی وان دەکاتە دوو بەشەوە و هەموو ئاوەکان کۆدەکاتەوەو بەرەو باشووری خۆراوا، دواتریش بەرەو باشووری خۆرهەڵات دەڕواو گۆشەی خۆرهەڵاتی لیوای مووسڵ دەکاتە دوو بەش. کە دەگاتە سنووری لیوای

شارەزوور دەگەڕێتەوە باشووری خۆراوا، سنوورەکانی دوو لیوا جودا دەکاتەوەو دوای ئەوەی لە ڕاستەوە زێی خازری تێ دەڕژێ، دەڕژێتە دیجلە. بەڵام زێی خواروو، لەناو ئێرانەوە دێ، لە گەروویەکی ئەو چیایانەی سنوور جودا دەکەنەوە، دەچێتە ناو لیوای سلێمانی، بەوەرگرتنی زۆربەی ئاوە ڕەوانەکانی ئەوێ بەرەو باکوری خۆراوادا دەڕوا. کە دەچێتە ناو لیوای شارەزوور بەرەو باکوری خۆراوا وەردەچەرخێ و ئەو لیوایە دەکاتە دوو بەش و دەڕژێتە ناو دیجلە. زێی دیالاش کە لە لقە هەرە گەورەکانی دیجلەیە بەشێکی سنووری باشووری خۆرهەڵاتی ویلایەت جودا دەکاتەوە، زێی ئەدهەمیش (شەتتی ئەدهەم – مەبەست لە ئاوی خاسەیە.. وەرگێڕ) لە لیوای شارەزوور دا لە باکورەوە بەرەو باشوور دەڕوا هزیل و خوەیبر(٥٣٠) واتە زێی خابووری گچکەش لە حەکارییەوە دێ، دوای ئەوەی لە لیوای مووسڵدا یەك دەگرنەوە، دەڕژێنە دیجلەوە. زێی خۆسەر بەرامبەر شاری مووسڵ تێکەڵی زێی ناوبراو دەبێ، لەلای جەزیرەدا لەچیای سنجارەوە دیسان هەر بەم ناوەوە زێیەك بەرەو باشووری خۆراوا دەڕواو دەڕژێتە ناو زێی خابووری پەیوەست بە فورات. دۆڵی تەرتار (وادی الثرثار)، دۆڵی ئەحمەر (شیوە سوور) و شیوی قەسەب –یش لە سنجار و تەلەعفەر هەڵدەقوڵێ و بەرەو باشووری خۆرهەڵات دەڕوا، تەنیا لە وەرزی هاویندا یەکەمیان دەگاتە فورات و دووەکەی دیکەش دەگەنە دیجلە.

هەواکەی هاوینان زۆر گەرم دەبێ، پلەی گەرما تا ٤٠ پلە بەرز دەبێتەوە، زستانی سەخت و درێژ خایەنە. لەگەڵ ئەمەدا، لەو شوێنانەدا کە لە دیجلە نزیك دەبێتەوە، لەبەرئەوەی ڕەشەبای لێ کەم نابێتەوەو شەوانی فێنك دەبێ، بەرگەی گەرمیی دەگیرێ و هەوا زۆر سازگارە. تەنیا لە داوێنەکانی چیاکاندا، لە ناو ئەو دۆڵانەدا کە ڕەشەبا نایانگرێتەوە، چ سروشتی بێ، چ بۆ خاك ئاودان، لەبەر ئاوە وەستاو و کۆبووەکانی، هەواکەی قورس و نەخۆشیهێنە. زستانان چیاکانیش سەختتر دەبن، بەدرێژاییی زستان بەفر ئەو ناوانە دادەپۆشێ. بەشێوەیەکی سەیر بای گەرم هەڵدەکات و زیان دەبەخشێ.(٥٣١).

زەوییەکەی زۆر بەپیتە. هەروەها کشتوکاڵیش بەپێی سیستەمی کۆن و بەئامێری زۆر کەمەوە، ئەنجام دەدرێ، وەکو پێویست سوودی لێ وەرناگیرێ، بەروبوومە سەرەکییەکانی لە گەنم و جۆ و برنج و نیسك و نۆك و فاسولیا و گەنمە شامی، پەتاتە، پاقلە، کونجی، تووتن، لۆکە، (کەنەڤر!)، مەیانکوێکی (ڕەنگ بێ مەبەستی ئەو ڕەگە ڕووەکە بێ کە لە عیراقدا خواردنەوەی –سوس–ی لێ دەردەکەن و پێی دەڵێن عرق

سوس– وەرگێڕی کوردی)، تری، زەیتوون، فستق، پرتەقاڵ، لیمۆ، خورما، قەیسی، ئالوبالو، هەنار، هەنجیر، هەڵووژە، گێلاس، گوێز، بادەم، فندق، کوێستانە، هونناب، سێو، هەرمێ، قۆخ، خرنووك، تووی ڕەش و تووی سپی و میوەی دیکەی جۆراوجۆر و سەوزەوات پێکهاتووە. خەنە و جۆرە (دامغ) ێکیشی لێ دەڕوێ (٥٣٢). ساڵانە بەرهەمی گەنم دەگاتە ٣٠ کیلۆ و جۆ ٣٥ هەزار کیلۆ، دوای ئەوەی پێویستیی ناوچەکە دابین دەکا، دەفرۆشرێنە دراوسێکانیش. بەرهەمی تری و پرتەقاڵ، بەپێودانگێکی زۆرن. دارستانەکانی زۆر سەیر و کەمن، هەروەها هەندێك زۆنگاویشی لێیە. ویلایەتی مووسڵ لە لایەن کانزاشەوە بەدەوڵەمەندترین شوێنی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دەژمێررێ، وەکو ئەوەی لە گەلێك لە شوێنەکانیدا کانزای خەڵووزی لێیە، زفت و پیترۆڵ (گاز)، گۆگرد، مس، قورقوشمی تێکەڵ بەزیو و تەنانەت کانزای زێڕیشی لێیە. لەمانە زفت و پیترۆڵ لە لایەن خەڵکەوە بەسیستەمی تایبەتی دەردەهێنرێ، هەندێك کانزای دیکەش تا سەردەمێکی نزیك هەر دەردەهێنران، دواتر لەبەر ئەوەی خەرجیی خۆی دەرنەدەهێنا، پشتگوێ خراوە. شوێنێکی زۆری لیوا ئاوی کانزایی و گەڕاو (گەرماو) یشی لێیە. گەڕاوەکانی عەینولکبریت–ی نزیك شاری مووسڵ و عەینوددیر، عەینولعەلیل (حەمامولعەلیل)و عەینوسسەفرا(٥٣٣) بۆ نەخۆشییەکانی پێست و ڕۆماتیزم و نەخۆشیی دیکە زۆر بەسوودن. لە بەشی جەزیرەی ویلایەتدا خوێئاغڵە (شوێنی خوێ دەرکردن) هەیە. بەتایبەتی لە گۆلی بوارەوە کە کەوتووەتە ئەوپەڕی خۆراوایەوە، بڕێکی زۆری، خوێیەکی زۆر چاك دەردەهێنرێ. ئەو خوێئاغڵانەی کە هەن و خوێیان لێ دەرناهێنرێ بەشی پێویستیی خودی ناوچەکە دەکا. ئاژەڵی ماڵییان زۆرە و ڕەگەزەکانیان زۆر باشە، بەتایبەتی عەشیرەتەکانی کورد و عەرەب بەبڕی زۆر مێگەلە مەڕ و بزن و گوێدرێژ بەخێودەکەن. مەڕەکانیان وەکو ئەوەی ڕەسەنیان لە قەرەمان و عارەبییەوە هاتووە، بەشێکی بزنەکانیان ئاسایی و بەشێکیشی شام–ی و بەشێکیشی بزنی تفتیك–ە ئەسپەکانیان لە ڕەسەنی عەرەبییەوە هاتووەو زۆر چاکن. حوشتریان دووڕەگن، لە دوو (سەنام)یی حوشتری بەلخ و یەك (سەنام) یی ڕەسەنی عەرەبی پێگەییون. هێستر و گوێدرێژیان تایبەتە بەسواربوون، درشت و یەکە و ڕەسەنێکی زۆر باشیان هەیە. مەڕ و بزنیان لە دەوروبەری ١,٧٠٠,٠٠٠، گامێشیان ٥٠٠,٠٠٠، ئەسپیان ٢٦٠,٠٠٠ و حوشتریان ٩٠,٠٠٠، هێستریان ١٦,٠٠٠، کەریشیان ٦,٠٠٠ سەردایە. پەلەوەری ماڵییان زۆرە، لە نزیکی مووسڵ شانە مێشهەنگیش زۆرە و هەنگوینێکی زۆر دەدەن.

لە ئاژەڵی کێوی و چیا و ناو دارستانەکان، گورگ، ورچی ڕەش و سپی، بەراز، وەشاق (پشیلە کێوی)، کەمتیار، مامزو بزنەکێوی، لە لای دەشتەکەشیدا بەڕەوە ئاسکە و ڕێوی و کێروشك و چەقەڵ و هی دیکەی لێیە. لەو ئاژەڵانەی کە پێستەکانیان بۆ کورك (فەروو) دەست دەدا، سیمۆرە، Tuyun(٥٣٤) قوندووز، سیمرخ و هی دیکە زۆرن. لە سەردەمە کۆنەکاندا ژمارەیەکی زۆر ئاژەڵی وەکو شێر و پڵنگ و بەوری ئەگەرچی لێ بووبێ ئێستاکێ، تەنانەت شوێنەواریشیان نەماوە. جۆرەکانی مەل، زۆرن. بەڵام دەڵێن حوشترمەل لە کۆندا هەبووە، ئێستا نییە. هەروەها مووری ترسناکی وەکو مار و دووپشك–ی زۆر لێیە. کوللەش جاروبارێك پەیدا دەبێت و زیان لە دەغڵ و دان دەدا. لە ناو ئاوی دیجلە و زێیەکاندا ماسیی هەمە جۆری هەیە.

پیشەسازیی ناوخۆیی سەردەمانێك زۆر پێشکەوتوو بووە. کاڵای ئاوریشمی مووسڵ و چێنراوی دیکە و بەرهەمی پیشەسازیی بەناوبانگ بووە. بەڵام لەبەر ئەوەی لە لایەن ئاسانکاری و ڕێکوپێکی و هەرزانییەوە بەرامبەر کارگە ئەورووپییەکان ڕکابەریی پێ نەکراوە، وەکو کارێکی ئاسایی پیشەسازیی ناوخۆیی دواکەوت. لە ناو ویلایەتدا لە خوری و لۆکە... کوتاڵ و چارشێو و سەرپۆش و ڕایەخی ناوماڵ و تاقمی گەرماو و خاولی و پشتێن و بەڕە و دووگرد و عابا و بەن و کۆپان و کورتان و مووی لباد و هەندێك چنراوی لە مووی حوشتر کە دروست دەکرێ، لە مس و تونج هەندێك قاپ و قاچاخ و هەندێك کەلوپەلی تایبەت بەزێڕنگەری و داوودەرمانی پێستە خۆشکردن و هی دیکەی لێ دروست دەکرێ. ئەم شتانە لەگەڵ دابینکردنی گونجانی بەپێی ڕۆژگار، هەر هیچ نەبێ بۆ پەیدا کردنی پەیوەندی و بەها بەهیممەتێکی کەمەوە بەندە.

بازرگانیی لە لایەکەوە لەگەڵ بەغدا و بەسرە و لەو ڕێیەوە لەگەڵ بۆمبای و لە لایەکی دیکەوە لەگەڵ هەمەدان و کەرمان و دەڤەرەکانی دیکەی ئێراندا، لە لایەکەوە لەگەڵ حەڵەب و ئەسکەندەروونەو لە لایەکی دیکەشەوە لەگەڵ ئەرزەڕۆم و ترابزووندا دەکرێ. بەڵام ئەم ڕێیانە هەر چواریشیان گەلێك دوورن، لە سێیانیاندا بەحوشتر و هێستر، بۆ بەغداش ئەوەی پێی دەڵێن کەڵەك لە ناو دیجلەدا بەس نییە و بەهۆیەکی گواستنەوەی تەمەن سەد ساڵەی پڕ لە زەحمەتی ئەنجام دەدرێ. لەبەر ئەوەی هۆی گواستنەوەی ڕێکوپێك دەست ناکەوێ ئاساییە کە بازرگانیی پێش ناکەوێ.

هەناردەی سەرەکیی ئەو ئەسپە عەرەبییانەی بۆ هیندستان دەنێررێ و بەڕووی بەتامی

بەئەوروپا فرۆشراو، بەڕوو، مازوو، پێستە، خوری، مووی لباد، لۆکە و بۆیاخی جۆراوجۆر. ئەوەی بە بەغداش دەفرۆشرێن: لە ئازووقە، میوەی وشککراوە، ئاژەڵی جۆراوجۆر، مۆمی هەنگوین، ئەفیۆن (حەشیشە)، ڕۆنی زەیتوون، سابوون، کەتیرە، پێستەی مەڕ، پێستەی خۆشکراو، مەڕمەڕ، قسڵ، تەختەی دارتاشی و هەندێك چنراو پێکدێ. زۆربەی هەناردەکان بەکەڵەك لە دیجلەوە و بەڕێی بەغداوە دەنێررێ. جگە لە بەروبوومی ویلایەت، لە ویلایەتەکانی بتلیس و دیاربەکردا بەروبوومێکی زۆر و بابەتی دیکە دەنێررێتە مووسڵ، لە لایەن بازرگانەکانی ئەوێوە دەنێررێتە بەغدا.

ئەو پێستە خۆشکراوەی سالانە دەفرۆشرێتە دەرەوە، نزیکە لە دوو ملیۆن کیلۆ، مازووش دەگاتە ١,٥٠٠,٠٠٠ کیلۆ، دوای ئەم دوو ماددەیە، لۆکە ٨٠٠,٠٠٠، لە کاتێکدا تفتیك (جۆرە موویەکی چاکی بزنە) دەگاتە نیو ملیۆن کیلۆ، گەنم و جۆش یەکەو شەش ملیۆن کیلۆ دەبێ و هەروەها ساڵی پتر لە نیو ملیۆن سەر مەڕ و ٦٠٠,٠٠٠ گامێش، ٢٨,٠٠٠ حوشتر، ٩,٠٠٠ هێستر، ٢,٠٠٠ گوێدرێژ و نزیکەی ١٠٠٠ ئەسپی عەرەبی دەنێررێتە دەرەوە. هەناردەی پێستە و پێستەی خۆشکراو گەلێك بەبایەخە. کۆی هەناردەی سالانە دەگاتە ٤٠٠,٠٠٠ لیرەی عوسمانی. هاوردەشیان ڕێك لە ڕێژەی چواریەکی هەناردەیانە، لە دەوروبەری ١١٠,٠٠٠ لیرە دایە. هاوردەی سەرەکییان لە ئاوریشم، شەکر، قاوە، پیترۆڵ، کانزای خاوی کارتێکراو و کارنەکراو. کەلوپەلی ئەوروپا، لە شاڵ و مافووری ئێران (عەجەم)، کالا هیندییەکان و هی دیکە پێکهاتووە. داهاتی سالانەی ویلایەت ٢٣٥,٠٠٠ و خەرجکراوی ناوخۆ لە دەوروبەری ٨٠,٠٠٠ لیرە دایە.

سەرژمێری دانیشتووانی ویلایەت، لە سەرەوە ڕوون کراوەتەوە، لەبەر ئەوەی، لە چاوفراوانیی ویلایەت، ئەم برە زۆر کەمە، ئەوە دیارە سەرژمێری وەکو پێویست نییە. ئەم سەرژمێری دانیشتووانە بەپێی لیواکان بەم جۆرە جیادەکرێتەوە:

| | |
|---|---|
| مووسڵ | ١٥٩,٦٨٠ |
| شارەزوور | ٨٩,٠٠٠ |
| سلێمانی | ٥١,٦٠٠ |
| کۆی ویلایەت | ٣٠٠,٢٨٠ |

بەپێی ڕەسەن و ڕێبازی ئاینیشەوە بەم جۆرەیە:

| | |
|---|---|
| عەرەبی نیشتەنی | ٨٠,٠٠٠ |
| عەرەبی ڕەوتەنی | ٩٣,٠٠٠ |
| کورد | ٥٩,٣٨٠ |
| تورکمان | ١٦,٠٠٠ |
| کۆی گشتیی موسڵمان ٢٤٨,٣٨٠ | |

| | |
|---|---|
| کلدانی | ١٨,٠٠٠ |
| سوریانی کاتۆلیك | ٧,٠٠٠ |
| یەعقووبی | ٥,٠٠٠ (لە چاپەکەی بۆزئەرسلاندا ٥,٣٨٠ – یە – وەرگێڕ). |
| کۆی گشتیی دیانان ٣٠,٠٠٠ (لە چاپەکەی بۆزئەرسلاندا ٣٠,٣٨٠ وەرگێڕ). | |

| | |
|---|---|
| جوولەکە (ئیسرائیلی) ٦,٠٠٠ | |
| یەزیدی | ١٤,٩٠٠ |
| ڕێبازە جیاکان | ١,٠٠٠ |
| کۆی گشتی | ٣٠٠،٢٨٠ |

یەزیدییەکان و ئەوانەی سەر بەڕێبازە ئاینییەکانی دیکەن، ناوی موسڵمان لە خۆیان دەنێن و وەکو ڕەگەزیش کوردن. ژمارەی کورد لەگەڵ ئەمانە دەگاتە ٧٥,٢٨٠ کەس. ئەمانە بەکوردی، کەچی ئەو تورکمانانەی لە خشتەکەدا پیشان دراون بەتورکی دەئاخڤن، ئەو ١٧٣,٠٠٠ کەسە موسڵمانەکەی دیکە و بەگشتی خرستیانەکان و جوولەکەکان، واتە کۆی گشتی ٢٠٩,٠٠٠ کەس بەعەرەبی دەپەیڤن. بەم جۆرە بڵاوترین زمانی ناو ویلایەت عەرەبییە، لە پلەی دووەمدا کوردییە، لە پلەی سێیەمدا تورکییە. خرستیانەکان نەوەی ئاسووری و کلدانییە کۆنەکانن. نیشتەجێکانی موسڵمانەکانیش لەگەڵ خەڵکە کۆنەکە[٥٣٥] لە نەوەی عەرەبەکان پێکهاتوون. تەنیا عەرەبە کۆچەرەکان

بەرەسەن عەرەبن. گەورەترینی عەشیرەتە عەرەبەکان عەشیرەتەکانی شەمەر و تەی–ن . ئەمانە بەکۆمەڵی گەورە گەورەوە لەلای دەستەڕاستی دیجلەدا لە جەزیرەدا دەسووڕێنەوە. لە کاتێکدا زۆربەی کوردەکان نیشتەنین. ئەوانەیان کە لە ناو سیستەمی عەشیرەتدا دەژین زستانان لە گونداناو لە ناو ماڵەکانیاندا، هاوینانیش لە لەوەڕگەکاندا لە ناو ڕەشماڵاندا دەژین. بەشێك لە کوردەکان لەگەڵ ئێرانییاندا تێکەڵ بوون. لە ناو ئەمانەدا سەر بەبیروباوەڕی سەیری وەك شەبەك و ساریلی–ش هەن. هەموو خرستیانەکان لە لایەن ڕەسەنەوە یەکن و لەم بارودۆخەی ئێستایاندا چونکە عەرەبن، تەنیا جیاوازییان لە لایەن ڕێبازەوەیە، تاقمێکیان کلدانی و تاقمێکیشیان ناوی سوریانییان لێ نراوە. لە کاتێکدا جوولەکەکان لە نەوەی کۆنی ئیسرائیلین، بەپێی شوێنی ژیانیان بەعەرەبی یان بەکوردی دەدوێن.

لە ناو ویلایەتدا قوتابخانەی ناوەندی، تایبەت بەناوەندەکانی ویلایەت و لیوا، لە سێ بەش پێکهاتووە. هەموو ویلایەت ١٠٧ قوتابخانەی منداڵانی لێیە، لە مانەدا پەروەردە بەسیستەمی کۆن بەڕێوە دەبرێ، ژمارەی مەدرەسەکان (٦٥)ە، فێرکاری ئەمانەش لە ئاستێکی زۆر دواکەوتوودایە. کۆی کلدانی و سوریانی و کاتۆلیکەکان ٣٥ و مووسەوی (جوو)ەکانیش تەنیا لە مووسڵدا یەك قوتابخانە هەیە. هەموو ئەمانە بریتین لە قوتابخانەی سەرەتایی. لە هەموو قوتابخانە و مەدرەسەکاندا بەگشتی ٦,٦٨٥ قوتابی هەیە، ٨٤٥ی ئەمانە کچن.

ویلایەتی مووسڵ، ڕێك لە هەرێمی ئاسوورییەی کۆن پێکهاتووە و بارودۆخی کۆنیان لە بابەتی «ئاسوورییە»دا ڕوون کراوەتەوە [٥٣٦]. بەنووچی دەوڵەتی ئاسووری، وڵاتەکە کەوتووەتە بن دەستی ئێرانییان و ئینجا ئەسکەندەر و سەلەفکییان و ساسانییان. لە سەردەمی خەلیفایەتیی حەزرەتی عومەر (خودای لێ ڕازی بێ)دا دەستی بەسەردا گیراوەو تێکەڵی وڵاتانی ئیسلام کراوە. لە سەردەمی خەلیفایەتیی عەبباسیدا کەوتووەتە ژێر فەرمانڕەوایی مەڕوانییان و حەمدانییان و سەلجووقییان و دواییش چووەتە ژێر بەڕێوبەرایەتیی ئەتابەگییانەوە. ماوەیەك کەوتووەتە ژێر دەسەڵاتی ئەییووبییان و حوکمدارانی دیکەوە، جەنگیز و تەیموور، دواتر ئاققۆینڵو و قەرە قۆینڵو و دواتریش کەوتووەتە دەستی سەفەوییانەوە. دوای جەنگی چاڵدیران، لە لایەن سوڵتان سەلیم خانی یاوز (جێی بەهەشت بێ)وە تێکەڵی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی کراوە. بەشی زۆری خەڵکەکەی کە عەرەبن هەرێمەکە بەپارچەیەك لە کوردستان دادەندرێ. جگە لە

کەلاوەکانی شاری نینەوای بەناوبانگ کە کەوتووەتە بەرامبەر مووسڵ و لەو لێتوێژینەوانەدا لەم دوایانەدا لە بارەیەوە کراوەو شوێنەوارێکی زۆر بەدەرکەوتووە. لە هەموو لایەکی ویلایەتدا، بەتایبەتی لە لیوای مووسڵدا کەلاوەکانی شاری زۆر کۆن هەیە.

ویلایەتی مووسڵ، وەکو لە خوارەوە پیشان دراوە، کراوەتە ٣ لیواو ١٣قەزاو ٢٢ ناحیە و ٣,٠٣١ گوند.

| لیوا | قەزا | ناحیە | ژمارەی گوند |
|---|---|---|---|
| مووسڵ | مووسڵ | شێخان، عەشایەری سەبعە | ٥٠٦ |
| | عیمادییە (ئامێدی) | | |
| | زاخۆ | سلێڤانی | ١٠٩ |
| | ئاکرێ | سوورچی | ١٣٢ |
| | زێبار | شێروان–مزووری بالا | ١٨٥ |
| | دهۆك | مرووریَ | ٢١٥ |
| | سنجار(شنگال) | تلعەفرین | |
| شارەزوور | کەرکووك | مەڵحە، تووزخورماتوو<br>ئاڵتون کۆپری (پردێ)، لێڵ، شڤان | ٣٢٥ |
| | ڕەواندز | دێرێ، باڵەك، برادۆست | ٣٨٣ |
| | کۆیسنجەق (کۆیە) | شەقڵاوە | ١٢١ |
| | هەولێر | سوڵتانییە، دزەیی | ٢٣٠ |
| | سەڵاحییە | قەرەتەپە | ٩١ |
| | ڕانیە | | ٩٠ |
| سلێمانی | سلێمانی | | |
| | گوڵعەنبەر | پرۆجك، قزڵجە، قەرەداغ | ٤٧٣ |
| | بازیان | قەڵا سێوکە | ١٥٩ |
| | مەعموورەتولحەمید | سۆرداش، پشدەر | ١٧٦ |
| | شارباژێڕ | | ١٢٥ |

(ب/٦–ل/٤٤٨٠–٤٤٨٤)

**مووسڵ (لیوای مووسڵ)**: لیوای ناوەندیی لیوای هاوناوی خۆیەتی، لە بەشی باکوری خۆراوای ویلایەتەوەو کوتومت نیوەی پێکدێنێ. لە خۆرهەڵاتەوە لیوای شارەزوور، لە لایەکانی دیکەوە بەسنوورەکانی ویلایەت سنووردارە. لە لای باکوری خۆرهەڵاتی لیوای شارەزوور–ەوە ڕێڕەوی زێی ژووروو (گەورە)و لە خوارەوەشدا پێکهاتەی ئەم زێیە لە ڕووباری دیجلە جودا بووەتەوە. بەشی زۆری لیوا لە خۆراوای دیجلەدا و لە ناوچەی جەزیرەدایە. ئەگەرچی ئەو بەشەی لە خۆرهەڵاتی زێی ناوبراودایە کەمیش بێ، ئاوەدانترین و ئاپۆرەترین شوێنی ویلایەتە. زۆربەی ئەو شوێنەوارانەی لە ئاسوورییە کۆنەکانیشەوە ماوەتەوە لەم لایەدایە. بارودۆخی دیکەیە، لەبەر ئەوەی لە بابەتی سەرەوەدا ڕوونە، دووبارە کردنەوەیمان بەپێویست نەزانی.

(ب/ ٦ – ل/ ٤٤٨٤ – ٤٤٨٥)

**مووش**: شارێکە ناوەندی لیوایە و لە داوێنی گردێکی جواندا، لە کەناری دەشتێکی بەرینی ٦٥ کیلۆمەتر لە باکوری خۆراوای بتلیس –ەوە، لە ویلایەتی بتلیس–دایە. سەرژمێری دانیشتووانی ٢٧,٠٠٠ کەسە، ٣ مزگەوتی پیرۆزی گەورە و ١٠ نوێژگە و ٤ کڵێسە و ٦ مەدرەسە و قوتابخانەی ناوەندیی لەگەڵ چەند سەرەتاییەکی تایبەت بەموسڵمانان و دیانان، ٥ خان، ٤ گەرماو، ١٥٠ دووکان و کۆگا، خوێندنگا (قیرائەتخانە) یەك و ٣٠ چەشمەی هەیە. ئەگەرچی خانووەکانی لە تەختەش دروست کرابن، لەبەر ئەوەی شوێنەکەی جوانە و زۆربەیان بەباخچە دەوردراون، دیمەنی زۆر جوانە. لە لای سەرەوەی شاردا قەڵایەکی ڕووخاو هەیە. لە لای خوارەوەی شاریشدا دەشتێکی زمرووت ئاسایی، تا چاو بڕ دەکا بەرینە. ئاوی زۆر جوان و هەواکەشی بەو ڕادەیە سازگارە، لە کاتێکدا کە خەڵکەکەی هەرگیز بایەخ بەخاوێنی نادەن، شوێنەوارێکی ئەو نەخۆشییە تێکدەرانە، یانیش لە پەتای بڵاوبووەوەی لێ دیار نەکەوتووە. زستانان بەفر زۆر دەبارێ، ناوەندیی پێوانەی گەرمیی ١٦ پلە لە ژێر سفرەوە دەبێ، هاوینانیش ٢٦ پلە ڕەت ناکا. بەهاری بەزۆری لە ناو تەمومژدا بەسەردەچێ، ١٥,٠٠٠ کەسی خەڵکەکەی کوردن و موسڵمانن، ئەوی دیکەش لەهەر سێ ڕێبازەکە ئەرمەنین.

قەزای مووش، ناوەندی قەزای لیوا هاوناوەکەیەتی کە لە شاری مووش و لە دەشتەکەی دەوروبەری پێکهاتووە. لە باشوورەوە بەقەزای ساسۆن و لە خۆرهەڵاتەوە بەلیوای بتلیس و لە باکوری خۆرهەڵاتەوە بەبوڵانق و لە باکورەوە بەقەزای وارتۆ –وەو

لە خۆراواوە بەلیوای گەنج سنووردارە. لە سێ ناحیەی بەناوی کەسۆر و خەندریس و خوێت –و ١١٩ گوند پێکهاتووە و ٤٢,٠٠٠ کەس دانیشتووانی هەیە. ئاوی موراد بەشی باکوری خۆراوای قەزا دەکاتە دوو بەشەوە، هەروەها قەرەسو –ی پەیوەست بەمیش لایەکانی خۆرهەڵات و خۆراوای قەزاکە دەکاتە دوو بەشەوە و ئاوێکی زۆریش کە دەرژێنە ناو ئەمانەوە خاکەکەی دەدێرێ. لێژاییی خاکەکەی لە خۆرهەڵاتەوە بەرەو خۆراوایە.

چ دەشت بێ و چ گردەکانی دەوروبەری و داوێنەکانی چیا زۆر بەپیتن. لە دەشتدا گەنم، جۆ، چەوەندەر، ئالیك، گەنمەشامی، نیسك، نۆك و دانەوێڵەی دیکە، لە باخچە نزیکەکانی شارۆچکە و گوندەکاندا بەجۆری نایابی پلە بەرزی میوەی جۆراوجۆر و سەوزەوات، لە داوێنەکانی گرد و شاخەکانیشدا بەپێودانگێکی زۆر ترێ و تووتن وەدەست دەهێنرێ. ناو قەزاکە هەندێك ئاوی کانزایی و تاقمێك شوێنەواری کۆنی لێیە. ئاژەڵی ماڵی، شانەی مێشهەنگیشی زۆرە.

(ب/ ٦ – ل/ ٤٤٧٨ – ٤٤٧٩)

**لیوای مووش**: یەکێکە لە چوار لیوا، کە ویلایەتی بتلیس پێکدەهێنن و ئەوەیان کە لەوپەڕی باکوری خۆرهەڵاتدایە، لە خۆرهەڵاتەوە بەویلایەتەکانی وان و لە باکورەوە بەئەرزەڕۆم و لە خۆراواوە بەگەنج و لە باشوورەوە بەلیوای بتلیس –ەوە سنووردارە. بەناوی: مووش و بوڵانق و مەلاز کورد و وارتۆ و ساسۆن –ەوە کراوەتە ٥ قەزا و ١٠ ناحیە و ٦٧٧ دێی هەیە. دانیشتووانی ١٢٣,٤٥٩ کەسن ، ئەمانە ٦٦,٧٥٢ یان موسڵمانن و لە تورك و کورد پێکهاتوون، ٥٥,٣٦٥ یشی ئەرمەنیی سەر بەهەر سێ ڕێبازە ئاینییەکەیان تێدایە، ٩٧٠ شیان یەزیدی و ٣٧٢شیان قەرەجن.

چیای ساسۆن کە لە لای باشووری لیوادا لە خۆرهەڵاتەوە بەرەو خۆراوا درێژ بووەتەوە، بەرزاییی دەگاتە ٢,٦٠٠ مەتر و چیای سیپان کە لەوپەڕی خۆرهەڵاتی ویلایەتدا و لە سنووری ویلایەتی واندا لە باکورەوە بۆ باشوور درێژ بووەتەوە بەرزاییی دەگاتە ٣,٨٠٠ مەتر. لە لای باکوریدا چیای خاموور و داوێنەکانی چیای بینگوێل کە لە ویلایەتی ئەرزەڕۆمەوە دێ و چیای بلێجان –ی ناوەڕاستیان و دیسانەوە چیای تاك تاك و نزم –ی لێیە. دەشتگەلێکیش کە لە نێو ئەم چیایانەدا هەن، بەرزاییان لە ڕووی دەریاوە لە ١,٣٠٠ مەتر پترە. بەم جۆرە، هەموو لایەکی لیواکە بەرزە و زستانان سەرمایان پترە و

بەفرێکی زۆر دەبارێ، ئاوی زێیەکانیش دوو سێ مانگ دەیبەستێ. هاوینانیش تەواوێك ناوەندییە، هەواکەشی بەگشتی سازگارە.

ئاوی موراد کە لقی خۆرهەڵاتی فوراتە، بەشی باکوری لیوا لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆراوا دەکاتە دوو بەشەوە و لە قەزای وارتۆ زێی چاپشوور کە لە یەکگرتنەوەی ئاوێکی زۆر پێکدێ کە لە باکوری قەزاوە دێنە خوارەوە وەردەگرێ و بەرەو باشوور دەگەڕێتەوەو دەچێتە ناو قەزای مووش. دواتر دیسانەوە بەرەو خۆراوا وەردەچەرخێ، ئەو قەرەسو –ەی بەدەم هاتنەوەوە، بەشی باشووری خۆرهەڵاتی لیوا ئاو دەدا و هەروەها دوای ئەوەی چەند ئاوێکی دیکە دەگرێتە خۆ، دەچێتە ناو لیوای گەنج. بەم جۆرە ئاوی ڕەوانیان زۆرە.

لە قەزای بولانق–دا هەر بەناوی بولانق–ەوە گۆلێکی فراوان هەیە(٥٣٧)، لەبەر ئەوەی زستانان فراوانتر دەبێ، دەشتەکانی دەوروبەری، وەك ئەوەی ڕووباری نیل، قوڕێکی پوخت بەجێ دەهێڵێ، زۆر بەپیتبوونی ئەو زەوییانە دابین دەکا. لە هەندێك شوێنی دەشتی مووشیشدا کۆمەڵێك زۆنگاو هەیە، هەر لە کۆنەوە لە ناویاندا ڕاوە مراوی و لە کەنارەکانیدا ڕاوە بەراز دەکرێ. لە زەلەکەشییەوە حەسیر دروست دەکرێ. خاکەکەی زۆر بەپیتە و گەنم و جۆ و چەودەر و ئالیك و گەنمەشامی و نیسك و نۆك و هی دیکە لەگەڵ جۆرەها سەوزەوات و میوەجات، ترێ و توتن بەدەست دەهێنرێ. بەروبوومی ساڵانەی توتن لە دەوروبەری ٢٠٠,٠٠٠ کیلۆدایە. گەنمەکەی زۆر درشتە، ئەگەرچی ئازووقەی لە پێودانگێکدایە کە بەشی گوزەرانی هەموو ویلایەتەکە بکا، دووریی ئەسکەلەکان لە هەموو لایەکەوە لێی و لەبەر نەبوونی هۆیەکانی گواستنەوە، خەڵکەکە پتر لە پێویستییەکانی خۆیان ناچێنن. مازوو و گەنمەشامی و کەتیرە دەنێرڕێتە دەرەوە. لە قەزاکانی بولانق و وارتۆ و ساسۆن و قەزای ناوەندا لەسەر هەندێك لە گردەکانیاندا هەندێك دارستان هەیە، هەر ئەوەندەیە بەپێی پێویست بەشی بڕینی تەختەی دارتاشی و داری سووتاندن بکا. دارە سەرەکییەکانیان، بەڕوو و چنارە، کانێکی ئاسنی لێیە، کۆن ئاسنیان لێ دەرکردووە و لەم سەردەمانەی دواییدا وازیان لێ هێناوە، ئەگەرچی کانێکی قوڕقوشمی تێکەڵی زیو و کانگەلێکی خەڵووزی لێبێ، لێیان دەرناهێنرێ.

لە چیاکاندا، ورچ، گورگ، ڕێوی، بزنەکێوی و چەند جۆرە ئاژەڵێکی بچووکیشی لێیە کە کەوڵەکەیان بۆ دروستکردنی کورك (فەروو) دەست بدا. ئاژەڵەماڵییەکانیان کە ژمارەیان لە یەك ملیۆن پترە، لە ٨٠٠,٠٠٠ مەڕ و بزن و ٢٠٠,٠٠٠ گامێش و ٣٠,٠٠٠ ئەسپ و ١٢,٠٠٠ کەرو ٢,٠٠٠ هێستر پێکهاتووە. ئەسپەکانیان بۆ سواری بەکاربراوە و

بێ زیانن. بەڵام بۆ بارکردن بەشێوەیەکی سەرەکی گا بەکاردەهێنرێ. لە ناو لیوادا نزیکەی ١٠,٠٠٠ شانەی مێشهەنگوین و ساڵانە نزیکەی٤٠,٠٠٠ هۆقە هەنگوین و ئەوەندەش مۆمی هەنگوین لە ڕێی ئەرزەڕۆمەوە دەنێررێ بۆ فرۆشتن، نزیکەی ٢٠,٠٠٠ پێستەی بزنیش وەدەست دەخرێ.

پیشەسازیی ناوخۆیی، لە کاڵای سپی و سوور و جۆرە برنجۆکێك و بەشێوەیەکی سەرەکی ئەو بەڕە جوانەی کوردەکان دروستی دەکەن، لەگەڵ تاقمە قاپێکی زیوین کە لە ناوەندا دروست دەکرێ و لە هی دیکە پێکدێ. داهاتی ساڵانەی لیوا لە دەوروبەری ٥٠,٠٠٠ لیرەدایە.

لە هەندێك لای لیوادا چەندین کەلاوەی قەڵا و شوێنەواری کۆنی دیکە و کۆمەڵێك ئەشکەوت و هی دیکە هەیە.

(ب/ ٦ – ل/ ٤٤٧٩ – ٤٤٨٠)

**میثالی– میسالی** (**ئیبراهیم خان**): لە شاعیرە ئێرانییەکانە، کوڕی کەریم خانی سەر بەخانەدانی زەند–ە. لە شیراز پێگەییوە، ئەم پارچەیە لە شیعرەکانی ئەوە:

همانا بستە عهد دوستداری
شکستی از جفنا پیمانم ای دوست
بماند باتو ام زندان گلستان
گلستان بی تو چون زندانم ای دوست... (وەرگێڕ)

(ب/ ٦– ل/ ٤١٥٣)

**موجیروددین–ی کوڕی تەمیم** (**محەممەدی کوڕی یەعقووبی سعردی**): لە شاعیرە عەرەبە ناودارەکانە، لە (حەما) پێگەییوە و لە خزمەتی مەلیك مەنسووری خاوەنی ئەوێدا بووە. سەر بەچینی سەربازە، ئازا و خواردە بووە، لە ٦٨٤ی.هـ(١٢٨٥–١٢٨٦ی.ز)دا لە شاری ناوبراودا مردووە. ڕەوشتی بەکارهێنانی زۆربەی شیعری شاعیرانی دیکە و خستنە ناو قاڵبی واتایەکی دیکەی هەبوو، ئەم دوو دێڕە لە شیعری ئەون:

ولم أنس قول الورد والنار قد سطت
عليه فأمسى دمعه يتحدر

ترفق فما هذى دموعي التي ترى

ولكـنها روحـي تذوب فـتـقطـر.... (جەلیل)

(ب/ ٦- ل/ ٤١٧٢)

**موحسین**: یەك لە شاعیرە ئێرانییە (فارسی نووس)ەكانە، هەمەدانی بووە. لە سەردەمی ئەكبەرشا-دا چووەتە هیندستان، لە شاری ئەحمەد ئاباد-ی كوجەراتدا نیشتەجێ بوو، ئەم دێڕە شیعرە هی ئەوە:

غرور حسن نگذارد كە یاد دوستان آری

آلهی تیركی بـخشد كسـوفـی آفـتابترا.... (وەرگێڕ)

(ب/ ٦- ل/ ٤١٧٦)

**مەسعوود (بەدرەددین-)**: شەشەمی ئەو خانەوادەیەی ئەتابەگانەیە كە لە لوڕی گچكەدا فـەرمـانـڕەوایـیـیـان كـردووە، كـوڕەزای شوجـاعـەددیـن خـورشیـدی دامـەزرێنـەری ئـەو وەچەیەیە، لە ٦٤٠ی.هـ(١٢٤٢-١٢٤٣ی.ز)دا كە حوساموددین خەلیلی برای كوژراوە، لە جێی ئەو بووەتە حوكمڕانی لوڕستان، دوای ١٨ ساڵ لە حوكمڕانی، لە ٦٥٨ی.هـ (١٢٥٨- ١٢٥٩ی.ز)دا كـۆچـی دوایـیـی كـردووە، پـیـاوێكـی زانـا بـووە، لـە فـیـقـهـ (شەریعەت)ی حەنەفیدا دەستی باڵای بووە. (جەلیل)

(ب/ ٦- ل/ ٤٢٧٨)

**موشتاق (شێخ مستەفا ئەفەندی)**: لە شاعیرانی سەردەمە دواییەكانی عوسمانی و شێخە قادرییەكان بووە، بتلیسی بووە و چووەتە ئەستەمبووڵ و پۆستنشینی خانەقای سەلامی ئەفەندی بووە لە گەڕەكی ئەییووبدا، لە ١٢٤٧ی.هـ(١٨٣١-١٨٣٢ی.ز)دا گەڕاوەتەوە شارەكەی خۆی و لەوێ كۆچی دوایی كردووە. دیوانی ڕێكخراوی هەیە. ئەم پارچە شیعرە هی ئەوە:

اویلە مشتاقم كە مشتاق خدا دیرلربكـا

بندەء نـاچیزم امـا شـهریـارم دلـدەدر... (وەرگێڕ)

(ب/ ٦- ل/ ٤٢٨٨)

**موزەففەرەددینی ئەفراسیاب**: نۆیەم و دوایین حوکمداری ئەتابەگەکانی لوڕی گەورەیە، لە ٧٦٤ی.هـ(١٣٦٢–١٣٦٣ی.ز)دا چووەتە جێی ڕوکنەددین یووسف–ی باوکی و لە سەردەمی ئەمدا تەیموور لەنگ پەیدابووە، ئەگەرچی لەگەڵ دەڤەرەکانی دیکەی ئێران لوڕستانیشی گرتبێ، لەبەر بەرگری نەکردنی خاوەنی ژیننامە، دیسانەوە لە پۆستی خۆی دانراوەتەوە، لە ٧٩٥ی.هـ(١٣٩٢–١٣٩٣ی.ز)دا کۆچی دوایی کردووە، بەمەش دەوڵەتی ئەتابەگەکانی لوڕی گەورە کۆتایی هاتووە. (جەلیل)

(ب/ ٦– ل/ ٤٣١٥)

**موعەززەم– موعەظظەم** (**مەلیك– شەرەفەددین–ی کوڕی مەلیك عادل. سەیفەددین ئەبی بەکری کوڕی ئەیـیووب شادی**): یەکێکە لەو فەرمانڕەوا ئەیـیووبییانەی لە شام فەرمانڕەوایییان کردووە. برازای سەلاحەددینی ئەیـیووبییە و برای ناسیروددین محەمەد–ە کە، لە میسر حوکمڕانیی کردووە. لە ٦١٥ی.هـ(١٢١٨–١٢١٩ی.ز)دا دوای مردنی باوکی شامی گرتووە، دە ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە و بۆ لە دمیاتەوە دەرکردنی خاچپەرستە فەرەنگەکان بەهانای برایدا چووە، لە فەلەستینیشدا بەرامبەر خاچپەرستان بەتەواوی سەرکەوتوویی جەنگیوە و شاری (قەیسەری)ی گەڕاندووەتەوە.. کە لاوازیش بووەتەوە، هەلی بە خاچپەرستان داوە، لە ٦٢٥ی.هـ(١٢٢٧–١٢٢٨ی.ز)دا لە تەمەنی ٤٩ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە، مەلیك ناصر–ی کوڕی، لە شامدا بووەتە جێنشینی و دواتر چووەتە ناو عەرەبە کۆچەرەکانی بیابان. (جەلیل)

(ب/ ٦– ل/ ٤٣٢٨)

**مەناز کورد**: (بەعەرەب کراوەکەی– مەنازجورد– منازجرد)ە. ناوەندی قەزا بووە، لە لیوای دەرسیم (دێرسم)دا، ناوی کۆنی ئەو شارۆچکەیەیە کە ئەمڕۆ (مازکورد)ی پێ دەگوترێ. (وەرگێڕ)

(ب/ ٦– ل/ ٤٤٣٦)

# ن

**نابی (یووسف)**: یەکێکە لە گەورەترین شاعیرانی عوسمانی، ئورفەیییە، لە سەردەمی سوڵتان محەمەد خانی چوارەمدا[٥٣٨] هاتووەتە ئەستەمبووڵ و بووەتە نووسەری دیوانی مستەفا پاشای یاوەری پادشا. لە لایەن ئەو پاشایەوە نێرراوەتە حیجاز و دوای ئەوەی لە ناو خۆشگوزەرانیدا حەجی کردووە و لە گەڕانەوەیدا بووەتە کەهیە -ی و دوای ماوەیەك براوەتە حەڵەب. کە محەمەد پاشای باڵتەجی والیی حەڵەب بووە. پەیوەندیی پتری لەگەڵدا نواندووە و بۆ دووەم جار بەسەدر ئەعزەم[٥٣٩] (سەرەك وەزیران) دامەزراوە و کە هاتووەتەوە ئەستەمبووڵ، ئەویشی لەگەڵ خۆی هێناوە و بەسەرژمێریاری خۆی دامەزراندووە. لە ١١٢٤ی هیجری (١٧١٢ی زایین) کۆچی دواییی کردووە، لە کاتی گیانداندا وەکو گێڕراوەتەوە گوایە ڕستەی - نابی بەحوزوور ئامەد «نابی بحضور آمد»ی[٥٤٠] مێژوو ئامێزی گوتووە.

شیعرەکانی بەهێز و ڕەوانە، چەند دەستەواژەیەکی هەیە، جێی پەندی پێشینانیان گرتووەتەوە. دیوانی، کە شیعرە هەڵبژاردەکانی دەگرێتە خۆ، لەگەڵ کتێبە شیعرییەکانی

بەناوی «توحفەء دلکش نابی» و «خەیرییە» و «خەیراباد» و «غەزانامە» و کتێبێکی بەناوی «توحفەتولحەرەمین» و پاشکۆیەکی بۆ «سییبەری وەیسی» نووسیوە(٥٤١). ئەم دێڕە لە شیعرەکانی ئەون (٥٤٢):

منشأت دهردە هر لفظ بر معنایە در
بزدە بو انشای کونك تازە بر مضمونییز

(ب/ ٦ – ل/ ٤٥٣٤)

**ناسر (مەلیك – ئەبولمەفاخر سەلاحەددین داوود کوڕی ئەلمەلیك ئەلموعەززەم عیسا کوڕی ئەلمەلیك ئەلعادل سەیفەددین ئەبوبەکر کوڕی ئەیووب):** یەکێکە لە حوکمدارانی ئەییووبییە پەرتەوازەکان، لە ٦٠٣ی هیجری (١٢٠٦ی زایین)دا لە شام لە دایك بووە و ٦٥٦ی هیجری (١٢٥٨ی زایین) کۆچی دوایی کردووە. شاعیر و ئەدەبدۆست بووە و زۆر هەوەسی لە کۆکردنەوەی کتێبی بەنرخ بووە. بەڵام لەبەر ئەوەی هەوەسی لە ڕابواردن بووە لەسەرخۆشییدا هەندێك هەڵسوکەوتی دێوانانەی بووە. ئەم پارچەیە لە شیعری ئەوە(٥٤٣):

لو عاينت عيناك حسن معذب
مالمتني ولكنت أول من عذر
عين الرشا قد القنا ردف النقا
شعر الدجى شمس الضحى وجه القمر

(ب/ ٦ – ل/ ٤٥٤٦)

**نەفعی (عومەر):** لە شاعیرە هەرە گەورە عوسمانییەکانە، لە حەسەنقەڵای سەر بەئەرزەڕۆم –دا لە دایك بووە و لە سەردەمی سوڵتان ئەحمەد خان–ی یەکەم (جێی بەهەشت بێ)(٥٤٤) چووەتە ئەستەمبوڵ. دواتر پەیوەندیی بەسوڵتان مورادی چوارەوە کردووە و بەشەرەفی دۆستایەتیی ئەو گەیشتووە. چامەکانی زۆر جوان و شیعرەکانیشی بەکێش و بەتام و بەهێزن. بەڵام (غەزەل)ەکانی لە پلە دووودان. کتێبێکی شیعری بەناوی «سیهامی قەزا» (٥٤٥)وە هەیە کە لە گاڵتەجاڕی و تانە و توانج پێکهاتووە. ئەم پارچە شانازی بەخۆکردنە لە شیعرەکانی ئەون (٥٤٦):

نکتەء عالم حریف أولماز بەنە گویابنم
هرنە سویلرسم جواب لن ترانی در سوزوم

هرنه سویلرسم قضا مضمونینی اثبات ایدر

انی بیلمز کیم خطاب امتحانیدر سوزوم

(ب/ ٦ – ل/ ٤٥٩٦)

**نزیب**: شارۆچکەیەکی گچکەیە، لە دووریی ٦ کیلۆمەتری ڕۆخی لای ڕاستی فوراتدا، ٩٨ کیلۆمەتر لە باشووری خۆراوای ئورفەدا، لە لیوای ئورفەی ویلایەتی حەڵەبدا. ئەو جەنگە گەورەیە بەناوبانگە کە لە نێوانی ئەو سەربازە میسرییەی لە ژێر فەرماندەی ئیبراهیم پاشادا بووە و سەربازی عوسمانیدا کراوە.[٥٤٧]

(ب/ ٦ – ل/ ٤٥٧٥)

**نوسەیبین** (**نسیبیس**، **نسیبین**)[٥٤٨]: شارۆچکەیەکە ناوەندی قەزایە لە سەر هێڵی درێژیی ۳۸۵۵یْ خۆرهەڵات و هێڵی پانیی ۳۷۱یْ باکوردا، لەسەر ئاوی جەهجەهەی[٥٤٩] پەیوەستی خابوور و ٦٠ کیلۆ مەتری باشووری خۆرهەڵاتی ماردین، لە لیوای ماردینی ویلایەتی دیاربەکر، نیوەی موسڵمان و نیوەکەی دیکەشی ئەرمەنیی لەسەر هەر سێ ڕێبازی دیان، لەگەڵ کلدانی و هی دیکەی دیان کە هەموو دانیشووانی ١٠,٠٠٠ کەسن. مزگەوتێکی پیرۆز و ٥ نوێژگە و ٥ کڵێسە و ١ گەرماو و ١٠٠ دووکان و کۆڵانی تەنگەبەر و بێ شۆستە و خانووی یەك نهۆمی، زۆربەی لە ئاستی زەویداو سەربانیان بە کا داپۆشراوی لێیە. لە کاتێکدا سەردەمانێك چ زێیەکە بێ یان ئەو ئاوانەی لە چیاوە دێنە خوارەوە، کەندەك (خەندەق)ی ڕێکوپێکیان بووە و لە شارۆچکەدا بێ، یان ئەو نزیکییەوە بەشێوەیەکی چاك ئاوەکە دابەش کراوە و زەوییەکەی ئاوداوە، ئێستاکە لە بارودۆخێکی خراپدایە. بەم هۆیەوە ئاوەکان کۆبووەتەوە و تاقمە زۆنگاوێکیان پێکهێناوە و لەم ڕووەوە هەوای شارۆچکەکە بەرەو قورسبوون چووە.

نوسەیبین لە سەردەمە کۆنەکاندا شارێکی گەورە بووە، لەبەر زۆریی گوڵ و چیمەنی دەوروبەری «مەقدۆنیا»، واتە ئەنتاکیای جەهجەهە، لە لایەن سەلەفکییانەوە ناوی «ئەنتمۆسیە»ی لێ نراوە. لە لایەن پەلێکی دەوڵەتی ئەشکانییانی ئێرانەوە کراوەتە ناوەندی سەربازی، دوایی کەوتە دەستی ڕۆماییان و ساسانییان. لە ١٧ی هیجری (٦٣٨ی زایین)دا لە لایەن (عیازی کوڕی غەنەم)ەوە لە ڕێی ئاشتییانەوە گیراوەو تێکەڵی وڵاتە ئیسلامییەکان کراوە.

لە سەرەتای سەردەمی ئیسلامیدا ئاوەدان بووەوە و جێی پێگەیشتنی زانایەکی بەناوبانگی زۆر. بەڵام جوگرافیاناسە عەرەبەکان بەدیوی دەرەوەی بەباخ و باخچە و

چیمەنیان هەڵداوە و دیوی ناوەوەیان پەسەند نەکردووە. لەوساکەوە بەهەوای قورسی و دووپشك زۆریی بەناوبانگ بووە. ئەگەر کەناڵەکانی ئاو بکرێنەوە و خاوێن بکرێنەوە بەهەر حاڵ گەڕانەوەی بۆ دۆخە ئاوەدانەکەی جارانی، بەمە، سازبوونی هەواکەشی گومانی تێدا نییە. لە ناو شارۆچکەکەدا و لە دەوروبەریدا کەلاوەیەکی زۆری بەڵگەی ئاوەدانییە کۆنەکەی و شوێنەواری دیکەشی لێیە.

قەزای نوسەیبین بریتییە لە بەشی باشووری لیوای ماردین، لە خۆراواوە بەخودی ماردین و لە باکورەوە بەمیدیات و لە خۆرهەڵاتەوە بەقەزای جزیرە، لە باشوورەوەش بەویلایەتی مووسڵ و لیوای سەربەخۆی زۆر سنووردارە. دوو ناحیە و ٢٤٣ گوندی هەیە، ٣٠,٠٠٠ کەسی دانیشتووان هەیە. دوو لەسەر سێی دانیشتووانی کورد و عەرەب و تورکمان و چەرکەس-ن، موسڵمانن(٥٥٠)، سێیەکیشی خرستیانن. کە نیوەی ئەمانە ئەرمەنیی لە هەر سێ ڕێبازەکەی تێدایە، نیوەکەی دیکەی کلدانی و سوریانی و یەعقووبین.

زەویی قەزاکە لە بەرینیی ٦,١٦٠ کیلۆمەتر چوارگۆشەدایە، تەنیا ٨٨٠ کیلۆمەتر چوارگۆشەی چیایی و بەردەڵانە. ئەوی دیکە سەرپاکی بۆ کشتوکاڵ و ئاوەدانی دەست دەدا. ئەگەرچی ئاوی ڕەوانیشیان زۆرە، بۆ ئەوەی بۆ کشتوکاڵ سوودبەخش بێ، پێویست بەکردنەوە و خاوێنکردن و نۆژەنکردنەوەی کەناڵ و کەندەکە کۆنەکانی هەیە. بەروبوومی لە دانەوێڵەی هەمەچەشنە، لەگەڵ جۆری نایابی بەرزی برنج و لۆکە و تووتن پێکهاتووە. چیمەنی جوان و گیاجاڕیشیان هەیە، بەژمارەی زۆر مەڕ و ئاژەڵی ماڵیی دیکە پێدەگەیەنرێ. باخ و باخچەکانی، میوە و سەوزەواتیشی زۆرە. یاقووتی حەمەوی دەگێڕێتەوە کە نوسەیبین و گوندەکانی دەوروبەری ٤٠,٠٠٠ بۆستانیان هەیە.
(ب/٦-ل/٤٥٨٠-٤٥٨١)

**نوسەیبین (یانیش نوسەیبینەڕرووم)**(٥٥١): جگە لەو شوێنەی نیشتەجێ بوونەی لەسەرەوە باسی لێوە کرا، لەسەر فوراتدا و لە دووری سێ یان چوار ڕۆژە ڕێ لە ئامەد-ەوە، لە حەرڕانیشەوە هەر ئەوەندە دوورە، لەسەر ئەو ڕێیەی دەچێتە وڵاتی ڕۆم(٥٥٢) شوێنێکی گەورەی نیشتەجێبوونی لێیە. ئەمە لە (موعجەمولبولدان)دا تۆمار کراوە.
(ب/٦-ل/٤٥٨١)

**نوصرەتوددین (ئەحمەدی کوڕی یووسف شا)**: حەوتەمینی ئەو ئەتابەگانەیە کە لە لوڕی گەورەدا فەرمانڕەواییان کردووە، لە ٦٩٦ی.هـ (١٢٩٦- ١٢٩٧ی.ز)دا دوای کوژرانی

ئەفراسیابی برای بە فەرمانی غازان خان بووەتە حوکمداری لوڕستان و کابرایەکی دادپەروەر و ڕەوشتباش بووە، توانیویەتی ولاتەکەی کە لە سەردەمی برایدا وێران بووە ئاوەدان بکاتەوە، دوای ئەوەی ٣٨ ساڵی ڕەبەق بەدادپەروەری فەرمانڕەوایی کردووە، لە ٧٣٣ی.هـ (١٣٣٢– ١٣٣٣ی.ز)دا کۆچی دوایی کردووە. (جەلیل)

(ب/ ٦– ل/ ٤٥٧٨)

**نەصیبی** (**میرزا موحەممەد خان–ی کوڕی مووسا بەگ**): لە کوردەکانی کرماشان بووە. لە لایەن فەتح عەلی شا–وە نازناوی فەخروششوعەرا (شانازیی شاعیران)ی پێ بەخشراوە و لە سەردەمی غازییوددین حەیدەردا چووەتە (لکهنویە!) و چاودێری کراوە، لە ١٢٦٠دا ی.هـ (١٨٤٤– ١٨٤٥ی.ز) لە ژیاندا بووە. (جەلیل)

(ب/ ٦– ل/ ٤٥٨٠)

**نوورەددین عەلی** (**ئەلمەلیکولئەفضەل**): یەکێکە لە کوڕانی سەلاحەددینی ئەییووبی، لە ٥٦٥ی.هـ (١٢٩٦–١٢٩٧ی.ز)دا لە دایك بووە و لە سەردەمی باوکیدا بووەتە فەرمانڕەوای دیمەشق و فەلەستین ، دوای مردنی سەلاحەددین وەکو ئەوەی مەلیك عەزیز عیمادەددین عوسمان–ی برای بووە تەختنشینی میسر، مەلیك عادل سەیفوددین ئەبوبەکری مامیشی، شام و فەلەستینی گرتووە، خاوەنی ژیننامە لە ناوەڕاستدا ماوەتەوە. (جەلیل)

(ب/ ٦– ل/ ٤٦٠٦)

**نەورەس** (**عەبدولڕەززاق ئەفەندی**): کەرکووکییە، بە(نەورەسی قەدیم) بەناوبانگە، چووەتە ئەستەمبووڵ و چووەتە ڕیزی (مەوالیی دەورییە)، بەتاوانی زماندرێژی لە ١١٧٥ی.هـ (١٧٦١– ١٧٦٢ی.ز)دا بەرەو برووسە دەربەدەر کراوە، لەوێ مردووە. دیوانی ڕێکخراو و شێوازێکی دەربڕینی تایبەت بەخۆی هەبووە. (جەلیل)

(ب/ ٦– ل/ ٤٦٠٨)

**نووری** (**عوسمان– پاشا**): دیاربەکری بووە، پایەی میری میرانی بەدەست هێناوە و لە هەندێك شوێندا بووەتە موتەسەرریف، ئەم یەکە دێڕە شیعرە هی ئەوە:

پك نادمم افشای ملال ایلدیگمدن

اول غنچەیی دلتنگ مقال ایلدیگمدن ... (وەرگێڕ)

(ب/ ٦– ل/ ٤٦١٨)

# و

**وان**: شارێکە، ناوەندی ویلایەتە، لە لای باکوری خۆرهەڵاتی کوردستان و لەسەر ڕۆخی گۆلێکی فراوانی هەر بەو ناوەدا، لەسەر هێڵی پانیی ٢٧ ،٣٨یْ باکور و هێڵی درێژیی ٤١یْ خۆرهەڵاتدا و لە ٨٠ مەتر بەرزتر لە ئاستی گۆلەکە و ١.٧٣٠ مەتر بەرزتر لەئاستی ڕووی دەریاوە، لەسەر گردێکی ڕەقەنداو لە دەوروبەریدا هەڵکەوتووە. نزیکەی ١٦,٠٠٠ موسڵمان و ١٣,٥٠٠ ئەرمەنی و ٥٠٠ جوولەکەی تێدایە کە کۆی گشتییان نزیکەی ٣٠,٠٠٠ کەس دانیشتووانییەتی. ئەو بەشەی لەسەر گردە ناوبراوەکەدایە لە ناو قەڵادایە، درێژیی ٦٠٠ و پانییەکەی ٣٠٠ مەترە. لەگەڵ ئەو گەڕەکانەیدا کە لە دەرەوەی قەڵادان و بەباخچەی فراوان دەورەدراون، درێژیی شارەکە ٣ و پانییشی نزیکەی یەك کیلۆمەترە. لە ناو قەڵادا بینایەکی زۆری کۆن و نووسینی (کۆنی فۆرم) کە مێخیی پێ دەگوترێ و دەرگایەکی سەمەرەی لە ناو بەرددا هەڵکەنراو و لە ناو قەڵا و دەرەوەیدا ١١ مزگەوتی پیرۆز و ١٢ کڵێسە و قشڵەیەکی فراوان و کۆگایەکی گەورە و ٤ بازاڕ و خانێك و گەلێك گەرماو و قوتابخانەی ناوەندی و چەند قوتابخانەیەکی تایبەت بە ئەرمەنییان و

مسیۆنێرە پرۆتستانە ئەمەریکییەکان و ئاوی ڕەوانی زۆر و باخچەی بەمیوەی نایاب بەناوبانگەکانی و ترێکەی زۆر پەسندە و باخی جوانی بۆ شەراب دروستکردن گونجاو و هەوای ناوەندی و سازگاری و گۆلی تا چاوبڕەکا بەرینی، لەگەڵ ڕووە و دەشتەکانی دەوروبەری دیمەنی جوانی هەیە.

وان شارێکی گەلێك کۆنە، بەر لە زایینی عیسا (سلاوی لێ بێ)، لە لایەن شا مریەم (سەمیر امیس)ی قراڵیچە (شاژن)ی ئاسوورەوە ڕۆنراوە و بەناوی خۆیەوە پەیوەست بووە و بەناوی «شا مەریەم-ی کورد»ەوە ناونراوە. دواتر دواسەردەمی کەیانییاندا لە لایەن کەسێکی «وان» ناوەوە فراوان کراوە و ڕازێنراوەتەوە و ناوی ئەوی لێ نراوە. ئەوەندەشی نەبردووە، کەوتووەتە دەستی ئەسکەندەری مەزن.

لە سەردەمی خەلیفایەتیی عەبباسیدا. وان شارێکی زۆر دیار و پرشنگدار نەبووە و لە سەردەمی شارستانیی ئیسلامیدا؛ بینای پتر نەبووە، ئەمان لەوەوە دیارە کە لە مێژووەکانی ئەو سەردەمانەدا ناوی زۆر بەرچاو ناکەوێ.

قەزای وان، بووەتە ناوەندی ئەو ویلایەت و قەزایەی کە هەر بەو ناوەوەن. لە ڕۆخی لای خۆرهەلاتی گۆلەکەدا هەڵکەوتووە. لە خۆراواوە بەگۆلی ناوبراوو لە باکوری خۆرهەلاتەوە بەبارگرێ، لە باشووری خۆراواوە بەقەزای کەواش و لە باکوری خۆرهەلاتەوە بەلیوای حەکاری سنووردارە.

زەوییەکەی بەرزایە و تەنانەت لەبەر ئەوەی دەشتەکانیشی پتر لە ١,٥٠٠ مەتر بەرزترە لە ڕووی دەریاوە، بەگشتی بەرزە. سوسوزداغ لە سنووری باشووری خۆرهەلاتیدا درێژ بووەتەوە، داوێنەکانی ئەم و هەندێك چیای دیکەی نزیکی شار، وەك چیای وورلا بەناو قەزادا درێژ دەبێتەوە. لە لای باکوریدا مەرمید و لە لای باشووریشیدا زێی ئەنگول و تاقمێك ئاوی دیکە، بەدەم ئاوڕشێن کردنی زەوییەکانی قەزاوە دەڕژێتە ناو گۆلی وان. سەرەکییەکانی بەروبوومی دانەوێڵەی جۆراوجۆر لەگەڵ پەتاتە، میوەجاتی جۆراوجۆر و ترێ و هی دیکە. قەزاکە کراوەتە ١٧ ناحیە و ١٦٤ گوندی هەیە. دانیشتووانی ٣٥,٥٠٠ کەسن، ٢١,٥٠٠یان موسڵمان، ١٣,٥٠٠یان ئەرمەنی، ٥٠٠یشی جوولەکەن.

(ب/٦ - ل/٤٦٧٢ - ٤٦٧٣)

**ویلایەتی وان:** یەکێکە لە ویلایەتە ئاسیایەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، لە لای

باکوری خۆرهەڵاتدا هەڵکەوتووە. لە باکورەوە بەئەرزەڕۆم، لە خۆراواوە بەبتلیس، لە باشووری خۆراواوە بەدیاربەکر، لە باشوورەوە بەویلایەتی مووسڵ و لە خۆرهەڵاتیشەوە بەسنووری ئێران سنووردارە. بەنزیك کراوەیی لە نێوانی هێڵی پانیی ٣٧ و ٢٠ ٣٩یْ باکور و هێڵی درێژیی ٤٠ ٣٩ و ٢٠ ٤٢یْ خۆرهەڵاتدایە.

ڕووپێوەکەی ٤٧,٧٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، دانیشتووانیشی ٤٣٠,٠٠٠ کەسە، لەمانە ٢٤١,٠٠٠ی موسڵمان و ١٧٨,٠٠٠ی خرستیان (دیان) و ٥,٠٠٠ی جوولەکە و ٥,٤٠٠ی یەزیدی و ٦٠٠ی قەرەجن. بەشی زۆری موسڵمانانی واتە ٢١٠,٠٠٠ی کورد، ٣٠,٠٠٠ی تورك و ٥٠٠یشی چەرکەسە(٥٥٣). خرستیانەکانیشیان ٧٩,٩٩٨ یان ئەرمەنی و ٩٢,٠٠٠ یان نەستووری و ٦,٠٠٠ یشیان کلدانی کاتۆلیکن. ئەرمەنییەکان تەنیا ٧٠٨ یان کاتۆلیك، ٢٩٠ یشیان پرۆتستانن. ویلایەت، کراوەتە دوو لیوا، بەناوی وان بەخۆی و حەکاری–یەوە و ١٥ قەزاو ١٠٣ ناحیە و ١,٥٨٠ دێی هەیە.

زەوییەکەی بەشێوەیەکی گشتی بەرزاییە، نزمترین شوێنی، کە دەبێ ئاستی گۆلی وان بێ شوێنی وای هەیە، ١٦٥٠ مەتر لە ئاستی دەریاوە بەرزترە. بەشی باشووری خۆرهەڵاتی هەر هەموو چیاییە، چیای جلۆ کە بەرزایی ٤,٠٠٠ مەتری ڕەت کردووە بەهەموو لایەکدا درێژبووەتەوە. بەرزایی چیای جوودی–ش کە بەو شوێنە بەناوبانگە کەشتیی نووحی لێ وەستاوە، بەرزاییەکەی لە ٤,٠٠٠ مەتر پترە. چیای سیپانیش کە لە باکوری خۆراوای ویلایەتدایە، ٣,٩٥٠ مەتر چیای ئەڵاداغ کە لە سنوورەکانی باکوردایە و چیای خووری ٣,٥٠٠، چیای وەرەق کە لە ناوەڕاستی ویلایەتدایە، ٢٩٠٠ مەتر و چیای چووخ–یش ٣,٥٥٠ مەتر بەرزاییان هەیە.

بەکورتی خاکەکەی چیایی و بەرزە، ئەو چیایانەی لە نێو دوو لیوادا درێژ بووەتەوە، ویلایەت دەکاتە دوو نشێو (حەوزە)، بەشی زۆری لیوای وان لەگەڵ قەزای مەحموودیی لیوای حەکاری، بەشی زۆری لیوای حەکاریی گۆلی وان لەگەڵ قەزاکانی موکس و ئستان–ی (٥٥٤) وانیش لە ناو نشێویی (حەوزە)ی ڕووباری دیجلەدایە.

گەورەترینی زێیەکانی نشێویی یەکەم، لە باشوورەوە دەست پێ دەکا، زێیەکانی، ئەنگول، خۆشاب، مەرمید، بەندماهی، حەیدەر بەگ، ئورانە و شریشان–ن. چواری یەکەمی ئەمانە لە خۆرهەڵاتەوە بەرەو خۆراوا، سێیەکی دواییش لە باکورەوە بەرەو باشوور ڕێ دەکا، دەڕژێنە گۆلی وان. لە ناو ناوچەی ئەم نشێوەدا، زێیەکی زۆر گەورەی

دیکەی بەناوی مەحمەلجك–ەوە هەیە، کە لە خۆرهەڵاتەوە بەرەو خۆراوا دەڕوا، بەناوی ئەرخاج–ەوە دەڕژێتە ناو گۆلێکی مەیلە و گەورەوە کە لە لای باکوری خۆرهەڵاتی گۆلی واندایە.

ئەو زێیانەی لە نشێویی دووەمدان گەورەترن، یەکەمیان زێی سەروو کە زێی گەورەشی پێ دەڵێن و بەناوبانگە. ئەمە گەورەترینی لقەکانی دیجلەیە، لە هەندێك ناوەوەی سنوورەکانی ئێرانەوە دێ و لیوای حەکاری سەرەتا لە باکوری خۆرهەڵاتەوە بەرەو باشووری خۆراوا، دواتریش لە باکوری خۆراواوە بەرەو باشووری خۆرهەڵات جیا دەکاتەوە، لە ڕاست و چەپیشەوە ئاوێکی زۆری دێتە سەر و دوای ئەوەی زۆر گەورە دەبێ، دەچێتە ناو ویلایەتی مووسڵ و دەڕژێتە ناو دیجلەوە.

دووەمیان ئاوی بۆتانە. کە لە لیوای حەکاریدا لە نزیك شارۆچکەی جۆلەمێرگدا هەڵدەقوڵێ و دوو قەزای باشووری لیوای وان دەکاتە دوو بەش، دواتر کە سنووری دوو لیوا جیا دەکاتەوە، لە ڕاست و چەپەوە هەندێك ئاوی دیکەی دێتە سەر و بەرەو خۆراوا ڕێ دەکا، دیسانەوە دەچێتە ویلایەتی بتلیس و دەڕژێتە دیجلەوە.

بەشی زۆری گۆلی وان کە لە گەورەترینی گۆلەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییە، لە ناو ئەم ویلایەتەیە تەنیا ئەو بەشەی لەوپەڕی خۆراوایدایە، لەناو ویلایەتی بتلیسدایە. جگە لەو گۆلە گەورەیە کە لە خوارەوەدا لە بابەتی تایبەتیی خۆیدا ڕوون دەکرێتەوە، لە ویلایەتی واندا پێنج گۆلی دیکە هەیە. هەر پێنجیشی لە قەزای واندان. گەورەترینی ئەمانە، گۆلی ئەرخاج–ە کە لە سەرەوەدا باس کراوە، کە زۆر گەورەیە، ئاوەکەی سوێرە. چوارەکەی دیکە، گۆلی کەشیش و ئاق گوێل و گۆلی دیل و گۆلی ئاگری–ن. ئاوی ئەمانە سازگارە. لە نێو دوو لیوادا کە ئەم ویلایەتە پێکدەهێنن لە هیچ لایەکەوە هاوبەشی و لە یەکچوون نییە. لە لایەن کەش و هەواوەش ئەم دژایەتییە بەرچاو دەکەوێ. هەوای لیوای وان بەگشتی ساردە، زستانیشی سەخت و درێژە، بەفریشی زۆر لێ دەبارێ، ئاسمان بەزۆری ساماڵە، ئەگەرچی بەڕۆژ گەرمایی ڕۆژ هاوسەنگی لەگەڵ سەرماکە ڕادەگرێ، بەشەو سایەقە پتر دەبێ و بەیانییان پلەی گەرما تا ١٦ – ٢٠ پلە دادەبەزێتە ژێر سفرەوە. هاوینی فێنکە و، لە شاری واندا کە گەرمترین شوێنیەتی پلەی گەرما لە تەمموز و ئاب (ئەغستۆس)دا هەر تا ٣٣ پلە بەرز دەبێتەوە. لە شوێنە بەرزەکانی لیوای حەکاریدا ئەگەرچی بەبڕێکی زۆریش بەفر دەبارێ، زستانی لایە نزمەکانی مامناوەندیترە،

هاوینانیشی گەرمە. هەوای لیوای وان، جگە لە هەندێك شوێنی کە برنجی تێدا دەچێنرێ، سازگارە. لە کاتێکدا کە هەوای لیوای حەکاری مەیلە و قورسە.

لە ٤٧,٧٠٠ کیلۆمەتر کە ڕووپێوەکەی پێکدەهێنێ، تەنیا ٢١,٥٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشەی بۆ کشتوکاڵ دەست دەدا، ١٤,٣٥٠ کیلۆمەتر چوارگۆشەی چیایی و بەردەڵان و زەویی بەتاڵە، ٦,٣٥٠ کیلۆمەتر چوارگۆشەی دارستان و ٥,٤٥٠ کیلۆمەتر چوارگۆشەی گۆل و ٢٠ کیلۆمەتر چوارگۆشەشی زۆنگاوە. زەوییەکەی تا ڕادەیەك بەپیتە.

لە لیوای واندا پتر گەنم و جۆ، لە لیوای حەکاریشدا بەروبوومی سەرەکی، گەنمەشامی و برنج–ە. فاسوولیا، نۆك، پاقلە و سەوزەواتی هەمەچەشنەی دیکە لەگەڵ سێو، هەرمێ، ئالوبالوو، قۆخ، هەڵووژە، گێلاس، ڤیشنە (جۆرە گێلاسێکی ڕەنگ تێرە)، لە ناوچە باشوورییەکانیشدا هەنجیر و هەنار و بادەم و میوەی دیکە بەدەست دەخرێ. لە هەردوو لیواکەشدا باخ زۆرە، شەڕابێکی زۆر دروست دەکرێ، مێوژیشیان دەبێ. بەبڕی ٦٠٠,٠٠٠ کیلۆ تووتنیش وەدەست دەهێنرێ و دوو لەسەر سێی ئەم لە حەکاری پێدەگا، بڕێکیش کەتان بەرهەم دەهێنرێ.

دارستانەکانی سەردەمانێك زۆر زۆر بووە، ئێستا لە لیوای واندا تەنیا داری ئاسایی ناو دارستان کە بۆ دروستکردنی گاسن و ئامێرەکانی دیکەی کشتوکاڵی دەست دەدا، هەر هەموو چیاکانی ڕووتن. داری سووتاندن و کەرەستەی دارتاشییان لە ئێرانەوە دەهێنرێ. لە لیوای حەکاریدا هێشتا دارستانی لێیە، جۆرەکانی داربەڕووی لێ پێدەگا. لە ڕۆخی ئاوە ڕەوانەکان و گۆلی واندا دارچنارێکی زۆر هەیە، ئەمانەش بۆ کەرەستەی دارتاشی بەکاردەهێنرێ. لە دار گوێزیش کە سەردەمانێك بەبڕی زۆر هەبووە تەنیا لە لیوای حەکاریدا بڕێکی ماوە. گیاجاڕیشیان زۆرە و زۆر جوانە، هەموو شاخەکانی، بەهاران کە لە بەفر ڕزگاریان دەبێ بەگیای جوان دادەپۆشرێن.

ئاژەڵی ماڵییان زۆرە، مەڕەکانیان چ گۆشتیان و چ ڕۆن و پەنیر و ماستیان بەناوبانگە. گایەکانیان و ئەسپەکانیان ئەگەر کەمیش بێ، بەهێز و بەرگەگرن. لە ناوچەکانی باکوری خۆراوا و باشووری خۆراوادا بزنی بۆ موو بەخێوکراو (تفتیك) هەیە. بەرهەمی ساڵانەی ئاژەڵە ماڵییەکانیان ١٨٠,٠٠٠ سەر مەڕ و ٢٧,٥٠٠ بزن و ١٠٠,٠٠٠ گا، ٤٩,٠٠٠ ئەسپ و ٣٠,٠٠٠ گوێدرێژ و ١٨,٠٠٠ هێسترە، کە کۆی گشتییان لە دەوروبەری ٤٠٤,٥٠٠ دایە.

لە چیاکاندا ئاژەڵی کێوی زۆرە، سەرەکییەکانیان ورچ و گورگ و بەراز و ڕێوی و کەروێشك و بزنەکێوی و لە لای باشووریشیدا بەور لەگەڵ جۆرە پڵنگێکی گچکە، یانیش پشیلەی کێوی و هی دیکەی لێیە.

باڵندەی دڕندە و کەو و جۆرە مەلەکانی دیکە، لە گۆلەکاندا مەلە ئاوییەکانیش چەندین جۆری جودا جودایان هەیە. لە هەموو لایەکدا بەتایبەتی لە ناوچەی باشووردا مار و دووپشك (کلاشدوم) و موورەکانی دیکە و مێشوولەی زۆرە. هەنگیشیان زۆرە، چ کێوی بێ لە چیاکاندا، چ لە شانەکاندا، کە خەڵکەکە لە زستاندا هەنگوینەکەی وا لێ دەکەن ببەستێ و بەو جۆرەی دەفرۆشن.

ویلایەت کانزایی زۆرە، وەك ئەوەی لە نزیك شاری وان و لایەکانی دیکەدا کانی دەوڵەمەندی خەڵووزی لێیە، قورقوشمی تێکەڵ بە(زیو) و هی ئاسایی و مس و قەلای، کانزای بۆراکس و پیترۆڵ و تەباشیر و بەردی بیناسازی و هەندێك جۆری بەردی دیکەش، کەمتر لە دەرکردندایە. تەنیا لە لیوای ئەرجیش-دا (٥٥٥) خوێئاغڵەیەك هەیە و ساڵانە ١٢٠,٠٠٠ کیلۆ خوێی لێ دەردەهێنرێ. هەر لەو لیوایەدا و لە نزیك جۆلەمێرگدا گەرماوی بەگۆگرد (گۆگرداو) و لە نزیکی باشقەلادا گەرماوی بەپۆلا (پۆلا ئاو) هەیە، هەروەها لە شیوی زابیشدا بڕێکی زۆری ئاوی کانزایی بیکاربۆناتاویی ئاوی ساردی کانزایی هەیە.

پیشەسازیی ناوخۆیی ویلایەت، جۆرە کالایەك کە لە لۆکە دروست دەکرێ و کالای (بێز)ی پێ دەگوترێ. لەگەڵ (مانووسە و شایاك) کە دوو جۆرە کالای ئاسایین و عەبا، بەڕە، مافوور، بەرماڵ، شاڵی لە مووی بزن دروستکراو (تفتیك) و (کانفەس)ی ئاوریشم(٥٥٦) و چنینی قەدیفە (قەیفە)، گۆرەویی چنراو، شمەکی زیوی کوتراو و کاری دیکە، کە پەیوەندیی بەزێڕنگەرییەوە هەیە، کارەکانی سەراجی، سوراحی و ئاوپرژێن و قاپی گڵ و دیزە و قاپ و قاچاخی لە گڵ دروستکراوی دیکەی وەك ئەمانە... ڕۆنی کەتان و کاری شەراب و لە گۆلدا ماسی گرتن و دیکە پێکهاتووە. ناوەندی یەکەمی پیشەسازیی شاری وان-ە. ئەو چنراوانەی ناویان براوە، بەشێوەیەکی سەرەکی لە ماڵاندا لە لایەن ئافرەتانەوە بەرهەم دەهێنرێن. داهاتی هەموو بەرهەمە پیشەسازییەکانی ویلایەت، دەگاتە نزیکەی ٦٠,٠٠٠ لیرەی عوسمانی... هەر ڕێك سێیەکی ئەمە دەفرۆشرێتە دەرەوە و دوو لەسەر سێیشی لە ناوەوەدا بەکاردەهێنرێن.

جگە لەمانە: ئاژەڵ و ڕۆن و خوری و مووی بزن و پێستە و ڕۆنی کەتان و تۆوی کەتان و تووتن و مازوو و کاکڵە گوێز و مێوژ و بۆ دەرەوە فرۆشتن کە پەیوەندیی بەگەلێکی دیکەوە هەیە. هەناردە بەگشتی لە دەوروبەری ١٦٥,٠٠٠ لیرە دایە. بەڵام نەبوونی گالیسکە لە ڕێی وشکانیدا و کەشتی لە گۆلدا، بازرگانییەکەی زۆر سست کردووە و هەناردەی دەرەوەی ئازووقەیان نییە. لەگەڵ زۆریی بەروبوومیان هاوردەیان لە هەناردەیان ئەوەندەی ٦,٠٠٠ لیرە پترە. داهاتەکانی ویلایەت، ١٢٨,٠٠٠ و خەرجیی ناوخۆشیان لە دەوروبەری ٦٨,٠٠٠ لیرەدایە.

دابەشبوونی ویلایەتی وان بەمجۆرە:

| لیوا | قەزا | ژمارەی ناحیە | ژمارەی گوند |
|---|---|---|---|
| وان | وان | ١٧ | ١٥٤ |
| | قارچکان | ٥ | ٧٩ |
| | شتاق | ٦ | ١٦٧ |
| | کەواش | ٥ | ٥٩ |
| | عادلجەواز | ٥ | ٤٤ |
| | ئەرجیش | ٦ | ١٢٢ |
| | بارگرێ | ٤ | ١٢١ |
| | موکس | ٣ | ٨٣ |
| حەکاری | حەکاری | ١ | ١٦٥ |
| | ئەلباق | ٨ | ١٤٤ |
| | کەوار | ٦ | ١٨٤ |
| | شەمدینان | ٤ | ١٢٩ |
| | مەحموودی | ٥ | ٨٣ |
| | مەعموورەتولحەمید | ٢ | ٢٤ |
| | بەیتوششەباب | ٥ | ٣١ |
| کۆی گشتی | | ١٠٣ | ١,٥٨٠ (٥٥٧) |

(ب/٦ – ل/٤٦٧٣ – ٤٦٧٥)

**لـيـوای وان**: یـەك لـەو دوو لـیـوایـانـەیـە کـە ویلایـەتـی وان–ی لـە سەرەوە بـاس لێکراو پـێکدەهـێنن، واتـە لـیـوای نـاوەندە، بـریـتـییـە لـە بـەشی بـاکوری خۆراوای ویلایـەت. لـە باشوورەوە بەلیوای حەکاری، لە خۆرهەڵاتەوە دیسانەوە بەم لیوایە و سنووری ئێران، لە باکورەوە بەئەرزەڕۆم و لە خۆراواوە بەویلایەتی بتلیس سنووردارە. ڕووپێوی لە ٢٢,٧٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشە پێکدێ. نیوەی بۆ کشتوکاڵ دەست دەدا، چارەکێکی گۆل و پێنج یـەکی چـواریـەکـەکـەی دیـکـەش دارسـتـانـە و ئـەوەی دەمـێـنـێـتـەوەش لـە زەویـی بـەتـاڵ پێکهاتووە. سەرژمێری ١٣٠,٠٠٠ کەسە، ٦١,٠٠٠ی ئەمە، کورد و تورك و بڕێکی کەمی چەرکەس کە موسڵمانەکانی پێکدەهێنن، ٦٦,٠٠٠ی ئەرمەنی و بڕی ١,٠٠٠یشیان لە کلدانی خرستیان پێکهاتووە، ١,٠٠٠ی جوولەکە و ١,٤٠٠ی یەزیدی و ٦٠٠ یشیان قەرەجن. دابەشکردنەکانی و بارودۆخەکانی دیکەی لە بابەتەکانی سەرەوەدا و لە ناوی هەر قەزایەکدا ڕوون کراوەتەوە. پێویست بەدووبارەکردنەوەیان ناکاتەوە.

(ب/٦ – ل/٤٦٧٥ – ٤٦٧٦)

**گۆلی وان**: گەورەترین گۆلی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییە، لە بەشی باکوری خۆرهەڵاتی خاکی عوسمانیی بەشی ئاسیادایە و لە نێوانی ویلایەتی وان و ویلایەتی بتلیس–دایە و بـەنـاوی ئـەو شارەوە نـراوە کـە لـە ڕۆخـی خۆرهـەڵاتدایـە. ڕووپێوی ٦,٣٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، بۆ بەدەوریدا سووڕانەوە٦٠، یان ٨٠ سەعاتی دەوێ. بەرزیی لە ئاستی ڕووی دەریاوە ١,٦٥٠ مەترە، لە نزیکی ڕۆخیشیدا قووڵایی لە ١٠٠ مەتر پترە. لە نێوانی هێڵی پانیی ٢٧ ٣٨ و ٣٩یْ باکور و درێژیی ٤٠ و ١٠ ٤١یْ خۆرهەڵاتدایە. لە هەموو لایەکەوە بەچیای بەرز دەورەدراوە، زێیەکی زۆری دەرژێتە ناو. لەبەر ئەوەی بەهەڵم بوونی لەو ئاوانە کەمترە کە دێنە سەری، تا دێ بەرزتر و فراوانتر دەبێ و لە ژێر ئاوەکانی نزیك ڕۆخەکانیدا شوێنەواری ئاوەدانی بەرچاو دەکەوێ.

ئەم گۆلە، چوار دورگەی تێدایە، ئاختمار گەورەترینیانە کە دەورەکەی چوار کیلۆمەتر دەبێ، مەناسترێکی کۆن و گەورەی لێیە کە ناوەندەکەی کە تۆگیگۆس(٥٥٨)–ێکی گەورەی ئەرمەنییان بووە.

ئاوەکەی تاڵە، ئەو خوێیەی تێدایە کە پێی دەڵێن: «بۆراد دو سۆد». لە دەرکردنی ئەم خوێیەوە ساڵانە ٢٠,٠٠٠ قرووش و لە ڕاوەماسی–ش ٨٠,٠٠٠ قرووش باج دەستێنرێ. لە ناو گۆلدا نزیکەی ٨٧ کەشتیی چارۆکەدار (بەبایەوان) کاردەکەن و کار بەکەشتی کردن هێشتا دەستی پێ نەکردووە.

**وارتۆ**: قەزایەکە لە لیوای مووش-ی ویلایەتی بتلیس-دا، دەکەوێتە بەشی ئەوپەڕی باکوری خۆرهەڵاتی لیواوە، لە خۆرهەڵاتەوە بەبوڵانق و لە باشوورەوە بەقەزای مووش و لە خۆراواوە بەلیوای گەنج و لە باکوریشەوە بەویلایەتی ئەرزەڕۆم سنووردارە. ناوەندەکەی گوندی گومگوم-ە (٥٥٩) کە لە ناوەڕاستیاندایە. لە دوو ناحیە و ٨٩ گوند پێکهاتووە، بە ٩,٠٠٠ موسڵمان و ٧,٩٩٤ ئەرمەنی ١٦,٩٩٤ کەس دانیشتووی هەیە. خاکەکەی بەرزاییە، داوێنەکانی چیای بینگوێل لە باکوری خۆراواوە بەرەو باشووری خۆرهەڵات دەگرێتەوە. ئاوی موراد کە یەکێکە لە دوو باڵەکانی فورات، گۆشەی باشووری خۆرهەڵاتی قەزا دەکاتە دوو بەش، لە ڕاستەوە، زێی گومگوم-ی دێتە سەر کە هەموو ئاوە ڕەوانەکانی قەزا کۆ دەکاتەوە. هێزی بەپیتیی خاکەکەی مامناوەندییە. بەروبوومە سەرەکییەکانی، گەنم و جۆ و گەنمەشامی و نیسك و نۆك و هی دیکەیە. لە داوێنەکانی بینگوێلدا جۆرە چایەکیش دەڕوێ.

خەڵکەکە پتر لە کشتوکاڵی بەئاژەڵداری و بەتایبەتی مەڕومالآت بەخێوکردنەوە خەریکن. هاوینان لە لەوەڕگاکانی بینگوێلدا بەبرێکی زۆر مێگەلە مەڕ دەپەڕێنرێت و بەزستان دەنێررێنە لای حەڵەب و شام و دیاربەکر. دارستانیان نییە. تەنیا لە ڕۆخی ئاوەکاندا هەندێك دار بی و چنار لەگەڵ داری زۆر سەیری وشکانیی لێیە. پیشەی خۆجێیی، بەشێوەیەکی سەرەکی وەکو ئەو (بەڕە، بەڕ)انەی کوردەکان دروستیان دەکەن و دووگرد و هەگبە لەگەڵ تاقمی زین و ڕەختی ئەسپ و کەلوپەلەکانی دیکەی پێکهاتووە. لە نزیك گوندی وارتۆ-دا شوێنەوارێکی کۆنی زۆر دەبینرێ کە نووسینی جۆراوجۆریشی تێدایە.

بەشی هەرە زۆری خەڵکە موسڵمانەکەی کوردن (٥٦٠)، لە عەشیرەتەکانی جبرانی و لۆلان و حوزومەك (٥٦١) و قەرەباش پێکدێ. هەروەها ڕەوەندەکانی حەچین، لەزکی و قەرەپۆڵاك-ی لێن. قەزا ئاوی سارد و بەتامی لەگەڵ ئاوی کانزایی زۆرە، چەند گۆلێکی بچووکیشی لێیە.

(ب/٦ - ل/ ٤٦٥٦ - ٤٦٥٧)

**وارتۆ**: قەزایەکە لە لیوای مووش-ی ویلایەتی بتلیس و لە کۆتاییی باکوری خۆرهەڵاتی لیوادایە، لە خۆرهەڵاتەوە بە قەزای بوڵانق و لە باشوورەوە بەخودی قەزای مووش و لە خۆراواوە بەلیوای گەنج و لە باکورەوەش بەویلایەتی ئەرزەڕۆم سنووردارە، ناوەندەکەی گوندی گومگوم-ە کە لە ناوەڕاستیاندایە، لە ٢ ناحیە و ٨٩ گوند پێکهاتووە، ژمارەی

دانیشتووانی ١٦٩٩٤ کەسە، ٩٠٠٠یان موسوڵمان و ٧٩٩٤یان ئەرمەنین. خاکەکەی بەرزاییە، داوێنەکانی چیای بینگوێل لە باکوری خۆراواوە بەرەو باشووری خۆرهەڵات دادەکشێ. زێی مورادی یەك لە دوو لقەکەی فورات گۆشەی باشووری خۆرهەڵاتی قەزا دووکەرت دەکا و لەلای ڕاستەوە زێی گومگومی تێدا دەڕژێ کە ئاوە ڕەوانەکانی هەموو قەزاکە لە خۆیدا کۆ دەکاتەوە. بەپیتیی خاکەکەی مامناوەندییە، بەروبوومە سەرەکییەکانی: گەنم و جۆ و گەنمەشامی و نیسك و نۆك و هی دیکەیە. لە داوێنەکانی چیای بینگوێلدا جۆرە (چا)یەك شین دەبێ. خەڵکەکەی لە کشتوکاڵ پتر بە ئاژەڵدارییەوە خەریکن، بەتایبەتی مەڕ و ماڵات، هاوینان لە لەوەڕگاکانی بینگوێلدا مێگەلە مەڕی جۆری نایاب دەلەوەڕێنرێ، زستانان دەنێررێنە دەڤەرەکانی حەڵەب و شام و دیاربەکر. دارستانی نییە، تەنیا لە ڕۆخی ئاوەکاندا هەندێك قەڵەمتۆز و چنار و هەندێك داری زۆر سەیری وشکانی هەیە. پیشەسازیی ناوخۆیی لە شتی وەکو بەڕەو دووگرد و هەگبە و ڕەختی ئەسپ پێکدێ کە کوردەکان بەرهەمیان دەهێنن، لەنزیك گوندی وارتۆ، شوێنەواری کۆنی بەناوبانگی زۆری لێیە، کە نووسینی جۆراوجۆریان لەسەرە. زۆربەی خەڵکە موسوڵمانەکەی کوردن و سەر بەعەشیرەتەکانی جبرانلو (جبرانی) و لۆلان و حوزوومك و قەرەباش-ن. کۆچەرگەلی حەچین و لزگی و قەرەبولاق-یشی لێیە. ئاوی سارد و خۆشگوار (بەتام)ی قەزا و ئاوە کانزاییەکانیشی زۆرن، هەروەها چەند گۆلێکی گچکەشی هەیە. (وەرگێڕ)

(ب/ ٦- ل/ ٤٦٥٧)

**وەهبی (سونبول زادە - ئەفەندی)**: خەڵکی مەرعەش (مەراش)ە، چووەتە ئەستەمبووڵ، ڕێی وانە گوتنەوەی گرتووە، دوای ئەوەی لە هەندێك لە قەزاکانی ڕوومێلی و ئەنادۆڵ-دا بووە. پیشەی گۆڕیوە، بووەتە مامۆستا (خواجگان)، بەباڵیۆزی چووەتە ئێران، دواتر گەڕاوەتەوە قەزا و لە ١٢١٤ی.هـ (١٧٩٩- ١٨٠٠ی.ز)دا، کۆچی دوایی کردووە. بەناونیشانی (توحفە) و (نوخبە)وە دوو فەرهەنگی، یەکی فارسی و ئەوی دی عەرەبی هۆنیوەتەوە، پەند نامەیەکی جوان و بەناوی «شەوق ئەنگیز»ەوە هۆنراوەیەکی جوان و دیوانێکی ڕێکوپێکی هەیە، ئەم دێڕە شیعرە هی ئەوە:

کالەء وصلتی بزکز لوجە آلدق صاتدق

بو پازار لقدە رقیباسنی پك آلداتدق... (جەلیل)

(ب/ ٦- ل/ ٤٧٠٧)

# هـ

**هاروونییە**: شارۆچکەیەکە لە نزیك مەراش (مەرعەش)دا، لە ١٨٣ی هیجری (٧٩٩ی زایین)دا لە لایەن هارووونورڕەشیدەوە ڕۆنراوە، بەشوورە و قەڵاگەلێك و بەدەرگا گەلێکی ئاسنەوە قایم کراوە. دواتر کەوتووەتە دەست ڕۆمەکان و لە لایەن سەیفوددەولەوە (٥٦٢) ڕزگار کراوەتەوە.

(ب/٦ – ل/٤٧٢٣)

**هەمەدان** (٥٦٣): شارێکی کۆنی بەناوبانگە، لە داوێنی چیای لەوەندی بەرزایی ١,٨٧٧ مەتردا، لە (١٢٥) کیلۆمەتری باکوری خۆرهەڵاتی کرمەنشاهـ (کرماشان) لە لای خۆرهەڵاتی ویلایەتی کوردستانی ناوچەی عیراقی عەجەمی لای ناوچە چیاییەکانی ئێراندا. دانیشتووانی ٣٥,٠٠٠ کەسە، شوێنەوارێکی زۆری ڕوو لە ڕووخانی وەك قەڵای ڕووخاو و شوورە و بازاڕ و مزگەوت و گەرماو و کاروانسەراو لە دەوروبەریدا گەلێك شوێنی شادیبەخش و دڵگوشاو گەلێك گۆڕی ناوداران و زیارەتگاو چنراوی خوری و لۆکە و دەزگای مافوورچنی و جێی پێستەخۆشکردنی لێیە. لە دەروازەیدا پەیکەری شێرێکی لە

مەڕمەڕ داتاشراوی لێیە، لە کتێبە جوگرافیاناسەکانی ئیسلامدا نووسراوەکە بەچاوی تەلیسمەوە تەماشا دەکرێ. هاوینان کەشوهەوای بەتایبەتیش لە بەهاردا زۆر خۆشە، بەزستان زۆر سەختە، شاعیرانی عەرەب و ئێران بەشیعری تەنزئامێزی زۆرەوە باسیان لێوە کردووە. هەمەدان شارێکی زۆر کۆنە، لە زۆر کۆنەوە، یەکێك بووە لە پایتەختەکانی ئێران، لە کتێبەکانی جوگرافیاناسە یۆنانییەکاندا بەناوی «ئەکباتانە = Ekbatane= Ecbatane»وە ناسراوە. لە سەردەمی ئیسلامیدا تا دوا ڕادە ئاوەدان بووە و زێدی زانایەکی زۆر و ئەدەبدۆست بووە و پایتەختی گەلێك دەوڵەتی ئیسلامیش بووە. دوای ئەوەی لەلایەن تەیموور لەنگەوە ڕووخێنراوە: لە سەردەمی سەفەوییەکاندا تا ڕادەیەکی زۆر ئاوەدانیی کۆنی گەڕێنراوەتەوە. دواتر ئەو جەنگانەی نێوانی دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانییاندا ڕووی داوە و لە دەمی هێرشەکانی ئەفغانەکاندا سەرلەنوێ وێران کراوەتەوە. بۆ ئەوەی لە عەشیرەتی عەرەبی هەمەدان[٥٦٤] جودا بکرێتەوە بەشێوەی (هەمەذان) نووسراوە.

(ب/٦ – ل/٤٧٤٧)

**هەیمەنە**[٥٦٥]: دەشتێکی فراوانە لە لیواو ویلایەتی ئەنقەرە، بریتییە لە بەشی باشووری لیوای ناوبراو، لە دەوروبەری شاری ئەنقەرە و سیڤری حیسار–ەوە تا دەگاتە سنووری ویلایەتی قۆنیە درێژەی هەیە. لە خۆراواوە بەسەرقاریە، لە خۆرهەڵاتیشەوە بەڕێڕەوی قزڵ ئێرمەق سنووردارە، لە نێو ئەم دەشتەدا [٥٦٦] هەندێك گردۆڵکە، لە لای هەرە باشووریشدا بەناوی قەرەجەداغ و پاشاداغ–ەوە دوو چیای لێیە. زەویی هەیمەنە، ئەگەرچی زۆر بەپیتیش بێ، لە دۆخی ئێستایدا بۆش بەکارناهێنرێ، تاقمێك عەشیرەتی کورد ڕەشماڵەکانیانی لێ دادەنێن و مەڕ و ماڵاتیان دەلەوەڕێنن. ئەم خاکە فراوانە، بەناوی هەیمەنە، یانیش هەیمانتین–ەوە کراوەتە قەزایەك و خراوەتە سەر لیوای ئەنقەرە.
(ب/٣ – ل/٢٠٠٦)

**هەزار ئەسف**: دووەمی ئەو ئەتابەگانەیە کە لە لوڕی گەورەدا فەرمانڕەواییان کردووە، کوڕی ئەبوتاهیری دامەزرێنەری دەوڵەتی ناوبراو بووە. لە ساڵی ٥٥٠ی.ه (١١٥٥–١١٥٦ی.ز)دا جێی باوکی گرتووەتەوە، تا نزیکی ئەسفەهان دەسەڵاتی فراوان کردووە و سەرلەنوێ لەگەڵ ئەتابەگەکانی فارسدا کەوتووەتە جەنگین، هەر کە سەرکەوتووە، تەکلەیی سەلغەری، کچی خۆی داوەتێ و ناچاری داوای ئاشتەوایی کردووە،

فەرمانڕەوایەکی دادپەروەر و ڕەوشتپاك بووە و وڵاتی خۆی ئاوەدان کردووەتەوە و دیارە ناوەکەی لە (هەزار ئەسپ)ەوە کراوەتە عەرەبی. (وەرگێڕ)

ب/ ٦– ل/ ٤٧٣٩)

**هەکارییە**: ناوی شوێنێکە ئەمڕۆ لیوایەك پێکدەهێنێ کە سەر بەویلایەتی وان–ە لە کوردستاندا، ڕاستتر ناوی ڕەسەنی عەشیرەتێکی کوردە کە لەو ناوەدا دەژی، بەپێی ئەمە هەندێك زانا و ناودارانی دیکە نازناوی هەکاری–یان بووە، کە ناسراوترینیان (عودەی–ی کوڕی موسافیر– شێخ ئادی) و (ئەبولحەسەنی عەلی–ی کوڕی ئەحمەدی شێخەلئیسلام)ی نەوەی عوتبەی کوڕی ئەبی سوفیان و ئەبو موحەممەد عیسای کوڕی محەممەد–ی شەریعەتزان (فقیە)ی نەوەی ئیمام حەسەنی کوڕی عەلی (خودایان لێ خۆش بێ) کە لە لای سەڵاحەددینی ئەییووبی–دا خاوەن دەسەڵات و ڕێزی گەورەی هەبووە. (وەرگێڕ)

(ب/ ٦– ل/ ٤٧٤٢)

# ی

**یارپۆز**: شارۆچکەیەکی گچکەیە لە لای خۆراوای ئەلبوستان، لە قەزای ئەلبوستانی پەیوەست بەلیوای مەڕاشی ویلایەتی حەڵەب. سەردەمانێك بەناوی ئەرابیسۆس Arabisos–ەوە شوێنێکی ئاوەدانی بەناوبانگ بووە.

(ب/٦ – ل/٤٧٨٢)

**یەزیدی**: کۆمەڵە خەڵکێکە لە کوردستاندا، بەناو موسڵمانن و لە ڕاستیدا تەواوێك پابەندی بیروباوەڕگەلێکی تەواو دژ بەباوەڕەکانی ئیسلامە، ئەمانە لە دەسەڵات و لە سەرەتای ئەفراندنی جیهانەوە، شەیتانیان بەهاوبەش (شەریك)ی خودای مەزن دادەنێن و هێز و توانستی ئەم فریشتە دەرکراوە وا دادەنێن و لەو بڕوایەدان کە تا دێ بەهێزتر دەبێ و... ئیبلیس دەپەرستن. کە بەناوی (مەلەکی تاوس)ەوە ناوی دەبەن. بەم بیروباوەڕە نامۆو قرچۆکە بەناوی شێخ یەزیدەوە بەستراوەتەوە کە دامەزرێنەریەتی، بۆیە ئەم ناوەیان لێ نراوە.

لە هەندێك لە لایەكانی كوردستان و جەزیرەدا لە بارودۆخێكی پەرت و بڵاودان. كۆی گشتیی دانیشتووانی ٢٠٠,٠٠٠ كەس ڕەت ناكا. لەبەر ئەوەی ڕێباز و بیروباوەڕی ئەمانە لەسەر بناغەی بێ زانستی دامەزراوە، لە سایەی حەزرەتی خەلیفەی[٥٦٧] پارێزەری ئاین-دا، لە پێناوی بڵاوكردنەوەی پەروەردە و زانست و پەرەسەندنی، ڕوونە كە لە كۆتاییدا بەهاتنە سەر ڕێی ڕاست كۆتاییی دێ.

(ب/٦-ل/ ٤٧٩٨ - ٤٧٩٩)

**یووسف شا**: پێنجەمینی ئەتابەگانی لوڕی گەورەیە، بووەتە جێنشینی شەمسەددینی ئاڵب ئەرغوون-ی باوكی، لەبەرئەوەی ئەباقاخانی لە مەترسییەكی گەورە ڕزگار كردووە، لێی جودا نەبووەتەوە و وڵاتەكەی بەجێگری بەڕێوە دەبرد. دواتر كە جەنگ لە نێوانی ئەرغوون خان و ئەحمەدخان بەرپابووە، لایەنگیریی ئەحمەدخانی كردووە، لە شكست خواردنی ئەحمەدخاندا داوای لێبوردنی كردووە، بە وەدەستهێنانی لێبوردنی خان چووەتە لوڕستان، لە ٦٨٠ی.هـ (١٢٨١- ١٢٨٢ی.ز)دا لەوێ كۆچی دواییی كردووە. (جەلیل)

(ب/ ٦- ل/ ٤٨١٦- ٤٨١٧)

**یووسف هەمەدانی (ئەبو یەعقووبی كوڕی ئەییووب)**: یەكێك بووە لە شێخە مەزنەكان و شەریعەتزانان، لە ٤٤٠دا لە گوندی (بوزەبخورد- بوزەنگورد)ی نزیك هەمەدان لە دایك بووە و چووەتە بەغدا، لەلای ئەبو ئیسحاقی شیرازی و كەسانی وەكو ئەمی شەریعەتزاناندا، شەریعەت (فیقهـ) فێربووە و گوێی لە فەرموودەی پیرۆز بووە، چووەتە ئەسفەهان و سەمەرقەند-یش، دوای تەواوكردنی خوێندن، بەخوداپەرستی و خوداناسی و خۆ چاككردنەوەوە خەریك بووە، كە گەڕاوەتەوە بەغدا ماوەیەكی زۆر لە مەدرەسەی نیزامییەدا بەلێدوان و پەنددادان و وانە وتنەوەوە خەریك بووە، دواتر ڕۆژگاری لە هەرات و مەڕو-دا بەسەربردووە. دواییش كە لە ٥٣٥دا لە هەراتەوە دەچێتە مەڕو، لەڕێدا كۆچی دواییی كردووە، تەرمەكەی براوەتەوە مەڕو و لەوێ نێژراوە. كەرامات و پایەبەرزیی دەگێڕێتەوە.(جەلیل)

(ب/ ٦- ل/ ٤٨١٨)

## ڕوون کردنەوە و زانیاریی تەواوکەرەوە

(١) ئەم ناوە بەکوردییەکەی «ئاڤگەور»ە واتە: ئاوی سپی، لە زمانی عوسمانیدا گۆڕانی بەسەردا هێنراوە ئاخنراوەتە ناو قالبی «ئابگەور»ەوە.

(٢) مەبەست لە «قەزای ئامەد» قەزای ناوەندیی ئامەدە. لە مەودواش لە ناوەرۆکی چەند بابەتێکدا، یان لە نەخشەکانی لیوا و قەزاکاندا، جاروبار باس لە «لیوا»، یانیش «قەزا»ی ویلایەتەکان و جاروباریش «قەزا»ی لیواکان دەکرێ. لە باسی ویلایەکاندا مەبەست لیوای ناوەندی، یانیش قەزای ناوەندییە، لە باسی لیواکانیشدا مەبەست ناوەندی قەزایە، لێرەدا دوای ئەوەی بەمجۆرە ڕوون کرایەوە، لەمەودوا بۆ هەر یەکێکیان تێبینییەکی جودا دانانێین، بەوەی کە بەمەندە ڕوون بووەتەوە بەم ڕوونکردنەوەیە لێی دەگەڕێین.

(٣) ناوە کوردییەکەی ئێرە «سمسۆر»ە، کە واتای دیارە، (سمی سۆر، سمی سوور).

(٤) ناوی ئەم قەزایە بەکوردی «ئەرخان»ە، کە واتای: (جۆگەلەکان) و (کەناڵەکان) دەگەیەنێ.

(٥) ناوە کوردییەکەی «ئاخین»ە، کە واتای لە ئاخ «گڵ، خۆڵ»ەوە هاتوو، یان لە خۆڵ دروستکراو دەگەیەنێ. لەبەر بەپیتیی خۆڵەکەی ئەم ناوە بەدەڤەرەکە دراوە.

(٦) لە نێو کورداندا بەم قەزایە دەگوترێ : «زێدکان».

(٧) ئەگەرچی بنەچەی ئەتنیکیی موسوڵمانەکانی نەشنووسرابێ، زۆرینەیی کوردەکان ڕاستییەکە نکوڵیی لێ ناکرێ.

(٨) واسیت (واسط): شارێکە لە عیراق، لە نێوانی بەسرە و کووفەدایە.

(٩) ئەو ڕستانەی خوارەوە کە بەعەرەبی بوون، بۆ تورکیمان وەرگێڕا و لێرەمان دانان.

(١٠) پێویست بوو لە بارەی زمانی تورکییەوە، لەجیاتی «زمانی ناوچەیی، ناوخۆیی،» بگوترایە «زمانی دەسەڵاتدار»، یان «زمانی فەرمی». چونکە زمانی خەڵکی ڕەسەنی شارەکە کوردییە. بەڵام لەبەرئەوەی تورکی زمانی فەرمی (ڕەسمی)یە، لە بارودۆخی زمانی بەدەسەڵاتدایە. کەچی زمانی عەرەبی، لە شارەکەدا زمانێکی جێگیر و نیشتەنی نییە.

ئەوساکە ڕوها لیوا بوو و ئێستا ویلایەتە، زمانی هەندێك کەمینەی لای باشوور بووە.

(١١) مەبەست لە «ئوورولكيلدانيیين»– ئووری كلدانییان، ئەوەیە كە ئوور هی كلدانییان بووە.

(١٢) ئەم بیرە لەگەڵ ڕاستیدا ناگونجیٚ، چونكە ناوی «ڕوها» دوور و نزیك پەیوەندییەكی نە بەزمانی عەرەبی، نە بەزمانی یۆنانییەوە نییە. ئەم ناوە بەرەسەن كوردییە، واتاكەشی «ڕزگاربوون»ە. هەر وەكو شاعیری مەزن و نەمری كورد ئەحمەدی خانی لە بەشی ٤١ی داستانی «مەم و زین»ە نەتەوەیییەكەیدا، كە «زین و مەمۆ» لە ماڵە گەورەی بەگزادەدا لە هەڵویٚستیٚكی دژواردا دەبن و بۆ ڕزگاركردنیان تاجدین ڕادەكا و ماڵی خۆی دەسووتیٚنیٚ و خانی لە زاری ئەمەوە ئەم وشەیە دیٚنیٚتە گۆ و وای بەكاردەهیٚنیٚ كە دەڵیٚ:

سەرمایەییٚ عومریٚ زیندەگانی
یەعنی مەم و زین ب دلگرانی
مایینە د وەرتەیا بەلاییٚ
من قەسدە كو ئەز بكم ڕوهاییٚ

لە نیٚو هەموو كورداندا بەكوردی ناوی شارەكە، بە«ڕوها» دەبریٚ. كۆن بە«ئورفە» و ئیٚستا ناوی «ئورفا» تەنیا لە كاروباری فەرمیدا ماوەتەوە.

(١٣) مەشلەح: جلكیٚكی كۆنە لە شیٚوەی عەبادا، لە یەك پارچە پیٚكهاتووە.

(١٤) توركبوونی بەشیٚك لە دانیشتووانی ئیٚرە، یان لە كۆنیی زانیارییەوەیە یانیش لە ئەنجامی هەڵەی زانستەوە نووسراوەتەوە. ڕاستییەكە ئەمەیە كە، لە «ڕوها»دا لە فەرمانبەرە پلە بەرز و لە ریزی پیٚشەوەكان بەولاوە، تاكە یەك توركی لیٚ نییە، ئەوانەش لە دانیشتووانی ڕەسەنی ئەویٚ ناژمیٚررێن، بەفرمان دیٚن و دەچنەوەش، عەرەبەكانیش كەمینەیەكن لە لای باشووری ڕوها نیشتەجیٚن.

(١٥) ئورمیە (ورمیٚ)، وەكو لیٚرە پیشان دراوە، لە ناوچەی ئازەربایجاندا نییە، شاریٚكە لە خۆرهەلاتی كوردستاندا هەڵكەوتووە. لیٚرە، هۆی ئەوەی كە وادانراوە بەشیٚكی ئازەربایجان بیٚ ئەوەیە، ئەو دابەشكردنە بەریٚوەبەرایەتییەیە كە لە زۆر كۆنەوە بەریٚوەبەرایەتیی ئیٚران، بەئامانجی پارچە پارچە كردنی ئەو بەشە كوردستانەی لە ژیٚر دەسەلاتی خۆیدا ڕایگرتووە. ڕژیٚمی ئیٚران، بۆ پارچە پارچە كردنی كوردستان ورمیٚ و ئەو ناوچەیەی لە باكوریدایە، بەویلایەتی ئازەربایجانەوەی گریٚ داوە و لە

لایـەن بـەڕێوەبـەرایـەتییـەوە کراوەتـە پـارچـەیـەکی ئـەو ویـلایـەتـە. لـێرەدا نـووسـەری ئـەنسیکلۆپیدیاکـەش بـەئاراسـتـەی ئـەو دابـەشکردنـە بـەڕێوەبـەرایـەتییـەدا، ورمێی بـە بـەشێك لـە ئـازەربـایـجـان دانـاوە. نـاوەرۆکی ئـەم تێبینییـە بۆ بـابـەتی لـەمـەودوای «گۆلی ورمـێ» و «ئوشنوهـ– شنۆ»ش هـەر بـەو جۆرەیە.

(١٦) نەك بەشی زۆری دانیشتووانی، هـەر هـەمووی کوردن.

(١٧) ئـەم نـاوە لـە نـاو کوردانـدا «شنۆ»یە.

(١٨) نـاوی ئێرە لـە نـاو کوردانـدا «پلوور»ە، کە واتـای «سـەنسـەر» دەگـەیـەنێ..

(لـە کوردیدا سیمۆرەی سنەوبـەری بۆ دانراوە، کە گیانلـەبـەرێکی وەك سیمۆرەیە و لـە پشیلـە گەورەترە و سوود لـە کەوڵەکەی وەردەگیرێ– وەرگێڕ)

(١٩) نەك زۆرینـەی دانیشتووانی، هـەر هـەموو کوردن.

(٢٠) کووهـی نووح: واتـە: کێوی نووح، چیای نووح. لـە زۆر کۆنـەوە، ئـەم چیایـە گڕکانـاوی بووە و گڕی پرژاندووە، کورد نـاوی «ئـاگری Agri»یـان پـێ داوە، ئیحسان نووری–ی سـەرکـردەی ئـەو بـەرگـریـیـەی سـاڵـی ١٩٢٩، لـەو نـاوچـەیـەوە دەسـتـی پـێ کـردووە، ڕۆژنـامـەیـەکیشی بـەنـاوی «ئاگری»یەوە بڵاوکردووەتـەوە، لـەو ڕۆژنـامـەیـەدا هـەر لـە ژێر ئـەو نـاوونـیشانـەدا، مـارش (سرووود)ێکیشی بـڵاوکـردووەتـەوە (بـڕوانـن: زنـنـار سلـۆپـی، «دۆزا کـوردسـتـان» لاپـەڕە/١١٢، چـاپـخـانـەی سـتـەور، بـەیـرووت ١٩٦٩). کوردەکـان هـەر هـەمـوو نـاوی «ئـاگری» بـەکـاردەهـێنن کـە بـەکوردییـە. تورکەکان لـەگەڵ زمـانی خۆیـانـدا گونجـاندوویـانـە و کردوویـانـەتـە «ئـاغری Agri». دواتریش لـە هـەندێك بـابـەتدا نـاوی ئـەم چیایـە جار جار بـە«ئـەرارات» و جـاروبـاریش بـە«ئـاغری Agri» دەنووسرێ، ئێمـە بۆ هـەریـەکـەیـان تێبینییـەك نـانووسینـەوە و ئومێدەوارین ئـەم تێبینییە بۆ هـەموو ئـەو شوێنـانـە ڕوونکـەرەوە بێ.

(٢٢) نـاوی ئـەو شـارۆچـکـەیـە بـەکوردی «هـەردیش Hardis»ە، کـە بـەشێوەی (زازا)یـی کوردی واتـەی «ڕیش، ڕدێن» دەگەیـەنێ. ئـەم نـاوە جـار جـارە پیتی (هـ)ی سـەرەتـاکەی لـێ فڕێ دەدرێ و بـەشێوەی «ئـەردیش» گۆ دەکرێ.

(٢٣) نـاوی کـوردیـی ئـێرە «ئـەردەخـان»ە، کـە بـەواتـای «خـانـی عـەرد»، «خـانـی زەوی» دەگـەیـەنێ.

(٢٤) ئـەو داگیرکارییـەی لێرە بـاسی لێوەکراوە، ئـەو داگیرکارییـە ڕووسییـەی سـاڵی ١٨٧٠یە.

وەکو دەزانرێ ئەو جەنگەی لە ساڵانی ٨٧٧- ١٨٧٨دا بەرپابووە، بەرۆژژمێری رۆمی لە ١٢٩٣ دابووە، لە مێژووی عوسمانیدا بەناوی جەنگی (نەوەدو سێ) زانراوە. بەشی ئەوپەڕی باکوری کوردستان لە لایەن رووسەکانەوە داگیرکراوە.

(٢٥) ئەردەڵان: ناوی دەوڵەتێکە سەردەمانێك لە کوردستانی خۆرهەڵاتدا بووە، بۆ زانیاریی فراوان لە بارەی ئەم بابەتەوە، بڕوانن: شەرەفخان، «شەرەفنامە»، لاپەڕە ٧٤- ٧٥، وەرگێڕانی بۆ تورکی: م. ئەمین بۆز ئەرسلان، لە بڵاوکراوەکانی دەنگ، ئیستامبوڵ ١٩٩٨. لە «شەرەفنامە» و هەندێك سەرچاوەی دیکەدا بەناوی «ئەردەلان»ەوە باسی لێوەکراوە.

(٢٦) ناوی ئێرە لە ناو کورداندا «سنە»یە. (ئەوە ناوی ناوەندەکەیە- وەرگێڕ)

(٢٧) ناوی ئەم زێیە و ئەو قەزایەی لەوێ دامەزرێنراوە، لە نێو کورداندا «زاررووشا»یە، کە شێوەی کورتکراوی »زارووکشا»یە و ئەو شوێنەی منداڵانی لە خۆشیدان و واتای ئەو شوێنەی منداڵەکانی لە خۆشی وکامەرانیدان- دەگەیەنێ.

(٢٨) ئێستا گوندێکی گچکەیە بەقەزای لیجە-وە پەیوەستە و لەو ناوچە شاخاوییەی نێوانی لیجە و حەزرۆ-دا هەڵکەوتووە. زۆر کۆن شارێکی بەبایەخ بووە و ئەم گوندە کە هێشتا شوێنەوارێکی زۆر کۆنی تێدا بەرچاو دەکەوێ، سەردەمانێك ناوەندی دەوڵەتێکی فەرمانڕەوای ئەو ناوچەیە بووە. لەم بارەیەوە، بۆ زانیاریی فراوانتر بڕوانن: «شەرەفنامە»، لاپەڕە/ ١٩٥- ١٩٨. سەرەتای ناوەکەی لە (شەرەفنامە)دا بەپیتی (عەین)ی عەرەبی دەست پێ دەکا، بە «عەتاق» نووسراوە، واتێدەگەین عوسمانییەکان ئەم ناوەیان تورکاندووە و بەقاڵبی «ئەتاق»یاندا ئاخنیوە، لە سەرچاوە کۆنە عەرەبییەکاندا بە «هەتاخ» دانراوە، کەچی ناوەکە لە ناو کوردەکانیدا «ئەنتاخ»ە. ئەم ناوە لە گۆرانییەکی هەڵپەڕکێی کوردیشدا بەکارهاتووە و هەر بەم شێوەیەش چووەتە ناو فۆلکلۆری کوردی، لەو گۆرانییەدا دەگوترێ:

ئەنتاخ-ە، ئەنتاخ-ە، لێ جانێ جانێ جانێ

شەووتی تاخ ب تاخە، ئەسمەرێ ڕوو نیشانێ

(٢٩) ناوی فەرمیی ئێستای، ئاخنراوەتە شێوەی «ئەهلات Ahlat»، ناوە کوردییەکەی ئەم ناوە «خەڵات»ە و کورد هەموو، ئەم ناوی «خەڵات»ە کوردییە بەکاردەهێنن و ناوەکەی لە شێوەی «ئەخلات»دا هەرگیز بەسەر زاردا ناهێنن.

(٣٠) ئەمە بەناوبانگترین حوکمداری دەوڵەتی (مەروانی)ی کورد بووە.

(٣١) ئەبولعەلا ئەلموعەرری: ئەم شاعیر و بیرمەندە ناودارە سوورياييیە عەرەبەی لە نێوانی ساڵانی ٩٧٣– ١٠٥٧دا ژیاوە، لە شارۆچکەی موعەررە (مەعەررە)ی سووریادا لە دایك بووە و پێگەییوە و لەوێش مردووە. سەرەڕای ئەوەی لە چوار ساڵیی تەمەنییەوە چاوەکانی لە دەست داوە، بووەتە یەکێك لە شاعیرانی بەرزترین ئاستی ئەدەبیاتی عەرەب، بەزۆری لە بابەتی فەلسەفە و ڕەخنە و داشۆردندا شیعری گوتووە و بەنزیکەکانی خۆی نووسیونەتەوە. ناوی– پێویستیی نا پێویستەکان (لزوم مالایلزم)ی بەیەکێك لە کتێبە شیعرییەکانی داوە. بەوەی کە گوتوویەتی: «گیانلەبەرانیش گیانیان هەیە، مافی ئەوەمان نییە ئەوانە سەرببڕین و گۆشتیان بخۆین. گۆشتی نەخواردووە. بەلایەنی زیرەکیی، بەشیعرەکانیدا و بەبیرتیژیی بەناوبانگ بووە. لە شیعرێکی داشۆردندا گوتوویەتی:

ئەگەر بەردێکم بۆ هەر سەگێکی وەڕیو فڕێ بدایە

نرخی یەك مسقاڵە بەرد دەبووە مسقاڵە زێڕێك

ژنی نەهێناوە، و لەبەرئەوەی هاوسەرگیریی نەکردووە، منداڵی نەبووە، کە لە مردن نزیك بووەتەوە، وەسیەتی بەنزیکەکانی کردووە، ئەو دوو ڕستەیەی کە نووسیویەتی، لەسەر کێلی گۆڕیدا بنووسرێ:

ئەم تاوانە، باوکم بەمنی کرد

من تاوانم بەرانبەر کەس نەکرد

دەقە عەرەبییەکەی بەمجۆرەیە:

هذا ماجناه علي أبي، وما جنيت على أحد... وەرگێڕ)

(٣٢) ئەم شارەی کە ئێستا پایتەختی ئەو دەوڵەتە فیدراڵییەی کوردە، کە لە باشووری کوردستاندایە و لە ناو کوردەکاندا ناوەکەی «هەولێر»ە. لە ئەنسیکلۆپیدیادا ناوەکەی لە شێوەی «ئربیل» نووسراوە. لە هەندێك بابەتی لەمەودواو لە بابەتەکەی خۆیشیدا، ئەم ناوە بەم شێوەیە دەبێ، ئێمە بۆ هەریەکەیان تێبینییەك نانووسین و هیواداریین ئەمەیان بۆ ڕوونکردنەوەی هەموو ئەو شوێنانە بەس بێ.

(٣٣) ئیمامی غەزالی: ناوی ڕەسەنی خۆی کە: موحەممەد ئەبوحامید–ە و لە ١٠٥٨دا لە

ناوچەی خۆراسانی ئێراندا لە دایك بووە، یەكێكە لە بەناوبانگترینی زانا و بیرمەندانی ئەو سەردەمەی جیهانی ئیسلام. ساڵانی دوور و درێژ وانەی لە مەدرەسەی نیزامییەی بەناوبانگی بەغدادا گوتووەتەوە و لە **١١١١دا** كۆچی دوایی كردووە، واتای ناوی ئەو كتێبەی كە لە سەرەوە باسی لێوەكراوە، (ژیاندنەوەی زانستەكانی دین)ە.

(٣٤)مەلیك ناسر: فەرمانڕەوای ئەو لقە ئەیوبییەی كە لەو دەمانەدا لە شام فەرمانڕەوایی دەكرد. لە كتێبدا بابەتی تایبەت بەخۆیشی هەیە، دەتوانرێ سەیر بكرێ.

(٣٥) ناونیشانی «مەلیك موئەیەد»، «فەرمانڕەوای پشتگیری كراو، فەرمانڕەوای هاوكاری كراو، فەرمانڕەوای یارمەتی بۆ دابینكراو» دەگەیەنێ.

(٣٦) واتە: «كورتەیەكی مێژووی مرۆڤ».

(٣٧) ئەم چاپخانەیەی واتای فەرهەنگیی ناوەكەی «مەطبەعەیی عامیرە» : ئەو چاپخانەیەی گەش و شەن-ە، ئەو چاپخانەیەی كاری ڕێكوپێك و بێ كەموكوڕی دەكا». چاپخانەی دەوڵەتی سەردەمی عوسمانی بووە لە ئەستەمبووڵ، لەبەرئەوەی ناوەكە تایبەت بوو لە وەرگێڕاندا هەر وەكو خۆی دانرا.

(لە فەرهەنگی عوسمانیشدا، هەر وەكو لە وشەی- عامیرە-ی عەرەبییەوە دیارە، واتای فەرهەنگیی ناوەكە دەبێتە: چاپخانەی ئاوەدان. وەرگێڕی كوردی).

(٣٨) واتە: ساڵنامەی شاران. (تەقویم لە عەرەبیدا واتای ڕاستكردنەوەش دەگەیەنێ.. واتە زانیاریی دروستی لە بارەی شارانەوە. وەرگێڕ).

(٣٩) واتای ناوەكانی ئەم كتێبانە، بە سەرە بەم جۆرەیە: «كۆكەرەوە، لەخۆگرەوە»، «هەڵبژاردەی بەسوود، هەڵبژاردنی زانستی بەسوود» و «كتێبی تەرازووەكان» كتێبی هاوسەنگییەكان»ە.

(٤٠) مامۆستا بۆز ئەرسلان كە زمانی ئەنسیكلۆپیدیاكەی لە توركیی عوسمانییەوە كردووەتە توركیی نوێ. بێگومان گەلێك لە یەك نزیكن. بۆیە هەر ناوە كۆنەكەی، واتە: (كوتوبخانەی عموومی)ی داناوەتەوە و لێرەدا ڕوونی كردووەتەوە، بەڵام من بەكتێبخانەی گشتی-م كردووەتە كوردی (وەرگێڕی كوردی).

(٤١) واتە: «ڕێی ڕاست-ی بەرەو ناساندنەوەی شاران و وڵاتان».

(٤٢) واتە: «کۆکەرەوەی بەڵگەکان، کۆکەرەوەی ئەو زانستانەی پاڵپشتی بەڵگەیان هەیە».

(٤٣) واتای «کەشفوززونوون– کشف الظنون» ئاشکراکردن و خستنەوە ڕووی پێ وابوونی بیری نەچەسپاو– زەن، ظنون.

ئەمەش ناوی کتیبی بیبلیۆگرافیای کاتب چەلەبیی نووسەری عوسمانی–یە، کە لە نێوانی ساڵانی (١٦٠٦– ١٦٥٨)دا ژیاوە، ناوی ڕەسەنی خۆی حاجی خەلیفە (کاتب چەلەبی)یە، ئەم کتێبەی بەسەرەو ڕیزی ئەلف و بێ، لە ماوەی ٢٠ ساڵدا تەواو کردووە، پتر لە ١٥,٠٠٠کتێب و نووسراو بەناساندن دەدا.

(٤٤) مامۆستا بۆز ئەرسلان، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە شیعرەکە بەعەرەبییە و خۆی کردوویەتی بەتورکی.

(٤٥) کەمال پاشازادە: کە ناوە ڕەسەنەکەی (شەمسەددین ئەحمەد)ە و شەیخولئیسلامی عوسمانی بووە و لە نێوانی ساڵانی ١٤٦٩– ١٥٣٣دا ژیاوە، ورد و درشت پتر لە ٣٠٠ کتێبی نووسیوە.

(٤٦) عیمادییە: ئێستا لەم سەردەمانەدا لە باشووری کوردستاندایە و ئەم شارەی کە ناوی لە نێو کوردانددا (ئامێدی)یە، ئەم شارە لە کۆنەوە ناوەندی دەوڵەتێکی کوردی بووە کە فەرمانڕەوای ناوچەکە بووە. بڕوانە: «شەرەفنامە» لاپەڕە/ ٩١ – ٩٨.

ئەم ناوە لە هەندێك بابەتی لەمەودواشدا دەبینرێ. ئێمە ئەم تێبینییە بۆ ئەو شوێنانەش بە بەس دەزانین.

(٤٧) هەشت مەدرەسە: لە ئەستەمبووڵ لە دەوروبەری مزگەوتی فاتیح–دا دانراوە، ژمارەیان هەشتە و بەزمانی عوسمانی ناوە فەرمییەکانیان مەداریسی سەمانییە (مدارس ثمانیە)یە، واتە: کۆمەڵە مەدرەسەی «هەشت مەدرەسە».

(٤٨) ناوی خۆی لە شەقامێکی گەورەی ئەستەمبووڵیش نراوە، ئەو شەقامەی لە گەڕەکی سرکەجی–یەوە تا گەڕەکی سوڵتان ئەحمەد درێژەی هەیە، تا ئێستاش بەناوی «شەقامی ئەبوسسوعوود» دەناسرێ.

(٤٩) تەفسیر: ئەو زانستەیە کە ڕاڤە و لێکدانەوەی قورئان دەکاتە بابەتی خۆی.

(٥٠) واتا: ڕێنوێنیی ئاوەزی دروست، بۆ زانینی تایبەتمەندییەکانی قورئانی پیرۆز.

(٥١) ئەم کتێبی ڕاڤە (تەفسیر)ە، یەکەم کتێبی تەفسیرە کە لە لایەن ئەبوقاسم مەحموود

زەمەخشەرییەوە نووسراوە کە لە نێوانی ساڵانی (١٠٧٥– ١١٤٤)دا ژیاوە. تەواوی ناوەکەی ئەلکەششاف عەن حەقائیق ئەتتەنزیل (الكشاف عن حقائق التنزيل)ە، کە واتای ڕوونکەرەوەی ڕاستییەکانی قورئان– دەگەیەنێ.

(٥٢) چامەی میمییە (القصيده الميمية): ئەو چامەیەیە کە سەروای هەموو دێڕە شیعرەکان بەپیتی (م) کۆتاییيان دێ.

(٥٣) لێرەدا مامۆستا بۆز ئەرسلان ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە دێڕە شیعرەکان بەعەرەبی نووسراون و ئەم کردوویەتی بەتورکی.

(٥٤) ناوە کوردییەکەی ئێرە (گێل Gel)ە.

(٥٥) ئەم سنجووقە، لە شێوەی ئەو سنجووقانە نییە کە لە گۆشت یان لە ڕیخۆڵە دروست دەکرێ، لە شێوەی باسترمەشدا نییە، بەدەزووەوە کردنی کاکڵە گوێز و لە دۆشاوە ترێ هەڵکێشان و وشك کردنەوەیەوە دروست دەکرێ، لە کوردیدا «بەنی» و «مەشلوور»ی پێ دەگوترێ.

(٥٦) ناوە کوردییەکەی ئێرە «ئاخین»ە، کەواتە «لە خۆڵەوە بوو، یان ئەو شتەی سەر بەخۆڵ–ە». هەر لەو کاتەشدا ئەم ناوە «ئاخ هەڵکێشان»یش دەگەیەنێ، بەڵام بەبڕوای ئێمە ناوەکەی دیکە بۆ ناوی شوێن گونجاوترە.

(٥٧) ناوی فەرمیی ئەمڕۆی قەزاکە لە شێوەی «ئەلبستان» دایە.

(٥٨) مەراش بەپێی ئەوەی ئەوسا لیوا بووە، دیارە بەهەڵە لێرەدا بەویلایەت (ئییالەت) دانراوە، لە کاتێکدا کە دەبوو بنووسرێ (لیوا) کە واتای (سەنجەق) دەگەیەنێ. لەوانەیە بەهەڵە لەجیاتی ئەو (ئییالەت) نووسرابێ.

(٥٩) ئەسحابی کەهف: واتا فەرهەنگییەکەی «هاوڕێیانی ناو ئەشکەوت»ە، ئەم گوتەیە، بووەتە ناوی کۆمەڵەیەکی گچکە، کە لە قورئاندا باسیان لێوە کراوە. لەبەرئەوەی بڕوایان بەخودا بووە کە لە دەست کوشتن خۆیان شاردووەتەوە پەنایان بردووەتە ناو ئەشکەوت و ٣٠٩ ساڵ لەوێ نوستوون، دوای بەئاگاهاتنەوەیان مردوون و ئەشکەوتەکەیان بووەتە جێی زیارەت و ئەم کۆمەڵە، کە گوایە لە حەوت کەس پێکهاتوون و سەرەتای ڕووداوەکەیان لە سەردەمی عیسای پێغەمبەردا بووە، جێی باوەڕە. ناوی ئەو حەوت کەسە لە قورئاندا ناویان ڕوون نەکراوەتەوە، بەڵکو ئەو ناوانەیان کە لە ناو خەڵکدا بڵاوە، بەم جۆرەیە: یەملیخا، مەکسەلینا، میسلەینا،

مەرنووش، دەبەرنووش، شازەنووش، کەفشتەتیووش، ناوی سەگەکەشیان وەکو دەڵێن (قتمیر)ە. لە کوردستاندا چەند ئەشکەوتێك بەناوی ئەوانەوە ناونراوە. بۆ نموونە، جگەلەوەی لێرە باس کراوە، ئەو ئەشکەوتەی لە قەد پاڵی باکوری گوندی دێر قام–ی سەر بەقەزای لیجەی دیاربەکر، ناوی ئەوانی هەیە و لە لایەن خەڵکەوە زیارەت دەکرێ.

(٦٠) ئەو قەزایەی ناوەکەی بەکوردی «ئاڤدری»یە، ناوە فەرمییەکەی لە شێوەی «ئاندرین» دایە.

(٦١) سەڤات (ساڤات): ئەو نەقشە ڕەشانەی لەسەر زیو دەکرێن.

(لە عیراقدا– مینای پێ دەڵێن– و. کوردی)

(٦٢) ئەعشار: ئەو باجەیە کە لە سەردەمی عوسمانیدا بەرامبەر لە دەدا یەك (دەیەك)ی بەروبوومی کشتوکاڵ وەردەگیرا.

(٦٣) لەجیاتی «زمانی گشتی» دەبوو «زمانی بالادەست» یانیش «زمانی فەرمی»ی پێ بگوترایە، چونکە زمانی دانیشتووانە ڕەسەنەکەی ئەوێ کوردییە، بەڵام چونکە تورکی زمانی فەرمی بووە، چووەتە بارودۆخی بالادەستی.

(٦٤) سیوەرەك: لە بابەتی «ویلایەتی دیاربەکر»دا ئەوە ڕوون کراوەتەوە کە بەلیوای ناوەندەوە پەیوەستە.

(٦٥) ناوی ئێرە لە ناو کورداندا «ئەردەمێت»ە. ئەو پاشگری «ێت»ەی ئەم ناوە، لەگەڵ گەورەییدا، لە کوردیدا واتای «مژین» دەگەیەنێ، کە کورتکراوەی وشەی «مێتن»ە. لەبەرئەوەی وشەی «ئەرد»یش واتای «خاك» دەگەیەنێ و ئێرە، بەپێی ئەوەی لە شوێنێکی نزیکی گۆلی واندایە، ئەم ناوە لێکدراوە لەگەڵ گەورەیی و واتای «خاکمژیو– لە لایەن خاکەوە مژراو» یانیش «خاکی مژراو» دەگەیەنێ، ناوی فەرمیی ئاخنراوەتە ناو شێوەی «ئەردەمیت»ەوە.

(٦٦) سەمیرامیس: لە نێوانی ساڵانی ١٩١٦– ١٨٧٤ی– پ.ز) فەرمانڕەوایی کردووە و ناوە ڕەسەنەکەی «سامورامات»ە.

(٦٧) وشەیەکی ئێرانییە، لە کوردیش و لە فارسیشدا «ئەرخەوان» لە هەر دوو زمانەکەدا ناوی گوڵێکی سوورە. «مەلایێ جزیری»ی شاعیری کورد لە شیعرێکیدا ئەم وشەیەی بەم جۆرە بەکارهێناوە:

خوون ژ دل چوو چوو ڕەوان تێ

وەك عەقیق و ئەرخەوان تێ

هەر لەم ناوەشەوە پەسن (سیفەتی) «ئەرخەوانی پێکهێنراوە» کە، واتە: (لە ڕەنگی گوڵە ئەرخەوان)دایە. ناوی بەکوردیی ئەم قەزایە لە کاروباری فەرمیدا ئاخنراوەتە ناو شێوەی «ئەرغوڤان»ەوە.

(٦٨) مەبەست لەو «پرسە و بووە و بەسەرچووە»، ئەو جەنگەی نێوانی عوسمانی و ڕووسیایە کە لە ساڵانی ١٨٧٧- ١٨٧٨دا بەرپابووە، چونکە ڕێکەوتی ڕۆژژمێری ڕۆمی-ی ئەوسا بەکارهاتووی ساڵی ١٢٩٣-یە، لە مێژووی عوسمانیدا بەناوی «جەنگی نەوەد و سێ» وە ناسراوە، لەبەرئەوەی لەو جەنگەدا بەشی باکوری خۆرهەڵاتی کوردستان کەوتووەتە بن دەستی ڕووسەوە، عوسمانییەکان نەیانویستووە تەنانەت ناوی ئەو جەنگەش بەبیردا بهێننەوە، کە بەناچاریش بووبێ بەزۆری وەك ئەوەی ئێرە بە«مەسئەلەیی زائیلە» کە واتا: «ئەو پرسەی بووە و بەسەرچووە»یانیش بە «موحارەبەی زائیلە» کە واتا «ئەو جەنگەی هاتووە و بەسەرچووە» یانیش بە «حادیسەیی ئەخیرە» واتا «دوارووداو» یانیش «مەسئەلەیی ئەخیرە»، واتا «دواکێشە» بەوشەی تەماوی پۆشتەکراو لە نێو ئاخاوتندا بەسەریان بردووە.

لەمەودوا هەندێك لەم دەستەواژانە بەرچاو دەکەون، ئەم تێبینییەی ئێرە بۆ ئەو شوێنانەش بە بەس دەزانم.

(٦٩) بەهەر هۆیەکەوە بێ، لێرە باسی کورد نەکراوە، لە کاتێکدا ئەمە ڕاستییەکی بەرچاوە کە کوردەکان، لەو شارەش و لە دەوروبەریشیدا بەشێکی دانیشتووان پێکدەهێنن.

(٧٠) لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا ئەگەر «چیای مونزوور»یشی پێ دەگوترێ، شێوە ڕاستەکەی سەرزاری خەڵکەکە، وەك ئەوەی ئێرە، «چیای مزوور»ە.

لەمەودواش لە هەندێك بابەتدا ئەم ناوە هاتووە، ئێمە ئەم تێبینییە بۆ هەموو ئەو شوێنانە بە بەس دەزانین.

(٧١) ئەم چیایە، دەبێ ئەو چیایە بێ کە ئێستا ناوە فەرمییەکەی «ئەگەرلی داغ»ە.

(٧٢) دەبێ هۆبەی سەربازی بێ.

(٧٣) کـازروونـی: ئـەو سۆفـیـیـەی لـە نـێوانـی ساڵانـی ٩٦٣- ١٠٣٤دا ژیـاوە، ڕێبـازی «کازروونی»ی داناوە کە بە«ئیسحاقییە»ش دەناسرێ.

(٧٤) سەدرەددینی قۆنەوی: ئەو سۆفی و زانا ئاینییەیە کە لە نێوانی ساڵانی ١٢١٠- ١٢٧٤دا ژیاوە. ئەو لێکدانەوەی قورئانەی نووسیویەتی بەناوبانگە. لەبەرئەوەی لە قۆنیە خوێندنی ئاینیی ئەنجام داوە، بە«سەدرەددینی قۆنەوی» ناسراوە. یەك لە مامۆستایانی جەلالەددینی ڕۆمی بووە.

(٧٥) لازووت: گەنمەشامی.

(٧٦) شینیك: پێودانگێکی دانەوێڵەیە.

(٧٧) ئیمامە:

١- ئەو پارچە درێژکۆڵانەیەیە کە لە سەرووی تەسبیح (تەزبیح)دا دەکرێ و داوەکەی بەناودا دەڕوا و جاروبار گوڵنگەی پێوە دەکرێ.

٢- کۆن، ئەو پارچە کارەبا (کەهرەب- کە هریبار)ە یە، بەسەر دار جگەرەدا کراوە. لە کوردیدا بەمە دەگوترێ «ئیمامۆك».

(٧٨) وادیارە لێرەدا هەڵەیەکی زانیاری بووە. چونکە لە ناو ئەوانەدا کە ژمێژران، تەنیا بتلیس ویلایەتە. لە کاتێکدا دەرسیم و هەکاری لیوان.

(٧٩) لـەبـەر ئـەوەی بـابـەتـی ئێمـە پەیوەندیی بـەکورد و کوردستـانـەوە هـەیـە، ئێمـە لـەم ئـەنسیکلـۆپیدیـایـەوە تـەنیـا بـەوەرگێڕان (مـەبـەست لـە وەرگێڕان لـە عوسمـانییەوە بۆ تورکیی نوێ، مامۆستا بۆزئەرسلان بەخۆیەتی... و. کوردی) و بۆ ئێرە گواستنەوەی زانیاری لە بارەی مەلیك ئەشرەف-ەوە لێگەڕاین کە زاوای سەلاحەددینی ئەیووبییە و بـەشێکـی گـەورەی کـوردستـانـی بـەڕێوەبـردووە، ئـەوانـی دیکـە لـە دەرەوەی بـابـەتـی ئێمەدان.

(٨٠) ئەم ناوی «ڕوها»یەی ئێرە، هەر بەم شێوە کوردییەی لە ئەنسیکلۆپیدیادا دانراوە، وەکو دیارە، ئەم ناوە لە کوردیدا «ڕزگار- ڕزگار بوو» دەگەیەنێ و ئەو ناوی شاری باس لێوە کراوە لە ناو کورددا بەکارهێنراوە «ڕوها»یە.

(٨١) ئـەم نـاوی «خـەڵات»ەی ئـێرەش، لـە ئـەنسیکلـۆپیدیـادا هـەر بـەم شێوەیـە، بـەشێوە کـوردییـەکـەی دەرکـەوتـووە. ئـەم نـاوە لـە کوردیدا «پاداشت» دەگەیـەنـێ و لـە نـاو کورداندا هەر ئەم ناوە بەکوردییەکەی بەکاردەهێنرێ.

(٨٢) ڕەققە: ئەمڕۆ لە ناو سنووری سووریادایە و شارێکە لە ڕۆخی فوراتدا.

(٨٣) ئەمە دەبێ «سمیسات»ی ناوە کۆنەکەی «سمسات» بێ کە ئێستا قەزایەکە بە(ئادییەمان)ەوە پەیوەستە، ئەوەیان دەبێ هەڵەی چاپ بێ.

(٨٤) دمیات: شارێکە لە میسر.

(٨٥) خوارزم شا: کە فەرمانڕەوایەتیی ناوەڕاستی ئاسیای کردووە، ساڵی **١٢٢١** کە لە دەست مەغۆلەکانەوە هەڵاتووە، سەرەتا هێرشی بردووەتە سەر ئێران و ئینجا کوردستان، وەکو لێرەشدا ڕوون کراوەتەوە، ئەگەر دەستی بەسەر (خەلات)یشدا گرتبێ، لە بەردەمی مەلیك ئەشرەفدا بەزیوە و ناچاری کشانەوەی بەرەو لای مەییافارەقین بووە، لەوێدا شوێنەواری بزر بووە. بەپێی قسەیەکی باو، ساڵی **١٢٣١** لەوێ لە لایەن کوردەکانەوە کوژراوە.

(٨٦) سەرەڕای ئەوەی فەرمانڕەوا ئەییووبییەکانی دوای سەلاحەددین لە هەرێمە جیا جیاکاندا فەرمانڕەواییان کردووە و لەبەرئەوەی بەزۆری پەیوەندییان بەدەوڵەتی ئەییووبیی میسرەوە بووە، تێکچوونی نێوانی لەگەڵ ئەو برایەیدا کە لە میسر فەرمانڕەوای میسر بوو، لێرەدا بەشێوەی یاخیبوون لێکدراوەتەوە.

(٨٧) بەپێی چیرۆکێکی میتۆلۆژییانەی لە ناو خەڵکدا بڵاو بووەوە، ڕەسەنی ناوەکە لە کوردیدا «ئاختامارا»یە. بەپێی ئەوەی لە چیرۆکەکەدا لێکدراوەتەوە، کوڕە لاوێکی کورد لەوێ عاشقی کچە خرستییان (دیان)ێك بووە، ناوی (تامارا) بووە، بۆ بەتامارا گەیشتن شەوێك لە ڕۆخی بەرانبەرەوە خۆی هەڵداوەتە ناو گۆلی وان و دەستی بەمەلە کردووە و لەو دەمەدا کە گەیشتووەتە دورگەکە تووشی گێژاوێك دەبێ و دەخنکێ، دوا وتەی ئەوە بووە کە هاواری کردووە: «ئاخ تامارا» و بەم جۆرە ئەو وتەیە بووەتە ناوی دورگەکە.

(٨٨) بولاق: شارۆچکەیەکە لەسەر ڕۆخی ڕووباری نیل و هەر لە کۆنەوە وەکو بەندەری شاری قاهیرە وابووە. ساڵی **١٧٩٨** کە ناپۆلیەن (ناپلیۆن) هێرشی کردووەتە سەر میسر، بەو چاپخانەیە ناوبانگی دەرکردووە کە لەوێی داناوە، ئەو چاپخانەیە یەکەم چاپخانە بووە کە لە میسر دانرابێ.

(٨٩) وادیارە ئەو هێزەی لە کویلەمەن (کۆیلەمەند)ەکان پێکهێنراوە کە تورکمان بوونە، بەزمانی تورکیی خۆیان ناوی (ئاق قۆڵ)ی لێ نراوە و ئەو وشەیە، بەواتای جۆرە (پاسەوان، نۆرەگر)ێك بەکارهێنراوە.

(٩٠) ناوی (شیرگووه)– شێرکۆ: کە بەکوردییەکەی واتای «شێرگوێ، گوێ وەکو شێر» دەگەیەنێ، ئەم ناوە جاروبار لە شێوەی «شێرکۆ» گۆ دەکرێ. ئەوەش واتا: «شێری گچکە، شێرۆکە». (لە لێکدانەوەیەکی دیکەدا کە ئێمە بەڕاستی دەزانین ئەوەیە کە: شێرکۆ، واتە شێری کێو، شێری سەرچیا دەگەیەنێ.. و.کوردی).

لەمەودواش لە هەندێك بابەتدا ئەم ناوەمان بەرچاو دەکەوێ، ئێمە ئەم تێبینییە بۆ ئەوانیش بە بەس دەزانین.

(٩١) ئەم ناوەی لێرەدا بەو شێوەیە دەرکەوتووە، شێوە ڕاستەکەی «ڕەوەند»ە، کە بەکوردی «ئەوانەی هاتوون و چوونەتەوە، هاتوچۆکەرەکان، ئەوانەی ڕێ دەکەن» دەگەیەنێ و بەواتای «کۆچەر»یشدا بەکارهێنراوە، لەم بارەیەوە، بۆ زانیاریی فراوانتر بڕوانە لاپەڕە/ ٥٥ی «شەرەفنامە».

(٩٢) عیمادەددین زەنگی: ئەو فەرمانڕەوایەی مووسڵە، کە لە ١١٢٧– ١١٤٦دا فەرمانڕەوایی کردووە.

(٩٣) بەعل بەك (بەعلبەك): شارێکە ئەمڕۆ لە ناو سنووری لوبناندایە.

(٩٤) دەوڵەتی فاتیمی: ساڵی ٩٠٩، لە باکوری ئەفریقیادا لە لایەن شیعەکانەوە دامەزراوە و ناوی فاتیمەی کچی پێغەمبەری لێ نراوە و ئەو دەوڵەتەیە کە لە (فارس)ەوە تا (میسر) و دواتریش تا فەلەستین و لوبنان و سووریاشیان دەست بەسەردا گرتووە.

لەمەودواش ناوی ئەم دەوڵەتە هاتووە، ئەم تێبینییانەمان بۆ ئەو شوێنانەش بە بەس زانی.

(٩٥) واتە شێرکۆ (شێر گوه) بووەتە وەزیر.

(٩٦) لەم نەخشەیەدا بەڕۆژژمێری هیجری دەستنیشان کراوە، ئێمە زاینییەکانیانمان لەپاڵیاندا لە ناو کەوانەدا دانا.

(٩٧) بەپێی ئەوەی دەوڵەتی ئەییووب (ئەییووبی) ساڵی ٥٦٧ دامەزراوە، دیارە لێرەدا بەهەڵە ئەو ساڵەی بۆ دانراوە.

(٩٨) بەتورك دانانی زۆربەی دانیشتووانی ئەم شارەی ناوەکەی بەکوردی «هەولێر»ە، یان بەهۆی ناتەواویی زانیارییەوەیە، یانیش بەزانیاریی هەڵەوە نووسراوە، ڕاستییەکە ئەمەیە کە هەولێر ژمارەیەکی زۆر کەم تورکمانی لێیە، ئەوانیش، کەمینەیەکی تورکمانن لە کەرکووکەوە هاتوونەتە ئەوێ کەمینەیەکی بێگانەن.

(٩٩) دەبێ (سوڵتان تەپە) بێ.

(١٠٠) جەبەلی بەرەکەت: ناوی سەردەمی عوسمانیی (عوسمانییە)یە، واتاکەی: چیای بەرەکەت..ە.

(١٠١) ڕاستییەکەی «نەصروددەولەی کوڕی مەڕوان»ە.

(١٠٢) ناوی ئەم کتێبەمان بۆ ساغ نەبووەوە (م. ئەمین بۆز ئەرسلان) (ناوی ئەو دەرمانە بەعەرەبییە)، عەققار: واتە کرۆك و بنچینەی دەرمانەکان، بەڵام بەواتای دەرمانیش بەکار دێ.

بازین (بازەین): واتە دوو باز «باز: باڵندەیەکی ناسراوە» لێرەدا من پێم وایە مەبەستی لە دوو «باز» نازناوی دوو کەسە کە ئەوە نازناویان بووبێ، بەم جۆرە ناوی کتێبەکە دەکا: «دەرمانی دوو بازان» و بەناوی ئەو دوو کەسەوە ناونرابێ! کە نازناویان باز بووە... و. کوردی)

(١٠٣) نیزامولمولك (نظام الملك): لە پیاوە ناودارەکانی دەوڵەتە، وەزیری ئەلپ ئەرسلان-ی فەرمانڕەوای سەلجووقی و دواتریش هی مەلیکشای کوڕی ئەو بووە. ناوی ڕاستەقینەی خۆی: حەسەنی کوڕی عەلی-یە. ساڵی ١٠١٨ لە ویلایەتی تووس-ی ئێراندا لە دایك بووە. دوای ئەوەی شەریعەتی ئیسلام و زانستی فەرموودە (حەدیث)ی خوێندووە، چووەتە خزمەتی دەوڵەت و بووەتە وەزیر و لەبەرئەوەی ڕێکخستنی دەوڵەتی بەشێوەیەکی نموونەیی بەڕێوە بردووە، ناونیشانی نیزامولمولك-ی دراوەتێ و بەوە ناسراوە، کە «ڕێکخەرەوەی وڵات» دەگەیەنێ. لە هەندێك شوێندا بەناوی «مەدرەسەی نیزامییە» وە دامەزراوەی فێرکردنی داناوە. بەبایەخترینی ئەو مەدرەسانە، ئەو مەدرەسەی نیزامییەیەی بەغدا بووە کە هەر هەموو ئەو زانستانەی تێدا خوێندراوەتەوە کە لەو سەردەمەدا هەبووە. ئەو کتێبە فارسییەی بەناوی «سیاسەتنامە» وە نووسیویەتی و تێبینی و ئەزموونەکانی لە بارەی بەڕێوەبردنی دەوڵەتەوەی تێدایە، زۆر بەناوبانگە. لە ساڵی ١١٩٢دا لە لایەن کەسێکی سەر بەو گرووپە پەڕگیرەوە کە (حەششاشەکان)یان پێ گوتراوە، لە کارێکی تیرۆریستانەدا کوژراوە، دوای ئەو کارە تیرۆریستییە، باوەڕێك بڵاو بووەتەوە کە مەلیکشا لەبەر ئێرەیی پێ بردن، دەستی لەو کارەدا هەبووە. مەلیکشا-ش مانگێك لە پاش ئەو مردووە.

(١٠٤) مامۆستا بۆزئەرسلان لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە شیعرەکە بەعەرەبییە و خۆی کردوویەتی بەتورکی.

(١٠٥) واتە: «ئەو کتێبەی بەکۆتایی دەگەیەنێ».

١٠٦) مامۆستا بۆز ئەرسلان لێرەشدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە شیعرەکە بەعەرەبییە و ئەو کردوویەتی بەتورکی.

(١٠٧) واتە: تەواو و بێ کەموکوڕی.

(١٠٨) واتە: شێری ناو دارستان بۆ ناسینەوەی یاوەران.

(١٠٩) سەمعانی: زانای شەریعەتی ئیسلام و فەرموودەیە، ناوە ڕەسەنەکەی عەبدولکەریم بووە، لە نێوانی ١١١٤– ١١٦٦دا، لە شاری (مەڕو)ی ئێراندا ژیاوە، بەناوبانگترین کتێبی ئەو، ئەلئەنساب (الأنساب)یەتی کە لێرە باسی لێوە کراوە، واتە: (ڕەسەن و بنەماڵەکان).

(١١٠) مێژووی مردنی کە بە٣٠٦ی هیجری (٩١٨ی زایین) نووسراوە، ئاشکرایە کە هەڵەیەکی چاپە، لە سەرچاوەکانی دیکەدا ساڵی مردنی بە٦٣٢ دانراوە، کە بەپێی زایینی دەکاتە ١٢٣٤.

(١١١) لێرەدا مێژووی لە دایکبوونی دیار نەکراوە. سەرچاوەکانی دیکە ساڵی ١١٦٢ یان بۆ لە دایکبوونی داناوە.

(١١٢) ئەو «مەلیك ناصر»ەی لەبەردەمی ناوی سەلاحەددینی ئەییووبیدا نووسراوە بەعەرەبییە، واتە: «شای یارمەتیدەر، ئەو شایەی یارمەتیی خەڵك دەدا». ئەمە ناونیشانێکی فەرمییە کە لەگەڵ ناوی سەلاحەددینی ئەییووبیدا بەکارهێنراوە.

(١١٣) سمیسات: قەزای سمسات–ی ئادییەمان–ی ئەمڕۆیە.

(١١٤) واتە: ئەو نموونەیەی لە ئەدەبیاتی نووسەر و شاعیردا دەگەڕێ (بە بەرچاوەوە دەگیرێ).

(١١٥) واتە: نەقشی نووسراو لە شیکردنەوەی هۆنراو (شیعر)دا.

(١١٦) واتە: کتێبی ئەو چەمکانەی لە هونەری نووسیندا داهێنراون.

(١١٧) ئەمیر عیززەددین سەلاح: میر و سەرکردەیەکی سەر بەبنەماڵەی سەلاحەددینی ئەییووبییە، بەناوی «عیززەددینی کوڕی مووسك»ەوە ناسراوە.

(١١٨) یەکەمیان: «سارێژکەرەوە، چاك کەرەوە» و دووەمیان: «تەواو، بێ کەموکوڕی» دەگەیەنن.

(١١٩) واتە: دوا پلە، دوا ڕادە..

(١٢٠) بەخۆی بەناوی «ئیبنوسسەلاح ئەلکوردی»یەوە ناسراوە و بەو ناوەوە چووەتە ناو مێژووەوە، (بۆ نموونە، هەندێکی دیکە لە بابەتی خۆیدا ناوی دێ و ئەو کتێبەی بەناوی «وفیات الأعیان وأنباء الزمان»ەوەیە و «مردنی پیاوماقوولان و هەواڵی کوڕانی سەردەم» دەگەیەنێ.

ب/ ١-ل /٣٩٣.

(Encyclopaedia of Islam ),new edition, c.3,s,927; E.J. Brill, 1971; Leiden- Hollanda.)

کە واتای ئەنسیکلۆپیدیای ئیسلام دەگەیەنێ.

(١٢١) سەرکردەیەکی عەرەبە کە لەو دەمانەدا حەڵەبی بەدەستەوە بووە.

(١٢٢) بەرمەکییەکان: بنەماڵەیەکی بەناوبانگە، لە ساڵانی ٧٥٠- ٨٠٣ دا چەند کەسێکیان وەزیرایەتیی خەلیفەی عەبباسییەکانیان کردووە.

(١٢٣) مەبەست لە مێژووی ٦٧١ی ئێرە ساڵی هیجرییە. کە دیارە ئەمە لە ئەنجامی هەڵەیەکی چاپ بەو شێوەیە دەرکەوتووە. ڕاستییەکەی ٦٨١ی هیجرییە، کە بەپێی زایینی (١٢٨٢)ە. مێژووی مردنی لە هەموو سەرچاوەکاندا واپیشان دراوە.

(١٢٤) واتە: مردنی پیاوماقوولان و هەواڵی کوڕانی سەردەم.

(١٢٥) شاکیر کوتوبی: مێژوونووسێکی عەرەبە، لە نێوانی ساڵانی ١٢٨٧- ١٣٦٢دا لە حەڵەب و شامدا ژیاوە. لەبەرئەوەی لە پاڵ مێژوودا کتێبفرۆشی-شی کردووە، نازناوی (کوتوبی)ی دراوەتێ، کە، واتای (کتێبفرۆش) دەگەیەنێ، واتای ناوی کتێبەکەی، کە لێرەدا باسی لێوەکراوە: (لە وەفەیات بەجێ ماوەکان)ە.

(١٢٦) ئەو دێڕانەی خوارەوە کە بەعەرەبی بوون: وەرمانگێڕانە سەر تورکی و لێرەمان دانان. هەر چەندە ئەم دێڕانە، لە ئەنسیکلۆپیدیا-دا بە هی (ئیبنوخەللیکان) دانراون، لەو کتێبەی سەرەوەی ئیبنوخەللیکاندا (ب/ ١-ل/ ٦٦٧) ئەو دێڕە باسکراوانە، لە لایەن (موحەممەدی کوڕی عەبدوللا) ناوی شاعیری بەغدادییەوە نووسراوە کە یەکێکە لە بنەماڵەی خەلیفە عەبباسییەکان و نازناوی (ئیبن

سوککەرە) بووە، واتە بە(کوڕی شەربەت) ناسراوە و لە ٣٨٥ی هیجری (٩٩٥ی زایین) دا مردووە و وادیارە شەمسەددین سامی–ی نووسەری ئەنسیکلۆپیدیا، لەبەرئەوەی زۆر سەرقاڵ بووە، یانیش لە کاتێکدا کە مێشکی زۆر ماندوو بووە، ئەو شیعرانەی لە کتێبەکەی ئیبنو خەللیکاندا دیوە، وای زانیوە ئەو شیعرانە هی خۆیەتی و بۆیە لێرە وای نیشان داوە.

(١٢٧) نابلوس: شارێکە لە فەڵەستین.

(١٢٨) کەتخودای قۆڵ (قۆڵ کەتخوداسی): پلەیەك بووە لە لەشکری عوسمانیدا. «بەرپرسی کەرت» دەگەیەنێ.

(١٢٩) هەشت بەهەشت.. (لە کوردیشدا هەر بەو جۆرەیە).

(١٣٠) جودا کردنەوەی دیاربەکر و مووسڵ لە کوردستان هەڵەیە، چونکە هەردووکیان ناوچەی کوردستانن.

(١٣١) کە گوتراوە بەوەی هەندێك تاوانی ئەنجام داوە، بێ ئەوەی ئەو کردەوانە باس بکرێن، زەحمەت نییە بەوە لێکبدرێتەوە کە دژ بەهەندێك دەستهەڵبەستی ناڕەوا و زۆردارانەی یەکێکی وەك سوڵتان سەلیم وەستابێ کە ئەوەندە پەرۆشی دەسەڵات بووە، باوکی خۆی لەسەر تەخت داگرتووە و سڵی لە کوشتنی براکانی خۆی نەکردووەتەوە و بکوژێکی دەست خوێناوی و زۆردار لە سێدارەی دابێ. دەنا شاعیرێك دەبێ چ تاوانێکی هەبێ.

(١٣٢) هەر چەندە ئێرە لە دەرەوەی کوردستانیشدا بێ، بەهۆی ئەوەوە کە بەشێکی دانیشتووانی کوردن، بۆیە بەباشمان زانی لێرەدا باسی بکەین.

(١٣٣) هەر چەندە ئەم شارۆچکەیە لە کوردستاندا نییە، لەبەرئەوەی لەوێ هەر لە کۆنەوە تا ئێستا کوردی لێ بووە و ئەم بابەتەشمان وەرگێڕا و لێرە دانا.

(١٣٤) مەکتەبی صبیان (قوتابخانەی منداڵان): بەداخەوە پێمان نەسەلمێنرا کە مەبەست لە قوتابخانەی منداڵان چییە؟ کە لێرەش و لە شوێنی دیکەشدا بەکارهاتووە، ئێمە ئەم دەستەواژەیە لە دەقدا هەندێك جار بە(صبیان مەکتەبی) و جار جارەش بە(مەکتەبی صبیان) و هەندێك جاریش بەکۆکراوەیی (صبیان مەکاتبی) و (مەکاتبی صبیان) بەکارهێناوە..

(مامۆستا بۆز ئەرسلان، درێژەی بەباسەکە داوە و باسی ناوە کۆن و نوێکانی قوتابخانە

(سەرەتایی و باخچەی ساوایان و ...تاد)ی تورکییەکانی کردووە و نەگەیشتووەتە ئەنجامێك.. من لێرەدا هەر ئەوەندەکەی سەرەوەم گواستووەتەوە و، لەبەرئەوەی سوودێکی بۆ خوێنەری کورد نییە، (مەکتەبی صبیان)م بەقوتابخانەی منداڵان وەرگێڕا... و. کوردی).

(١٣٥) قییە: پێودانگێکی کۆنی قورساییيە بەرامبەر یەك کیلۆ و (٢٨٣) گرامە، هەروەها (ئۆققە)شی پێ گوتراوە. ئەم وشەیە کە بەعەرەبییە، لەو سەردەمانەدا (ئوقییە)یە و لە کوردیدا (وەقی) و بەتورکی (قییە)ی پێ دەڵێن. پەندێکی پێشینانی کوردیش هەیە ئەم وشەیەی تێدایە: (تۆ بچی کێدەرێ، سێ توخت وەقییەك – ٥) واتە: بچیتە هەر کوێیەك سێ توخت هۆقەیەکە. ئەو (توخت)ەی کە سێیەکی هۆقەیەکە، تورکییەکەیمان دەست نەکەوت، ئەم پەندی پێشینانە، بۆ ئەوە بەکاردێ کە مەرجگەلێکی تایبەتی لە هەر جێیەکدا بێ و هەر کەی بێ– هەر ئەو ئەنجامەی لێ دەکەوێتەوە.

وشەی قییە لە دەقەکانی دوای ئەمەشدا بەکار هاتووە و ئەم تێبینییانە بۆ ئەو شوێنانەش دەبن و چیی دیکە باسی لێ ناکەینەوە، هیوادارین ڕوون کرابێتەوە.

(لەو شێوە کوردییەی مامۆستا بۆز ئەرسلان، وشەکەی بە–وەقی ناوبردووە، لە کورستانی باشووردا هۆقە–ی پێ دەگوترێ– و. کوردی).

(١٣٦) ناوی ئەم شارۆچکەیە بە کوردی «ئەلب ئاخ»ە. واتە خاکێك ئەلب–ی لێ بڕوێ، ئەم ناوە کوردییە، لەم بابەتەدا بەهەڵە لە شێوەی ئەلباق نووسراوە. لەمەودواش جاروبار بەشێوەی ئەلباق نووسراوە، ئێمە بۆ هەر یەکەیان تێبینیی تایبەت نانووسین. هیوادارین ئەم تێبینییە ئەوانی دیکەش ڕوون بکاتەوە.

(ئەلب، ئالب: واتە زەلێك کە ئەو شتە وەك گوڵەی لە جۆری لۆکەیەی پێوە دەبێ و بەتورکی Kovaی پێ دەگوترێ.. و. کوردی).

(١٣٧) ناوی ئەم شارۆچکەیەی کە بەوە ناسراوە گۆڕی پیرۆزی ئەحمەدی خانی–ی نووسەری نەمری (مەم و زین)ی داستانی نەتەوەیی کوردی لێیە. بەلای کەمالیستەکانەوە ناڕەوا گۆڕراوە و بەشێوەی سەیروسەمەرەی (دۆغوبەیازت) دا ئاخنراوە، هەر وەکو لە ئەنسکلۆپیدیادا بەشێوە ڕاستەکەی کە (بایەزید)ە دانراوە. ئەم ناوە لە کوردەواریدا بەزۆری کورت دەکرێتەوە و لە شێوەی (بایەزید)دا گۆ دەکرێ.

(١٣٨) لە هەندێك سەرچاوەدا ناوی (باز) بە(باد) نووسراوە و ڕوون کراوەتەوە کە

دامەزرێنەری دەوڵەتی مەڕوانی–ی کوردە. بڕوانن: مێژووی کوردە مەڕوانییەکانی (ئیبنولئەزرەق ئەلفارەقی)– وەرگێڕانی بۆ تورکی: م. ئەمین بۆز ئەرسلان، بڵاوکراوەکانی (کۆرال)– ئیستانبوڵ ١٩٧٥.

(١٣٩) ئەو (جزره)یەی ناوی لە ناو کوردانداا (جزیر)ە.

(١٤٠) موشیرلك (موشیرایەتی): ئەم وشەیە، لەبەرئەوەی لە زمانی عوسمانیدا زاراوەیەکی سەربازی بووە، لە وەرگێڕاندا هەر وەکو خۆی بەکارهێنرا، لەو سەردەمانەدا بە مارشاڵ–یش گوتراوە موشیر.

(١٤١) بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێك بابەت و ڕاستکردنەوەی هەندێك زانیاری پێویست هەیە، بەم جۆرە کە: لە پلەی ئالْبای بوونی بەدرخان بەگ، بەپێی پێویستییەکانی بەڕێوەبەرایەتیی میلیتارییانەی عوسمانی، بەزۆری شتێکی سیمبولْئامێز بووە، چونکە ئەو، بەگێکی کورد بوو کە دەڤەری بۆتانی کوردستانی بەسەربەخۆیی بەڕێوە دەبرد و دوور و نزیك پەیوەندییەکی بەلەشکری عوسمانییەوە نەبووە. دیارە عوسمانییەکان وەك پێویستیی سیستەمیان بەشێوەیەکی سیمبۆلیك پلەیەکی سەربازییان داوەتێ، لە ئەنسیکلۆپیدیادا، مەبەست لەو وشانەی (بەگونجاو نەبینران) و (پەسند ناکرێ) وە ڕوونکردنەوەی هەڵسوکەوت، گومانی تێدا نییە ئەو هەڵسوکەوتەی بەدرخان بەگ کە بەئامانجی لە عوسمانییان ڕزگارکردنی کوردستان ئەنجامی داوە.

ئەو باسانەی لە پێناوی خستنە سەر هەندێك کاری ئەویش، یان لە کەموکوڕییی زانیارییەوەیە، یانیش لە لایەنە فەرمییەکانی عوسمانییەوە لەم بابەتەدا زانیاریی هەڵەی دراوەتێ و ئەو زانیاریانە لە لایەنی ئەوەوە گوێزراوەتەوە ناو ئەنسیکلۆپیدیاکە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لەشکری عوسمانی هێرشی کردووەتە سەر بۆتان، بەدرخان بەگ دەستی بە بەرگریکردن کردووە. کە توانای بەرگریی بەرامبەر هێزی سەربازیی زۆر گەورەتری عوسمانی لە دەست داوە. لەگەڵ بنەماڵەیدا بەدیلی گیراوە و براوەتە ئەستەمبووڵ و هەر لەگەڵ بنەماڵەکەیدا نێرراوەتە تاراوگەی دوورگەی گریت کە ئەو سەردەمە لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا بووە، گەڕانەوەی خۆی و کەسانی بنەماڵەی بۆ کوردستان لە لایەن عوسمانییەکانەوە قەدەغە کراوە و ڕێی لێ گیراوە. دوای ئەوەی لە تاراوگەدا ١٥ ساڵ درێژەی بەژیانی خۆی داوە، لە لایەن عەبدولعەزیزی

سوڵتـانـی عـوسمـانـیـیـەوە بـانگ کـراوەتـە ئـەستـەمـبووڵ و پێشنیـاری والـیێتیـی ڕوومـێلـی-ی بـۆ کـراوە، بـەڵام ئـەو ئـەم پـۆستـەی ڕەت کـردووەتـەوە، ئـەوەی لـەو چاوەڕوان دەکرا هەر ئەوە بووە و ئەوەی لێ دەوەشایەوە ڕەتکردنەوەی ئەرکێکی لەو جـۆرە بـووە. چـونکـە پـەسنـدکـردنـی فـەرمـانـێکـی عـوسمـانـیـی وەهـا، لـە لایـەن سەرکردەیەکی خەڵکەوە چاوەڕوان ناکرێ. لەبەرئەوەی لە لایەن عوسمانیشەوە ڕێ لە چوونەوەی بۆ کوردستانی لێ گیرابوو، خواستی لە شام-دا نیشتەجێ دەربڕیوە. ئەو داوایەی لە لایەن عەبدولعەزیزەوە پەسندکراوە و چووەتە شام و لەوێ نیشتەجێ بووە. بەوەی کە دیارە بەقسە نازناوی پاشایەتیشی هەر ئەوسا دراوەتێ. بەرانبەر بەو نارەواییەی لەگەڵیدا کراوە و بۆ دڵدانەوەی خودی خۆی و کوردەکان ئەم پلە سیمبۆلیکەی پێ دراوە. ئەو، ساڵی ١٨٧١ لە شام کۆچی دوایی کردووە. ناوی لە هەموو جێیەکی کوردستاندا، هەموو دەمێك بەرێزێکی زۆرەوە یاد دەکرێتەوە و بۆیە هەموو بە «میر بەدرخان»، یان بە«میربەدرخانی پۆتی» باسی لێوە دەکرێ.

میقداد مەدحەت بەدرخان کە لە قاهیرەی پایتەختی میسردا لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨دا دەستی کردە بڵاوکردنەوەی یەکەم ڕۆژنامەی کوردیی لە میژوودا، کە ناوی کوردستان بوو. دوای پێنجەمین ژمارە عەبدوڕڕەحمانی برای کە لە ئەوروپا درێژەی بەدەرکردنی ڕۆژنامەکە داوە، ئەوانە کوڕانی میر بەدرخان بوون. لە بارەی ئەو بەڕێوەبەرێتییە دادپەروەرانەیەی بەدرخان لە بۆتاندا و ئەو نارەواییەی لە لایەن بەڕێوەبەرێتیی عوسمانییەوە بەرامبەر بەو کراوە، هەروەها بۆ زانیاریی پتر، بـڕوانـنـە: عـەبـدوڕڕەحـمـان بـەدرخـان، (کـوردسـتـان- یـەکـەم ڕۆژنـامـەی کـورد لـە مێژوودا)، ب/ ١-ژ/ ١٣، ل/ ٢٦٤- ٢٦٧. نووسینی بەکوردی و ژ/ ١٤، ل/ ٢٨٨- ٢٩٢، نووسینی تورکی بەپیتی عەرەبی و وەرگێڕانی بۆ پیتی لاتینی: م. ئەمین بۆز ئەرسلان. بڵاو کراوەکانی دەنگ؛ ئوپسالا- ١٩٩١.

(١٤٢) ئـەم قـەزایـەی نـاوی فـەرمـیـی (بـەیـتـوششـەبـاب)ی عـەرەبـیـیـە، واتـای مـاڵـی لاوان دەگەیەنێ، بەڵام لە ناو کورداندا ناوی (ئەلك)ە.

(١٤٣) ناوی ئەم شارە بەکوردی (بەدلیس)ە و ئەم ناوە لە گۆرانییەکی زۆر و لاواندنەوەدا هێنراوەتەوە. بۆ نموونە ساڵی ١٩١٣ لەسەر ئەوەی لە لایەن حکوومەتی ئیتتیحاد و تەرەققیی عوسمانییەوە هەژدە نیشتیمانپەروەر لەم شارەدا هەڵواسراون و کوژراون، لە لایەن خەڵکەوە و دواتر لە لایەن دەروێشە کوردەکانەوە لە شێوەی چامە (قەسیدە)

دا کـە پـێی گـوتـراوە (ئـەربـانـە) و لـەگـەڵ دەفـدا دەگـوتـرێ بـڵاو کـراوەتـەوە، لـە لاواندنەوەیەکی کوردیدا دەگوترێ:

چوومە بەدلیسێ، خۆپانێ دکۆرتێ دا

هاتم بەدلیسێ، خۆپانێ دکۆرتێ دا

دارا خاجی ڕاست کر بوون تێ دا

کندرێن زەیت کری بەردابوون پێدا

شێخ شابەددین، سەید عەلی مەحمەد شیرین

ئاڤێتبوون پێ دا

کندر قەتیا بوو ژ بال خوە دێ دا

شێخ شابەددین کەتبوو ئەردێ دا

دلێ نەیاران کەڤر بوو تێ دا

دیسا شێخ ئاڤێتبوون کندرێ سێپێ دا

بۆ زانیاریی پتر لەبارەی ئەو بزووتنەوەی بەرگرییەی کە لاواندنەوەکە کردوویەتییە بابەتی خۆی، بڕوانە: لاو ڕەشید «چیرۆکێکی مێژوو» گۆڤاری «ژین» –ب/ ٤–ل / ٧١٩– ٧٢١، ٧٣٨ –٧٤٠ و ل/ ٧٥٢– ٧٥٧و ٧٧٠– ٧٧٥؛ وەرگێڕانی لە پیتی عەرەبییەوە بۆ پیتی لاتینی: م. ئەمین بۆز ئەرسلان. بڵاو کردنەوەی (دەنگ). ئوپسالا– سوێد ١٩٨٧.

لە لاواندنەوەیەکی دیکەی بەبۆنەی کوشتنی خالید بەگی جبرانیی سەرکردەی کوردەوە گوتراوە، کە کەمالیستەکان لە مانگی شوباتی ١٩٢٥دا لەم شارە بەهەڵواسین کوشتوویانە، هەر ئەو ناوە لە شێوەی (بەدلیس) بەکارهێنراوە، لە شوێنێکی ئەو لاواندنەوەیەدا دەڵێ:

کولێ تو ب کول بی تێکەڤ مالا قایمەقامێ قەلاڤێ خنووسێ

ژ ئێڤارا خوەدێ ڤەد دایرێ دا ڕوونیشتییە، ئەوراقێ میرێ من

دەرخستییە، ب خوە دبێژە، ب بێجی و تلیکێن خوە دنیڤسە

ئەمرێ میرێ من دەرخستنە، سەوقا میرێ من یان خارپێت–ە

یان دیاربەکر–ە، یان بەدلیس–ە.

ئەم ناوە لە «شەرەفنامە»ی مێژووی کوردیشدا بە«بەدلیس» بەکارهێنراوە، ناوی شار لە هەندێك شوێندا لەسەر زاری خەڵکدا کورت کراوەتەوە و لە شێوەی (بلیس) بەکار دێ.

(١٤٤) لێرەدا ئەو حکوومەتەی باسی لێوە کراوە، دەوڵەتی شەرەفخانییانی کوردە. بۆ زانیاریی پتر لە بارەی ئەم دەوڵەتەی بابەتی باسەکەوە بڕوانن: (شەرەفنامە)ی مێژووی کورد. ل/ ٢٧١- ٣٦٤.

(١٤٥) ڕاستییەکەی شەرەف بەگ-ە.

(١٤٦) ناوی کوردیی ئەم چیایە (ئەندۆك)ە، ئەم ناوە لە گۆرانییەکی هەڵپەڕکێی کوردیدا ناوی هاتووە. لاوێکی دڵدار، لەو گۆرانییەدا بەم جۆرە لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا دەئاخڤێ:

سێ چیا ل ئەندۆك-ێ هەنە و، دەلێ لێ و دەلێ لێ و
دەلێ لێ و دەلێ لێ و دەلال- یا من
سێ چیا ل ئەندۆکێ هەنەو، دەلێ لێ و دەلێ لێ و
دەلێ لێ و دەلێ لێ و دەلال- یا من
تەڤ شیش و مەنگەنەنەو، دەلێ لێ و دەلێ لێ و
دەلێ لێ و دەلێ لێ و دەلال یا من
تەڤ شیش و مەنگەنەنەو، دەلێ لێ و دەلێ لێ و
دەلێ لێ و دەلێ لێ و دەلال یا من
مەسکەنێن من و تەنە، دەلێ لێ و دەلێ لێ و
دەلێ لح و دەلێ لێ و دەلال یا من
مەسکەنێن من و تەنە، دەلێ لێ و دەلێ لێ و
دەلێ لێ و دەلێ لێ و دەلال یا من

ئەم (لێ)یەی لەم پارچەیەدایە تایبەتە بەکوردی، بۆ ناوە مێیینەکان بەکار دێ، لەبەرئەوەی لە تورکیدا بەرانبەری نییە، ئەوەمان بەوشەی (هێی) وەرگێڕا.

(١٤٧) ناوە کوردییەکەی ئێرە، (مۆتکان)ە، هەر لەو دەڤەرەدا بەم ناوەوە عەشیرەتێکی گەورەی کورد هەیە.

(١٤٨) شێوە ڕاستەکەی ئەم ناوە کە بەکوردییە (بەروار)ە کە واتای (قەدپاڵ) یش دەگەیەنێ، عوسمانییەکان ئەم ناوەیان گۆڕیوە و کردوویانەتە (پەرواری).

(١٤٩) بەپێی سەرەی ئەلف و بێ، خۆی دەبووایە ئەم بابەتە بەر لە ماددەی (ویلایەتی بتلیس)ی پێشەوەیدا باس بکرێ. لە بنچینەدا لەبەر ئەوەی لە ئەنسیکۆپیدیادا ئەو بابەتانەی سەر بە بابەتی بتلیسن بەو شێوەیە ڕیز کراون، ئێمەش نەمانویست ڕیزبەندییەکە تێکبدەین و ئەم بابەتانەمان لێرە دانا.

(١٥٠) ڕاستییەکەی چیایەکی بەرزە، چونکە چیاکان بەگەورەیان نییە، بە بەرزایانەوە دەپێورێن.

(١٥١) ئەوەندەی بزانین، ئەو چیایەی ئێرە، کە بەناوی (کۆشمار)ەوە دەناسرێ، ناوەکەی بەکوردی (خوەشمار)ە، کە «بەهادر، ئازا» دەگەیەنێ.

(١٥٢) سەککاکی: ئەدیب و زمانزانی عەرەبینووسی بەڕەسەن تورکە، کە خەڵکی ناوچەی خارزم–ی ناوەڕاستی ئاسیایە. ناوی خۆی سیراجوددین–ە. لە نێوانی ساڵانی ١١٦٠– ١٢٢٨ دا ژیاوە. بەخۆی لە ئەدەبیاتی عەرەبدا بەئیمام (پێشەنگ) ناسراوە. بەنرخترین کتێبی کە بەناوی: کلیلی زانیارییەکان (مفتاح العلوم)ەوەیە، بەگرنگترین و ڕاستترین سەرچاوەی ئەدەبیاتی کۆنی عەرەب دادەنرێ.

(١٥٣) شێخ سەعدەددینی جەباوی: خەڵکی گوندی (جەبا)ی شامە، ڕێبازی سەعدییەی دامەزراندووە. ساڵی ١٣٠٠، کۆچی دوایی کردووە.

(١٥٤) چیای باس لێوە کراو لە کوردستاندایە، لەبەر هەر هۆیەك بێ، لێرە نەنووسراوە، لەمەودوا لە بابەتی (کەرمانشاهـ)دا ئەم ڕاستییە ڕوون دەکرێتەوە.

(١٥٥) مەبەست لە ناوەوەی (سعرد)، ناو شاری سعرد نییە، بەڵکو مەبەست ناوەوەی ویلایەتی سعردە، چونکە ئەم ڕووبارە لە باشووری شاری سعرددایە.

(١٥٦) ناوی ئەم قەزایە لە ناو کوردەکاندا ناوی «کۆپ»ە. لە لایەکی دیکەوە لە ئەنسیکلۆپیدیادا هەر ئەم ماددەیە دوو قەزای بەیەك ناو تێدایە.

یەك لەوانە: بەمووش–ەوە پەیوەستە، ئەوی دیکە بە«ئەدەنە»وە بەستراوەتەوە. لەبەرئەوەی بابەتمان لێرەدا ئەو بابەتانەیە پێوەندییان بەکوردستان و کوردەوە هەیە، ئێمە تەنیا ئەو قەزا کوردەی پەیوەستە بە(مووش)ەمان وەرگێڕا و لێرەمان دانا.

(١٥٧) ئەم گوڵە لە ناو کوردانـدا بەناوی (نازك)ەوە دەناسرێ.

(١٥٨) نـاوە کـوردیـیـەکـەی ئـێرە (پشدەر)ە، کـە ڕەسەنـی وشەکـە واتـای «پشت دەرگـاوە» دەگەیەنێ. پیتی (ت)ی لێ کەوتووە و چووەتە ناو قاڵبی پشدەر–ەوە. (بەڵکو بەواتای «پشت دەر– بەند» دەگەیەنێ، چونکە لە پشت دەربەندی سەنگەسەردایە..و. کوردی).

(١٥٩) تورکبوونی بەشێکی دانیشتووانی ئێرە، یان لە کەموکوڕیی زانیارییەوەیە، یانیش لە ئەنجامی هەڵەی زانیارییەوە نووسراوە. ڕاستییەکە ئەوەیە کە لە پاڵۆدا، لە فـەرمـانـبـەرانی ڕیزی سەرەوە بـەولاوە تـاکـە یـەك تورکی لێ نـییـە. ئـەوانـەش لـە دانیشتووانی وڵاتەکە ناژمێررێن، بە فرمان دێن و دەڕۆنەوە.

(١٦٠) ناوی ئەم زێیە لە لای کوردانـدا «پارسین»ە.

(١٦١) لـێرە، نـاوی دەشتـی بـاس لـێوەکـراو «دەشتـی پـارسین» کـوردیـیـەکـەی «دەشتـا پارسینێ»یە. ئەم دەشتە لە فۆلکلۆری کوردیدا زۆر بەبایەخ و شوێنێکی دیاری هەیە و گۆرانییەکی داستانئامێز ناسراوە و زانراوە. ئەو گۆرانییەی ناوی «ئیبۆ بەگێ دەشتا پارسینێ»یە، لە بارەی ئیبۆ بەگ و کۆتاییە تراژیك–ەکەی خانەوادەکەیەوە گوتـراوە، کـە لـە سەردەمـی جـەنـگـی یـەکـەمـی جیـهـانیدا نـاوچـەکە دەکـەوێتـە ژێر دەسەڵاتی ڕووسەکان، وەك خەڵکی ناوچەکانی دیکە هەڵنەهاتوون و لە شوێن و ماڵی خۆیاندا ماونەتەوە. لەگەڵ ڕۆژگاردا بڵاو بوونەوەی ئەم گۆرانییە، لە کۆڕ و دانیشتنەکانی کوردەکان لە هەموو لایەکی کوردستاندا هونەرمەندانی گۆرانی و دەنگی کورد کە «دەنگبێژ» و «سترانبێژ»یان پێ دەگوترێ، گوتراوەتەوە.

لەو گۆرانییەدا، ئەو چەتە ئەرمەنییانەی بەپشتگیریی لەشکری ڕووسەکان دەستی بەهێرشی سەر کوردەکان کردووە، هاتوونەتە کۆشکی ئیبۆ بەگ و ویستوویانە بووکەکەی و کچەکەی ببەن، ئیبۆ بەگ و ئەحمەد بەگی کوڕی ئەوانیان خەریك کردووە و هەر سێ ژنیان کوشتووە و دواتریش خۆشیان کوشتووە، بەشێوەیەکی داستانئامێز و بەشێوەیەکی زۆر بەڕوونی ڕادەگەیەنێ، گۆرانییەکە بەم جۆرە دەست پێ دەکا:

هەیواخ و واخ، هەیواخ و واخ، هەیواخ و واخ
خەڵکی ژار و زێچێن خوە گرتن و خوە خلاس کر
ئیبۆ بەگێ دەشتا پاسینێ مەلاخوە ب دەستێ خوە خراکر

(١٦٢) ناوی ئەم ناوچەیە لە لای کوردان‌دا «چارسەنجەق»ە، بەڵام لە کۆنەوە ناوە ڕەسەنەکەی وەکو لێرە ڕوون کراوەتەوە «پەری»یە. لە سەردەمی عوسمانییەکاندا وەکو بەڕێوەبەرایەتی کە کراوەتە لیوا (سەنجەق)، لە لایەن کوردەکانەوە ناوی «چار سەنجەق»ی لێ نراوە.

(١٦٣) ئەم ناوە لە لای کوردەکان بەشێوەی «پێرتاغ» بەکاردەهێنرێ.

(١٦٤) شێوە ڕاستەکەی بەکوردی «بەروار»ە کە واتای «قەدپاڵ» دەگەیەنێ، دواتر عوسمانییەکان ئەم ناوەیان کردووەتە «پەرواری».

(١٦٥) شێوەی ئەمە بەکوردی «زرکان»ە، کە ناوی عەشیرەتێکی کۆنی کوردە.

(١٦٦) ناوی ئەم ناوچەیە لە ناو خەڵکدا «تاتۆس»ە.

(١٦٧) ئەم ناوە کە بەکوردییە «گیانی تازە، تازە گیان» دەگەیەنێ. بۆچوونێکی دیکە هەیە کە ڕەسەنەکەی بە«تێرجان» واتە «گیانی تێر» دادەنێ.

(١٦٨) هارِوونورڕەشید: فەرمانڕەوای بەناوبانگی عەبباسییانە، کە لە نێوانی ٧٨٦–٨٠٩دا فەرمانڕەوایی کردووە. ئەم ناوە لە ناو بابەتی دیکەی لەمەودواش هەیە. ئەم تێبینییەم بۆ ئەوانەش بەگونجاو زانی و بۆ ئەوانە تێبینیی دیکە نانووسم.

(١٦٩) لەمەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئەو زانایە کتێبی ناوبراوی بەعەرەبی نووسیوە و لەبەرئەوە بەزانایەکی عەرەب داناوە.

(١٧٠) واتە: قەڵای سەخت.

(١٧١) بڕواننە پەرەگرافی دووەمی پەراوێزی ژمارە (٤٠٦).

(١٧٢) ئەم ناوە لە شێوەی «میسۆپۆتێمیا» لە کوردییش و لە تورکییشدا جێی خۆی کردووەتەوە.

(١٧٣) ئەمە لافی ئەرمەنییانە کە لە کۆنەوە ئەم ناوچەیە وای پێ گوتراوە، ڕاستییەکەی ئەوەیە، ئەم ناوچەیە پارچەیەکە لە کوردستان. هەر وەکو لە بابەتی وان–ی ئەم ئەنسیکلۆپیدیایەدا نووسراوە، ئەو شارە کەوتووەتە لای باکوری خۆرهەڵاتی کوردستان، ڕوون کراوەتەوە کە ئەوێندەرێ پارچەیەکە لە کوردستان. لە کۆنەوە بوونی کەمینەیەکی سنوورداری ئەرمەنی لەوێ، ڕاستییەکە ناگۆڕێ.

(١٧٤) مەبەست لەو شوێنەیە کە زێی خابوور دەڕژێتە ناو ڕووباری فورات.

(١٧٥) ئەو ناوچەیەی چیای سنجاری لێیە بەکوردی ناوی «شەنگاڵ»ە. بەکوردی ناوی چیای ناوبراویش «چیایێ شەنگالێ»یە و ئەم ناوە لە هەموو لایەکی کوردستاندا بەناوبانگە. (لالەش)ی پەرستگای بەناوبانگی ئێزیدییانیش لە بناری ئەم چیایەدایە. لە ناو کورداندا وەکو ناویش بەکارهێنراوە و «مەلایێ جزیری»ی شاعیری مەزنی کوردیش لە شیعرێکیدا بەم جۆرە باسی کردووە:

دل گەشتە من ژ دێرێ، ناچم کەنیشتەیێ قەت

میحراب وێ ب من را، وەر دابچینە لالــەش

بڕوانن: مەلایێ جزیری، «دیوان»، ل/ ٣٢، ئەوقافی ئیسلامییە مەطبەعەسی (چاپخانەی ئەوقافی ئیسلامییە) ئیستانبوڵ؛ ١٣٣٨ (١٩٢٢).

ناوی «سنجار» و «چیای سنجار» جاروبار لەمەودواش بەرچاو دەکەوێ، ئەم تێبینییانەی ئێرە بۆ ئەو شوێنانەش گونجاوە.

(١٧٦) ئەم ناوە لە بابەتی خۆیدا لە شێوەی «جەلەب» نووسراوە.

(١٧٧) یەکەمیان «شیوە سوور»، دووەمیشیان «ئەو شیوەی ئاوی زۆرە» دەگەیەنێ، هەردووکیان کە بەعەرەبین. لەبەرئەوەی ناوی تایبەتن، هەر وەکو خۆی بەکارهێنراون و وەرگێڕاون.

(١٧٨) بەزۆری مەبەست لە (پترۆل)ە.

(١٧٩– لێرەو لە هەندێك پەرەگرافی لەمەودواش، باسی لە بارەی تورکمانەکانەوە، دیارە لە ئەنجامی هەڵەی زانیارییەوە بووە. چونکە ئەم ناوچەیە تورکمانی هیچ لێ نییە. عەرەبیش هەر وەکو لە تێبینیی ژمارە (٤٠٦)دا ڕوونمان کردووەتەوە. لە بەشی ئەوپەڕی باشووریدا دەژین، لە بەشی ناوەڕاست و باکوری ناوچەکەدا دانیشتووان هەر هەموو کوردن.

(١٨٠) زۆر: ئەو ناوچەیەیە کە ئێستا لە ناو سنووری سووریادایە و ئەو ناوچەیەیە کە، بەکوردی ناوی «دێرەزۆر»ە، لەبەرئەوەی بەسەربەخۆیی بەڕێوە براوە، پەیوەندیی بەهیچ ویلایەتێکەوە نەبووە و مەبەست لەوەیە کە ڕاستەوخۆ لە ناوەندەوە بەڕێوەبراوە. وادیارە لە سەردەمی عوسمانییاندا هەندێك لە لیواکان بەو شێوەیە بەڕێوەبراوە. ناوی لیوای زۆر، لەمەودواش لە هەندێك بابەتدا بەرچاو دەکەوێ، ئێمە

بەم تێبینییە لێ دەگەڕێین و هیواداریین ئەمە بۆ ڕوون کردنەوەی شوێنەکانی دیکەش گونجاو بێ.

(١٨١) دەریای دورگەکان: (دەریای ئەگە- ئیجە)یە.

(١٨٢) سەلەفکییەکان: لە نێوانی سالانی ٣١٢ی پ.ز- ٦٤ی پ.ز لە سووریە و ئاسیای بچووکدا فەرمانڕەوا بوون و لە پێشان پایتەختیان شاری سەلۆقییەی سەر ڕۆخی دیجلە بووە، دواتریش خانەدانێك کە لە ئەنتاکیا بووە، بەناوی سەلووقییانەوە ناسراون.

لە بارەی سەلەفکییانەوە لەمەودواش هەندێك باس کراوە، ئێمە بۆ ئەو شوێنانەش ئەم تێبینییەمان بە بەس دەزانین.

(١٨٣) بۆ زانیاریی فراوانتر لە بارەی دەولەتی مەڕوانییەوە بڕوانن: ئیبنولئەزکار ئەلفارەقی، «مێژووی کوردە مەڕوانییەکان» وەرگێڕانی تورکیی: م. ئەمین بۆز ئەرسلان؛ بلاوکراوەی کۆرال؛ ئیستانبول، ١٩٧٥.

لەمەودواش ناوی مەڕوانییان زۆر دووبارە دەبێتەوە، ئەم تێبینییە بۆ ئەو شوێنانەش دەگونجێ.

(١٨٤) وەکو زانراوە، دەولەتی ئەییووبی لە لایەن سەلاحەددینی ئەییووبییەوە دامەزراوە. دوای مردنی ئەو، ئەو ولات و هەرێمانەی ژێر فەرمانڕەواییی، لە ناو نزیکەکانیدا دابەش کراوە و هەریەکەیان شێوەی دەولەتێکیان وەرگرتووە. هەندێك لەمانە لە جەزیرەدا بوون. لێرەدا مەبەست ئەو دەولەتانەیە.

(١٨٥) ئەم ناوە بەم شێوەیەی ئێرەی «دورگەی کوڕی عومەر» دەگەیەنێ، ئێرە، کە ناوە فەرمییەکەی ئەمڕۆی «جیزرە»یە، لە نێو کوردانا بەناوی «جزیرا بۆتان»، یانیش بە«جزیر» دەناسرێ و لە کۆنەوە ئەو شارە بووە کە پایتەختی دەولەتی کوردیی بۆتان بووە. ئەو بابەتی ئەویندارییەی ناو «مەم و زین»ی داستانی نەتەوەیی کوردە. لەم شارەدا هاتووەتە گۆڕێ. ناوی شارەکە لە ئەدەبی کلاسیکی کورددا و لە فۆلکلۆری کوردییشدا لە شێوەی «جزیر» دایە. بۆ نموونە ئەحمەدێ خانی-ی گەورە شاعیری کورد لە سەرەتای بەشی (٨)ەمی «مەم و زین»دا، کە میر زەیدین-ی بەگزادەی بۆتان دەناسێنێ، ناوی جزیر-ی بەم جۆرە نووسیوە:

تەختێ وی جزیر و بەخت-ی مەسعوود

تالع قەوی و مەقامی مەحموود

خانی لە بەشی (١٩)ی مەم و زیندا دوو خوشکی بەگزادە، زین و ستی لە دەمی جەژنی نەورۆزدا بەرەو ڕووی مەمۆ و تاجدین هێناوە و گیرۆدەیان بوونە، بەڵام کەسایەتییەکانیان نەناسیوەتەوە، بەیارمەتیی فاڵچی بۆ دۆزینەوەیان، دادەی کچانی بۆ چوونە لای فاڵچی تێگەیاندووە و ئەم قسەیەی کە بەفاڵچیی گوتبوو، گواستبووەوە:

شێخێ-م، تودزانی ئەڤ جزیرە
تێکدا کو بەرا و کوردە میرە
ئیحسان بکە پەردەیا هلینە
ئەو هەر دوو مەلەك، ببێژە کی نە؟

ئەم تێبینییەی ئێرە بۆ شوێنانی دیکەش کە ناوی ئەم شارەی لێ بەرچاو دەکەوێ دەست دەدا. بەپێویستی نازانین تێبینی دووبارە بکەینەوە.

(١٨٦) واتە: «جزیری».

(١٨٧) تەغلیب ئۆغوللاری (بەنی تەغلیب)- تەغلیبییەکان: بەڕەسەن خەڵکی یەمەنن. عەشیرەتێکی خرستیانی عەرەبن، بە شەڕەنگێزی بەناوبانگن. لەپێشان لە دەوروبەری حیجاز و شامدا، دواتر بەرەو خۆراوای میسۆپۆتێمیا کۆچی کردووە، لە سەردەمی یەکەمی ئیسلامدا خرستیانێتیی خۆیان پاراستووە و ماوەیەك لەگەڵ دەوڵەتی ئومەویدا پەیمانیان بەستووە. لە سەرەتای خەلیفایەتیی عەبباسیدا کە ساڵی ٧٥٠ دامەزراوە، بوونەتە موسوڵمان و ئەو دەوڵەتی حەمدانییەی دواتر لە حەڵەبدا فەرمانڕەواییان کردووە، لە مانن.

(١٨٨) بەپێی شەرەفنامەی مێژووی کورد (ل/٩٩) شاری جزیر زۆر کۆنە، لە سەردەمی خەلیفە عومەردا ساڵی ١٧ی هیجری (٦٣٨ی زایین) بەبێ شەڕ گیراوە، قەڵاکەشی لە سەردەمی عومەری کوڕی عەبدولعەزیزی فەرمانڕەوای ئومەویدا ساڵانی ٧١٧- ٧٢٠ دروست کراوە.

(١٨٩) واتە: «دورگەی عومەرییە».

(١٩٠) لە بابەتی پێشوودا بەناوەندی قەزا دانراوە، کەچی لەم بابەتەدا بەخاکی ناو سنوورەکانی قەزا دانراوە.

(١٩١) ئەوەی دیارە، لە ئەنجامی کەمیی زانیارییەوە، یانیش بەهۆی هەڵەی زانیارییەوە

نووسراوە، کە لێرەدا عەرەبی و تورکی قسەیان پێ دەکرێ و بەشێك لە دانیشتووانی لـە عـەشایـەری عـەرەب پـێکـهـاتـووە. ڕاستـیـیـەکـەی ئـەوەیـە کـە لـەم نـاوچـەیـەی کوردستاندا، نە عەشایەری عەرەب هەن، نە عەرەبی و تورکی قسەیان پێ دەکرێ. چونکە خەڵکەکە هەموو کوردن و بەکوردی دەپەیڤن.

(١٩٢) ئەم شارە ناوەکەی بەکوردی «چۆلەمێرگ»ە، واتە «مێرگی چۆل»، یانیش «چۆلی مێرگ».

(١٩٣) عەبدووڕڕەحیم ڕەحمیی نووسەر و شاعیری کورد لە «گازییا وەلات»ی نووسینی هۆنراوەیدا، دوای ئەوەی باسی ئەوەی کردووە کە لە قورئاندا وەستانی کەشتیی نووح لەسەر چیای جوودیدا باس کراوە، ئەوەی باسی کردووە کە ناوی ئەم چیایە بەکوردییە و لە بنەڕەتدا «جی دی»یە، بەواتای «شوێنی، خاکی دیتەوە» یانیش «چوودی» کە «ڕۆیشت و بینیی» دەگەیەنێ، کە ئەم ناوە لەگەڵ ڕۆژگاردا چووەتە ناو شێوەی «جوودی»یەوە، لە لایەکی دیکەوە لە داوێنەکانی چیای جوودیدا گوندێك هەیە ناوی «چل ماڵ»ە، کە دوای تۆفان چل خێزان لە کەشتیی نووح هاتوونەتە دەرەوە و ئەو گوندەیان بنیات ناوە کە ئەوانن.

بڕوانە: (عەبدوڕڕەحیم ڕحمی، «گازییا وەلات»، ل/ ١–٢ی ئەو دەستنووسەی لە لای منە).

(١٩٤) یەکەم وشەی «چار» بەکوردییە، بەم جۆرە تەواوەکەی «چارسەنجەق» واتە «چوار لیوا» کە ئەم ناوە لە ناو کورددا لە شێوەی چارسەنجەق بەکاردەبرێ.

(١٩٥) ئەم قەزایە، لە نێو کورداندا بە«مالکشی» و «چەمشکەزەك»یش ناودەبرێ، وشەی کەزەك بەکوردی «موور، مێروو» دەگەیەنێ

(١٩٦) ئـەم نـاوە، لـەبـەرئـەوەی ئـەو نـاوچـەیـە «گـەرمـاو، گـەڕاو»ی لـێیـە، کوردییـەکـەی «گەرمۆك»ە، کە واتای «گەرم و شوێنی گەرم» دەگەیەنێ. کەچی لە شەرەفنامەدا (ل/ ١٥٤– ١٥٥) ئەم ناوە لە شێوەی «چەرمۆك»دا بەکارهێنراوە.

(١٩٧) ناوی کوردیی ئەم قەزایە «چلدەر»ە، کە واتای «چل دەرگا، ئەوەی چل دەرگای هەیە» دەگەیەنێ.

(١٩٨) وەکو زانراوە کەمالیستەکان هەر وەکو دان بەبوونی کورد و کوردستاندا نانێن، دان بەبوونی لازەکان و لازستانیشدا نانێن. لە کاتێکدا، وەکو دەبینرێ، ناوی

«لازستــان» لـێرەدا بـەشێوەیـەکـی زۆر ئـاسایـی نـووسراوە. وەکـو لـە پـێشەکیشدا ڕوونمـان کردەوە، لە ئەنسیکلۆپیدیای باس لێوەکراودا «لازەکان» و «لازستان» وەکو سەرو بـابەتێکی سەربەخۆ باسیان لێوە کراوە.

(١٩٩) ئەو نـاوەی ئێرە لە نێو کورداندا «چنگووش»ە.

(٢٠٠) ئەم قەزایەی لە نـاو کورداندا بە«حەسەن قەڵا» نـاسراوە، لە دەمی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بووەتە مەیدانی پێکدادانی گەورە گەورەی نێوانی لەشکری عوسمانی و ڕووس و لە کۆتاییی ئەو پێکدادانەدا کەوتووەتە ژێر دەستی ڕووسەکان. چامەیەکی کـوردییش هـەیـە کـە ئـەم پـێکدادانـەی کردووەتـە بـابـەتـی خـۆی. ئـەو چـامـەیـەی کـە خاوەنی نەناسراوە (ئەنۆنیمە)، سەردەمانێك لە لایەن ئەو هونەرمەندە دەنگبێژە کوردانەوە کە لە نـاو خەڵکدا بە«دەروێش»، یان بە«شێخك» دەنـاسران لە کوردستـاندا بەگونداندا دەگەڕان و لەگەڵ دەفژەندندا بەدەنگی بەسۆزیانەوە چامەی کوردی و شیعریـان دەگوت، ئەم چامەیەیان دەگوتەوە، چەند دێڕێکی ئەم چامەیە بەم جۆرەیە:

هەی لۆ ل من هەوارە، دەلیل حالێ نیزامێ
سەفەرەك لەمە ڕابوو، سەفەرا خاس و عامێ
کافر کەت حەسەنقەلێ، حەیفا دینێ ئیسلامێ

چوومە حەسەنقەلێ، خۆپانێ ل بەر چەمە
هـاتم حـەسەنـقـەلـێ، خۆپـانـێ ل بـەر چـەمـە
گولێن ڤی کافری ل ئاسمانان لەمە لەمە

(٢٠١) جەنەوەیییەکان (جەنەڤزییەکان): هـاووڵاتییانی کۆماری جەنەوە، کە لە شاری جەنەوەی بەندەری سەر کەناری دەریای باکوری خۆراوای ئیتالیا، ساڵی ١٠٩٩ دامەزراوە و تـا ساڵی ١٨٠٥ درێژەی هەبووە.

بـەوەستـایـی کـاری بـازرگـانـی نـاسراون. بـۆ ئـەنـجـامـدانـی بـازرگـانی بـەشێوەیەکی سەربـەست لـە نـاو سنـوورەکـانـی ئـیـمـپـراتـۆریـەتی عوسمـانـی، چـەند جـارێك هـاوپـەیمـانییـان مۆر کردووە. ئەم کۆمارەی کە ساڵی ١٨٠٥ چووە سەر فەڕەنسا و ساڵی ١٨٤٩ گەڕاوەتەوە سەر ئیتالیـا و بووەتە بەندەرێکی ئیتالیا.

(٢٠٢) کـەلاوەکـانـی قـەڵای تـەرجیل چـەند کیلـۆمـەترێك لـە بـاشووری خۆراوای شاری

خەزرۆدایە، ئێستاش هەر ماوە، کۆن ناوەندی بەگێتییەکی کورد بووە. لەم بارەیەوە بۆ زانیاریی فراوانتر بڕوانە: «شەرەفنامە» ل/ ١٩٨– ٢٠١.

(٢٠٣) دەرخستنی جیاوازیی نێوان پیتی (H) دیاریکراوی ناو ڕستەی ناو کەوانەکەدا، لەگەڵ (H)ی سەرەتای ناوی (حەکاری Hekari) ناو ئەنسیکلۆپیدیا بەپیتی لاتینی تا بڵێی زەحمەتە، دەکرێ بەم شێوەیە بڵێین: یەکێکیان تایبەتە بەزمانی عەرەبی و لە قوڕگەوە گۆ دەکرێ، بۆ نموونە (H)ی سەرەتای ناوی حەسەن. ئەوی دیکەیان لە هەموو زمانەکاندا هەیە و لە سینگەوە دەردەچێ، بۆ نموونە (H)ی سەرەتای ناوی (هاروون)ە.

چاڵ بەکوردییە، بەزۆری کوردەکان سووکی دەکەنەوە و لە شێوەی (چەل) گۆی دەکەن، ئەم ناوە دواتر لە لایەن کەمالیستەکانەوە تورکێنراوە کردوویانەتە «چوکوڕجە».

(٢٠٥) بڕواننە: پەراوێزی ژمارە (١٩٢).

(٢٠٦) ئەمە ناوی فەرمیی کۆنی قەزای (سەرای)ی ئەمڕۆیە کە بە(وان)ەوە پەیوەستە، ئەو سەردەمە بەناوی سوڵتان مەحموودی عوسمانییەوە ئەو ناوەی لێ نراوە.

(٢٠٧) ئەم ناوە: (خوەشئاف)، ناوی بەکوردیی ئەو قەزایەیە کە واتای (ئاوی خۆش، خۆش+ ئاو) دەگەیەنێ، لەو سەردەمەی عوسمانییەدا بەناوی سوڵتان عەبدولحەمیدەوە ئەو ناوەی لێ نراوە.

(٢٠٨) لێرە، حەکاریلی.. واتە خەڵکی حەکاری.

(٢٠٩) زاهید: ئەو دیندارەیە کە دەسبەرداری دنیا بووە و خۆی لە گوناهان بەپەرێز گرتووە و هەر هەموو بوونی خۆی بۆ خوداپەرستی تەرخان کردووە. ئەم وشەیەی کە بەعەرەبییە، لەبەرئەوەی لە تورکیدا بەرانبەری نییە، وەك خۆی دانرایەوە و وەرمان نەگێڕا.

(٢١٠) ناوی ئێرە لە ناو کوردەکاندا لە شێوەی (حەرران) بەکار دەهێنرێ.

(٢١١) بابل: شارێکی کۆنە لە بەشی ناوەڕاستی میسۆپۆتێمیا.

(٢١٢) کەنعان: ناوە کۆنەکەی فەلەستینی ئەمڕۆ و ئیسرائیل–ە.

(٢١٣) ئەندەلوس: ناوچەی باشوور و خۆرهەڵاتی ئیسپانیای ئەمڕۆ کە سەردەمانێك لە

ژێر دەسەڵاتی موسوڵمانانـدا بـووە. نـاوە ڕەسەنـەکەی خـۆی بـەزمانی ئیسپانی (ئەندەلوسیا)یە. ئەم ناوە، لە لایەن ئەو عەرەبانەوە کە دەستیان بەسەر ناوچەکەدا گرتووە، بەدەستکارییەکی کەم بۆ «ئەندەلوس» یان گۆڕیوە، لە سەردەمی فەرمانڕەواییی ئومەوییەکاندا کە پایتەختیان شام بووە، لە ٧١١دا لە لایەن تارق-ی کوڕی زیادی سەرکردەی موسوڵمان و عەرەبەوە گیراوە و خراوەتە سەر وڵاتە موسوڵمانەکان کە دەوڵەتی ئومەوی ڕووخاوە و عەبباسی دامەزراوە، عەبدوڕڕەحمانی سەر بەبنەماڵەی ئومەوییان کە بەسەر ئەندەلوسدا ڕادەگەیی، ئەو ناوچەیەی لە دەسەڵاتی دەوڵەتی عەبباسی جودا کردووەتەوە و لە ٧٥٢دا کردوویەتییە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و ئەو دەوڵەتە لە مێژوودا بەناوی دەوڵەتی ئومەوی لە ئەندەلوس، ناسراوە. شاری قورتوبە کە لێرەدا باسی لێوە کراوە. لە نێوانی ساڵانی ٧٥٢- ١٢٣٦دا پایتەختی ئەو دەوڵەتە بووە و هەر لەو کاتەشدا ناوەندێکی زۆر بەبایەخی زانست و ڕۆشنبیری بوو، دواتر یەکیەتیی ئەو دەوڵەتە تێکچووە و لە ناوچەکەدا چەند دەوڵەتۆکەیەك دامەزراوە، لە ساڵی ١٤٩٢دا ئیسپانییەکان دەستیان بەهێرش بردنە سەر کردووە و ناوچەکەیان بەدەست خستووەتەوە و کۆتاییان بەبوونی موسوڵمانەکانی ئەوێ هێناوەتەوە.

(٢١٤) واتە: یاریدەدەری گەورە.

(٢١٥) موحەممەدی کوڕی عەبدوڕڕەحمان کە بەموحەممەدی یەکەم ناسراوە و پێنجەم فەرمانڕەوای دەوڵەتی ئومەویی ئەندەلوس بووە. لە ساڵانی ٨٥٢- ٨٨٦دا فەرمانڕەوایی کردووە.

( ٢١٦) ئەمە ناوە کۆنەکەی ئادییەمان-ە، لەمەودواش هەندێك جار ئەم ناوە بەرچاو دەکەوێ. ئێمە ئەم تێبینییە بۆ تێگەیشتنی شوێنانی دیکەش بەگونجاو دەزانین.

(٢١٧) مەڕوان ئەلحیمار (مەڕوانە کەرە): لە ٧٤٤دا بووەتە خەلیفە و لە ٧٥٠دا لەو جەنگەدا کە لەگەڵ عەبباسییە یاخیبووەکاندا لە نزیك (زێ)دا بەشداریی کردووە، شکاوە و هەڵاتووەتە میسر و لە لایەن ئەو هێزە عەبباسییەی شوێنپێی هەڵگرتووە، لەوێ دەستگیر کراوە و کوژراوە، لەبەر گەمژەییی (مەروان ئەلحیمار)ی پێ گوتراوە کە واتای (مەڕوانەکەرە) دەگەیەنێ.

(٢١٨) سەففاح کە ناوەکەی خۆی عەبدوڵڵا ئەبو عەبباس بووە؛ لە ٧٥٠دا کۆتایی

بەفەرمانڕەوایی ئومەوییان هێناوە و دەوڵەتی عەبباسیی دامەزراندووە و دەسەڵاتی گرتووەتە دەست، پایتەختەکەشی لە شامەوە گواستووەتە شاری هاشمییەی عیراق. لەبەرئەوەی خوێنی زۆر ڕشتووە ناوی سەففاح (واتە: خوێنڕێژ)ی لێ نراوە. لە ۷٥٤دا مردووە.

(۲۱۹) نەك زۆرینەی دانیشتووانی ئێرە، بەڵکو هەر هەمووی کوردە.

(۲۲۰) ناوی ئێرە لە ناو کورددا «حەسەنکێف»ە.

(۲۲۱) ئەم ناوە کە عەرەبییە، واتای «قەڵای کوردان» دەگەیەنێ.

(۲۲۲) ئەم ناوە ئەوەی گەورەترین شاری لیبیای ئەمڕۆ (تەرابلوس) بووە، هەروەها لە لوبنانیش شارێك بەناوی (تەرابلوس)ەوە هەیە، لە سەردەمی عوسمانیدا، بۆ لە یەك جودا کردنەوەیان، بەوەی لە لیبیادایە دەگوترا (تەرابلوسەلغەرب) واتە (تەرابلوسی خۆراوا) و ناوەکە بەسەر هەموو لیبیاشدا دەنراو ئەوەی لوبنانیش وەکو ڕوون کراوەتەوە (تەرابلوسوششام)ی پێ گوتراوە، کە واتای (تەرابلوسی شام) دەگەیەنێ.

(۲۲۳) واتە «زێی سیا»، لەبەرئەوەی ناوی تایبەتی بوو هەر ئەو ناوەی دانرا، بێ وەرگێڕان، واتە: (قەرەئرماق).

(۲۲٤) شێوە کوردییەکەی ئەم ناوە (خێبوور Xebur)ە.

(۲۲٥) مەبەست لە عەرەبەکانی ئێرە، ئەو عەرەبانەن کە لەو ناوچەیەدا دەژین کە دەکەوێتە ئەو لایەی دوای ئەوەی زێ چیای سنجار بەجێ دەهێڵێ، ناوچەی سنجار و ناوچەی باکوری کوردی لێ دەژی، مەبەستی نووسەر لە عەشیرەتەکانیش ئەوانەن، پێویست بوو ئەمە بەڕوونی باس بکرایە.

(۲۲٦) ناوی بەکوردیی ئەم زێیە «خێبك»ە، کە واتای خابووری گچکە دەگەیەنێ، کوردەکان گەلێك جار باسی هەردوو زێیەکە پێکەوە دەکەن و دەڵێن: «خێبك و خێبوور» کە واتای «خابووری گچکە و خابوور» دەگەیەنێ.

(۲۲۷) لە ناو کورددا بە«مەولانا خالید» ناوبانگی هەیە، بۆ زانیاریی فراوان لە بارەیەوە بڕوانە: م. نەژاد تەوفیق؛ گۆڤاری «ژین» ب/ ۲، ل/ ٤٥۷- ٤٦۲، ٤۷۷- ٤۸۰ بەپیتی عەرەبی، ئەوەی بۆ پیتی لاتینیی ڕاگوێزاوە: م. ئەمین بۆز ئەرسلان؛ بڵاوکراوەی دەنگ، ئوپسالا- سوێد ۱۹۸٥.

(٢٢٨) شێخ عەبدوللاّی دەهلەوی: شێخێکی بەناوبانگی ڕێبازی نەقشبەندی بووە. لەبەرئەوەی لە شاری دەلهی-ی هیندستاندا ژیاوە، بەنازناوی (دەهلەوی)یەوە ناسراوە. لە نێو ئەوانەی سەر بەڕێبازی نەقشبەندیدا بەناوی «شاهی دەهلەوی»یەوە ناو دەهێنرێ. لەبەرئەوەی لە دەلهی ژیاوە، نازناوەکەشی دەبوو (دەلهەوی) بووایە، بەلاّم لە شێوەی (دەهلەوی) بلاّو بووەتەوە و بەوجۆرە ناسراوە.

(٢٢٩) جەبەلی ئەربەعین- واتە: «چیای چلان». لەبەرئەوەی ناوی تایبەتە، وەرنەگێڕراو وەکو خۆی دانرایەوە.

(٢٣٠) ئەم ناوە واتای «کاغەزی لێکدابڕانی خەلیلی، نامەی لێك جودابوونەوەی خەلیلی» دەگەیەنێ، وشەی نامە، واتای (نووسراو، کاغەز) دەگەیەنێ، کۆن بۆ کتێبیش بەکارهێنراوە، وەك کتێبەکانی «شەرەفنامە»، «سیاحەتنامە». لێرەدا ئەو کارەی بەوشەی (مەنظوومە) ڕوون کراوەتەوە و ئێمە بەوشەی (شیعر - هۆنراوە) وەرمانگێڕاوە، لەوانەیە کتێبێکی شیعریش بێ. ئەگەر وابێ، ناوی کتێبەکە دەبێ واتای (کتێبی دابڕانی خەلیلی) بگەیەنی.

(٢٣١) ماموّستا م. ئەمین بۆز ئەرسلان- ئەو دوو دێڕە شیعرەی لە (عوسمانی)یەوە کردوویەتییە تورکیی نوێ. چونکە ئەو دوو زمانە ئەوەندە لەیەك جیاوازن کە تورکێکی ئێستا (مەگەر پسپۆری ئەو بابەتە بێ) دەنا لە زمانە عوسمانییەکە تێناگا. ئەوا منیش لێرە دەیکەمە کوردی... (و. کوردی).

دەرخەرەوەی ڕووناکیی تاسەکانی دەرەوەن
کە ناوەوە کۆگای ڕازگەلی ئەویندارانە
گۆکردنی ڕەوانبێژی سەیرت هەیە بەبێ زمان
قسەکانت دەخەیتە ڕوو بەبێ وەرگێڕ

(٢٣٢) بڕوانە پەراوێزی ژمارە/ ٤٨٦.

(٢٣٣) مەبەست لە موسافیرخانە (میوانخانە، ئوتێل)ە.

(٢٣٤) لە کوردیدا ناوی ئێرە (خارپووت- خەرپووت)ە. ئەم ناوە ناوێکی لێکدراوە. لە وشەی (خار) کە (کوژاوە، دامرکاو) دەگەیەنێ و کورتکراوەی (پێتی) کە (پێت)ە، واتای (هالاّو) دەگەیەنێ، پێکهاتووە، بەمجۆرە ناوی (خارپووت)، (هالاّوی دامرکاو، هالاّوی کوژاوە) دەگەیەنێ. لەبەرئەوەی ئەو گردەی شارەکەی لەسەردایە،

لە کۆندا چیایەکی گڕکان بووە. کوردەکان ئەم ناوەیان لێ ناوە. ناوی خەرپووت، لە فۆلکلۆری کوردیدا هەیە، بۆ نموونە لەو لاواندنەوەیەدا کە بۆ خالید بەگی جبرانی-ی سەرکردەی کورددا گوتراوە، کە لە مانگی شوباتی ١٩٢٥دا لە لایەن کەمالیستەکانەوە بەهەڵواسین کوژراوە، پێشتریش بەبۆنەی ناوی (بتلیس)ەوە لە پەراوێزی ژمارە (١٤٣)دا باسمان لێوە کردووە، هەر لەم لاواندنەوەیەدا ناوەکە لە شێوەی (خارپێت)دا گوتراوە. لە شوێنێکی لاواندنەوەکەدا دەڵێ:

قولێ توب قول بی تێکەڤی مالا قایمەقامێ قەلا ڤێ خنووسێ
ژ ئێڤارا خوە دێ ڤە ددایرێ دا ڕوونشتییە، ئەوراقێ میرێ من
دەرخستییە، ب خوە دبێژە، ب بێچی و تلیکێن خوە دنڤیسە
ئەمرێ میرێ من دەرخستنە، سەوقا میرێ من یان خارپێت-ە
یان دیاربەکر-ە، یان بەدلیس-ە.

تورکەکان لە سەردەمی عوسمانیدا ناوی (خارپێت) یان کردبووە (خەرپووت) و لە سەردەمی کەمالیستەکانیشدا کراوەتە (هەرپوت Harput).

(٢٣٥) مەبەست لە عەشیرەتە ڕەوەندە کوردەکانە.

(٢٣٦) ناوی (خەزران) وەکو لێرە نووسراوە، شێوەی ناوی بەهەڵە گۆکراوی «ئەرزەن» نییە. «خەرز» بەکوردی واتە: «نەمامی تازە نێژراو»، «ان»یش بەکوردی پاشگری کۆیە. بەم جۆرە ناوی «خەرزان» واتە: «دار- نەمامە- تازە نێژراوەکان» و کوردییەکی پەتییە.

(٢٣٧) ڕاستییەکەی دەبێ «زۆق» بێ.

(٢٣٨) خەتیبی تەبریزی: ناوی (یەحیا)یە و زانای ئەدەبیات و زانستە. ساڵی ١٠٥٠ لە تەورێز (تەبریز) لە دایك بووە، ساڵی ١١٠٩ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە. لە بابەتی زانستی زمان و ئەدەبیاتی عەرەبی و حەدیس (حدیث)دا هەندێك کتێبی نووسیوە.

(٢٣٩) ئەو پارچەیەی خوارەوە لە عەرەبییەوە وەرگێڕراو لێرە دانرا.

(٢٤٠) ئەم ناوە لە ناو کوردانda لە شێوەی «خنووس»دا گۆ دەکرێ. لەو لاواندنەوەیەدا کە بۆ کوژرانی خالیدبەگی جبرانیدا گوتراوە و لە پەراوێزی ژمارە (١٤٣ و ٢٣٤)دا

گواستوومانەتەوە، بەشێوەی (خنووس) گوتراوە.

(٢٤١) ناوی لای کوردەکانی ئێرەدا (دارێ)یە.

(٢٤٢) دارا: دارای سێیەم، ئەو ئیمپراتۆرە ئێرانییەیە کە لە نێوانی ساڵانی (٣٣٥–٣٣٠ی پ.ز)دا فەرمانڕەوایی کردووە. ناوی لەسەر زمانی خۆراواییدا لە شێوەی داریووش نووسراوە.

(٢٤٣) ئیبنوبەتتووتە: لە نێوانی ساڵانی ١٣٠٣– ١٣٧٧ کە تێیدا ژیاوە، لە ماوەی ٢٩ ساڵدا ئەو وڵاتانەی لە فاس–ەوە تا چین هەبووە، گەڕاو و هەرچیی بینیوە لە سیاحەتنامە (گەشتنامە) بەناوبانگەکەیدا نووسیوە. کە بەناوی توحفەتوننوززار فی غەرائیب ئەلئەمصار و عەجائیبو لئەسفار– واتە: دیاری بۆ خاوەن دیدەکان لە بارەی شارە سەرنجڕاکێشەکان و ڕاگوزارییە سەمەرەکانەوە.

(٢٤٤) ناوی ئەم ناوچەیە لە نێو کوردەکاندا «دێرسم»ە. ئەم ناوە لە سەردەمی عوسمانییاندا بەشێوەیەکی فەرمی لە شێوەی «دەرسیم» بەکار دەهێنرا. کەمالیستەکان دوای کۆمەڵکوژیی ١٩٣٨ ناوی ئێرەیان بۆ شێوەی «تونجێلی» گۆڕیوە و کوردەکان هەرگیز ئەو ناوە سەمەرە و هەڵبەستەیان بەهەند وەرنەگرتووە. لە بەکارهێنانی ناوی «دێرسم» دا بەردەوامن. ئەو شارەی ناوەندی ناوچەکەیە، لە کوردیدا دوو ناوی هەیە. یەکیان (کالان)ە بەواتای «پیاوە پیرەکان» و، ئەوی دیکە «مامکان»ی بەواتای: (بۆ خۆشەویستی و ڕێز، کورتکراوەی «مامە»یە.

(٢٤٥) ئەو قسەیەی کە دەڵێ دەرسیم لە نێوانی کوردستان و ئەنادۆڵدایە، قسەیەکی دوور لە ڕاستییە، چونکە ڕاستییەکە ئەوەیە کە ناوەندی دەرسیم–یش و دەوروبەرەکەشی لە ناو کوردستاندایە. هەروەها خودی نووسەر خۆیشی لە بابەتی کوردستاندا گوتوویەتی: «لیوای دەرسیم بە بەشێك لە کوردستان دەژمێررێ».

(٢٤٦) ئەگەرچی ئەمڕۆ ئەم ناوە لە کاروباری فەرمیدا بەناو شێوەی «مونزور» ئاخنراوە. شێوە ڕاستەکەی سەر زاری خەڵکیی وەکو ئەو شێوەیەی لێرەدایە «مزوور»ە.

(٢٤٧) لێرەدا ٤٣,٢٦٠ی دانیشتووانی دەرسیم کە بەتورك دانراوە، یان لە کەمیی زانیارییەوەیە، یانیش لە ئەنجامی هەڵەی زانیارییەوە نووسراوە، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە دانیشتووانی دەرسیم، لە کۆنەوە جگە لە کەمینەیەکی ئەرمەنی کە لەوێدا ژیاون، هەر هەموو کوردن. لە کاتێکدا تورکەکان، تەنیا لە شار و شارۆچکەکاندا لەو

فەرمانبەرانەی چینی سەرەوەی پلە بەرز و لە سەرووشیانەوە ئەفسەرەکان پێکدێن، وەکو دانیشتووان، کەسی دیکەی لێ نییە، تەنانەت دوای سەدەی (١١)، ئەو عەشیرەتە تورکانەی لە ناوەڕاستی ئاسیاوە هاتوون، نەهاتوونەتە ناو کوردستان و بەناو ئەو (ئەنادۆڵی)یەدا کۆچ کردووە کە ناوی ڕەسەنی خۆی (ئەناتۆڵی)یە و لەوێ نیشتەجێ بوون.

(٢٤٨) ناوی ئەم قەزایە بەکوردی (دێرك)ە کە (کڵێسۆکە- کڵێسەیەکی گچکە) دەگەیەنێ و بەشێوەی فەرمی گۆڕڕاوە و کراوەتە (دەریك).

وەکو دەبینرێ لە ئەنسیکلۆپیدیاشدا ئەم ناوە کوردییەی بەکار هێنراوە.

(٢٤٩) ناوی ئەم زێیە لە بابەتی (جەزیرە)دا لە شێوەی (جرجۆپ) بەکار هێنراوە، لە هەندێك لە بابەتەکانی داهاتووشدا بەشێوەی جیا جیا دەبینرێ. وادەردەکەوێ کە ئەو نووسینە جیاوازانە لە ئەنجامی هەڵەی چاپ هاتووەتە گۆڕێ، ئێمەش لە هەر شوێنە و بەو شێوەیە کە لەوێدا نووسراوە بەپیتی لاتینی دەیاننووسین.

بۆ هەر یەکەشیان تێبینییەکمان نەنووسیوە، هیوادارم ئەم تێبینییە بۆ ئەوانی دیکەش هەر ڕوونکەرەوە بێ.

(٢٥٠) بوونی تورك و عەرەب و چەرکەس لەم قەزایەدا لە کەمیی زانیارییەوە، یانیش لە ڕێی هەڵەوە نووسراون. چونکە لەوێندەر تەنیا کورد دەژی، خەڵکی دیکەی نە ڕەوەند و نە نیشتەجێی لێ نییە.

(٢٥١) ئێرە، ئێستاکە شارێکی گرنگی ناوەندی ویلایەتە لە کوردستانی باشووردا، پێش چەند ساڵێك لەم شارەدا زانکۆیەك دامەزراوە، لەبەرئەوەی لە سەرەتای دامەزرانیدا گوندێکی گچکە بووە، ناوی (دهۆك)ی لێ نراوە کە واتای «گوندی گچکە، گوندێکی گچکۆکە» دەگەیەنێ و ئەو ناوەی بەسەردا ڕۆیشتووە. وەکو زانراوە، لە کوردیدا هەر بەو واتایەوە دوو وشەی (گوند)یش هەیە و (دە-دێ)ش هەیە. بچووك کراوەی (دە) بووەتە دهۆك.

(٢٥٢) ڕاستەکەی (مزووری)یە.

(٢٥٣) نەك زۆربەی دانیشتووانی دهۆك، بەڵکو هەر هەموو کوردن.

(٢٥٤) ڕاستییەکەی «لە کەناری خۆرهەڵاتی شاری ئامەد» دایە.

(٢٥٥) واتە: زێی لاتەنیشت.

(٢٥٦) شەتتولعەرەب: ڕووبارێکی گەورەیە لە یەکگرتنەوەی دیجلە و فورات لە باشووری عیراقدا، لە نزیك شاری بەسرەدا پێکدێ و لەو ناوچەیەدا لە نێوانی عیراق و ئێراندا سنووری سروشتی پێکدەهێنێ و ناوەکەی «ڕووباری عەرەب» دەگەیەنێ.

لە بابەتەکانی لەمەودواشدا ئەم ناوە جار جار بەرچاو دەکەوێ، ئێمە بۆ هەر یەکەیان نووسینی تێبینیمان بەپێویست نەزانی، هیواداریین ئەم تێبینییە ئەو شوێنانەش ڕوون بکاتەوە.

(٢٥٧) خووزستان: ویلایەتێکی باشووری ئێرانە.

(٢٥٨) لەبەرئەوەی بەعەرەبی ناوی (میسۆپۆتێمیا) (جەزیر)ەیە و لەو زمانەدا واتای (دوڕگە) دەگەیەنێ، لێرەدا بەم دووەم بەشی جوگرافیایە دەگوترێ «دوڕگەی دووەم».

(٢٥٩) وشەی (جیبال) کە (چیاکان) دەگەیەنێ، لە فارسیشدا (کوهستان) واتە: (ناوچەی چیایی و ئەو شوێنەی چیای لێیە).

بەوەدا کە دیارە کۆن جوگرافیاناسانی عەرەب بەزمانی خۆیان (جیبال)یان بەو چیایانە گوتووە و جوگرافیاناسە فارسەکانیش بەزمانی خۆیان پێیان گوتووە (کوهستان).

(٢٦٠) ناوی ئێرە لە ناو کورداندا (ئەمرییان)ە. ناوی (دیڤریگی)ش لە ناو کورداندا لە شێوەی (دیڤریك) گۆ دەکرێ.

(٢٦١) ئەم ناوە دواتر بووەتە ناوێکی لێکدراو و بووەتە (دیاربەکر).

(٢٦٢) لە دیاربەکردا، بوونی تورك و عەرەب، یان لە زانیارییەکی کۆن، یانیش لە ئەنجامی هەڵە نووسراوەتەوە. چونکە تەنیا کوردی لێ دەژین.

خەڵکی دیکەی نیشتەجێی لێ نییە.

ئەو تورکانەی لەوێن، وەکو فەرمانبەر و ئەفسەر و سەربازن– عەرەبیشی هەر لێ نییە.

(٢٦٣) لەجیاتی «زمانی گشتی– زمانی باو» دەبووایە بگوترایە: (زمانی باڵادەست، یان: زمانی فەرمی) چونکە زمانی ڕەسەنی دانیشتووان کوردییە. بەڵام لەبەرئەوەی تورکی بووەتە زمانی فەرمی، بووەتە زمانی باڵادەست. کەچی عەرەبی وەك زمانێکی نیشتەجێی (باو)ی ئەوێ هەر نییە.

(٢٦٤) دەبێ مەبەست «هەندێك شوێنی شوورەكان» بووبێ.

(٢٦٥) مەبەست لە (ڕوومەكان، ڕۆمەكان) دەبێ ئیمپراتۆرییەتی بیزانس (بیزەنتی) بێ.

(٢٦٦) ماسوورە: یەكەیەكی پێوانەی ئاوی ڕەوان بووە كۆن بەكارهاتووە.

(٢٦٧) ئەم پردە نەك لەسەر (١١) كەوانە، بەڵكو لەسەر (١٠) كەوانەدا دروست كراوە. بۆیە لە ناوچەكەدا بەكوردی بەناوی «پرا دەهچاڤی» و «پرا دەهدەری» دەناسرێ.

(٢٦٨) تابیع: ئەم وشە عەرەبییەی كە واتای فەرهەنگیی (سەر بە...، گونجاو) دەگەیەنێ، وەكو زاراوەیەكی ئیسلامی «بەیەكێك دەگوترێ كە بەلای كەمەوە یەكێكی لە یاوەرانی پێغەمبەر بینیبێ. لەبەرئەوەی زاراوەیە، بێ وەرگێڕان وەكو خۆی بەكار هێنرا.

(٢٦٩) ئۆققە: بەرانبەر بە١ كیلۆ و٢٨٣ گرامە و (قییە)ش پێودانگێكی كۆنی قورساییە. لەمەوپاشیش ئەم ناوە بەرچاو دەكەوێ، ئەم تێبینییە ئەو شوێنانەش ڕوون دەكاتەوە.

(٢٧٠) قوستەنتینییە: ئەستەمبووڵ.

(٢٧١) عومەری دووەم خەلیفە.

(٢٧٢) لێرەدا دیارە (١١)ی هیجری یان بەهەڵە نووسراوە، یانیش لە ئەنجامی هەڵەیەكی چاپ نووسراوە. چونكە لەو ساڵەدا ئەبوو بەكری یەكەم خەلیفە هێشتا لە فەرمانڕەواییدا بووە. لە كاتێكدا عومەر ساڵی ١٣ی هیجری بووەتە خەلیفە. گرتنی دیاربەكریش ڕێككەوتی ساڵی ٢٠ی هیجری بووە، كە ئەمە بەپێی ڕۆژژمێری زایین (٦٤٠)ە بۆیە ڕاستییەكەی ساڵی ٢٠ی هیجرییە.

(٢٧٣) ئالی بوویە: بنەماڵەیەكی ئێرانییە، لە نێوانی ساڵانی ٩٣٢- ١٠٥٥دا فەرمانڕەواییان كردووە، بەناوی بوویهییەكان-یشەوە دەناسرێن.

(٢٧٤) حەمدانییەكان (حەمدان ئۆغوڵڵەری): بنەماڵەیەكی عەرەبە لە ساڵانی ٩٤٤- ٩٩١دا فەرمانڕەواییان كردووە. بەناوی (حەمدانییەكان)ەوە دەناسرێن.

(٢٧٥) دەوڵەتی ئالی مەڕوان (دەوڵەتی مەڕوانییان): دەوڵەتی مەڕوانیی كوردییە، لە لایەن بادی كوڕی دۆستك-ەوە ساڵی ٩٨٥ دامەزراوە و پایتەختەكەی (مەییافارەقین) بووە، واتە (سلیڤان)ی ئێستا.

(٢٧٦) دەوڵــەتــی ئــەرتــوق: دەوڵــەتــێکــی تــورکــمــانــە لــە سەدەکــانــی (١١– ١٥)دا فەرمانڕەواییيان كردووە.

٢٧٧) دەستــەواژەی «دەوڵــەتــی بــاڵای عــوسمــانــی» بــەرانبــەر نــاوی فــەرمــیــی «دەوڵــەتــی عەلییەی عوسمانییە»دا بەكار هێنراوە. ئەو ناوە لە سەردەمی عوسمانیدا جاروبار بــەو شێوەیــە و جــار جــارەش تــەنیــا «دەوڵــەتــی عــەلیــیــە» بــەكــارهــاتــووە كــە واتــای «دەوڵەتی باڵا» دەگەیەنێ.

ئەم تێبینییانە ئەو شوێنانەش ڕوون دەکاتەوە کە لەمەودوا ئەو دەستەواژەیەی تێدا بەرچاو دەکەوێ.

(٢٧٨) بەپێی سەرەی ئەلف و بێ، دەبوو لە پێش بابەتی «شاری دیاربەکر»ی پێشووتردا بــاس بــکــرایــە. بــەڵام لــەبــەرئــەوەی لــە ئــەنسیکلــۆپــیدیــادا بــابــەتــی پێشوو «شاری دیاربەکر» لە شێوەی «ویلایەتی دیاربەکر»دا باسی لێوە کراوە و ڕیزبەندی کراوە. ئێمەش نەمانویست ئەو سەرەیە بگۆڕین و ئەم بابەتەمان لێرە دانا.

(٢٧٩) ئەم ناوە ئێستا بەناوی «تۆرۆس»ەوە دەناسرێ.

(٢٨٠) نــاوی ئــەم زێیــە بــەکــوردی «چــەمــێ زەیــتــکــان»ە. ئــەم زێیــە بــەنــاوی «چــەمــێ ئەنبارێ»شەوە دەناسرێ، کە ئەنبار واتای کۆگا و عەمار دەگەیەنێ.

(٢٨١) ئەم (کان)ی خوێیە ناوەکەی بەکوردی «خوەیلین»ە. لە نزیك ئەم کانە خوێیەدا ئەو گوندەش کە هەیە، ناوی (خوەیلین)ی پێ دراوە.

(لە گەرمیانی– کوردستانی باشووردا، کانی خوێ: خوێ ئاغڵەی پێ دەگوترێ. ..و.کوردی).

(٢٨٢) چیتاری: کاڵایەکە لە لۆکە و ئاوریشم دەچنرێ، ئەم ناوە لە شوێنی دیکەشدا بەرچاو دەکەوێ، ئێمە ئەم تێبینییە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو شوێنانەی دیکەش بەگونجاو دەزانین.

(٢٨٣) ئەمەش وا دیارە چنراوێکی بەکارهاتووی ئەو سەردەمە بووە.

(٢٨٤) زۆرینەی تورك بوونی دانیشتووانی ویلایەتی دیاربەکر، یان بەهۆی کەمیی زانیارییەوە، یانیش لە ئەنجامی هەڵەی زانستییەوە نووسراوە. ڕاستییەکە ئەوەیە کە دانیشتووانی دیاربەکر، جگە لە کەمینەیەکی ئەرمەنی کە لەوێدا ژیاون، هەر

هەموو کوردن. تورکەکان تەنیا لە شار و ناوەندی شارۆچکەکاندا وەکو فەرمانبەری پلە بەرزەکاندا لەوێن و جگە لە ئەفسەران، وەك دانیشتووان ئەوێ هیچی لێ نییە. لە کاتێکدا دوای سەدەی ١١، ئەو عەشیرەتە تورکانەی لە ناوەڕاستی ئاسیاوە هاتوون، نەچوونەتە ناو کوردستان و کۆچیان بۆ ئەنادۆڵ کردووە کە ناوە ڕەسەنەکەی (ئەناتۆڵی) بووە و لەوێ نیشتەجێ بوون. لێرەدا لە بارەی بوونی ١٠,٠٠٠ چەرکەس هەر ئەو قسانە دەکرێ. عەرەبەکانیش لە ناوەندی شاری ماردیندا کە لیوایەکی دیاربەکر بووە. لە هەندێك لە گوندەکاندا هەبوون. ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێ ئەو ناوانە عەرەبی لێیە.

(٢٨٥) سوریانی و کلدانییەکان، پتر لە هەندێك لای ماردین–دا هەن، کە وەکو لیوایەك بەدیاربەکرەوە پەیوەستە.

(٢٨٦) ڕوون نییە مەبەستی لە (لاتین)ەکان کێن؟

(٢٨٧) دەرەکە: ئەو زاراوەیەیە کە لە سەردەمی عوسمانیدا بەکارهێنراوە و پلەکانی ژێر سفری پیشان داوە. بەرانبەر «دەرەجە» بەکارهێنراوە کە واتای «پلە» دەگەیەنێ. لەبەرئەوەی زاراوەیەکی تایبەت بەو سەردەمەیە، بەبێ وەرگێڕان وەکو خۆیمان دانا.

لە هەندێك شوێنی لەمەودواش ئەم وشەیە بەکارهێنراوە، ئومێدەوارم ئەم تێبینییە، ئەو شوێنانەش ڕوون بکاتەوە.

(٢٨٨) لێرە، وشەی (ئەنەیۆڵ Anayol) بەرانبەر وشە ڕەسەنەکەی خۆی (جاددە)دا دانراوە، (من لە کوردییەکەیدا شارێ–م بۆ دانا...و. کوردی). جاددەکە بەعەرەبییە، بۆ شەقامەکانی ناو شاریش و ئەوانەی دەرەوەی نێوانی شارەکانیش بەکارهێنراوە. لەبەرئەوەی وشەکە لە تورکیی ئەمڕۆدا تەنیا بۆ ئەوانەی ناو شارەکان بەکاردەهێنرێ، بەبڕوای ئێمە گونجاوترین وشە بۆ ئێرە (ئەنەیۆڵ Anayol)ە.

ئەم تێبینییە بۆ ئەو شوێنانەش بەگونجاو دەزانین کە ئەم وشەیەیان لێ بەکارهاتووە.

(٢٨٩) ناوی ئێرە، کە ئێستا قەزایە، لە ناو کورداندا (قوبین)ە. ناوی (بەشیری)ش لە ناو کورددا لە شێوەی (بشێری) گۆ دەکرێ.

(٢٩٠) ناوە کوردییەکەی ئێرە کە ئێستا گوندە (مێرانی)یە کە واتای (ئازایەتی، کەڵەمێردی) دەگەیەنێ.

(٢٩١) ناوی ئێره لە بابەتی (دێرك)دا بە(شەنگور) بەكارهێنراوە.

(٢٩٢) ئەم ناوە لە ناو كورددا لە شێوەی (هێنە)دا گۆ دەكرێ.

(٢٩٣) ئێره ئێستاكە، لە كوردستانی باشووردایە، هەروەها ناوی عەشیرەتێكی كوردیشە.

(٢٩٤) ڕاستییەكەی (مزیزەخ) یانیش (مزەخ)ە.

(٢٩٥) ڕاستییەكەی (ئەریۆیۆ)یە.

(٢٩٦) ڕاستییەكەی (باسبرین Basıbrin)ە.

(٢٩٧) گومانی تێدا نییە كە ئێره (كەرجەوس)ە.

(٢٩٨) ناوی ئێره لە ناوچەكەدا (ئەوینان)ە.

(٢٩٩) ناوی ئێره لە نێو كوردانداا (ئۆمەرییان)ە.

(٣٠٠) ناوە كوردییەكەی ئێره (ستەور)ە، واتە: بێ بەر، نەزۆك.

(٣٠١) لە بابەتی دانیشتووانەوە بڕواننە پەراوێزەكانی ژمارە (٢٦٢ و ٢٨٤).

(٣٠٢) لێره، یەزیدییەكان لە كورد جودا پیشان دراون. لە كاتێكدا جیاكردنەوەیەكی وەها هەڵەیە، چونكە یەزیدییەكان كوردن. جیاوازییان لە كوردی دیكە، تەنیا جیاییی (ئاین)ە.

لە هەندێك بابەتی لەمەودواش كە یەزیدییەكانی لە كورد جیا پیشان دەدرێن. ئێمە لە هەر بابەتێكدا بۆ ئەم هەڵوێستە تێبینییەك دانانێین و هیوادارین ئەم تێبینییە بۆ ئەو شوێنانە گونجاو و بەس بێ.

(٣٠٣) ناوە كوردییەكەی ئێره «دووتاخ»ە كە واتای (دوو گەڕەك) دەگەیەنێ.

(٣٠٤) واتای ئەو دێرانەی بەزمانی عوسمانین بەم جۆرەیە:

بۆ سورمەی خاكی بەرپێت ئەم دوو چاوە سپییە

لەگەڵ یەكدیدا كەوتنە جەنگ و لە كۆتاییدا یەكیان شەهید بوو.

(٣٠٥) ناوە كوردییەكەی ئێره «زیوگەر»ە، واتای: «ئەوەی كار لە زیو دەكا، زیوگەری» دەگەیەنێ.

(٣٠٦) ناوی ڕەسەنی كوردیی ئێره «سەرێ كانیێ»یە، كە عەرەب دەستیان بەسەر ناوچەكەدا گرتووە، ناوەكەیان وەرگێڕاوەتە سەر عەرەبی و وەكو ئەوەی لێره باس

کراوە، کردوویانەتە «ڕەئسولعەین». ئەو ناوە لە عوسمانیدا کە بەشێوەی (ڕەئسی عەین)دا ئاخنراوە، بەناوێکی فەرمی بەکارهێنراوە. لە کاتێکدا کەمالیستەکان ناوی (جەیلان پنار)یان پێ داوە، کەچی کوردەکان هەر ناوی (سەرێ کانیێ) بەکار دەهێنن کە بەکوردییە.

(٣٠٧) دێر: شاری دێر کە ناوەندی (دێرە زۆر)ە.

(٣٠٨) لێرەدا باسی ئەوانە نەکراوە کە بەکوردی دەدوێن، لە کاتێکدا ڕاستییەکە ئەوەیە، ژمارەی ئەوانەی لە (سەرێ کانیێ)دا بەکوردی دەپەیڤن، لە ژمارەی ئەوانە زۆرترە لەوانەی بەعەرەبی دەئاخڤن.

(٣٠٩) نەك بەشی زۆری خەڵکەکەی، بەڵکو هەر هەموو کوردن.

(٣١٠) تورك بوونی بەشێکی دانیشتووانی ئێرە، یان لە کەمی زانیاری، یانیش لە ئەنجامی هەڵەی زانیارییەوە نووسراوە، ڕاستی ئەمەیە کە، لە هیچ شوێنێکی خەرزاندا، جگە لە فەرمانبەری پلە بەرز، تاکە یەك تورکی لێ نییە، ئەوانیش دانیشتووی ڕەسەنی ئەو دەڤەرە نین، بە فرمان دێن و دەچنەوە، لە لایەکی دیکەوە، وەك پێشتریش ڕوونمان کردەوە، نابێ ئەوەش لەبیر بکرێ کە یەزیدییەکانیش کوردن.

(٣١١) مەلیك ئەشرەفی برازای سەڵاحەددینی ئەییووبی لە ساڵانی ١٢٠١– ١٢٣٧دا لە ناوچەی ڕوها–وە تا خەڵات فەرمانڕەوایی کردووە.

(٣١٢) واتە: زابی شێت– زێی شێت.

(٣١٣) وەك زانراوە، ناوی ئەو بەرهەمەی باسی لێوە کراوە (زەیتوون)ە. ئەم ناوە، لە کوردی و عەرەبیدا بەم جۆرەی هەر وەکو لە سەردەمی عوسمانیشدا هەبووە هەر بەو جۆرەیە، واتە: (زەیتوون) بووە، دواتر ئەو کەمالیستانەی دەسەڵاتیان گرتە دەست تێکەڵی زمانیش بوون و گۆڕانکاریی زۆریان تێدا کرد، لە چوارچێوەی ئەو گۆڕانکارییەدا ئەم وشەیەشیان کردە زەیتن (Zeytin).

(٣١٤) واتە: «مزووری باڵا»، ناوی ئێرە هەر چەندە بەشێوەی «موزوور» نووسراوە، ئاشکرایە کە بەهەڵە نووسراوە، چونکە ڕاستەکەی «مزوور»ە.

(٣١٥) بڕواننە بابەتی دووەمی «ئیبنوئەسیر».

(٣١٦) ئەم ناوە لە کوردیدا واتە: «زوو دەست بەکار بوو، زوو کار بەجێ هێن» دەگەیەنێ، ناوەکە دەشێ «زووگەر» بێ، ئەگەر وابێ، ئەوسا واتاکەی دەکاتە «ئەوەی زوو ڕادەپەڕێ، ئەوەی زوو دەست بەکار و گەڕان دەبێ».

(٣١٧) بڕوانە پەراوێزی ژمارە (٩١).

(٣١٨) بڕوانە پەراوێزی ژمارە (٩٠).

(٣١٩) ئەگەرچی ئەم مێژووە لێرەدا واپێشان دراوە، دەبێ لە ئەنجامی هەڵەی چاپدا وای لی هاتبێ و ڕاستییەکەی دیارە (٥٦٧)ە. چونکە سەلاحەددین وەکو دەزانرێ لە ١١٧١ی زایین و ٥٦٧ی هیجریدا چووەتە سەر تەخت.

(٣٢٠) مەبەست لە (ڕۆخەکانی شام) ڕۆخەکانی لوبنانی ئەمڕۆیە.

(٣٢١) مەبەست لە (فرەنکەکان) بەگشتی ئەوروپاییەکانە، کۆن جاروبار بەهەر هەموویان وتراوە فرەنکەکان.

(٣٢٢) بۆ زانیاریی فراوان لە بارەی سەلاحەددینی ئەییووبی و ئەو دەوڵەتەوە کە دایمەزراندووە، بڕوانە: «شەرەفنامە»ی مێژووی کورد. ل/ ٥٥– ٧٣.

یانیش لە ئەنجامی هەڵەی زانیارییەوە نووسراوە. ڕاستی ئەوەیە کە، جگە لەو فەرمانبەرانەی لە ڕیزی بالادان، تاکە یەك تورکی لێ نییە، ئەوانیش بەدانیشتووانی ڕەسەن دانانرێن، بەفرمان دێن و دەچنەوە، لە لایەکی دیکەوە نابێ ئەوەش لەبیر بکرێ کە یەزیدییەکان کوردن.

(٣٣٤) ڕاستییەکەی «لە لای ناوەڕاستیدا»یە.

(٣٣٥) واتە ڕوونکەرەوە، جیاکەرەوە.

(٣٣٦) یەکەمیان واتە: (هەڵبژاردەکان) و دووەمیان (حوکمەکانی ئاماژەکان) دەگەیەنن.

(٣٣٧) واتە: ڕوونکردنەوە بۆ بنیادی چاکی.

(٣٣٨) ناوی ئەم قەزایە لە ناو کورداندا (سلیڤان)ە. ئەم ناوە زۆر لە کۆنەوە ناوی عەشیرەتێکی کورد بووە، ناوی (مەیافارەقین)یش لە ناو کورداندا سووك کراوەتەوە و کراوەتە (فارقین).

(ئێستا بەشێکی عەشیرەتی سلیڤانەیی لە دەوروبەری زاخۆدان.... و. کوردی).

(٣٣٩) لێرەدا کە وا باس کراوە، بەشێکی دانیشتووانی ئێرە عەرەب و تورك و تورکمان–ن. یان لە کەمیی زانیارییەوەیە، یانیش لە ئەنجامی هەڵەی زانستەوە وانووسراوە، ڕاستییەکەش ئەوەیە کە لە سیلواندا تەنانەت یەك خێزانی عەرەب یان تورکمان نییە، ئەو تورکانەی لەوێشن، فەرمانبەری پلە بەرزن کە ئەوان بەدانیشتووانی قەزاکە دانانرێن، بە فرمان دێن و دەگەڕێنەوە، لە لایەکی دیکەوە، نابێ ئەوە لەبیر بکرێ کە یەزیدییەکان کوردن.

(٣٤٠) ناوە کوردییەکەی ئێرە (مێرانی)یە و واتای (ئازایەتی و کەڵەمێردی) دەگەیەنێ.

(٣٤١) ناوی ئێرە لە نێو کورداندا بەشێوەی (سێورەك)دا گۆ دەکرێ، بەپێی دیدێك ناوی بەکوردیی (سۆرەك)ەو واتای (خاکی سوور، سوورباو) دەگەیەنێ، ئەو ناوە دواتر لەگەڵ ڕۆژگاردا لەسەر زاری ئاخاوتنی خەڵکدا بووەتە (سێورەك). کە تورکەکان دەستیان بەسەر ناوچەکەدا گرتووە، ئەم ناوەیان خستووەتە ناو قاڵبی (سیوەرەك)ەوە.

(٣٤٢) بەتورك دانانی بەشێك لە دانیشتووانی موسوڵمانی ئێرە، یان لە کەمیی زانیارییەوەیە، یانیش لە ئەنجامی هەڵەی زانیارییەوە نووسراوە، ڕاستی ئەمەیە کە لە سیوەرەك جگە لە فەرمانبەرانی چینی سەرەوە، یەك تورکی لێ نییە، ئەمانەش بەدانیشتووانی قەزاکە دانانرێن، بەکار و فرمان دێن و دەچنەوە.

(٣٤٣) پەراوێزی ژمارە (٣٤٢) لێرەشدا هەر گونجاوە.

(٣٤٤) کوردەکان، ئەم ناوە لە شێوەی «سلێمانی» گۆ دەکەن.

(٣٤٥) بەعەرەب دانانی بەشێك لە دانیشتووانی ئێرە، یان لە کەمیی زانیارییەوە بووە، یانیش لە ئەنجامی هەڵەی زانستەوە بووە، ڕاستی ئەوەیە کە، لە سلێمانیدا وەکو دانیشتووی ڕەسەن عەرەبی لێ نییە.

(٣٤٦) پەراوێزی ژمارە (٣٤٥) بۆ ئێرەش گونجاوە.

(٣٤٧) بەبڕوای ئێمە، ئەم ناوە لێرە بەهەڵە نووسراوە، ڕاستەکەی دەبێ مەبەست (سولەیمانییە، سلێمانی)ی ناوەندی قەزای سلێمانی بێ، چونکە شەهرەزوور (شارەزوور)، وەکو دوای تۆزێك لە بابەتی خۆیدا ڕوون دەکرێتەوە، لیوایەکی جودای پەیوەست بەمووسڵ بووە، بەسولەیمانییەوە نەبەسترابووەوە، کەچی لێرە، لیستی ئەو قەزایانەی دانراوە کە لیوای سولەیمانییان پێکهێناوە، لە سەرووی ئەو

قەزایانەوە، قەزای ناوەندیی سولەیمانییە، هەر وەکو لە سەرەوە لە کۆتاییی بابەتی «لیوای سعرد»دا لە سەرەوەی لیستەکەدا قەزای ناوەندیی سعرد دانراوە. لە لیستی پێشتری لیواکانیشدا هەر بەو جۆرە باسیان لێ کراوە.

(٣٤٨) شەتتولئەعزەم: وشەکە بەعەرەبییە، «گەورەترین زێ» دەگەیەنێ، لەبەرئەوەی ناوی تایبەتە، وەك خۆی، بێ وەرگێڕان بەکارهات.

(دەبێ شەتوولعوزێم– شط العظیم.. بێ...و. کوردی).

(٣٤٩) جەبەلی عالی: واتە «چیای بەرز». لەبەرئەوەی ناوی تایبەتییە، وەرمان نەگێڕا و وەکو خۆی دانرایەوە.

(٣٥٠) قەصیدەی لامییە (القصیدة اللامیة): چامەیەك سەروای هەموو دێڕەکانی بەپیتی (ل) کۆتاییی بێ.

(٣٥١) مامۆستا بۆز ئەرسلان، لێرە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکا، دێڕەکان بەعەرەبی بوون و خۆی وەری گێڕاونەتە سەر تورکی و دایناونەتەوە.

(٣٥٢) قازیلخافیقەین– قاضي الخافقین): قازیی خۆرهەڵات و خۆراوا، وادیارە لەبەر فراوانیی زانیاریی بەزیادەڕۆیی ئەم نازناوەی لێ نراوە.

(٣٥٣) فەرسەخ: پێودانگێکی دووریی پێنج کیلۆ مەترێك بووە، کۆن بەکارهاتووە. (وشەکە عەرەبییە).

(وشەکە لە وشەی فەرسەنك–ی فارسییەوە کراوەتە عەرەبی...و. کوردی)

(٣٥٤) ناوی ئێرە بەکوردی «شەمدینان»ە. وەکو بینرا ئەم ناوە بەکوردییەکەی لە ئەنسیکلۆپیدیادا دانراوە، کەچی کەمالیستەکان نارەوا ناوەکەیان گۆڕیوە و کردوویانەتە «شەمدینلی». بەڵام کوردەکان هەرگیز ناڵێن «شەمدینلی»، هەروەها ناوەکە لە شێوەی شەمدینان بەکاردەهێنن کە کوردییە.

(٣٥٥) ناوی نەهری کە کوردییە، «خاوەنی نۆ ڕدێن» دەگەیەنێ، بەپێی بۆچوونێك ڕەسەنی ناوەکە «نەهرێ»یە کە «نۆڕێیی، ئەوەی نۆ ڕێی هەیە» دەگەیەنێ، ئەو ناوە لەگەڵ ڕۆژگاردا گۆڕاوە و چووەتە شێوەی «نەهری»یەوە.

(٣٥٦) ٢٠٠٠ کەسی دانیشتووانی ئێرە گوایە تورکن، یان لە کۆنیی زانیارییەوە، یانیش لە ئەنجامی هەڵەی زانیاریدا دانراوە، ڕاستییەکە ئەمەیە کە شەمدینان، لە

فەرمانبەرانی چینی باڵا بەولاوە یەك تورکی لێ نییە، ئەوانیش بەدانیشتووانی قەزاکە دانانرێن، بە فرمان و کار دێن و دەڕۆنەوە.

(٣٥٧) شێخ عوبەیدوڵلا: لە نێو کورددا بەناوی شێخ عوبەیدوللاهـێ نەهری دەناسرێ، سەرکردەی بەناوبانگی کوردە، بۆ سەربەخۆیی کورد ساڵی ١٨٨٠ بەرانبەر عوسمانی و ئێران کەوتووەتە بەرگری و بزووتنەوەکەی لە شەمدینان–ەوە تا شاری مەهابادی کوردستانی خۆرهەڵات فراوان کردووەتەوە.

لە ئەنجامی هاوکاریی ڕژێمەکانی عوسمانی و ئێرانی بەرامبەر بەو تووشی شکست هاتووە، لەسەر ئەوە ساڵی ١٨٨٣ چووەتە حیجاز و لە شاری تائیف–ی نزیك مەککەدا نیشتەجێ بووە و دوای ١٧ساڵ، لە ساڵی ١٩٠٠دا لەوێ کۆچی دوایی کردووە. سەیید عەبدولقادری کوڕی ئەویش کە کۆمەڵەی هاوکاری و پێشکەوتنی کورد «جەمعییەتی تەعاون و تەرەققی کورد» ساڵی ١٩٠٨ دامەزراوە و کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردستان «جەمعییەتی تەعالیی کوردستان» کە ساڵی ١٩٠٨ دامەزراوە، بەسەرۆکی هەر دوو کۆمەڵەکە هەڵبژێرراوە و خزمەتگەلێکی گەورەی بەگەلی کورد کردووە.

ساڵی ١٩١٩ نیشتیمانپەروەر و لاوێکی زۆری کورد، مردنی دەوڵەتی عوسمانییان ڕاگەیاندووە و چالاکییەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستانیان لە ئەستەمبووڵەوە گواستووەتەوە بۆ کوردستان و بەنیازی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کورد و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان، سەیید عەبدولقادر ئەم پێشنیارەی ڕەت کردبووەوە. «لەشکری یۆنان ناوچەی ئەگە (ئیجە)ی داگیر کرد، تورکی برامان کەوتووەتە هەڵوێستێکی دژوارەوە، ئەگەر ئێستا دەوڵەتێك دامەزرێنین و سەربەخۆیی کوردستان ڕابگەیەنین، دەبینە بەر خەنجەردەری برا تورکەکانمان. ئەمە لە شان و شکۆی کوردایەتی ناوەشێتەوە». کەچی کەمالیستەکان پاداشتی ئەو هەستەی سەیید عەبدولقادر و هەڵسوکەوتە برایانەکەیان، بەوە دایەوە کە خۆی و سەیید عەبدوللای کوڕیان ساڵی ١٩٢٥ لە شاری ئامەد (دیاربەکر) بەهەڵواسین کوشت.

(٣٥٨) سەلاحەددینی ئەیووبی.

(٣٥٩) فەرمانڕەوای ئەوسای مووسڵ.

(٣٦٠) ئەم ناوە لە ناو کورداندا لە شێوەی «شێروان» گۆ دەکرێ.

(٣٦١) لێرە، قسە بەعەرەبی کردن، یان لە کەمیی زانیارییەوەیە، یانیش لە ئەنجامی هەڵەی زانیارییەوە نووسراوە، ڕاستییەکە ئەوەیە کە شێروان تاکە یەك عەرەبی تێدا نییە، تەنیا لە سەردەمی عوسمانیدا لەوانەیە هەندێك عەرەب بەفەرمانبەری هاتوونەتە ئەوێ، ناکرێ ئەوانە بەدانیشتووانی ڕەسەنی قەزاکە دابنرێن.

(٣٦٢) ئەم ناوە لە ناو کورداندا (خاڵکان)ە، کە واتای (خاڵۆیان، لالۆیان) دەگەیەنێ.

(٣٦٣) ڕاستییەکەی (ئەرجیش)ە.

(٣٦٤) وشەی نوفووس (دانیشتووان، سەرژمێر) بەتایبەتی لە ناو دەقەکەدا بەرانبەر بەخەڵك (ئەهالی) بەکارهێنراوە، بەعەرەبییە و لە (ئەهل)ەوە کۆکراوەتەوە و واتای خودی ئەهالی (خەڵك)ە. کۆمەڵەی مرۆڤە. وشەکە لە سەردەمی عوسمانیدا، بەرانبەر دانیشتووانیش زۆر بەکار دەهێنرا. لەم ئەنسیکلۆپیدیایەشدا لە بابەتی شار و شارۆچکەکاندا لەجیاتی (نوفووس) ئەهالی بەکارهێنراوە. لە تورکیی ئەمڕۆدا بۆ بارودۆخی وەها هەر (نوفووس)ەکە بەکاردەهێنرێ. بۆیە، ئێمەش لێرەو لە بابەتەکانی شار و شارۆچکەکاندا، بەرانبەر ئەهالی، وشەی نوفووس بەکار دەهێنین، دوای ئەم ڕوونکردنەوەیە، لە ماددەکانی لەمەودوادا، دەسا، تێبینیی لەم جۆرە دانانێین، هیوادارین ئەوە بە بەرچاوەوە بگیرێ و ئەم تێبینییە بۆ ئەو شوێنانەش بەسوود بێ.

(٣٦٥) مەبەست لە هەرسێ ڕێبازەکە، ئۆرتۆدۆکس و کاتۆلیك و پرۆتستانی خرستیانانە، لە بابەتەکانی لەمەودواشدا ئەم زاراوەیە دووبارە دەبێتەوە، ئێمە بۆ هەر یەکە لەو جێیانە تێبینییەك نانووسین، ئومێدەوارین ئەم تێبینییە بیر بکەوێتەوە و بۆ ئەو جێیانەش سوودی لێ وەربگیرێ.

(٣٦٦) سیپان: لە ڕۆخی باکوری گۆلی واندایە و ئەو چیا بەناوبانگەیە کە بەشوێنی ڕەتبوونی سیابەند و خەجێ-ی داستانی بەناوبانگی کوردی ناسراوە، کەمالیستەکان وەکو گەلێك شوێنی دیکەی کوردستان ناوی ئەم چیایەشیان نارەوا گۆڕیوە و کردوویانەتە «سوبحان». لە نێو کورددا ئەو ناوە شێوە سەیر و سەمەرەیە هیچ سەرنجێك ڕاناکێشێ، کورد بەهەموو ئەو چیا بەناوبانگ و خۆشەویستانە دەڵێن سیپان.

وەکو بینرا، ناوی ئەو چیایە لە ئەنسیکلۆپیدیادا بەشێوە کوردییەکەی واتە: (سیپان) دانراوە.

ئەم ناوە، لە بابەتەکانی دواتریشدا چەند جارێك دووبارە کراوەتەوە، ئێمە ئەم تێبینییە بۆ هەموو ئەو شوێنانە بەسوودبەخش دەزانین.

(٣٦٧) سەردەمی دەللی ئیبراهیم (برایمە شێت)ی سالانی ١٦٤٠- ١٦٤٨.

(٣٦٨) ناوی تەواوی «عەدیی کوڕی موسافیر ئەلهەکاری»یە، لەبەرئەوەی ناوونیشانەکان بەگشتی لە ئەنسیکلۆپیدیاکاندا دەخرێنە ناو کەوانەوە، ناوەکە بەو جۆرە نووسراوە.

(٣٦٩) بەعل بەك: شارێکە لە لوبنانی ئەمڕۆ.

(٣٧٠) زاوییە: ئەو شوێنەیە کە موریدەکانی سەر بەرێبازەکانی لێ کۆدەبنەوە و یەکدی دەبینن و خوداپەرستیی لێ دەکەن، تەکیە، لە دۆخی کۆدا هەردوو ناوەکە پێکەوە ناودەبرێ و دەگوترێ: «تەکیە و زاوییە».

ئەم وشەیە لە بابەتەکانی دیکەشدا دووبارە دەبێتەوە، ئێمە بۆ هەر یەکەیان تێبینییەکی جودا نانووسین، هیواداریـن ئەم تێبینییە بۆ شوێنەکانی دیکەش سوودی لێ وەربگیرێ.

(٣٧١) لەمانە، واتای «گەزی» ئەوەیە: کالای لە لۆکە و ئاوریشم دروستکراوی خەت خەت. مانووسە-شمان بۆ ساغ نەبووەوە، کە ئەویش جۆرە کالایەك بووە.

(٣٧٢) تەکیە (تەکێ): ئەو شوێنەیە کە موریدانی سەر بەرێبازە ئاینییەکانی لێ کۆ دەبنەوە و یەکدی دەبینن و خوداپەرستیی تێدا دەکەن، وشەکە لە تورکیی ئەمڕۆدا بووەتە (تەککە). لە دۆخی کۆکردندا لەگەڵ «زاوییە» هەر ئەو واتایە دەگەیەنێ و دەگوترێ «تەکیە و زاوییە».

لە بابەتەکانی لەمەودواشدا جاروبار بەرچاو دەکەوێ، ئێمە ئەم تێبینییەی ئێرە، بۆ شوێنەکانی دیکەش بەگونجاو دەزانین، هیواداریـن سوودی لێ ببینرێ.

(٢٧٣) لێرەدا باسی زمانی کوردی نەکراوە، لە کاتێکدا هەر لە کۆنەوە لە شاریش و لە دەوروبەرەکەشیدا یەك لەو زمانانەی قسەیان پێ دەکرێ کوردییە، نووسەر بەخۆیشی لە بابەتی مەمالیکی عوسمانییەدا، واتە: لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا، کە پێکهاتەی ئەتنیکیی گەلانی ئیمپراتۆرییەتەکە ڕوون دەکاتەوە، ئەوەی ڕوون کردووەتەوە کە تورکەکان لە لایەکانی عەینتاب و کلس و ئورفەدا بەتێکەڵی لەگەڵ کورددا پێکەوە دەژین. (ب/ ٦-ل/ ٤٤١٨) کەمالیستەکان دوای ١٩٢٣ برەویان

بـەو ڕامـیـاریـیـەی لـە نـاوخـۆدا تـواندنـەوەی نـەتـەوەی دیکـەیـە داوە کـە تـا ئـەمـڕۆ بـەردەوامـە.

لەوانـەیە ئـەمڕۆ لـە نـاو شـاردا وای لـێ هـاتبـێ قسـەی پـێ نـەکرێ، بـەڵام کوردی تـا ئێستـاش زمـانێکـە لـە دەوروبـەردا لـە ژیـاندایە.

(٣٧٤) یـاقووتـی حـەمـەوی: نووسـەرێکی کۆنـی زۆر بـەنـاوبـانگـی عـەرەبـە، سـاڵـی ١١٧٩ لـە ئـەنـادۆڵ لـە دایك بووە، دواتـر بـەدیل گیـراوە و بـراوەتـە بـەغدا و لـەوێ لـە بـازاڕی کـۆیـلـەدا بـەفـرۆشتن دراوە. لـە لایـەن بـازرگـانێکی سووریـاییی خـەڵکی شـاری (حـەمـا)وە کـڕراوە و بـراوەتـە (حـەمـا) و لـەوێ وەکـو کـۆیـلـە بـەشـەڕ دراوە، دوای مـاوەیـەکیش ئـازاد کـراوە، بـەم هـۆیـەوە پـێـی گـوتـراوە «یـاقـووتـی حـەمـەوی» واتـە یـاقووتـی خـەڵکی حـەمـا، هـەر بـەو نـاوەشـەوە نـاسـراوە. دوای ئـەوەی بـەئـازادی گـەییوە، هـەموو بوونـی خـۆی بـۆ گـەشتـوگـوزار و نووسین تـەرخـان کـردووە، دوو نووسینـی هـەرە بـەنـرخـی حـەمـەوی (حـەمـایی) موعجـەمـولبـولدان، واتـە: «فـەرهـەنگی شـاران»، کە لە هـەشت بـەرگدایە، لەگەڵ موعجـەبولئودەبا– واتـە «فـەرهـەنگی ئـەدیبـان» کە لـە چوار بـەرگدایـە– دوو ئـەنسیکلۆپیدیـان، ئـەم دوو کتێبـە، بـەیـەکـەم ئـەنسیکلۆپیدیـای بـەعـەرەبی لـە مێژوودا دانـراوە، حـەمـەوی سـاڵـی ١٢٢٩ لـە حـەڵـەب کـۆچـی دوایی کـردووە.

نـاوی کتێبـی «موعجـەمـولبـولدان»ی لـەمـەودوا گـەلێك جـاران بـەرچـاو دەکـەون، ئێمـە ئـەم تێبینییـە بـۆ هـەموو ئـەو شـوێـنـانـەش بـەگـونجـاو دەزانین، هیـواداریـن سوودی لـێ وەربگیرێ.

(٣٧٥) لـە سـەردەمـی عـوسمـانیدا، نـاوی ئـەم شـارە کـە بـەفـەرمـی لـە شێوەی (عـەینتـاب) و لـە نـاو کـورددا (ئـەنتـاب) و لـە نـاو تـورکـەکـانـدا (عـەنتـەب) بـەکـار دەهێنرێ، دواتـر لـە لایـەن کـەمـالیستـەکـانـەوە گـۆڕاوە و خـراوەتـە قـاڵبـی (غـازی عـەنـتـەب)، هـەر وەکـو لێرەش و لـە ئـەنسیکلۆپیدیاکـەشدا ڕوون کـراوەتـەوە، نـاوی ڕەسـەن و کـۆنـی بـەکـوردیی شـارەکـە (دلـۆك)ە، واتـەی ئـەم نـاوە «دڵ بـەم و بـەو بـەخش، ئـەویـنداری ئـەم و ئـەو» دەگـەیـەنـێ، ڕێك لـە نـاوەڕاستی ئـەم شـارەدا گـردێکی بـەنـاوبـانگ هـەیـە، هـەر لـە کـۆنـەوە نـاوی بـەکـوردی (گرێ کـوردان)ە و بـۆ تورکی بـە(کـورد تـەپـەسی) وەرگێڕراوە، وەکـو زانـراوە، ئـەم شـارە لـە جـەنگی یـەکـەمـی جیهـانیدا تووشی داگیرکـاریی فـەڕەنسی بـووە. خـەڵـکـی کـورد و تـورك پـێکـەوە بـە بـەرگـری لـەو شـارە کـردن بـەنـاوبـانگـن، لـەو

بەرگرییەدا ئەو ئازایەتی و قارەمانێتییەی خەڵکی کورد نواندوویانە، لە سروودە تورکییەکانیشدا دەنگیان داوەتەوە، ئەم پارچەیەی یەکێك لەو سروودانە، ئەو ئازایەتی و قارەمانێتییە دەردەخا، بەڵگەیەکی مێژووییە:

Sürerim Sürerim, gıtmez kadana
Attıgım kursun degmez adama
Vurun kürd usagı, namus günüdür
Anteb In harbinde on bir ay oldu
Rengimiz sarardi, benzimiz soldu
Vurun kürd usagı, namus günüdür

واتە:

داژۆم داژۆم،
ئەو گوللانە دەهاوم، بەر پیاو ناکەون
لێدەن منداڵی کورد، ڕۆژی نامووسە

***

جەنگی عەنتاب وا بووە یانزدە مانگ
ڕەنگمان زەرد هەڵگەڕا، شێوەمان ژاکا
لێدەن منداڵی کورد، ڕۆژی نامووسە

مخابن دوای ئەوەی کەمالیستەکان دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرت و دوای ئەوەی ئایدۆلۆژیای کۆنەپەرستی ڕەگەز پەرستانەی ناڕەوایان برەو پێ دا، کە سیاسەتی ئینکارکردنی بوونی گەلی کوردیان هێنایە گۆڕێ و ناوی گردی کورد-یشیان گۆڕی و ئەم ناوە کوردەی ناو ئەم سروودەشیان کردە تورك، ئەو رستەیەیان کردە «لێدەن منداڵی تورك، ڕۆژی نامووسە». بەم جۆرە لە ورەش ڕاستییەکی جوگرافیش و ڕاستییەکی مێژوویشیان تێکداو بەم جۆرە ناپاکییان لەگەڵ جوگرافیاش و لەگەڵ مێژووش کرد، هەر لەو کاتەدا سروودێکی بەرگریی، کە دراوەتە پاڵ میللەتیشیان گۆڕییەوە، لە پاڵ مێژوویەکی فەرمی-دا فۆلکلۆرێکی فەرمیشیان هەڵبەست.

(٣٧٦) مەنبیج و ئەلباب، ئێستا لە ناو سنوورەکانی سووریادان.

(٣٧٧) مەبەست لە ئیسرائیلییەکان، جوولەکەکانن، ئەم وشەیە لە هەندێك بابەتی لەمەو دواشدا دووبارە دەبێتەوە، ئێمە بەم تێبینییە، کە ئەو شوێنانەش ڕوون دەکاتەوە لێدەگەڕێین.

(٣٧٨) نەك زۆربەی ئەوەی لە دانیشتووان ماونەتەوە، بەڵکو هەر هەموو کوردن.

(٣٧٩) ناوی ڕەسەنی ئێرە بەکوردی (هوورەمار)ەو واتە: (ماری بچووك).

(٣٨٠) نابێ لەبیر بکرێ کە یەزیدییەکان کوردن.

(٣٨١) لێرە، وشەیەکمان پێ نەخوێنرایەوە کە وادیارە ناوی شارە.

(وشەکە ناوی شاری «هیت»ە.. و. کوردی).

(٣٨٢) ئەو بەرزاییە **١٩١** مەترییەی لە بیرەجك–دایە، لەبەرئەوەی لەو شوێنەدا کە زێیەکەی لێ دەرژێتە دەریاوە، بۆ ئاستی سفر نزم دەبێتەوە، **١٨٠٠** کیلۆمەتریی درێژیی ئەو ناوە، کە بەسەر **١٩١** مەتردا دابەش دەکرێ، هەر کیلۆمەترە و دەگاتە **١٠** سەنتیمەتر و هەندێك، ئەوەی لێرە مەبەستە ئەوەیە.

(٣٨٣) ناوی ئەم زێیە لە ناو کوردەکاندا «فەرات»ە، ناوی دیاری کردنیشی «فەرێت»ە. بەدەوروبەریشی دەگوترێ «بەرفەرێت».

(٣٨٤) بەتلەمیوس (بەطلیمۆس): زانایەکی کۆنی جوگرافیای یۆنانییە، لە نێوانی ساڵانی ٩٠– ١٦٨دا ژیاوە. لە هەندێك سەرچاوەدا لە شێوەی «بەتالیموس Batalimus» نووسراوە، ناوە تایبەتییە یۆنانییەکەی (Ptoémée claude)یە. بەناوی (جوگرافیای بەتلیمۆس)ەوە کتێبێکی جوگرافیای بەناوبانگی هەیە.

(لە کوردیی کوردستانی باشووردا، کە لە ڕێی ڕۆشنبیریی عەرەبییەوە پێمان گەیشتووە، (بەتلیمۆس، بەطلیمۆس) کە من لە پاڵ ناوەکەدا لە ناو کەوانەمدا دانا...و. کوردی).

(٣٨٥) ناوی قەرس کە لە کتێبە جوگرافیا کۆنەکاندا هەیە، ناوە کوردییەکەی ئێرەیە و واتای «سەرمای تەزێنەر» دەگەیەنێ، لە کوردیدا لەم ناوەوە کرداری (کار)ی (قەرسین)یش پێکهێنراوە، کە تەزین دەگەیەنێ. شاری قەرس بەم ناوەوە لە فۆلکلۆری کوردیشدا خاوەنی شوێنێکی زۆر بەبایەخە. بۆ نموونە، پەندێکی پێشینانی کوردی دەڵێ: «ب پرسێ مرۆڤ دچە قەرسێ» واتە بەپرسین پیاو دەچێتە

قارس.

لە بارەی قەرس-ەوە گۆرانییەکی بەناوبانگی هەڵپەڕکێی کوردی هەیە، وشەی «وێللی»ی ناو ئەو گۆرانییەی لە خوارەوە هەندێك دێڕی لێ بڵاو دەکەینەوە، لە بنچینەدا ئەو (وەی لێ)یەیە کە تایبەتە بەبانگکردنی کیژان و ئافرەتان، لە گۆرانییەکەدا بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕیتمی هەڵپەڕکێدا بگونجێ، لە شێوەی (وێللێ)دا کورت کراوەتەوە و دەگوترێ. دێڕە سەرەتاییەکانی گۆرانییەکە بەم جۆرەیە:

خەزالێ وێللی وێللی، خەزالێ وێللی جان
خەزالێ وێللی وێللی، دەلالێ وێللی جان
م ل قەرسێ دکان ڤەکر، خەزالێ وێللی جان
م ل قەرسێ دکان ڤەکر، دەلالێ وێللی جان
بازارا شارا تەکر، خەزالێ وێللی جان
بازارا شارا تەکر، دەلالێ وێللی جان
م ژبیرکر ڕیشك نەکر، خەزالێ وێللی جان
م ژبیرکر ڕیشك نەکر، دەلالێ وێللی جان

(٣٨٦) لێرەدا واتەی «هونەرمەندی دەستنووسی- خۆشنووسی» بەرامبەر وشەی «خەتتات، خطاط»ی عەرەبی بەکارهاتووە، لەبەرئەوەی پیتە عەرەبییەکان بۆ ئەوە دەگونجێ بەشێوەیەکی ڕازاوە پێی بنووسرێ، لە کۆنەوە گەلێك هونەرمەندی نووسینی گەلێك جوانی پێگەیاندووە و ئەوانە «خەتتات»یان پێ دەگوترێ.

(٣٨٧) پلەی ئەستەمبووڵ: پلەیەك بووە، ئەوسا دراوەتە ئەوانەی سەرکەوتوو بوون.

(٣٨٨) نووسینی غوباری: شێوە نووسینێکە بەپیتە عەرەبییەکان.

(٣٨٩) ئیخلاس: کورتترین (سوورە)ی قورئانە، کە بە(قول هووەڵلا) دەست پێ دەکا.

(٣٩٠) ناوی ئێرە لە ناو کوردەواریدا (کۆتۆل)ە.

(٣٩١) ئەم شارۆچکەیەی کوردە، هەر چەندێك سەر بەویلایەتی ئازەربایجان دانراوە، ئەمە ڕوانگەی فەرمیی ڕژێمی ئێرانە و بەگشتی پێچەوانەی ڕاستییە، چونکە شارۆچکەی ناوبراو، لە کوردستاندایە. بەڵام فەرمانڕەوایانی ئێران، بۆ تێکدانی یەکیەتیی ئەو ناوچەیەی کوردستانی خۆرهەڵاتەی لە ژێر دەسەڵاتیاندایە، لە

کـاروبـاری فـەرمـیـدا نـاوی سەیـرو سەمــەرەی (ئـازەربـایـجـانـی غـەربـی)، واتـە: (ئازەربایجانی خۆراوا) بە بەشی باکوری ئەو ناوچەیە داوە، بەڵام گەلی کورد ئەو ناوە سەمەرەیەی هەرگیز پەسند نەکردووە و ناوی کوردستان بۆ هەموو ناوچەکە بەکار دەهێنێ.

(٣٩٢) پەیمانی بەرلین: ئەو پەیماننامەیەیە کە لە ١٣ی تەممووزی ١٨٧٨دا لە نێوانی دەوڵەتی عوسمانی و ئەڵمانیا و ئیمپراتۆرییەتی نەمسا و مەجەرستان و فەرەنسا و ئینگلتەرا و ڕووسیادا واژۆ کراوە.

(٣٩٣) بازەلت: پارچەیەکی ڕەقی ڕەنگ تێری گڕکانییە.

(٣٩٤) ئـێرە، ئـەو شوێـنـەیـە کـە، بـۆ لـە نـێوانـی عـوسمـانـی و سەفـەویـدا دابـەشکـردنـی کوردستان، ساڵی ١٦٣٩ ئەو پەیماننامەیەی بەناوی (قەسری شیرین)ە دەناسرێ بەناوبانگە.

(٣٩٥) ناوی ئەم قەزایە بەکوردی (کۆلر)ە.

(٣٩٦) بەتورك دانانی زۆربەی دانیشتووانی ئێرە، یان لە کەمیی زانیارییەوەیە، یانیش لـە ئـەنجامـی هـەڵـەی زانـیـاریـدا نـووسراوە، ڕاسـتـیـیـەکـە ئـەمـەیـە کـە جـگـە لـە فەرمانبەرانی چینی سەرەوە بەولاوە تورکی هیچ لێ نییە، ئەگەر لەم چەند سەد ساڵانەدا هەندێك تورکی لێ نیشتەجێ بووبن، ئەوانیش زۆر بەکەم دادەنرێن.

(٣٩٧) سەردەمانێك ئێرە ناوەندی ئەو دەوڵەتە کوردە بووە کە لەم ناوەدا فەرمانڕەواییی کردووە. بڕوانن: «شەرەفنامە»، ل/ ١٧٧– ١٨٤.

(٣٩٨) زۆر ڕێی تێدەچێ کە واتای «کلێسەی یەکە یەکە» بێ!!

(٣٩٩) مـامـۆسـتـا بـۆز ئـەرسلان لـەم تـێبـیـنـیـیـەدا بـاسی ئـەوەی کـردووە کە بـابـەتـی کوردستانی بردووەتە بەشی هەرە پێشەوەی کتێبەکەی، کە شوێنەکەی لێرەدا بووە، من لە وەرگێڕانی کتێبەکە بۆ کوردی بابەتەکەم هێنایەوە ناو سەرەی ئەلفوبێی خۆی.. و. کوردی.

(٤٠٠) حافز عوسمان: لە نێوانی ساڵانی ١٦٤٢– ١٦٩٨دا ژیاوە، نووسەرێکی عوسمانییە بەنووسینی دەستیی زۆر جوانی ناسراوە. پتر نووسینەوەی قورئانی زۆر بەناوبانگە و ئەو قورئانەی کە نووسیویەتی بووەتە نموونە و دواتر چاپ کراوە.

(٤٠١) بەپێی ئەوەی ناوی (کورد زادە)یە، کورد بوون و لە کوردستانەوە هاتنی بنەماڵەکەی گومانی تێدا نییە.

(٤٠٢) دەستەواژەی «ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی» کە، لێرە و لە شوێنی دیکەی لەمەودواشدا هەیە، بەرامبەر ناوی تایبەتیی «مەمالیکی عوسمانییە» بەکارهێنراوە. وا دیارە لە سەردەمی عوسمانیدا زاراوەی ئیمپراتۆرییەت، زۆر پەسند نەکراوە، لەجیاتی ئەو وشەی «مەمالیك»ی کۆی (مەملەکەت)ی عەرەبی بەکارهاتووە، لە کاتێکدا دەوڵەتی عوسمانی، لەم سەردەمەماندا ناوی «ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی»یەوە ناسراوە و یاد کراوەتەوە. بەم هۆیەوە ئێمەش زاراوەی (مەمالیکی عوسمانی)مان لە شێوەی (ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی) وەرگێڕاوە.

ئەم زاراوەیە لەمەودواش لە هەندێك ماددەدا هەر بەو واتایەوە بەرچاو دەکەوێ، ئێمە بۆ هەریەکەیان تێبینییەك نانووسین، بەئومێدی ئەوەی ئەم تێبینییە ئەو شوێنانەش ڕوون بکاتەوە.

(٤٠٣) مەعموورەتولعەزیز: ناوی فەرمیی ئەو سەردەمەی (ئەلعەزیز)ە، وەکو زانراوە، ناوی کوردیی ئێرە (خارپێت)ە، کە واتای (هاڵاوی دامرکاو) دەگەیەنێ.

(٤٠٤) سەنجەق (لیوا): لە سەردەمی عوسمانیدا لە نێوانی ویلایەت و قەزادا بەشە (یەکەیەکی) ڕێکخستنی بەڕێوەبەرێتی بووە و لە لایەن بەڕێوەبەرێکەوە کە (موتەسەرریف)ی پێ دەگوترا بەڕێوە دەبرا. (لیوا) و (موتەسەرریفێتیش)ی پێ دەگوترا.

وشەی سەنجەق لەمەودواش لە بابەتی دیکەشدا چەند جارێك دووبارە دەبێتەوە، ئێمە تەنیا ئەم تێبینییەمان نووسیوە و هیواداریین لە شوێنەکانی دیکەشدا سوودی لێ وەربگیرێ.

(دەوڵەتی عوسمانی بەوەی لەسەر بنەمایەکی سەربازی دامەزرابوو، ناوی (سەنجەق)یش واتە (ئاڵا)، لە یەکە بەڕێوەبەرێتییەك نرابوو، کە بەعەرەبیش کە زمانێك بوو دەوڵەتی عوسمانی وشە و زاراوەی لێ دەخواست، بەعەرەبی بەئاڵا دەگوترێ (لیواء) و سەنجەق بەلیوا وەرگێڕاوە – واتە: ئاڵا... و. کوردی).

(٤٠٥) لێرەدا، هۆی گوتنی «عیراقی عەجەم» و «عیراقی عەرەب» ئەمەیە کە: یەك لە واتاکانی وشەی عیراق کە بەعەرەبییە، «ئەو خاکەی لە ڕۆخی دەریادایە»یە. ئەم

وشەیە، بەلای کۆنە جوگرافیاناسە عەرەبەکانەوە، ئەم ناوە بەو ناوچەیە گوتراوە کە لە ڕۆخی باکوری کەنداوی بەسرەدایە. خۆرهەلاتی ئەو ناوچەیە هی ئێرانییانە، کە (عەجەم)یان پێ دەگوترێ و لەبەرئەوەی بەشی خۆراواشی بەدەستی عەرەبەکانەوە بووە، لە سەردەمە کۆنەکاندا، بەو بەشەی بەدەست عەجەمەوە بوو گوتراوە (عیراقی عەجەم) و بەو بەشەش کە بەدەست عەرەبەوە بووە گوتراوە (عیراقی عەرەب)، کە باس لە هەردووکی پێکەوە دەکرێ، دەگوترێ (عیراقەین) واتە هەردوو عیراق.

لە بابەتەکانی داهاتوودا ئەم ناوانە ناوە ناوە دووبارە دەبێتەوە، ئێمە بۆ هەر یەکێکیان تێبینییەك نانووسین و ئەم تێبینییە بۆ شوێنەکانی دیکەش سوودی لێ وەردەگیرێ.

(٤٠٦) جەزیرە: ئەو ناوچەیەیە لە نێوانی ڕووبارەکانی دیجلە و فوراتدایە و ئێستاکە بەناوی (میسۆپۆتێمیا)وە دەناسرێ. لە ئەنسیکلۆپیدیادا، چونکە لە بابەتی تایبەتی خۆیشیدا و لە بابەتی دیکەشدا لە بارەی (جەزیرە)، یانیش (ئەلجەزیرە)وە باس کراوە، ئێمەش لە وەرگێڕانەکەدا ناوی ئەم ناوچەیەمان سەرەڕای بەناوی (میسۆپۆتێمیا) ناسرانی ئەمڕۆی بۆ گونجانی لەگەڵ دەقی تایبەتییدا بە(جەزیرە)مان نووسی.

لە لایەکی دیکەوە و لێرە و هەندێك پەرەگرافی لەمەودوا ئەگەر ئەم ناوچەیە، واش نیشان درابێ کە لە دەرەوەی کوردستاندایە، ئەم دەستنیشانکردنە، لەوانەیە تەنیا هەر بۆ بەشی باشووری جەزیرە دەست بدا کە عەرەبی تێدا نیشتەجێیە، لە کاتێکدا بەشی ناوەڕاست و باکوری، لەبەرئەوەی کوردی تێدا نیشتەجێیە، لە ناو خاکی کوردستاندایە.

بەم جۆرە نووسەر دواتر کەموکوڕییەکەی ئێرە هەست پێ کردووە کە لە بابەتی (کوردستان)ی ناو فەرهەنگی: (قامووسی تورکی)دا کە ساڵی ١٣١٨ (١٩٠٠ی زایین) بڵاو کراوەتەوە. ناوچەکانی خۆرهەلات و باکوری جەزیرەی بەبەشێك لە کوردستان داناوە و بەم شێوەیە، ئەو کەموکوڕییەی ئێرەی لەوێدا نەهێشتووەتەوە. (بڕوانە: شەمسەددین سامی: قامووسی تورکی. ب/٢ – ل/١١٥٧ – چاپخانەی ئیقدام – ئەستەمبووڵ ١٣١٨).

ناوی جەزیرە لە بابەتەکانی دواتریشدا جاروبار بەرچاو دەکەوێ، ئێمە بۆ هەر

یەکێکیان تێبینییەکی جیاواز نانووسینەوە و بەئومێدی ئەوەی سوود لەم تێبینییەی ئێرە وەربگیرێ دەستبەردار دەبین.

(٤٠٧) ناوی ئەناتۆڵی: هەرچەندە لە زمانی تورکیی ئەم سەردەمەماندا بەشێوەی (ئەنادۆڵو) بەکار دەهێنرێ. لێرەی ئەنسیکلۆپیدیادا و لە شوێنێکی زۆریشدا لە شێوەی (ئەناتۆڵی) نووسراوە، لە بابەتەکەی خۆیشیدا بەم جۆرەی باس کراوە و واتاکەی بە(خۆرهەڵات) لێکدراوەتەوە. بۆیە ئێمەش ئەم ناوەمان لە وەرگێڕاندا بەو شێوەیە نووسییەوە کە لەگەڵ ڕەسەنی (ئەناتۆڵی)ی خۆیدا بگونجێ. ئەم ناوە، دواتریش ناوە ناوە بەرچاو دەکەوێ، ئێمە بۆ ئەو شوێنانە سەر و تێبینییەك نانووسین. هیوادارین ئەمەی ئێرە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو شوێنانەش سوودی لێ وەربگیرێ.

(٤٠٨) بەوەی کە دیارە، لە بارەی درێژیی کوردستان و فراوانییەوەش، لەبەر کەموکوڕیی زانیاریی ئەوسا، لێرەدا وەها نووسراوە، ڕاستییەکەش درێژی و فراوانیی زۆر زۆر لەمە پترە.

(٤٠٩) وشەی (سۆی) واتە (ڕەگەز، ڕەسەن)، کە لێرە و لە هەندێك شوێنی دیکەشدا بەکارهێنراوە لە دەقی تایبەتدا بەرامبەر وشەی (جنسییەت)دا بەکارهێنراوە، وشەی (جنسییەت) کە بەعەرەبییە، لە زمانی عوسمانیدا بەواتای ئەمڕۆشیدا و بەواتای «هەر لەو جنسییەتە بوون و هەر لەو ڕەگەزەوە، هەر لەو بنچینەیەوە بوون»یشدا بەکاربراوە.

ئەم وشەیە لە بابەتەکانی لەمەودواشدا جار جار هەر بەو واتایەوە ڕاستە، ئێمە بۆ هەریەکە لەو شوێنانە تێبینییەك نانووسین، بەئومێدی سوود لەم تێبینییە وەرگرتن لێ دەگەڕێین.

(٤١٠) خۆراسان: ویلایەتێکی ئێرانە.

(٤١١) بلووجستان: وڵاتێکە لە نێوانی ئێران و پاکستاندا و لە نێو ئەو دووانەدا، بەش کراوە.

(٤١٢) ئەم کۆمەڵانەی وا، دانیشتووانی ڕەسەنی کوردستان نین، ئەو کەمایەتییانەن کە لە سەردەمانی عەبباسی و عوسمانی و سەفەویدا، هاتوون و لە کوردستاندا نیشتەجێ بوون.

(٤١٣) دیاره ئەو (٧٥٠٠)ەی پەیوەندیی بەئێرانەوە و (١٣,٠٠٠)ەی پەیوەندیی بەپشت قەفقاسەوە هەیە، لە ئەنجامی هەڵەی چاپدا بەو جۆرەیە و ڕاستییەکەی ئاشکرایە کە: (٧٥٠,٠٠٠) و (١٣٠,٠٠٠)ن.

(٤١٤) لەم پەرەگرافەدا، وەکو ئەنجامی کەموکوڕیی زانیاری، دەشتەکانی کوردستان و خاکی بۆ کشتوکاڵ چاکەکانی، زۆر کەم پیشان دراوە، لە کاتێکدا دەشتی دیاربەکر کە پێی دەڵێن: «دایکا خزان و بەلەنگازان» و «بەڕییا مێردینێ»ی دەشتی ماردین و «دەشتا مووشێ»ی دەشتی مووش، دەشتگەلێکی فراوان و بەپیتن و دەشتگەلی دیکەشی هەن.

(٤١٥) تاشیاغی (ڕۆنی بەرد!): ڕۆنی گاز، لە سەردەمی عوسمانییاندا، وەهاشی پێ دەگوترا.

(٤١٦) ئەم گومانەی بەرامبەر میدیاییەکان، لە بارەی ئەوەوە کە میدیاییەکان باوباپیرانی کوردن، لە ناو کوردیشدا بەو بڕوا فراوانەی لە ناویاندایە، دژایەتیی دەکرێ. خەلیل خەیالیی مێژوونووس و زمانزانی کورد لە نووسینێکیدا کە لە بارەی مێژووی کۆنی کورد و پەیوەندیی ئێران و میدیاوە بەوردەکارییەکی زۆرەوە ساڵی ١٩١٩ بەناوی خوازراوی (کوردییێ بتلیسی)یەوە بەناونیشانی «ئایا کوردەکان ئێرانی نین؟»ەوە وەکو زنجیرە لە گۆڤاری «ژین»دا بڵاو کردووەتەوە. بڕوانە: ژین، ب/٤ - ژ/١٨، ١٩، ٢٠ - ١٩٨٧ و ب/٥ - ژ/٢١ - ١٩٨٨ - م - ئەمین بۆز ئەرسلان لە تیپی عەرەبییەوە بۆ لاتینی ڕاگوێزاوەتەوە - بڵاوکراوەکانی دەنگ. ئوپسالا - سوێد.

(٤١٧) کەلدانییەکان: گەلێکی ڕەگەز سامییە، بەر لە (١٠٠٠) هەزار ساڵێکی پێش زایین، لە خۆراوای کەنداوی بەسرەدا ژیاون، ئەم ناوە، لە هەندێك بابەتیشدا دووبارە دەبێتەوە، ئێمە تەنیا ئەم تێبینییە بۆ ئەو شوێنانەی دیکەش دەنووسین، هیوادارین سوودی لێ وەربگیرێ.

(٤١٨) هەرات: شارێکە لە باکوری خۆراوای ئەفغانستان.

(٤١٩) Aksenofon زەینوفۆن: ئەگەرچی ناوەکەی تاکو ئێستا بەهەڵە Ksenefon زانراوە، شێوە ڕاستەکەی Ksenofonە کە لە زمانە خۆراواییەکاندا Xenophon دەنووسرێ. مێژوونووس و بیرمەند و سەرکردەی بەناوبانگی یۆنانییە. لە دەوروبەری ٤٣٠ی.

پ.ز لە دایك بووە و ساڵی ٣٤٥ی پ.ز مردووە. لە قوتابییەکانی سوکرات–ە. لە بارەی فەلسەفە و مێژوو و سیاسەت و سەربازی–یەوە گەلێك کتێبی نووسیوە. بەناوبانگترینی نووسراوەکانی «ئەناباسیس»ە، کە واتای «گەڕانەوە» دەگەیەنێ، ساڵی ٤٠١ی پ.ز لە بەردەمی سوپای ئێراندا شکستی خواردووە و لە گەڕانەوەیدا بۆ وڵاتی خۆی، سەرکردایەتیی لەشکری یۆنانی کردووە و بەکوردستاندا ڕەت بووە و یادداشتەکانی ئەو دەمانەی لەو کتێبەیدا تۆمار کردووە. سەرچاوەی کۆنترین زانیارییە لە بارەی کوردەوە.

ناوی ئەم نووسەرە دواتریش ناوی لە هەندێك بابەتدا دووبارە دەبێتەوە، بۆ هەر یەکێك لەو جێیانە تێبینییەك نانووسین و هیوادارین بۆ ئەو شوێنانەش سوود لەم تێبینییانە وەربگیرێ.

(٤٢٠) نینەوا: پایتەختی کۆنی ئاشوورییان. ساڵی ٦١٢ی پ.ز، لە ئەنجامی هێرشی پێکەوەی میدیا و بابلدا ڕووخاوە، ئێستا کەلاوەکانی لە کوردستانی باشووردا هەر ماوە.

(٤٢١) جەیحوون و سەیحوون: دوو ڕووباری ئاسیای ناوەڕاستن، بە(جەیحوون) دەگوترێ (ئامودار‌یا) و بە(سەیحوون)یش دەگوترێ (سیریداریا).

(٤٢٢) پەهلەوی: زمانێکی زۆر کۆنە کە بەدایکی زمانەکانی کوردی و فارسی دەژمێررێ، سەرچاوە مێژووییەکان ئەوە باس دەکەن کە زمانێك بووە لە میدیای کۆندا بەکار هاتووە و ئەلفوبێیەکی تایبەتی لە ٢٤ پیت پێکهاتووی هەبووە. لە بابەتەکانی دیکەشدا ئەم ناوە جاروبارێك دووبارە بووەتەوە و ئەم تێبینییەی ئێرە بۆ ئەو شوێنانەش باشە و هیوادارین سوودی لێ ببینرێ.

(٤٢٣) یەك لەو کتێبانە و گرنگترینیان (مەم و زین)ی داستانی نەتەوەیی کورد، کە ئەحمەدی خانی–ی شاعیری گەورە و نەمری کورد نووسیویەتی و ساڵی ١٦٩٥ تەواوی کردووە. لەم کتێبەدا کە چیرۆکێکی دڵدارییە کردوویەتە بابەت کە لە سەردەمە کۆنەکاندا لە شاری جزیرەی پایتەختی دەوڵەتی کوردی بۆتاندا ڕووی داوە و چووەتە شێوەی داستانەوە و لە دەوروبەری ئەو چیرۆکە دڵدارییەدا، دەوڵەتی کۆنی بۆتان بەهەموو شکۆیەکییەوە خراوەتە ڕوو کە پشتی بەڕۆشنبیریی نەتەوەیی کورد بەستووە و دابونەریتی جۆراوجۆری نەتەوەیی کوردی تا دەگاتە پیرۆزباییەکانی نەورۆز و هی دیکە، بەوەستاییەکی گەورەوە دەربڕیوە و وێنە کێشاوە.

ئێمە ئەم کتێبە بەبایەخە لە پیتی عەرەبییەوە بۆ پیتی لاتینیش و هەروەها لە کوردیشەوە بۆ تورکیمان وەرگێڕاوەتەوە و پێکەوە بەهەردوو زمانەکە لە ساڵی ۱۹٦۸دا لە ئەستەمبووڵ بڵاو کردووەتەوە. دواتریش لە (۱۹۹۰)ەکاندا بەلێکۆڵینەوەیەکی نوێشەوە ئەم کتێبەم بۆ پیتی لاتینی و هەروەها بەکوردییەکی سادەش وەرگێڕاوەتەوە، بەپێشەکییەکی دووردرێژەوە و بەپەراوێزگەلێکی فراوانەوە، ساڵی ۱۹۹٥ بەبۆنەی یادی ۳۰۰ ساڵەی نووسینییەوە لە سوێد سەرلەنوێ چاپ کردووەتەوە. لەم چاپەدا دەقە ڕەسەنەکەی خۆی و بەکوردییە سادەکەوە پێکەوە بڵاو کرایەوە. وەرگێڕانە تورکییەکەی کتێبەکەش سەرلەنوێ ئامادە کراوە و ئەو پێشەکییە کوردییەی بۆی ئامادە کراوە، بۆ تورکی وەرگێڕاوە و پێکەوە لە ۱۹۹٦دا سەرلەنوێ لە ئەستەمبووڵ بڵاو کراوەتەوە. بەڵام مانگێك دوای بڵاوبوونەوەی ئەم وەرگێڕانە، کتێبەکە قەدەغە کراوە و کۆ کراوەتەوە.

(٤٢٤) لێرەدا، مەبەست لە زمانە ئیسلامییەکانمان وا دیارە عەرەبی و فارسی و ئەو زمانە تورکییەی سەردەمی خۆی کە عوسمانیی پێ گوتراوەیە.

(٤٢٥) «شاهنامە» لە لایەن فیردەوسیی شاعیری بەناوبانگی فارسەوە نووسراوە، کە لە ساڵانی (۹۳۲ – ۱۰۲۱)دا ژیاوە و ئەم کتێبە بەناوبانگەی کە سەردەمی کۆنی ئێرانی، تا داگیرکاریی عەرەبی، بابەتی ئەم کتێبەیە. ئەم کتێبە، بەشیعر نووسراوەی فیردەوسی–یە، کە وەکو داستانی نەتەوەییی فارس ناسراوە، گوایە لە ماوەی ۳٦ ساڵدا نووسراوە.

(٤٢٦) مەبەست لە قزڵباش–ان، عەلەوییەکانە. لە ڕەسەندا بەواتای (عەلەوی) بەکارهێنانی وشەی (قزڵباش) هەڵەیە، چونکە ئەمە، ئەو ناوەیە کە بەو سەربازانەی سەردەمی سەفەوییان دراوە کە سەریان بەپەڕۆی سوور بەستووە. ئەوەش بووەتە بەشێك لە مێژووی کۆن. ئەحمەدی خانی–ی نەمریش، لە بەشی ۲٦ی (مەم و زین)ی داستانی نەتەوەییی کورددا ئەم وشەیەی، لەسەر زاری بەگزادەی بۆتانەوە وای بەکارهێناوە کە پێوەندیی بەجەنگەوە هەیە. هەزاری شاعیر و نووسەری بەناوبانگی کوردیش، چەکدارانی سەردەمی سەفەوییانی بەم وشەیە ناساندووە. بەم هۆیەوە، بەکارهێنانی ئەم وشەیە بۆ عەلەوییان هەڵەیە. ئێمە لە چاپی تازەی «مەم و زین»دا، لە بارەی بەهەڵەبوونی بۆ عەلەوی بەکارهێنانی ئەم وشەیەوە، پەراوێزێکی دووردرێژمان نووسیوە. (بڕوانن: «مەم و زین» ل/۳۸۳ – ژمارەی

پەراوێز/٣٧٨ – وەرگێڕی تیپێن عەرەبی و کوردییا خوەروو: م. ئەمین بۆز ئەرسلان. وەشانخانا دەنگ، ئوپسالا – سوێد ١٩٩٥ و «مەم و زین»، ل/٢١٢، ژمارەی پەراوێز/١٩١، وەرگێڕی لە کوردییەوە بۆ تورکی: م. ئەمین بۆز ئەرسلان. بڵاوکراوەکانی دەنگ – ئستامبوڵ ١٩٩٦).

ئەم وشەیە لە هەندێك بابەتی دواتریشدا بۆ عەلەوییان بەکار هاتووە، ئێمە بۆ هەریەکەیان تێبینییەك نانووسین و هیوادارین بۆ ئەو شوێنانەش ئەم تێبینییە سوودی لێ وەربگیرێ.

(٤٢٧) لێرە، وا نیشاندانی دیاربەکر و مووسڵ، کە کەوتینە کەناری کوردستان و لە ناو ئەو شارانەی دەرەوەی کوردستانن. لە ئەنجامی کەموکوڕیی زانیارییەوە ئەو هەڵەیە کراوە. ڕاستی ئەوەیە، هەردوو شارەکە لە ناو کوردستاندان.

(٤٢٨) کەیخوسرەو: ئەو ئیمپراتۆرەی ئێرانە، کە لە ٥٩٩ی پ.زدا لە دایك بووە و ساڵی ٥٦٠ی پ.ز چووەتە سەر تەخت و لە ٥٣٠ی پ.ز کوژراوە. ئەناتۆڵی و بابل و نەینەوا و سووریەی دەست بەسەرداگرتووە و خستوویانییەتە سەر ئیمپراتۆرییەتی ئێران و بۆیە بە«کەیخوسرەوی جیهانگیر» ناسراوە، کە واتای داگیرکەری جیهان دەگەیەنێ. وا باوە کە، لە لایەن شاژنێکەوە کوژراوە و سەری بڕاوە و خراوەتە ناو مەشکەیەکی پڕ لە خوێنەوە، بەوەی کە پێی گوتراوە: «ئەگەر لە خوێن تێر نەبووی، ئێستا تێر بە».

لە داهاتوودا لە هەندێك بابەتدا باس لە کەیخوسرەو دەکرێ، جا ئێمە بۆ هیچ یەکێکی دیکەیان تێبینی نانووسین و هیوادارین ئەمەی ئێرە لەو شوێنانەشدا سوودیان لێ وەربگیرێ.

(٤٢٩) کەیانییان: بنەماڵەیەکی فەرمانڕەوای ئێرانی پێش زایین–ە، کەیخوسرەو–یش سەر بەم بنەماڵەیەیە، دارای هەر سەر بەم بنەماڵەیەش لە ساڵی ٣٣١ی پێش زایین بەدەستی ئەسکەندەری مەقدۆنیایی شکستی خواردووە و کۆتاییی بەفەرمانڕەواییی بنەماڵەکە هێناوە.

ناوی کەیانییان دواتریش لە هەندێك شوێندا دووبارە دەبێتەوە، ئێمە بۆ هەریەکەیان تێبینییەك نانووسین، هیوادارین ئەم تێبینییە بۆ ئەو شوێنانەش بەسوود بێ.

(٤٣٠) ئەشکانییەکان: ئیمپراتۆرییەتێکە ساڵی ٢٥٥ی پێش زایین دامەزراوە و ساڵی

٢٢٦ی زایین (دوای زایین) لە لایەن ساسانییەکانەوە کۆتایی بەبوونیان هاتووە. یەك لە میر (پرنس)ەکان لەم ئیمپراتۆرییەتە هەڵاتووە و لە میسۆپۆتێمیا دەوڵەتێکی دامەزراندووە. دوای ئەوەی تا ساڵی ٤٢٨ بەردەوام بووە و دیسانەوە لە لایەن ساسانییانەوە ڕووخێنراوە.

ناوی ئەشکانییان لە هەندێك بابەتی لەمەودواش دووبارە دەبێتەوە. ئێمە بۆ هەریەکەیان تێبینییەك نانووسین، هیوادارین ئەمەی ئێرە بۆ ئەو شوێنانەش بەسوود بێ.

(٤٣١) ساسانییەکان: دوا ئیمپراتۆرییەتی ئێرانی بەر لە ئیسلام. ساڵی ٢٢٤ دامەزراوە و نازناوی فەرمیی ئەو فەرمانڕەوایانەی سەرانی ئەو ئیمپراتۆرییەتە «کیسرا» بووە. بەسەرا (دەربار)یشیان گوتراوە «ئەیوان». ساڵی ٦٣٥ بەشکست خواردنی لەشکری ئەم ئیمپراتۆرییەتە بەدەستی لەشکری ئیسلامی - عەرەب لە شەڕی قادسییەدا، گورزێکی گەورەی بەرکەوتووە و دوای ئەوە، لە بەردەمی ئەو عەرەبانەی چوونەتە ناو ئێرانەوە پتر خۆی ڕانەگرتووە و لە چەند پێکدادانێکی دیکەشدا هەر شکاوە. بەکوژرانی یەزدگوردی سێیەم-ی دواکیسرا، ساڵی ٦٥١ کۆتایی بەبوونی هێنراوە و بەم جۆرە عەرەب هەر هەموو ئێرانی گرتووە و خستوویەتییە سەر سنوورەکانی ئیسلامەوە. ناوی ساسانییان لە هەندێك بابەتی لەمەودواش دووبارە دەبێتەوە. ئێمە بۆ هەریەکەیان تێبینییەك نانووسین و هیوادارین ئەمەی ئێرە سوودی بۆ ئەو شوێنانەی دیکەش هەبێ.

(لە ڕاستیدا تەختی شاهەنشایی کیسرا، لە هەیوانێکدا بووە، ئێستاش ئەو هەیوانە هەر ماوە و بەگەورەترین گومەزی هەموو جیهان زانراوە کە لە خشتی سوورەوەکراو دروست کرابێ، بۆیە بەهەیوانی کیسرا (ئەیوانی کیسرا) بەناوبانگە، لە نزیك بەغداوە لە شوێنێکدایە، چونکە گۆڕی سەلمانی فارسی-ی یاوەری پێغەمبەری لێیە، تا نزیکانێك (سەلمان پاك)ی پێ دەگوترا و ئێستا ناوەکەی گۆڕاوە و کراوەتە «مەدائین»... و. کوردی».

(٤٣٢) قادسییە: شوێنێکە لە خۆراوای شاری نەجەفی عیراق و بەو جەنگەی نێوانی لەشکری عەرەبی ئیسلام و لەشکری ساسانییاندا ڕووی داوە، ناوبانگی دەرکردووە. لەو جەنگەدا لەشکری ساسانی شکاوە و بەم جۆرە ئێران لە لایەن عەرەبەوە داگیر کراوە.

(٤٣٣) دەیەوێ بڵێ: «کوردستان، لە دەرەوەی سەربەخۆیی و دەسەڵاتیدا ماوەتەوە».

(٤٣٤) ویستوویەتی بڵێ: «کوردستان داگیر کرابوو».

(٤٣٥) ئاق قۆینلو-ەکان: عەشیرەتێکی تورکمانە، لە سەدەکانی (١٥ - ١٦)ەدا لە ئاسیای ناوەڕاستەوە هاتوون و لە دەوروبەری دیاربەکر و مووسڵ-دا سەربەخۆ بوون و ماوەیەك گۆڕەپانی دەسەڵاتیان تا بەغدا فراوان کردووە و دەوڵەتەکەیان لە سەدەی (١٦)دا لە لایەن شا ئیسماعیلی سەفەوییەوە لە ناو براوە.

ئەم ناوە لە هەندێك بابەتی لەمەودواش دووبارە دەبێتەوە، ئێمە بۆ هەریەکەیان تێبینییەك نانووسین و هیوادارین ئەمەی ئێرە لەو شوێنانەشدا سوودی لێ وەربگیرێ.

(٤٣٦) قەرەقۆینلۆ-ەکان: عەشیرەتێکی تورکمانە، لە نێوانی ساڵانی ١٣٧٥ - ١٤٨٦دا لە ئاسیا دەوڵەتیان دامەزراندووە و سەربەخۆ بوون و ماوەیەك مەیدانی دەسەڵاتیان تا کوردستان و عیراقیش فراوان کردووەتەوە. دامەزرێنەری ئەو دەوڵەتە (قەرە یووسف - یووسفە ڕەش)ە. دەوڵەتەکەیان ساڵی ١٤٨٦ لە لایەن ئوزون حەسەن «حەسەنە درێژ»ی ئاق قۆینلووەوە لە ناو براوە. (قەرەقۆینلۆ: واتە ئەوانەی سەر بەدەوڵەتی - مەڕی ڕەش-ن... و. کوردی).

ئەم ناوە لە هەندێك بابەتی لەمەودواش دووبارە دەبێتەوە، بۆ هەریەکەیان تێبینییەك نانووسین، هیوادارین ئەمەی ئێرە لەو شوێنانەشدا سوودی لێ وەربگیرێ.

(٤٣٧) زاراوەی «بەرددەرهێن»، لە دەقی تایبەتیدا بەرامبەر بە«قەپاغ لەسەردانەر» بەکارهێنراوە، ئەم زاراوەیە لە سەردەمی عوسمانییاندا بەکارهاتووە.

(٤٣٨) لێرە، مەبەست لە هێڵی سنووری باسکراو، ئەو سنوورەیە کە بەپێی پەیماننامەی قەسری شیرین کێشراوە کە ساڵی ١٦٣٩ لە نێوانی عوسمانی و ئێراندا، بەئامانجی دابەشکردنی کوردستان واژۆ کراوە.

(٤٣٩) ئەم شارۆچکەیەی لە سەردەمی عوسمانییەوە ئەم ناوە تورکییەی لێ نراوە و تا ئێستاش ئەو ناوەی هەر ماوەتەوە، بەوە بەناوبانگە کە زێدی حاجی قادری کۆییی شاعیری بەناوبانگی کوردە کە ساڵی ١٨١٥ لە دایك بووە و ساڵی ١٨٩٧ مردووە، لێرەدا دەمانەوێ بەم بۆنەیەوە شیعرێکی حاجی قادری کۆیی بۆ خوێندەواران بڵاو

بکەینەوە، کە لە بارەی «مەم و زین»ی داستانی نەتەوەییی کوردەوە نووسیویەتی. ئەم شیعرە بۆ یەکەم جار لە ژمارەی سێیەمی «کوردستان»ی یەکەم ڕۆژنامەی کورد لە مێژوودا کە لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨دا لە میسر، میقداد مەدحەت بەدرخان بڵاوی کردووەتەوە. (بڕوانن: «کوردستان»، ب/١ – ل/١٣٥ – ١٣٦) – میقداد مەدحەت بەدرخان، ئەوەی ڕوون کردووەتەوە کە، حاجی قادر ئەم شیعرەی بەدەستی خۆی لە پشتی دەستنووسێکی «مەم و زین»دا نووسیویەتی. وەکو چۆن زێڕنگەرێك لە هەموو کەس باشتر لە نرخی زێڕ دەزانێ، حاجی قادریش نرخی «مەم و زین» لە هەموو کەسێك باشتر دەزانێ و لەم شیعرەیدا کە بەودا هەڵدەدا: وەکو «گەنجینەی گەوهەر»ی ناساندووە، داوای لە کوردەکانیش کردووە کە نرخی ئەو بزانن. ئەم شیعرەی وەکو شیعرەکانی دیکەی حاجی قادر کە بە(سۆرانی) واتە: بەشێوەی باشووری کوردستان نووسراوە. ئێمە بۆ ئەو پێشکێشی (پێشەکی)یە کە لە چاپی ١٩٩٥دا «مەم و زین»دا بەکوردیمان نووسیوە، گواستووەتەوە (ل/٨٧) و بۆ پێشەکیی بەتورکیی کتێبەکەشدا بۆ تورکیمان وەرگێڕاوەتەوە (ل/٨١)، ڕەسەنی کوردیی تایبەتیی ئەو شیعرە بەخۆی ئەمەیە:

زەمانە ڕەسمی جارانی نەماوە
چراغی نازم و مونشی کوژاوە
لە دەوری ئێمە ڕۆمان و جەریدە
ئەگەرچی مەقسەدە، زانینی باوە
ئەمان قەدری بزانە ئەم کتێبە
لە دونیا ئێستە کێ هەمتای نەماوە
لە ئەییامی حەیاتی شێخی خانی
لەسەر نوسخەی خەتی ئەو نووسراوە
لە لای ئەربابی خۆی بۆ قەدر و قیمەت
خەزینەی گەوهەر و کیسە دڕاوە
لە مەجمووعی دووەل سۆران و بۆتان
لە سایەی ئەم کتێبە ناسراوە

له کوردان غەیری حاجی و شێخی خانی

ئەساسی نەزمی کوردی دانەناوە

(٤٤٠) ناوە کوردییەکەی ئێرە «کەڤان»ە کە واتە: (کەوان).

(٤٤١) سەدرەعزەم: سەرەك وەزیرانی عوسمانی، وشەکە، لەبەرئەوەی زاراوەیەکی تایبەتی ئەو سەردەمەیە، لە وەرگێڕاندا هەر وەکو خۆی دانرایەوە. ئەم وشەیەی کە بەعەرەبییە، لێکدراوە و (سەدری – ئەعزەم)ە لە گۆکردندا دەبێتە (سەدرەعزەم). (صدر أعظم).

(٤٤٢) ئەگەرچی لە ئەنسیکلۆپیدیاکەدا ئەوە ڕوون نەکراوەتەوە کە کەریم خان کوردە، هەر وەکو ڕاستییەکی زانراویشە، لە سەرچاوەگەلێکی زۆری دیکەشدا باس کراوە. بۆ نموونە بەناونیشانی (مشاهیر الكرد و كردستان)ی محەمەد ئەمین زەکی–ی مێژوونووس و نووسیاری کورد، لەو کتێبە بەناوبانگەیدا کە بەکوردیی نووسیوە و کچەکەی وەری گێڕاوەتە سەر عەرەبی کە واتای (ناودارانی کورد و کوردستان) دەگەیەنێ (ب/١ – ل/٢٨ – ٥٣ – چاپخانەی (التفيض الأهلية) – بغداد ١٩٤٥) کەریم خانی بەیەکێك لە فەرمانڕەوایانی کورد داناوە و بەشێکی کتێبەکەی بۆ خۆی و بنەماڵەکەی تەرخان کردووە. بەم هۆیەوە ئەم ماددەیەشمان لە بارەی ئەوەوە وەرگێڕا و بۆ ئێرە گواستەوە.

(٤٤٣) نادر شا: شای ئێرانە، لە ١٦٨٨دا لە دایك بووە، لە ١٧٣٥دا چووەتە سەر تەخت. کوڕی شوانێکی خۆراسانییە، هاتووەتە دنیا و سەرەتا وەك باوکی شوانیی کردووە، دواتر چەتەی پێکهێناوە و دەستی بەڕێگری کردووە، ساڵی ١٧٣٤ بەرامبەر ئەفغانییان جەنگیوە کە دەستیان بەسەر شاری ئەسفەهانی ئێراندا گرتووە. کە لە وان ڕزگار بووە، ئەستێرەی گەشاوەتەوە و بووەتە وەزیری تەهماسپی دووەم. دواتریش تەهماسپی لەسەر تەخت داگرتووە و هەشت مانگ عەباسی کوڕی ئەوی بە شا، جاڕ داوە، بەڵام فەرمانی بەدەست خۆیەوە گرتووە. ساڵی ١٧٣٥ کە عەباس مردووە، بەشابوونی خۆی جاڕ داوە و چووەتە سەر تەخت. لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتیشیدا بلووجستان و ئەفغانستان و ناوچەکانی هیندستانی تا دەلهی–ی دەست بەسەردا گرتووە. لە ١٧٤٧دا مردووە.

(٤٤٤) خانەوادەی قاچار: بەڕەسەن تورکمانن، دواتر لە ئێران فەرمانڕەواییان بەدەست هێناوە و بوونەتە خانەدانێك و لە نێوانی ساڵانی ١٧٤٧ – ١٩٢٥دا فەرمانڕەوایی

ئێرانیان کردووە. دامەزرێنەری ئەم خانەدانە و یەکەم (شا)یان موحەممەد حەسەن، لەسەر دامرکاندنەوەی ئەو ئاژاوەیەی دوای مردنی نادر شا بەرپا بووە، هاتووەتە مەیدان و هێز و دەسەڵاتی پەیدا کردووە و وردە وردە فەرمانڕەواییی بەدەست خستووە. سەڵتەنەتی خانەدانەکە ساڵی ١٩٢٥ بەداگرتنەوەی ئەحمەد شا لەسەر تەخت لە لایەن ڕەزا پەهلەوییەوە کۆتاییی هاتووە.

(٤٤٥) ئەرران: ناوچەیەکە لە ئەزربایجان.

(٤٤٦) نەوشیروان: فەرمانڕەوایەکی ئێرانی ساسانییە، سنوورەکانی ئێرانی تا دەریای سپی، دەریای ڕەش، سووریا و ئاسیای ناوەڕاست فراوان کردووە. لە نێوانی ساڵانی ٥٣١ – ٥٧٩دا فەرمانڕەواییی کردووە و پتر بەدادپەروەری ناسراوە، لە هەموو هەرێمەکانی خۆرهەڵاتدا بووەتە نموونەی دادپەروەری، بەو جۆرە، کە لە سەردەمی فەرمانڕەواییی ئەودا کە پێغەمبەر هاتووەتە جیهانەوە. لە فەرموودەیەکیدا دەڵێ: «مـن لـە سەردەمـی فـەرمـانـڕەوای دادپـەروەردا هـاتـوومـەتـە جـیـهـان» و ئـامـاژە بەدادپەروەریی دەدا.

(٤٤٧) حیسنی زیاد (حصنی زیاد): ئەم ناوە کە قەڵای زیاد دەگەیەنێ، عەرەب ئەم ناوەیان بۆ قەڵای خەرپێت بەکار هێناوە.

(٤٤٨) ئەهلی بەیت: ئەوانەی سەر بە بنەماڵەی پێغەمبەرن.

(٤٤٩) ناوی ئەم قەزایە کە بەکوردییە، لە ڕەسەندا «کێماخ»ە و واتای «کەم – خۆڵ، ئەو زەوییەی گڵی کەمە» دەگەیەنێ.

(٤٥٠) ناوی ئەم قەزایە بەکوردی، وەکو لێرەش نووسراوە «کەوار»ە. کە واتای «پوورە هەنگ، کەپسوولی فیشەك»یش و هەروەها ناوی «عەمارێکی گچەکەیە، کە لە شێوەی دۆڵابدا بەبەرزی لە قوڕ دروست دەکرێ و ئازووقەی تێدا دەشاررێتەوە و لە بەشی خوارەوەیدا کەلێنێك بە شتی وەك پەڕۆگیراوی هەیە، لە کاتی پێویستدا بەلابردنی پەڕۆکەکە ئازووقەی لێ ڕژاوەتە خوارەوە».

کەمالییەکان نارەوا ناوە کوردییەکەیان لابردووە و ناوی «یوکسەك ئۆڤا»یان لە قەزاکە ناوە.

(لە گەرمیاندا کەندووی پێ دەگوترێ.. و. کوردی).

(٤٥١) نەك زۆرینەی دانیشتووانی، بەڵکو هەر هەموو کوردن.

(٤٥٢) ناوی ئەم قەزایە «کەواش»ە. کە بەکوردییە، بەو کەرەستە لاکێشانە دەگوترێن کە سەربانەکان دەگیرێن لەسەریان دادەنرێ و سەرەکەی خۆڵ و شتی دیکەی بەسەردا دەکرێ، وەکو خوازەش بە«شتی بێ کەڵك و بێ نرخ و کەسانی بێ دەسەڵات و هیچ و پووچ» دەگوترێ. وشەکە لە زارگوتندا لە شێوەی «کەوش» و «کەواشە»شدا بەکار دەهێنرێ. ناوی ناوەندی قەزاکەش «وەستان»ە، کە لە کوردیدا «ڕاوەستان»یش و «ماندووبوون»یش دەگەیەنێ.

(٤٥٣) شتاق: ئەم قەزایەی ناوی فەرمیی ئێستا «چەتاك»ە، ناوە کوردییەکەی «شاخ»ە کە واتەی «لق، لك، چڵ» دەگەیەنێ.

(٤٥٤) نەك زۆربەی دانیشتووانە موسوڵمانەکەی، بەڵکو هەر هەموو کوردن.

(٤٥٥) ناوی ئێرە لە ناو کورددا لە شێوەی «گێزی»دا گۆ دەکرێ.

(٤٥٦) چیریش: لە کوردیدا «شیرێش»ە کە ماددەیەکی بەیەکەوە نووساندنەوەی شتومەکە. (واتە: سرێش و کەتیرە.. و. کوردی).

(٤٥٧) کوردبوونی ئەم زانا ئایینییەی ناوی «مەلا شەمسەددین، ئەحمەدی کوڕی ئیسماعیل گۆرانی»یە، هەرچەندە لەم بابەتەدا ڕوون نەکراوەتەوە، کوردایەتیی لە سەرچاوەی دیکەدا ڕوون کراوەتەوە، بۆ نموونە لە کتێبی «عوسمانلی موئەللیفلەری»دا، واتە: «نووسەرە عوسمانییەکان»، لە بارەی گۆرانی-یەوە گوتراوە: «یەکێك بووە لە زانا هەرە گەورەکان، شارەزوورییە». (محەممەد تاهیر بورسەلی، «عوسمانلی موئەللیفلەری»، ب/٢-ل/٣-مەطبەعەی ئەمیرییە. ئەستەمبووڵ ١٣٣٣/١٩١٥ی زایین). وەکو دەزانرێ شارەزوور ناوچەیەکە لە کوردستانی باشووردا و لە سەردەمی عوسمانیدا لیوا بووە. لەم ئەنسیکلۆپیدیایەشدا بابەتێکە لە پیتی (ش)دا باسی لێوە کراوە.

(٤٥٨) ئیبنوحەجەری عەسقەلانی: زانای فەرموودەیە، کە ڕەسەنی ناوی شەهابەددین ئەحمەدە و لە ١٣٧٢دا لە میسر لە دایك بووە. وەك گەورەترین زانای فەرموودە (حەدیسی پێغەمبەر) ناسراوە.

لە مێژوو و شەریعەتی ئیسلامدا بەپێی ڕێبازی شافیعی، پسپۆر بووە. ئەم زانایە، کە لە حیجاز و شام و یەمەندا گەڕاوە و لێکۆڵینەوەی ئەنجام داوە و پتر لە (١٥٠) کتێبی داناوە. ساڵی ١٤٤٩ لە میسر کۆچی دوایی کردووە.

(٤٥٩) یەگان ئەفەندی: قازیی عوسمانی، لە سەردەمی سوڵتان موراد‌ی دووەمدا لە بورسە قازیێتیی کردووە. تەواوی ناوەکەی محەمەدی کوڕی ئەرمەغان یەگان–ە، مێژووی لە دایکبوون و مردنی دەست نەکەوت.

(٤٦٠) مەبەست لە «ڕۆم» کە لە کرۆکی نووسینەکەدا هەیە، دەوڵەتی عوسمانییە. لە سەرچاوە کۆنەکاندا گەلێك جار ئەو دەوڵەتە بەناوی (ڕۆم)ەوە باس کراوە. هۆی ئەمەش ئەوەیە: لە کۆنەوە، لەو شوێنەدا کە دەوڵەتەکەی لێ دامەزراوە و فراوان بووەتەوە، ئیمپراتۆرییەتی ڕۆما، دواتریش بەناوی «ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمای خۆرهەڵات» دوو ئیمپراتۆرییەتی بیزەنتی–ی لێ فەرمانڕەوا بووە. بەو هۆیەوە، ناوی (ڕووم) بەعوسمانییانیشەوە نراوە، کوردەکان لەبەر زۆرداری و توندوتیژیی ئەو دەوڵەتە و ئەوەی کە جێیشی گرتووەتەوە، ناوی «ڕۆما ڕەش»یان پێ گوتووە و دەڵێن، لە پەندێکی پێشینانی کوردیدا گوتراوە: «بەختێ ڕۆمی تونە» واتە: ڕۆم پشتی پێ نابەسترێ، باوەڕ بەڕۆم ناکرێ». گۆرانییەکی کوردیش دەڵێ: «ڕۆم خاینە».

(٤٦١) ئەو «بروسە»یەی لە ناو نووسینەکەدایە، ناوی کۆنی «بورسە» بووە.

(٤٦٢) ئەو «ماغنیسیا»یەی لەناو نووسینەکەدایە، ناوی ئەو سەردەمەی «مانیسا»ی ئێستا بووە.

(٤٦٣) سوڵتان محەمەدی دووەم–ە، کە دواتر بەفاتیح ناسراوە.

(٤٦٤) کایتبای: فەرمانڕەوایی کۆیلەمەندی میسر بووە، ئەم قایتبای–ەی کە ناوی ڕەسەنی خۆی ئەشرەف بووە، ساڵی ١٤١٠ لەدایك بووە و ١٤٦٨ بووەتە فەرمانڕەوا (چووەتە سەر تەخت). ساڵی ١٤٩٦یش مردووە.

(٤٦٥) ئەگەرچی لێرەدا هۆی گەڕانەوەی گۆرانی بۆ میسر دیارنەکراوە، لە هەندێك سەرچاوەی دیکەدا هەیە. بۆ نموونە لە کتێبە عەرەبییەکەی «ئەششەقائیقونوعمانییە، فی عولەمائید دەولەتیلعوسمانییە–الشائق النعمانیة في علماء الدولة العثمانیة»یدا، کە واتای «گوڵاڵە سوورە لە زانایانی دەوڵەتی عوسمانیدا» دەگەیەنێ. تێکڕای هۆی گەڕانەوەی بەم جۆرە ڕوون کردووەتەوە. سوڵتان محەمەدی دووەم، لەگەڵ خزمەتکارێکیدا نامەیەك بۆ گۆرانی دەنێرێ، لە بابەتێکدا داوای بڕیارێکی پێچەوانەی شەریعەت لێ دەکا، ئەو نامەیە بووەتە هۆی لە میسر گەڕانەوەی. گۆرانی کە بەم

داواکارییە ناڕەوایە تووڕە بووە، نامەی سوڵتانی دڕیوە و فڕێی داوە، لەو خزمەتکارەش دەدا کە نامەکەی بۆ هاوردووە. پاشا کە بەم هەڵسوکەوتەی تووڕە دەبێ، لە پۆستی قازێتیی لادەبا، ئەویش بورسەی بەجێهێشتووە و گەڕاوەتەوە میسر و ڕوویەکی زۆر لە قایتبای دەبینێ. دواتریش محەمەدی دووەم کە بەهەڵەی خۆی دەزانێ و پەشیمان دەبێتەوە، نوێنەرێك دەنێرێتە میسر و دەیگێڕێتەوە و داوای لێبووردنیشی لێ دەکا و سەرلەنوێ لە پلەی قازییەتیی دادەمەزرێنێتەوە. هەر لەو کتێبەدا ئەوە باس کراوە، گۆرانی بەناوی ڕووتی خۆیانەوە قسەی لەگەڵ سوڵتانەکاندا کردووە و کە ئەوانی بینیوە نەچەمیوەتەوە و تەنیا سڵاوی لێ کردوون و دەستی ماچ نەکردوون و تەنیا دەستیانی گوشیوە. ئەم زانیارییانەی بەکورتی بۆ ئێرەمان گواستووەتەوە، لە لاپەڕە (١٤٥–١٤٧)ی کتێبەکەدا نووسراوە و ئەم کتێبە لە ڕۆخەکانی کتێبی (وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان) (مردنی پیاوماقوولان و هەواڵی کوڕانی سەردەم)ی ئیبنوخەللیکاندا چاپ کراوە. (ناوی شوێن و مێژووی چاپی کتێبەکە دیاری نەکراوە).

(٤٦٦) ئەم ناوە کە بەعەرەبییە، واتە: «دوا ئامانج لە لێکدانەوەی فاتیحە»دا، زاراوەی: «ئەلسەبعولمەسانی–السبع المثاني»ی ناوە ڕەسەنەکە، ناوێکە بۆ سوورەتی فەتح بەکاردەبرێ. واتە «دووجار دووبارەکردنەوە».

(٤٦٧) زەمەخشەری: زانایەکی گەورەی دین و زمانە لە ١٠٧٥دا لە گوندی (زەمەخشەر)ی ناوچەی خوارزم–ی ئاسیای ناوەڕاستدا لە دایك بووە. ناوی ڕاستی خۆی «ئەبولقاسم مەحمود»ە. لە تەفسیر (ڕاڤە) و زانستی زمان و ئەدەبیاتی عەرەبیدا (ئیمام)ی بەواتای (پێشەوا) بووە و ناسراوە و بەنازناوی عەللامە (واتە خاوەنی زانستێکی زۆر) و ناوبانگی بووە. لە مەککە، لە نزیك کەعبەوە نیشتەجێ بووە و لەوێ کتێبەکانی نووسیوە و خوداپەرستیی کردووە، بۆیە، پێی گوتراوە جارولڵلا (واتە: هاوسێی خودا)، لەنێو ئەو کتێبانەدا کە لە بابەتی هەمە جۆردا نووسیونی «الكشاف عن حقائق التنزيل» واتە: ڕوونکەرەوەی ڕاستییەکانی قورئان» کە کتێبێکی ڕاڤە (لێکدانەوەی) قورئانە.

(٤٦٨) بەیزاوی (البيضاوي): زانایەکی ئایینیی بەناوبانگی ئێرانییە ناوی ڕەسەنی خۆی عەبدوڵڵایە. لە شارۆچکەی بەیزای نزیکی شاری شیرازدا لە دایك بووە.

ساڵی لە دایکبوونی دیار نییە، دوای ئەوەی لە خوێندنی ئایینی بووەتەوە، لە شاری

شیرازدا قازییێتیی کردووە. بە(قازیی بەیزاوی) ناسراوە، ساڵی ١٢٨٦ یان ١٢٩٢ لە تەورێز (تەبریز)دا کۆچی دواییی کردووە.

بەنرخترین کتێبی ڕاڤە (تەفسیر): (أنوار التزیل وأسرار التأویل)ە، واتە: (ڕووناکییەکانی هێنانە خوارەوەی قورئان و نهێنییەکانی لێکدانەوە)یە.

(٤٦٩) واتە: ئەو ئاوی کەوسەرەی بەباخچەکانی بوخاریدا دەڕوا.

(٤٧٠) شەرح: ئەو کتێبەی بەفراوانی بۆ ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی تەواوی کتێبێك و شیکردنەوەی ئەو وشە و دەستەواژە و ڕستانەی تێدایە نووسراوە. وشەی (شەرح) کە بەعەرەبییە، هەر وەکو خۆی بەکارهێنراوە.

(٤٧١) سەحیحی بوخاری: ئەو کتێبە بەناوبانگەی فەرموودە (حەدیس)ەیە کە لە لایەن: محەمەد ئەلجەعفی ئەلبوخاری–یەوە کۆ کراوەتەوە کە لە ساڵی ٨١٠دا لە شاری بوخارای ئۆزبەکستاندا لە دایك بووە. ساڵی ٨٧٠ هەر لەوێ مردووە. ئەم کتێبە یەکەم کتێبی ئەو شەش کتێبانەیە کە ڕاستترینی فەرموودەکان دەگرێتە خۆ، ناوە ڕەسەنەکەی خۆی (الجامع الصحیح)ە. کە واتای «کۆکەرەوەی فەرموودەی ڕاست»ە، ئیبنو حەجەری عەسقەلانی و هەندێك زانای فەرموودەی دیکە، ڕوونکردنەوەیان لە بارەی ئەم کتێبەوە نووسیوە.

(٤٧٢) حاشیە: ئەو تێبینییانەیە کە بۆ ڕوونکردنەوەی شوێنی دەستنیشانکراوی کتێبێك، وشە و دەستەواژەکان، لە تەنیشتی دەقی کتێبەکەدا، یانیش لەنێو دێڕەکانیدا دەنووسرێ، یانیش وەکو کتێبێکی سەربەخۆ لەو تێبینییانە پێکدێ وشەی (حاشیە) کە بەعەرەبییە، لە تورکیدا بەرامبەری نەبوو، بۆیە هەر وشەکەمان لە وەرگێڕانەکەدا دانا.

– (کوردییەکەی: پەراوێز–ە.....و. کوردی)

(٤٧٣) گومانی تێدا نییە کە وشەکە (هەڵەبجە)یە.

(٤٧٤) ناوی بەکوردیی ئێرە، «گورین»ە، کە بەواتای «گرماندن، گرمە گرم کردن»ە. ئەم ناوە دواتر لە کاروباری فەرمیدا لە شێوەی «گویرون»دا بەکارهێنراوە.

(٤٧٥) لەبەرئەوەی لە ئەنسیکلۆپیدیاکەدا، تەنیا ئەو بابەتەمان وەرگێڕاوە کە پەیوەندییان بەکوردستان و کوردەوە هەیە، تەنیا بەوەوە وەستاین کە زانیاری لەبارەی یەکەم شاعیر لەمانە کە دیاربەکرییە وەرگێڕاو بۆ ئێرەمان گواستەوە.

(٤٧٦) واتای ئەو دێڕە عوسمانییانەی خوارەوە بەمجۆرەیە:

ئەی دڵ مەبە بەفەرهاد بۆ لێوی شیرینی ئەو شۆخە

بەرد بەرگەی ئازاری خواستەکانی تیشە ناگرێ

(٤٧٧) ناوی ئەم شارۆچکەیە لەنێو کوردان‌دا (لجیٚ)یە. بەپێی بۆچوونێك بەرەسەن (ل جیٚ)یە، کە لە کوردیدا (لەجیٚ، لەجێیدا) دەگەیەنیٚ.

(٤٧٨) بەتورك و چەرکەس دانانی بەشێکی دانشتووانی ئێرە، یان بەهۆی کەموکوڕیی زانیارییەوە بووە، یانیش لە ئەنجامی هەڵەی زانستەوە نووسراوە، ڕاستی ئەمەیە کە لە لیجەدا، جگە لە فەرمانبەرانی پلەی بەرز چینی سەرەوە، تاکە یەك تورکی لیٚ نییە، ئەوانیش بەخەڵکی ناوچەکە دانانرێن، بەکارو فرمان دێن و دەگەڕێنەوە. بۆ چەرکەسەکانیش، تەنانەت ناویشیان لەویٚ نەبیستراوە.

(٤٧٩) لێرەدا کەم و کوڕییەکی زانیاری لەپێش چاواندانە، چونکە قەزای لیجە، سریانیی هەر لیٚ نییە.

(٤٨٠) ڕاستییەکە، لە خۆراوایدایە.

(٤٨١) ناوی ئەم شارە لەلایەن لۆری (لوڕ)ەکانەوە بەشێوەی «وروگەرد» گۆ دەکریٚ.

(٤٨٢) واتە: یەکەمیان «کێوە سپی» و دووەمیان «پشت کێو» دەگەیەنن.

(٤٨٣) هۆی ئەمە، نەبوونی دەنگی (ۆ– O) لە عەرەبیدا و دەنگی (ۆ) لە ناوە بێگانەکاندا لە شێوەی (و) دەخوێنرێتەوە. لەبەرئەوەی جوگرافیاناسە عەرەبە کۆنەکانیش کتێبەکانیان بەعەرەبی نووسیوە.

لۆرستان–یان بەلورستان خوێندووەتەوە.!

(٤٨٤) بڕوانە پەراوێزی ژمارە (٢٠٦).

(٤٨٥) ئەم ژمارانەی ئێرە یەکدی ناگرنەوە، یان کۆیان، یان ژمارەکانی دیکە هەندێکیان بەهۆی هەڵەی چاپەوە بوونیان ئاشکرایە. لە لایەکی دیکەوە بەتورك دانانی بەشێکی دانیشتووانی ئێرە، یان لە کەموکوڕیی زانستەوەیە، یانیش لە ئەنجامی هەڵەی زانیارییەوە نووسراوە. ڕاستی ئەوەیە کە، جگە لە چینی سەرەوەی فەرمانبەرانی ئەویٚ یەك تاکە تورکی لیٚ نییە، ئەوانیش لە دانیشتووانی قەزاکە ناژمێررێن و بەئەرك و فرمان دێن و دەچنەوەش.

(٤٨٦) لێرە، ئەم لیوایە ئەگەرچی وا دانراوە کە سەر بە ئەنادۆڵە، ڕاست نەبوونی ئەمە ڕوونە. چونکە ئێرە، لەبەرئەوەی خەڵکەکەی کوردن، ناوچەیەکی کوردستانە، لە ڕاستیدا نووسەر لە بابەتی کوردستاندا کە سنوورەکانی کوردستانی دەستنیشان کردووە، سەر بەکوردستان بوونی دەرسیمی ڕوون کردووەتەوە، بەپێی ئەوەی دەرسیم لە باکوری ئەم ویلایەتەدایە و لە تەنیشتیدایە و بە بەشێك لە کوردستان دەژمێررێ، ئەم ویلایەتەی لە باشووری ئەوێدایە، نابێ بە بەشێکی کوردستان نەژمێررێ.

(٤٨٧) ڕاستییەکەی، «هەرە بەرزترینیان»ە. چونکە چیاکان نەك بەگەورەیی، بەڵکو بە بەرزییانەوە دەپێورێ.

(٤٨٨) ئەم گۆلە ناوەکەی بەکوردی «هەزار»ە و لە کەناری چیایەکدایە، هەر بەم ناوەوە، دواتر کەمالیستەکان ناویان لێ ناوە «گوێلجویك».

(٤٨٩) ئەم قسەیەی پێوەندیی بەسەرژمێرەوە هەیە، ئاشکرایە کە، یان لە کەموکوڕیی زانیارییەوە، یانیش بەهۆی هەڵەی زانیارییەوە هاتووەتە گۆڕێ. چونکە زۆرینەی زۆری دانیشتووانی ئەم ویلایەتە باس لێ کراوە، کوردن.

(٤٩٠) نەك زۆرینەی دانیشتووانی دەرسیم، بەڵکو هەر هەموو کوردن.

(٤٩١) ناوە کوردییەکەی ئێرە، بەشێوەی گۆکردنی شێوەزاری زازا، «کلسۆسۆر»ە واتەی (کڵێسەی سوور) دەگەیەنێ، لەبەرئەوەی خۆڵی ناوچەکە سوورە و لە زۆر کۆنەوە لەوێ کڵێسەیەکی ڕەنگ سوور دروست کراوە، کوردەکان ئەو ناوەیان لەوێ ناوە، تورکەکانیش هەر ئەو ناوەیان کردووەتە تورکی، تورکییەکەیان کردووەتە ناوی فەرمیی شوێنەکە.

(٤٩٢) ئەمە چووەتە زمانی تورکیش و وشەکە شێوە فارسییەکەیەتی کە بووەتە ناوی قەزاکە، لە کاتێکدایە شێوەی بەکوردیی ناوەکە «خوەش ئاڤ»ە. ئەم ناوە لە هەندێك بابەتی لەمەودواش دووبارە دەکرێتەوە، ئێمە بۆ هەر یەکەیان تێبینییەك نانووسین و ئەمەی ئێرە بۆ ئەو شوێنانەش بەباش دەزانین، هیواداریین سوودی لێ وەربگیرێ.

(٤٩٣) ئێرە، ناوی بەکوردی «مێردین»ە و واتە: «مێردی دین، ئەو شوێنەی پیاوەکانی شێتن، ئەم ناوە کوردییە، دواتر لە لایەن عەرەبەکانەوە کراوەتە «ماردین»»،

تورکەکانیش لەو ساوە هاتوونەتە ناوچەکە، ناوە عەرەبییەکەیان وەرگرتووە و بەکاریان هێناوە. بەڵام کوردەکان ئەم ناوەیان هەر بەشێوە کوردییەکەی بەکاردەهێنن و هەموو هەر دەڵێن: «مێردین». ئەم ناوە لە فۆلکلۆری کوردیشدا لە شێوەی «مێردین»دا جێی کردووەتەوە. بۆ نموونە لە پەندێکی پێشیناندا گوتراوە: «سۆزخێردین–ە، نە مێردین–ە» واتە ئەوەی بایەخی هەبێ، خێربینینە، ماردین نییە». ئەم وتەیە بۆ یەکەم جار لەلایەن دایکێکەوە بەکیژە لاوەکەی گوتراوە کە شووی بەلاوێکی هەرزەکاری ماردینی کردووە و مێردینی زۆر خۆشویستووە و ویستوویەتی لەوێندەرێ نیشتەجێ بێ، دواتریش وەکو پەندێکی پێشینانی لێ هاتووە.

ناوی «مێردین» لە گۆرانییەکی کوردیشدا هەیەو بەم جۆرەیە:

هەورێ رەشێ ل سەر مێردینێ

نەتێ قەپانێ، نەمێزنێ

هێڤیێ من ژ خودێ ئەڤە نەکو حاکمەکی عادل دگوندێ مەدا رابە.

ژنا چێ ژمێرێ خراپ بستێنێ

کرداری بستین–ی دوا وشەی گۆرانییەکە، لە رەسەندا «بستینە»یە، بەڵام بۆ رێکخستنی سەرواکەی لەگەڵ ئەوەی دوو دێرەکەی پێشوویدا لێرەدا، بەدەرچوون لە سیستەم لەجیاتی پیتی (ی) پیتی (ێ) هاتووەتە کۆتاییەکەی.

(٤٩٤) گومان لەوەدا نییە کە ئێرە (ئەوێنان، عەوێنان)ە.

(٤٩٥) عاموودە: ناحیەیەکە ئێستا لەناو سنووری سووریادا پەیوەستە بەقەزای قامشلو.

(٤٩٦) دانانی بەشێکی دانیشتوانی ئێرە بەتورك و چەرکەس، یان لە کەموکوڕیی زانیارییەوە بووە، یانیش لە ئەنجامی هەڵەی زانیاریدا نووسراوە. ڕاستی ئەمەیە کە، جگە لەو فەرمانبەرانەی چینی سەرەوەدا، تاکە تورکێکی لێ نییە، ئەوانەش بەدانیشتووانی ئەوێ دانانرێن، بەکار و فرمان دێن و دەچنەوە، چەرکەسەکانیش تەنانەت ناویشیان لەوێ نەبیستراوە.

(٤٩٧) ناوی ئێرە لەنێو کوردەکاندا (مازگرت)ە، کەواتە: (مازووی گرت)ە، شێوەی دەربڕینی ئەم ناوەش (مێزگرت)ە؛ هەندێك جاریش لە گۆکردندا (ت) یەکەی لابراوە

و چووەتە شێوەی (مێزگر)، لەوانەیە ڕاستییەکەشی وەك ئەوەی لێرەدا نووسراوە (ماز کورد)ە.

(٤٩٨) دێرەکانی خوارەوەمان لە عەرەبییەوە وەرگێڕاو لێرە دانا.

(٤٩٩) لێرەدا تەنیا لە بارەی کەسایەتیی سەخاوی-یەوە توانیمان زانیاری بەدەست بهێنین، کە ئەمەیە: ناوی ڕاستەقینەی (عەلی عەلەمووددین)ە و سەخاوی کە لە نێوانی سالآنی ١١٦٤-١٢٤٥دا ژیاوە، زانایەکی زمانی عەرەبی بووە. دوای ئەوەی لە قاهیرە، خوێندوویەتی و لە ئەسکەندەرییە و دواتریش لە شام نیشتەجێ بووە و وانەی وتووەتەوە.

(٥٠٠) دێرەکانی خوارەوەمان لە عەرەبییەوە وەرگێڕاوە و لێرەمان داناون.

(٥٠١) موستەنسیر (المستنصر): دوو فەرمانڕەوای عەبباسی بەم ناوەوە هەبووە. یەکێکیان یانزدەهەمینی فەرمانڕەوا عەبباسییەکان بووە، کە لە ٨٣٩دا لەدایك بووە لە ٨٦١دا چووەتە سەر تەخت. ئەوی دیکەشیان سی و شەشەمینی ئەو فەرمانڕەوایانە بووە کە لە ١١٩٢دا لە دایك بووە لە ١٢١٦دا چووەتە سەرتەخت، لەبەرئەوەی هیچ مێژوویەك لە بارەی مەجدەددین نیشابی-یەوە نەنووسراوە کە ژیاننامەی نووسراوە، ڕوون نییە کە لەم دووانە کام موستەنسیریان مەبەستە.

(٥٠٢) دێرەکانی خوارەوەمان لە عەرەبییەوە وەرگێڕاوە.

(٥٠٣) گەرچی ئەم قەزایەش ناوی فەرمیی ئەم سەردەمەمان (چیچەکداغ)ە، لە دەرەوەی کوردستانە، بەڵام لەبەرئەوەی زۆرینەی دانیشتووانی قەزاکە کوردن، ئەم بابەتەشمان وەرگێڕا.

(٥٠٤) هەر چەند ئەم بابەتە باسی کوردی تێدا نەکراوە، لەبەرئەوەی باوەڕێك لەنێو کورددا بڵاوە کە میدیاییەکان باپیرە گەورەیانن، ئەم بابەتەشمان وەرگێڕا. لە لایەکی دیکەوە، شێوەی «میدیە»ی ئەم ناوە، وەکو نووسەریش ڕوونی کردووەتەوە، ئەو شێوەیەیەتی کە مێژوونووس و جوگرافیاناسە یۆنانییەکان بەکاریان هێناوە. لەناو کورداندا بە(میدیا) گۆ دەکرێ.

(٥٠٥) بڕوانە: پەراوێزی ژمارە (٥٦٣).

(٥٠٦) بڕوانن، پەراوێزی ژمارە (٤١٦).

(٥٠٧) ئەم وشەی ڕێکخستنەی ئێرە، وەرگێڕانی (تەتبیق)ی ناو دەقەکەیە، ئەم وشەیە لەگەڵ بابەتەکەشدا زۆر ناگونجێ، بەبڕوای ئێمە ئەم وشەیە لە ئەنجامی هەڵەیەکی چاپ بەو شێوەیە دەرچووە، ڕاستییەکەی وشەی (تەدقیق) بەواتای (توێژینەوە)، یانیش لێ وردبوونەوە–یە.

(٥٠٨) بەپێی بۆچوونێك ناوی ڕەسەنی ئەم شارە کە بەکوردییە (مالهاتییە)یە، واتا (هاتووەتەماڵەوە)، یانیش (مەلاتی)یە بەواتای (مەلایەتی، مامۆستایی)یە. لەنێو کوردانداا ئەم ناوە لە شێوەی (مەلاتیە) و دواتر بەلای عەرەبەکانەوە کراوەتە (مەلەتیە) و لە تورکیشدا کراوەتە (مالاتیە).

(٥٠٩) ئەبو جەعفەری مەنسوور (أبو جعفر المنصور): دووەم فەرمانڕەوای دەوڵەتی عەبباسییە، ساڵی ٧٥٤ چووەتە سەر تەخت و ساڵی ٧٧٥ کۆچی دوایی کردووە. بەڕۆنایی شاری بەغداوە ناسراوە.

(٥١٠) ئەم قسەیەی پەیوەندیی بەسەرژمێر و دانیشتووانەوە هەیە، یان لە کەموکوڕیی زانیارییەوە بووە، یانیش لە ئەنجامی هەڵەی زانستییەوە ڕوون و ئاشکارە. چونکە ناو شاری مەلاتییە ئەگەر زۆرینەی دانیشتووانی ناو شارەکەش تورك بن، دانیشتووانی گوندەکانی بەشی نزیکی هەر هەموو کوردن.

(٥١١) لێرەدا ناوەڕۆکی پەراوێزی ژمارە (٥١٠) بۆ ئێرەش هەر بەو جۆرەیە.

(٥١٢) ڕوون نییە مەبەستی لە (مەلەکی) کێن؟!

(٥١٣) ئەگەرچی لێرەدا، مەراش بە بەشێك لە ئەناتۆڵی دانراوە، لە ڕاستیدا بەشێکی کوردستانە. تەنانەت نووسەر بەخۆیشی لە کۆتاییی ئەو بابەتەی (لیوای مەراش)ی دوای ئەم بابەتەدا، ئەوەی ڕوون کردووەتەوە کە دانیشتووانی ئەو ناوچەیە، زۆرینەیان کوردن و ئەم ڕاستییەی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باس کردووە. (شەرەفنامە)ی مێژووی کوردیش (ل/ ٢٠) ئەم ڕاستییەی تێدایە. وەکی دیکە لێرەدا باسکردنی بەتورکی ئاخاوتنی خەڵکی مەراش و باس نەکردنی زمانی کوردیش دژی ڕاستییەکانە، هەروەها، خودی نووسەریش لە سەرەتای بابەتەکەدا ڕوونی کردووەتەوە کە دانیشتوانی موسڵمانی شارەکە لە تورك و کورد و عەرەب پێکهاتوون، ئەمڕۆکە دەتوانرێ بگوترێ شارەکە عەرەبی تێدا نەماوە، بەڵام کوردی لێیە و لەناو شاردا کوردییش بەتەك تورکییەوە زمانێکە ئاخاوتنی پێ دەکرێ.

(٥١٤) ڕاستییەکەی (لە نزیکییەوەیەتی).

(٥١٥) «حوكمداره ناوخۆييیەکان»ی ئێره، بەرامبەر بەزاراوەی «تەوائیفی مولووك»دا بەکارهێنراوه. دەوڵەتی عەبباسی کە بەرەو کۆتاییيەکانی دەبووەوە، لەبەر لاوازیی حکوومەت لە هەندێك ناوچەی جیهانی ئیسلامدا لە لایەن هەندێك لایەنەوە چەند حکوومەتێکی ناوچەیی و ناوخۆیی دروست بوو و بەهەر هەموو ئەو حکوومەتانە پێکەوە دەگوترا «تەوائیفی مولووك» کە واتای «فەرمانڕەوایانی تایەفەکان»ی دەگەیاند. بەبڕوای ئێمە، بە«فەرمانڕەوا ناوچەیيیەکان» وەرگێڕان. (لە ڕاستیدا ئەوانە پێیان گوتراوە– مولووکوتتەوائیف– ملوك الطوائف– نەك تەوائیفی مولووك. و. کوردی).

(٥١٦) لە ناو خەڵکدا ناوی ئەم منارەیە بەکوردی «مناراقۆت»ە، واتە: (منارەی بڕاو، قوت کراو).

(٥١٧) ئەم ناوە لە ناو کوردەکاندا لە شێوەی (سلیڤان) گۆ دەکرێ؛ ناوی «مەییا فارقین»یش کورت دەکرێتەوە و لە شێوەی «فارەقین»دا بەکار دەهێنرێ.

(٥١٨) بەتورك و چەرکەس دانانی بەشێکی دانیشتووانی ئێره، یان لە کەموکوڕیی زانیارییەوە بووە، یانیش لە ئەنجامی هەڵەی زانستییەوە نووسراوە، ڕاستییەکە ئەوەیە لە (مدیات)دا جگە لە چینی سەرەوەی فەرمانبەران تاکە یەك تورکی لێ نییە. ئەوانەش لە دانیشتووانی قەزاکە دانانرێن، بەفەرمانبەری دێن و دەگەڕێنەوە. بۆ چەرکەس و (ڕۆم)یش تەنانەت ناویشیان لەوێ نەبیستراوە.

(٥١٩) ناوی ئێره بەکوردی «مۆتکان»ە کە ناوی عەشیرەتێکیشه و واتای (ڕاوکە)ش دەگەیەنێ.

(٥٢٠) مەدرەسەی نیزامییە: بڕوانە پەراوێزی ژمارە (١٠٣).

(٥٢١) ئەو پارچەیەی خوارەوەمان لە عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتەوە.

(٥٢٢) موکس: ئێستا دێیەکە، بەوە بەناوبانگە، گوندی شاعیری ناوداری کورد (فەقێ تەیران)ە، کە لە سەدەی (١٧)دا ژیاوە، ئەم شاعیرەی ناوی تەواوی موحەممەد بووە. لە هەندێك لە شیعرەکانیدا نازناوی (موکسی)ی بەکارهێناوە. لەبەر ئەوەی هەندێك لە شیعرەکانی، بۆ جوانییەکانی بەهار و گوڵ و بولبول و ئاو و جوانییەکانی سروشت نووسیوە، باوەڕێك لە خەڵکدا بڵاو بووەتەوە کە، لەگەڵ مەلاندا پەیڤیوە و بەو هۆیەوە ناویان لێ ناوە «فەقێی تەیران».

– مامۆستا بۆز ئەرسلان هەر وەکو چەند دێڕێکی دەقی ئەو شیعرەی بۆ بولبولی نووسیوە و لێرە داناوە، بۆ تورکیشی وەرگێڕاوە، ئەمە دێڕە کوردییەکانییەتی:

فەقی وەگۆتە بلبل: تۆ بلبلەك سەودایی

عشقا تە یا مەجازە؛ یاراتە بێ وەفایی

دۆستا ئەبەد بخوازە، دا لێ بەبت فەنایی

***

بلبل دیسا خەبەردا: قسمەت جارا ئەول بــوو

عاشق بوومە ل وەردا، مەعشووقا من سۆرگول بوو

لەو ئەز دکێشم دەردا، ل مــن برین کـــول بــوو

موکس: نە تەنیا گوندی فەقێ بووە، حەمزەی ڕۆشنبیر و نیشتمان پەروەری کوردیش خەڵکی ئەم گوندەیە کە یەك لە دامەزرێنەرانی «جەمعییەتی تەعالیی کوردستان»ی ساڵی ١٩١٨یە و تا ژمارە (٢٠)ی گۆڤاری ژین، کە لە ٧ی (ت٢ی) ١٩١٨دا دەستی بەدەرچوون کردووە، بەڕێوەبەری کاروباری نووسینی بووە. ئەوەی پێشەکیی یەکەم چاپی بەپیتی عەرەبیی ساڵی ١٩١٩ی ئەستەمبووڵ–ی نووسیوە، هەر حەمزە–یە. لە نێو کورداندا بەناوی «حەمزەیێ موکسی» ناسراوە.

(٥٢٣) ناوی ئێرە لە ناو کورداندا (مووسڵ)ە.

(لە هەندێك لای میسل و مویسل–ە...و. کوردی).

(٥٢٤) ڕاستییەکەی «لە کەناری بەشی ناوەڕاستیدایە». چونکە ئەو شوێنەی مووسڵی لێیە، بەشی ناوەڕاستی ناوچەی جەزیرە، واتە میسۆپۆتێمیایە.

(٥٢٥) یەکەمیان واتە «مزگەوتی گەورە» و دووەمیان واتە «مزگەوتی سوور» لەبەرئەوەی ناوی تایبەت بوو وەرمان نەگێڕا.

(٥٢٦) دەیەوێ بڵێ زستانان ئەوەندە دادەبەزێ.

(٥٢٧) وەکو نووسیاریش لە سەرەتای بابەتەکەدا ڕوونی کردووەتەوە، ناوی ڕەسەنی ئەم شارە مەوسیل (موصل)ە، کە لە عەرەبیدا «شوێنی گەیین، بەیەك گەیشتن» دەگەیەنێ، شارەکە شوێنی (بەیەك گەیشتنی) ڕێیەکانی کاروانەکانی ئەو ناوەیە، لەلایەن عەرەبەکانەوە ئەو ناوەی لێ نراوە.

(٥٢٨) واتە: «عەشیرەتی ئاژەڵە درندەکان». لەبەرئەوەی تایبەت بوو وەرنەگێڕراو وەکو خۆی بەکارهێنرا.

(٥٢٩) ڕاستەکە «لە لای دەستە چەپیدا»یە.

(٥٣٠) ئەمە شێوەی بەعەرەبکراوی باس لێ کراوە، بەڵام لە کوردیدا ناوی ئەم زێیە (خێبك)ە، کە واتای (خابووری گچکە دەگەیەنێ.

ناوی ڕەسەنی (خابوور)ە، کوردەکان زۆرجار هەردووکیان پێکەوە دەکەن و دەڵێن: (خێبك و خابوور) واتە خابووری گچکە و خابوور.

(٥٣١) بای سام: جۆرە بایەکی بێزارکەرەوەیە، لە هەرێمە گەرمەکاندا، یانیش لە ناوچە گەرمەکاندا هەڵدەکا.

(٥٣٢) واتای ئەم وشەیەمان نەدۆزییەوە، لەوانەیە جۆرە کەتیرە، سرێش-ێك بێ، لەوەوەدواش جاروبار ئەم ناوە بەرچاو دەکەوێ.

(٥٣٣) ئەمانە بەڕیزە واتەی: «سەرچاوەی گۆگرد»، «سەرچاوەی کڵێسە»، «سەرچاوەی نەخۆش» و «سەرچاوەی زەردوویی» دەگەیەنن. لەبەرئەوەی ناوی تایبەتین، وەرمان نەگێڕان.

(٥٣٤) واتەی ئەم وشەیەمان نەدۆزییەوە.

(٥٣٥) مەبەست لە «خەڵکی کۆن» خەڵکی کوردە.

(٥٣٦) لەبەئەوەی ئێمە تەنیا ئەو بابەتانەی ئەم ئەنسیکلۆپیدیایەمان وەرگێڕا کە لە بارەی کورد و کوردستان- ەوەن، بابەتی «ئاسوورییە» کە لە دەرەوەی بابەتی ئێمەدایە، وەرمان نەگێڕا. ئەوەندە دەبێ ڕوون بکەینەوە کە نووسەر لەو بابەتەدا (ب/ ١-ل/ ٣٦- ٣٧) ئەوەی ڕوون کردووەتەوە کە ئەو خاکەی لە خاکەی لە کۆنەوە هەرێمی ئاسووری بووە، دواتر کەوتووەتە دەست کوردان و بووەتە بەشێکی ئەم وڵاتە.

(٥٣٧) ناوی ئەم گۆلە لە نێو کوردەکاندا «نازك»ە.

(٥٣٨) ئەو سەردەمەی نێوانی ١٦٤٨- ١٦٧٨.

(٥٣٩) سەدرئەعزەملك: (سەدر ئەعزەمێتی)، سەرۆکایەتیی وەزیرانی سەردەمی عوسمانی، لەبەرئەوەی زاراوەیەکی تایبەت بەو سەردەمەیە، لە وەرگێڕاندا وەکو خۆی بەکارهێنا. ئەوە کە وشەیەکی لێکدراوە، لە ڕەسەندا «سەدر-ی-ئەعزەم-لك= سەدر ئەعزەم- ایەتی»یە.

دوای لێکدانەوەی بووەتە (سەدرەعزەملك) و لەو سەردەمەدا بە سەرەك وەزیران گوتراوە (سەدرەعزەم).

(٥٤٠) ئەم واتەیەی بەفارسییە، واتە: «نابی هاتە حوزوور، دیدەنی»، ئەو پیتانەی ئەم وتەیەیان پێکهێناوە، لە کۆنەوە بەپیتی تایبەتەوە مێژووی ڕوودانی ڕووداوەکانیان پێ نووسیوە و هەروەها بۆ تێگەیاندنی ئەو ڕووداوەی ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ، بەپێی ئەوەی (ژمارەی ئەبجەدی)ی پێ دەڵێن دەنووسییەوە، ئەو دەستەواژە فارسییە «نابی بحضور أمد» بەپێی ئەوە دەکاتە ساڵی ١١٢٤.

(٥٤١) وەرگێڕانی ناوی ئەو کتێبانە بەڕیزە بەم جۆرەیە: «دیاریی دڵکێشی نابی»، «خێرخوازی!»، «خێراوا» و «غەزانامە»، «دیاریی مەککە و مەدینە»، «مێژووی ژیانی پێغەمبەر– ی وەیسی». ئەم دوا کتێبە، کتێبێکە ئەو وەیسیی قازیی ئویسکوپ–ە نووسیویەتی کە لە نێوانی ساڵانی (١٥٦١– ١٦٢٨)دا ژیاوە، ناوی تەواوی کتێبەکە: «درة التاج في سيرة صاحب المعراج»ە کە واتای: «مرواریی ئەفسەر لە بارەی ژیننامەی خاوەنی میعراج» دەگەیەنێ، کتێبەکە بەناوی «سییەری وەیسی»یەوە ناسراوە، واتای «مێژووی ژیانی پێغەمبەر کە وەیسی نووسیویەتی» دەگەیەنێ. لەبەرئەوەی نووسەرەکەی خۆی کتێبەکەی تەواو نەکردبوو، بەپاشکۆیەك تەواوی کردووەتەوە.

(٥٤٢) واتای دێڕی خوارەوە–کە بەزمانی عوسمانییە– بەمجۆرەیە:

لە نووسینەکانی جیهاندا، هەر وشەیە و واتایەکی هەیە

ئێمەش ناوەرۆکێکی تازەین لە نووسینی سروشتدا

واتای فەرهەنگی ئەو وشە عەرەبییەی «ئینشا»یە، لە دێڕی دووەمدایە، ئەگەر واتای «بینا، دروستکردن»یشی مەبەست بێ، ئەو دەمە ئەم دێڕە واتای: «ئێمەش ناوەرۆکێکی تازەی بنیادی ئەم سروشتەین» دەگەیەنێ.

(٥٤٣) ئەم پارچەیەی بەعەرەبی بوو، وەرمانگێڕا و لێرەمان دانا.

(٥٤٤) ئەو سەردەمەی نێوانی (١٦٠٣– ١٦١٧)یە.

(٥٤٥) واتە: تیرەکانی قەزا و قەدەر.

(٤٥٦) واتای ئەو پارچەیەی خوارەوە کە بەزمانی عوسمانییە، بەم جۆرەیە:

نوکتەی جیهان نابێتە هاوەدەمی من، گوایە
من هەر چییەك بڵێم وەڵامەکەی هەر «نامبینی»یە
هەر چییەك بڵێم، ناوەرۆکی قەزا و قەدەر دەسەلمێنێ.
ئەوە نازانێ کە قسەم ئاراستەی تاقیکردنەوەیە

(٥٤٧) ئەم جەنگە ساڵی ١٨٣٩ بووە.

(٥٤٨) ناوی ئێرە لە نێو کورداندا «نسێبین»ە

(٥٤٩) ناوی ئەم خڕە بەکوردی «چەقچەق»ە.

(٥٥٠) بەتورکمان و چەرکەس دانانی بەشێکی دانیشتووانی ئێرە، یان لە کەموکوڕیی زانیارییەوەیە، یانیش لە ئەنجامی هەڵەی زانستەوە بووە و وا نووسراوە.

ڕاستییەکە ئەمەیە کە لە نوسەیبین تاکە یەك تورکمان یان چەرکەس نییە.

(٥٥١) نوسەیبینورڕووم: واتە نوسەیبینی ڕۆم.

(٥٥٢) مەبەست لە وڵاتی ڕووم، ئەناتۆڵی-یە کە ناوەکەی، خۆرهەڵات دەگەیەنێ، کۆن وەهاش بەو ناوچەیە گوتراوە.

(٥٥٣) بەتورك و چەرکەس دانانی بەشێکی دانیشتووانی ئێرە، یان لە کەموکوڕیی زانیارییەوە، یانیش لە ئەنجامی هەڵەی زانستەوە وەها نووسراوە.

ڕاستی ئەوەیە کە، جگە لە چینی سەرەوەی فەرمانبەران، ئەوێ تاکە یەك تورکی لێ نییە. ئەمانەش بە بەشێك لە دانیشتووانی ئەوێ ناژمێررێن. بەکار و فرمان دێن و دەچنەوە شوێنی خۆیان. چەرکەسیش لەوێ هەر نییە.

ئەم پەراوێزە. بۆ دانیشتووانی موسوڵمان لە بابەتی لیوای وان-یش بەم جۆرەیە.

(٥٥٤) ڕاستەکەی دەبێ «وەستان» بێ، کە ناوەندی قەزای کەواش-ە. ناوی «وەستان» لە کوردیدا بەواتای «وەستان، ڕاوەستان»یش دێ، بەواتای «ماندووبوون»یش دێ.

(٥٥٥) ڕاستییەکەی لە (قەزاکەیدا)یە.

(٥٥٦) جانفەس: جۆرە کاڵایەکی ئاوریشمینە کە نەقش و شێوەی نەبێ (سادە بێ).

(٥٥٧) لێرەدا کۆی ژمارەیان بەهەڵە نووسراوە، چونکە بەپێی ئەم لیستە، ژمارەی ناحیەکان ٨٢ و ژمارەی گوند (١,٦٨٩)یە.

(٥٥٨) وا دیارە ئەمە پلەوپایەیەکی پیاوە ئاینییە خرستیانەکانە.

(٥٥٩) «گومگوم» کە بەکوردییە، واتای «زەنگوڵەیەکی گەورە» دەگەیەنێ.

(٥٦٠) نەك بەشی گەورەی دانیشتووانی موسوڵمان، هەر هەموو کوردن.

(٥٦١) ڕاستییەکەی دەبێ (خورمەك) بێ.

(٥٦٢) سەیفوددەولە: سێیەم فەرمانڕەوای دەوڵەتی حەمدانی–یە کە، پێشتر پایتەختەکەی (ماردین) و دواتر (حەڵەب) بووە، کە نێوانی ساڵانی (٩٤٤–٩٦٧)دا فەرمانڕەوایی کردووە. لە بابەتەکانی لەمەودواش باسی لێوە دەکرێ، تێبینیی ئێرە بۆ ئەو شوێنانەش هەر وایە، هیوادارم لەو شوێنانەی دیکەشدا سوودبەخش بێ.

(٥٦٣) بەپێی بۆچوونێك کە لە کوردستانی خۆرهەڵاتدا بڵاوە، ئەم شارەی لە کۆنەوە پایتەختی ئیمپراتۆرییەتی میدیا بووە، لە سەردەمی میدییەکاندا ناوە ڕەسەنەکەی «هەگمەدان» بووە. دیسانەوە بەپێی ئەو بۆچوونە، ئەو بڕگەی (هەگ )geH،ە لە زمانی میدیاییدا واتای (شوێن) دەگەیەنێ. بەم جۆرە ناوە (شوێنی میدیاییان) دەگەیەنێ، ئەو ناوە دواتر لەگەڵ ڕۆژگاردا بووەتە (هەگمەتان) و دواتریش شێوەی (هەمەدان)ی وەرگرتووە. (لەم قسانەوە دیارە بڕگەی– هەگ Heg) – لەجیاتی پاشگری– ستان– بووە...و. کوردی).

(٥٦٤) ئەمە قەبیلەیەکی عەرەبە کە لەیەمەندا ژیاوە.

(٥٦٥) ئەگەرچی ئێرە لە دەرەوەی کوردستاندایە، بەڵام لەبەرئەوەی ڕوون کراوەتەوە کە، هەندێك عەشیرەتی کوردیشی لێ دەژی، ئەم بابەتەشمان وەرگێڕا.

(٥٦٦) ڕەنگ بێ ویستبێتی بڵێ: «لە ناوەڕاستیاندا، لە ناویاندا».

(٥٦٧) مەبەست لە «حەزرەتی خەلیفە»، عەبدولحەمیدی دووەمی سوڵتانی عوسمانیی

# ناوەڕۆك

– پێشەكیی وەرگێڕ ........ ٥
– پێشەكیی مامۆستا بۆز ئەرسلان ........ ٧
– كورد و كوردستان لە یەكەم ئەنسیكلۆپیدیای توركی– لە مێژوودا ........ ٤٩
– ئـ ........ ٥١
– ب ........ ١٠٨
– پ ........ ١٢١
– ت ........ ١٢٤
– ث ........ ١٢٩
– ج ........ ١٣١
– چ ........ ١٤٢
– ح ........ ١٤٥
– خ ........ ١٥١
– د ........ ١٦١
– ڕ ........ ١٨٣
– ز ........ ١٩٠
– س ........ ١٩٦
– ش ........ ٢١٥
– ص – ض ........ ٢٢٤
– ع ........ ٢٢٦
– غ ........ ٢٢٥
– ف ........ ٢٣٦
– ق ........ ٢٤٠
– ك ........ ٢٤٦
– گ ........ ٢٦٤
– ل ........ ٢٧٠
– م ........ ٢٧٣
– ن ........ ٣١٥
– و ........ ٣٢٠
– هـ ........ ٣٣٠
– ی ........ ٣٣٣
– ڕوون كردنەوە و زانیاریی تەواوكەرەوە ........ ٣٣٥